
نوسین و ئامادەکردنی

خالید هەرکی

# دەوڵەتداری

## دامەزراندن و بەڕێوە بردنی


نوسین وئامادەکردنی :
خالید هەرکی
دەوڵەتداری
دامەزراندن و بەڕێوە بردنی
Own the Country
Creation and management
دەوڵەتداری
Own the Country

**ناوی کتێب** : دەوڵەتداری...دامەزراندن و بەڕێوەبردنی

**نوسین و ئامادەکردنی** : خالید هەرکی

**چاپی یەکەم** : ٢٠١٨

تیرازی (١٠٠٠) هەزار دانەی لێ چاپکراوە

مافی چاپکردنەوەی بۆ نوسەر پارێزراوە

ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەی نیشتمان: ٨٦٩ ساڵی ٢٠١٨

**پەیوەندی** :

F ... Xalid Herki

Tel,Inter 0031614240591

Tel,Korek 07504823449

## پێشکەش

پێشکەشە بە کاروانی شەهیدانی شارەکەم پیرمام (سەربەن) کە خەونی دەوڵەت و ئازادیان بردە ژێرخاک.

## پێشەکی

ئەرنستۆ همنگوای نوسەرێکی ئەمریکیە لە نێوان ساڵەکانی( ١٨٩٩-١٩٦١) ژیاوە دەڵێ: (ئەگەر زانیمان بۆ سەرنەکەوتین واتە زانیمان چۆن سەردەکەوین ).

لەسەر روبەری زەویی ئەم جیهانە بە سەدان نەتەوە و گەل دەژین کە بە هەزاران و هەندێک مێژو نوسیش دەڵێن بە ملیۆنەها ساڵ زیندەگی لەسەر روی ئەم زەویە بونی هەبوە، هیچ کاتێک لەو ماوە زۆرە نە لە روی ژمارە نەلەروی پێشکەوتن و ململانێکان بەقەدەر ئەم سەردەمە دونیاکەمان لە جۆش و خرۆشدا نەبوە، زۆربەی هەرە زۆری نەتەوەکان لەپێناو خۆرێکخستنی ریزەکانیان و پاراستنی ناوماڵ وسنوری خاکیان و سەلماندنی بونی قەوارەی فەرمی و داکۆکی لە ناسنامەکەیان هەوڵی دروستکردنی دەوڵەتیان داوەو پێی گەیشتون، ئەوەی لەم میانە لەو بەرپاتە بێ سنور بێ دەوڵەت ماوەتەوە نەتەوەی کوردە کە یەکێکە لەنێو ئەو ژمارەکەمەی نەتەوەکانی بێ دەوڵەت لەم جیهانە، کورد نەک هەر بێدەوڵەت ماوەتەوە بەڵکو خاکەکەشی دابەش و داگیر کراوە، لەم کتێبە خوێنەری بەرێزم

نەختێک تیشک دەخەمە مێژوی ئەم دواییەی دەوڵەتداری لە سەر ئاستی دونیاو لە دێر زمانەوە تا ئەمرۆ، هەر لە سیستەمی دامەزراندنەوە تا هزری دامەزراندن تا بەڕێوە بردن و پاراستن و سیستەمی پەیوەندیەکانیان جۆرەکانی رژێم و کەسایەتی مەعنەویی، بۆئەوە بەرچاو رونیەک بدەمە خوێنەرانی هاونیشتمان و هاو زمانم تا بۆیان دەرکەوێ دەوڵەتداری چۆن دروست بوە ؟ چۆن دەبردرێ بەرێوە ؟ بۆ ئێمە تا ئەمرۆ نەبوینەتە خاوەنی دەوڵەتی خۆمان ؟ داگیرکەران بەچاوێکی کرێچی سەیرمان دەکەن و ئەو زاراوەی جیابونەوەو رەگەزپەرستی کە بۆ ناوبردنی جولانەوە رزگاریخوازیەکانمان بەکاری دەهێنن بۆ نەمان توانیە لێی دەرباز بین و بۆیان بسەلمێنین کە ئێمە لەسەر خاکی خۆمانین و ئەوان میوانن ؟ دەوڵەت بۆ ئەوان رەوابێ بۆ بۆ ئێمە نارەوایە؟

هەرچەندە لەم کتێبەمدا بابەتەکانم لەسەر باری ئێستای کوردستان چر نەکردۆتەوە ئەوەی تیایدا باسم کردوەو شیم کردۆتەوە زیاتر بابەتی دەوڵەت بە گشتییە لە سەر ئاستی دونیا، بەڵام مانای ئەوە نیە پەیوەندیی بە دۆخی ئێستای کوردستانەوە نەبێ ، نەخێر هەمویان ئاماژەو ئەزمونی دروست بونی دەوڵەتانی دونیان، شێوەو جۆرەکانیانن سیستەمە حوکمڕانیەکانن هزرە سیاسیەکان و پەیوەندیە سیاسی و نێو دەڵەتیەکانە جۆری رژێم و حوکمڕان و قەوارەی دەوڵەتانن ، بەبێ شارەزابون لەم وردەکاریی دەوڵەت کێماسیەکی مەزنە بۆ ئەو کەسەی لەم بوارە کاردەکا یا لێکۆڵینەوە ئەنجام دەدا یا دەست لە بوارەکانی ئازادی و سەربەخۆیی وەردەدا.

لەبەر ئەم مەبەستانە هەوڵدان و گەڕان بەدوای ئەم زانیاریانە ئەرک و کارێکی پر بە سودە بە تایبەت بۆ گەنجانی خۆمان کە مایەی ئاسۆی رونی گەلەکەیانن.

کورد لەگەل ئەو مێژوە هاتوە کە زیاتر لە ٢٢٢ دەوڵەتی لێ دروست بوە لە زۆربەی گۆڕانکاریە بنەڕەتیەکانی جیهانی کە خۆیان لە جەنگە جیهانیەکان و دارشتنەوەی سنورەکان لە کۆنگرە نێودەوڵەتیەکان دەبینێتەوەدا هاتون، لە زۆربەی رۆژگارەکانیشدا خاوەنی شۆڕش وبزوتنەوەی رزگاری بونە، هەندێک جار بونەتە خاوەنی میرنشین و تەنانەت گوایە دەوڵەتیش بەناوی کوردیەوە هەبوە بەڵام جێگەی داخ و سەرنجە کە بەردەوامیان نەبوە و بونەتە قوربانی پیلانەکانی دوژمنان یا نەفامی کوردان، لە ئەنجامی کەم زانیاری و پەند وەرنەگرتن لە رابردو، قەیرانی سەرکردەی کاریزما، بۆیە هەرزو تیاچونە ، هەر لەبەر ئەم هۆکارانەش هەلەکان لە جاری دووەم و سێیەم دوبارە بونەتەوە ، چونکە نەزاندراوە بۆ سەرنەکەوتن بۆیە نەیان زانیوە چۆن سەردەکەون .

**خالید هەرکی** ٢٠١٧/١٢/١ هەولێر ......F: Xalid Herki www.serben.com

# بەشی یەکەم

# دەوڵەت

## پێناسەی دەوڵەت

دەوڵەت ئەو دامەزراوەیە کە لەسەر پانتاییەکی زەوی خەلکانێک لە ژێر سیستەمیکی دیار بەیەکەوە دەبەستێتەوە و کەسایەتیەکی مەعنەوی و نێودەوڵەتیی خۆی هەیە. دەوڵەت بە یۆنانیەکەی ستاتۆس دێت واتە حالەتی سەقامگیر، هەر چەندە لە کۆنەوە و بەر لە زاینی دەوڵەت بونی هەبوە تەنانەت لە سەردەمی یۆنانیەکان و دواتر رۆمانی وئیسلامیش دا ، بەلام وەکو چەمکی دەوڵەت بۆ یەکەمین جار (میکافیللی) زانای ئیتالی وبسپۆر لە بواری فەلسەفەی سیاسەتی حکومەت ، لە ساڵی ١٥١٥ ئەم زاراوەی بەکار هێناوە ، بەم پێوەرە و دوای گونجانی بارو دۆخی سیاسیی دەوروبەر، چەند مەرجێک هەن دەبێ بونیان هەبێ بۆ دروست بونی دەوڵەت کە دواتر تیشکی دەخەینە سەر، مەرجی قەوارەی دەوڵەتیش بریتیە لە بونی:

١/کۆمەڵە خەلکێک .

٢/ خاک یا هەرێمێکی سنوردار .

٣/ یاسایەک کە بەیەکیانەوە ببەستێتەوە .ئەم یاسایەش لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێک لە وڵاتێکیشەوە بۆ وڵاتێک جیاوازیی هەبوە کە لە داهاتوو بە تێرو تەسەلی دێینە سەری.

کە وابێ دەوڵەت ئەو قەوارەیە کە مرۆڤ لە پانتاییەکی زەویدا دەکا بە خاوەن دەسەڵات ولەوێش دەخرێتە ژێرپابەند بون بە چەندین ئەرک وبەرپرسیارێتیی فەرمی وکەلتوری ومرۆڤایەتی، واتە بریتیە لە پابەند بونی دانیشتوانی پانتاییەکی بڕوا پێکراو بە رێنماو یاسای فەرمیی ئۆرگان یا دەزگاییێکی دەسەڵات بەدەست ، لە بەرانبەریشیدا ئەو ئۆرگانە فەرمیە دەبێ لە پاراستنی سەرو ماڵی ئەو هاوڵاتیە بەرپرسیار بێ بە دابین کردنی کەش وهەوایەکی ئارام کە لە سێبەریدا بتوانێ کارو کاسبیەکانی بژێوی خۆی و خێزانەکەی بە رێوە ببا و سەرو ماڵی پارێزراو بێ ، ئەمە وێرای پابەند بونی ئەو هاوڵاتیەش بە یاساکانی ئەو وڵاتە لە بەجێ گەیاندنی ئەرکە نیشتمانی و هاوڵاتی بونییەکان و دانی سەرانە و باجی سەپێندراو بەسەریدا.

ئەم ئەرک و مافانەی هەردوو لایەن بە دەستورێک رێک دەخرێن کە پێی دەوترێ دەستوری دەوڵەت یا دەستوری وڵات ، دیارە ئەم دەستورەش ئەو کاتەی دەنوسرێتەوە دەبێ نوێنەری هەموو چین وتوێژێک تێیدا بەشدار بن ودەستیان لە دارشتنیدا هەبێ بە پێچەوانە ئەم دەوڵەتە نا هەسێتەوە و گیرو گرفت وئاژاوەی لێ نابڕێ ، ئەمە هەر لە کۆنەوە لەو کاتەی بۆتە نەریت ویاسا ئەم شێوازە پیادە کراوە بەر لەو شێوازەش دیارە چەندین

شێوازی تر هەبون کە بە هۆیەوە دەوڵەت دروست دەبو و دەبردرا بەرێوە، لەسەر ئەو بنەمایانەش لە برگەکانی داهاتو بە وردی دێینە سەری .

دیارە ئەوەی پێی دەوترێ دەوڵەت ئەو کاتە شێوەیەکی فەرمی وباوەرپێکراوی دەبێ کاتێک بە پێی یاسا نێودەوڵەتیەکان بە فەرمی دێتە ناسین ، ئەمە لەم سەردەمەدا بەڵام لە کۆن وبەر لە زاینی ئەو کاتەی یاسای نێودەوڵەتی بونیان نەبو یاسای پیادە کراو یاسای هێز یا یاسای تر بون ئەو یاسایانەش لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی نەتەوە باڵادەستەکان دیاری دەکرا کە تا ئەمرۆش لەم سەردەمە پێشکەوتوەدا بە تەواوەتی نە توانراوە ئەم یاسایە بە تەواوەتی وەلا بنرێ و یاسایەک لەسەر بنەمای دادپەروەری ومافی گەلان لە سەرتاسەری دونیا پیادە بکرێ، واتە دەتوانین بڵێین ناوەرۆک یا ئامانجەکان نەگۆراون، تەنها ئەوەی گۆراوە شێوازەکەیە واتە روتوشکاریە بە نوێکردنەوەوە، ئەوکات ژێر بەژێر کار بۆ بەرژەوەندیەکانی نەتەوایەتی و دەوڵەتی دەکرا، بەڵام ئەمرۆ هەر بە ئاشکراو بێ شاردنەوە کاربەدەستانی نێودەوڵەتی لەسەر بنەمای بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی دەوڵەتانیان کار دەکەن و پەیوەندیەکان دەبەستن تەنانەت هەندێک لە دەوڵەتە (عەقائدیەکان)یش عەقیدە و بڕواکانیان دەخەنە دواوەی بەرژەوەندیەکانیان ، بە نمونەی یەکێتی سۆڤیەتی کۆن کاتێک وڵاتێکی سۆشیالیست وکۆمۆنیستی بو پەیوەندیەکانی لەگەل ئەو وڵاتانە زۆر خۆش بون کە بەرژەوەندیەکانی بازرگانی ئەویان دەپاراست و سەرکوتی حزبە کۆمۆنیستیەکانی خۆیانیان

دەکرد ، دیسـان یەکێک لە بڕوا مکومەکانی بەریتانیا کە بە ئاشـکەرا دەیلێ: دۆستی تاسەرمان نیە بەڵام بەرژەوەندیی تاسەرمان هەیە .

## سەروەریەکانی دەوڵەت

ســـەروەری بەمانای پیرۆزی و شـــکۆداری دێت ، کاتی خۆی لە ئەوروپا بە بـالاترین دەســـەڵات دەوترا ســـەروەری دەوڵەت ، کـە بـە گشـــتی مـانـای دەســـەڵاتی دەوڵەت دەگەیەنێ، بەم جۆرە دەســـەڵاتی دەوڵەت دوو جۆری دەبێ :

١/ سەروەری یاسایی .

٢/ سەروەری سیاسی .

یەکەمیان / ئەودەســـەڵاتە یاســـاییەیە کە دەوڵەت یا ئەوانەی خاوەن دەسەڵاتن پێیان بەخشیوە ، دوەمیشیان / ئەو کەسانەن یا ئەو لایەنەیە کە مافی پێدانی دەســـەڵاتی ســـیاســـی هەیە بە دەوڵەت بدا، لە وڵاتە دیموکراتەکان دەبێ گەل بێ ئەو دەســـەڵاتەی هەبێ، ئەویش لە رێگەی پەرلەمـانە هەلبژێردراوەکەیەوە کە نوێنەری راســـتە قینەی گەلە ، بـەلام هەندێک جار دەبینین لە تەک ئەو دوو دەســـەڵاتە دەســـەڵاتیکی تر هەیە ئەویش دەســـەڵاتی راســـتەقینەیە واتە ئەو دەســـەڵاتەیە کە بە حوکمی

دیفاکتۆ ( ئەمری واقیع ) حوکمڕانی دەکا یا لە ژێر دۆخێکی ئاوەرتە و نا ئاسایی دا یا بەهۆی بونی دەسەڵاتی راستەقینە وەکو دەسەڵاتی دەرەبەگ وحوکمڕانە خۆجێیەکان یا بازرگانە زەبەلاحەکان . لە هەندیک شوێن وهەندێک جاریش سەروەری یا دەسەڵاتی گەلەری لەتەک دەسەڵاتی سیاسیدا دەبینین ئەویش دیسان ئەو دەسەڵاتەیە کە گەل پێی بەخشیوە، دیارە هەموو کاتێک دەسەڵاتی گەل لە سەروی هەموو دەسەڵاتێکەوە دەبێ ، بۆیە لە سەرەتای دروست بونی دەوڵەت ویەکێک لە خالە ستونیەکانی راگری دەوڵەت دیاری کردنی سەروەری وسەنتەری دەسەڵاتەکانە کە بە پێی رۆژگارو قۆناغی ژیانی ئەو دەوڵەتە دیاری دەکرێ . بۆیە دەبینین چەندی بیردۆزی سیاسی بۆ سەروەری لە چەرخە جۆراو جۆرەکانی مێژو دیاری کراون ، لە سەردەمی کۆن واتە لەوکاتەی دیموکراسیەت سەری هەلداوە بیردۆزی سەروەریش بەدەر کەوتوە، واتە لە وکاتەی دەوڵەتی نەتەوایەتیی دیموکراسیی نوێ هاتۆتە مەیدان ، بەلام لە سەردەمی چەرخی ناوەراست بەهۆی ئەوەی دەوڵەت ودەسەڵاتەکان گشتی بەدەست پادشا وئیمپراتۆرەکانەوە بوە سەروەری دەوڵەت بونی نەبوە چونکە دەسەڵاتی هێز ئەوکاتە هەموو شتێک بوە، هەرکاتەی لە توانای سەربازی ئیمپراتۆرێکدا بوایە وڵاتێک داگیر بکا ئەوا بەبێ سلەمینەوە لە یاساو رێنماکانی هەرێمی ونێودەوڵەتی نەدە سلەمیەوە داگیری دەکرد .

# سەرەتای دروست بونی دەوڵەت

تائێســتا زاناو شــارەزایانی ئەم بوارە لەســەر کاتێکی دیار رێکنەکەوتون وەکو مێژو یا دیرۆکی سەرەتای دروست بونی یەکەم دەوڵەت، دیارە بەر لە شەش هەزار ساڵ پێش زاینی لە وڵاتی چین و دەوروبەری دەوڵەت لەسەر بنەمای جوتکاری و کشــتوکالی بونی هەبوە کە ئەو کات کۆمەڵگە کۆمەڵگەیەکی کشــتوکاڵی بوە، لە کشــتوکاڵی بەولاوە هیچ کارێکی ئەو تۆی نەبوە پێیەوە خەریک بوبێ، بۆیە پیشــەی کشــتوکاڵی بۆتە بنەمایەک بۆ بژێوی و بەســتنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان . هەر لەســەر ئەو بنەمایە ســنور و هەرێمەکان دروســت بونە و هەر کۆمەڵە خەلکانێک کە لە پانتاییەکی دیار وەکو گوند ودێهات ژیاون بە رێنماو عورفی تایبەتی لە شــێوەی دەوڵەت دامەزراوێکی تایبەتیان هەبوە، دیارە شــەرو جەنگ و هێرشــەکانی ســەر یەکتریش لەم بوارە رۆڵیان هەبوە ، بەڵام لەراســتی دا یەکەم جاروەکو دەوڵەت بونی هەبوبێ لە ســەردەمی یۆنانەکان بوە ئەوکاتەی بەهۆی نەبونی شــاری مەزن و بازاڕی ســاخ کردنەوەی کالا بۆ بژێوی خۆیان.

خەلکی دانیشتوانی یۆنان لێرەو لەوێ بە پەرش و بلاوی کۆمەڵێک خێزان بەرژەوەندی کاسـبی و مەترسـیەکانی دەرەکی کۆی دەکردنەوە ، ســەریان

بەیەکەوە دەنا ناویان لە خۆ دەنا دەوڵەت ، ئەمە بە دەوڵەتی شار دەناسرا ئەم کۆمەڵە خێزانە دەبونە گوند و دواتر دەبونە شار ، هەر شارەو یاسای تایبەتیی خۆی دەبو ماوەیەکی زۆر ئەمە دەبێتە سیستەمی بەڕێوە بردن و بەیەکەوە ژیانی یۆنانەکان، تا ئیمپراتۆریەتی یۆنانەکان مابو نەیتوانی هەموو ئەو دەوڵەتۆکانەی شار یەک بخاو بیانخاتە ژێریەک دەسەڵات بۆیە هەر دەوڵەتێک کاری بە یاسایەک دەکرد، بەهۆکاری ئەستەمی ئامرازەکانی گواستنەوەو گەیاندن و هۆکاری تری جەنگی پەیوەندی لە نێوانیاندا کەم بو ، دەوڵەتەکان سودیان لە توانای یەکتر نەدەبینی ، تا ئەو کاتەی ئیمپراتۆریەتی یۆنانەکەکان لە سەردەمی ئەسکەندەری مەکەدۆنی لەسەر دەستی رۆمانیەکان هەرەس دەێنێ ، رۆمانیەکان نابنە داهێنەری یاسای تر ئەوان پەرە بە یاساکانی یۆنانەکان دەدەن چونکە رۆمانیەکان خاوەنی بیردۆز وهزری سیاسیی ئەوتۆ و نوێ نین، بەڵام لە بواری پەرە پێدان بەیاسا چالاک وناودار بون ، رۆمانیەکان توانیان هەموو ئەو دەوڵەتۆکانەی شار یەک بخەن وبیان خەنە ژێر یەک یاسای بەڕێوە بردن. دەوڵەتی شاری ئەسینا و ئەسبارتا وەکو نمونە .

ئەسینا ئەوسا بە دیموکراسی حوکمی دەبرد بەرێوە، چەندین زانا و فەیلەسوف لە بواری حوکمڕانی دەوڵەت وزانستی سیاسەت ناوداری لێ دەرچوە . دەکرێ لێرە نمونەی سیستەمی حوکمڕانی دەوڵەتی ئەسینا بێنینەوە وەکو نمونەی دەوڵەتانی ئەو سەردەم کە بەسەر سێ دەزگای بەڕێوەبردندا دابەش کرابو:

**یەکەم/**

**کۆمەڵەی میللی :**

ئەوانەی مافی بەشداری کردنیان لەو کۆمەلەیە دا هەبوو بریتی بون:

١/ لەو کەسانەی خەلکی ئەسینا بون .

٢/ لە کۆیلەکان نەبن وئازاد بن .

٣/ تەمەنی لە بیست ساڵ رەت کردبێ و پیاو بێ ژن نەبێ .

دەسەڵاتی ئەم کۆمەڵەیەش ، یاسا دانان وبەستنی پەیماننامە وسەپاندنی باج وبریارە گرنگەکانی چارەنوسساز بون .

**دووەم/**

**ئەنجومەنی نوێنەرایەتی:**

ئەندامانی ئەم ئەنجومەن ٥٠٠ کەس بون بە شـێوەی هەلبژاردن دیاری دەکران دەسەڵاتەکانیشیان بریتی بون لە بەدوادا چونی کارو باری دەوڵەت و دام ودەزگاکانی وهەندێک جاریش دەسەڵاتی یاسا دانانی هەبو لەگەل دادوەری و چەند ئەرکو فەرماندانێکی تری گرنگ بە کورتیەکەی شـێوەی پەرلەمانی ئێستای هەبو.

**سێیەم /**

**ئەنجومەنی دادوەری**

نوێنەری دادگاکانی وڵات ئەندامی ئەم ئەنجومەنە بون ، ئەم ئەنجومەنی دادوەریە تەنها کاری ناوبژیوانی و دادوەریی نەدەکرد بەلکو بەدواداچون و لێ پێچانەوەشی لەگەڵ دام ودەزگاکاندا دەکرد .

هەرچەندە ئەم زانایانە لەســـەر دەوڵەت وبەرێوە بردنی وهزرەکانی رای جیاوازو بۆچونی فرە چەشــنیان هەبوە بەڵام بەر لەوەی ئەوان بێنە ســەر روی زەمین ئەو دونیایە بەدەم ئەو ناکۆکیانەوە نالاندویەتی ورێچکە وشـــێوازی جیای بەخۆوە بینیوە ئەوەتا بەر لە ئاینی پیرۆزی ئیســـلام و حەزرەتی عیســـــاش دەوڵەت بردراوە بەرێوە ، دواتر رۆحانیەکان وئیمپراتۆرەکان هەریەکەو لە هەوڵی قۆرخ کردنی دەســـەڵاتە کاندا بونە ، لەم روەوە هەندێک جار لە ژێر دەستەواژەو پەردەی دیموکراسی هەندێک جار لە ژێر دەســـتەواژەی تۆتالیتاری وهیتر پەردە پۆش کراوە کەوابێ سیستەمی حوکمڕان فرە سیستەمە. بە نمونە...

لە دەســـپێکی ســـەدەی شـــانزەهەمەوە هەندێک روداو هاتنە پێش کە سەرتاپای ئەوروپایان روبەروی گۆڕانکاری کرد بە کۆمەڵگا ودەوڵەتیشەوە ، ئەم گۆڕانکاریانەش لە روی رێنیسانسەوە تێکهەڵکێشن پەیوەندیان هەبو بە :

أ- رەوشــی تەکنەلۆژیاو ئابوریەوە، لەم روەوە دەبینین لەو ســەردەم داهێنان وپێشــکەوتنی زۆری بەخۆوە بینی ئەمەش بوە هۆی ئەو گۆڕانکاریانە ئەنجام بدرێن .

ب- وێنەی دونیا ، ئەمەش ئەو دۆزینەوانە دەگرێتەوە کە گەرۆک و دۆزەرەوانی دونیا چەندین دەوڵەت وکۆمەڵگای نوێیان دۆزیەوە دواتر بونە ئامانجی خەلکە گەرۆک وئەوانەی بەدوای کانگاو ســەرچاوە ســروشــتیەکاندا دەگەران یا ئەوانەی بەدوای بلاو کردنەوەی ئاینە ئاسمانیەکاندا دەخولانەوە، پێیان دەوتن موژدە بەخشەکان ، لە ئەنجام کاریگەری زۆریان بەسەر گۆڕانکاریەکاندا هەبو .

ت- لە روی سروشتی پەیوەندی و رەوشی یاساو دادوەری .

ث- فەرهەنگ ، لەگەل دۆزینەوەی دەوڵەتی نوێ فەرهەنگی نوێ هاتنە پێش ئەمەش کاریگەری هەبو بەسەر گۆڕانکاریەکان .

ج- هزری ئاینی ، لەگەل قولبونەوەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بە بنەما ویاســاکانی ئاینیەوە پەیوەندی وبەرهەمهێنان وتەنانەت شالاو و لەشکرکێشی و لەم بابەتانە گۆرانیان بەسەردا هات کە هەندێکیان لە ئەنجامی رەت کردنەوەی دەســەلاتی دونیایی بە پاڵپشت وتێگەیشتنی ئاینیەوە ئاژاوەو توند وتیژی بەرپا بو .

**راو بۆچونی زانایان لەسەردەوڵەت:**

لەسەر پرسی دەوڵەت زاناو هزروانان هەریەکەو راو بۆچونی تایبەتیان هەبوە دەکرێ لێرە نمونەی هەندێک لەوانە ئاماژە پێبدەین

**١] مکیاڤیللی** Niccolo di Bernardo dei Machiavelli

نیکۆلای دی بیرناردۆ مکیافیللی لە 3ی ئایاری 1469 لە شاری فلۆرەنسا لە ناوەراستی ئیتالیا لە دایک بوە، رەچەلەکی بۆ خانەوادەیەکی مێژین و ناوداری ئیتالیا دەگەرێتەوە بەناوی( تۆسکانی). بەڵام ئەو سەرەتای ژیانی بە هەژاری و نامۆیی دەبا بەرێوە بۆیە جارێک پێناسەی خۆی دەکاو دەڵێ:



( بەهۆی ئەوەی بە هەژاری لەدایک بوم ، بەر لەوەی فێری خۆشگوزەرانی بم فێری پێویستی بووم )

بۆ ئەو سەردەم مکیاڤیللی Niccolo di Bernardo dei Machiavelli بە دیارترین بیرمەندی بواری سیاسەت دەناسرێ، ئەو وەکو شاعیرو نوسەر و بیرمەند بە دلسۆزیەوە هاوکاری حکومەتی فلۆرەنسای

دەکرد، کاتێکیش سیستەمی کۆماری لە ١٤٩٨ دادەمەزرێ دەبێتە دارێژەری سیاسەتی دەرەوەی کۆماری فلورەنسا.

هەر چۆنێکی بێ لەوتێک هەڵکێش و لەدایک بونە نوێیانەو کاردانەوانەی کە بەسەر قەیرانی هزری کۆندا هاتن ، دەتوانین ئەوە پشتراست کەینەوە کە مکیاڤیللی Niccolo di Bernardo dei Machiavelli (سکرتێری فلۆرەنسا ) چەند گۆڕانێکی یەکلاکەرەوەی خستە ناو ئەم پرۆسەی دەوڵەتداریە، لە ئاستی ژیانی کۆمەڵایەتی وسروشتیدا هەروەها لە ئاستی زانست و رێنماکانی لاهوتییش ، ئەوەی سەلماند کە ئەو جموجۆڵانە هەموی بریتیە لە جەستەی دەوڵەت ، دەوڵەت لای ئەو بریتی بوە لە سازیەکی خاوەن دەسەڵات وقەوارەی سیاسیی بێ رکابەرو خاوەنی سیاسەتی تایبەتیی دەرەوەو ناوەوەی خۆی، کە لە کۆتایی دەبێتە هێزێکی نێو دەوڵەتیی زەبەلاح. مکیاڤیللی Niccolo di Bernardo dei Machiavelli لە ساڵەکانی ١٥١٢ – ١٥١٩ لە پەرتوکەکەیدا ئەوەی لە نوسینەکانی دەربریوە لەسەر دەوڵەت و زانیاریەکانی، ئەوانەی کە لە دەقە پیرۆزەکانیشی وەرگرتوە لەسەر چارەنوسی رۆمانیەکان لە کتێبەکانیدا بە تایبەت کتێبی (میر) هەموی دەست نیشان کردون، ئەمانیش ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە هەندێک رێنما هەن دەبنە بنەمای درێژە پێدان وبەرێوە بردنی دەوڵەت ئەمانەش بریتین لە :

یەکیەتی سیاسی ، کە مەرجێکی بنەرەتیی ژیانی کۆمەڵایەتیە، ئەم مەرجەش لەسەر قەوارەی دام ودەزگا حکومیەکان بنیاد دەنرێ . ئەمە

دەبێتە ئەو فەلسەفەی کە بەڕێوە بردنی دەوڵەتی لەسەر بنیاد دەنرێ و دەبێتە کارەکتەری ئەم پرۆسەیە ئەمەش لە کەسایەتی تاکەکەسێک بەرجەستە دەبێ کە پێی دەوترێ ( میر) .

میر ، ئەمە ناوی پەرتوکەکەیە کە تیایدا باس لە هونەری بەڕێوە بردنی حوکمڕانی دەکا ، بەدیدی مکیاڤیللی Niccolo di Bernardo dei Machiavelli دەسەڵات و دواقسە و بڕیارەکان دەبێ بەدەست تاکەکەسێکەوە بن کە پێی دەوترێ (میر) ئەویش دەبێ لە لوتکەی دەسەڵاتی ئۆرگانەکە بێ.

ئەمە هونەری بەڕێوە بردن وچاکسازی وئاوەدانکردن وچاککردنی حوکمڕانیە تیایدا باس لە هەموو وردەکاریەکانی هەنگاونان و ڕێنماکانی هونەری حوکمڕانی دەکرێ .

لە پەرتوکەکەی میردا مکیاڤیللی Niccolo di Bernardo dei Machiavelli باس لە وردەکاری ورەوشت و رەفتارەکانی ئەو کەسە دەکا کە دەیەوێ یا مەبەستیەتی دەوڵەت بەڕێوە ببا یا چاکسازی لە بەڕێوە بردنی دەوڵەتدا بکا ، لەم رووەوە دەبینین کە بانگی خانەوادەی (میدیشی ) دەکا کە دەسەڵاتیان لە ( فلۆرەنسا ) گرتەوە دەست ، دەڵێ:

( ئەرکێکی مەزنت لەبەر دەم دایە ئەویش،ا/ رزگار کردنی ئیتالیا و یەکگرتنەوەی ئیتالیایە لە ژێر ئالای یەک فەرماندە. ب/ سنوردانان بۆ ئەو ململانێیەی نێوان براکان کە بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات دەیکەن.

ئـەو میراتـەی لـەم بۆچونـانـەی مکیـاڤیللی Niccolo di Bernardo dei Machiavelli یەوە بۆمان ماونەتەوە و بەهۆیەوە خۆمان بە قەرزاری ئەو دەزانین، جگە لەو بۆچونانەی کە لە رەوشـــتی مرۆڤایەتی دەردەچن دەنا ئەوانی تر بـە چـاکیـان هـەڵ دەســـەنگێنین کـە ئـەو بـە زەروری دەزانێ و بەهۆیەوە پاســاویان بۆ دەهێنێ، بەلام مەبەســتی لە میر ئەوەیە کە ئەگەر کەســێک بیەوێ دەســـەڵات بگرێتە دەســـت وبەهۆیەوە ببێتە میری ئەو رەوش و دەســەڵاتە دەبێ چاوپۆشـی لە هەندێک رەوشــت و رەفتاری ناڕەوا بکا کە دوور نیە لەوانە پێشێلی مافەکانی مرۆڤیش بگرێتەوە .

لەم رووەوە مکیاڤیللی Niccolo di Bernardo dei Machiavelli دەڵێ :

( مەبەســت پاســاوی رەفتارە ) واتە ئەگەر هەر رەفتارێکی نارەواش لە پێنا وگرتنەدەســتی دەســـەڵات بگرێتە بەر بە پاســاوی ئامانجەکەیە، بۆیە ئەم رەفتـارە نـارەوایـە پیـادە کراوە ، لێرەدا ئـەوەمـان بۆ دیـار دەکا کـە کاتێک فەرماندەیەک بیەوێ چاکســـازی ئەنجام بدا دەبێ ســـەرەتا دەســـەڵات بگرێتـە دەســـت هـەر کاتـەی کار بۆ ئـەمـە کرا بـەدوری نـازانێ مـافـەکانی هـەنـدێـک لـە چین وتوێژەکـان پێشـــێـل بکرێ، بـەڵام چونکـە لـە پێنـاو گرتنەدەستی دەسەڵاتە ئەمە بە کارێکی رەوا دەزانێ .

هەروەها مکیاڤیللی Niccolo di Bernardo dei Machiavelli دەڵێ:

( دەبێ بۆ گرتنـەدەســـتی دەســـەڵات ســێ پێوەرو بەهـا گوێیـان پێ نەدرێ ئەمانیش (ئاین، رەوشـــت، ویژدان ) نابی بکەویتە ژێر کاریگەری و ســـۆزی

ئەم سێ رەهەندە، ئەگینا هیچ کاتێک ناتوانرێ دەسەڵات بگرێتە دەست وحوکمڕانی بکەی . دواتر دورخستنەوەی توندو تیژی کارێکی نەگونجاوە واتە هەردەم بەبێ ئەنجام دانی کاری توندو تیژی ناکرێ دەسەڵات ببردرێ بەڕێوە، ئەمەی لێرە دەیلێین تەنها بۆچونی مکیافیللیە .

جگە لەو رێنما و بنەمایەنەی گرتنەدەستی دەسەڵات مکیاڤیللی Niccolo di Bernardo dei Machiavelli مەرجێکی تری گرنگ بۆ دەسەڵات وحوکمڕان دادەنێ ئەویش سوپایە) واتە هیچ کاتێک بەبێ سوپاو لەشکر ناکرێ بە ئامانجەکان بگەیت ئەگەر پێشی بگەیت بۆت ناپارێزرێ، دەبێ ئەم لەشکرەش لە ژێر فەرمانرەوایی خۆتدا بێ و بە فەرمان وکارەکانی راسپێردراو لەلایەن تۆوە جولە بکەن .

یەکێک لە دوژمنە هەرە سەرەکیەکانی، سەرمایەدارەکانن خاوەن سامانەکان بە مەترسیدار دەزانێ، بۆیە دەبێ هەوڵی ئەوە بدرێ سامان وسامانداراەکان ببنە لایەنگری خۆت.



**٢] تۆماس مۆر**Sir Thomas More

تۆماس مۆر (١٤٧٨-١٥٣٥) سیاسەتمەدار و فەرماندە و زانایەکی ئینگلیزیی بەتوانا بووە بە پێێ کەلیسای رۆمانی بێ مۆر قەشە بووە، لە شاری لەندەن لە دایک دەبێ و

دوای خوێندن دەبێتە راوێژکاری پادشا هنری هەشتەم،  لە ١٥٢٣ وەکو وتەبێژی ئەنجومەنی گشتی دێتە هەڵبژاردن، دواتر دەبێتە وەزیری داد بەڵام بەهۆی ئەوەی رەزامەندی نادا هنری هەشتەم لە کاترینی هاوسەری جیابێتەوە لە ١٥٢٩ دەست لەکار دەکێشێتەوە، دوای ئەوەی یاسای سەرووەریش رەت دەکاتەوە لە ١٥٣٤ زیندانی دەکرێ دواتر لە ٦ی تەموزی ١٥٣٥ بە تۆمەتی ناپاکی لەسێدارە دەدرێ.

لەو کاتەیدا کە دەسەڵاتی مەرکەزی لەسەر خاکی پادشاکان توند و مکوم دەبن ، ناکۆکیەکان لەسەر چۆنایەتی سەربەخۆیی سیاسی باشتر رون دەبنەوەو گومانیش لەسەر رەوشتی کۆمەڵایەتی ئەو دەسەڵاتە ئاشکرا دەبن . بۆیە دەبینین ئەو دەسەڵاتە رەهایەی کەوتبوە دەست پادشاکان دەکەوێتە ژێر گومان و لێپرسینەوە ، لەو کاتەدا ولە هەمان ساڵدا تۆنی تۆماس مۆر وەدەر دەکەوێ ئەمەش بەهۆی ناکۆکیەکانی لە جیابونەوەی ئەنگلیکانیەوە دەبێ چونکە خۆی کەسێکی کاسۆلیکی بو .

تۆنی داوای نوێبونەوەی نمونەکەی ئەفلاتون دەکا بۆ کۆماری، ئەو چەند پێوەرێک بۆ ئەو رۆژگارە گەندەڵە دادەنێ لە بەرانبەریشدا وێنەی سیستەم ورژێمێکی ئەقلانی دادەرێژێ کە بریتی دەبێ لە دابەشکردنێکی وردی کارەکان ودسپلینی مەدەنیانەی توند، ئەمەش دەبێتە مایەی یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە روی ماف وسیاسەت و گیانی لێبوردەیی ئاینییەوە .

ئەم شێوازە رەخنەگریەی خۆی هەڵسەنگاندنێکی واقعیانەی ئەوکات بوە ، بەڵام بە پێێ ئەم دەقە بێ بە دوری نازانم لای خوێنەر ئەوە نیشـــان بدا کە تۆماس مۆر داخوازی دەســـەڵاتێکی توندی رەها دەکا وئەمەش ببێتە مایەی ئەوەی بپرســن ئاخۆ چ کەســێکە بەم دەســـەڵاتەوە بتوانێ دادپەروەری ویەکسانی بپارێزێ؟

**٣] جان بۆدن Jean Bodin**




لە ١٥٣٠ -١٥٩٦ لە ئینری فرەنسا لە دایک بووە، یاساناس و فەیلەسوفێکی فرەنسیە، مامۆستای یاسا بوو لە تۆلۆز، خاوەنی بیردۆزی (سەروەری) یە یەکێکە لە فەیلەسوفانی (مەزهەبی بازرگانی) ، بۆدن لە لایەنگرانی بوردەیی ئاینی بوو، لە هەمان کات راوێژکاری هنریی چوارەم بوو.

بۆدن لە دەربڕینا بۆ ناساندنی چەمکی دەوڵەت راشکاوتر بووە لە روسۆ وماریانا. لەسەر مافی رزگار بون لەدەست حاکمی ستەمکار هەموو شێوازەکانی بە رەوا زانیوە لەوانە شۆڕش و راپەڕین و توندو تیژی.

له ســاڵی ١٥٧٦ هەرشــەش بەشــەکەی پەرتوکی جان بۆدن Jean Bodin دەرچو کە بەناوی کۆماریەوە بو، ئەم پەرتوکەو دانەرەکەی پشــتی بە فەرهەنگێکی مێژوویی ودادوەری بەستبو، بۆخۆ ئەرک و پەیامێکی تایبەتیی تەرخان کردبو کە بریتی بو لە :

1- ڕەت کردنەوەی بۆچونەکانی مکیاڤیللی Niccolo di Bernardo dei Machiavelli .لە کاتێکا خۆی پێیەوە ســەرســام بو، بەلام لەو دەرسانەی دەترسا کە پەیوەندیان بە بەدرەوشتییەوە هەبو .
2- پێناســە کردنی دەســەڵات بە شــێوازێکی نوێی ســیاســەت و واقعی کۆمەڵایەتی کردبو. جان بۆدن Jean Bodin خۆی بە پێشـــەنگی نوێخوازی دەوڵەت دەزانی .
3- بە دیدی ئەو بونی دەسەڵاتێکی یەکگرتوو دەربڕێ واقعێکی مێژویی کۆمەڵگایە ، بەڵام پرســیار لە چۆنایەتی ئەو دەســەڵاتە دەکا، ئەمەش هەر خۆی وەڵامی دەداتەوە کە دەڵێ: ( هێزی خاوەن سەروەری) کە خۆی دەسەلمێنێ و دەسەپێنێ، بەڵام بە دادپەروەری. بە دیدی ئەو حالەتی کۆماری دەبێ دەســەڵاتی بەســەر خانەوادەو تەواوی دام و دەزگاکاندا هەبێ ، بەکورتی ئەم دەســـەڵاتە بەم شێوەیە دەبێ .

أ- ئەو هێزەی بەدەست دەوڵەتەوەیە دەبێ هێزێکی ڕەهاو باڵادەست بێ کە خۆی فەرماندەر وبریار بەدەست بێ .

ب- ئەو هێزە نابێ پارچە پارچە بکرێ.

ت- ئەم هێزە دەبێ هەمیشەیی بێ، نەک کاتی .

بەم شـــێوەیە دەوڵەتی مەرکەزی دەبێتە خاوەن تاکە هێز وتاکە بریار بەدەست کە خاڵی کۆکردنەوەو بەیەک گەیشتنی سەرتاپای هێزەکان دەبێ .

## ٤] مـۆنـتسـکـیـو

Montesquieu



یەکێک لە زاناکانی فرەنسیی سەردەمی رەوشەنگەرییە، لە شاری بوردو لە ١٦٨٩ لەدایک دەبێ ، بایەخی بە لێکۆڵینەوە زانستی و مێژووییەکان داوە ، بەهۆی ئەوەی لە دۆخی ئەوسا رازی نابێ کتابێک بە ناوێکی خوازیارەوە بلاو دەکاتەوە ، بە ئەندامی ئەکادمیای فرەنسی دێتە هەلبژاردن ئیتر وردە وردە لە کاری نوێنەرایەتی دوور دەکەوێتەوە بۆ کارو پیشە خۆی تەرخان دەکا. کە بریتی بو لە دانانی کتێبی ( رۆحی یاساکان) ئەم کتێبە پێشوازیەکی زۆری لێدەکرێ بۆ بەرێوە بردنی کاروباری دەوڵەت، مۆنتسکیۆ پێی وابوە خوێنرشتن و شۆرش و راپەرین سودی نییە بۆ مەبەستی رزگاری نیشتمانی، بەلکو شێوازی سیاسی سەرکەوتووە.

مۆنتسکیۆ وێڕای بلیمەتیی لە بواری سیاسەت و مێژوو زانایەکە لە بواری ڕەوشت، کاریگەریی بەسەر شۆڕشگێڕەکانی شۆڕشی فەرەنسی یەوە هەبوە، ئەم کاریگەریە لە کاتێکا کاریگەریی ئەرێنی بوە لە هەمان کاتیشـــدا کاریگەریەکی ناکۆک بوە .

مۆنتســـکیو بەدیدی خۆی گەیشـــتۆتە ئەو بڕوایە کە لەدوا ســـاتەکاندا دەوڵەتێکی مامناوەنجی دێتە کا ئەمەی لە رۆحی یاســـاکانەوە هەڵێنجاوە ، کە دەبێ مەودایەک لە نێوان دەســـەڵاتەکاندا هەبێ و لەیەکیان جیا بکەینەوە ، واتە هەرسێ دەســـەڵاتەکە بە جیا رۆڵی تایبەتی خۆیان بگێڕن، ئەمە بە چارەسەری سیاسیانە دەزانێ وناوی دەنێ ئازادی سیاسی .


هەندێک کەس وای دەبینن کە ســـەرەرای ئەوەی مۆنتســـکیۆ دڵی لای دەرەبەگایەتی ماوە بەڵام لە دواجاردا بەســـەر لیبرالیزم دا دەشـــکێتەوەو ساخ دەبێتەوە .

مۆنتســـکیو هەوڵەکانی خۆی لە بواری رۆحی یاســـاکاندا چڕ کردەوە کە بریتی بو لە پەیوەندیی نێوان گۆڕانکاریەکان ، چونکە بە دیدی ئەو ئەگەر هەر گیان لەبەرێک یاســـایەکی تایبەتی بەخۆوە پێویســـت بێ، ئەوا چۆن ئادەمیزاد یاسای تایبەتی خۆیان هەیە بە هەمان شێوە خواوەندیش یاسای تایبەتی خۆی دەوێ .

مۆنتســـکیو دەڵێ یاســـاکان بنەمای پەیوەندیەکان دیاری دەکەن، هەر خۆشیان دەبنە بنەچەی دەسەڵات وحوکمڕان، بە شێوەیەکی گشتی یاسا

ئەقلی ئادەمیزادە، چونکە خۆی حاکمی ســەرزەویە بەهۆیەوە دادپەروەری وسـەقامگیری دابین وبەرقەرار دەکرێ ، ئەقلی ئادەمیزادیش لە ئاسـمانەوە نایەتە خوارەوە بەڵکو لە واقعی کۆمەڵگاوە دێتە کا .

لەگەڵ ئەوەشـــدا یاســا تایبەتیەکانی ئادەمیزاد لە ئاســمانەوە نایەن چوونکە ئەوان تەنها پەیوەندیەکانی تایبەتیی نێوام ئادەمیزاد دیاری دەکەن.



**٥] جان جاک رۆســۆ Jean jacques Rousseau**

جـان جـاک رۆسـۆ (١٧١٢-١٧٧٨) لە ژنیف لەدایک بووە لە منداڵیەوە دایکی دەمرێ و لە باوەش باوکی مەزن دەبێ، کە بە منـداڵیکی شــەرانی و نـارەحەت گەورە دەبێ، هەر لە ئەنجامی ئەو نـارەحەتی و شــەرانە باوکی لە ١٧٢٢ ناچار دەبێ لە ژنێف رابکا و بەو هۆیەوە مامی بەخێوی دەکا .

رۆســۆ ئەدیب و فەیلەســوف و زانـایەکی روەکیی ســویســریە، لە بەناوبانگترین نوسـەرانی چەرخی رەوشـەنگەری دێتە ئەژمار، فەلسـەفەی

رۆسـۆ کاریگەریی هەبوو لەسـەر چەندین رووداوی سـیاسـی لە ئەوروپا کە شـــۆڕشـــی فرەنســی یەکێـک دەبێ لەو رووداوانە، کتـابی ( گرێبەســتی کۆمەلایەتی) بە بەردی بناغەی هزری ســیاســی و کۆمەلایەتی نوێ دێتە ئەژمار. کارەکانی رێخۆشـکەرن بۆ یەکلایی کردنەوەی گەلێک لێکدانەوەی ئەم سەردەمە لەبەر ئەوەی:

أ- بە فەیلەسـوف وزانای رۆشـەنگەری دەناسـرێ ولەگەڵ بڕواکانیشیدا دەجەنگێ .

ب- بـەزانـایەکی ئـەکتیڤی بواری مـافـەکانی ســروشــتیـە و هیچیشی بەدەستەوە نیە لە مەدرەسەی سروشتی زیاد بکا .

ت- بزوێنەری شـۆڕشی لیبرالیزمەو پێشـوەختیش خەراپییەکانی ئاشکرا دەکا.

ث- تاکگەرەو زۆر بەجۆشیشەوە هەولی کارکردن دەدا لە دام و دەزگا تۆتالیتاریەکان.

هەر لە ســاڵی ١٧٥٤ هوە رۆســۆ لە هەوڵی لێکۆلینەوە دابو لە بواری بونی جیاوازی لە مەوداکان لە نێوان ئادەمیزادەکان دا، لە هەمان کاتیشدا باسی لـە ســروشــتی ئادەمیزاد دەکرد ، بۆیـە لایەنگرانی هـەر زوو لـەو نـاکۆکیـە بیرکردنەوەیان ئاگادار کردەوە کە پێش ئەو لە ئارادا بون وکاریان لەو بوارە کردبو ، ئەوە بو لە هـەولی رســوا کردنی ئەو هـەولانـەدا بو کـە لـە نێوان هەردوو لایەنی هاوبەشــدا هەبو کە لایەنێکیان مافپەروەرانی ســروشــتی

بون، لەگەل ئەوانەی باسـیان لە مرۆڤی کیوی و درندە دەکرد و لە هەمان کاتیشدا وێنەی مرۆڤی شارستانیان دەکێشا .

بۆیە رۆسـۆ هەوڵی ئاگادار کردنەوەی ئەوانەی دەداو ئاشـکرای دەکرد کە ئەو دژی هەر سەرەتایەکی سروشتیە ئیتر دەپرسی :

( ئایا دەبێ ئێمە کۆمەڵگایەک لە ناوبەرین وکۆمەڵگایەکی نوێ بهێنینە کا، بگەرێینەوە بۆ ژیانی دارستان لەگەڵ ورچەکان؟ ).

لە وتەکانی رۆسۆ:

- ئازادی خەسـلەتێکی بنەرەتی مرۆڤە، نابێ دەسـتبەرداری بیت، هەرکاتەی مرۆڤ دەستبەرداری ئەم ئازادیە بوو واتە دەستبەرداری مرۆڤایەتی بوو.

- ئازادی واتە مرۆڤ هەموو مافە سـیاسـی و ئابوری و کۆمەلایەتیەکانی لە چوار چیوەی یاسادا پیادە بکا.

- مرۆڤ بە سـروشـتی بە جوان و بێگەردی لەدایک بوە بەلام کۆمەلگا خەراپی دەکا.

## دروست بوونی دەوڵەت لە ئەنجامی ..!

دەوڵەت لەخۆیەوە دروســـت نابێ ئەگەر پێویســـتیەکانی بەڕێوەبردن و ڕێکخستنەوەی قەوارەکان پێویست نەکات بۆ بە یاسایی کردنی قەوارەیەکی ئەتەنی یا جوگرافی یا ســـیاســـی کۆمەلگایەک، ئەو قۆناغ و حالەتانەی دەوڵەتی تیا لەدایک دەبێ بە وەرچەرخانێکی مێژویی بۆ ئەو ناوچە و گەلە دێتە ئەژمار بۆیە دەبێ لە ئەنجامی چەند گۆرانکاریەک ئەم دۆخە بێتە کا ئەمانیش بە کورتیەکەی بریتی دەبن لە :

١- لە ئەنجامی شەپۆلی کۆچکردن .

بەر لە زاینی ئەوکاتەی بەهۆی دروست بونی کێشەو ململانێی نێو میلەتان، یا بەهۆی قات وقڕی لە ئەنجامی وشـــکەســـالی، یا هەر هۆیەکی تری مەروماڵات بەخێو کردندا بێ یا بڵاوکردنەوەی ئاین یا بەرژەوەندییتر، میلەتان بە تەواوەتی لە شـــوێنێکەوە بە هەزارەها کیلۆمەتر بەرەو ناوچەیەکی تر کۆچیان دەکرد ودوای شـــەڕ وپێکدادان لەو شـــوێنە نیشتەجێ دەبون، یانیش لە ئەنجامی نەبونی دانیشتوان لەو ناوچەیە بونی ئەو شـــوێنە بە چۆلەوانی، لێیان دادەکوتاو ســـاڵ لەدوای ســـاڵ ئیتر ئەو ناوچەیە دەبوە مولکی خۆیان وبە یاسایەکی کلتوری یا نەریتی دەوڵەتێکیان بۆخییان لێ دادەمەزراند ، بە نمونە کۆچی ئەرمەنەکان لە شـــەش هەزاری بەر لە زاینی لە ناوچەکانی ئەوروپاوە بۆ ئەو شـــوێنەی ئێســـتا دەوڵەتی ئەرمینیای لێیە، هەروەها تورکەکان وکۆچی ئاریەکان و کۆچی عەرەبەکان لە جەزیرەوە بەرەو باکوری ئەفریکاو ناوچەکانی ئێراق و سوریا و ئێران.

٢- داگیرکردن ودابڕاندن.

گەلێک جار بەرژەوەندی وڵاتانی دراوسێ ئەوە دەسەپێنێ کە خاکی وڵاتێک دابڕن وبە بیانوی هاو زمان یا هاو مەزهەبەوە دەوڵەتێک لا ناو خاکی دەوڵەتێکی تر دروســت بکەن وهەندێک لە خاک ومیلەتەکەی لێ دابڕێنن، وەکوداگیرکردنی بەشــێک لە قوبرس لە لایەن تورکیاوە لە ســاڵی ١٩٧٤ و دواتر لە ١٩٨٣ ســەربەخۆیی خۆی راگەیاند بە بیانوی ئەوەی بەشــێک لە دانیشتوانی ئەو دورگەیە لە ڕەگەزی تورکن لە کاتێکا ئەم تورکانە لە رێگەی داگیرکاریەوە گەیشــتونەتە ئەوێ بە بیانوی بلاو کردنەوی ئاینی ئیســلام( الفتوحات الاسلامیە)، هەرچەندە لەوساوە جگە لە تورکیا هیچ دەوڵەتێک دانی پیا نەناوە بەلام لەگەڵ ئەوەشدا هەر لەسەرپێ ماوە .

٣- یەکگرتنی چەند هەرێم یا ناوچەیەک

لەئەنجامی یەکگرتنی چەند هەرێم یا میرنشــین دەوڵەتێکی نوێ دروســت دەبێ. وەکو یەکگرتنی میرنشــینی عەرەبی لە ئەنجامی یەکگرتنی حەوت میرنشــیندا دروســت بوە، هەروەها ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا کاتێک لە ژێر چنگی ئینگلیز رزگاریان دەبێ لە ســەرەتا ســیانزە ویلایەت یەکدەگرن وویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا پێک دەێنن، دواتر ژمارەی ویلایەتە یەکگرتەوەکان دەگاتە پەنجا ویلایەت کە تا ئەمرۆ بە درێژایی زیاتر لە ســەدو چل ســاڵدا بە یەکگرتویی وبە هێزەوە ماونەتەوە، هەروەها کاتێک

بســـمارک لـه ژێر چـەتری ئـەڵمانیـای یـەکگرتوو ٣٢ هـەرێمی لـە چـەشــنی ویالیەت یەکیان گرتبو، چەندین نمونەی تری لەم شێوە.

٤- جیا بونەوە بە خواست یا بێ خواست.

ئەم جۆرە دروست بونەی دەوڵەت لە ئەنجامی دروست بونی ناکۆکی یا لە ڕێگەی ڕاپرسی بەشێک لە دەوڵەتێک جیا دەبێتەوە کە لە بنەڕەتدا جیاوازیەکی ئەتەنی یا مەزهەبییان هەیە ، وەکو ئەوەی لە هەلوەشانەوەی یەکیەتی سۆڤیەت و یۆگسلاڤیا رویدا و لەم دواییەش ئەستونیا وکۆسۆڤۆ بە هەمان ڕێچکەدا ڕۆیشتن ئەگەرچی بەر لە یەکگرتن و پێکهێنانی یەکێتی سۆڤیەت هەندێکیان سەربەخۆیی خۆیان هەبوە و هەندێکیش تەنها قەوارە بونە و لە ژێر سایەی دەوڵەتێکی مەزندا حەوانەتەوە، ئەمانە دوای جیابونەوە بونە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان ، هەروەیا جیا بونەوەی چیک وسلۆڤاکیا لە ساڵی ١٩٩١ و هۆڵەندا وبەلژیک لە ساڵی ١٨٣٠ لە ڕێگەی ڕاپرسیەکی ئاشتیانەدا دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان ڕاگەیان.

داخوازی میلەتـان لە دروســـت کردنی دەوڵەتی نەتەوایەتی هەروەکو لە ســـەدەکانی ڕابردو دوای پرۆســـەی ڕینســـانس لە ئەوروپا رویدا لە ڕێگەی شـــۆرش کە هەمیشـــە تونـدو تیژیی لێ دەکەوێتەوە ، ئەمەش لەوکاتەی دەوڵەتی مەرکەزی دان بە مافەکانی ئەو پێکهاتە ژێردەســتە یا کەمینە نانێ یا مافیـان پێشــێل دەکرێ، لەم ڕێگەیەوە داوای دروســـت بونی دەوڵەت دەکرێ یا لە ڕێگەی ڕاپرسی و بە شێوازی دیموکراسیانە و ئاشتیانە لەیەک

جیـا دەبنەوە لە هەردوو شـــێوە نمونەی زۆر لەم دونیـایە رویـان داوە و هەنـدێکیشـــیـان لەم رێیەوە لە هەوڵ و خەبـاتـدان کە کورد یەکێکن لەو گەلانەی لە هەوڵی دروســتکردنی دەوڵەتی خۆیاندان ، لە دێر زەمانەوە لە خەبات و قوربانیدان بەردەوامن، بەناچاری هەندێک جار روو لە خەباتی چەکـداری دەکەن ئەو دەوڵەتـانە بە تیرۆریســـت یـاخود جوداخوازیـان دەدەنە قەلەم، لە کاتێکا لە ئەنجامی گوێنەگرتنی دەوڵەتانی داگیرکار بۆ داواکاریە رەواکانیان ناچار دەبن هەمو شێوازەکانی خەبات تاقی بکەنەوە.

دیارە دەوڵەت بەبێ کێشـــەو گرفت نایەتە کا، ســـەبارەت بەو کێشـــەو گرفتانەش کە دێنەرێ، پێم وایە زۆربەی هەرە زۆری ســـیاســـەت مەدارو زانا کان لە مکیاڤیللی Niccolo di Bernardo dei Machiavelliی یەوە تا لۆک هەموویان لەســـەر ئەوە کۆکن کە بۆ ئەوەی ناکۆکیەکان چارە بکرێن ویەک پارچەیی و بریاری کاریگەر هەبێ دەبێ دەســـەڵاتەکان بەدەســـت دەوڵـەتی مـەرکـەزیـەوە بن، بەڵام ئەمەیـان بۆچـون و چـارەســـەرێکی نادادپەروەرانەیە، پێیان وایە تەنها لە رێگەی دەوڵەتێکی یەک بریارو بەهێز، دەتواندرێ ناکۆکیەکانی تاک لە نێوان کەســەکان وناکۆکیە ناوەخۆییەکانی دەوڵەت چارە بکرێ ، بە مەرجێ ئەو دەوڵەتە لە لایەن دەوڵەت وخاوەنەکانی متمانەی پێ درابێ و دانی پێدا نرابێ ، هەر وەکو هێگل دەڵێ :

( دەبێ دەســـەڵاتی دەوڵەت بەپێی نەریت ویاســـاکان رەفتار بکا ، بەڵام ئەم رەفتارە بە پێی دەوڵەت وکۆمەڵگا دەگۆردرێ ) .

لەم روەوە ئێستا واقعێکی نوێ هاتۆتە کا ئەویش ئەوەیە لەم سەردەمەدا بەهۆی روخانی دەسەڵاتی پادشاکان و دەرچونی دەسەڵات لەدەستیان و کەوتنە دەست لایەنە هاوبەشەکانەوە، بەوهۆیەوە دەسەڵاتدارانی کاروباری سیاسەت ژمارەیان زیادی کردوە ، بە بەراورد لەگەڵ ئەوکاتەی دەسەڵاتەکان لە دەست دەرەبەگ دابون ، لە روێکی تریشەوە ئەو نەتەوانە لە جولەی هەمە لایەنەدان ئەمەش بەهۆی ئەو گەشەو پەرەسەندنەی هزری وماددیی کۆمەلگاوە کە نیشانەی دینامێکیی بەخۆوە گرتوە واتە لە جولەی بەردەوامی دایە ، وەکو ئەوەی ئەو کۆمەڵگانە لە دەرەوەی کۆمەڵگەی ئاینی دابن ئاوایان لێ هاتوە . ئەمەش وای کردوە بیردۆزە سیاسیەکان ناتوانن فەرامۆشیان کەن ونەیان خەنە ژێر حساباتی تایبەتیەوە .

بەم هۆیەوە لە هەر بوارێک بێ بابەتی پەیوەندیەکانی دەوڵەت بە کۆمەلگەوە بابەتی سەرەکی وبابەتی گەرمی رۆژن، هەر بۆیەش دەبینین کە لە سەدەی هەژدەهەمەوە بابەتی کۆمەڵگە وئابوری ومێژویی و فەرهەنگی، بابەتی گەرمی توێژینەوە سیاسیەکانن . بەڵام دروست بونی دەوڵەت لەم سەردەمە دەکەوێتە ژێر هاوکێشەکانی نێودەوڵەتی لە هاوسەنگی هێزەوە تا دابەش کردنی بەرژەوەندیەکان لە نێوان دەوڵەتە زەبەلاحەکان، کاتێک لەسەر دابەش بونەکە رێک دەکەون ئەوسا لە تەلارە فەرمیەکانی نێودەوڵەتی وەکو ئەنجومەنی ئاسایش و نەتەوە یەکگرتوەکان چوار چیوەیەکی فەرمی و سەردەمیانەی بۆ دادەرێژن.

## بنەماکانی دروست بونی دەوڵەت

دەوڵەت وەکو دەزگاو قەوارە دەبێ لەسەر چەند بنەماو مەرجی سەردەم دروست بێ بۆ ئەوەی لە ریز دەوڵەتانی دیکەی دونیا بێتەوە بکەوێتە سەر رێچکەی رێنماکانی نێودەوڵەتی . ئەمەش وێرای گونجاندن و هاتنەوە لەگەڵ سیاسەت و رێنماکانی نێودەوڵەتی بەچەندین هزر و سیاسەتی جۆراوجۆر دروست دەبێ، کە بە بیردۆزە جیا جیاکان دەناسرێنەوە یا دەخزێنە نێو بیردۆزی جیاجیا کە دەوڵەتان پێرەوی دەکەن یا دەبنە هەڵگری ئەو هزرو بیرانە.

دروست بونەکە مەرجدارە بە پارچەیەک لە خاک کە خەلکانێک لێی نیشتەجێن بۆ دایک بوونی، مەرج نیە ئەم کەسانەی لەو شوێنە دەژین یەک میلەت بن بەلکو ئەوەندە بەسە کە پێیان دەوترێ گەل یا هاوڵاتی ئەو هەرێم یا دەوڵەتە، جیاوازیش لە نێوان گەل ومیلەتیش ئەوەیە، میلەت چەند خالێکی هاوبەش یەکیان دەخا لەوانە خوێن ،زمان، مێژو، بەلام گەل بەو کەسانە دەوترێ کە لە چوار چیوەی ئەوسنورەدا دەژێێن کە پێی دەوترێ دەوڵەت، دیارە جیاوازیش لە نێوان دەوڵەت وحکومەتیشدا هەیە کە لای هەندێک لە زاناکان ئەم جیاوازیە بونی نیە چونکە بە دیدی ئەوان هەرکاتێک حکومەت بونی نەما ئەوا دەوڵەتیش وەکو بونی یاسایی

بونی نامێنێ . بۆیە دەبینین بە چەندین شـــێوەو بۆچون باس لە دروســـت بونی دەوڵەت کراوە کە بەپێی سەردەم وشوێن.

سەبارەت بە ئایدیای بەڕێوە بردنی دەوڵەت، لێکدانەوەو تێگەیشتنی جیا هەن کە پشـــت بەو بیردۆزانە دەبەســـتن کە بۆ بەڕێوە بردنی دەوڵەت داهێنراون لەوانە :

**١/ بیردۆزی گرێبەستی کۆمەڵایەتی** :

ئەوانەی لەو بیردۆزەوە بڕوایان بە دروســـت بونی دەوڵەتەوە هەیە وەکو( هۆبز ، لۆک ، جان جاک رۆسـۆ لە سـەروی هەمویانەوەن ) هەندێکیان وا دەبینن کە دەوڵەت هەر لە سـەرەتاو لە سـەردەمی سـەرەتاکانی دروسـت بونی دونیاوە دەوڵەت بە یاســـای خۆرســـکیەکەی ئەوکات بونی بوە ، بە بڕوای ئەوانیش سیستەم وڕێنماکانی سەردەمی بەرایی باشترین سیستەم وڕێنما بونە چونکە مولکدارێتی بەو رادەیە باوی نەبوە و خەلک پەیوەندیە کانیان لەو پەڕی پاکی وخۆشیدا بونە.

هۆبز یەکێکە لەوانەی بەم شـێوەیە بیردەکاتەوە، دوای ئەو لۆک بە پێچەوانەی ئەو دەڵێ : ئەگەر دەوڵەت نەبوایە کە خەلک بە گریبەســـت لـەگـەلی رێـک کـەوتـون ودەنگیـان بـۆی داوە و ســـەرفـرازیـان کـردوە سـەرپەرشـتیان بکا، لە بەرانبەریشـدا دەوڵەت مافەکانیان بپارێزێ ئەگەر ئەو گرێبەستە نەبوایە ئەوا دەوڵەت بونی نەدەبوو .

جان جاک رۆسۆش بە شێوەیەکی تر بیر دەکاتەوە و دەڵێ :

(خەلک لە رێگەی گرێبەستەوە لە نێوان خۆیاندا لەسەر دەستبەرداری هەندێک لە مافەکانی خۆیان بۆ یەکتر رێککەوتون بەو هۆیەوە کۆمەڵگا دروست بوە، کۆمەڵگاش کە گەل دەگرێتەوە لەگەل حکومەت رێککەوتوە تا سەرپەرشتیاری کارەکانیان بکا بە پاراستنی مافەکانیانەوە ، بەم شێوەیە دەسەڵاتەکان دەگەرێنەوە بۆ گەل نەک بۆ حکومەت کە هۆبز ولۆک بڕوایان پێیەتی) .

**٢/ بیردۆزی دامەزراندنی پیرۆز:**

به بڕوای ئەو زانایەنەی کە لە ژێر ئەو دەستەواژە بیردەکەنەوە ، دەوڵەت لە دەستکردی خواوەندە، پیرۆزمەندی تایبەتی خۆی هەیە هەر لەوکاتەی کە خوا مرۆڤ خولقاندوە و دەوڵەتیشی بۆ دەمەزراندوە و حاکم یا پادشاشی بۆ دیاری کردوە. به بڕوای ئەوان بەو پێوەرە پادشا تەنها لەلایەن خواوە لێپێچانەوەی لەگەڵدا دەکرێ کەس بۆی نیە لە کارو کردارەکانی بپێچێتەوە ئەم بیرکردنەوەیە لە سەردەمی یۆنان ورۆمانیەکان نەبو ئەمە تەنها لە کاتی پەتروس پێغەمبەرەوە وا بیر دەکرایەوە، چونکە دەسەڵاتی روحی یا دەسەڵاتی کەلیساکان لە بەرژەوەندی ئەواندا بو هەموو دەسەڵات و سامانەکان بۆ پیاوە ئاینی وپادشاکان بگێڕنەوە، هەرچەندە دواتر ناکۆکیەکی توند لە نێوان دەسەڵاتی دونیا ودەسەڵاتی دوارۆژی واتە ئاینی دروست دەبێ کە بە چەند قۆناغێکدا دەڕوا .

٣/ **بیردۆزی هێز**:

شوێنکەوتوانی ئەم رێبازە دەڵێن :

(دەوڵەت لە هێزەوە دروســـت دەبێ ئەگەر دەوڵەت خاوەنی هێز نەبێ خۆی لەســـەر پێ ناگرێ، بۆیە دەبێ بەهێز دروســـت بکرێ ئەم هێزەش مەرج نیە هێزی سەربازی بێ دەکرێ هێزی مادی یا کۆمەڵایەتی یا زانستی بێ )

بەلام ئەوەی راســـتی بێ ئەم رێبازە بۆ هەندێک کەس بوو بە پاســـاو بۆ ئەوەی کاتێک مێشکیان لە بیرکردنەوە و دروست کردنی بنەمایەکی ئابوری دەوەســـتێ روو لە بەکار هێنانی هێز بکەن، جا گەر لە ناوەوەی خۆیان بێ بەکودەتا، ئەگەر لە دەرەوە بێ بەهێرش بردن وزەوت کردنی خاک وموڵکی میلەتان دەوڵەت دروست دەکەن تا دەبێتە دیفاکتۆ (ئەمری واقیع )وبۆیان دەچێتە ســـەر، بە بڕوای ئەو زانا و کەســـانە هێز ئامرازی دروســـت بونی دەوڵەتە ئەوان پاســـاو بۆ بەکارهێنانی هێز دێنن کە بۆتە هۆکاری دروســـت بونی دەوڵەت، جا هەندێکیان دەڵێن ئەو هێزە لەلایەن ســـتەمکارانەوە بەکار هاتوە و بە زەبری ئاگرو ئاسن دەوڵەت دروست کراوە، هەندێکیشیان دەڵێن سەرمایەدارەکان بە هێزی سەرمایەکانیان و ستەمکارەکان بەهێزی دەسەڵاتیانەوە دەوڵەتیان دروست کردوە، دەکرێ ئەم هێزە هەندێک جار رەوابێ و هەندێک جاریش نارەوا .

**٤/ بیردۆزی مێژویی:**

شــیکردنـەوەی دەوڵـەت بـە بۆچونی ئـەم مـەزهـەبـە بریتیـە لـە وەی کـە دەوڵـەت لـە ئەنجـامی چـەنـد گۆڕان وکار و کاردانـەوە و چالاکیـەکی کۆمەڵ دێتـە کا، ئـەمـەش بـە درێژایی مێژوو نـەک بـە رۆژێـک ودوان ، بۆیـە هـەر کۆمـەڵگایـەک بـارو دۆخێکی تـایبـەتیی خۆی هـەیـە بۆ دروســـت بونی ئـەم دەوڵـەتـە، کـەوایـە دەبێ شــێواز و رێنمـای تـایبـەتی خۆشــیـان هـەبێ ، شـوێنکەوتوانی ئەم رێبازە دەڵێن دروسـت بونی دەوڵەت یاسـایەکی تایبەتیی نیە تەنها روداوێکی کۆمەڵایەتیە و لە ئەنجامی گەشـە و گۆڕانی کۆمەڵایەتی دروســـت دەبێ ، بۆیـە دەبینین بـانگخوازانی ئـەم رێبـازە دەڵێن؛ بـاشـــترین حوکم ئەوەیە کە لە نێو گەل و بۆگەل دێتە کا، بنەمای هێز وسـەرچاوەشی هەر گەل بێ ، بە بۆچونی ئەو کەسـانەش دەوڵەت لە ئەنجامی سیسـتەمی دروســت بونی دونیا و قۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتیەوە کەبە شـێوەیەکی سروشتی هاتوە لەم میانە دەوڵەتیش دروست بوە.

پێیـان وایە لـە دروســـت بونی دەوڵـەت هـەنـدێک مـەرج وتـایبـەتمـەنـدێتی بونەتە هۆکاری دروست بونی دەوڵەت کە بریتین لە :

ا- خوێن .

ب- ئاین.

ج- وشیاریی سیاسی .

**٥ / بیردۆزی خانەوادە و بنەماڵە:**

هەلگرانی ئەم بیردۆزە بڕوایان وایە کە دەوڵەت مەزن کراوەی خێزانە خێزانیش کاتێک مەزن دەبێ دەبێتە گەرەکێک لەوێشەوە دەبێتە شارێک و دواتر دەبێتە دەوڵەت ، هەرخێزانەی تەنها یەک سەرۆک خێزان هەلدەگرێ، کە لە ئەنجامی گۆڕانی سروشتی دروست دەبێ، بۆیە ئەو دەوڵەتەش تاکە کەسێک دەیبا بەرێوە کە مەلیک یا ئیمپراتۆرەکەیە، ئەمەش بە شێوەیەکی سروشتی دروست دەبێ وخواوەند لە دروست کردنیدا دەست و رەزامەندیی هەیە بۆیە کەس بۆی نیە دەست بخاتە پێشی، هەر بەدید و بۆچونی ئەم بیردۆزە، حوکمڕانی کوڕ لە باوک وەردەگرێ واتە بە سیسەتمی جێماوە(ویراسی) .

بەلام ئەم بۆچون و بڕوایانە راست نین، چونکە شێوەی گۆڕان وگەشەکردنی خێزان لە شێوەی گۆڕان وگەشەکردنی دەوڵەت ناچێ ، کاتێک باوک دەمرێ مندالەکان ئازادی خۆیان وەردەگرن و هەریەکەو لەگەل خێزانەکەی خۆیدا بۆلایەکدا دەچن، ئەم خانەوادەیەش پەرش و بلاو دەبێ ، بەلام دەوڵەت تا گەشە بکا دەبێ هاوبەستەگی و پابەندی و یەکپارچەیی خۆی بپارێزێ وپتەوتر بکا تەنانەت بە مردنی پادشاش .

وێرای دەستەواژەی بیردۆز، هەندێک شێوازی دروستبونی دەوڵەت هەن لەسەربنەمای مەزهەبی دروست دەبن .

### ٦/ مه زهه‌بی تیوکراسی :

تیوکراسی یا ده‌سه‌ڵات و حوکمڕانی ئاینیی، له‌ مه‌زهه‌بی تیوکراسیدا خواوه‌ند خاوه‌نی ده‌وڵه‌ته‌ و سه‌رچاوه‌ی ده‌سه‌ڵات وبه‌ڕێوه‌بردنیه‌تی ، دیاره‌ به‌م دیده‌ خوا به‌ڕێوه‌به‌روده‌سه‌ڵاتدار له‌ جیات خۆی دیاری ده‌کا ، ئیمپراتۆر یا پادشاکان که‌ به‌ پیاوی ئاینی خۆیان ده‌ناساند بریکاری خواوه‌ند بوون له‌سه‌ر زه‌وی بۆ به‌ڕێوه‌ بردنی ده‌وڵه‌ت، به‌پێی ئه‌م بۆچونه‌ که‌س بۆی نیه‌ لێپرسینه‌وه‌ له‌گه‌ل فه‌رمانڕه‌وا یا ده‌سه‌ڵاتداری ده‌وڵه‌تدا بکا چونکه‌ ئه‌و له‌لایه‌ن خواوه‌نده‌وه‌ لێپرسینه‌وه‌ی له‌گه‌ڵدا ده‌کرێ ، میله‌ت مافی لێپێچانه‌وه‌ی له‌ ده‌سه‌ڵاتدار نیه‌ ، ئه‌وه‌ی ئه‌و بیکا سه‌رفرازو ده‌ستکراوه‌یه‌ لێی ، جا ئه‌گه‌ر پادشایه‌ یا ئیمپراتۆر یا له‌ ژێر هه‌ر ناوێکدا بێت ، ئه‌م جۆره‌ حوکمڕانیه‌ له‌ سه‌رده‌مانی کۆن له‌ هیند په‌یره‌و ده‌کرا، ئیمپراتۆر که‌ به‌ خواوه‌ند ده‌هاته‌ ناسین بۆی هه‌بو هه‌موو ده‌سه‌لات وکارێک پیاده‌ بکاوئه‌نجام بدا، که‌س بۆی نه‌بو ده‌ست بخاته‌ پێشی چونکه‌ ئه‌و به‌ خواوه‌ند ده‌هاته‌ ناسین، به‌هۆی ئه‌وه‌ی ئه‌وان له‌ خواوه‌ندی براهماوه‌ نزیک ، ئه‌وه‌بو که‌ له‌ چینی کۆندا به‌پێی ده‌ستوری جر که‌ کۆنترین ئاسه‌واری ئاینیی ئه‌وانه‌ له‌سه‌ر بنه‌مای ئاینه‌وه‌ حوکمڕانیان ده‌کرد ، که‌ به‌ بڕوای ئه‌وانیش ئیمپراتۆر له‌ جیات خواوه‌نده‌وه‌ حوکمڕانی ده‌کا ، هه‌روه‌ها له‌ میسر  فیرعه‌ونیه‌کانیش هه‌مان بیرکردنه‌وه‌یان هه‌بو .

**له‌**م روه‌وه‌ بیرکردنه‌وه‌ی هه‌ندێک لایه‌ن وایه‌ که‌ راسته‌وخۆ حوکمڕانی

دەوڵەت دەکرێ ئەمەش بەم شـێوەیە دەبێ کە دەوڵەت لە دروسـتکراوەی خواوەنـدەو حـاکمی ئـەم دەوڵـەتـەش ئـەگـەرچی ئـادەمیزادە بـەڵام لـەلایـەن خواوە راســـپێردراوە کـە حوکمڕانی لـەم دەوڵـەتـە بکا بۆیـە کـەس بۆی نیـە لێپرســـینەوە لەگەل حاکم بکا تەنها خوا نەبێ، ئەم دیدو بۆچونەش دیارە هـەموی لـە رەنگـدانـەوەو کاریگـەری ئـاینـەوە بوە، کرابونـە پـاســـاو بۆ چەوساندنەوەو دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتەوە مەبەستیان لەمە دوفاقی بوە ، یەکەمیان' دیارە کاتێک پیاوە ئاینیەکان وایان لە خەلک دەگەیاند کە سولتان یا ئیمپراتۆر لەلایەن خواوە نێردراوەو سپێردراوە بۆ حوکمڕانی، لە بەرامبەریشـــدا ســـولتان یا ئیمپراتۆر مافیان بە پیاوە ئاینیەکان دەدا بە هەوەســـتی خۆیان دەســـت بخەنە ناو ژیان وســـامان و ســـەروەتی وڵات ، ئەوســـا ســـامانی کەلیســـاکان لە هی حکومەت گەلێک زیاتر بو ئەمەش هەموی لە رێگەی ئالوگۆری ئەو پشـتگیریەوە بو ، بەڵام دواتر لە سـەدەی چواردەهەم کاتێک لە نێوەراسـتی ئەوروپا بزاوی ئازادی سـەرهەڵدەدا ئیتر دۆخەکان بەرەو گۆران دەچن .

بـەڵام لایـەن کـەســـانی تر بڕوایـان وایـە کـە نـاراســـتـەوخۆ حوکمڕانی خواوەندی دەبردرێ بەرێوە، ئەمەش لە ئەنجامی زۆری چەوســـاندنەوەو سـتەمی خەلک ئەم بیردۆزە سـەر هەڵدەدا ، بۆ سـوک کردنی ئەم حوکمە تونـدە، پیـاوە ئـاینی وئـەوانـەی بـەرژەوەنـدیـان لـە حـوکمڕانیـدا هـەبو، بلاوی دەکەنەوە کە هەرچەندە حاکم وئیمپراتۆر لەلایەن خواوە راســـپێردراون و دەستنیشـان کراون بۆ حوکمڕانی بۆئەوەی ئەوان ئەمانەت وسەروەتی خوا بپـارێزن، بـەڵام دەبێ نـاراســـتـەوخۆ ئـەم حوکمڕانیـە پیـادە بکرێ ، ئـەمـە

هـەرچـەنـدە وەکو وەرچـەرخـانێـک بو لـە شـــێوازی حوکمڕانی بـەڵام ئەنجامەکەی وەکو خۆی لێ هاتەوە.

# مەرجی دروست بونی دەوڵەت

دروســـت بوونی دەوڵەتر لە روی مەرجەوە بەســـەر ســێ جۆردا دابەش دەکرێ ، بەبێ بونی ئەم مەرجانە دەوڵەت دروست نابێ:

ا/  مەرجی بابەتی .

ب/ مەرجی کەسی .

ج/ مەرجی مارکسی .

ا/ مەرجی بابەتی:

بە مەرجی ئەلمانیەکان دەناسرا ، ئەلمانیەکان پێیان وابوە بۆ دروست بونی دەوڵەت وبەردەوامیی دەبێ چەنـد مەرجێـک هەبـن تـا ئەو دەوڵەتە بە تەندروســتی لە دایک بێ و لەیەکچونی هاوبەش لە نێوان پێکهاتەکانیدا هەبێ ، ئەو مەرجانەش پێیان وابوە دەبێ هاوڵاتیانی ئەو دەوڵەتە خاوەنی: ئاینی هـاوبـەش ، زمانی هـاوبـەش ، رەگـەزی هـاوبـەش بن وێرای یـەکیـەتیی ســیاســەت و فاکتەری کەلتوری وشــارســتانیێ بەهێز کردنی ئەو دەوڵەتە دەبن  ئەمە بە بیردۆزی ئەلمانی کە بە ( بیردۆزی بابەتی ) دەناسرا .

ب/ مەرجی کەسی :

فەرەنسیەکان  خاوەنی ئەم بیردۆزە بوون بۆیە بە ناوی ئەوانەوە دەناسرێ ، ئەوان مەرجی یەکیەتی دەرونی و فاکتەری ئیرادەییان بە مەرجی دروســـت بونی دەوڵەت دەزانی . لای فەرەنســیەکان مەرج نیە لە کاتی دروســت بونی دەوڵەت یەک رەگەز ویەک ئاین ویەک زمان هەبێ، بەلکو یەک ئیرادەیی ویەک بۆچون لە ســیاســەت وشــێوازی بەرێوە بردن مەرجی ســەرەکیی دەوڵەت بون، ئیتر ئەمە بوو دیدی جیاوازی دامەزراندنی دەوڵەت لە نێوان ئەلمانی و فرەنسیەکان.

ج/ مەرجی مارکسی :

بۆ دامەزرانـدنی دەوڵەت زانـاو بیرمەنـدی هزری ســۆشــیـالیســتی و کۆمۆنیســتی مارکس خۆی لە مەرجی ئابوری دەبینیەوە، بۆیە بە بیردۆزی مارکسـی دەناسـرا و بە دیدی کۆمۆنیسـتانە سـەیری بابەتەکەیان دەکرد، ئـەوان فـاکتـەری ئـابوری ویـەکگرتنـەوەی بـەرژەوەنـدیـەکانیـان بـە مـەرجی پێکەوەنانی دەوڵەت دەزانی . بە دیدی مارکس ومارکســیســتەکان هەموو چـالاکیـەکانی مرۆڤ وپێکهێنـانی گروپـەکان لـەســـەر بنـەمـای هـاوبـەشــی ئـابوری ویـەک بـەرژەوەنـدیی ئـابوری دەبێ، ئـەوان ئـابوریـان بـە فـاکتـەری ســـەرەکی بەلکو بە تاکە فاکتەری هەموو گۆڕانکاریەکان و چالاکیەکانی مرۆڤ دەزانن، هـەر بۆیـەش دروســـت بونی دەوڵەتیش بـە یـەکێـک لـەو چالاکیانە ی مرۆڤ دەبیندرا .

هەرکاتەی بونی کۆمەلێک خەلک لە سەر پارچەیەک زەویی سنوردار کە بە هەرێم ناو ببەین یا ناوچە ئەم خەلکە بە یاســایەکەوە پابەند بن وریز لە

کۆمەڵێک بگرن کە خۆیان هەڵیان بژێرن، یا بە شـــێوازێکی تر دەســـەڵات بگرنە دەســـت ئەوا هەردوو لایان بە گوێرەی ئەو یاســـایە پابەندی چەند رێنما و پرەنسیپێک دەبن ئەوسا پێی دەوترێ دەوڵەت .

## جۆرەکانی دەوڵەت لەڕوی چەندایەتی

دەتوانین لەروی چەندایەتی دەوڵەت بەســـەر تاک و کۆوە بۆ دوو جۆردا دابەش بکەین :

**یەکەم/ دەوڵەتی سادە .**

**دووەم/ دەوڵەتی لێکدراو.**

یەکەم/ دەوڵەتی ســـادە، بەهێزترین دەوڵەتە کە دەســـەڵاتەکانی لە ناوەندەوە بەڕێ دەبردرێت وبریارو فەرمانەکان بەدەست ناوەندەوە دەبن ، بەڵام هەندێک جار دەوڵەت ســـنوری جوگرافیی بەرین دەبێ یا پێکهاتە نەتەوی یا ئاینیەکانی فرە دەبن ناچار دەبێ هەندێک دەسەڵات بە هەرێم یا پارێزگاکان بدا بۆ بەڕێوەبردنی هەندێک کاروباری دیار بۆیە ئەم جۆرەش دوو جۆری لا مەرکەزیی دەبێ :

ا/ لامەرکەزیی ئیداری ( خۆسەری) ، خۆسەری پێدانی دەسەڵاتێکی لۆکالیە بە ئیدارەدانی هەرێمەکان، ئەم حالەتە زیاتر لە دەوڵەتە مەزنەکانـدا روودەدا کە توانای راگرتمنی پارســـەنگی ئیدارەدانی نابێ لە بەڕێوەبردنی یەکسانی هەرێمەکان بۆیە ئەم سیستەمە دەبێتە داخوازی ئەو هەرێمانەی هەســـت بە مافخوران دەکەن .لەم ســـیســـتەمە دەســـەڵات بە هەندێک ئیدارەو فەرمانگە دەدات کە لەجیات مەرکەز کاروبارەکان ببا بەرێوەو بریاری گونجاویان بۆ بدا .

ب/ لامەرکەزیی سیاسی ، ئەم جۆرە لامەرکەزیە دیارە بە ئەگەری بونی فرە نەتەوەیی یا فرە ئاینەوە هەرێمەکان دەسەڵاتی سیاسی وەردەگرن بۆ دەرکردنی هەندێک لە بریارە گرنگەکانی تایبەت بەو هەرێمە بەلام دەبێ لە چوارچێوەی دەو؛لەتی مەرکەزی دەرنەچێو لەگەڵ دەستورو بەرژەوەندیەکانی بێتەوە .

دووەم/ دەوڵەتی لێکدراو یا یەکگرتوو، لە ئەنجامی یەکگرتنێکی ئارەزو مەندانەی چەند دەوڵەتێک ئەم جۆرە دەوڵەتە دروست دەبێ ، شێوەی بەرێوەبردن و دەسەڵاتی دەوڵەتی مەرکەزی ودەوڵەتانی ئەندام بە پێی دەستور دیاری دەکرێ، ئەو دەزگایانەی ئەم دەوڵەتە پێک دەهێنن بریتین لە :

ئەنجومەنی نوێنەران ، ئەنجومەنی جێبەجێ کردن ، دادگای فیدرالی . لە هەندێک دەوڵەت ئەنجومەنی نوێنەران دوو ئەنجومەن دەبن؛ یەکەمیان بە شێوەی دەنگدان لە لایەن گەلەوە بەرێژەی دانیشتوان دێنە هەلبژاردن، ئەنجومەنی دوەمیش لە نوێنەری هەرێمە ئەندامەکان پێکدێت بە بێ رێژە واتە بۆ هەر هەرێمێک دەنگێک دەبێ وەکو ئەمریکا وسویسرا کە بە رێگەی هەلبژاردن دیاری دەکرێ بەلام لە ئەلمانیا ویەکیەتی سۆڤیەتی جاران بە شێوەی دامەزراندن دەبو .

سیستەمی بەرێوەبردنی دەوڵەت لە دەوڵەتی یەکگرتو، یا وەکو ئەمریکادەبێ کە سەرۆک کۆمار پۆست ودەسەڵاتی سەرۆک کۆمار وسەرۆک وەزیرانی دەبێ، یا وەکو ئەلمانیا کە راوێژکارێک دەسەڵاتی

هەردوکیان دەبێ واتە وەزیرەکان لە بەردەم سەرۆ بەرپرسیارن و دەسەڵاتی ئەوە دایان مەزرێنێ یا دوریان بخاتەوە .

شێوەی دیاری کردنی دەسەڵاتی دەوڵەتە(هەرێم) ئەندامەکان سێ جۆری هەیە :

١/ ئەو دەسەڵاتانەی دیاری دەکرێن هی دەوڵەتی(هەرێم) ئەندامە ئەوەی دەست نیشان نەکراون بۆ دەوڵەتی مەرکەز دەمێنێتەوە .

٢/ بە پێچەوانەی یەکەم ئەوانەی دیاری نەکراون بۆ دەوڵەتی(هەرێم)ی ئەندامە .

٣/ لەم حالەتەدا دەسەڵاتی هەریەک لە هەرێمی ئەندام و دەوڵەتی مەرکەزی دیاری دەکرێن . لە هەموو حالەتەکاندا سیاسەتی دەرەوەو بەرگری ودارایی لە دەسەست مەرکەزدا دەبێ ، جۆرەکانی ئەم یەکگرتنەش: یەکگرتنی کەسی ، واتە بۆ دوو دەوڵەت یەک سەرۆک دەبێ ودام ودەزگا وسیستەم ویاساکان دەستکاری ناکرێن. وەکو پادشای هانۆڤەر کە پادشای بەریتانیا وهانۆڤەر بو ، ئەم جۆرانەش ئەگەر بەردەوامی وگەشەسەندنی هەبێ دور نیە ببنە یەکگرتنەکی هەمیشەیی ئەگەرنا لەیەک هەڵدەوەشێنەوە. هەروەها یەکگرتنی گرێبەستی، ویەکگرتنی تایبەتی، کە لەم سەردەمەدا روداني کەمترە .

هەندێک یەکگرتنی تر هەن کە ناکرێ ناوی یەکگرتنی دەوڵەتیی لێ بنرێ چونکە حالەتی تایبەتین وەکو یەکگرتن بە ناوی کۆنگرەو یەکیەتی وکۆمکار

وکۆمەل، لەنمونەی  کۆمەنوێلثی بەریتانی ، کۆمکاری عەرەبی یا یەکیەتیی فەرەنسی هی دەوڵەتەکانی پشتی دەریای ناوەراست و یەکێتی ئەفریکی و.....، هەر چۆنێکی بێ رێککەوتن دەتوانێ برگەو شـــێوازو مەرجەکانی ئەم دەوڵەتانە دیار بکا کە لە رێگەی دەستور یا پەیماننامەیەک رێکدەخرێن.

## شێوەی دروست بونی دەوڵەتی لێکدراو:

دەوڵەتی لێکدراو بریتیە لە لێکدان یا کەگرتنەوەی دوو دەوڵەت یا زیاتر لە قەوارەی دەوڵەتێکدا کە بە یەکیەتی دەناسرێ ئەمەش بە چەند شێوازێک دەکرێ :

**یەکیەتیی کەسی ،**

ئەم جۆرە یەکگرتنە لە نێوان دوو یا سێ دەوڵەت ئەنجام دەدرێ کە هەریەکەیان لە ناوەوەو دەرەوە تایبەتمەندێتی ودەسەڵاتی خۆیان دەپارێزن ولەدەست نادەن تەنها ئەوەی دەکرێ و رو دەدا لە سەر ئاستی سەرۆک دەوڵەتەکانە، واتە لە ئەنجامی لەیەک نزیک بونەوەی سەرۆک یا پادشاکانەوە دەبێ، بەنەمانی سەرکردەی وڵاتەکان مانەوەی یەکیەتیەکە دەکەوێتە مەترسی ئەگەر هەلنەوەشێتەوە ، ئەمەش گەلێکجار لەئەنجامی خزمایەتی وژن و ژن لەیەکخواستنەوە رودەدا ، وەکو ئەو خزماتیەی لە نێوان پادشای بەریتانیا وهانۆڤەر رویدا لە ساڵەکانی ١٧١٤ هەروەها لە ئەنجامی هاوسەرگیری شازادی لیتوانیا لەگەل شازادەی پۆلۆنیا کە دواتر مندالەکەیان بو بە پادشای هەردوو دەوڵەت ، دیسان یەکیەتیی نێوان لۆکسەمبورگ وهۆلەندا ، لەسەر ئاستی رێککەوتن لە یەکگرتنی دوو دەوڵەت ئەمەش لە نێوان کۆماری پیرۆ و کۆلۆمبیاو فەنزویلا رویدا کە سیمۆن بۆلیڤار کرایە سەرۆک، بۆیە دەبینین ئەم

شێوازە یەکیەتیە هەندێک جار هەلدەوەشێنەوەو هەندێک جاریش دەبنە یەکیەتیەکی راستەقینە واتە بەم شێوازە تاسەر درێژەیان نابێ

ئەم جۆرە یەکیەتیە لەسەر ئاستی یەکگرتنی دام و دەزگا حکومیەکان ناکرێ هەروەکو لەسەرەوە ئاماژەمان پێیدا تەنها لە نێوان کەسەکانەوە دەبێ بۆیە گرەنتی وکانسی مانەوەی نیە.

**یەکیەتیی راستەقینەی دەوڵەتان :**

ئەمەش هەندێک جار لە ئەنجامی بەرەوپێش چونی یەکیەتیی تاکەکەسەوە یەکگرتنێکی راستەقینەی دوو یا زیاتری دەوڵەتان دروست دەبێ یا بەهۆی لەیەک نزیک بونەوەی بەرژەوەندیەکانیان دەبێ ، لەم یەکیەتیە دام ودەزگاکان یەک دەگرن وسیاسەتی دەرەوەیان یەکدەبێ دارایی وپاراستنی وڵات یەک دەگرن ئەوەی دەمێنێتەوە هەندێک یاساو بنەمای ناوەخۆی جیایان دەبێ کە هەریەکەیان لەگەل خواست وویستی هەرێمەکەی دەگونجێ نمونەی ئەمجۆرە یەکیەتیە وەکو یوکگرتنی هەردوو یەمەنی باکورو باشور ، هەروەها یەکگرتنی سوێدو نەرویژ لە ١٨١٥ تا ١٩٠٥ ، یەکگرتنی نەمساو هەنگاریا لە ١٨٦٧ تا ١٩١٨ ، یەکگرتنی دانیمارک وئەیسلەندا لە ١٩١٨ تا ١٩٥٤ .

## یەکیەتیی سەربەخۆ یا کۆنفیدرالی:

ئــەم جــۆرە یەکیەتیــە پێــی دەوتــرێ کۆنفــدرالی کــە بــە پێــی ڕێککەوتنێــک لــە نێــوان دوو یــا زیــاتر دەوڵەت بە ئــارەزوو مەنــدانە پێــک دەهێنــدرێ، دەزگــا یــا ئەنجــومەنێکی ســەرۆکایەتی سەرپەرشــتی هەرێــم یــا دەولەتەکــان دەکــا لە نــاوەوە یاســاو ڕێســای تــایبەتی خۆیــان دەبــێ ، بــە پێــی ئــەم ڕێککەوتنــە بریارەکــان بــە رەزامەنــدی نوێنــەرانی هــەمو لایــەک دەبــێ، دەنــا نابنــە بریــار هەردەوڵەتــەی دەبــێ دەســت لــە هەنــدێک دەســەڵات وئیمتیــازاتی خــۆی هــەڵگرێ لــە پێنــاو بــەهێزکردنی ئــەو دەســتەی سەرپەرشــتیارە، ئــەویش چەنــد دەزگایــەکی هاوبەشــی سیاســی وئیــداری ودارایــی لــە هەمولایــەک پێکــدەهێنێ بــۆ بــەڕێوە بردنــی دەوڵەت، لــە نــاوەوەش هەردەوڵەتــەو خــاوەنی سیاســەت و ڕێنمــای بــەڕێوەبردنی تایبــەتی خۆیــەتی واتــە کەســایەتیی ناوەوەیــان پــارێزراوە ، لــە روی پەیوەندیــەکانی دەرەوە هــەمو لایــەک بــۆی هەیــە نوێنەرایــەتی دبلۆماســیی خــۆی لــە دەرەوە هــەبێ بــە بــونی مــافی گرێبەســت ئەنجامــدان وپەیماننامــەی ئــابوریی تــر بــە مــەرجێک دژی پەیماننامــەی کۆنفیدرالیەکــە نــەبن ، هەرکاتــەی هــەر لایــەنێکیش هەســت بــە نائــارامی یــا

مـــافخوراوی خـــۆی بکـــا یـــا قـــازانجی داهـــاتوی خـــۆی لـــەم یەکگرتنــە نــەبینێ مــافی کشــانەوەی هەیــە .نــاکرێ وێنەیــەکی رون بـــە وردەکـــاریی ڕێنمـــاو دەســـتوریەوە بـــاس لـــەم بابەتـــە بەچەنـــد دێڕێـــک بکرێـــت چونکـــە چەنـــدین جـــۆر لـــە کۆنفیـــدرالیزم هەیـــە دیـــارە ئـــەم جیاوازیـــەش لـــە ئـــەنجامی دانوســـتانی نێـــوان قـــەوارەکان دێتـــە ئـــەنجام، ئـــەوان سەرپشــکن لــە هــەلبژاردنی یاســاو ڕێنماکــان کــە هــەموو لایــەک لەســـەری ڕێکدەکـــەون بـــەر لـــە ڕاگەیانـــدنی ڕێککەوتنەکـــە . لەم جــۆرە یەکیەتیانــە؛ یــەکگرتنی ١٣ ویلایــەتی ئــەمریکی لــە دوای ڕزگــار بونیــان لــە ژێــر دەســتی ئینگلیــز کــە بــو بــە کرۆکــی ئەو ولایەتە یەکگرتوەی ئەمریکای ئەمرۆ .

**دەوڵەتی یەکگرتوو یا فیدرالی :**

ئـەم جۆرە یـەکگرتوییـەش بـە چـەنـدین جۆر و شــێواز دێتـە ئەنجـام، یا ئەوەتا لە ئەنجامی نەبونی متمانە لە نێوان پێکهاتەکانی یەک دەوڵەت کار بەم سـیسـتەمە دەکرێت بۆئەوەی مافی کەمینە پارێزراو بێ و دەوڵەتیش بە یـەکگرتویی بمێنێتـەوە ، جـاری واش هـەیـە ئـەم جۆرە دەولـەتـە یـەکگرتوە بۆیە لە دایک دەبێ کە هەلبژاردەی پێکهاتەکە خۆیەتی واتە یا لە ئەنجام و بۆ مەبەســتی زیاتر لەیەک نزیکبونەوە دروســت دەبێ یا لەبەر مەترســی لەیەک هەلوەشـانەوە ئەو مافە بەو پێکهاتەیە دەدرێ کە هەسـت بە ماف

خوراوی دەکا ، لە حالەتی یەکەم دەوڵەتی مەرکەزی هەولی ئەوە دەدا دەســەڵاتی مەرکەز بەهێز بێ، بەلام لە حالەتی دووەم کە پێکهاتە کەمینەکە مەترسـی لە ماف خوران پەیدادەکا هەولی بەهێز کردنی دەســەڵاتی هەرێمە فیدرالیەکە دەدا بۆیە بەردەوام لە کێشــەو ململانێدا دەبن ، نمونەی ئەم جۆرە فیدرالیە زۆرن کە بە باشــترین شــێوازی حوکمڕانی و گرەنتیی مانەوەی یەکپارچەیی دەوڵەت دادەنرێ لەوانە ئەلمانیا، بەلژیک، سویسرا ، دیارە ئاستی دەسەڵات و شێوازی حوکمڕان و شێوەکانیشی بەدەستور دیاری دەکرێن کە لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تر جیاوازیی هەیە .

لە هەموو ئەو حالەتانەی دەوڵەتی لێکدراودا سـیسـتەمی پەرلەمانیان بە شــێوەیەک دەبێ کە لەگەل داخوازیەکانی گەلەکانیانەوە بێنەوە بۆیە دەبینین ســیســتەمی دوو ئەنجومەنی باشــترین و گونجاوترین شــێوەی نوێنەرایەتیی بەڕێوەبردنی حکومەتانن.

یۆنانیە کۆنەکان خاوەن کۆنترین شــارســتانیەت و دیموکراســین ، بە تێگەیشــتنی ئەوان لەو ســەردەمدا پیادە کردنی دیموکراســیەت کاتێک دەبێت کە میللەت خۆی حوکم لە خۆی بکات، بە شێوەیەکی راستەو خۆ و بە رێگەیەکی دەسەڵاتی سیاسیانە ، بەلام دیموکراسیەت بە مانای نوێ ئەوەیە کە میللەت چاوکی دەسەڵات بێ، رێگە بە چەند کەسانێک دەدات لەجیات ئەوان حوکمڕانی یان لێ بکەن ، لە ســەر ئەم بناغەیە و بەم

تێگەیشتنە سیستەمی نوێنەرایەتی کردن بو بە نمونە و سومبوڵی دیموکراسیەتی نوێ .

لە گەل گۆ رانکاریەکانی سیاسیی نوێدا گەڵێ جۆری دیموکراسیی نوێ هاتە کا کە لەو رێگەیەوە توانرا میللەت بەشداری لە حوکمڕانی بکات ئەویش لە رێگەی نوێنەرە کانیانەوە.

لە بەرئەوە ی باسەکەمان لەسەر شێوەی حوکمڕانیە نەک دیموکرسی بۆیە دەبێ بابەتی دیموکراسی بۆ نوسینێکی تر جێ بهێلم و رو لە شێوەی بەشداری کردنی خەلک لە حوکمڕانی بکەم لە رێگەی ئەنجومەنی نوێنەرانە وە یا پەرلەمان .

لە ئەنجامی گەشە کردنی مێژویی و بەرهەمهێناندا کۆمەلێک گۆڕانکاریی دۆخی سیاسی وکۆمەلایەتیی پێویست بە دامەزراندنی ئەنجومەنێک کرا کە نوێنەرایەتیی کۆمەلانی خەلک بکات، بۆ دەربڕینی ویست و بۆ چونەکانیان بەتایبەتیش ئەو گەلانەی لە چەندین چین وتوێژ پێک دەهاتن کە دورنیە خواستەکانیان لە هەندێک سوچدا دژ بە یەک بوبن ، کەواتە دروست بونی ئەنجومەنی نووێنەرایەتیەکان یا بەزەلالتر بلێین پەرلەمانەکان زەرورەتێکی روالەتی بون نەک دروست بونێکی ئەکادمیانە.

فەرهەنگ و فەلسەفەی دروستبونی ئەم بیرۆکەیە لە بەریتانیا بە فەرهەنگی ئەنگلۆ سکسۆنیی براگماتیکی دەناسرێت، هەروەها بە

فەرهەنگی چارەســەری پراکتیکی و مل ملانێ لەپێناو بەرژەوەندیەکان دەناسرێت.

گرتنە بەری ئەم رێچکەیە لە بەریتانیا بۆ چارەســەری گیروگرفتە کانیان بە باشــترین رێچکە دانرا بەتایبەتیش بۆ چارەســەرکردنی کێشــە دژە بەرژەوەندیەکانی نێوان مەلیک و بارۆنەکان ، ئەمانە کاتێک بون کە تەنیا بیر لە دامەزراندنی ئەنجومەنێک دەکرایەوە ، بەلام دوای دۆزینەوەی دونیای نوێ و دەســت پێکردنی راپەرینەکان لە ئەوروپا و گەشــە کردنی چینی بۆرژوا و دەولەمەندبونیان، بیرۆکەی ئەوە هاتە گۆرێ کە ئەم چینە دەبێ باجی زیادە (ئێکسترا) بدا، ئەوەبو مەلیکەکان داوای باجی ئێکسترایان بەســەردا ســەپاندن ، لە ئەنجامی یاخی بونیان بە نەدانی باجەکە لەســەر داوای ئەوان بەپێویســت زانرا ئەنجومەنێکی تایبەتی بۆ ئەم بابەتانە دروســت بکرێت، بەو هۆیەوە ئەنجومەنی نوێنەران کرا بە دوو ئەنجومەن (ئەنجومەنی گشــتی(عموم)، ئەنجومەنی لۆردات) لەوکاتەوە ســیســتەمی دووئەنجومەنی بو بە رێگە چارەیەک بۆ یەکلایی کردنەوەی داخوازیەکانی دژە بەرژەوەندی، یا فرە پێکهاتە .(لەگەل ئەوەشــدا تا ئەمرۆ پەرلەمانی بەریتانیا دەستورێکی نوسراوی نیە بۆ یە بە پەرلەمانی عورفی ناودەبردرێت نەک پەرلەمانی دەستوری) بە هەرحال.

هەمان شــێوە لە ئەمەریکا کاتێک وڵاتە یەکگرتوەکان دەســتورێکیان بۆ ١٣ وڵاتی کشتوکالی بە یەکسانی دانا ، دواتر بون بە ٥٠ وولایەت دیارە لە ئەنجامی زۆربونی ژمارەی وڵاتەکان ناکۆکیەکان ســەرهەلدەدەن، ناچار بیر

لـه دانـانـی دەســـــتـورێـکـی تـر کـرایـەوە دەســـــتـورێـک کـە مـاف و بـەرژەوەنـدیی وولایـەتـەکان بـە گشـــتی بپـارێزێ بێ ئـەوەی گوێ بـە رێژەی دانیشـــتوان بدرێت، وولایەتە پیشـــەســـازیەکانی باکور لەگەل بۆچونی مەرکەزدابون بەلام وولایەتە بچوکەکانی کشـــتوکالیی باشـــور لەگەلیا دژ بون ، تا شـــێوە چارەیەکی وا دۆزرایەوە کە دلنیاییەک بە ولایەتە بچوکە کان بدا ت بەوەی وڵاتە مەزنەکان بە هۆی زۆری رێژەی دانیشـــتوانیانەوە پێشێلی مافی وولایەتە بچوکەکان ناکەن .

لـەســــەر ئـەوە رێـک کـەوتن دوو ئـەنجـومـەن لـەنـاو یـەک ئـەنجـومـەنـدا کۆکـەنـەوە (ئـەنجـومـەنی نوێنـەران، ئـەنجـومـەنی پیران ) هـەردوکیـان لـەنـاو کۆنگرێس دا یەک بگرنەوە ،یەکیان بۆ نوێنەرایەتی لە سـەر بناغەی رێژەی دانیشـتوان بۆ سـەرجەم ولایەتە یەکگرتوەکان، ئەویتریان بۆ نوێنەرایەتی هەرێمەکان بە یەکسانی.

دواتر ئەم رێکارە چارەسـەریە بو بە سـیسـتەم ، لە زۆربەی وڵاتانی جیهان وبەتایبەتیش لە ئەوروپا پیادەکرا، کە ئێســـتا هە موو وڵاتانی ئەوروپا دو پـەرلـەمـانیـان هـەیـە گـەر زیـاتریـان نـەبێ،بـە تـایبـەتیش ئـەوانـەی پێکهـاتـەی دانیشـــتوانیان لە فرە نەتەوە و فرە زمان و فرە ئاین پێکهاتون هەروەک لە ئەمریکا و بەریتانیا هەیە لە هۆلەنداش ( ئێرســـتە کامر و تڤێدە کامر، واتە ؛ ژووری یەکەم و ژووری دووەم).

ئـەم دو ئـەنجـومـەنـە دەکرێ بـەنـاوی ئـەنجـومـەنی بـالا و ئـەنجـومـەنی نزم ناویان ببەین ، دیارە ئەم سیستەمەش بەتایبەتی بۆ ولایەتە یەکگرتوەکانی

دونیا  یا فیدرالیزمیەکان زەرور و پێویســـتە ،   ئەم شـــێوە وڵاتانەی کە لە چەندین هەرێم پێکهاتون لە روی روبەر و ژمارە و داهاتیشـەوە یەکسـان  و لـەیەکچو نین ، هـەر بۆیـەش دەبینین ئەگـەر ئەم جۆرە وڵاتـانـە  لـە ســـەر ســـیســـتـەمی یـەک ئـەنجومـەن برۆن ئـەویش لـە ســـەر بنـاغـەی رێژەی دانیشـتوان نوێنەرایەتی  لە ئەنجومەندا هەبێ، ئەوە گومان لەوە دانیە کە هەرێمەکانی لەروی ژمارەی دانیستوانەوە گەورەن هەرێمە بچوکەکان لوش دەدەن،  لـە بـەر ئـەم هۆکـارە دوئـەنجومـەنی بـە پـەســـنـد دەزانرێ کـە ئـەنجومـەنێـک لـە ســـەر بنـاغـەی رێژەی دانیشـــتوان نوێنـەرایـەتی بکـات ئەوی  تریان لە سەر پێوەر ی ژمارەی هەرێمەکان نوێنەرایەتی بکات بۆ هەر هەرێمێـک ژمـارەیەکی یەکســـان لە دەنـگ و پێگە هەبێـت، چونکە بۆ رێگەگرتن لە پێشـــێلکاری یەکێکیان ســـود لە ویتر وەردەگرێت  . بۆ دیاری کردنی دەســـەڵات وکارەکانیـان لـە رێگـەی دیالۆگ و لـە نێوان پێکهاتـەکانی گەل دیاری دەکرێت..

ئەوەی تا ئەمرۆ کاری پێکراوە ئەنجومەنی نزم کە نوێنەرایەتیی ســـەرجەم میللـەت دەکـات، لـە ســـەر بنـاغـەی رێژەی دانیشـــتوان کاری یاســـادانان دەکات،  ئەنجومەنەکەی تر واتە ئەنجومەنی بالا بۆ راوێژ یا پەسند کردنی بریارەکانی یاسادانانە.

ئەم ئەنجومەنە بە پێی ولات و نەتەوە لە ولاتێکەوە بۆ ولاتێـک نـاوی دەگۆڕدرێ  بەلام هەمـوویـان لە ژێر نـاوی پەرلەمـان دەنـاســـرێنەوە، لـە هۆڵەندا ( ژوری یەکەم و ژوری دووەم) ناودەبردرێت، روســـیا (ئەنجومەنی

دوما)، ئیسرائیل ( کەنیست) ، افگغنستان (لۆیا جرگا)، کوردستان(پەرلەمان) ، ئێراق(ئەنجومەنی نوێنەران) ،ئەمریکا ( کۆنگرێس) ،بەحرێن( ئەنجومەنی نیشتمانی)، ئەلمانیا (بوندسرات)، ئێران (ئەنجومەنی شورای ئیسلامی ئێرانی) ،ئوردن ( ئەنجومەنی نەتەوە)، میسرکە لەدوای ئوردن بە دووەم وڵاتی عەرەبی دادەنرێت ، خاوەنی دو پەرلەمانە بە ئەنجومەنی گەل و ئەوی تریان بە ئەنجومەنی شورا ناو دەبردرێت، دەسەڵاتەکەی تەنها بۆ راوێژ پێکردنە لەگەل پارستنی ئامانجەکانی شورشی ١٩٥٢،١٩٧١. لە ئوردن بە ئەنجومەنی ئەعیان ناودەبردرێت کە بۆ بون بە ئەندامێتیی ئەم ئەنجومەنەش چەند مەرجێکی تایبەتیان هەیە، ئەویش دە بێ ئەندامەکە ، کۆنە سەرەک وەزیر یا وەزیری ئێستا یا کۆن بو بێ، یا کۆنە ئەفسەری خانەنشین بێ کە پلەی لە فەرماندەی لیوا کەمتر نەبێ، یا ئەندامی پێشوی پەرلەمان بوبێ، کە بڕوای میللەتی بەدەست هێنابێ.

هەروەکو لەسەرەوە ئاماژەمان پێی کرد ئەم سیستەمە بەتایبەت بۆ دەوڵەتە تازە دروست بوەکان یا ئەوانەی تازە لە ژێر رکێفی دکتاتۆریەت رزگاریان بوە، سیستەمێکە ئەلتەرناتیفی نیە .

ئەم سیستەمەی دوو ئەنجومەنی بۆ باشوری کوردستان تا ئەو کاتەی لەگەڵ ئێراق بمێنینەوە پارێزبەندیەکی باشە بۆ رێگری لە بەشخوراویمان لە کاتی دەنگدان لەسەر هەر پرۆژەیەک کە لە بەرژەوەندی کورد بێ،

ئەگەر لەسەر ئاستی ئێراق ئەنجومەنێکی دووەمی هەرێمەکان بونی هەبێ مافەکان بە دڵنیاییەوە پارێزراوترن.

لەم روانگەیەوە من دەتوانم بۆچونەکانم پشت ئەستورکەم بە چەند خالێک:

١ -دوو ئەنجومەنی رێگە لەیەک ئەنجومەنی یاسادانان دەگرێت گەر بیەوێ لەرێگەی دەنگدانەوە مافی هەرێمێکی بچوک بخوات یا پێشێل کات .

٢- دابەش بوونی دەسەڵات لەنێوان هەردوو ئەنجومەندا زۆرداری یەک ئەنجومەنی لە ناو دەبات.

٣-دوو ئەنجومەنی ئاستی توانای ئەندامان بەرز تر دەکاتەوە، لەکاتێک ئەندامان لە یەک ئەنجومەنی لە رێگەی هەلبژاردن کورسیەکانیان وەدەست دێنن دوورنییە کەسانی بسپۆر و دلسۆز و شارەزا تواناکانیان لە جەماوەری سادە دیار و بەرچاو نەبێت، لە ئەنجامدا لەم هەلە بێ بەش دەبێن ، بەلام لە حالەتی بونی ئەنجومەنی دووەم دەکرێ لەو ئەنجومەن کەلک لە توانایان وەربگیرێت.

٤-لە دوو ئەنجومەنی، هەموو کەسێک نوێنەری دەبێت لە چەپەوە بۆ راست لە گەنجەوە تا ژن لە دەولەمەندەوە تا کرێکار و جوتیار و بسپۆر و زانا.

٥- له دوو ئەنجومەنی پەله له دارشتن و دەرکردنی یاسایەک ناکرێت خۆ ئەگەر شاشیەکیش بەسەر ئەنجومەنی یەکەمدا رەت بکا ، ئەوا ئەنجومەنی دووەم راستی دەکاتەوە.

٦-دەسەڵاتەکان لەلایەن ئەنجومەنێکەوە قۆرخ ناکرێت، بەلکو لە نێوان دوو ئەنجومەندا دابەش دەکرێت بەم شێوەیە نوێنەری زیاترین چین و توێژ لە راپەراندن و یاسادانان بەشداری دەکەن.

## جیۆپۆلیتیکا

جیوپۆلیتیکا یا سیاسەتی خاک یا بە سیاسەت کردنی خاک، مەبەست لە جیۆپۆلیتیکا هەروەکو ئاماژەمان پێیدا باسکردنی ئەو پەیوەندیانەیە کە سیاسەت بە خاکەوەی هەیە یا پاساو بۆ ئەو دیاردە سیاسیانە دێنێ کە پەیوەندیان بە خاکەوە هەیە . ئەم بابەتە وەکو یەکێک لە بەرچاوگرتنی مەرجەکانی دەوڵەت دەیبینین.

زەوی یا خاک ئەو پانتاییەیە کە مرۆڤ لەسەری دەژین بەرێوە بدرن ولە خۆگرتنی خاک لەلایەن دەوڵەتەوە پێی دەوترێ جیۆپۆلیتیکا واتە ئەوسیاسەتەی مامەلەی پێ لەگەل خاک دەکرێ لەلایەن دەوڵەتەوە ، بۆیە هەر دەوڵەت وسیستەمی حوکمڕانیەک جیۆپۆلیتیکای جیایە لەگەل دەوڵەت وسیستەمی حوکمڕانیەکی تر، لێرە باس لە دیدی چەند ولاطێک دەکەین لەسەر جیوپۆلۆتیکا بۆ ئاشنا بون لەگەل ئەم دەستەواژە وەکو چەمک ، وەکو ئامراز لە مەرجی دەوڵەت:

**جیۆپۆلیتیکای ئەلمانی**

--------------------

لە ئەلمانیا ئامۆژگایەک بەناوی ئامۆژگای میونخ بۆ جیوپۆلیتیکا دامەزرا مەبەســـت لەم ئامۆژگایە لێکۆلینەوە لە نەخشـــەی داهاتوی جیهان و بەرنامەکانی پێویست کاریان لەسەر بکرێ :

١/ هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی زەبەلاح بەپێی داخوازیەکانی (راتزل ) کە دەڵێ: پەیوەندی لە نێوان دەوڵەتی مەزن و روبەری مەزن هەیە . بۆچونی ئەو زانایە وابوو کە لە داهاتوو ئاماژەکان وا نیشـــان دەدەن کە دونیا لە چەند دەوڵەتێکی مەزن لە شێوەی ئەمریکای ئەمرۆ دروست بێ .

٢/ لە رێگەی دەســـتگرتن بەســـەر یەکیەتی ســـۆڤیەتدا بە رێگەی لەخۆگرتن و زال بوون بەســـەر ئیمپراتۆریەتی بەریتانی تا دورگەیەکی جیهانی دروست بکرێ .

٣/ دونیا بەســـەر چوار هەرێمی جیوســـتراتیژیدا دابەش بکرێ ، باکوریان تایبەت بی بە بەرهەمهێنانی پیشـــەســـازی وســـەروەری ، باشـــوریشـــیان بە بەرهەمهێنانی کەرەستەی خاو ، دەوڵەتەکانیش بەم شێوەیە بن :

ا/ ئەمریکای مەزن کە هەردوو ئەمریکای باکور وباشـــوور لە خۆ بگرێ بە سەرۆکایەتی ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا .

ب/ (ئۆرۆئەفریکا) هەموو ئەوروپا جگە لە یەکیەتی سـۆڤیەت ، هەموو ئەفریکا و وڵاتانی عەرەبی و تورکیا ، بە سەرۆکایەتی ئەڵمانیا بێ.

ج/ روسـیای مەزن ، زۆربەی یەکیەتی سـۆڤیەت جگە لە ئەوروپای رۆژهەلات وئیران وئەفغانسـتان وهیند لەخۆ بگرێ ، بە سـەرۆکایەتی روسیا.

د/ ئاسـیای رۆژهەلاتی مەزن ، ژاپۆن ورۆژهەلاتی یەکیەتی سـۆڤیەت وچین و خواروی ئاسیاو ئوسترالیا لەخۆ بگرێ ، بە سەرۆکایەتی ژاپۆن .

دەڵێ لە نێوان ئەم دەوڵەتانە، پانتایی سـەرسـنورەکان لە دانیشـتوان چۆل بکرێن ، بەلام بەرێوە بردنی ئەم جۆرە دەوڵەتانە ئەوەندە کارێکی ئاسان نیە ئەنجام بدرێ، ئەگەر پێشـێلی مافی چەندین نەتەوە نەکرێ بەتایبەت نەتەوە بچوکەکان ، ئەگەر ئەمە ئەنجام درا ئەوسـا دەوڵەتەکان بەشـی خۆیان بەرهەم دەهێنن و لە روی کشـتوکاڵی وپیشـەسـازی پێویسـتیان بە هاوکاری یەکتر دەبێ لە ئەنجام لە رووی سـەربازی و تەکنۆلۆژیا بەهێز و دەولەمەند دەبن، کێشەکانی نێوان دەوڵەتانیش ئەوسا بوونیان نابێ .

بە بۆچونی ئەم ئامۆژگایە جیۆپۆلیتیکا بریتیە لە :

١/ ئەو بیردۆزەیە کە بەدوای هێزی دەوڵەتدا دەگەرێ لەرووی خاکەوە.

٢/ ئەو زانستەیە کە لە رێکخراوە سیاسیەکان لە بواری خاک دەکۆڵێتەوە.

٣/ بیردۆزی گۆرانەکانی سیاسیە کە پەیوەندیان بە خاکەوە هەیە .

٤/ بنەمای زانســتیە کە کاری ســیاســی دەوڵەت خەباتی خاکی لە پێناودا دەکا .

ئـــەم بیـــردۆزە جیۆپۆلیتیکـــا یـــە ئـــەمرۆ پـــەرەی ســـەندوە و پەیوەنـــدیی بـــە چەنـــدین زانســـت وبـــواری تـــردا هەیە، واتـــە ســـنورەکانی سیاســـیی بەزانـــدوە و چۆتـــە بـــواری ئـــابوری و پێـــی دەوتـــرێ ئیکۆنۆمیـــک ، بـــواری ئـــەم زانســـتەش بریتیـــە لـــە بـــەردەوام بـــوون لـــە پەیوەنـــدیی جیـــوگرافی بـــە کـــاری ئابوریـــەوە ، بـــۆ نمونـــە هەنـــدێک ســـەوابتی جـــوگرافی هەن ، نـــەگۆرن هەرەچەنـــدی جیوگرافیـــای سیاســـی بگـــورێ ئـــەم ســـەوابتانە نـــاگۆردرێن ، بـــۆ نمونـــە : دەوڵەتـــی میســـر دەوڵەتێکـــە لـــە گـــەردونی عـــەرەبی و ئیســـلامی دەژیـــێ ، دەوڵەتـــی میســـر هەلکـــەوتی جیـــوگرافیی لـــە کـــەنالی ســـوێس و ســـەر دەریـــای ناوەراســـت و دەریـــای ســـور شـــتێکی نـــەگۆرو ســـابتە ، میســـر وەکـــو هەڵکـــەوتی لـــە وڵاتـــەکانی حـــەوزی نیـــل راســـتیەکی نـــەگۆرە ، بـــەڵام ئـــەو جیۆپۆلیتیکـــەی ســـەردەمی حـــوکمڕانی محمـــد علـــی پاشـــا لـــە گـــەل هـــی ســـەردەمی جـــەمال عبدالناســـر یـــا حوســـنی مبـــارەک جیـــا و بگـــۆر بـــوون ، ئەوەیـــە ئیکۆنۆمیـــک وجیۆپۆلیتیک لە هەر سەردەمەو جۆریک .

## جیۆپۆلیتیکای وڵاتان

----------------

چین بەنمونە ، هەلکەوتی چین وەکو ســـنوری جیوگرافیی کە کەوتۆتە ســەر ســنوری ١٤ دەوڵەت ، خاوەنی یەکەم دانیشــتوانی دونیایە لە روی ژمارەوە کە دەگاتە ١٣٠٠٠٠٠٠٠٠ ملیارێک وســێســەد ملیۆن کەس، بە روبەری ٩٥٦٠٩٤٨ کم چوار گۆشــە، بەمەش دەبێتە سـێیەم وڵاتی مەزن لە دونیا لەروی روبەرەوە .

چینیەکان کە ئەمرۆ زاوزێی ســنوردار کردوە، هەر خێزانێک بۆی هەیە تەنها یەک منداڵیان هەبێ، لەروی کۆمەڵایەتیەوە کۆمەڵگایەکی کۆنەپارێزن، هەرچەندە ئەم وڵاتە لە ساڵی ١٩٤٩ وە سەربەخۆ وەرگرتوەو حزبی کۆمۆنیستی لەم وڵاتە حوکمڕانی دەکا، بەلام مافی خاوەندارێتیی دورە لە ســیســتەمی خاوەندارێتیی یەکیەتی ســۆڤیەتی پێشــو کە هەردوکیان حکومەتی کۆمۆنیستی بون ، چینیەکان فرۆشتنی خاک بە یەکێک لە رێگە پێنەدراوەکان دەزانن، خاکیان لا پیرۆزە کەلە باب وباپیرانەوە بۆیان ماوەتەوە بۆیە فرۆشتنی لەسەر نیە.

لە روی بەرهەمهێنانەوە وڵاتێکی کشــتوکالی وپیشــەســازیە، بەرهەمەکانی چین هەموو دونیای داوەتە بەر خۆ تەنانەت بە ئەمریکاشەوە ، یەک بستی زەوی لەم وڵاتە نامێنێتەوە بێ چاندن، زەویەکان بە روباری دورو درێژ ئاودەدرێن.

جیۆپۆلیتیکای چینی گەلی، بریتی بو لە دەستگرتن بە بنەماکانی کۆنەپارێزو پیرۆز راگرتنی مێژوی وڵات و تێکەلاو نەبون بە دونیای دەوروبەر، هاوشـان لـەگەل بوژانـەوەی ئـابوری وبـەرهـەمهێنـانی پێویســـتیـەکانی بـازاری دونیـا ، چیاو شـــاخـەکانی پریەتی لە کانزاو کەرەســـتەی خاوی بەرهەمهێنان هەر ئەمەش وای کردوە لە مەحافلی دەولی قورسایی هەبێ .

بەر لە رزگار بونی ئەگەر کێشەی ئابوری وسیاسیی هەبوبێ بەلام لە دوای شۆڕشی ماو چین چوە قۆناغێکی ترەوە ، لەروی ئابوری کێشە نەما داهاتی تاک لە چێن بەرز بوەوە ، جگە لە هەندێک کێشـــەی خاک لەگەل هیندا هەیبو، کێشـەی تبت وتایوانیشی هەبو، هەروەها کێشـەی هۆنگ کۆنگیش هەبو بەڵام لە سـاڵی ۱۹۹۷/۰۷/۰۱ بە خسـتنەوەی سـەر چین چارەسـەر کرا، بەلام کێشـەی تریش وەکو سەرکوتکردنی ئۆپۆزۆسیۆن کە لە مەیدانی ســور ئەنجام درا لەگەل هاوکاری کردنی ئێران وپاکســـتان لە روی چەکی ئـەتۆمی ئـەمانـە لای ئـەمریکا ببونـە بنیشــتـەخۆشـــە هـەردەم دەهۆڵی بۆ لێـدەدا و ســــەرکردەی تبتیـەکـان کـە دەلایلامـا بو بۆ تورەکردنی چین وهەرەشـــە پێکردنی بەکاری دەهێنا، دەتوانین بلێین کە ئەمریکا لەم روەوە ســیـاســـەتی دەردی کورد دەیلێ ( وەکو بزنی هـەیـاســی لێکردوە ) . ئـەم ســیاســەتەی ئەمریکا دژی چین بوە هاندەر بۆ ئەوەی پشــت بە تواناکانی خۆی ببەســتێ ئەوەتا ئەمرۆ دونای بە ەمریکاوە لە ژێر هەرەشـــەی لۆبیی ئابوریی چیندا دەناڵێنێ. فشارو پەراوێز خستن و دابڕاندنی چین بۆ ئەمریکا ئامانجی نەپێکا، دیارە ئەم پێشوە چونەش بەم هۆکارانەوە هاتونەتە دی:

١/ بەهۆی میراتە راست و دروستە جێماوەکەی، کە سەرکردەی راستگۆ و سیاسیی باشیان لێ هەڵکەوت .

٢/پیادە کردنی سیستەمی سۆشیالیزم پەرەی بە ئاستی ئابوری وبەرهەمهێنان دا .

٣/ ( دیاسپۆرا) کە بەو ئاوارانەیان دەوت کە لە دەرەوەی وڵات دەژیان و دواتر گەرانەوە، ئەوانە رۆڵی باشیان هەبوو لە بوژاندنەوە و پەرە پێدانی ئاستی زانستی وڵات ،بەهۆی هێنانەوەی ئەو سەرمایە و زانستەی لە دەرەوە پەیدایان کردبوو.

٤/کار کردن بە سیستەمی لامەرکەزی لە شارەکانی کەنارو دورە پایتەخت، کە بوە هۆکاری پشتبەستن بەخۆوە و زیاد کردنی سەرمایەی وڵات .

٥/بوونی یەک حزبی بەهێز لە سەرتاسەری وڵات .

ئەم هۆکارانە بوون چینیان گەیاندە ئاست یەکێک لە پێنج وڵاتە مەزنەکەی دونیا، بەرهەمەکانی دونیایان داگیر کرد هەر ئەو پێشکەوتنەی بوو وای لە کلینتۆن کرد لە ساڵی ١٩٩٨ سەردانی چین بکا و گەمارۆی جیهانیی لەسەر لابەرێ، لەو سەردانەیدا کلینتۆن وەکو سەرۆکی ئەمریکا دان بە مەزنی چیندا دەنێ، وەکو سەرکردەیەکی دونیای دەناسێ کە سیستەمی نوێی ئێستای دونیا دەبا بەرێوە وتی:

ئەمرۆ رۆژێکی نوێ لە چین دادێ ، دەرفەتی باشـــمان لەبەر دەمە کە بە یەکەوە لەگەڵ چین هاوکاری یەکتر بین .

نمونەیەکی تر وڵاتی هیندە ، هیند وەکو دووەم دەوڵەتی دونیا لە رووی دانیشـتوانەوە، وێرای گەرم وگوری چالاکی سـیاسـی وئاینی ، لەم دواییانە ناوە ناوە گێچەل بە دراوسێکانی دەکا .

هیند دەوڵەتێکی دابراو بووە، بەرهەمەکانی بەشی خۆی کردوە تا ئەوکاتەی بە ئیسـلامەتی ئاشـنا دەبن، هەندێک لە دۆخی دابراویان دەگۆردرێ، دواتر کـاتێـک لـە لایـەن ئینگلیزەوە داگیر دەکرێن بـەهۆی راگواســتنیـان بۆ شوێنەکانی تر تێکەلاویەکیان بە دونیای دەرەوە دەبێ .

پێکهاتەی کۆمەلایەتیی کۆمەڵگای هیندی لە چوار چین پێکهاتوە :

ا/ چینی براهما، لە پیاوەکانی ئاینی وزاناکان پێکهاتون .

ب/ ویشیار چینی بازرگان و پیشەوەرەکان بو .

ج/ کشتاری، سەربازەکان بون .

د/ سوداری، ئەمەش چینی ماوەی گشت کۆمەڵ بو .

دەوڵەتی هندی لە چەندین نەتەوەو ئاین پێکهاتبو، کاتێک ئینگلیز دێنە ئەوێ دەبینێ موسلمانەکان کاربەدەست وخاوەن بریاری سیاسین بۆیە کار بۆ پەراوێزیان دەکەن ، بەهۆیەوە موسلمانەکان شۆرش هەلدەگیرسێنن بە سەرۆکایەتی محمد ئیقبال .

لـە ١٩٤٧/٠٨/١٥ ئـەم نیمچـە کشـــوەرەی هینـدی دابـەش دەکرێ بۆ دەوڵەتی هندۆکی کە زۆربەی خاک ودانیشـتوانی هیندی بەرکەوت، لە روی ئابوریشـەوە دەولەمەند بو لە هەردوو سـوچەکەی سـەرەوەشی لە رۆژئاواو رۆژهەلاتەوە دەوڵەتی ئیسلامی دامەزرا ، بۆ یەکلایی کردنەوەی ناسنامەی دەوڵەتەکان سـەرژمێری ١٩٤١ کرایە پێوەر، بۆ وەرگرتنی رای دانیشـتوانەکە ئەوەی دەوڵەتی ئیسلامیی بویستبایە دەچوە لایەنی ئیسلامی ئەوەی هندیی بویسـتبایە دەچوە لایەنی هیندی ، دەوڵەتە نوێکەی ئیسـلامی پایتەختی بو بە کەراچی ، لەم میانە کێشـەی جامۆ کەشمیر مایەوە .

لە ١٩٧١ کێشـەیەکی تری ئاینی سـەری هەلدا کە بەهۆیەوە دەوڵەتێکی تر دروســـت دەبێ بەناوی بەنگلادیش ، بە پاکســـتانی رۆژهەلات دەناســـرا ، هەرچی کەشـــمیرە هەرێمەکەیان بو بەدوو بەشـــەوە کە تائەمرۆ کێشـــەی لەســـەرەو یەکلایی نەکراوەتـەوە ، پارچـەیـەکی بـەر پاکســـتان کـەوت و پارچەکەی تری لای هیند مایەوە .

هیند ئێســـتا لـە ٢٢ ولایـەت پێکهاتوە کـە مافی ئۆتۆنۆمیـان هـەیـە ، ئـەم ویلایـەتانـە هـەر ولایـەتـەی لـە پێکهاتـەکانی نـەتـەوایـەتی و ئاینیی تیایـە ، لـە سـەدەی پانزەهەم سـیخەکان پادشـانشـینێک بۆخۆیان دادەمەزرێنن بەلام کاتێک ئینگلیز هیند داگیر دەکا ئەم پادشـانشـینە دەروخێنێ ، بۆیە ئێسـتا دوبارە دەستیان داوەتە داخوازی نوێ کردنەوەی پادشانشینەکەیان .

هـەرچـەنـدە مـاوەی ســـەدەیـەک ئینگلیزەکان حوکمڕانی هینـدیـان دەکـرد بـەلام هـەر لـەســـەر ســـیســـتـەمی کۆکـردنـەوەی بـاج بـەردەوام بـون، ئـەو

سـیسـتـەمەی کە مەنگۆلیەکان لە کاتی داگیرکاریەکەیان بۆ هیند پیادەیان دەکرد، چونکە ئینگلیزەکان بایەخیان بە گوندەکان نەدەدا بۆ ئەوەی لە بواری شـارسـتانێتی پێشـوەچون بەخۆوە نەبینێ، تەنها شـارەکانی کەنار دەریا بایەخیان پێدەدرا، ئەمەش دیارە لەبەر ئەوە بوە کە ئەم شـارە بەندەریانە بۆ بازرگانی بەکار دەهێندران و سـودی مادیی بۆ ئەوان تێدابوە .

## جیوپۆلیتیکای ئەمریکا

هەرچی ئەمریکایە جیاوازە لەگەل وڵاتانی تر کە بەم شێوەی ئەمرۆ ئەمریکا لە پەنجا دەوڵەت پێکهاتوە دانیشتوانەکەی ٢٦٣ ملیۆن کەسن ، زۆرینەی رەهایان بە ئینگلیزی قسـە دەکەن ئەوانی تریش بە زمانی رەسـەنی خۆیان دەدوێن ، ئەم وڵاتە کە هزر وچالاکی وسـیناریۆو بەرنامەکانی لە تەونی جالجالۆکە دەچێ ئەوەندە پر بەرنامەی سـیخوری وکاری سـەربازی وجاسـۆسـیە ناکرێ لەم باسـە تایبەتیەدا بتوانین باس لە هەموو کونو کەلێنەکانی بکرێ، بەلام ئەوەی بۆ دیراسـەکەمان گرنگە جیۆپۆلیتیکای ئەمریکایە کە لەم روەو لە ١٩٢٢ لە بنتاگۆنەوە راپۆرتێک دزەی کردوە تیایدا هەندێک لە بەرنامەکانی ئەمریکا بۆ داهاتوی تیا بینراوەو دەسـت کەوتوە . لەم راپۆرتە کە بە چەند خالێک باس لە سـیاسـەتەکانی ئەمریکا

کراوه لە پەنای هەر خال ودێرێکدا دەیان پیلان وبەرنامەی لە پشـــتە، لە گرنگترین تێبینیەکانی ئەم راگەیاندنە :

**یەکەم** / بونی ســـەربازگەی ئەمریکی و ســـوپاکەی لە هەمو کونجەکانی دونیا بەگشتی و ناوچەی کەنداوی عەرەبی بەتایبەتی .

ئەم ناوچەیە کە بە پیت وبەرهەمترین ناوچەی دونیا دێتە ئەژمار لە روی نەوت وگازەوە ، بۆیە دەبینین بە بەردەوامی کەشتیگەلی سەربازیی ئەمریکی وفرۆکەکان وبنکەی ســـەربازیی لەم ناوچەیە بڵاو کردۆتەوە، بەم هۆیەوە هەردەم کێشـــەو گرفت لەو ناوچەیە تەواو نابن کە لە هەمویان ئەمریکا لێی بەرپرســیارەو بۆ تەواو کردنی بەرژەوەندیەکانی ئەم ناوچەیە جێ ناهێڵێ . ئەو کێشـانەی لەم دواییەدا لەو ناوچەیە رویان دا لە شـەڕی ئێران وئێراق تا شـەڕی کوێت وئێراق و کێشـەکانی نێوان میسـرو سـودان ونێوخۆییەکانی ســـودان وپارچەکردنی ونائارامی و ناســـەقامگیری ئارامی لە ســـۆمال وئەسـیوبیا و جیبۆتی و لوبنان و فەلەسـتین ئەمانەو چەندین کێشـەی تر کە لەو ناوچانە دروســـت بون هەمویان لە دەســـتکردی ســی ئای ئەیی( C.I.A) ئەمریکین وبە پارەو بەرنامەی ئەوان هەڵگیرســـاون . ئەمە ئەو ســیاســەتەیە کە ئەمریکا لەو ناوچەیە دەیگێڕێ بەناوی ئەمنی نەتەوایەتی ئەمریکاو بەرگری کردن لە مافی گەلان و دیموکراسیەت وئازادی رادەربڕین، بەلام لای هەموان رون و ئاشکرایە کە هەموی پیلان وبەرنامەی دارێژراوی

ئەمریکان بۆ درێژەدان بە بەرژەوەندیەکانی لەو ناوچەیەو لەسەر حسابی گەلان .

**دوەم** / رێگە نەدان بە زال بونی هیچ دەوڵەتێکی عەرەبی بەسەر ئیسرائیل لەروی چەکەوە، ئەم هەنگاوو بەرنامەی ئەمریکا بە رونی بەدی دەکێ کاتێک بە ئاشکرا رایدەگەیەنن ؛ پاراستنی ئاسایشی ئیسرائیل پاراستنی ئاسایشی ئەمریکایە، هیچ کام لە دەوڵەتە عەرەبیەکان رێگەی پێنادرێ ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی کەچی ئیسرائیل لە ساڵانی پەنجاوە خاوەنی چەکی ئەتۆمیەو کەس بۆی نیە رێگەی لێبگرەێ وپابەندی بریار ورێنمای نێودەوڵەتیی بکا ، ئەمەیە دوفاقیەکەی. پرۆژەی رۆژهەلاتی ناوینی مەزن کە بەرنامەیەکی گەرمی ئەمریکایە وسەرەتای دەستپێکردنی بەدیار کەوتوە ئەم پرۆژە تایبەتە بە پێداهاتنەوەی سنورەکان، بەتایبەتی هی دەوڵەتە عەرەبیەکان، ئەوەتا لە سودان دەستی پێکردو دەوڵەتانی تریش سیمای دەرکەوتوە، ئەم پێداهاتنەوە بەپێی بەرژەوەندیە هەنوکەییەکانی خۆی دەبێ ، کە هەندێک دەوڵەتی نوێ دروست دەبن وهەندێکیش دابەشی سەر دەوڵەتان دەکرێن .

**سێیەم** / بە خەتەر زانینی وەدەست هێنانی چەکی ئەتۆمی بۆ دەوڵەتێکی ئیسلامی ، لەم روەوە رێگە نادا هیچ دەوڵەتێکی ئیسلامی ببێتە خاوەنی ئەم چەکە تەنها پاکستان نەبێ ئەویش لەبەر ئەوەی نەخشەکانی ئەو جێبەجێ دەکا لەو ناوچەیە .

بەشـێکیتر لە سـیاسـەتی ئەمریکا خۆدزینەوە لە دوو جەنگی جیهانیدا تا ئەوکاتەی هەمویان ماندو دەبن ئەوسا بە هێزەوە بەشدار دەبێ بۆ جێبەجێ کردنی مەرامەکانی و خۆی کرد بـە کوێخـای کۆتـایی هێنـەری جـەنـگ ولـە دەستکەوتەکان بەشی شێری بۆخۆی برد .

لە رێگەی شـــەڕی ســـاردەوە کاتێک دونیا لە دوو جەمســـەری حوکمڕان پێکهـاتبو لـەم رێگـایـەوە جـەمســـەری رۆژهـەلاتی روخـانـد وخۆی کرد بـە پۆلیســی دونیا ســـەرتاســـەر ، ئەمریکا بۆ هەر ناوچەو هەرێم ودەوڵەتێک جیۆپۆلیتیکایەکی تـایبـەتیی هـەیـە کـە هـەمویـان لـە خزمـەت فراوانخوازی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکادان ، هەر بۆیە دەبینین لە پێنا وئاســـانکاری بۆ پیادە کردنی سیاسەتەکانی لە چەند کەنالێک کار دەکا :

١/ پشـــت بە ئیســـرائیل دەبەســـتێ لە ناوچەکە وەکو بریکارێکی شـــەرعیی خۆی .

٢/ گـەمـارۆی ئـەو دەوڵـەتـانـە دەدا کـە دژی بـەرژەوەنـدیـەکانی کاردەکـەن وپەیوەندیی نا دروست گرێ دەدەن .

٣/ تـا رادەیـەک رێگـە بـە نـانـەوەی گێچـەل وئـاژاوە دەدا بۆئـەوەی ببێتـە پاســاوی دەســتێوەردانەکانی لەو دەوڵەت وناوچانە، وەکو دروســت کردنی ســـــەدام حوســـێن وبن لادن و بەغـدادی و هیتریش بەرپۆوەن، رێگـەی ئەوانەوە کێشـەی لە ناوچەکە دروست کردو بەبیانوی ئەوانەوە شەرعیەتی بە داگیرکردن و دەستێوەردانی رژێمەکان ودەوڵەتەکان دا .

٤/ ڕێگەدان بە هەندێک لە دەوڵەتە کرێگرتەکانی خۆی وەکو تورکیاو ئیسرائیل کە کێشە بۆ دراوسێکان بنێنەوە .

٥/ دروست کردنی دۆخێکی نوێی ئابوری کە لەگەڵ سیاسەت وبەرژەوەندی ئابوریی خۆی بێتەوە .

**چوارەم** / ئەو دەوڵەتانەی دژی ئەو یاخی بون وراپەڕین دەرسێکی ئەوتۆی دانێ کە ببنە پەند بۆ ئەوانی تر .

**پێنجەم** / داخستنی کارگەکانی دروست کردنی چەکی ناوەکی لەو دەوڵەتانەی پێشتر سەر بە یەکیەتی سۆڤیەت بون ، ئەمەش بۆئەوەی تەنها خۆی وپاوەرەکانی خاوەنی ئەم چەکە بن .

**شەشەم** / نواندنی سیاسەتی دەرەوەی لەسەر بنەمای فراوانخوازی .

**حەوتەم** / ڕێگە نەدان بە هەڵگیرساندنی هیچ جۆرە شۆرشێک لەو دەوڵەتانەی ئەلقە لەگوێو کرێگرتەی خۆیەتی وەکو تورکیا .

**هەشتەم** /ئاماژە دان بەو دەوڵەتە دۆستانەی خۆی کە هیچ کاتێک زاتی ئەوە نەکەن سنور ببەزێنن و هەوڵی خۆ بەهێزکردن کەن بە شێوەیەک لە ئەمریکا بەهێز تر بن .

ئەمە بەشێک بو لە سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر بە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵات وهەندێک لە دەوڵەتانی تر بەلام دیارە کە ئەم ئاستەی ئەمرۆ ئەمریکا پێی گەیشتوە لە ئەنجامی پیادەکردنی ئەم جۆرە سیاسەتە ڕەگەزپەرستی

وبەرژەوەندی پەرستی و دیکتاتۆریانە بوە، سیاسەتێک کە خۆیان دەڵێن سیاسەتی دیبلۆماسی وراوێژ ودیالۆگ ، بەلام هەروەکو لەسەر زمانی وەزیری دەرەوەی کاتی خۆی ( مادلین ئۆلبراین) هات دەڵێ ئێمە سیاسەتێک پیادە دەکەی کە پێی دەوترێ ( السیاسە المدعومە بالقوە ) واتە سیاسەتێک بە پاڵپشتی هێز .

هەندێک هۆکاری دیار ونادیار هەن بۆ ئەم خۆبەزل زانینەی ئەمریکا کە دەکرێ بلێین :

ا/ ئەو بارو دۆخە مێژویی وکۆمەلایەتیەی کە ئەمریکا پێی دروست بوەو پێیدا تێپەریوە . کە خۆی لە دروست بونی ئەمریکا لە سەر دەستی کۆچبەران ولە حالەتێکدا کە کەس لە دانیشتوانی ئەمریکا خۆی بە غەریب وپەناهەندە نازانێ بەڵکو هەمویان وەکو یەک خاوەن ماڵن چونکە دانیشتوانە رەسەنەکە بە درێژایی زەمەن تیا چون وکۆچبەرەکان بونە خاوەنی رەسەن.

ب/ وەکو خاوەنی توانایەکی مادی ومرۆیی زۆر ، بە دەوڵەتێکی دەولەمەند و بەتوانا دێتە ئەژمار .

ج/ لە ئەنجامی روخانی چەندین دەوڵەت لە جەنگی یەکەم ودوەمێ جیهان ومانەوەی ئەمریکا وەکو دەوڵەتێکی بەهێز ولەسەر پێ ئەم مافە بە خۆی دەدا بەم خۆبەزل زانبینە سەیری دەوڵەتان بکا .

لە کاتێکا بەناوی مافی گەلان لە چارەی خۆنوســین ودیموکراســی وئازادی رادەبرین مافی بەخۆی داوە دەست بخاتە نیو کارو باری دەوڵەتان .

لە ١٩١٨ کاتێک بەیاننامە ١٤ خالیەکەی ئەمریکا دەرچو دانی بە (مافی چارەی خۆنوســینی گەلان) دا بەلام دو فاقیی ئەمریکا لەوە بەدەر دەکەوێ کورد گەلێکی پارچە کراوی ناو تورکیابون بە پێی ئەو راگەیاندنە کورد مافی خۆی بو دەوڵەت دروست بکا، بەڵام لەبەر چاوەڕەشەکانی تورکیا ئەم مافە بە پارچەکردنی دەوڵەتی تورکیا دەناسێو ئەم مافە لە کورد زەوت دەکا، بەم شــێوە پشــتگیری لــە دەوڵەتی کــەمــالیســتی تورکیــا دەکـا گــەلی کورد بچەوسێنێتەوەو مافی قسەکردن بە زمانی زگماکیشی بە کورد نەبەخشێ .

ئەمریکا لـە ســـەرتای دروســـت بون و تـا ســـاڵەکانی دواییـنی ســـەدەی نۆزدەهەم وەکو دەوڵەتێکی دورە کێشــەو بێلایەن دەجولایەوە بەلام کاتێک لـە جـەنگی یەکـەمی جیهانی کۆمەلـەی نـەتـەوەکان دامـەزراو ئەمریکا وێرای ئەوەی خۆی هانـدەری دامەزراندنەکە بو بەلا نەبوە ئەندام و دورە پەرێز لە کێشـەکان وەسـتا، لە جەنگی دوەمی جیهانیش پەندی لەم دورە پەرێزیە وەرگرت وئـەم دوریـەی بـە زیـان بینی ، ئـەوەبو لـە دامـەزرانـدنی نـەتەوە یەکگرتوەکان هەموو قورســـایی خۆی خســـتە گەرو بو بە بەخێو کەری نەتەوە یەکگرتوەکان، هەر ئەم بۆچونەی بو کە دواتر دونیا لە کاتێکا بەر لە جەنگی دوەمی جیهانی بریتی بو لە پێنج تا شـەش جەمسـەر، دوای تەواو بونی جـەنـگ بو بـە دوو جـەمســـەر کـە یـەکێکیـان ئـەمریکا وئـەویتریـان یەکیەتی ســۆڤیەت، لە رێگەی شــەڕی ســاردو لە دوای تەواو بونی جەنگی

دوەمی جیهانی کاری لەسەر ئەوە کرد تا یەکیەتی سۆڤیەتی بۆ ١٥ دەوڵەت لەت کردو خۆی بو بە سەرلوتکەی دونیا .

یەکێک لە بنەما و مەرجی هاوکاریەکانی ئەمریکا بەپێی مادەی ٥١١ لە یاسای ئاسایشی ئەمریکی. ئەوەیە کە هاوکاری و یارمەتیەکانی ئەمریکا ئەو دەوڵەتانە بگرێتەوە کە پشتگیری ئاسایشی ئەمریکا دەکەن ، هەروەها بەو دەوڵەتانەش بدرێ کە پشتگیری سیاسەتەکانی ئەمریکا دەکەن .

ئەمە ئەو ئاستەیە کە ئەمریکا پێی گەیشتوە بەلام گەلێک لە زانا ولێکۆڵەرەوەکان دەڵێن دوارۆژی ئەمریکا توانەوەیە ، هۆکارەکەشی بۆ دوو هۆی کۆمەلایەتی وئابوری دەگێرنەوە :

١/ هۆکاری رەگەزی ، بەهۆی ئەوەی رێژەی دانیشتوانی ئەمریکا لە گۆرانێکی بەردەوام دایە ، پێشبینی دەکرێ لە چەند ساڵی داهاتو پێست رەشە ئاسیایی وئەفریکیەکان رێژەیان لە ئەوروپیەکان زیاتر بێ ئەوسا سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بە پێی رێژە دانیشتوانەکە دادەرێژرێ بەهۆیەوە ئەو سیاسەتە دژوار وداگیرکاری وپاوانکاریەی نامێنێ .

٢/ هۆکاری ئابوری ، بەهۆی ئە وپێشوەچونانەی تەکنەلۆژی وپیشەسازیی وڵاتانی ئاسیا وەکو ژاپۆن وچین ، واپێشبینی دەکرێ لەم روەوە چین و ژاپۆن سەر لە ئابوری ئەمریکا بستێنن ونێردەی ئەو دوو وڵاتە بگاتە ئاستێک کار بکاتە سەر دابەزینی ئاستی نێردەی ئەمریکاو ئاستی چۆنایەتی (کوالێتی)

بەرهەمەكانی كە دەبێتە هۆكاری دابەزینی ئاستی هێزی ئابوری ئەمریكا وئەو هێز وتوانا ئابوریەی نامێنێ كە بەهۆیەوە دەسەڵاتی بەسەر هەموو دەوڵەتاندا دەشكێ وسیاسەتی خۆیان بەسەردا دەسەپێنێ .

## هزری جیۆپۆلۆتیک

هزری جیۆپۆلیتیکا لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێک جیاوازیی هەیە، کاتێک قۆناغەکانیش لە گۆڕانی بەردەوامن دەبێ گۆڕانەکانیش بەردەوام بن:

**١/ قۆناغی کۆن**

لەم قۆناغە هزری پاراستنی خاک ودەستگرتن بە جیوگرافیاوە بەسەر هزری مرۆڤدا زاڵ بو، یەکەی جوگرافی لە ژێر فشارو هێرشەکانی پێکهاتەی کۆمەڵێک یا خێل یا دەوڵەت دابو بۆ دەستگرتن بەسەریدا ، بە مەرامی دورخستنەوەی مەترسیەکان لە قەوارەی جوگرافیای خۆیان و دراوسێکانیان وێرای چاوتێبرین لە حەزی بەرفراوان بون، لەو کاتەی یەکەم دەوڵەتی شار لە سەردەمی یۆنانەکان دروست بوە خاک وکیانی دەوڵەت پیرۆزمەندی هەبوەو، دەوڵەتە بەهێزەکان لە هەولی خستنەپالخۆی دەوڵەتە بچوکەکانیان دابونە .

بەر لە رۆمانەکان هۆزو تیرەکان لە هێرش وشالاوی بەردەوام دابونە، هەر ناوچەی روبەروی چەندین هێرشی نەتەوەکان بونەتەوە لە ناوچەی رۆژهەلات و ناوچە شاخاویەکان دەوڵەتی بەهێزی لێ دروست دەبێ، وەکو میدی و ئەخمینی وساسانی لە ئێران و لە تورکیاش حەیسیەکان ، ئەم دەوڵەتە مەزنانە دەوڵەتی بچوکیان بۆ پاراستنی خۆیان بەکار هێناوە . لە میسریش دوای ئەوەی فیرعەونەکان لە میسر بۆماوەیەکی زۆر حوکم

دەگێرن و دواتر یۆنانەکان وئەسکەندەری مەکەدۆنی وپاشان لە سەردەستی ئیسلام دەستی بەسەردا دەگیرێ.

ئەوەی یۆنانەکان پیادەیان کرد تەنها کارکردن بو بە ئەقل، هەر شتێ لە ئەقل وبیرکردنەوە بەدەر بوایە ئەمان کاریان پێی نەدەکردو لە خەیال وئەفسانە دور دەکەوتنەوە، هەر بۆیەش بونە خاوەنی مەزنترین شارستانێتی ودانەرو داهێنەری دیموکراسی وياسای دادوەری .

## ٢/ قۆناغی ناوەندی

دەرکەوتنی بنەماکانی رەوشتی مرۆڤ مەزنترین داهێنانی سەردەمی ناوەراست بو، هەر بەم هۆیەشەوە دەوڵەت لەسەر ئەو بنەمایە دامەزرا لە سەروی هەموو ئەو جۆرە دەوڵەتانە دەوڵەتی ئیسلامی، کە لەسەر دەستی محمد (د.خ) لە مەدینە دامەزرا، یاسای بەرێوە بردنی ئەو دەوڵەتە شەریعە وئایەتەکانی قورئانی پیرۆز بون، دادپەروەری ومافی مرۆڤ لەو سەردەم پیادە کرا خەلکی تا ئەوکات بەرانبەر بە یاسا یەکسان نەبون، هەمو کەسێک بۆی نەبو مافی شایەدی وقەرزو مافی دەنگدانی هەبێ ، بەلام ئاینی ئیسلام هەمو کەسێکی لەم روەوە یەکسان کرد .

ئاینی ئیسلام جیاوازیی لەگەل ئاینی کریستی لەروی بەرێوە بردنی دەسەڵات یەکخستنی دەسەڵاتی ئاینی بە دەسەڵاتی دەوڵەت وبەرێوە بردن هەبو، لە کاتێکا لە دێر زەمانەوە ئەو ناکۆکیە لە ئەوروپا هەبو بۆ جیا کردنەوەی دەسەڵاتی پادشا لە دەسەڵاتی پیاوە ئاینیەکان بەهۆیەوە

میلەت دو لەت دەبو هەندێکیان لایەنگری دەسەڵاتی ئاینیان دەکرد وئەوانی تر لایەنگری دەسەڵاتی پادشایەتی، دەسەڵاتی ئیسلامی سنوری ئەوروپاو ئاسیاو ئەفریکا وتەنانەت ئوسترالیاشی بەزاند، هەروەها لە روی دەسەڵاتی دەریایی سەردەمانێک عومان وڵاتانی کەنداو و میسر خاوەنی کەشتیی بەهێز ومەزن بون بۆ کاری بازرگانی وبەرگری کردنی سنورەکانیان بەکاریان دەهێنا، ئەم رۆڵە گرنگە تا ئەو کاتە مایەوە کە کەشتیوان وگەرۆکەکانی ئەروپی بە کەشتیە زەبەلاحەکانیان ئەم ناوچانەیان کۆنترۆل دەکر .

هەڵکەوتی جوگرافیی دەوڵەتانی ئیسلامی هەڵکەوتێکی ستراتیژوگرنگە، هەم لە روی بازرگانی وهەم لەروی ستراتیژی سەربازیی ناوچەکە .

### ٣/ قۆناغی نوێ:

قۆناغی نوێ ئەو کاتە دەستپێدەکا دوای ئەوەی گەرۆکە ئەوروپیەکان کە بۆ مەبەستی دۆزینەوەی کشوەرو وڵاتی نوێ بە دەوری دونیادا دەخولانەوە، لەم رێگەیەوە چەندین شوێنی نوێیان دۆزیەوەو کەرەستەی خاویان بۆ وڵاتەکانی خۆیان هێنا، بەهۆیەوە پێشوەچونێکی پیشەسازی لە ئەروپا رویداو بوە مایەی سەرهەڵدانی رێنیسانس لە ئەوروپا .

لە چەرخی رێنسانس ئەوروپیەکان بونە خاوەنی دەسەڵاتی زۆرو چاویان برِیە داگیرکاری ، ئیمپراتۆریەتی هۆلەندی وبەلژیکی و فەرەنسی وئینگلیزی

دامەزران ، لە هەوڵی فراوانخوازی دا بون . کاتێک جوتیاروخاوەن زەویەکان دەولەمەند دەبن، دەبونە سـەرمایەدار وئیتر چینێکی نەتەوە پەرسـت لە ئەوروپا سـەرهەڵدەدا، لە پێناو داخوازی مافی نەتەوایەتیدا چەندین نەتەوەی تر خاکیان لێداگیر دەکرێ ، پاش ئەوەی ناپۆلیۆن وڵاتێکی زۆر داگیردەکاو دواتر لە ئەلمانیا سـەرکردەیەکی تر سـەر هەلدەدا بەناوی بسـمارک ئەمیش وا رادەگەیەنێ کە لەلایەن یەزدانەوە راسـپێردراوە، بانگخوازی یەکخسـتنی گەلان و سـەرۆکایەتی ئەلمانیای دەکرد، بۆیە دەبینین لە ١٨١٣ دژی ناپۆلیۆن جەنگ رادەگەیەنێ ولە ئەنجام لە یەکخستنی ئەلمانیادا سەرکەوتن بەدەست دێنێ .

لە ١٩١٤ جەنگی یەکەمی جیهانی سـەر هەڵدەداو لەم جەنگە پێنج ئیمپراتۆریی ئەوروپی وئاسـیایی لەناو دەچن، خاکی ئەلمانیا لەت دەکرێ و دادەبردرێ، هەندێکی وەکو ئەلسـازو لۆرین لە قەرەبوی زیانەکانی فرەنسا دەدرێ بە فرەنسـاو هەندێک ناوچە دەدرێن بە پۆلۆنیا وهەندێکیش بە چیکوسـلۆڤاکیا ، لەئەنجامی ئەم خاک داگیرکردنە ئەلمانیا ئەم زولم وسـتەمەی پێ هەرس ناکرێ تا دوبارە لە رێگەی هیتلەرەوە ئەمجارەیان جەنگێکی تری جیهانی بەرپا دهکا ، لە ئەنجامی ئەم جەنگەش چەندین دەوڵەتی نوێ دروست دەبن وچەندینیش لەناو دەچن .

ئەمەیە کاتێک دەوترێ هەر سەردەم و هەر شوێنێک جوگرافیای سیاسی تایبەتی خۆی هەیە.

زاناكان بۆ ناساندنی جوگرافیای سیاسی هەریەكەو گوتەی خۆی كردوە ، كارل هۆسـهوفری ئەڵمانی كە پەیمانگای جیۆپۆلیتیكای لە ئەڵمانیا دامەزراند، بنەمای بیركردنەوەكانی فراوانخوازی وداگیركاری دەبێ ، دەڵێ دەبێ هەموو تواناكان لە خزمەت ئەڵمانیاو هیتلەردابن بۆ فراوانخوازی، كە ئەمەش تەنها بە هێز ئەنجام دەدرێ و بۆ پاساو هێنانیش دەبێ بە یاسا قالبڕێژ بكرێ .

بونزر لە ١٩٧٢ نمونەیەكی لە جوگرافیای سـیاسـی داناوە كە لە شـەش خال پێكهاتوە :

١/ تا چەند جوگرافیا لە نێوان دەوڵەت ونەتەوەدا گونجاوە . نمونە لەسـەر كورد دەهێنێتەوە كە لە دەوڵەتێكدایە لەهەمان رەگەزی خۆی لە دەوڵەتێكی تردا دەژین ئەمانە چۆن یەك رەگەز لە نێو قەوارەی چەند دەوڵەتێكدا دەژین ؟ ئایا ئەمە گونجاوە ؟

٢/ تواناوداهاتی دەوڵەت ، بۆ بژێوی دانیشتوان وتوانای بەرگری كردن لە هێرشەكانی دەرو دراوسێ .

٣/ یەكگرتویی كۆمەلایەتیی دانیشـتوانەكەی بەتایبەتی ئەو ناوچانەی لایەنگری دەسەڵاتدارەكانن .

٤/ پەیوەندیەكانی دەرەوەی دەوڵەت و پەیوەندیەكانی لەگەل دۆسـت ولایەنگرانی.

٥/ ئالو گۆری بازرگانیی نێو دەوڵەتیی دەوڵەت .

٦/ ئاراستەکانی نەتەوایەتیی دەوڵەت و مەیلی سیاسیی هاوڵاتیانی .

جوگرافیای سیاسی لای فالکنبرگ ئەوە دەگەیەنێ کە دیراسەتی دەوڵەتە لەسەر قەوارەی پێکهاتەی دەوڵەت ، واتە جوگرافیای دەوڵەتە لە روی سنورە هەمیشەییەکانی و هێزی گۆڕانکارییان .

لەسەر بنەمای ئەم گۆڕانکاری وبۆچونانەی سەرەوە هەندێک لە جوگرافیناسانی دونیا بە مەبەستی پەرەپێدان بەم بۆچون و بیردۆزانە هەندێک داهێنان وبیردۆزیان داناوە کە پشتی پێ دەبەستن، وەکو بنەمای تێگەیشتن لە جوگرافیای سیاسی ، ئەمەش بەشێکن لەو بیردۆزانە :

**یەکەم/ بیردۆزی هێزی دەریاو انی**

دوای ئەو پێشوەچونەی ئەوروپا بەخۆیەوە بینی پێویستیان بە دۆزینەوەی کانگای کەرەستەی خاو هەبو، لەگەل دۆزینەوەی بازاری نوێ بۆ سەرفکردنی بەرهەمەکانیان، لە هەمان کاتدا بە مەبەستی داگیرکاری وڵاتی نوێ ، بۆیە دەبینین دەوڵەتانی زەبەلاح لە رێگەی کەشتیە گەڕۆکەکانیان ، گەشتی دورو بێ ترس دەکەن بۆ دوو مەبەست:

یەکەمیان/ بۆ داگیرکردنی دەوڵەتانی نوێ .

دووەمیان/ بۆ دەست گرتن بەسەر دەریاو زەریاکان ، وێڕای دۆزینەوەی سەرچاوەی کانزاکان، ئەم هەڵمەتەیان بە پێچەوانەی هەڵمەتی داگیرکاری کۆن ومامناوەندی بو ، لە هەڵمەتی داگیرکاری کۆن ومامناوەندی دەوڵەتان هەولی داگیرکاری دەوڵەتانی دراوسێو نزیک بەخۆیان دەدا ئەمەش لەبەر

لاوازی هۆکارەکانی گواســتنەوەو دواکەوتویی میکانیکی گواســتنەوە ، لەم بوارە کەشــتیەکانی ئیســپانیا مافی داگیرکردن ودەســتگرتن بەســەر خێرو بێرەکانی ئەمریکای لاتین دا وهەمویان لوشــدا ، هەرچی ئینگلیزەکانە بەرەو زەریـای ئـارام ودەریـای ســپیی نـاوەراســت چون، بۆ کۆنترۆلکردنی ئـەو رێگەوبانەی بۆ هیندو وڵاتانی باشــوری رۆژهەلاتی ئاســیا دەچون، ئەویش بە دەوری خۆیەوە خێروبێری ئەم ناوچەیەی بۆ ماوەی زیاتر لە ســەدەیەک لۆشــدا ، بەم شــێوە ئەجندای هێزی دەریاوانی بو بە فاکتەری داگیرکاری وبەرنامەی وڵاتە بەهێزەکان بۆ دەســتگرتن بەســەر وڵاتاندا بێ گوێدانە دورو نزیکی ئەو ناوچانە، وادیارە ئەجنداکانیان راست دەرچو، خۆ ئەگەر ئەم دەوڵەتانە خاوەنی ئەم جۆرە کەشــتیگەلی مەزن نەبونایە بەم شــێوەیە نەدەبونە ئەم دەوڵەتە زەبەلاح ودەولەمەندو خاوەن کۆلۆنیای دورو نزیک.

بەریتانیا کە خاوەنی کەنارو هێزێکی مەزنی دەریاوانیە دەڵێ: چەند خاڵێک هـەن کار دەکـەنـە ســەر بـەهێز وبێهێزی دەوڵەتی خـاوەن کـەشــتیگـەلی دەریاوانی :

١/ هـەلکـەوتنی جوگرافیی دەوڵەت و چـەنـدایـەتی وچۆنـایـەتی ئـەو دەریایانەی دەکەونە سەر سنوری ، گرنگی ئەو دەریایانە .

٢/ شێوەی کەنارەکانی ، ئایا بەرزایین یا نزمای یا دەشتایی .

٣/ پشتی ئەو کەنارانە چیە لە روی جوگرافیەوە شاخە یا دەشتاییە .

٤/ درێژایی کەنارەکە .

٥/ تایبەتمەندێتی و هۆشیاری وئەقلیەتی دانیشتوانی کەنارەکە چۆنە .

٦/ سیاسەتی دەوڵەت بۆ بایەخدان بە دەریاو پەیوەندیەکانی .

کاتێک ئەم خالانە لەگەل ئەمریکا بەراورد پێدەکەیت دەبینین کە هاوشێوەی لە هەموو دونیا لە باشیدا، نیە، هەروەها بۆ ستراتیژیەتی سەربازی وسیاسیش کەم وێنەیە بەڵکو دەتوانین بڵێین بێ وێنەیە . لە دوو لاوە بە زەریا پارێزراوە، مەترسی هێرشی دەوڵەتانی لەسەر نیە ، بۆ بەروبومی کشتوکاڵی سودی لەم کەنار ودەریایانە وەرگرتوە، هەروەها بۆ بازرگانی و بەستنەوەی بە دونیا، دەریاکان شوێنی نێودەوڵەتین پێویست بە دانی باج ناکات . هەر بۆیە دەبینین کە ئەمریکا بەهۆیەوە دەسەڵاتی لە کاریبی وئەمریکای باشور وئاسیاو ئەفریکا دەشکێ . هەر بۆ ئەم مەبەستە ئالاسکای بە گومژەی حەوت ملیۆن دۆلار لە روسیا کری، بۆ ئەوەی لە سەرەوەی کەنەدا شوێن پێی هەبێ ودیسان لەبەردەمی روسیاش شوێنی هەبێ ، بۆ مسۆگەر کردنی رێگاو بانی زەریای هێمن دورگەی هاوای داگیرکرد لە ساڵی ١٨٩٣ . بەلام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە دەوڵەتانی خاوەن هێزی دەریاوانی بەسەر دەوڵەتانی تردا زال دەبن چونکە پەرە سەندنی چەکی ئاسمانی وئەتۆمی وهێزی دەریاوانی لەم روەوە دەتوانێ هاوکێشەکان بگۆرن .

**دووەم / بیردۆزی هێزی ووشکانی**

بـەگوێرەی ئـەو بیردۆزەی هـالفۆرد بـانگخوازیی بۆ دەکرد، کـە دونیـای وشکانی لە یەک لەسـەر سێی سـەرتاپای دونیا پێک هاتوە ، ئەم دونیایە کە بـە ئـاو دەوری دراوە پێی وتراوە دورگـەی دونیـا واتـە لـە هـەموو لایـەکـەوە دەوری بە ئاو دراوە هالفۆر ئەم دونیایەی بە گیانی مرۆڤ شـوبهاندوەو دلی ئەو دونیایەشـی کردۆتە ئەو ناوجەیەی دەکەوێتە نێوان روباری فەلجا لە رۆژهەلاتەوەو سیبیریا لە رۆژئاوایەوە و زەریای لوتکەی باکور تا گردۆلەکانی ئێران وئـەفغـانسـتـان لـە خـوارویـەوە ، لـە دوای جـەنگی یـەکـەمی جیهـانی ودروسـت بونی یـەکیـەتی سـۆڤیـەت ئـەم جـارەیـان نـاوچـەی ئـەوروپـای رۆژهەلاتی خسـتە سـەر دلی دورگەی دونیا بەم شـێوە تا لە جەنگی دوەمی جیهانی کتێک دوبارە سنورەکانی دونیا دەستکاری دەکرێنەوە ئەویش دوبارە دەسـتکاری بۆچونەکانی خۆی دەکاتەوە، پێشـتر ئەلمانیای بە شـایسـتەی سـەرۆکایەتی دونیا دەزانی، ئەمجارەیان دەڵێ ئەوەی ئەوروپای رۆژهەڵاتی لەبن دەسـتە ئەو دلی دونیای لەدەسـتە، ئەمە دوای ئەوەی ئەم ناوچەیە دەکەوێتە دەست یەکیەتی سۆڤیەت .

بەلام کۆمەڵێک رەخنە لەم بۆچونانەی هالفۆرد گیران کە بەهۆی گۆرانی هزر وبیرکردنەوە فاکتەری نوێ دەبنە کاریگەر لەسـەر گۆرانەکانی سـەر دونیا، بۆیە ئەم بۆچونانەی هالفۆرد بۆچون وبیردۆزی هەمیشـەیی نین وبۆ هەموو کاتێک بەکار نایەن .

فرجريف له پەرتوكەكەیدا دونیا دەكاتە دوو بەش، دونیای مەزن كە دونیا كۆنەكەیە ، دونیای بچوك ، دونیا نوێكەیە كە ئەمریكا یە ، دواتر دەگەرێتەوە بیابانی مەزن وعەرەبی دەكاتە بەشـــكراوی دونیای كۆن كە ئەوروپاو ئاســـیا بە دەولەمەندەكەی دادەنێ و ئەفریكای باشـــوریش بە هەژارەكە .

له هەموو بیردۆزەكاندا سەیر ئەوەیە بایەخ وگرنگیەكی زۆر بە هەلكەوتی روسیا دراوە كە لە راستیدا وا دەرنەچو، لە كاتێكا هیچ رۆلێک بۆ دونیای كۆن كە هیند و چین ومیسرە، دانانێن كە رۆلی گرنگیان هەبوە .

لـەم روەوە گـەلێـک كـەس بیردۆز وبۆچونیـانبوە هـەروەهـا نیكۆلاس سـبیكمانی ئەمریكی لە (١٨٩٣-١٩٤٣) رەخنەی لە بیردۆزەكەی ماكیندور گرتوە وتویەتی :

١/ تەنها روســیا بە دلی دونیا دابنرێ ئەمە لە بایەخی دونیا كەم دەكرێتەوە ، چونكە ئەم شـــوێنە زۆر ســـاردەو لە روی بەرهەم و بەروبومدا هەژارە، رێگاو بانەكانی كەم وخەراپن ، جگە لە ئوروپای رۆژئاوا هیچ شـــوێنێكی بەهێز نیە .

٢/دەریای ناوەراســت وەكو رێگایەكی دەریایی بۆ بەســتنەوەی دەوڵەتەكان كە گرنگی بەنداوی ســـوێس زیاد دەكا ولە رێگەی دەریای ســـور بە زەریای هێمن دەبەسترێتەوە.

له ئەنجامی هەلسەنگاندن وبیردۆزەکەی سگمانەوە بو کە ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە جەنگی دوەمی جیهانی بەشداریی کرد ، دەیوت دلی دونیا یەکیەتی سۆڤیەتە بۆ ئەوەی ئەو مەزندەو بۆچونە پوچەل بێتەوە ئەمریکا بەشداریی لە جەنگی دوەمی جیهانیدا کرد .

بۆیە وەکو تێبینی دەکرێ دوای تەواو بونی جەنگی دوەمی جیهانی ودەستپێکردنی شەڕی سارد یەکیەتی سۆڤیەت دەتوێتەوەو دلی دونیا بونی نامێنێ و ئەمریکا رۆلی سەرەکی لە سەرتاسەری دونیا دەگێرێ هەم لە روی ئابوری و هەم لەروی ستراتیژی سەربازی وسیاسی.

**سێیەم / بیردۆزی هێزی ئاسمانی**

رەنیر لە سالّی ١٩٤٤ دەلێ زەوی دوو دڵی هەیە یەکیان مەزنە لە روسیایە وئەویتریان هەرچەندە بچوک و نوێیە لە ئەمریکایە بەڵام بەهێزترە ، چونکە نزیک ترین رێگا لە نێوانیان زەریای هێمنە بۆیە لە رێگەی ئاسمانەوە دەتوانن بەیەک بگەن، دەلێ: ئەگەر دلە بچوکە نوێکە بۆی بکرێ بەسەر دلە مەزنەکەدا زالّ بێ ئەوا هەموو دونیای دەکەوێتە ژێر دەست . ئەمەش لە رێگەی کێبەرکێ و ململانێکانیان لە رێگەی ئاسمان و دۆزینەوەی ئەستێرەکانەوە دەکرێ .

له ١٩٥٠ فرۆكەوانی روسی ئەلكسەندەر دو سفرسكی له پەرتوكەكەیدا بەناوی ( هێزە ئاســمانیەكان كلیلی مانەوەیە)  لەم پەرتوكەیدا لەروی ئاسمانیەوە دونیای دابەشی دوو بەش كردوە :

١/ یەكیەتی  سۆڤیەت كە سەروەری ئاسمانی لە خوارووی ئیسپانیاوە تا بیابانەكانی ئەفریكا دەروا .

٢/ ولایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا،  ئەمریكای باشــور بە عەمباری خۆی دەزانێ  هەروەها بە بازاری بەرهەمەكانی .

 لە نێوان ســەروەری ئەم دوو ئاســمانە هەندێک مەودای ئاســمانی دەمێنێتەوە كە ئەوروپیەكان خاوەنداریێتی دەكەن، هەر چەندە ئەم زانایە بە رەگەز روسیە بەلام ئامۆژگاری ئەمریكا دەكا كە لەروی هێزی ئاسمانیەوە خۆی بەهێزبكا ، تا بتوانێ ململانێی تەواو بكا وەكو ئەو شكستەی لە ڤیتنام خواردی دوبارە نەبێتەوە .

**چوارەم / بیردۆزی شەڕی ئەتۆم و ئەستێرەكان**

 بەكورتی ئەمە مەترسیدار ترین ئەو روبەرو بونەوەیە كە توشی مرۆڤایەتی دێت، ئەم پرۆســەیە بریتیە لە تەقاندنی رۆكێتی كشــوەربڕ كە هەڵگری چەندین ســەرە ئەتۆمە، هاویشــتنی دەبێتە هۆی لە ناو بردنی دەیان بگرە ســەدان شــارو گوند. ئەم چەكانە تەكلیفی پارەو ســامانێكی زۆر دەكا ، بەفیرۆدانی داراییەكی زۆرە لە خەزنەی دەوڵەت وگەل، ئەوەی لەم بوارە

خەرج دەکرێ زۆر لەو خەرجیانە زیاترە کە لە بۆمبەکانی هیدرۆجین و بەرنامەکانی داگیر کردنی ئەستێرەکان خەرجدەکرێ، دیسان هەلگرتنی ئەم جۆرە بۆمب ورۆکێتانە لە ئاسمان بۆ ئامادە باشی و رێگرتن لە رۆکێتە ئەتۆمیەکان ئەمەش تەکلیفی خەرجیەکی زۆر دەکا کە هەموی بە رێگەی ئەلکتۆنا ئامێری پێشکەوتو بەرێوە دەچێ. بەراستی ئەمە شێتیە جۆرێکە لەو شێتیەی چۆن کۆنترۆلی زەوی دەکەیت وبەسەر سەرتاپای زەویدا زال دەبی ؟.

لە پێناو رێگە گرتن لە رونەدانی کارەساتی لەم جۆرە چەندی رێگە گیراونەتە بەر بۆ نمونە . کۆنگرەی نێودەوڵەتی ، دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتوەکان ، بەستنی چەندین پەیماننامەی نیو دەوڵەتی لە نێوان چەند دەوڵەتێک ، کۆنگرەی مافی مرۆڤ لە ڤینا لە ١٩٩٣ و کۆنگرەی سێیەمی دانیشتوان لە قاهیرە لە ١٩٩٤ و کۆنگرەی کۆمەلایەتی لە کۆپنهاگن لە ١٩٩٥ و کۆنگرەیی چوارەمی ژنان لە پەکین لە ١٩٩٥ و کۆنگرەی قۆرخ کردنی چەکی ئەتۆمی لە ١٩٩٥ و کۆنگرەی قەدەغەکردنی مین لە ١٩٩٩ کۆنگرەی نیشتەجێکانی ئادەمیزادی لە ئەستەنبۆل لە ١٩٩٦ و کۆنگرەی تیرۆر لە شەرمشێخ لە ١٩٩٦ و چەندین رێگەو هەنگاوی ترکە تا ئەمرۆ هەوڵ و دان وستانەکان بەردەوامن بە تایبەتی لە نێوان ئەمریکاو کۆریا و کۆمەلگای نێو نەتەوەیی وئێران و روسیاو ئەو دەوڵەتانەی لە هەولی وەدەست هێنانی ئەم چەکە کۆکوژیەدان .

ئەمە ئەو پێشــوەچونەی بواری تەکنەلۆژیاو باجەکانیەتی کە ئەمرۆ کۆمەلگای مەدەنی دەیداو بەدەســتیەوە دەینالێنێ، بەلام داهاتوو نازانین بە چی دەگەین کە لە کاتێکا زانا وبســپۆران بە بەردەوامی لە لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی بەردەوامن بۆ وەدەســـت هێنان وداهێنانی ئامێر وئامراز وتەکنەلۆژیای پێشــکەوتوو لە پێناو هەرچی زیاترە خزمەتی کۆمەڵگا بکرێ کەچی لە سەرەکەی ترەوەو لەم رێگایەوە چەک ومالوێرانیی تر دەدۆزرێنەوە کە لەجیات ئومێد وهەسانەوە بە خەلک ببەخشن نائومێدی ومەترسی و هەرەشەکانی سەرژیان زیاد دەبن .

## شوێنی کەمە نەتەو ایەتیەکان لە ناو دەوڵەتەکاندا

ئەو نەتەوانەی بەهۆی هاوکێشـەکانەوە نەیانتوانیوە دەوڵەتی سـەربەخۆ پێک بهێنن ئەو وڵاتانەی بەسەریاندا دابەش کراون ئەوەمان بۆ دەسەلمێنن کا تا ئەوکاتەی چارەسەریەکی دادپەروەرانەو یەکسانانە نەدۆزرابێتەوە ئەوا ئەو دەوڵەتە نەهەساوەتەوە، لەتەک ئەویشا چەوسانەوەو ماف زەوتکردن بەردەوام بوە، بۆیە دەبینین دوای چەند ســاڵێک و دوای تاقیکردنەوەی هەمو رێگە چارەکان لە دواییدا گەراونەتەوە ســەر بنەماکانی راگەیاندنە بەناوبانگەکەی ســەرۆکی ئەمریکا(ودرۆ ویلســۆن) لە ٨ی کانونی دووەمی ســاڵی ١٩١٨کە بە ١٤ بنەماکە ناســرا کە تیایدا مافی چارەی خۆنوســینی گـەلانی بـە رەوا نـاســـانـد، هـەرچـەنـدە دوای ئـەوە دەوڵەتـان بـە پێی بەرژەوەندیەکانی خۆیان ئەم بریارەیان جێبەجێ کرد کە بۆ هەندێک گەل بو بە چارەســەرو گەیشــتن بە مافی رەوای خۆیان بۆ هەندێکی تریش بو بە نەهامەتی ئەمە دیارە دووفاقی لێکدەدرایەوە نمونەی ئەوروپا وەرگرینکە دەبینین ئەوروپا وەکو باقی کشـــوەرەکانی تر چۆن لە بونی وڵاتی فرەنەتەوە بێ بـەش نیـە ، ئـاوەهـاش لـە کێشـــەی نـەتـەوە بچوکـەکـان یـا کـەمـە نەتەوەکانیش بێ بەش نیە ، بەلام ئەوەی بۆ ئەم چەمکە رۆژ هەلات ورۆژ ئاوا لەیەک جیا دەکاتەوە کۆمەلێک هۆکاری سەرهەلدانی کێشەو شێوەی ماف زەوت کردن و ئامرازی چارەسەر یە کانن .

ئاســتی پێشــکەوتنی ئەوروپا لەگەل ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراســت و ئەفریکا بەراورد بکەین، گومان لە ئاســتی پێشــکەوتن ودواکەوتنی ئێمە یا ئەوان نامێنێ ، چ لە بواری ئابوری ، تەکنەلۆژی، زانســتی بەرێوەبردن و دادپەروەریی کۆمەلایەتی .

دەبا بزانین نەتەوە بچوکەکانی ناو جوگرافیای نەتەوە مەزنەکان چۆن دەژین ؟

وێرای پێشــکەوتن وئازادیی رادەربرین ومافی مرۆڤ ، نەتوانراوە داخوازیەکانی نەتەوایەتیی ســەرتاســەری ئەوروپا چارەســەر بکرێت، چارەسەری بۆ هەمو کێشەکانی کۆمەلایەتی و ئابوری وسیاسیی کۆمەلگا ، بە بێ رەچاو و چارەســەریی کێشــەی نەتەوایەتیی ئەو ولاتە ،بە چارەسەریی بنەرەتیی ئەو کۆمەلگایە نایەتە ئەژمار .

پاســاوی ســیاســەتمەداران بۆ لە گەل یەکتر نەگونجانی نەتەوەکان، دەگێرنەوە بۆ هۆکاری شــەرە ناوەخۆییەکان وشــەرە هەرێمیەکان، یا دەســت تێوەردانی دەرەکیی ولاتانی دراوســێ ، دەبێ ئەم پاســاوانەیان لە شوێن خۆیان بن؟

لەم بارەیەوە بسپۆری ناسنامەی هەرێمایەتی وبزوتنەوە جوداخوازەکانی ئەوروپا (جان- ئیف کامۆ) لە ئامۆژگای پەیوەندیەکانی دەولی و ستراتیژی لە پاریس دەلێ:

ترســی ئەوەم هەیە دەســـت لەو پەیمانە (میســـاق) بدرێت کە دەڵێن دەســتکاری ســنورەکانی دوای جەنگی دوەمی جیهانی ناکرێت. من جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە ئەم دەستکاریە لە بەرژەوەندیی کەمە نەتەوەکان و مەزهەبیەکانە کە ماوەیەکە خەباتی بۆ دەکەن بۆ دوبارە دارشـــتنەوەی نەخشەی ئەوروپا .

بە دیدی جان ئیف کامۆ ســـەپاندنی زمانی ئینگلیزی لە ســـەرتاســـەری ئەوروپا بۆتە فاکتەری نەمانی شـــەرعیەت لە دام ودەزگا دیموکراســـیەکانی ئەوروپا ، هیچ وڵاتێک لە تاکە نەتەوە پێک نەهاتوە تا بکرێ تاکە زمان یا تاکە کەلتور بە زمانی ســـەرتاســـەری دابنرێت، بە دیدی ئەم دیســـان ئەمە هۆکارێکە بۆ کەم کردنەوەی رۆڵی نەتەوەکان کە ســـەرهەلدانی کێشـــە بەم هۆیەوە حەتمیەتی هەیە .

ئەگەر روپەری هەندێک لەم وڵاتانە هەلدەینەوە کە کێشـــەی کەمە نەتەوایەتیی تیا بەردەوامە دەبینین :

## بەلژیک

بروکسـڵ وەکو نمونـە، خۆی بـە پـایتـەختی ئـەوروپـا دەزانێ ، ئـەم وڵاتە خۆیان بە سـێ نەتەوەی جیا دەزانن، لەگەل ئەوەی لە ١٨٣٠ وەکو وڵاتێکی سـەربەخۆ خۆی لە هۆڵەندا جیاکردەوە ، ڕێژەی دانیشـتوانیان لە ٥٩% زمانی ئـاخـاوتنیـان هۆڵـەنـدیـە ، ئـەوان خۆیـان بـە فلامنکی دەزانن ، زمانی ئاخاوتنی دوەم زمانی فەرەنسیە کە لە ٤٠% دانیشتوانەکەی قسەی پێ دەکەن ئەمانیش پێیان دەوترێ (والونی) ئەوەی مایەوە بە زمانی ئەڵمانی دە ئاخڤن .

لـە مێژوی ئـەم وڵاتـە گـەلێک جـار کێشــە و گرفتیـان دروســت کردوە بۆئەوەی وڵات بەسەر دوو پارچەدا دابەش بکەن، بەشی فلامنکی و بەشی والۆنی . دیارە ئەم کێشــە و ململانێیەش هۆکاری خۆیان هەبوە ، ئەگەر بمانەوێ تیشــکێک بخـەینـە ســەر ئەم هۆکارانە دەبێ کەمێک بۆ دواوە بگـەڕێینـەوە بۆ ئـەو کاتـەی کـە بـەلژیک پایتـەختی بزاوی بـازرگانی وئـابوریی ئەوروپا دەبێ ، لەم وڵاتە ئەوکات پیشــەی ڕســتن وچنین ســەرنجی بزاوی بازرگانەکان بۆخۆی ڕادەکێشێ، کەمە نەتەوەی والۆنیش ئەوکات زۆربەیان بـەم پیشـــەوە خـەریک بون، بـەم هۆکارەوە دەســتیـان بـەســـەر چـاوک وشـادەماری وڵاتەوە گرتبو، لەم ڕێگەیەوە دەسـەڵاتی وڵاتیان قۆرخ کردبو، ئـەم قۆرخ کردنـەی ئـەوان ببوە مـایـەی پێشــێل کردنی مـافـە نـەتەوەی فلامەنکی ، لـەگـەل ئەوەی زۆرینـەش بون ، زمـانی خۆیـان لـە قوتـابخـانـە و دام و دەزگاکان کردبوە زمانی فـەرمیی وڵات ، زمـان وفـەرهـەنگی فلامنکیـە

کانیش پەراوێزکرابو ، ئەمە سەرچاوەی ململانێکە بو، بە درێژایی رۆژگار ئەمە توند تر و کارەکان بەرەو ململانێی زیاتر دەبەن .

بە هاتنی رۆژگاری نوێ دۆخەکە ئاوەژو دەبێتەوە بە وەی فلامنکیەکان لە ئەنجامی پر بایەخ بونی ناوچەکەیان، دە بنە شوێن هاتو چۆی بازرگانەکانی سەرجەم ئەوروپا ، تا وای لێهات ئەوان دەست بە بازار و دواتریش دەسەڵاتەوە دەگرن و هەمان هەلوێستی والونیەکان دەگرنە بەر لە هەولی پشتگوێ خستنیان .

## هۆڵەندا

ئەم وڵاتە بچوکە لەروی خاکەوە ، مەزن لەروی مێژو تێک هەلچون و روداودا، لە ســاڵی ١٤٧٧  خاکی ئەم وڵاتە و بەلژیک کەوتە دەســت خانەوادەی ئال هابسبۆرگ .

لە ساڵی ١٥٧٩ هەرسێ وڵاتی هۆڵەندا و بەلژیک و لۆکسەمبۆرگ لە ژێر ناوی زەویە نزمەکان یەکیان گرت ، کە وڵاتەکانی باکوری خانەوادەی هابسبۆرگ  لە ئیمپراتۆریەتی ئیسپانی پێک دەهێنا.

لەئەنجامی کۆمەلیک بەگژیەک دا چوندا  توانیان لە ١٦٤٨ سەربەخۆیی خۆیان لە یەکیەتی ئیسپانیا رابگەیەنن. پاش تەواو بونی شەڕەکانی ناپلیۆن ، بەهۆی جیاوازیی فەرهەنگی وزمانەوە ناکۆکی کەوتە نێوان هۆڵەندا و بەلژیکا تا کار گەیشــتە ئەوەی لە ١٨٣٠ بەلژیکا لە رێگەی خەباتی چر و پرەوە بتوانێ ســەربەخۆیی خۆی لە زەویە نزمەکان رابگەیەنێ ، دوای کشانەوەی بەلژیک لەم یەککگرتنە دیارە لۆکسەمبورگیش هەمان هەنگاو دەنێ ، ئەو هۆڵەندایەی ئێســتا ماوەتەوە لە ئەنجامی نەگونجانی نەتەوە جیاجیاکان لەگەل یەکتر ئاوای بەســەر هات ئێســتاکەش دانیشــتوانی باکوری ئەم وڵاتە کە بە فریزلاند دەناسرێت خاوەن زمان وکەلتوری جیای خۆیانن هەمان ئارەزو مەندایەتیی جوداخوازیان هەیە بۆ ئەوەی ئەوانیش بە مافی زمان وکەلتوری تایبەتیی خۆیان شادبن بەلام بەهۆی ئەو ئازادی و یەکسانیەی لە ولات پیادە دەکرێ ئەم هەستە کاڵ بۆتەوە

**بەریتانیا**

ئەوڵاتەی پێی دەوترێ رۆژ لە مومتەلەکاتی ئاوا نابێ ، لە هەرێمێکی ئەم وڵاتە بە ناوی ئیرلەندای باکور تا ئەمرۆ کاری توندو تیژی لە پێناو مافە نەتەوایەتیەکان بەردەوامە، بونی کاری توندو تیژی لە نێوان نەتەوەکاندا نیشانەی پێشێل کارین، هەروەها کاتی خۆی لە ئیرلەندا چەوسانەوەی زۆر بەرانبەر بە گەلی ئیرلەندی ئەنجام دراوە لەسەر دەستی ئینگلیزەکان، لە قوتابخانەکان رێگە بە قوتابیانی ولش نەدەدرا لە ویلز بە زمانی خۆیان لەگەل یەکتر بدوێن ، چونکە بە زۆر زمانی ئینگلیزی کرابوە زمانی فەرمی وڵاتی بەریتانیا. ئەو کات ئەو خوێندکارەی بە نادەستیش ووشەیەکی جگە لە زمانی ئینگیزی لە دەم دەرچوبا، سزاکەی دەبوایە بۆردێک(تابلۆ) لە ملکات بەناو حەوشی قوتابخانەکەدا بخولێتەوە لە بۆردەکەش نوسرابو ( من کەرم). جیاوازیەکە لەسەر بنەمای مەزهەبی بو کە ئەوان کاسۆلیک و بەریتانیەکان پرۆتستانت.

## فرەنسا

فرەنسا کە بە  وڵاتی مافی دیموکراسی ناسراوە، تائێستا دان بە مافی کەمە نەتەوایەتیەکانی وەک ،بەرتون، باســک ، کورســیکا ، نانێ و رێگەیان پێ نادات بەزمانی خۆیان کاری فەرمانبەرێتی بەرێوە بەرن، ئەمە لە کاتێکدایە کە تەنها بۆ زمانی فرانکۆفۆنی ســاڵانە بودجەی ٨٣ ملیۆن یورو تەرخان دەکریت، لەگەل ئەوەی فرەنســا یەکێکە لە وانەی لە ســاڵی ١٩٩٢ واژوی لــەســــەر پــەیمـاننـامــەی ئـەوروپی بۆ زمـانــە خۆجێیی و زمـانی کـەمـە نەتەوایەتیەکان کردوە ، بەبەردەوامیش داوای ئەوە دەکرێت کە مافی  زمانی کەمە نەتەوایە تیەکان چیتر پێشــێل نەکرێت ، دوایین رەتکردنەوەی ئەم داخوازیانە لە ١٩٩٩ لە سـەردەمی جاک شـیراک بو،  جەختی لەسـەر رەت کردنی کرایەوە. ئەمە لە دوای دانیشــتنی پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران بو ،   دوا رای وەزیری سـۆشـیالیسـت لەسـەر ئەم بابەتە (بییر شـۆفینمان) دەڵێ:  نامانەوێ فرەنسا بکەینە بەلکان .

لە راپۆرتی (بســپۆرێکی ئەمریکی  لە بواری کەمە نەتەوەکان لە دانیشــگای واشــنتۆن) جی مجـدولنـد ، کـە راســپـاردەی لیژنـەی مـافی مرۆڤی  نـەتـەوە یەکگرتوەکان بو، بارو گوزەرانی کەمە نەتەوەکان لە فرەنســا بە هەســتیار ناوزەد دەکات ، دەڵێ:   فرەنســا بە وڵاتی برایەتی و تەبایی و ئازادی ناســراوە کەچی تائێستا دان بە رەوایی نەتەوە بچوکەکان نانێ.

دیســـان ئەم راپۆرتە ئاماژە بەو دیاردانە دەکات کە بە مایەی مەترســی دەزانێ، لەوانە هاوکاریەکانی  نێوان فرەنســاو ئیســپانیا بۆ رێگەگرتن لە

بەردەم داخوازیەکانی نەتەوەی باسک ، دەڵێ : ئەوە لە بیر خۆیان دەبەنەوە کە باسک لە نەتەوە هەرە کۆنەکانی ئەم ناوچەیەن، ئەمان (باسکەکان) لە هەفتەیەکدا تەنها یەک کاتژمێر مافی ئەوەیان پێدراوە لە تەلە فزیۆنی فەرەنسی پەخشی بەرنامەکانیان بکەن

## ئیسپانیا

دیاره ئیسپانیاش له ژێر هەرەشە و فشاری نەتەوە بچوکەکانیدا دەنالێنێ . ئەو هەرەشانە ئەگەر سەریان گرت ئەوا ئیسپانیا دەبێ بکرێتە سێ پارچە : ( کاتالۆنیا، باسک، گالیسیا) شێوازی دەربڕین و داواکردنی داخوازیەکان لە ئیسپانیا شێوازێکی جیایە، باسکەکان بە ڕێبەرایەتی ڕێکخراوی ئیتا لە ڕێگەی خەباتی چەکداریەوە داخوازیەکانیان دەخەنە روو، ئەم هەرێمە فرەنسا و ئیسپانیا لەنێوان خۆیاندا دابەشیان کردوە ، هەلوێست و هەنگاوەکانی ئیسپانیا بەرامبەر بەم دۆزە لە هەنگاوەکانی فرەنسا شارستانی ترو دیموکراسی ترە، بەوەی دانی بە فرە نەتەوەیی گەلی ئیسپانیا ناوە ، بەمەش نەتەوەی باسک دەبێتە یەکێک لە پێکهاتەکانی نەتەوەی ئیسپانیا ، ئەمە بە پیچەوانەی فرەنسایە کە لە بنەرەتدا دان بە هیچ نەتەوەیەکی تر نانێ جگە لە نەتەوەی فەرەنسی .

باسک ،یا ( ئوسکادیسی) بەشێکن لە نەتەوەی ئیسپانیا ئەمە بە پێی دەستور، وەکو جوگرافیا باسک لە ناو ئیسپانیا دەکەویتە باکوری وڵات لە گەل فرەنسا هاو سنورە لە سەر زەریای ئەتلەس ،بەسەر چوار هەرێمی ئیسپانیادا دابەش بوە (بیسکای ، گیبوسکوا ، ئالافا ، ناڤارا) لە فرەنساش هەرێمەکانی (لابۆر، ناڤار،سول) دا ڕێژەی دانیشتوانیان بە ٣ ملیۆن مەزەندە دەکرێت . مێژوی خەباتی ئەم هەرێمە پرە لە تێکۆشان لە پێناو سەربەخۆیی وئازادی، کە زۆربەیان لە سەردەستی خەباتگێرانی ڕێکخراوی

ئیتا ئەنجام دراون، بەلام بەهۆی دیکتاتۆریەتی رژێمی فرانکۆ ورژێمە کانی تر  هەمو هەولەکان نەزۆک وشکست خوارد بون.

هەمان شـێوە سـەبارەت بە هەرێمی کەتالۆنیا ، ئەمانیش لە رێگەی چەندین راپرسـی و هەولی ئاشـتی خوازانەیان بۆ راگەیاندنی سـەربەخۆیی بەرپەرچی توندیان دراوەتەوە،  لە کاتێکدا دان بەوە نراوە کە ئەم نەتەوەیە مەرجەکانی نەتەوەی تێدایەو خاوەنی مێژو وزمان وکەلتوری تایبەتیی خۆیەتی .

## یۆنان (گریکستان)

پێشێل یەکانی یۆنان لە بواری مافی نەتەوەکاندا لە کاتێکدا دێت کە یۆنان وەکو لانکی شارستانێتیی سەرتاپای دونیا دەناسرێت ، هێلین کە ناوی رەسەنی ئەم وڵاتەیە پێکهاتەکەی لە هەندێک ئاین ورەگەزی نیمچە هەمەجۆر پێکهاتوە ، لە روی رەسەنەوە دوربون لە رەچەلەکی هێلینی ، لە روی زمان وفەرهەنگ لەگەل ئەسینا لەیەک تێنەدەگەیشتن ، ئەوەبو دوای جەنگی دووەمی جیهانی ستالین بۆ بەرژەوەندی خۆی دەستکاری سنورەکانی ئەم هەرێمە دەکا ، بە زۆر پارچەیەک لە خاکی مەقەدۆنیای یۆنانستانیان بە مەقەدۆنیاوە لکاند، ئەنتاکیایان بە تورکیاوە لکاند، دیسان دابراندنی پارچەیەک لە قوبرس و هەندێک لە دورگەکانی دەریای سپیی ناوەراست لە دەورو بەری وڵاتە عەرەبەکان بۆ بەرژەوەندیی یۆنان، کارەکانی روەو ئالۆزی برد.

دابراندنی هەندێک لە مەقەدۆنیەکان لە بەرژەوەندیی یۆنانستان ئەمانە بونە هۆی ئالۆز کردنی کاری مافی نەتەوەکان .

## قوبرس

هەمیسـان سـەبارەت بە قوبرس کێشـەی نێوان یۆنان و تورکیا بۆ پشـتگیری کردن لە نەتەوەی تورک و یۆنانی ئەم وڵاتە( دورگەیە) ، ئەم دورگەیە لە ١٩٦٠ سـەربەخۆی لە بەریتانیا ڕاگەیاند لە ئەنجامی کێشـەی نێوان پێکهاتەی ئەم دورگە ناکۆکی کەوتە نێوانیان، تا لە ١٩٧٤ تورکەکان بەهێزەوە پشـتگیری لە تورکە قوبرسـیەکان دەکەن و نیوەی لێ داگیر دەکەن ، لە ١٩٨٣ ش سـەربەخۆیی یەکلایەنە ڕادەگەیەنن کە تا ئەمرۆ بەدەوڵەتێکی نامۆ ماوەتەوە ، دوای زیاتر لە ٣٠ سـاڵ ئەم دورگەیە بە دوو لەتی مایەوە بی ئەوەی هیچ لایەنێک یا وڵاتێک جگە لە تورکیا دان بە بەشی تورکنشـین نانێ ، بەلام بەشـە یۆنانیەکەی بە پشـتگیری یۆنان توانرا بچێتە ناو یەکیەتیی ئەوروپا و گەشـەکردنێکی بەرچاویش بەوخۆیەوە ببینێ .

## بولگاریا

گەلالە بونی بیرۆکەی جولانەوە نەتەوایەتیەکان لە ناوچەی بەلکان لە ئەوروپای ناوەراستی رۆژئاوا، شێوازێکی تری وەرگرت ئەمیش بەهۆی بونی ئاینێکی تر لە تەک ئاینی کریسی ئەویش ئاینی ئیسلام بوو ، کارکردن وکاردانەوەی بزوتنەوەکان لەگەل پیکهاتە مسولمانەکان لە ولاتێکەوە بۆ ولاتێکی ترجیاوازیی هەبوو، جیاوازی لەم ولاتانە زیاتر لەسەر بنەمای ئاین بون لەوەی نەتەوەیی بن، بونی ژمارەیەک لە رەگەزی تورک لەم ولاتە کە داوای مافی نوسین و کەلتوری خۆیان دەکرد ، چونکە بولگاریەکان ئەم هاولاتیە تورکانەیان بە هاولاتیی رەسەنی بولگاریا نەدەناسی بۆیە رازی نەبون دەست لە زمان وکەلتوری یەکگرتوی خۆیان بدەن ، لە ئەنجام چەندین کاری توندو تیژی و راگواستنەوە ئەنجام دران

**ولاتی بوماق...** دەکەوێتە نێوان دەولەتی بلگاریاو یۆنان وتورکیا ، بوماقەکان خۆیان بلگارین تەنها جیاوازیەکەیان ئەوەیە لە سەردەمی عوسمانیەکان بونەتە موسلمان، ئەم پێکهاتەیە بەدەست ئەو سێ ولاتەی بەسەریاندا دابەشبون، ببونە دەست کەلای گەمەی سیاسی لە نێوان هەرسێ ولاتی ( تورکیا ، یۆنان ، بلگاریا) تەنها لە یۆنان بە فەرمی دانیان پێ نراو.

## توركيا

ئەگەر وەکو بەشێکی بچوکی خاکەکەی بە وڵاتێکی نیمچە ئەوروپی ئەژمار بکەیت ئەوا نەتەوەی کورد لەگەل ئەوەی لەم وڵاتە بە دوەم نەتەوە دەژمێردرێت، ناکری بیخەینە قالبی کەمە نەتەوایەتیەکان، بەلام دەتوانین کورد بە زیندو ترین نمونەی چەوساندنەوەی نەتەوایەتیی ئەو وڵاتە بهێنینەوە، هەولەکانی ئەم گەلە بن دەستە بۆ ئازادی ورزگاری لە دێر زەمانەوە بونی بوە ، قەوارە لەناو بردراوەکانی کورد لە سەردەمی ئیماراتەکانی بۆتان وئەردەلان و دینان وشۆرشەکانی دەرسیم و شێخ سەعید ی پیران و شێخ عبیداللە ی نەهریێ و(گەیلانی، شەمزینی)و شێخ رەزاو چەندین بزوتنەوەی تی بەدرخانیەکان و هیتریش کە تا ئەمرۆ درێژەی هەیە و چەوساندنەوە و داگیرکاریەکان بەردەوامن هەمویان نیشانە و بەڵگەی زیندون بە بونی نادادپەروەری و پێشێلکاریی مافی نەتەوایەتیی گەلان ، لێرەدا باس کردنیان بابەتەکە مان بەرەو ئاقارێکی تر دەبا و مافی تەواویش بە دۆزەکە نادریێ ، بۆیە ئەم باسە بۆ دواتر جێ دەهێلین.

ئەمانەو سەرباری نەتەوەی ئەرمەن و جەرکس و چەند کەمە نەتەوایەتیەکی تەتەر و عەرەب کە لەم وڵاتە دەژین ، کافین بۆ ئەوەی روی راستەقینەی رژێمە یەک لەدوای یەکەکانی ئەم وڵاتە بەم دۆزە ئاشنا بکرێت تەنها نمونە هێنان بە وڵاتە ئەوروپی و ئاسیایەکان کافین تا بۆمان دەرکەویێ یا بیسەلمێنین ئاخۆ تاچەند ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان لەنێو

خۆیاندا دابەش کردوە دیموکراسین؟ مافی گەلان لای ئەوان چی دەگەیەنێ ؟ لە کاتێکا ئەو دەوڵەتانە جگە لە کورد چەندین نەتەوەی تر دەچەوسێننەوەو مافەکانیان لێ زەوت کردون .

## ئێران

ئەم ولاتە کە دەکەوێتە کشـــوەری ئـاســـیـا هەر لە دێر زەمـانەوە بە نـاســـەقـامگیری خولقـاوە، ئەمەش بەهۆی پێشـــێلی مـافی نەتەوایەتی و تواندنەوەی کەمە نەتەوەکانو بێدەســـەلاتکردنی نەتەوە رەســـەنەکان بە داگیرکردنی خاک و کەلتوریانەوەیە، ئێران کە بە ولاتی فارس دێتە ناوبردن لە کاتێکا نەتەوەی فارس لەم ولاتە خۆی کەمینەیە، زۆرینەی ئەم ولاتە لە ئـازەر و کورد و تـاجیـک و عەرەب و پێکهـاتوە بەلام لە دێر زەمـانەوەو لە سەردەمی سەفەویەکانەوە رێگە بە میلەتان نەدراوە بە مافەکانیان شاد بن کە تا ئەمرۆ ئەو گەلانە بێبەشـن لە مافە رەواکانیان ، لە ١٩٤٥ گەلی کورد و ئـازەری دوای تەواو بونی جەنگی دووەمی جیهـانی توانیـان قەوارەیەکی سـیاسـی و دامەزرێنن لە کوردسـتان کۆماری مەهاباد و ئازەریەکان کۆماری ئازەربایجانی رۆژهەلات لە تەبرێز دامەزرێنن بەلام بە کشـــانەوەی ســـوپای یەکێتی سـۆڤیەت لە ئەنجامی پێکهاتنێک لە نێوان یەکێتی سـۆڤیەت و رەزا شـــای ئێران ، ســـوپای ئێران دەتوانێ هەردوو کۆمارەکە لەناو بەرێ و گەلی کورد و ئازەر ســـەرکوت و کۆمەڵکوژ بکا. دوای ٣٤ ســـاڵ لەو رووداوە لە ١٩٧٩ کاتێـک رژێمی شـــا لەســـەر دەســـتی خومەینی بە نـاو جولانەوەی ئیســـلامیەوە هەموو گەلانی ئێران لەم جولانەوە بەشـــداری پێدەکا ورژێمی شـــایان پێدەروخێنێ بە پەیمانی ئەوەی دوای روخانی شـــا گەلانمی ئێران بە مافە نەتەوایەتیەکانیان شـــاد دەبن بەلام ئەم پەیمانەش وەکو پەیمانی ئەتـاتورک کە بە کورد و گەلانی تورکیـا درابوو راســـت دەرنـاچێ و لێی

پەشیمان دەبێتەوە، سەرکوتی هەموو راپەڕینەکانی کوردستانی رۆژهەلات دەکا لە ١٩٨١،١٩٨٠. هەر یەکەو بە پاساوێکی نارەوا شای ئێران بە پاساوی گەلی فارس و یەکپارچەیی خاکین ئێران خومەینیش بەناو شۆڕشی ئیسلامی گەلانی ئێران، کاتێک دانوستانکارانی کورد دەچنە تاران لەگەڵ خومەینی دادەنیشن بۆئەوەی داوای جێبەجێ کردنی پەیمانەکانی لێ بکەن ئەو لە وەلامی ئەواندا دەڵێ لە قورئان باس لە مافی چارەی خۆنوسین یا ئۆتۆنۆمی نەکراوە بۆیە من ناتوانم دان بەمافەکانبتان بنێم بەدەر لەوەی لە قورئاندا هاتوە کە هەموومان موسلمانین و بەس، بەلام خومەینی بەمە رازی نابێ کە کورد لاریی نیە هەموومان موسلمانین بەلام بە زمان و کەلتوری کوردی خۆمان کە خوا کوردی وەکو کورد خولقاندوە و بە زمانی کوردی زکماک هاێناویەتە سەر دونیا بۆ دەبێ بۆ ئەوان حەلال بێ بە زمانی زکماک بدوێنو بخوێنن و کەلتوری خۆیان بپارێزن کەچی بۆ ئێمە چونکە لە کتێبە ئاسمانیەکەمان ناوی نەهاتوە نابێ پیادەی بکەین؟

**رۆمانیا**

پشــتگیری نەکردنی رۆمانیا بۆ ســەربەخۆیی کۆســۆڤۆ بەلگەی ئەوەیە کە ئـەمیش هـەمـان کێشـــەو مـاف زەوت کردنی هـەیـە، کـەمـە نـەتـەوایـەتیی مەجەر لە رۆمانیا کە ژمارەیان خۆی لە ملیۆن ونیوێک دەدات، ئەوانەی هەردەم داوای جیابونەوە دەکەن روەو هەمان ئاراســـتە هەنگاو دەنێن ،ســـەرەرای ئەوەی ئەم کەمە نەتەوەیە لە بەکار هێنانی زمانی زگماکیاندا ئازادن ، خۆشـــیان بە هاوڵاتیی رەســـەنی رۆمانیا دەزانن ، بەلام گیانی و هەســـتی جوداخوازی لە ناویاندا هەردەم ئەکتیڤە. لەتەک مەجەریەکان تـەتـەر وســـیجـان وکـەمێـک لـە تورک لـەم وڵاتـە دەژین دیـارە ئـەگـەر دەرفەتیان بۆ برەخسێ هەمان داخوازی وداواکاریان دەبێ.

## بەلكان

بە وڵاتە مەزنەکانیەوە چۆن دەبینین؟

یەکێک لە کاردانەوەکانی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ داواکردنی سەربەخۆی سربەکان لە ناو کۆسۆڤۆدا بو ، ئەمە ئەوکات لەسەر داوای پارتی دیموکراسی سربی هات کە دامەزرێنەرەکەی ئەدوڤان کارازیچ بو . بوسنە ئەوکات لە ۱۹۹۲-۱۹۹٥ لە دوو قەوارە پێک هاتبو ، یەکەمیان سربەکان وئەوی تریان کرواتەکان .

لە ۲۰۰۱ بەلگراد پەیماننامەیەکی بەجیا لەگەل سربەکانی بوسنە ئیمزا کرد ، دیارە لەم هەنگاوەیان هەست بە بونی سیناریۆیەکی شاراوە دەکرا لە کار کردن بۆ دامەزراندنی سربیایەکی مەزن ، لە بەرامبەریشدا بۆسنیەکان بە هەمئا هەنگی کۆسۆڤۆییەکان لە هەولی دامەزراندنی ئەلبانیایەکی مەزندابون ، وەکو کاردانەوەی پیلان وسیناریۆ کان . هەر چەندە ئەم بەرنامە وهەنگاوانە بەهۆی تێکهەلچون و چر وپری گێژاوەکان بە کارێکی ئالۆز دێتە ئەژمار ، بەلام ئەمە دۆخەکە بو.

دواجار کۆسۆڤۆ ئازاد دەکرێ وسەربەخۆیی ئەم وڵاتە ڕادەگەیەنرێ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ گەلێک کۆت و بازنەی سوری بەزاندن، یەکێک لەوانە سەدەیەک بەر لە ئەمرۆ کارێکی ئەستەم بو بیر لەوە بکرێتەوە، وڵاتێکی موسلمان لە ناو جەرگەی ئەوروپا دابمەزرێ ، ئەی کە گۆران و وەرچەرخانی بەرژەوەندیەکان بەم شێوەیە دەتوانن سنور ببەزێنن،

بۆ ئێمەی کورد ئەوەندە لەم هێلە سورە کالانە دەترسین کە دوژمن بەر لە دۆستان بۆیان کێشاوین؟

ئەم زەنگەی کۆسۆڤۆ ، هی هەمو نەتەوەکانی دور لە کورسیی دەسەڵات چ لە ئەوروپاو چ لە کشوەرەکانی تر لە روسیا ،چین ، وڵاتانی عەرەبی (قبتی ، ئەمازیغ ، دارفور، کورد ، سریانیی کلد وئاشور، جەرکەس...) هەروەها وڵاتانی رۆژهەلات لە ئێران وڵاتانی ئەفریکی وئەمریکای لاتین هەمو بستێکی ئەم دونیایە بو، دەبێ ئاماژەیەک بێ بۆ گەلانی بن دەست کە ئیتر دەنگ هەلبرین بۆ داوا رەواکانی نەتەوایەتی سنور بەزاندن نیە. چارەسەریی پوش لەسەر، خۆل کردنە چاوەی خەلکە ، سەردەم لە گۆرانە ، چەرخی دونیا راوەستانی بۆ نیە ، بەم پێوەرە وەستانی داخوازیەکانی میللەتان وەستانی دونیا دەگەیەنێ ، کە ئەمەش بونی نیە !.

ئەمانە تەنها بەشێکی بچوکی کێشەکانی نەتەوایەتین لە پێشکەوتوترین کشوەری سەر روی زەوین ، کە ئەوروپایە !!!.

وێرای بونی بریاری نەتەوە یەکگرتوەکان بە مافی چارەی خۆنوسینی گەلان ، بەڵام گەلێک نەتەوەش هەن بە ژمارە زۆرن، لە دانیشتوانی هەندێک لەو دەوڵاتانە زیاترن کە سەربەخۆییان وەدەست هێناوەو دان بە مافەکانیان نراوە ، بەڵام هێشتا ژێردەستن، خاکیان داگیرکراوەو مافیان زەوت کراوە، بۆ نمونە :گەلی کورد و ئەمازیغ و دارفور و تامیل و چەندین گەلی تر کە پارچەیەک لە نەتەوەکانیان بە وڵاتێکی ترەوە لکاوە و ئەمرۆ لەبن ئازاری ژێردەستی دەنالێنن:

## ئەمازیغەکان لە مەراکش و باکوری ئەفریکا

ئەمازیغ ماناکەی بە کوردی دەکاتە ئازاد یا ئازادەکان ،( دیارە ئەمەشـــیان وەکو زاراوە و ناوە سەردەمیەکانمان تەنها ئازاد نین دەنا هەمو شتێکن)

ئەمازیغ دانیشـــتوانی رەســـەنی مەغریب و جەزائیری بێ ناســـنامەن ، مـەغـریـب لـە ٤٠% ی دانیشـــتوانی ئەمازیغن کە دەکاتـە ١٢ ملیۆن کـەس ، جـەزائـیـریـش لـە ٢٣% ی دانـیشـــتوانی ئـەمـازیـغن ئـەمیش دەکاتـە ٧ حـەوت



ملیۆن کەس هەروەها لە تونس بە رێژەی لە ١% و لە مۆریتانیا بەرێژەی لە ٤٠% ئەمازیغ هەن، لێرە چەند لەیەکچونێک لەگەل نەتەوەی کورددابەدی دەکـەین بـەوەی بـەســـەر چوار وڵاتـدا دابـەشـــکراون یـا دابـەش بونـە ، دانیشـــتوانی رەســـەنی ئەم ناوچەیەن و بێ ناســـنامەی نەتەوایەتین .ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە گومان لەوەدانیە بۆ چەوســـاندنەوەو پێشـــێلی مافە کەسایەتی وئازادیی بیرورا دەبێ بەشی شێر بۆ ئەوان بێ .

دیرۆکی کێشـــەی ئەمازیغەکان لە مەغرب بە پراکتیکی لە کۆتایی پەنجاکانی سەدەی رابردوە وەکەوتە سەرمێزی گوفتو گۆو باس لێوەکردن

کاتێک کێشە لە نێوان دەسەڵات ودانیشتوانە دێهاتیە بەربەرەکان لە ساڵی ١٩٥٨ دروست بو ، واتە دوو ساڵ دوای راگەیاندنی سەربەخۆیی وڵات ، لەوساڵ دابو کەخەلکی ناوچەکە دژی پەراوێز کردن و بێبەش بونیان لە پۆستەو پلە حکومیەکاندا راپەرین.... وەلامی حکومەت بۆ راپەرینەکەیان گەلێ توند بو چەندین کوشتیاری لی کەوتەوە ، لەو رۆژەوە دیوارێکی بەرز لەنێوان شای وڵات حەسەنی دووەم و دانیشتوانی ناوچەکە دروست بو ، بەوهۆیەوە گەلێ کەس پەراگەندەو پەرتەوازەی وڵاتانی دونیا بون خەلکەکە بۆ کاسبی وخوێندن رویان لە دەرەوەی وڵات کرد.

زۆربەی ئەوانەش کە مانەوە لە ناوچە شاخاوی و دەشتاییە کانی کە جگە لە روەکی (کیف) هیچی تری لێ نەدەروا. بە چاندنی ماددە بێ هۆشکەرەکانەوە خەریک بون.

ئەم ساردیەی نێوان هەردولا تاهاتنی شای نوێ محمدی شەشەم کوری شا حەسەنی دووەم هەر بەردەوام بو کە کاتێک بۆ جاری یەکەم لە ١٩٩٩ دا شا محمد سەردانێکی مێژویی بۆ ناوچەکە دەکات.

مێژوی دەسپێکی کێشەی ئەمازیغەکان لەروی سیاسیەوە کۆنتر و لەمێژترە بەلام ئەوەی ئامارژەمان پێیداوە مێژوی کێشەکەیە لەروی حساباتی کۆمەلایەتی وناوەخۆیی دا .

بزاوو چالاکیە سـیاسـیەکانی ڕێکخراوەیی ئەمازیغەکان وەکو پراکتیک دەسـپێکی بۆ ئەو تورەیی وهەلچونەی بەربەرە جەزائیریەکان دەگەڕێتەهو کە لەسـاڵی ١٩٨٠ دەسـتی پێکرد دواتر بەناوی (بەهاری بەربەرەکان) ناونرا کەلە ئابی ئەو ساڵدا یەکەم کۆم بون لە شـاری ئەگادیر بەسترا لەژێر ناوی (فرە فـەرهـەنگی لـە مەراکش بو) ، ئەمە وای لـەدەسـەڵاتدارانی مەراکش کرد کە لەورۆژەوە بەگومانەوە گوێ لە هەرلێدوانێک بگرن کە لەسـەر فرە فەرهەنگ و بەربەر و ئەمازیغ بدرێت.

**پەیماننامەی ئەگادیر**

ئەم چالاکیەی ئەگادیر حەزونیازی زۆرکەسـی لە مەراکش وروژاند کە تا ئەوکات قسە کردن لەسەر ئەم بابەتانە لە کارە قەدەغەکراوەکان بون .

ئـەوە بو لـە گـەڵێ شـوێنی جیـای وڵات چـەنـدین کۆمـەلـە وگروپ وەدەر کـەوتن ، بـایـەخ وگرنگیـان بـە فـەرهـەنـگ وزمـانی ئـەمـازیغـەکان دەدا ، هەندێکیان هەلسـان بە بوژاندنەوەو نوێکردنەوەی هیلی (تیفیناگ) (جۆرە تیپێکی نوسـینـە) کـە پێشـتر پشـت گوێ خرابو تـەنها (تـەواریقـەکان ) لەباکوری ئەفریقا بەکاریان دەهێنا .

لە هەشـتاکان پارێزەرێکیان دەسـتگیر کرد بەتاوانی ئەوەی لەبەر دەرگای بیرۆکەی خۆیدا بەزمانی ئەمازیغیو و پیتی (تیفیناگ) بۆردێکی هەلواسی بو ناو وکارو پیشـەی خۆی لەسـەر نوسیبو . ئەم دەستگیر کردنە بۆ کێشـەی ئـەمازیغـەکان بو بـە وەرچـەرخـانێکی سـیـاسـی بۆ لـەیـەک بـەسـتنـەوەی

رابردووەکان لەگەڵ داهاتوە سـیاسـیەکان ، بەلام روداوی لەویش گرنگتر ئەو پەیماننامەیەبو کە لە سـاڵی ١٩٩١ لە نێوان چەندین کۆمەڵەی ئەمازیغی مۆرکرا کە ئاماژەی بەوە دابو دەبێ دەوڵەت بە فەرمی زمانی ئەمازیگی لەتەک زمانی عەرەبی بە فەرمی بناسێ و لە دەستوردا شوێن جێی بکاتەوە و دان بە فەرهەنگی ئەمازیغەکان بنێ.

ئەمە وای لە دەوڵەت کرد کە سـیاسـەتێکی توندتر لەگەڵ ئەمازیغەکان پیادە بکات.

دوای تێپەر بونی سێ ساڵ بەسەر ئەو روداوە کە ئەوان بە خالێکی مێژویی و وەرچەرخانی دەزانن چونکە یەکەم جارە نوسـین بە پیتی (تیفیناگ) دەنوسرێ وبەرز دەکرێتەوە .

کارەکان بەرەو توندترونائارامی چون ، بەتایبەت لە ناوچەکە کە جەزائیر یەکان لەلایەک روبەروی ئیسـلامیەکان بونەوە، لەلایەکی تریش روبەروی بەربەرەکان .

لە پێناو ئەوەی پەتاکەی جەزائیر بۆ مەغرب نەیەت شاحەسەنی دووەم تورەیی یەکەی خۆی هەلمژیەوە .

شـا حەسـەن ی شـای مەراکش لەسـاڵی ١٩٩٤ ووتارێکی خوێندەوە تیایدا بۆ یەکەم جار دانی بە فرە فەرهەنگ و فرە زمان لە مەراکش نا ، رەخنەشی لە ئیمپریالیزمی فەرەنسی وئیسپانی گرت سەبارەت بە پەراوێز

کردنی ئەمازیغەکان ، هەروەها بریاری لەسـەر گەلێک دەسـت پێشـخەری دا لـەوانـە پـەخش کردنی هـەوال ودەنگو بـاس لـە تـەلـەفزیۆنی مـەراکشــی (مەغربی) بەزمانی ئەمازیغی کە لە ١٩٩٥ هوە دەستی پێ کرا .

ئەم گۆرانانە لە بواری مامەلەدا هەرچەندە شـتێکی ئەوتۆ نەبون بەلام بۆ ئـەوان دەسـتکـەوتێکی مـەزن بون بـەفـەرمی دانـان بـە مـافـە کلتوری و ناسـنامەی نەتەوایەتی یەکەیان چ لە ژێر فشـاری وڵاتانی هەرێم یا هەر فشـارێکی تر بێ وەرچەرخانێکە ، لەکاتێکدا بەر لەم گۆرانە لە مەراکش کـەس نـەیدەوێرا بـاس لـە بونی ئـەمازیغ یـا فـرە فـەرهـەنگی بکات ، ئەمە بۆ ئەوان رێ خۆشکەرێکی باش بو تا بۆ کاری سیاسی بکەونە خۆ.

دوای مردنی شـا حەسـەنی دووەم و هاتنی شـا محمدی شەشـەم لە ساڵی ١٩٩٩ ، شامحمد لەگەل خۆی ئەو ئاماژە سیاسیانەی بە کۆمەلگاو چینە سیاسیەکاندا کە نیازی چاکسازیی و بە دیموکراسی کردنی وڵاتە .

هـاوکاری کردنی چـەنـد کـەسـێک لـە سـیاسـەتمەدارانی ئەمازیغ لـە سـەروی هـەمویانەوە محمد شـفیق وشـێخ السـبعینی کە لەلایەن ئـەمـازیغـەکـان و دەرەوەی تـوێژەکـەیـان ریـزێکی زۆریـان لی دەگیرا ،سـیاسـەتمەدارەکان لەسـەر ئەوە رێک کەوتن کە یەکەم بەیاننامە دەربکەن لە مانگی ئاداری ٢٠٠٠ تیایدا داوای دادپەروەریی کۆمەلایەتی و بـەدەسـتورکردنی دۆزی ئـەمازیغ و دان نـان بـە زمانی ئـەمازیغ لـەتـەک زمانی عەرەبی و جیا کردنەوەی دەوڵەت لە ئاین کرد .

ماوەیەکی کورتی پێ چو کە مەلیک بەپیر داخوازیەکانیان هات بریاری لەسەر دامەزراندنی( پەیمانگای مەلەکی بۆ فەرهەنگی ئەمازیغەکان) دا لە حوزەیرانی ٢٠٠١ محمد شفیق ی وەکو یەکەم راگری پەیمانگاکە دامەزراند رێنماو مەرجەکانی کارکردنی ئەم پەیمانگایەی بۆ دیار کردن کە بریتی بون لە دەست نیشانکردن و دیارکردنی هۆکارو ئامرازەکانی بەرەو پێش بردن و بوژاندنەوەی کلتور وفەرهەنگی ئەمازیغ و کار کردن بۆ خوێندنی زمانی ئەمازیغ لە قوتابخانەکاندا .

لیرەدا ئەوەی گرنگە دەبێ ئاماژەی پێ بدەین ئەویش دیاری کردنی شێوەی تیپی نوسین بو ، ئەمازیغەکان سێ جۆرە تیپ یان لەبەر دەست دابو ،عەرەبی و لاتینی، تیفیناگ .

محمد شفیق کە خۆی یەکێک بو لە و کەسانەی پالپشت وپشتگیریی لە تیفیناگ دەکرد هەروەها خۆی خاوەنی قاموسی عەرەبی ئەمازیغی بو لە سالّی ١٩٨٩ .

ئەوەی راستیش بێ پیتی تیفیناگ لەلایەن ئەندامانی پەیمانگاکەوە پشتگیریی لێوە دەکرا ، ئەوانیش بەهۆی ئەوەی لە رەوتە عەرەبی یەکە دورکەونەوە خۆشی یان بە پیتە عەرەبیەکە نەدەهات بۆ لاتینیش دیارە کەتەنها چەند کەسێکی ئەکادمی نەبێ دەنا ئەویش پشتگیریەکەی ئەوتۆی نەبو بۆیە دەنگەکان هەموی لەبەرژەوەندی تیفیناگ دابون. ئەم یەکلاکردنەوەیەی شێوەی نوسین بۆ ئەمازیغەکان سەنگی مەحەک بو ،

ئایا ئەم پەیمانگایە متمانەی خۆی لەدل ئەمازیغەکاندا دەکاتەوە؟ تا چەند بە پیر داخوازیەکانیانەوە دێت ؟.

کاتێک پەیمانگاکە نەیتوانی ئەم داخوازیەی ئەمازیغەکان وەدەست بهێنێت ، بۆرەبۆر و فسکە فسک کەوتە ریز ئەندامانی ،گومانێکیان لا گەلالە بو ، وتیان ئەمە داخوازیەکانمان ناهێنێتە دی دامەزراندنیشی تەنها بۆ خۆسەپاندن بەسەر کۆمەلە ورێکخراوە سەربەخۆو سیاسیەکانمانە دورە لە داخوازیە سیاسیەکانمان .

ئەم جۆرە رەخنانە ی دەرەوە گواسترانەوە بۆ ناو کۆشی پەیمانگاکە بەمەش جۆرێک لە جولە کەوتە ناو ئەندامەکان ، کۆتاییەکەی بەوەهات حەوت لە ئەندامەکانی ئەنجومەنی بەرێوەبردن لە ٢٠٠٥ دەستیان لەکارکێشایەوە وەکو نارەزاییەک دژ بە شێوازی رێچونە ناوخۆییەکە وسنورداریی رۆلی پەیمانگاکەو ئەو فشارو چاودێریانەی کە لەلایەن دەوڵەتەوە لەسەربون، چونکە وا دەرکەوت کە دەزگایەکی راوێژکاری یە نەک دەزگایەکی بریاردەر.

سەرەرای ئەوەی ماوەی پێنج ساڵ بو پەیمانگاکە (ئەوراشی) کردبۆوە بەلام تا ئەوکات ئەوراش رۆلی خۆی نەدەگێرا، پاساوی ئەوان ئەوەبو دەیان ووت کە دەزگا حکومیەکان سستیان لە راپەراندنی کارەکانیاندا هەیە ، بەتایبەت ئەو دەزگایانەی پەیماننامە یان لەگەلدا مۆر کردوە وەک

وەزارەتی بەروەردەو فێرکردن بەگوتەی ئەوان هاوکاری یەکی ئەوتۆیان نەدەکردن تا بتوانن وانەی ئەمازیغی لەقوتابخانەکان بخوێندرێت .

وەزارەتی گەیاندنیش لە راپەراندنی کارەکانیان سستیی نواند وهاوکاری ناکەن بۆ پەخش کردنی بەرنامەی دیتن وبیستن بەزمانی ئەمازیغی تەنها ئەوەندە نەبێ لە ئۆکتۆبەری سالَی ٢٠٠٦ دا بریاری کەنالێکی گەیاندنی دا کە لە سالَی ٢٠٠٧ دا بکرێتەوە .

دەکرێ بلێین کە ئەمەش دەخرێتە ئەو خانەیەی کە مافە فەرهەنگیەکان ومافە زمانەوانیەکانی ئەمازیغ بەرەو خۆ ناساندنێک دەرۆن بەلام زۆر بەسستی.

**ئایا بزوتنەوەی ئەمازیغەکان بەرەو توندرەوی دەرۆن؟**

وادیاربو کاردانەوە بۆ مافە فەرهەنگی وزمانەوانیەکانی ئەمازیغ لە لایەن چالاکمە ندانەوە بە پۆزەتیف نەدەدرایەوە، ، بۆیە بزوتنەوەیەک هاتە مەیدانی خەبات کە داوای بە دەستور کردنی ئەمازیغەکانی دەکرد.

یەکێک لە داخوازیەکانیان ئەوە بو، وەکو هەنگاوی یەکەم دەبێ دان بە بونی قەوارەی ئەمازیغەکان بنرێت لە وڵات. بۆئەوەی پەیمانگای مەلەکی بۆ فەرهەنگی ئەمازیغ بەم شەپۆلە نوێیە بگات بەتایبەت دوای وازهێنانی حەوت لە ئەندامانی پارساڵ. ئەمەو یاداشتنامەیەکیان بۆ مەلیک بەرز کردەوە تیایدا داوای(پاراستنی دەستوری)یان بۆ ئەمازیغەکان کرد ، بەلام

ئەم یاداشــتنامەیە لەلایەن ئەمازیغەکان پشــتگیریی لێوە نەکرا ، لەبەر ئەوەی یەکەم لەلایەن پەیمانگایەکەوە دەرچوە کە نوێنەرایەتیان ناکات ئامانجەکەشی تەنها ئەوەیە تورەیی ئەندامە خۆکێشەرەوەکان بقۆستەوە. دوەم چونکە پاراســتنی دەســتوری مانایەکی لاســتیکیی هەیە مانای ئەوە نادات کە ســنوری ئەمازیغەکان دیاری بکات ئەگەر وانیە با یاداشــتەکە ئاماژە بۆ ئەو سنورە بدات بێ پێچ و پەنا.

ئەوەی بەرپرســەکان لە پەیمانگاکەیان رەچاو دەکرد ئەوەبو کەلە داواکاریەکانی ئەمازیغەکان کەم بکەنەوە ، کارەکان بە پێچەوانەی خواست دەرۆیشــتن چونکە ســەرنەکەوتنی پەیمانگاکە لە زۆربەی بەرنامەکانی کە بۆیان دارشــتبون و دیاری کردنی ســنوری چالاکیە زمانەوانیەکانی وای لێ کرد کە شێوازی مەساجەکەی بگۆرێ بۆ توندتر و روەو رادیکالیەت بڕوات .

لە و کاتەی پەیمانگاکە دامەزرا کۆمەلەکانی ئەمازیغی کەوتنە قۆناغێکی ســربون و چاوەروانی ، چاوەروانی ئەوەبن ئاخۆ کارو چالاکیەکانی پەیمانگاکە بەچی دەگات ؟ ئەوان مەزندەی ئەوەیان دەکرد کە ئەو پەیمانگایە بە ئەلتەرناتیفی چالاکیەکانی خۆیان بزانن ، چاوەروان بون تا بۆیان دەرکەوێ، تاچەندئەم پەیمانگایە خزمەت بە کێشــەکەیان دەکات ؟ بەلام دوای چاوەروانیەکی چەند ســاڵی ئەمجارەیان کۆمەلە ئەمازیغیەکان گەرانەوە کۆری خەبات ئەم جارەیان جەختی خەباتیان روەو لایەنی سیاسی کرد بۆ جێگیر کردنی ئەمازیغ لە دەستوردا ، کارەکان ئەم جارەیان

پەرەیان سەند بە داواکاریی ئۆتۆنۆمی و دابەشکردنی داهاتە کان نەوەستا بەلکو لەم چوارچیوەیە چوەدەر ، مەراکش کەوتە پێش دوریانێک روبەروی دوو بەرە بۆوە ،یەکەم بەرەی بیابانی رۆژئاوا کە پرۆژەیەکی ئۆتۆنۆمیان بۆ ئامادەکراوە خەریکە بیخەنە بەردەستی نەتەوە یەکگرتوەکان ، دوەمیشیان بەرەی (بەربەرەکان) کە ئەوانیش داوای ئۆتۆنۆمیەکی تایبەت بەخۆیان دەکەن.

پارتی دیموکراسی ئەمازیغ لە مەراکش کە پارساڵ دامەزرا گەلێک لە چالاکوان و سیاسەتمەدارانی ناسراوی مەغربی لە خۆ گرت ، لەوانە سەرۆکەکەیان احمد الدغرنی کە بە مەزنترین هێزی سیاسیی ئەمازیغ دەژمێردرێت لەروی داخوازیەکانیان ، لەم چوارچیوەیەدا لە ٢٠ مانگی ئایار یاداشتنامەیەکی بۆ خاوەن شکۆ مەلیک بەرز کردۆتەوە تیایدا داوای دانپێنانی دەستوریی بە ئەمازیغەکان کردوە ، مافی ئۆتۆنۆمیی پێبدرێ بریاری بەبایەخ بۆ ناوچە بەربەر نشینەکان بدرێت وچەندین داخوازیی تر.

## گەلی دارفور

--------------------

بەهۆی فرە پێکهاتەو فرە چین وفرە بەرژەوەندی یەوە، دونیای ئەمرۆمان بەسەر چەندین گروپ ویانە دا دابەش کراون کە هەر گروپە و چەند لەیەک چونێک بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە جا ئەم لەیەک چونانە خۆش ئەنجام بن یا لەیەک چونی ستەم وکارەسات بن، ئەمان کە لە چوارچیوەی یانەیەکدا یەکتری دەگرنەوە لەسەر کارو چالکی و راو بەرنامەکانیان دانیشتن دەکەن وبەرنامە دادەرێژن ، بۆ نمونە یانەی وڵاتانی خاوەن ئەتۆم، یا وڵاتانی بەرهەم هێنەری نەوت(اوپک) یا وڵاتانی ........ تەنها ئەوە بۆئێمە ماوە یانەیەک بۆ گەلانی بن دەست وبێ ناسنامە دابمەزرێنین ! تایبەتمەندیی ئەم یانەیە کارو ئەرکەکانی تایبەت دەبێ بە ناساندنی گەلانی ماف خوراوی دونیا و ئاشنابون بە مەینەتە کانی گەلانی ژێردەست، سودو بەرهەمی ئەم یانەیە ئەگەر ئاشنابون و پشتگیری وپەنا بۆیەکتر بردنیش نەبێ، ئەوا مسۆگەربە رسواکردن و پەردە هەلمالین لەسەر روی رەشی رژێمە دیکتاتۆرەکان تەواو دەبێ. یەکێک لەو گەلانەی لە بن دەستی ومەینەتی وناسنامە گوم بویی دا هاو شێوەمانە گەلی دارفورە لە سودان.

هەرێمی دارفور دەکەوێتە رۆژئاوای وڵاتی سودان لەگەل هەریەک لە لیبیا وئەفریکای باشورو چاد هاوسنورە لەم هەرێمە خێلەکانی بە رەگەز عەرەب

وئەفریکی دەژین لـە هـەمویـان گرنگتر(خێڵـەکانی الـفور) هـ کـە بـەهۆیـەوە هـەرێمـەکـە بـە نـاوی دارفوردەنـاســرێـت هـەروەهـا هۆزەکانی،الغـارە، المســاڵیت،البقارە،الزریقات، رەچەڵەکی هەندێکیان بۆ وڵاتانی دراوســێ دەگەڕێنەوە لەوانە بۆ چاد و ئەفریکای باشور.

ژمارەی دانیشــتوانی ئەم هەرێمە دەگاتە ٦ ملیۆن کەس روبەرەکەشــی بە ٥١٠ هەزار کم چوارگۆشە مەزندە کراوە.

کاتی خۆی ئەم هەرێمە ئیمارەتێکی ئیســلامی بو دوا ئەمیریان ناوی (دینار) بو ئەم فەرمانرەوایەتیە حوکمی خۆیان دەکرد تا هاتنی تورکەکان کە ١٠ ساڵێکی خایان لەم دە ساڵەتەدا خەلکی هەرێمەکە بەرگریی بەردەوامیان لە ناوچەکەی خۆیان دەکر لێرەدا ناکرێ باس لەو هەمو شـۆرشـانە بکەین کە خـەلکی هـەرێمـەکە پێی هـەلســاون تـەنها ئەوەنـدە نـەبێ کە بلێین ئـەم نـاوچـەیـە بـەدرێـژایـی مـێژو بـەهـۆی کـێشـــەو یـەکـنـەگـرتـنـەوەی بـەرژەوەنـدیـەکانناوچـەکـە ئـارامیی کـەم بـەخۆوە بینیوە بـەتـایبـەت لـەم ســاڵانەی دواییدا کە چەکدارە میلیشــیەکانی جەنجەوید بە پشــتگیری حکومەتی ســودان کاولکاریەکی ئەوتۆیـان بـەســـەر ئـەم هـەرێمـەدا هێنـا لەماوەی ســاڵانی ٢٠٠٣ تا ئیمرۆ زیاتر لـە ٢٠٠ دوســـەد هەزار کەســی لێکوشــتون، نزیکەی ٢.٥ دوملیۆن و نیویشــی لێ ئاوارەو دەربەدەر کردون خاک ودیهاتە کانیشــیان لێ خاپور کردون، تەنها لە مانگی رابردو ٤٦ هەزار کەسی سڤیلی هەرێمەکە لەسەر زێدی بابو باپیرانیان وەدەر نراون.

ئەم کارو تاوانانە بەبەرچاوی بەرپرسـانی حکومەتی سـودانەوە لەسـەر دەسـتی جەنجەویدەکان ئەنجام دەدران، بەهاوکاری لەگەڵ چەکدارە عەرەبەکانی هەرێمەکە بۆ گۆڕینی دیموگرافیەت و شـێواندنی ناسـنامەی رەسەنی رەگەزی زنجیەکان.

گێرانـەوەو ئـاشـکراکردنی زولم وزۆرداریـەکانی جـەنجـەویـد وحکومـەتی سـودان بەرامبەر بەم گەلە، لە بن نایەن لەمانە لەسـەر زمانی یەکێک لە سـتـەم دیدەکان دەگێرینـەوە کـە دەڵێ من دانیشـتوی گوندی ئاراوالا ی رۆژئاوای دارفورم ، کاتێک چەتەکانی جەنجەوید و میلیشـیا عەرەبەکان بەپالپشـتی سـەربازەکانی حکومەتی سـودان گەمارۆی گوندەکەمانیان دا و هاتنە ناوەوەی، سـەرەتا ئێمە ژنەکان هەمویان بەریز راگیر کردین دواتر بەریز لەداریان بەسـتاینەوە و هەمومانیان روت و قوت کردەوە هەرچی جلی لەبەرمان بو لەبەریان کردینەوە، دواتر پەلاماریان داین و دەستبازیان لەگەڵ کۆئەندامی زاوزێکانمان دەکرد ئەوسا دەستدرێژیان کردینەسـەر .. هـەمان ژن دەگێرێتـەوە دەڵێ ژمارەی ئـەوانـەی دەسـتـدرێژی سـکسـیـان کردەسـەرم لـە ٢٠تـا ٢٥ کـەس دەبون ، کچـە بـەچـاوی فرمێسـکـەوە دەگێرێتەوە دەڵێ دواتر گوندەکەیان لێ سـوتاندین خەلکەکەی تریش کە دانیشـتوانمان ٧٠٠٠ کەس دەبون ژمارەیەکی زۆریان لێ کوشـتین ئەوانی تریش لە تاو کوشتن و دەستدرێژیی سێکسی دا رایان کرد.

لە شـارێکی تری هەمان هەرێم بەناوی موکجار کە ئەویش لە رۆژئاوای دارفورە ژنێـک دەگێرێتـەوە دەلێـت کـاتێـک چـەکـدارەکـانی جـەنجـەویـد

وسەربازەکان  رووەو شوێنێکی نادیار راپێچیان کردم لە شوێنێک کە شوێن ئەشکەنجەبو لە ژورێکی تاریک دا مامم بەدی کرد کە بەدەستەکانی یەوە هەلواسرابو لە ژێریەوە تەندورێک دادەگیرسا، نزیکەی ٦٠ کەسی تریشم بە هەمان شێوەو لە هەمان شوێن بینی لەو ساوە سۆراخیم ون کردوە نازانم چیی لێ بەسەرهات، بەهۆی ئەم کارە درندانەیی و فاشیانەی چەکدارەکانی جەنجەوید کە حکومەتی سودان پەتی تاوانی بۆ سست کردبون ، لویس مورینو اوکامبۆ (داواکاری گشتیی دادگای تاوانەکانی دەولی لە لاهای) داوای دەستگیرکردنی هەریەک لە( احمد محمد هارون وعلی محمد علی عبدالرحمن) ناسراو بە ( علی کوشایب) لە دادگای تاوانەکانی دەولی لە لاهای کرد ،تۆمەتباری یەکەم کۆنە وەزیری ناوخۆی پێشوی سودان و سەرۆکی بیرۆی ئاسایش لەدارفوربو، بەلام جێی سەرسورمان و داخە کە ناوبراو ئێستا پۆستی وەزیری کاروباری مرۆڤایەتیی پێ سپێردراوە ،تۆمەتباری دوەمیش فەرماندەیەکی میلیشیاکانی جەنجەویدە، لویس مۆرینۆ دلنیای کردینەوە کە لە داهاتو فەرمانی گرتنی چەندین تۆمەتباری لەم شێوە دەردەکات .

مۆرینۆ لەهەولەکانی بەردەوامە بە ٩٤ لاپەرە تاوانەکانی جەنجەوید وسوپای حکومەتی سودانی پێشکەش بە دادگا کردوە، بەلام وەکو نەریت وسیستەمی هەمیشەیی دیکتاتۆرەکان دەسەڵاتدارانی سودان بۆ ئەم هەنگاوەی مۆرینۆ محمد علی الماردی وەزیری دادی سودان رەخنەی لە مۆرینۆ گرتوە دەلێ ئەم بەلگانە هەموی درۆ و هەلبەستراون. ناوبراو(محمد علی الماردی) پشت ئەستورە بە راگەیاندنە کەی سەرۆکی سودان عمر

البشــیر کاتێک ئەنجومەنی ئاســایشــی ســەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان لە ٢٠٠٥ داوای لـە دادگای لاهـای کرد لـەو تـاوانـە ی کـە دەرحـەق بـە گـەلی دارفـور کراون بکۆلێتەوە ئەم (عمر البشــیر) ســـوێندی خوارد کە هێچ لە تۆمەتبـارانی ســـودانی دەســـتگیر نـەکات، چونکـە ئـەو دەیزانی کـە نۆرەی ئەویش دێت بۆ ئامادەبون لەبەردەم دادگای تاوان لە لاهای .

بەلام مۆرینۆ لەسـەر کارەکەی سـورە و بڕواشی بە بەلگەو راگەیاندنەکانی خۆی هەیە بۆیە دەلێوەکو هەنگاوی یەکەم هەر دەبێ هارون و کۆشـــایب لەبەردەم دادگا ئامادەبن.

---

## نەتەوەی کورد

وەکو گەلێکی بن دەســـت و بێبەش لە مافە نەتەوایەتیەکان بێبەش لە پیادە کردنی کەمترین مافی تایبەتی خۆی گەلی کورد بە نمونەیەکی زیندو دەبینین .

خەباتی گەلی کورد لە پارچەکانی کوردســـتان خاوەنی دیرۆکیکی کۆنە کە دەتوانین بۆ ســـەردەمی بەر لە زاینی بگێرینەوە ، لەوکاتەوە کە لە٣٣٢ بەر لە زاینی پێشی لە هێرشی ئەسکەندەری مەکەدۆنی دەگرن رێگەی پێنادن بە داگیرکراوی لە ناوچەکانی کوردســـتان بمێنیتەوە ، بۆ خۆپاراســـتن و خۆ حەشاردان ئەوکات کوردەکان رو لە شاخەکانی کوردستان دەکەن .

دامەزرانـدنی دەوڵەت و میرنشـــینە کوردیەکانی لە ســـەدەی یەکەمەوە دەست پێدەکا تا سەدەی نۆزدەهەم بونیان هەبوە هەر یەکەی بە هۆکارێک لە ناو بردراون ئەمانەش بەشێکیانن :

(هۆزانیەکان لە ١٥ زاینیەوە تا ١١٦ی زاینی.

شەدادیەکان لە٩٥١ی زاینیەوە تا ١١٩٩ی زاینی

حەسنەویەکان لە ٩٥٩ وە تا ١٠١٥ ی زاینی

عەیاریەکان لە ٩٩٠وە تا ١١١٧ ی زاینی

مەرانیەکان لە ۹۹۰هوە تا ۱۰۸۹ ی زاینی

ئەیوبیەکان لە ۱۱۳۸ هوە تا ۱۳٤۱ ی زاینی

بەدلیسیەکان لە ۱۱۸۲ هوە تا ۱۸٤۷ ی زاینی

میرنشینی ئەردەلان لە ۱۱٦۹ هوە تا ۱۸٦۷ ی زاینی

میرنشینی بادینان لە ۱۳۷٦ هوە تا ۱۸٤۳ ی زاینی

میرنشینی سۆران لە ۱۸۱٦ هوە تا ۱۸۳۸ ی زاینی

میرنشینی بابانیەکان لە ۱٦٤۹ هوە تا ۱۸٥۱ ی زاینی)

دەوڵەتی ئەیوبیەی سەلاحەدینی ئەیوبی لە سەدەی یانزەهەم لە میسرو تا سوریاو ئێراق دەسەڵاتی هەبوە، دواییینیان کۆماری کوردستان لە مەهاباد بوە لە ۱۹٤٦ کە تەنها ماوەی یانزە مانگێک درێژەی دەبێ و لەسەر دەستی سوپای شای ئێران لە ناو دەبردرێ و سەرۆکەکەی کە قازی محەمەد بو لە سێدارە دەدرێ.

ئەمرۆش خاکی کوردستان دوای ژمارەیەک لە ململانێ و ناکۆکیەکانی داگیرکەرانی عوسمانی و فارسی لەسەر خاکی کوردستان لە ساڵی ۱٥۱٤ لە شەڕی جالدیران لە نێوان ئەو دوو ئیمپراتۆریەدا خاکی کوردستان دەکرێ بە دوو بەشەوە ، بەڵام لە سەدەکانی داهاتو لە ئەنجامی بە هێز بونی ئیمپریالیزمی رۆژئاوا جارێکی تر کوردستان بەسەر بەرژەوەندیی جۆراو جۆری تر دابەش دەکرێتەوە ، ئەم جارەیان وێرای قرتاندنی بەشێک لە

خاکی کوردستان بەشـەکەی تر بەسـەر چوار وڵاتدا دابەش دەکەن کە لە هەر چـوار وڵات بە ئـاگر و ئـاســـن داخـوازیەکـانی نەتەوایەتی و مـافە مرۆڤیەکانیان ســـەرکوت دەکرێ و ئەو پەری ســـتەمکاری و نادادپەروەری لەگەل ئەم گەلە پیادە دەکرێ ، ئەمە وێرای ئە بەیانە میژوییەی ســـەرۆکی ئەمریکای پێشـو ودرو ولسۆن (هەروەکو لە سـەرەوە ئاماژەمان پێێداوە) کە بە مەنەفێسـتە مێژوییەکەی چواردەخالی دێتە ناسین، دواتر ئەم لائیحەیە لە نەتەوە یەکگرتوەکانیش دانی لەســـەر نرا، لێ مخابن تا ئەمرۆ ئەم گەلە هەژارە نەلە خەبات وەسـتاوە نە داگیرکەرانیش لە دۆشـینی خێرو بێری ئەم وڵاتە وەستاون نەلە ستەمکاری وازیان هێناوە ، ئەم پرسەو ئەم  توێژینەوە نەک چەنـد لاپەرە بەلکو چەنـدین پەرتوک هەلـدەگرێ گەر بمـانەوێ بـاس لە مێژوی پارچە بون و داگیرکاریەکانی دوژمنانی دەرودراوسێ بکەین..

## دەسەڵاتەكانی دەوڵەت

دەوڵەت وەكو قەوارە بۆ بەڕێوەبردن دەبێ سازیەكی جێبەجێكار هەبێ تا كارو ئەركەكانی لە خزمەتگوزاریەوە تا ئاوەدانكردنەوەوبەرگری و پاراستنی ئاسایش و سەرو مالی هاوڵاتیان و پەیوەندیە دەرەكیەكان وبەرژەوەندیە ئابوری و سیاسیەكانی دەوڵەت و باقی ئەركەكانی ببا بەڕێوە. ئەم سازیە پێی دەوترێ حكومەت، كاری حكومەت وەزیرەكان دەیبەن بەرێوە هەندێك جار سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران لە بەرانبەر بە پەرلەمان لێی بەرپرسیارە هەندێك جاری سەرۆكی دەوڵەت، ئەم جیاكردنەوەش دەستوری دەوڵەت یەكلایی دەكاتەوە كە دوای دارشتنی سەرجەم هاوڵاتیانی وڵات كە تەمەنیان لە ١٨ ساڵ و بەرەو ژورە دەنگی پێ دەدەن .

كاتێك پەرلەمان ئەم دەستورە یا یاسایە دیاری دەكا پێویستی بە فەلسەفەی حوكمڕان هەیە پشتی پێ ببەستێ، لەسەر بنەمای كامە بیردۆزو هزری سیاسی ئەم رێچكەیە دارێژێ ، دیارە ئەندامانی پەرلەمانیش كە نوێنەری حزبەكان و هاوڵاتیە بێلایەنەكانن رەنگدانەوەی هزری حزبەكانیان بەسەریانەوە دەبی یا داب و نەریتی كۆمەلایەتی وبەرژەوەندی وڵات بۆ یەكلایی كردنەوەی ئەو ئاراستەیە لە دیالۆگ و وتووێژدا دەبن ، ئەگەر ئەم وڵاتە وڵاتێكی دیموكرات بێ خۆ ئەگەر وڵاتێكی نادیموكراسیش بێ ئەوا دەسترۆیشتوەكان بە هەوەستی خۆیان و بە پێی بەرژەوەندی مانەوەیان ئاراستەكە دەگۆڕن، لێرە دەمانەوە هەندێك لەو بیردۆزانە

دەست نیشان بکەین کە دەبنە بنەمای هزری دارشتنی دەستوری دەوڵەت و هەر ئەم دەستورەشە دەبێتە سەرچاوەی دەسەڵاتەکانی دەوڵەت.

**بنەماکانی دەسەڵاتی دەوڵەت**

-----------------------------

پاشــخانی بیرکردنەوەو هزرە ســیاســیەکان کە دەبنە بنەمای شــێواز و ئاراســتەکانی دارشــتنی دەســتور هەندێکیان ئاینین، هەندێکیان نەتەوی، هەندێکیان نیشتمانی، هەندێکیشیان ئارەزو مەندانەی تاک یا بنەماڵەین، لەم فرە پاشــخانی بیرکردنەوانە دوانیان لەم ســەردەمە باون بۆ دیاری کردنی سەرچاوەکانی دەسەڵاتی دەوڵەت:

- یەکێکیان پێی وایە میلەت سەرچاوەی دەسەڵاتە.
- ئەویتریشیان پێیّ وایە گەل سەرچاوەی دەسەڵات .

بۆ هەر یەک لەم دوو بۆچون وشــێوازەی کارکردن دیدی جیایان هەن، ئەوانەی میلەت بە ســەرچاوەی دەســەڵات دەزانن وەکو فرەنســا کە لە ١٩٥٦ لـە دەســتوری خۆیـدا ئـەمـەی جێگیر کردوەو میلـەتی (نـەتـەوەی فەرەنســی) بە ســەرچاوەی دەســەڵات دەزانێ چونکە بە دیدی هەلگرانی ئەم رێبازە هەموو ئەندامانی گەل نابێ مافی دەنگدان وخۆ هەلبژاردن و گرتنەدەستی دەسەڵاتیان هەبێ .

لە دیدی رێبازی دووەم کە گەل بە سـەرچاوەی دەسـەڵات دەزانێ زیاتر لە جۆری یەکەم دیموکراسـی پیادە دەکەن ئەوان هەمو خەلک بە شـایسـتە گرتنەدەسـت و بڕیاردانی شێوازی دەسـەڵات دەزانن هەر بۆیە مافی خۆیانە پرسیان پێ بکرێ و لە دانانی دەستورو هەلبژاردنی نوێنەرانی دەوڵەت رایان وەربگیرێ .

لەم روەوە دەکرێ بلێین دوو جۆرە بیردۆز لەم بوارەدا رۆل دەبینن:

**ا/ بیردۆزی تیوکراسی :**

به پێی ئەم بیردۆزە دەسـەڵاتەکان لەسـەر بنەمای ئاینی دەگرێتەدەسـت، ئەویش بەو بۆچونەی کە خواوەند راسـتەوخۆ دەسـتنیشـانی دەسـەڵاتدار دەکا بۆئـەوەی حوکمڕان بگرێتـە دەسـت، لـەم روەشـەوە دوو جۆرە بیرکردنەوەهەیە ، بیرکردنەوەی مافی خواوەندی راستەوخۆ ، بیرکردنەوەی مافی خواوەندی ناراستەوخۆ .

بـە جیـاواز لـەم دوو بیرکردنـەوانـە لـە هزری ئـاینپـەروەرانەی ئیسـلامی ئەوکاتەی بۆ یەکەم جار لە مەدینە پێغەمبەر (د.خ) دەوڵەتی ئیسـلامی دادەمەزرێنێ بە جۆرێکی تر دەسـەڵات گیراوەتە دەسـت. بەلام ئەوەی تا ئێسـتا یەکلایی نەکراوەتەوە شـێوەی جێگرتنەوەی دەسـەڵاتە لە دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر (د.خ) کە لە هەندێک لە ئایەتەکان ئاماژە بە کاری

(شـــوری) دەکا کەچی لە دوای مردنی (د.خ) ئەوکاتەی ناکۆکی دەکەوێتە نێوان خەڵکی مەدینەو خەڵکی مەکە لە جێگرتنەوەی ئیمامی عومەر دەست دەنێتە ناو دەستی ئیمامی ئەبوبەکر ودەڵێ (بایعتک) ئەوەندە بەس دەبێ کە خەلافەتی ئیسـلامی بدرێتە دەسـت ئەبوبەکری سـەددیق، دیارە تائێسـتاش شـیعەکان دان بەوە نانێن و خەلافەت بە مافی بنەماڵەی پێغەمبەر (د.خ) دەزانن بۆیە من پێم وایە ئەم سـیسـتەمە تائێسـتا لە نا وموسلماناندا کێشە ومشتومرانێی لەسەرە ، یەکلاکردنەوەی بۆ پسپۆرانی ئەم بوارە جێ دەهێڵم.

**ب/ بیردۆزە فەلسەفیەکان :**

بە گوێرەی ئەم بیردۆزە، سەرچاوەی دەسەڵات گەل دەبێ، یا نەتەوە ، بۆ هەر یەک لەم دوو بۆچونەش چەند لایەنێک قسەو نوسینیان بوە ، بەڵام ئەوەی تا ئێسـتا لە زۆربەی وڵاتانی دونیا پیادە دەکرێ و دیموکراسـیترین شێوازیشە شێوەی یا بیردۆزی دەسەڵاتی گەلە کە بەهۆیەوە هەمو تاکێکی دانیشـتوانی ئەو دەوڵەتە مافی دەنگدان وخۆپالاوتن دواتریش دەسـەڵات گرتنەدەستی هەیە .

ئەو کاتەی باس لە دەسەڵات وسەروەری دەوڵەت دەکەین دەبێ بزانین ئەم دەســەڵاتانە چ جۆرە حکومەتێک پێک دێنن و ئەم حکومەتانە لە ســەر چ هزرێک سیاسەتی حکومەتەکان دەبەن بەرێوە .

# هزرە سیاسیەکان لە سەردەمە جۆراو جۆرەکاندا

## یەکەم/ لە سەردەمی چەرخی کۆندا

------------------------------

چوار هەزار ساڵ بەر لە دایک بونی مەسیح هزری حوکمڕانی لە ناوچەی رۆژهەلات و بەتایبەتی لە **میسری سەردەمی فیرعەونیەکان** بریتی بوە لە هزری دەسەڵاتی پادشایەتیی خواوەندی. فیرعەونیەکان خۆیان بە نمایندەی خوا دەزانی، بۆیە هەمو دەسەڵات و بریارەکانی سەرزەویان بەخۆوە بە رەوا دەبینی، کەس بۆی نەبو لێپێچانەوە یان لەگەڵدا بکا و دەستور ورێنماکان پێویستیان بە نوسینەوە نەدەکرد چونکە ئەوەی پادشای فیر عەونیەکان بیان ویستایە دەسەڵاتی جێبەجێ کردنیان هەبو، خۆیان وەکو پارێزەری خاک ونیشتمان دەبینی بە نمایندەیی خواوەندەوە ، بەڵام سیستەم و بیرکردنەوەکان لە ئەوروپاو لە سەردەمی یۆنان و رۆمانیەکان بەم شێوەیە نەبو، ئەمە ئەوکاتە رودەدا کە پێغەمبەر پەترۆس دەردەکەوێ و پیرۆزمەندی بە دەسەڵاتی ئاین و فەرمانی خوا دەدا ، لە میسر ئەم هزرو بیرانە ئەوکاتە تێک شکان کە هکسۆس وڵاتی میسر داگیردەکا، ئەوسا ئەوەیان بۆ دەسەلمێندرێ کە ئەوەی فیرعەونیەکان دەیان وت گوایە کەس ناتوانێ وڵاتەکەیان داگیر بکا وئەوان تاکە پارێزەرو

دەسەڵاتن لەسەر زەوی بە پاڵپشتی خواوە ئەمەیان بە درۆو هەڵبەستراو دەرچو. ئیتر دوای داگیرکردنی لوتکەی دەسەڵات لە تاکە دەسەڵاتەوە دەبێتە فرە لوتکەو بریاری دەسەڵات و ئەو پیرۆزمەندیەی پادشای فیرعەونیەکان هەیان بو نایان مێنێ، لەوساوە فەلسەفەی دەسەڵات بەرەو ئاراستەیەک دەرواو بیری داگیرکاری وخۆ دەولەمەند کردن و یەکسانی کۆمەڵایەتی سەر هەڵدەدا .

**دووەم/ لە کشوەری ئاسیا**

لەو سەردەم و بە تایبەتیش لە هیندستان هزری سیاسی بریتی بو لە هزری پەیمانگەری واتە بەستنی هاوپەیمانێتی لە نێوان گەل و دەسەڵاتداران، بە هۆیەوە ماف و ئەرکی هەردوو لایەن دیاری دەکران، بەرژەوەندی و دەسەڵاتە کانیش بە رونی ئاماژەیان پێ دەدرا .

پابەند بونی حاکمەکان بە پاراستنی سەرو مال و خاکی هاوڵاتیان لە بەرانبەریش دا هاوڵاتیان پابەندی رێنماکانی دانی باج وسەرانە و بەشداری لە خزمەتی سەربازیدا بن ، بەلام هەر ئەو هزرە لەو سەردەمەدا بەسەر سیستەمی حوکمرانیدا زال نەبو بەڵکو چەندین بۆچون و دیدی تر لێرەو لەوێ پیادە دەکران کە لەژێر کاریگەری ئاین ورەوشتدا گۆران وشێوازی جۆراوجۆریان وەردەگرت، لەوانە بۆچونی تایبەت هەبون کە پیرۆزمەندی لە حاکمەکان بسێندرێتەوە ، ئەوان پارێزبەندی ئەوەیان نەبێ حوکمرانی

له ڕێگەی جێماوی( میراتەوە) بۆیان بمێنێتەوە واتە بەهۆی شـــیاو و کارایی خۆیانەوە لەم شوێنە بمێننەوە . دواتر لەڕوانگەی هەلوێستی سیاسەت لە ڕەوشـــت و ئاین چەند ڕاو بۆچونێک هەبون ، هەندێکیان لەگەل ئەوەدا بون لە پێناو سیاسەتدا ڕەوشت بکرێتە قوربانی یا بە پاساوی دەست گرتن بە ڕەوشـــت و نەریتەکانەوە شـــێوازی جۆراوجۆر بگرێتە بەر . هەروەها لە ڕوانگەی دیدی ئاینەوە لای هەندێک لایەن وبیرمەند وابو کە حاکمەکان پیرۆزمەندی ئاینیان بەســـەرەوەیەو لەلایەن ئەوان وخواوەندەوە پیرۆز کراون بۆیە دەبێ ســـیاســـەت بەر لە هەمو شـــتێک لە خزمەت ئایندا بێ ئەوسا کۆمەڵ .

ئەگەر ڕۆشناییەکی تەواو بخەینە سەر هزری سیاسەت لەو سەردەم و لە ناوچەو هەرێمەکانی تری ئاســیا دەبێ باس لە دۆخی ســیاســەت بکەین لە وڵاتی چین لەو ســـەردەم دا کە بە ســێ شـــێواز بیر لە ســـیاســـەت و حوکمڕانی دەکرایەوە:

١/ سکولاریزم .

٢/ خۆرازیکردن.

٣/ پراکتیکی .

بۆ هەریەک لەم ســێ ڕێبازو شـــێوازانە چەندین زاناو ڕێبەر وبیرمەندی بەناوبانگ هەبون کە پێشـــرەوایەتیان دەکردن لەوانە کۆنفۆشـــیۆس ومەنشیوس . بنەماو کەلتوری حوکمڕانی پابەند بون بو بە ڕەفتارو شێوازە

نەریتیەکان .

ئەمە وەکو کورتەیەک لە هزری سیاسی لەسەردەمی چەرخی کۆن .

**سێیەم/ هزرو سیستەمی سیاسیی حوکمڕان لە ئێران**

ئێران یا دەوڵەتی فارس لە مێژوی رابردودا بەهۆی پێکهاتە چینایەتیە کەیەوە دەتوانین بلێین کە بەبەراورد لەگەڵ هەرێم وناوچەکانیتر ئارامی وسەقامگیریی بەخۆوە بینیوە، لە سەردەمی خەسرۆ نەوشیروان لە ساڵەکانی ٣٥١ تا ٥٧٩ گەلی فارس یا ئێرانی دابەشی چوار چین ببون کە بریتی بونە لە :

١/ قەشەکان ٢ / دادوەرەکان ٣/ جەنگاوەرو فەرمانبەرەکان ٤/ جوتیارو وپیشەوەرەکان .

سیستەمی سیاسیی بەرێوەبردنیش بریتی بو، لە سەروی هەمویانەوە شاهنشا هەبو لە دوای ئەو چینی ئوروستوکرات کە بریتی بون لە پایەکانی دەستو بەندی شا ، دواتر سەرۆک وەزیرو ستافەکەی لە فەرماندەکانی سوپا وسکرتێرو قەشە مەزنەکانی وڵات، لە دوای ئەوان فەرمانداری ولایەتەکانو دواتر گەل بە پێکهاتەکانی ترەوە لە سەرباز وفەرمانبەرەکان و

پیشـــەوەرانی،  ئەمە بەر لە هاتنی ئاینی ئیســلام بۆ ئەو ناوچەیە بو، ئێرانیەکان یا فارسـەکان بۆ بەڕێوەبردنی وڵات کاریان بە سـیسـتەمی باج و ســـەرانەوەرگرتن دەکرد، هۆزی ماجی لە هەمو هۆزەکانی تریان پابەندی ئەو سیستەمە بون لە تەک باج وسەرانە هەندێک جارو لەکاتی پێویست چەند جۆرێکی تری تایبەتیی باجیان بەسەر خەلکدا دەسەپاند .

## چوارەم/ هزری سیاسی لای ئیمپر اتۆری رۆمانیی پیرۆز

ئیمپراتۆری رۆمانیی پیرۆزکە ماوەی ١١ ســـەدە بەردەوام دەبێ لە کارلی یەکەمی مەزنەوە (شــارلمان) لە خانەوادەی کارولینچیونەوە لە ســاڵی ٨٠٠ دەســـت پێدەکا تا فرانزی دووەم لە خانەوادەی (هابســـبورگ-لورین) لە ١٨٣٥، لەو ماوە درێژە جگە لەو دوو خانەوادە چەندین خانەوادەی دیکە دەســـەڵاتی ئیمپراتۆریەت دەگرنە دەســـت لەوانە خانەوادەی( بوزونید و کارولینجیە و ئوتروشــینگ و ئوتونییە و ســالیان و ســوبلینبورگ و هۆهنشـتاوفن و لوکسـمبورگ و فیتلسـباخ و  هابسـبورگ و دواییینیانیش هابســـبورگ-لورین بوو) ئەوان بە دیدێکی جیا ســەیری ســیاســەتی حوکمڕانیان دەکرد بۆیە درێژە بە مانەوە دەدەن ، وێڕای چەند تایبەتمەندی و دیســپلینێکی تایبەتی شــێوازەی حوکمڕانیان وابووە کاری ئیداری وســەربازیان لەیەک جیا کردبوەوە، فەرماندەی ســەربازی بەجیا

نەیدەتوانی هەمو دەسـەڵاتەکانی وڵات ببا بەڕێوە، لەتەک ئەو بەرپرسـی مەدەنی هەبوو ئەرک و کارەکانیان لە نێوان خۆیاندا دابەش کردبوو، بە نموونە لەتەک وەزیری دارایی دوو یاریدەدەر هەبون؛ یەکێکیان بۆ کاروباری دارایی دیوانی ئیمپراتۆر، ئەویتریان بۆ سـامانەکانی ئیمپراتۆریەت، بەم شـێوە لە بوارەکانی دیکەو ئەمەش دەبنێتە هۆکاری سـەرەکی مانەوەیان تەمەنە درێژە.

مەرجیش نەبوە ئیمپراتۆر هەموو جارێک لە یەک خانەوادە یا دەوڵەت هەڵکەوێ دەوڵەتەکان هەریەکەو نیمچە سـەربەخۆییەکیان هەبوو لە ژێر سـایەی پادشـاکانیاندا بەلام لە روی پابەندیو قەوارەی ئیمپراتۆریەوە هەموویان لە ژێر سـایەی یەک ئیمپراتۆر بوونە هەرکاتەی ئیمپراتۆرێک کۆچی دوایی دەکرد بە جێماوی بۆ کورەکەی یا بەرکەوتەیەکی دیکەی دەمایەوە ، ئەگەر گرفتێکی تەکنیکیش هەبوایە بە هەڵبژاردن لە نێوان پادشـاکانەوە ئیمپراتۆر دیاری دەکرا ئەمەبوو هۆکاری ئەوەی جاری وابوە ئیمپراتۆر لە نەمسـا هەڵکەوتوە جاریش بووە لە ئیسـپانیا یا فرەنسـا یا ئەڵمانیا یا هەنگاریا یا ئیتالیا.

# دەوڵەتی عەرەبی بەرلە ئیسلام

بەر لە ئیســـلام شـــتێک نەبوە ناوی دەوڵەتی عەرەبی بێ تەنها ئەوە نەبێ هەندێک خێڵی قورەیش و خەزرەج وســـەبەئی لە جەزیرەی عەرەبی بونیان هەبوە، ئەوان بەهۆی ئەوەی ژیانیان لەســەر کۆچەری ومەرومالات بەخێو کردن بو، ســـیســـتەم و قەوارەیەکی دیاریان نەبو بەناوی دەوڵەت بێ ، هۆزی قورەیش کە لە هۆزەکانی تر بەهۆی بازرگانی لە نێوان وڵاتی فارس وحەبەشـــەو رۆمدا هاتو چۆیان دەکرد جیاواز بون، هەندێک چاوکراوەتر بون، ئەوکاتەی هۆزی ســەبەئی لە ناوچەکەیاندا بەنداوێکی ئاو دروســت دەکەن بەهۆیەوە ناوچەکەیان بەراو دەبێ و ئاوەدانیەکی زۆری دەکەوێتێ تا دوای چەند ســـاڵێک بەنداوەکە کۆن دەبێ و دەرمێ ئیتر وشـــکایی دەکەوێتە ناوچەکە وبەهۆیەوە هۆزەکان بەرەو حیجاز وشام وئێراقی ئەمرۆ کۆچ دەکەن، بۆیە دەبینین عەرەبەکان بە سێ دەستەواژە دێنە ناسین :

١/ عەرەبی لەناوچو (بائیدە) ئەو عەرەبانە دەگرێتەوە کە کۆچەرو رەوەند بون، ئێســتا هیچیان لەســەر نازانین چارەنوســیان بەچی گەیشــتوە بۆیە ئەمە جێ دەهێڵین.

٢/ عەرەبی عەرەب، ئەمانە ئەو عەرەبانە دەگرێتەوە کە لە هۆزە رەســـەنەکانی عەرەب بون پێیان دەوتن قەحتانی ، ئەمانە لە یەمەن دادەنیشتن بریتی بون لە هۆزەکانی جەرهەم ، یەعروب ، ئەویش دەکرا بە

دوو تیره، کەهلان وحەمیره ، دواتر ئەمان لە ئەنجامی بەدەســەڵات بون چەند پادشا نشینێک دادەمەزرێنن وەکو سەبەئی وحەمیره و هیتر .

٣/ عەرەبە بە عەرەب کراوەکان ، ئەمەش ئەو عەرەبانە دەگرێتەوە کە پێشــتر لە نەتەوەی تر بون بەهۆی داگیرکاریەکانی ئیســلامی وتێکەلاویان لەگەل نەتەوەکانیتر بونەتە موســلمان وبە عەرەب بوین ، یەکێک لە مێژونوســانی بەناوبانگ بەناوی ویلز لە پەرتوکی ( ســیماکانی مێژوی مرۆڤایەتی)دا دەلێ نیشــتمانی عەرەب بەر لە ئیســلام جگە لە تیلمە خاکی یەمەن کە خاکێکی بە پیت وکشــتوکالی بو دەنا جگە لەو ناوچەیە هەموی خاکێکی ووشــک وبێ بەروبوم بو، تەنها لەو شــوێنانەی کە بیری ئاوی تیابو دەنا نیشــتەجێیی و ژیان لە هیچ شــوێنێک بەدی نەدەکرا، تا ســەدەی حەوتەمی زاینیش هەر وابوە واتە تا ســەردەمی هاتنی ئیســلام . ســیماو دیاردەی حالەتی سیاسی وکۆمەلایەتی وئاینی عەرەب بەرلە دەرکەوتنی ئاینی ئیسلام بەم شێوەیە بوە :

نەبونی یەکیەتیی ســیاســی ، چونکە کۆمەلگاکەیان کۆچەرو رەوەند بون، هیچ یەکیەتیەکیان لەناودا نەبو، بێ پادشای بەهێز بون ، سەرەرای ئەوەی بەر لە ئیســلام چەندین پادشــا هەبون بەلام هێزیان ئەوە نەبو کە جگە لە ســنورەکانی خۆیان دەســەڵاتیان بەســەر هیچ ناوچەیەکدا هەبێ لەو میرنشینانە :

میرنشــینی معین.. میرنشــینی ســەبەئ ، یەکەمیان لە دووەمیان دەولەمەندتر وبەدەسەڵات ترو بەهێزتر بو، هەروەها میرنشینی میر وحیرەو

غـەســـان وحیجـاز هـەمو ئـەو میرنشـــینـانە چـەنـدین جـار لـەلایـەن دوژمنـانیـانـەوە داگیرکراون ، تـەنها ئـەوەی بـەدرێژایی ســـەربـەخۆیی خۆی پاراســـتوە میرنشـــینی حیجاز بوە، تەنانەت ئەســـکەندەری مەقەدۆنیش نەیتوانیوە ئەم میرنشـــینە داگیربکا، هەر ئەمەش بوەتە هۆکاری ئەوەی کە بتوانن زمان وکەلتوری خۆیان بپارێزن وپیرۆزمەندی مەکەش لە ئەســـتۆی ئـەوانـدا بمێنێتـەوە ، تیرەی خوزاعـە کـە ســـەرپـەرشـــتی وبـەرپرســـیارێتی مەکەیان دەکرد تا ئەوکاتە دەسـەڵاتی لەدەست دەبێ کاتێک قورەیشـەکان بەهێز دەبنەوەو مەکەیان لەدەســـت دەردەهێنن ئەمە لە ســـەدەی پێنجی زاینیدا دەبێ و بەتەواوەتیش لە ساڵی ٤٤٠ ی زایینی، کاتێک قوسەی کوری کلاب هێرش دەکاتە ســـەر هۆزی خوزاعەو مەکەیان لێدەســـێنێتەوە ئیتر مەکە رێک دەخەن و کاری بەڕێوەبردن و حوکمڕانیەکەیان بەم شـــیوەیە دادەرێژن کە شوێن حکومەت دەگرێتەوە :

١/ ماڵی کۆڕەکان ( دار الندوە ) وەکو یانەی قورەیشـــیـەکانە ریش ســـپی ومەزنەکانیان لێی کۆدەبونەوە .

٢/ لیوا ، شوێنی کۆبونەوەی فەرماندە سەربازیەکانیان دەبێ .

٣/ رەفادە ، وەکو خواردنگەو شوێنی ناندانی خەلک دەبێ .

٤/ سەقایە ، شوێنی رێکخستنی ئاوپێدانی خەلک دەبێ (ئاوی زمزم ) .

٥/ حجابە شوێنی پێسپاردن وبەرپرسیارێتی کلیلی کەعبەو پەردەپۆشکردنی دەبێ .

دوای مردنی قوســـەی کارو راســـپاردەکان دەگۆڕێن و بەشـــێوەیەکی تر ڕێکدەخرێن تا ئەوکاتەی ئاینی ئیســـلام لەســـەر دەســـتی پێغەمبەر(د.خ) موژدەی رادەگەیندرێ .

ئەگەر بمانەوێ وێنەی دەوڵەتی ئیسلام بکێشین دەبێ بەگوێرەی ئەوەی لە قورئاندا هاتوە بە کورتی باســی لێوە بکەین ، دیارە کە ئایەتەکانی قورئان وتەکانی پێغەمبەر بۆ موسلمانان بونە دەستورو ڕێنمای دارشتنی پەیرەوی دەوڵەت وسیستەمی بەڕێوەبردنی ، پێغەمبەری خوا(د.خ) موحەمەد کوری عەبدوللا ی کوری عبدولموتەلیب لە تەمەنی ٤٠ ســاڵیدا یەکەم ســورەتی وەحیی لە خواوە لە ڕێگەی جوبرائیلەکانەوە بۆ دێتە خوارەوە، ئەوکاتەی لە ئەشکەوتی حەرا خلوە دەکێشێ یەکەم سورەت سورەتی (فلق) بوە کە پێی دەڵێ اقرائ ... ماوەی ١٢ ســاڵ و چەند مانگێک مێغەمبەری خوا(د.خ) لە مەکە دەمێنێتەوە ئامۆژگاری خەلک دەکا بۆئەوەی رو لە موســولمانێتی بکەن وبڕوا بە ئاینی ئیســـلام بێنن ، تا ئەوکاتەی بۆی کرابێ بە نەرمی وشـــێنەیی خەلکی هانداوە بۆئەوەی بچنە ناو ئاینی خواوە، بەلام نەیارانی فشـارو پالەپەستۆی زۆری دەخەنە سـەر ناچاری دەکەن لەوێ کۆچ بکا، بەر لە کۆچکردنی فەرمان بە یاوەرو باوەڕپێکراوەکانی دەدا کە رو لە حەبەشـــە بکەن بەلام ئەوان دوای ئەوەی دەچنە حەبەشـــە ماوەی سـێ مانگێک دەمێننەوە دواتر گوایە دۆخەکان ئارام بونە دەگەڕێنەوە، کەچی دۆخەکان روەو خەراپی دەچون بۆیە پێغەمبەر (د.خ) فەرمان دەدا کە رو لە یەسـروب بکەن و لەوێ هەم ئاینی خوا بلاو بکەنەوە هەم ڕێخۆشـی بۆ بکەن تا ئەگەر لە مەکە نەحەوایەوە ئەوا ئەویش بێتە ئەوێ ، دیارە قەدەر

هەر وادەبێ کە لە ســاڵی ســیانزەمین کاتێک لە بەیعە عەقەبەی یەکەم ودوەمدا چەند کەســێک بڕوای پێدەکەن ئیتر ئەویش بەهۆی نارەحەتیی لەمەکە لە ساڵی سیانزەمی وەحیدا رو لە مەکە دەکا بە گەیشتنی بۆ مەکە دۆســت و یاوەرو بڕوا پێکراوەکانی دەوری دەدەن، ئیتر یەکەم بەردی بناغەی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیســلامی لە مەدینە دادەمەزرێنێ و خۆی دەبێتە سەرۆکی ئەو دەوڵەتە .

لە مەدینە پێغەمبەر (د.خ) بە ئاراســتەیەکیتر لەگەل خەلک دەدوێ و ســورەتەکانی بۆی دادەبەزن بە شــێوازێکی تر دەبن جیاوازیی نێوانی سورەتەکانی مەکە ومەدینە بریتین لە :

لە مەکە ســورەتەکان بە ( یا ایها الناس ) دەســتیان پێ دەکرد، بەلام لە مەدینە بە ( یا ایها الذین امنو ) دەســت پێ دەکرد، ســورەتەکانی مەکە کورت ، هی مدینە درێژ بون، هی مەکە بە پرســیارو وەلام بون، هی مدینە رێنماو ئەحکام وفتوا بون . ئەمانەش دیارە هەموی حیکمەتی خۆیان هەیە.

تێروانینەکانی ئیســلام بۆ ســیســتەمی حوکمڕانی و دیموکراســیەت و یەکســانی و مافی مرۆڤ لە دەقەکانی قورئان و هەلس وکەوتەکانی پێغەمبەر (د.خ) هەمووی ئاماژە پێدراوە، لە پێنا و پیادە کردنی دیموکراسی و یەکســانی وئازادی رادەبریندا ئیســلام رێنماکانی بەســەر دوو پۆلیندا دابەش کردوە کە هەندێکیان بە ( تەوفیقی)دەناسرێن و هەندێکیشیان بە (تەوقیفی)، ئەو ئەحکام و رێنمایانەی پەیوەندیان بە ژیانی دونیاوە هەیە

بە تەوفیقی دەبن بەلام ئەوكارانەی پەیوەندیان بە ئاینەوەهەیە بە (تەوقیفی )ن بۆیە دەبینین لە ئیسلام دا دەڵێ ( وامرهم شـوری بینهم) واتە كارەكانتان بە راوەرگرتن ئەنجام بدەن ،ئەم بەندە تەنها بۆ كارە دونیاییەكانە وەكو راپرسی لەسەر جەنگێک یا وەرگرتنی راو بۆچون لەسەر بابەتێكی رۆژانە كە دەكرێ بە پێی رۆژگار یا شـوێن بۆچونی جیا پیویسـت بكا، دیارە ئەم حوكمەش چەند سودێكی بوە وەكو:

١- بۆ دلنیایی یاوەرانی لە كاتی جەنگدا.

٢ - بۆ ئەوەی رای شـایسـتە و دروسـت لەم كات و شـوێنە ببێتە بڕیاری كارپێكراو .

٣ - بۆئەوەی بزانرێ كام لە راكان سودی گشتیی تیایە .

لەم روەوە چەندین ئایەت دابەزیون ( والذین اسـتجابو لربهم واقاموا الصلاه وامرهم شوری بینهم )

هیچ بوارێک نەماوە كە ئیسلام بە رونی وبە وردی باس لە رێنما چاكەكان و رەنگدانەوە خەراپەكان و رێنماكانی خۆلادان لە كارە دزێو و خەراپەكان نەكا، لە روی كۆمەلایەتی سـەربازی ئابوری و بازرگانی و ئیداری ودەوڵەت بەرێوەبردن و دیل و نەتەوەی ناموسـلمان، ئەم رێنمایانە هەمووی لەسـەردەمی پێغەمبەری خوادا (د.خ) دارێژراون بەلام لێكدانەوە و وردبونەوە لەسـەریان بە یاسـای تایبەت قالبرێژكراون كە لەسـەردەمی خەلیفەكانی راشدین زیاتر گرنگی بەم بوارە دراوە.

دوای مردنی پێغەمبەر(د.خ)  فیتنە و نائارامی لە نێوان موسڵمانەکاندا لەسەر شوێنگرتنەوەی حوکمڕانی  دروست بو.  هەندێکیان دانیان بە جێگیرەوەی پێغەمبەر (د.خ) کە ئەبوبەکری سەدیق بو دا نەدەنا، تەنانەت هەندێک لە عەرەبەکان بانگخوازی پێغەمبەرایەتیشیان دەکرد، بەو هۆیەوە  موسڵمانەکان بەسەر دوو بەشی سەرەکی دابەش دەبن  ،( شیعە و سونی)  لە دوای مردنی پێغەمبەر (د.خ)  کێشەکان نابڕێنەوە،   کۆتایی قۆناغێکی گرنگی کێشە و ململانێکان بە کوشتنی عوسمان کوری عەفانی خەلیفەی سێیەمی موسڵمانەکان هات ، دوای ئەو کاتێک ئیمامی عەلی دەبێتە خەلیفە و ئیتر کێشە و شەڕ و پێکدادان لە نێوان موسڵمانەکان بە سەرۆکایەتی ئیمامی عەلی و معاویە رودەدا،  ئەویش بە قۆناغی دووەمی کێشە و ململانێکان دێتە ئەژمار کە بە کوشتنی کورەکانی ئیمامی عەلی تەواو دەبن .  بەلام ئەوانەی لە ئیسلام هەڵگەڕانەوە شەپۆلیان لە زیادە و توندبون دابوو، تا ئەوکاتەی (سهیل کوری عمرو ) لە مەکە هەڵدەستێ و دەڵێ گەلینە مردنی پێغەمبەر (د.خ)  تەنها ئیسلامی پێ بەهێز و یەکگرتو دەبێ بۆیە بە هانای ئەبوبەکر دا بچن و پشتگیری بکەن، ئەوەبو ئیتر خەلکی مەدینەش هەست دەکەن کە بەتەنیا نین بۆیە وردە وردە ئیسلام دەکەوێتەوە سەرپێ دەنا لەوپەری لاوازیدابو کە لایەنگرانی تەنها لە مەکەو مەدینە مابونەوە .

توندترین ئەوکەسانەی لە موسڵمان هەڵگەڕابونەوەو و بانگخوازی پێغەمبەرایەتیان دەکرد  (موسەیلمەی کەزاب ) بو کە چەند هۆز و تیرەیەکی لە خشتە بردبون و لەژێر  دەسەڵاتی خۆی کۆکردبونەوە،

موسـەیلمە لە سـەردەمی پێغەمبەریشـدا (د.خ)  هەمان هەلوێسـتی هەبوو بـەلام دوای مردنی زیـاتر کـەوتـە جولـە و خۆ  ئـامـادەکردن تـا ئـەوکاتـەی ئـەبوبـەکر ئـەم هـەلگـەڕنـەوە بـە مـەترسـی دەبینێ بۆ سـەر یـەکریزی وچارەنوسی ئیسلام ، ناچار دەبێ  لەشکرێکی بەهێز بە سەرۆکایەتی خالید کوری وەلید بنێرێتە سـەری لە شـەڕی (عەگرمە)، دوای شـکسـتهێنانی لەشکری موسەیلمەی کەزاب خۆی بەدەستی وەحش دەکوژرێ ، لە کاتێکا موسـەیلمە بکوژی حەمزەی مامی پێغەمبەر (د.خ)  بو کە لە شـەڕی ئوحد بە دەستە نەگریسەکانی ئەنجامی دابوو .

بەلام لە ئەنجامی ئەو دوو بەرەکیەی موسـلمانەکاندا چەندین حزب و گروپی شـەڕکەری بەرهەلستکاری  فەرمانڕەوایی ئیسلامی دروست بون، لە سـەروی هەمویانەوە دانپیانەنانی معاویەی کوری ئەبو سـوفیانی والی شـام بوو بە خـەلافـەتی عـەلی کوری ئـەبی تـالیب ، لـە دوای ئەوەش جیا بونـەوەی گروپەکەی زوبێر و تـەلحـە و عـائیشـە،  کە دوانیـان لـە شـەڕی روبەروبونەوە لە پێگەی وشـتردا دەکوژرێن وعـائیشـەش بە دیلی دەگیرێ دواتر ئازاد دەکرێ، هەروەها دەرچونی کۆمەلێک بەناوی ( خەواریجەکان) لـە نـاو لایـەنی ئیمـامی عـەلی کـە دژی هـەردوو لایـەنی ئیمـام عـەلی و معـاویـە دەجەنگان ، ئەمەو  سـەرهەلدانی حزبی زوبێریەکان کە کوری تەلحە بوو، دوای مردنی معـاویـە ئـەویش داوای خـەلافـەت دەکا ، لـە دوای ئـەوانیش کۆمەلی دابڕاوەکان دێت ( المعتزلە) ئەمانیش ئەو کەسـانەبون کە مەیدانی جـەنگی نێوان ئـەمـەوی و عـەلـەویـەکانیـان جێهێشـت و لایـەنگری هیچ لایەنێکیان نەکرد خۆیان لە کێشـەی سیاسیی هەردوو لایەن دور راگرت و

رویان لە مزگەوتەکان کرد، بەلام لەگەل خەواریجەکان لە هەندێک رو یەکیان دەگرتەوە .

بەم شـــێوەیە دەبینین کە ئیســـلام لە دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر (د.خ) توشی پەرتەوازەیی ودوبەرەکی دەبێ کە تا ئەمرۆو دوای زیاتر لە ١٤٠٠ ساڵ ئەم ململانێ و یەکتر نەخوێندنەوەیە هەربەردەوامە بەلام دیارە دونیای سەردەم گۆراوە ناکرێ لەشکرکێشی لەم سەردەمەدا بۆ سەریەکتر بکەن وشـێوازێکی تری سـەردەمیانە و تەکنەلۆجیانە و بەرژەوەندی پارێزیانەیان وەرگرتوە دەنا بۆ هەندێک لە چالاکوانەکانی ئەم دو لایەنە ململانێکان توندتر و گەرم ترن .

لەروی مامەلەکردن لەگەل خەلکدا ســیســـتەمی ئیســـلامی کە خۆی لە یاســـا دارێژراوەکانی ناو قورئان وگوتەکانی پێغەمبەردا (د.خ) دەنوێنێ ســێ جۆرە مامەلە هەبوە:

یەکەمیان / لەگەل موسلمانەکان .

دوەمیان/ لەگەل هاوپەیمانەکان.

سێیەمیان / لەگەل کافر و هەلگەڕاوەکانە.

لەگەل یەکەمیان مامەلەی بەزەییانە و بە گیانی لەیەک بوردن دەبێ، کێشـەکان نابێ بگاتە ئاسـتی شـەڕو بەگژیەکدا چون چونکە خودا شـەڕی موسلمان لەگەل موسلمانی حەرام کردوە .

بۆ بابەتی دووەم ئەگەر هاوپەیمانی موســلمانەکە لە پەیمانەکانی خۆی پاشگەز بووەوە ئەوا بە هەلگەڕاو دێتە ئەژمار ئەوسا شەڕ دژی حەلالە .

بابەتی ســێیەم دیارە دەبێ لە ڕێگەی شــەڕو بەگژداچون مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ چونکە ئەوان لە پەیمانەکانی خۆیان پەشــیمان بونەتەوە و لە ئیسـلام هەلگەڕاونەتەوە یا بڕوایان بە ئاینی ئیسـلام نییە وەکو دوا ئاینی خوا.

بۆ یەکسـانی، ئیسـلام هەمو ڕەگەزەکانی یەکسـان کردوە، بەر لە ئیسـلام مامەلەی کڕڕن و فرۆشـتن لەسـەر کۆیلەکان هەبوە بەلام بە هاتنی ئیسـلام وردە وردە کار بۆ نەهێشــتنی ئەم دیاردە کراوە تەنانەت لە کاتی شــەڕەکانی موســلماندا کاتێک دیلەکان دەســتگیر دەکران پێغەمبەری خوا (د.خ) فەرمانی دەدا کە دیلەکان نەکوژرێن لە بری ئازاد کردنیاندا ١٠ ڕۆلەی موسلمانەکان فێری خوێندن بکەن و ئازادیان کەن .

# بەشی دووەم

# شێوازی حوکمڕان لە کۆندا

# هزرو شێوازی حوکمڕان لە کۆندا

یۆنانەکان لە حەوت سەدە بەر لە زاین لە دۆخێکی ئەوپەڕی دیاری کۆمەڵگای ئەرووپیدا دەژیان ، یۆنان هەروەکو ئەو دورگانەی کە بە پەرتەوازەیی دروست ببون ئاوەهاش کۆمەڵگای یۆنانی هلینی لە شێوەی خانەوادە لە دۆڵ و دورگەکان کۆمەڵ کۆمەڵ دەژیان، سیستەمی خانەوادە و بەڕێوەبردنی خێزان و بەرپرسیارێتی لەلایەن مەزنی ئەوخێزانە پیادە دەکرا، خێزانێک لێرەو یەکێکیتر لەوێ کۆمەڵگا و وڵاتێکی پان و بەرینیان پێکهێنابوو، ئەم سیستەمە پەرەی سەند تا ئەم خێزان و بنەماڵانە بون بە کۆمەڵگایەکی سەربەخۆی خاوەن سیستەمی تایبەتی، بە گەشەسەندنیان دەوڵەتی شاریان پێکدەهێنا، هەر دەوڵەتەی دەسەڵات و هێز و سیستەمی حوکمڕان و پادشای خۆی هەبوو، سەرۆک و فەرماندەی شارەکان دەبوایە پیاوی بەهێز و ستەمکار بن، بە تەواوەتیش کەسانی مۆنارکیبن (پادشاخواز) تا سەردەمانێکی زۆر دوای سەدەیەک و دەتوانین بڵێین هەموو شارەکانی یۆنان لە سیستەم و فەلسەفەی حوکمڕانی سیاسیاندا لەیەک دەچون تەنها دوو دەوڵەتی ئەسبرتا و ئەسینا نەبن کە هەریەکەیان سیستەمێکی جیای حوکمڕانیان هەبوو، شێوەی هەڵبژاردنی حاکم و دەنگدانی ئەسبرتیەکان کە لە سێ چین پێکهاتبون:

١ ئەسبرتی

٢- پاریۆیکۆیی

٣- هیلۆتسی. تەنها یەکەمیان مافی دەنگدان وحوکمگرتنەدەستی هەبوو، بەپێی سیستەمی حومرانیان کۆمەڵگای ئەسیناش لە دوو چین پێکهاتبون:

١ - ئازادەکان .

٢- کۆیلەکان، ئەمانیش تەنها ئازادەکان مافی دەنگدان وحوکمڕانیان هەبوو .

تا ماوەی سەدەیەک ئەوساتەی ململانێ دەکەوێتە نێوان ئۆروستکرات و خانەدانەکنەوە زانای یۆنانی سۆلۆن داوادەکات پلەو پایە حکومیەکان بە ئاستی سەرمایەوە ببەسترێتەوە واتە ئەوەی زیاتری هەیە پلەی بەرزتری بدرێتێ ، ئەم بانگخوازیە دەبێتە مایەی دروستبونی بەرهەلسکاری وململانێ لە نێوان چین و توێژەکان بەتایبەتیش پادشاو ئوروستکراتەکان، لە ئەنجامدا ئوروستوکراتەکان لەگەل چینی گشتیی گەل یەکدەگرن دژی پادشاکان، ئیتر بیری ئازادی وديموكراسی سەرهەلدەدا هەر ئەم سەرهەلدانەش دەبێ کە دەبێتە مایەو بنەمای گۆرانی سیستەمی حوکمڕان لە سەرتاپای ئەوروپا، بەلام بە تین وئاستێکی جیاوە بەتایبەتیش کاتێک زانای وەکو ئەرستۆ و ئەفلاتون و سوکرات دێنە مەیدان و رێنما و فەلسەفەی سیاسی بۆ گەل دادەرێژن .

هەروەکو پێشتر یش ئاماژەمان پێی دابوو یۆنانی ئەوکات بریتی بو لە چەند

کۆمەڵگایەک لێرە و لەوێ بەناوی دەوڵەتی شـــار هەریەکەی بۆخۆیان سیستەمێکی کۆمەڵایەتی و ئاینی تایبەتیان هەبو ، لەروی کۆمەڵایەتیەوە کرابون بە ٣ چین :

١/ چینی کۆیلە کان .

٢/ چینی هاوڵاتیان .

٣/ جێنیشە بێگانەکان .

لەروی سیستەمی سیاسیشەوە کۆنگرەی گشتیان هەبو، لە رێگەی هەلبژاردنەوە دروست دەبو ئەمەش دەکرا بە سێ دەزگای تایبەتی :

١/ دەزگای نوێنەرایەتی وئەنجومەنی ٥٠٠ کەسی.

٢/ دادگاکان ئەویش لەلای خۆیەوە بەســەر چەند ئۆفیس ودەزگایەکی چاودێریدا دابەش دەبو.

زاناو بیرمەندە بەناوبانگەکانی ئەوسەردەمی ئەغریق سوکرات وئەفلاتون وئەرســتۆ بون، ئەفلاتون بیرو هزرەکانی ســوکرات لە چەندین پەرتوکدا قالبرێژ دەکا ودەیانکا بە رێنماو بنەمای حوکمڕانیی ئەوســەردەم ، پەرتوکەکانیش ( ســیاســەت وکۆماری و یاســا )بون ، لە دوای ئەویش ئەرستۆ بە دەستکاریەوە درێژەی بە بۆچونەکانیدان کە لێرە ناتوانین بچینە ناو وردەکاریەکانیەوە ، بەلام پوختەی بۆچونەکان بریتی بون لە دامەزراندنی دەوڵەتی میســاڵی و دابەش بونی حکومەت بەســەر چەند

جۆرێکدا وەکو:

حکومەتی ستەمکار .

حکومەتی ئۆلیگارکی .

حکومەتی دیموکرات .

حکومەتی تیوکرات .

حکومەتی تۆتالیتار.

ئەفلاتون وئەرستۆ کە بە زانا و بلیمەتی بواری سیاسەتی دەوڵەت دەناسران شاگردی سوکرات بون بەلام سوکرات بیردۆزو بۆچونەکانی خۆی نەنوسیبوەوە، سەبارەت بە دەوڵەت وحکومەت وشێوەی بەرێوەبردن ودامەزراندنی بەدیدی ئەرستو باشترین دەوڵەت دەوڵەتی دەستوریە، لە کاتێکدا ئەفلاتون دەوڵەتی میسالی بە باشترین دەوڵەت دەزانێ ، دەوڵەتی دەستوری لای ئەرستۆ بریتیە لە وشێوە دەوڵەتەی کە رەچاوی پارسەنگی چەندایەتی وچۆنایەتی لە دەسەڵاتی سیاسیدا کرابێ کە هەردوکیان هۆکاری مانەوەو لەبنچونی دەوڵەتن، چەندایەتی لە رێژەی چینی بنکەی جەماوەری دەوڵەت، چۆنایەتیش لە رێژەی سیاسیی دەوڵەت کەبە سامان وسەروەتی چینی دەسەڵاتدار دەزانێ .

هەردو زاناو فەیلەسوفی سەردەمی یۆنانەکان ئەفلاتون و ئەرستۆ کاریگەری زۆریان هەبوە لەسەر فەلسەفەی سیاسیی حوکمڕانی کە

خۆیان لە فەلسەفەی، پتەوکردن وگرنگی پێدانی پەیوەندیەکانی نێوان جەماوەرو دەسەڵات سەرقاڵ کردوە، لای ئەوان فاکتەری گۆرانی ئەرێنیی حوکمڕان و ئاسودەیی بون و گرنگیدان بە زیاتر بەشداری کردنی خەلک لە بنیادو بەڕێوەبردنی دەوڵەت و پیادەکردنی سیستەمی یەکسانی لە نێوان هەموو هاوڵاتیەک کە پێشتر کۆیلەو بەشێک لە هاوڵاتیان مافی دەنگدان وبەشداری کردنیان لە هەلبژاردنەکاندا نەبوە .دەبینیەوە .

لای ئەوان نمونەی دەوڵەتی شار باشترین نمونە بو کە بە دەوڵەتی دابینکردنی پێداویستیەکانی خۆی دەناسرا ، بەلام دوای نەمانی هەردو فەیلەسوف پرسو بابەتی دەوڵەتی شار شکست دێنێ ئەویش بەهۆی لاوازی وشیاری نیشتمانی ونەمانی پەیوەندی و هاوسۆزی و هاوکاری لە نێوان دەوڵەتەکانی تری شاردا، ئەوەبو لە جیات ئەو فەلسەفەیە و لە ئەنجامی رەنگدانەوەیدا دوو بۆچون ورەوت دروست دەبن کە هەریەکەیان بە شێوەیەک بیر دەکەنەوە ، لە کۆتاییدا هۆکاری ئاماژە پێکراو لە خالی چوارەمدا دەبێتە هۆکاری کۆتایی هاتن بە چەرخی یۆنانی ،بەم شێوەیە ئیمپراتۆریەتی رۆمانی لەسەر کەلاوەی ئیمراتۆریەتی یۆنانی دادەمەزرێ . رەوتەکانیش بریتی دەبن لە:

ا/ رەوتی ئەپیکۆریەکان .

ب/ رەوتی رەواقیەکان . یەکێک لە ئامانج وشێوازەکانی ئەم رەوتە بریتیە لە یەکسانی وبرایەتی ودابین کردنی شادی و کامەرانی بۆ خەلک، ئەم پەیامەیان دەبێتە ستونێکی بنەرەتیی ئاینی کریستەکان .

یەکێک لە رەنگدانەوەو دیاردەکانی ئەنجامی ئەو فەلسـەفە نوێیانە بریتی بو لە نەمانی جیاوازی لەنێوان هاوڵاتیان بەگشتی ویەکسـانیان لەبەردەم دادگادا و نەمانی جیاوازی لە نێوان یۆنانیەکان وگەلانی ترداو بەیەکسـانی و بەتاک سـەیری هەمو کەسێک دەکرا، واتە خەلک لە رابردو پاشـخانی خۆی بەرپرسیاربێ و بەس. ئەم دیاردانە نیشانەی وەدەرکەوتنی دو رەوتەکە بون .

بیری سـیاسـی لە سـەردەمی چەرخی رۆمانیدا جیاوازیەکی ئەوتۆی لەگەل بیری سـیاسـی ئەغریقەکاندا نەبو تەنها ئەوەی گۆرانی بەسـەرداهاتبو سـیستەمی سیاسـی و یاسـای رێکخسـتنی بو، لەو چەرخەدا رۆمانەکان گرنگیان بە دەسـەڵاتی دەوڵەت داوەو رۆلی تاک لە رۆلی دەوڵەت جیا کرایەوە، ئەرک ودەسـەڵاتی هەریەکەیان بەرونی دیار کردن، دەسـەڵاتی دەوڵەتیان بەسەر هەموو دام و دەزگا وچالاکیەکاندا سەپاندن ، هەر ئەو ئازادی ویاسـاو رێنماکانی بەرێوەبردنی دام و دەزگای دەوڵەت بون کە بەسـەر سـەرتاپای ئەوروپا بڵاو بونەوە وتا ئەمرۆش بە پەرەپێدانەوە کاری لەسـەر دەکرێ و رەنگدانەوەکانی ئەوسـەردەم بە ئەوروپاوە دیارن . ئەو یاسا و رێنمایانە بونە هۆکاری ئەوەی خەڵک بە پەرۆشەوە بێتە ژێر چەتری ئیمراتۆریەتی رۆمانەکان کە رۆژ لە دوای رۆژ تەشـەنە و پەرەی دەسـەند . لەو سـەردەمدا چەند زاناو بلیمەتی بواری فەلسـەفەی بیری سـیاسـی سـەریان هەڵدا لەوانە، شـیشـرۆن هەرچەندە گۆرانێکی ئەوتۆی بەسـەر یاساکاندا نەهێنابو بەڵام ئەو دروست بونی دەوڵەتی بە یاسایەکی سروشتی دەزانی ئەویش لە ئەنجامی پێویسـت بون ویاسا سروشـتیەکانەوە دەبینی ،

بۆیە ئەو زانایە  بە یاسای سروشتی ناوی دەرکرد .

خالی جیاواز لە نێوان فەلســەفەی ســیاســەتی یۆنانەکان ورۆمانیەکان، یۆنانەکان گرنگیان بە دیموکراســیەت و ئازادیی ناوەخۆ دەدا، بەهۆیەوە دەوڵەتی شارەکان هەریەکەو بۆخۆی یاسایەک ودەسەڵاتێکی بەجیا هەبو، بەلام رۆمانیەکان هەموو دەوڵەتەکانیان خستبووەوە ژێر دەسەڵاتی خۆیان و بۆ هەموو وڵاتەکانی ســنوری ئیمپراتۆریە کەشــیان یەک دەســەڵاتیان پیادە کردبو، بڕوایان بە حوکمی زۆرداریی پادشــاگەردانی هەبو نەک دیموکراسی وزۆرینە ، هەر لەم رێگەیەشەوە توانیان یاساکەیان بەسەر هەموو ئەو وڵاتانەدا بســەپێنن کە خســتیانە ژێر دەســەڵاتی خۆیان وتوانیشــیان درێژە بە ئیمپراتۆریەکەیان بدەن ، ئەمەش بە پێچەوانەی یۆنانەکانەوە بو کە هەردەم خەریکی گێچەل و جەنگی ناوەخۆو دەوروبەر بون .

## له چەرخی رۆمانی

رۆمانیەکان گرنگی و بایەخیان بە هزری سـیاسـی یۆنانەکان دەدا ، دوای ئەوەی دەوڵەتی شار لە سەردەمی یۆنانەکان لەسەر دەستی ئەسکەندەری مەکەدۆنی شـکسـت دێنێ وئەوکات دەوڵەتی رۆمانی تەنها یەکێک لە دەوڵەتی شار دەبێ ئەم دەوڵەتە دەبێتە کۆماری ودەسەڵات و پایەی بەهێز دەبێ لە توانایدا دەبێ بەم لاو بەولای خۆیدا وڵات بخاتە ژێر دەسـەڵاتی خۆی، تا دەبێتە ئیمپراتۆریەتی رۆمانی ، کاتێک یۆنانەکان لە ناودەبا هەزار کەس لە زانا وفەیلەسوفەکانی دەستگیردەکاو دەیانخاتە زیندانەوە ماوەی ١٧ ساڵ لە زیندان دەمێننەوە ئەوکاتەی ئازادیان دەکا زۆربەیان بە هۆکاری نادیارەوە نامێنن تەنها ٣٠٠ کەسیان نەبێ کە ئازاد دەکرێن یەکێک لەو زانا ئازادکراوانە پۆلیبیوس دەبێ، ئەم زانایە هەرچەندە بەرەگەز یۆنان دەبێ بەلام بەو پێشـوەچونەی کاربەدەسـتانی رۆمانی سـەرسـام دەبێ، بۆیە دەکرێتە یەکێک لە دیپلۆماتکارەکانی ئەو وڵاتەو لە خزمەت رژێمەکەیدا کار دەکا ، مەزنی دەستوری رۆمانیەکان لەوە دابو کە هەر تاکێک لەژێر دو دەسـتوری خۆجێی ونێودەوڵەتیدا دەبو، یەکەمیان پابەندی دەسـتورو دابو نەریتە خۆجێیەکان بو، ئەویتریان ئەو یاسـا ورێنمایانەبون کە مرۆڤ لە هەر پارچەیەکی زەوی بوایە پابەندی بو، واتە دەستورو یاسای سروشتی بون چونکە یاسایێک کە مرۆڤ دای نەرشتبێ و لە سەرتاپای دونیا مرۆڤ

پابەندی بوبێ کەوایە لە دەستکردی خواوەندەو سروشتییە ئەویش پێی دەوترا دەستوری تێکەڵاو .

ئەوە دەبێتە مایەی ئەوەی زانایانی ئەو سەردەمی حوکمی رۆمانی لەوانە شیشرۆن و ئیبیکلیتینوس ئەو دەستورە بە دەستوری تێکەلاو بناسن، رۆما ناوبانگ بەم دەستورە دەردەکا، دەستورو یاسای رۆمانی کە بە هەمو ئەوروپادا بلاوەدەکا تا ئەمرۆ ئەروپا بەو یاسایانە دەنازێ کە بە یاسای رۆمانی ناویان دەرکرد، راستە کە دەلێن رۆمانیەکان خاوەنی بیری سیاسی نەبون بەلام ئەوان خاوەنی یاسای سیاسی بون، کە بەهۆیەوە توانیان کاروباری وڵاتەکان رێک بخەن و دەسەڵاتیان تا ئەوپەری دور حوکم بکا تا ئەوکاتەی لەلایەن هۆزە ئەلمانیەکانەوە تێکدەشکێن وتەختو پایەیان دێتە خوار .

یەکێک لە بەناوبانگترین زانای ئەو سەردەم شیشرۆن دەبێ کە سەبارەت بە شیکردنەوەو توێژینەوە لەسەر حکومەت وجۆرەکانی وهەلسەنگاندنی کۆمەل بۆچونی تایبەتی خۆی دەبێ جیاواز دەبن لەگەل بۆچونو هەڵسەنگاندنەکانی ئەفلاتون ، شیشرۆن یەکەم کەس دەبێ کە دەستەواژەی، گەل بەکار دێنێ و داوای رەزامەندی گەل دەکا بۆ وەرگرتنی متمانە لەسەر رێنماو یاساکان، لە کاتێکا ئەفلاتون وئەرستۆ باسیان لە حکومەتی شار دەکرد، شیشرۆن حکومەت دەکا بەسێ جۆرو بە وردی لەسەریان دەروا:

١/ حکومەتی پادشـــایەتی،  بە حکومەتی تاکرەویی دەناســێنێ دەکرێ ئەم جۆرە حکومـەتـانـەش هـەنـدێک چـاکســـازیـان لـەگـەڵ بکرێ تـا بکرێنـە حکومەتی پادشایەتیی دەستوری .

٢/ حکومەتی ئۆروســـتوکراتی ، ئەم جۆرەکومەتەش بە حکومەتی کەمینە وەسف دەکا.

٣/ حکومـەتی دیموکراســی ، هـەرچـەنـدە حکومـەتی زۆرینـەیـە بـە لام مـەترســـیـەک لـەم جۆرە حکومـەتـانـەدا هـەیـە کـە بـەرەو ئـاژاوەگێری وبـەرهـەڵلایی هـەنگـاو بنێ، چونکـە لـەم جۆرە حکومـەتـانـە کار بـە توانـا وبەهرەمەندی ناکرێ بەقەدەر ئەوەی ژمارەو زۆرینە رۆڵ دەبینێ، بۆیە بە رای شـیشـرۆن حکومەتی تێکەڵاو لەســەر بنەمای دادپەروەری لە هەموو حکومەتەکانی بەباشتر دەبینێ .

هـەر لـەو چـەرخـەی رۆمانیدا کە زیـاترین ســـەردەمەکانی فـەلســـەفـەی رەواقیـەکان پیادەدەکرێ چـەندین زانا وبلیمـەتی تر دەناســرێن لـەوانـە ( ئیپیکتیوس ، مـارکوس ئۆریلیوس) هـەردوکیـان بڕوایـان بـە فـەلســـەفـەی رەواقیەکان دەبێ، لە بڕوابون بە ئازادی مرۆڤ و زاڵ بونی ئەقل بەســـەر دەرونـدا و وگوێنـەدانـە حـەزو ئارەزوە کان و هـەروەهـا گیـانی جـەربـەزەیی و چەندی رەوشتی پاکی تر کە لە خزمەت مرۆڤایەتی دابن .

## له چەرخی ناوەراست

ئەوەی راستی بێ دەرکەوتنی ئاینی کریستی هەلگری هیچ بیردۆزێکی سیاسی نەبو بەقەدەر ئەوەی بانگخوازی بۆ خواپەرستی ودادپەروەری ویەکسانیی دەکرد، بۆیە لە سەرەتای دەرکەوتنی هیچ دەسەڵاتێکی دونیایی نابێ بەلکو کریستەکان ئازارو مەینەتیەکی زۆریشیان لەدەست ئیمپراتۆرە رۆمانەکان چێشت تەنها ئەوکاتە نەبێ کە ئیمپراتۆر قوستەنتین بڕوا بە ئاینی کریستی دێنێ ئیتر ئەم ئاینە گەشەدەکاو وردە وردە دەبێتە بە شێک لە دەسەڵات، ئەم بڕوا پێهێنانەش بەهۆی ئەوەوە دەبێ کە دەسەڵات پێویستی بە بڕوای زۆرینەی خەلک دەبێ دیارە کە ئاینی کریستیش زۆربەی خەلکە روش و روتەکەی گرتبوەوە . ململانێ لەنێوان دەسەڵاتی ئاین ودونیا دروست دەبێ لە نێوان ئیمپراتۆر وپاپا تا دەگەنە ئەو رێککەوتنە دەسەڵاتەکان دابەشدەکەن بۆ دو دەسەڵات، دەسەڵاتی دونیایی بۆ ئیمپراتۆر، ئاینیش بۆ پاپا بەلام ئەو کاتەی رۆمانیەکان بەرەو روخان دەچن پاپا بەدەسەڵاتی خۆی رازی نابێ چونکە سێ هۆکار دەبن کە پاپا لەخۆ باییبێ و چاوی لە دەسەڵاتەکانی ئیمپراتۆریش بێ قۆرخیکا .

١/ لاوازی وروخانی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی.

٢/ زۆربونی دەسەڵاتی سامان و سەروەتی پاپا.

٣/ زۆربەی کاربەدەســـت ومەزنەکانی وڵات شـــارەزاییان لەگەل کەلتورو رۆشـــنبیریەکانی وڵاتانی دونیا پەیدا کرد، بوە مایەی ئەوەی زیاتر چاویان بکرێتەوەو بەو حوکمڕانیە رازی نەبن ، یەکەم پاپای ئەم رەوتەش، گریگۆر بو .

لەم بوارە چەند قەشـەو پاپا وزانایەک سـەرهەلدەدەن بە بۆچون وهزری سیاسییەوە، لەوانە (ئۆغستین ، جۆن ئۆف سالْسبۆری ، تۆماس ئەکوینی ودانتی و چـەنـدینی تر ) کـە دەتوانین بلْێین هـەمویـان پشـــتگیریـان لـە دەســـەڵاتەکانی کەلیســـاو یاســـاکانی خواوەندی کردوە، بڕوایان وابوە کە دەســـەڵاتی دونیا خۆی لە دەســـەڵاتی پادشـــایەتی دەنوێنێ، دەبێ لە ژێر چاودێری و رەزامەندی دەســـەڵاتی کەلیســـاو پاپا بێت چونکە لەلایەن خواوەندەوە ئەم پایە ودەســـەڵاتە پەســـند ودیاری کراوە، کۆمەلگایان بە جەستەی مرۆڤ شوبهاندوە کە قاچەکانی جوتیارو پیشەوەرن دەستەکانی ســـەرباز وبەرێوەبەرانی وڵاتن، گەدەی فەرمانبەرەکانیەتی ، ئەقلی پادشـــا ورۆحەکەش دەسەڵاتی کەلیساو فەرمانەکانی خواوەندە ، بەمەش هەموو دەسەڵاتەکانی لە ژێردەستی کەلیسا کۆکردۆتەوە .

یاسا لای تۆما ئەکوینی، چوار جۆری هەیە :

١/ یاسـای هەمیشـەیی ، بەسـەر هەموو پارچەکانی دونیادا زالە یاسـایەکی گشتگیرە.

٢/ یاسای سروشتی یاسای حەزو ئارەزوەکانی مرۆڤن.

٣/ یاسای مرۆڤایەتی، تایبەتە بە کارە مرۆڤایەتی ودەرونی و ویژدانیەکان.

٤/ یاسای خواوەند، تایبەتە بەوکارانەی لە رێگەی وەحی وبۆهاتنەخوارەوە ژیانی مرۆڤ رێک دەخاو فتوا لەسەر کارە باش وخەراپەکان دەدا .

لە سەردەمانێکدا ئاراستەکان بەرەو دوو رەوت رۆیشتن:

١/ یەکیان بەرەو تێروانینی ئۆگستۆنی کە بریتی بو لەوەی دەوڵەت بریتیە لە شاری سەر زەوی هیچ کاتێک لە هێزی شەڕو ئاژاوە دور ناکەوێتەوە تا لە ژێر چاوەدێری کەلیساو خواوەنددا نەبێ .

٢/ رەوت و تێروانینی دوەم کە تۆماس ئەکوینی ومارسیلی رابەرایەتیان دەکرد، بە پێچەوانەی یەکەم بو، بە دیدی ئەو دەوڵەت بریتیە لە دەربڕینێکی سروشتیانەی کۆمەلگا چونکە مرۆڤ ئاژەلێکی کۆمەلایەتیە ، ئەمەش دەقاودەق لەگەل بۆچونەکانی ئەرستۆ دێنەوە ئەو سەردەم زەنگی کۆتایی هێنان بە چەرخی ناوەراست بو، سەردەمی کۆتایی هاتن بو بە بۆرجوازی و سەردەمی دروست بونی دەوڵەتی نەتەوایەتی بو لە ئەوروپا، دیدو تێروانینەکان دژی دەسەڵاتی پاپا وبەرەو دامەزراندنی سکۆلاریزم دەچون .

لە سەردەمی چەرخی ناوەراستیش بیری سیاسی بە دەرکەوتنی دوو دیاردە هاتە بەرچاو:

ا/ یەکێکیان بلاوبونەوەی ئاینی کریستی .

ب/ ئەویتریشـیان ئەو بیرو هزرانەی ئەلمانیەکان بون کە  لە ئەوروپا بلاویان کردەوە .

ئەو ســـەردەم زانســـتی ســـیاســـەت بایەخێکی ئەوتۆی نەبو زانســـتێکی ســـەربەخۆ نەبو بەڵکو لەگەل وانە ئاینیەکان دەخوێندرا کە بەهۆیەوە فەلسەفەی سیاسەتی بەرێوەبردنیان دەخوێند . سیاسەت و فەلسەفەی سـیاسـەتیش بریتی بو لە دوفاقی  مرۆڤ دەبوایە لایەنگیری و گوێرایەلی بۆ فەرمانەکانی دەوڵەت وئاین ی هەبێ، ئەمەش ســەرچاوەی لە بۆچونەکانی یۆنانەکانەوە گرتبو کاتێک دەیان ووت مالی قەیســەر بدە بە قەیســەرو هی خواش بدە بە خوا واتە باج وسـەرانە بۆ هەردوو دەسـەڵاتی دونیاو دوارۆژ بدە جیاوازی وناکۆکی ولەیەک تێنەگەیشـتن لە نێوان دەسـەڵاتی کەلیساو ئیمپراتۆردا هەبو خەلک لەم بەینە زەرەرمەند بو .لە درەوشـــاوەترین فەلسـەفەکانی ئەو سـەردەم بریتی بو لە گوتەی: ( مەزنترین ئەرک و رەوشتی مرۆڤ ئەوەیە گوێ رایەلی فەرمانەکانی ئیمپراتۆربێ، چونکە هەم دەسەڵاتی دونیایەو هەم راسپاردەو دەستنیشـان کەری خواوەندە لەسـەر زەوی و بە فەرمانی ئەو کاردەکا) .

لە ســـەدەی حەوتەم و تا نۆیەم کە ســـەردەمی دەرەبەگایەتی دێت، فەلسـەفەی سـیاسـەت وحوکمڕان بریتی بوە لە یاسـای دەرەبەگایەتی کە بنەما وسـەرچاوەی لە داب و نەریتەکانەوە وەرگرتبو ئەمەش ئەوکاتە دەبێ کە هۆزە ئەلمانیەکان ئیمپراتۆریەتی رۆمانی دەروخێنن کار بە یاســـای دەرەبەگایەتی خۆیان دەکەن، ئەگەر تەنها تاکە کەســێک لە ئەلمانیەکان

لەناو هۆزێکی بێگانە بوایە ئەوا کار بە یاسـای تاکەکەسـە ئەڵمانیەکە دەکرا لـە نێو هۆزە ڕۆمانیـەکـەدا لـە کاتێکدا ئـەوان کاریـان بـە یـاسـای تـایبـەتی هۆزەکەی خۆیان دەکرد بەڵام ئەڵمانیەکان یاسـا کانیان گۆڕین لە یاسـای هۆزەوە بۆ یاسـای کەسی و لەویشـەوە بۆ یاسـای خۆجێیی و دواتر کردیان بە یاسای نێودەوڵەتی لە سەرتاسەری ئەوروپا .

فەلسـەفەی سـیاسـەت بریتیە لەوەی کە یاسـاکان سـروشـتی ونەمرن لە کۆنـەوە داب و نـەریتـەکان بونـەتـە یـاسـا هـەرکاتـەی پـادشـا بریـارێکی دەربکردبـایـە پشـتی بـە نـەریتێک دەبـەسـت ئـەمـەش مانای ئـەوە نیـە کـە یاسـاکان نوسـرابونەوە و پادشـا پیادەیان دەکا ، نەخێر هەرکاتەی پادشـا سـزایەکی بەسـەر کەسـێکدا بسـەپاندبا مانای ئەوەبو کە پادشـا نەریتێکی دۆزیوەتەوە لەگەڵ ئەم سـزایەدا بگونجێ بۆیە سـزاو ڕەفتارەکەی پادشـا بێ نارەزایی بەڕێوە دەچو.

## ئەوروپا لە چەرخی نوێ و سەردەمی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی

لە ئەوروپا پاپا دەســەڵات بەدەســت دەبێ، لەوپەری بەهێزی وحوکم رەهاییدا دەبێ، ئەوەی لە روی رەوشـتەوە سـزا بدرابایە ئەوا لەلایەن پاپاوە ســزا دەدرا، وردە وردە دەســەڵاتی پاپا روو لە زیادە دەکا و دەبێتە خاوەن مولک و دەســەڵات بەســەر هەموو کاروبارەکاندا، ئەمەش بەهۆی ئەوەی دەســەڵاتی ئاینی کریســتی لە ئەوروپا یەک پارچە بوە، بەلام دەســەڵاتی دونیایی بەدەســت چەند ئیمپراتۆر و پادشــایەک بوە ،بۆیە هیچ کامیان دانیان بەویتردا نەدەنا ، یەکەم ســزای پاپا کە بەســەر ئیمپراتۆرەکاندا ســەپێندرا ســزادانی ئیمپراتۆر لۆرین دەبێ کە هاوســەرەکەی خۆی تەلاق دەدا و یەکێکی تر بەبێ ئاگاداری پاپا دەکا بە هاوســەری خۆی، ئیمپراتۆر دان بـەو کـارە دانـانێ و ململانێ دەکـەوێتـە نێوان دەســـەڵاتی پـاپـا و ئیمپراتۆرەوە ، لـە درێژەی ئـەو بـەمـل یـەکـدا چونـەدا ئیمپراتۆر هنری بـە بڕیارێک دامەزراندنی قەشــەکان لە پاپا دەســتێنێتەوە، بەڵام پاپا گریگۆریش نـاچێتە ژێر بـاری ئەم بڕیـارەی ئیمپراتۆر هنریەوە ، لەوێوە ململانێی دەســـەڵات دەچێتە قۆنـاغێکی نوێ، لـە کۆتـاییـدا لایـەنی ئـاینی کریســتی و پاپا بەســەر دەکەون ، تا لە ســەدەی چواردەهەم کاتێک دەرەبەگایەتی دەســەڵات دەگرێتە دەســت و پادشــاکان چنگیان لە هەمو کونجێک گیردەکەن دەســەڵات لە پاپا دەســتێننەوە و ســەردەم دەبێتە ســەردەمی دەرەبەگایەتی، بۆیە دەبینین کە زانا و فەیلەســوفەکان لە

چەندی رۆژگار و سـەردەمی ئەوسـادا بە جۆرەها فەلسـەفە دەکەونە مەیدانی خەبات و گۆڕینی رەفتار و شـێواز و سـیسـتەمی حوکمڕانی لە ناو کۆمەڵگادا لەو بیر و فەلسەفانەی ئەو سەردەم بە پێی سەردەمەکان:

## له چەرخی ڕێنسانس :

وشـــەی ڕێنســـانس بەمانای هەلســـانەوە بە مەبەســـتی نوێبونەوە دێ، نوێبونەوە لە گیانی ڕەخنەدا ئەم دیاردەیە وەکو بزوتنەوەیەک لەســـەدەی چواردەمەوە تا کۆتاییەکانی ســـەدەی شـــازدەهەم بەردەوام دەبێ، لەم میانەدا چەند زانا وسـیاسـەتمەدارو فەیلەسـوفێک سـەرهەلدەدەن کە زۆربەیان بانگخوازی چاکســـازی ونوێبونەوە دەبن، هەندێکیان لە بواری حوکمڕانی وەکو میکافیللی، بیرو بۆچونەکانی لە پەرتوکێکدا بەناوی میر دەنوســێ ، لەم پەرتوکە میکافیللی ســیاســەت و ڕەوشــت لەیەک جیا دەکاتەوە و لە پێنا و دەستگرتن بە بەسەر دەسەڵاتەوە هەمو شێوازەکانی حوکمڕان و ڕەفتارەکانی گرتنەبەر بۆ دەســتگرتن بەســەر دەســەڵاتدا بە ڕەوا دەبینێ ئەمە وچەندین بۆچونی تری سەیر .

لە بواری چاکســـازی ئاینیدا مارتن لۆســـەر کینگی بەناوبانگ کە بە بزوتنەوەی پرۆتستانتی لە ساڵی ١٥١٧ ناوی دەرکرد، بەهۆیەوە کەلیسای کاسۆلیک توشی لەت بون هات و بایەخ و گرنگی کەلیسای ڕۆما لەدەست درا ، ئەمەش لە سەرەتا بەهۆی بلاوبونەوە و فرۆشتنی (چەکی لێبوردەیی ) کە قەشە و کەلیساکان بە خەلکی هەژارانیان دەفرۆشت، سەری هەلدا و لە دژی ئەم ڕەفتارە شەپۆلێکی نارەزایی دژی کەلیسا و دەسەڵاتی پاپا بەرپا بوو، لە ئەنجام دەســەڵاتی حاکمە دونیاییەکان کە ئیمپراتۆر و پادشــاکان بوو بەرفرەو زیاتر دەبێ، دکتاتۆریەتیان دەگاتە لوتکە و دەســـت دەگرن

بەسـەر سـامان وموم‌تەلەکاتەکانی کەلیسـا و دەیان خەنە ژێر دەسـەڵاتی خۆیـان لەو کـاتەوە هەموو جومگەکـانی ژیـان و بەڕێوە بردنی دەولەت دەکەوێتە دەسـت ئەوانەوە، دوای مارتن لۆسـەر چەند زانایەکی تر وەکو میلانشـوا جێی دەگرنەوە و داوای چاکسـازی ئاینی دەکەن کە بە هەمان شێوە لە دەسەڵاتەکانی کەلیسا کەم دەکەنەوە .

بەلام لـە دوای ئـەوان زانـای تر وەکو (زونجـەلی) بـە رەگـەز سـویسـری بانگخوازی بۆ یەکگرتنی هەردوو دەسـەڵاتی دونیایی و ئاینی دەکا لە یەک دەسـەڵاتـدا، بـەم بـانگخوازیـەی توشـی نـاکۆکی و دژایـەتی دەبێ لـەگـەل فەیلەسـوفەکانی تری بواری یاسـا و سـیاسـەت و فەلسـەفە، وەکو کالفن و بودان ، ئـا بـەم شـێوەیـە ئـاینیش وەکو بـاقی بوارەکـانیتری کۆمـەلایـەتی وسیاسی و فەلسەفی روبەروی بزوتنەوەی چاکسازی دەبێتەوە.

---------------------------------------------

## حکومەت و جۆرەکانی لە سەردەمی نوێدا

دیارە کاتێک دەوڵەت بونی دەبێت دەبێ لەلایەن دامەزراوەیەک بە یاسا و بنەمایەکی یاسایی یا عورفی ببردرێ بەرێوە، کارەکانی دەوڵەتداری لە خزمەت گوزاریەوە تا بەرهەمهێنان و پەیوەندیی دەرەکی و ناوەوە و پاراستنی ئاسایشی وڵات و ئارامی هاوڵاتیان و سەروەری دەوڵەت و پەروەردەو کاری بژێوی هاوڵاتیان و سەرجەم رەهەندەکانی تری هاوڵاتیان بە سیستەم بکا و لە هەموو روێکەوە خۆیان لێبکا بە خاوەن، ئەم دەزگایە خۆی لە حکومەت دەبینێتەوە واتە کاری حکومەتە ئەم حکومەتە لە دیدو ناساندنی زاناکانەوە فرە جۆر و فرە شێوازی بەرێوە بردن و بەرپرسیارێتیی هەیە، لە کاتێکەوە بۆکاتێک لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێک لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێک جیاوازی بەخۆیەوە دەبینێ ، سەردەم و قۆناغەکانی مێژوو کاریگەر یان هەبوە لەسەر هزری بەرێوە بردن و سیاسەتی بەرێوە بردن و ستراتیژیەتی، لەم روانگەیەوە بە چەندین شێواز حکومەتەکان دابەش کراون کە لە داهاتوو دێینە سەر ئەو باسە و جۆرەکانی حکومەت و شێوازەکانی و هزرو سیاسەتەکانیان شی دەکەینەوە .

کەوایە دەتوانین بەم شێوە پێناسەی حکومەت بکەین کە بریتیە لەو گروپە دەسەڵات بەدەستەی بە کاری بەرێوەبردنی کاروباری سیاسی و ئابوری و خزمەتگوزاریی ناوەوە و دەرەوەی دەوڵەت یا وڵات هەڵدەستێ، ئەمەش دەبێ لەسەر بنەمایەک بنیاد نرابێ کە بە شێوەیەک لە شێوەکانی

دەسەڵات گرتنەدەست متمانەی پێ بەخشرابێ ، هەندێک جار لە ڕێگەی دروســـت و ڕەوا دادەمەزرێ هەندێک جاریش بە نارەوا و نادروســـت و بەســـەقەتی و ناداد‌پەروەری دادەمەزرێ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو رۆژگار و بارودۆخەی ئەو ناوچە و دەوڵەتە تیایدا دەژین یا بۆ بیرکردنەوەی هاوڵاتیانی و ئاستی هۆشیاری و دەسەڵاتیان بۆیە زاناکان بۆ ناساندن و پۆلین کردنی حکومەت گەلێک راو بۆچونیان دەربڕیوە یەکێک لە جۆرەکانی پۆلین کردنی حکومەت لەسە بنەمای چەندایەتی دەسەڵات :

**ا/حکومەتی مۆنۆکراتی یا حکومەتی تاکسالاری :**

**ب/ حکومەتی ئۆلیگارکی** (حکومەتی کەمینەی توێژێکە) .

**ج/ حکومەتی میللی (فرەلایەن ):**

**ا/حکومەتی مۆنۆکراتی یا حکومەتی تاکسالاری :**

ئەم شـــێوە دەســـەڵاتە بریتیە لە قۆرخ کردنی ســـەرجەم جومگەکانی دەسەڵات لەلایەن کەسێکەوە، واتە تاکە کەسێک ئەم جۆرە حکومەتانە دەبا بەڕێوە خۆی لە دانانی حکومەت و دارشـــتنی ســـیاســـەتی دەرەی

حکومەت بەرپرســیارە ، ئەمە مانای ئەوە نیە راســتەو خۆ ئەو گشــت کاروبارەکانی حکومەت و دەوڵەت دەبا بەڕێوە بەڵام ئەوە دەگەیەنێ کە گشت کار و فەرمانەکانی دەوڵەتی قۆرخ کردوە و سەرجەم بریارەکان لە ژێر فەرمانی ئەو دەردەچن، ئەمەش چەند جۆرێکی هەیە ، مۆنۆکراتیی تەقلیدی وەکو نمونە ، بریتیە لە حکومەتی پادشاخوازیی رەها و حکومەتی ستەمکار و حکومەتی دکتاتۆری . ئەم حکومەتانە تایبەت مەندێتیەکانیان بریتین لە :

١/تاکرەون لە حوکمڕان .

٢ / بە شێوەیەکی ناتەندروست پشتگیری گەلیان بەدەست هێناوە.

٣/ مانەوەیان لەسەر لوتکەی دەسەڵات ماوەدرێژن.

٤/ شێوەی تۆتالیتاریان وەرگرتوە .

**ب/ حکومەتی ئۆلیگارکی** (حکومەتی کەمینەی توێژێکە)

ئەم جۆرە حکومەتانە حکومەتی توێژی کەمینەی خەلکن کە شــێوەیەک لە شــێوەکان توێژێک دەســەڵات دەگرێتە دەســت لە روێکەوە جیاوازیان لەگەڵ زۆرینەی هاوڵاتیاندا هەیە، ئەم روە دەکرێ ئابوری یا رۆشەنبیری یا حزبی بێ یا ئاســتی هێزی ســەربازی یا پشــتگیری دەرەکی، جۆرەکانی ئەم شێوە حکومەتانە بریتین لە :

١/حکومەتی ئۆروستوکراتی .

٢/حکومەتی تاک حزب .

**ج/ حکومەتی میللی (فرەلایەن ):**

ئەم جۆرە حکومەتانە باشــترین جۆری حکومەت و ســەردەمیانە ترینیانە، چونکە زۆرینەی ژمارەی خەلک لە حوکمڕانی دەسەڵاتدا بەشدارن وەکو :

١/ حکومەتی نوێنەرایەتی .


٢/ حکومەتی نیمچە نوێنەرایەتی .

٣/ حکومەتی راستەوخۆ.

٤/ حکومەتی نیمچە راستەوخۆ.

بە پێویسـتی دەزانین لەسـەر ئەم جۆرە حکومەتانە دید و بۆچونی هەندێک لە زانا و بسـپۆرانی سـەردەمی کۆن ئاماژە پێبدەین ئاخۆ ئەوان پێناسـەیان بۆ ئەم جۆرە حکومەتی ئەو سەردەم چی بوە ؟

## سوکرات Socrates




سوکرات لە ساڵی ٤٦٩ پ.ز تا ٣٩٩ ی پ.ز ژیاوە بەناوبانگترین فەیلەسوفی کلاسیکیی یۆنانی کۆن بووە، بە باوکی فەلسەفەی رۆژئاوا دێتە ناسین، بەرهەمەکانی سوکرات هیچیان نەنوسراونەتەوە ئەوەی لەسەری دەگوترێ بە زارەکی لەسەری گوتراوە کە لە رێگەی دیالۆگ و گفتوگۆکانی خوێندکارانی گواستراوەتەوە، هەموو ژیانی سوکرات سەرسامی بوە تەنانەت مردنەکەشی کە بە تۆمەتی هاندانی گەنجان بۆ دورکەوتنەوە لە خواوەند تۆمەتبار دەکرێ و حوکمی لەناوبردنی دەدرێ، لە کاتێکا تەمەنی لە سەروی حەفتا سالیدا دەبێ بەم مردنەی خوێندکارەکانی توشی شۆک دەبن، دوای ئەوەی خوێندکارانی رێگەی راکردنی لە زیندان بۆ فەراهام دەکەن ئەو رازی نابێ بەم شێوە لە زیندان ئازاد بکرێ تا دواجار ژەهری دەرخوارد دەدەن تا حوکمی مردنەکەی بەسەردا جێبنەجێ بکەن.

سوکرات فەیلەسوفە کلاسیکیەکەی یۆنان ، بڕوای بە هیچ حکومەتێک نەبو کە لەگەڵ هزر و بۆچونەکانی نەدەهاتنەوە، ئەو دژی دیموکراسی بو

چونکە دەیوت لە دیموکراسیدا هەموو کەسێک لە یەک ئاست دەبینرێ ، بەهۆی ئەوەی سـوکرات نوسـینەکانی کۆنەکردۆتەوەو بە شـێوەی نوسـین داینەناون بۆیە بیرو هزرەکانی لە رێگەی دیالۆگ ولەسـەر زمان لەگەل خەلکدا تاوتوێی کردون وباسی لە فەلسـەفەی حوکمڕانی کردوە(هەروەکو لە سەرەوە ئاماژەمان پێی دابو) .

سـوکرات رەخنەی لە دیموکراسـی دەگرت چونکە دەیوت هەموکەسـێک لە ئاستی ئەوەدانیە دەسـەڵات بگرێتە دەست بەلکو دەبێ چینێکی تایبەت بن ئەویش چینی ئۆرۆسـتوکراتی دیموکراسـە کە دەبێ پێشـتر ئامادەو پـەروەردە بکرێن ، ئەو پێێ وابو حکومەت دەبێ لەلایەن فەیلەسـوف و زاناکانەوە ببردرێ بەرێوە، چونکە هەموو کەسـێک لەو ئاسـتەدا نیە حکومەت ببا بەرێوە ، ئەو بڕوای وابو ئەوەی حکومەت دەبا بەرێوە دەبێ خەسلەتی چاکەو دادپەروەریی هەبێ ئەمەش لەهەموو کەس بەدی ناکرێ تەنها لەو کەسانە نەبن کە زاناو فەیلەسوفن ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە سـوکرات لەگەڵ حکومەتی کەمینە توێژە (حکومەتی ئۆلیگارکی) دابو.



**ئەفلاتون Plato**

هەروەکو دەزانین ئەفلاتون

خوێندکار  و شـاگردی سـوکرات و مامۆسـتای ئەرسـتۆ و لایەنگری ڕێبازی (نمونەیی ئاقلانە Ideal rationalists) بوو بۆچون و ڕێبـازی ســوکراتی لـە سێ پەرتوکی خۆیدا خسـتە روو ،  بریتی بون لە (کۆمار، سـیاسـی ، یاسـایی )، لـە پـەرتوکی کۆمـاریـدا بـاس لـە دەوڵـەت وئـەرک وسـیـسـتـەمـەکانی کۆمەلایەتی دەکا ، لە پەرتوکی سـیاسـیشـدا پێناسـەی سـیاسـەت و پیاوی سـیاسـەتمەدار پێناسـە دەکا، لە پەرتوکی سـێیەمیدا کە بەناوی یاسـاکانە باس لە هەندێک یاسـای کۆماری دەکا کە لە پەرتوکی یەکەمیدا بە کورتی باسی لێوە کردون ، باشـتر وایە لێرە هەندێک لەسـەر بیردۆزی دەوڵەت لای ئەفلاتون باس لێوە بکەین بۆئەوەی لای خوێنەر نەختێک روون و ئاشـکرا بێت :

بـە دیـدی ئـەفلاتـون دەوڵـەت لـە ئـەنجـامی حـەز و چـاوتێبرینـە مـادیـەکانی هـەنـدێـک کـەس دروسـت دەبێ تـا حـەزەکانیـان تێرکـەن ، بـە دیـدی ئـەو بۆگەیشـتن بەم ئامانجانە دەبێ کەسـەکان ئەرکی بەڕێوەبردن و پاراسـتن و دابینکردنی ئاشـتی وئارامی بە ئەنجام بگەیەنن ئەمەش دەبێ بە تێرکردن و دابینکردنی پێداویسـتیەکانی هاوڵاتیانەوە بکرێ ، دیارە ئەفلاتون بۆ ئـەم مەبەستە هاوڵاتیانی بەسـەر سێ پۆلیندا دابەش کردوە:

١/ زانا و فـەیلەسـوفەکان ، ئەرک و شـایسـتەیی بەڕێوە بردنی دەوڵەت بۆئەوان بە شیاو دەزانێ.

٢/ سەربازەکان، ئەرکی پاراستنی دەوڵەت بۆئەوان بە شایستە دەزانی.

٣/ هاوڵاتی، بەرهەمهێنەرانن، دیارە ئەم بەشـــە زۆرترین و چالاکترین بەشی کۆمەڵن چونکە ئەم بەشە پێداویستیەکانی هاوڵاتیان دابین دەکەن و بەرهەمدەێنن، واتە چینی زۆرینەی بەرهەمهێن چینی کرێکار و جوتیار.

سـیسـتەمی کۆمەلایەتی لای ئەفلاتون شـێوەیەکی سـەیری وەرگرتوە، پێی وابوە کە چینی دەســەڵاتدار کە نوخبەی زانا وئوروســتوکراتەکانی پێ باش بوە دەبێ، ژیانی خێزانداری پێک نەیەنن، هەروەها مافی مولک دارێتیان نەبێ، ئەمەش دیارە بۆ ئەوە بوە تا بە کۆکردنەوەی ســامان و مولکەوە ســەرقال نەبن، بەرێوەردنی دەوڵەت وحکومەتیش فەرامۆش کەن، یا گەر خاوەنی مال ومنداڵ بون ئەوســا دەکەونە دوای جێبەجێکردنی داخوازیەکانی مال و منداڵیان ولەســەر مافی گەل و دەوڵەت نەوەکانی خۆیان بەخێو دەکەن ومیلەت و دەوڵەتیش لەبیردەکەن وپشــت گوێ دەخەن، بۆیە ئەوانەی بۆ بەرێوە بردنی دەوڵەت واتە حوکمڕانی تەرخان دەکرێن دەبێ دوربن لەم کارانە ، بەلام هەندێک دیارە ئەم بۆچونە بە هەڵە لێک دەدەنەوە گوایە بۆچونی ئەفلاتون وابوە کە دەبێ بەگشتی سیستەمی خاوەندارێتی مولکداری هەڵبوەشـێندرێتەوە هەروەها سـیسـتەمی خاوخێزانی لای ئەو رەتکرابێتەوە ئەو پێی وابوە دەبێ ژن مولکی هەموکەس بێ نابێ کەسێک تاسەر خاوەنی ئەو ژنەبێ دیسان سەبارەت بە منداڵ پێی وابوە کە دەبێ منداڵ خاوەنی نەبێ نابێ باوکی خۆی بناســێ وکەســێک بە باوکی خۆی بزانی ،واتە سـیسـتەمی خێزانداری نابێ بونی هەبێ ، چونکە بە دیدی ئەو بە تێکەڵ بونی رەگەزە ورەچەڵەکان رەگەزێکی باش دروســت

دەبێ ورەگەزە لاوازەکان لەناو دەچن.بەڵام تا ئێستا بە دروستی ئەم بۆچونە پشتراست نەکراوەتەوە .

ئەفلاتون دژی بۆچونەکانی سۆفستائیەکان کاری دەکرد، بە شێوازێکی شارستانیانە کاری بۆ گەراندنەوەی پیرۆزمەندی یاساو ئاین دەکرد.

((بە دید و بۆچونی فەلسەفەی سۆفستائیەکان (کێ بە هێزە ئەو خاوەن مافە ) هەروەها دژی بیردۆزی خواوەندی دەوڵەت و بیرکردنەوە ئاینیەکان بون)) .

ئەفلاتون حکومەتی بەم شیوە پێناسە و دابەش کردوە:

١ / حکومەتی سوفوکراتی ، ئەم جۆرە حکومەتە بێ هاوتاترین جۆری حکومەتە لای ئەفلاتون چونکە حکومەتی فەیلەسوف وزانایانە . باشترینیانە کە حوکم بەدەستی چینێکی زاناوە دەبێ، لەوانیشەوە بەدەستی تاکە کەسێکی زانا یا فەیلەسوفەوە دەبێ ، جا ئەویش یا فەیلەسوفی پێدەلێن یا پادشا ( مەلیک)یا ئیمپراتۆر.

٢ / حکومەتی ستەم کار، حکومەتی تاکرەوی پادشاگەردانیە ،جۆرێکی خەراپە .

ئەم جۆرە حکومەتانە کەسێکی نەزان دەیبا بەرێوە ، لە بەرێوە بردن و وەرگرتنی بریارەکان دا راوێژ بە کەس ناکاو تەنها رای خۆی پێ پەسندە.

٣/ حکومـەتی تیموکراتی، حکومـەتی عـەسـکـەرتـارەکـانـە ، ئـەم جۆرە حکومـەتـەش بـەدەسـتی چـەنـد عـەسـکـەر تـارێکـەوە دەبێ کە گەل بەدەستیەوە دەناڵێنێ.

٤ حکومـەتی ئۆلیگـارکی، ئـەم جۆرەحکومـەتـە بـەدەسـتی دەولـەمـەنـدە کانـەوەیـەوهـەژارەکان هیچ بـەشـێکیـان تیا نیـە، دیارە وەکو لە سـەرەوە ئاماژەمان پێیدا دەولەمەندو خاوەن سـامانەکان لە ناو کۆمەڵدا توێژی کەمینەن بۆیە بە ئۆلیگارکی ناویان دەبا.

٥ / حکومەتی ئۆروسـتوکراتیی دیموکرات، ئەم جۆرە حکومەتە کە زۆرترین خـەلکی تیـادا بـەشـداره ، ئـەمە لـەو جۆرە حکومـەتـانـەیـە کـە ئـەفلاتون بانگخوازیی بۆ دەکا و پێیوایە باشترینیانە.

٦/ حکومەتی دیموکراسی، ئەمەش دیارە کە حوکم بەدەست زۆرینە وەیە، بـەلام ئـەفلاتـون هێرش دەکاتـە سـەر ئـەم جۆرە حکومـەتـە چونکـە دەڵێ بەدەسـتی نەزان و دواکەتوانە، بەدیدی ئەفلاتون نوخبە لە ناو میلەتاندا هـەیە ئەو نوخبـەیە زاناو فـەیلەسـوفن کە دەکاتە چینی ئۆروسـتوکراتی ئەوانە کەمینەن بەلام زاناو لێزانن ، ئەگەر حوکم لەدەسـت ئەوان هاتە دەر دەکەوێتە مەترسـیەوە، چونکە دیموکراسـیش حوکمی زۆرینەیە ئەوا بەدیدی ئەفلاتون حوکمێکی خەراپە.

بـەلام لـە هـەردوو پـەرتوکـەکـەی ئـەفلاتونـدا بـەنـاوی کۆماری و یاسـاکانـدا هـەندێک لـەیـەک نـەچون هـەن یـەکیان ئەوی تریان رەت دەکاتەوە بۆ نمونە،

لەپەرتوکی کۆماریدا داوای حکومەتێکی نمونەیی (میسـاڵی) دەکات کەحاکم یا پادشـا تێیدا دەسـتکراوە بێ پابەندی هیچ یاسـایەک نەبێ، ئەمەش بە بیانوی ئەوەی خۆی لەهەمو کەس زیاتر بەرژەوەندیەکانی میلەت دەزانێ بۆیە پێویسـت بە بونی یاسـا ناکات ، بەلام لەپەرتوکی یاسـاکان دا داوای بونی دەوڵەتێک دەکات کە یاسـا تێیدا سـەروەربێ ، وادیارە ئەم لەیەک نەچونە نیشانەی ئەوە دەبێ کە ئەفلاتون لە وەدەست کەوتنی فەیلەسوف وکەسی شیاو بۆ حاکمێتی بێ ئومێد دەبێ بۆیە یاسا بەسەروەر دەزانێ .

ئەفلاتون خوێندکاری سـوکرات بو هەر ئەویش بو لەگەڵ زەینەفون نوسـینەکانی سـوکراتیان کۆکردەوە، ئەفلاتون هەنگاوی لە شـوێن هەنگاوەکانی سوکرات دانا و درێژەی بە رێبازە کەیدا .


هەروەکو بە دیدی ئەفلاتون کۆمەڵگا لە سـێ توێژ پێک دێت بەم شێوەیەش بە پێی بیردۆزی رەوشتیی ئەفلاتون مرۆڤیش لە روی دەرونیەوە دابەشی سەر سێ بەش دەکرێ :

١- ناخ و دەرونی ئاقل

٢- ناخ ودەرونی تورە

٣- ناخ ودەرونی حەزو ئارەزو.

**ئەرستۆ Aristotle**



یەکێکی تر لە زاناو فەیلەسوفەکانی ئەو سەردەمی یۆنان ئەرستۆ دەبێ کە لە ساڵەکانی نێوان ٣٨٤ تا ٣٢٢ ی پ.ز ژیاوە، ئەرستۆ خوێندکاری ئەفلاتونە ، ئەفلاتون لای ئەو بێ هاوتایە تەنها لە هەندێک شوێن نەبێ کە لەگەل بۆچونەکانیدا نابێ لەوانە پرسی مولکداری و ژن و مندال رەهایی . دید و بیردۆزی ئەرستۆ سەبارەت بە دەوڵەت و حوکمڕانی ئاوەهایە:

دەوڵەت لەسەر بنەمای خێزان دروست بوە وەکو پرۆسەیەکی سروشتی کە مرۆڤ هەر دەبێ بچێتە لای ژن ولەوێش بە ئاسایی منداڵی دەبێ وخێزان پێک دەهێنێ خێزانەکانیش گەرەک ولە گەرەکیشەوە گوند و دواتر شار ودواتر دەوڵەت پێک دێت ، ئەو خێزانە بەرێوەبەرو گەورەو خزمەتگوزاریی دەوێ سیستەمێک کە خێزانەکان لەسەری رێکدەکەون دەکرێ فرە جۆرو شێوەی هەبێ، هەمان شت سەبارەت بە بەرێوە بردنی دەوڵەت و

حوکمڕانی ، کەوایە دەوڵەت بە سـروشـتی دروسـت دەبێ هەروەکو خێزان بەسروشتی دروست بوە.

فەلسـەفەی ئەرسـتۆ بەمیسـاڵی و واقعی دەناسـرا ، ئەرسـتۆ بایەخی بەنوسـینی زاناو سـیاسـەتمەداران دەدا زیاتر لە ٤٠٠ پەرتوکی هەبو لەوانە پەرتوک بەناوی دەسـتورو سـیاسـەت، ئەرسـتۆ ١٠٠ دەسـتوری کۆکردەوەو دیراسـەی لەسـەر کردن ئەوسا لەسـەر سیاسـەت و دەسـەڵات و حکومەتی نوسی .

لەبیردۆزەکانی ئەرسـتۆدا سـەبارەت بەدەوڵەت لەسـەر بنەمای پشـت بەستن بە لەیەکچونی دەوڵەت لەخێزان سـەرچاوەیان دەگرت ، دەڵێ چۆن بەسـروشـتی و لەئەنجامی چالاکیی سـروشـتی و کۆمەلایەتی خێزان دروست دەبێ ئاوەهاش دەوڵەت بەوقۆناغانەدا تێپەردەبێ و تا دەگاتە قۆناغی دروسـت بون، لەهەندێک بۆچوندا ئەرسـتۆ دژی ئەفلاتون دەوەسـتێ، لەوانە ئەفلاتون حکومەتی میسـاڵی سۆفۆکراتیی پێ باشترین حکومەت بوە ، کەچی ئەرستۆ حکومەتی دەستوری کە بەحکومەتی تێکەلاو ناوی دەبرد واتەحکومەتی(ئۆلیگارچیەکان ودیموکرات خوازەکان) نی پێ بشـتر بوە، کە لەروی چەندایەتی وچۆنایەتی یەکسـان بێ هەروەها لەبارەی لەیەک چونی خێزان بەدەوڵەت دیسـان ئەرسـتۆ لەگەل ئەفلاتون یەک نەبوە چونکە بەدیدی ئەرسـتۆ، ئەرک وئامانج وپێکهاتەکانی خێزان لەگەل دەوڵەت لەیەک دورن دواتر دوارۆژیشیان لەیەک ناچی ، سەبارەت بەحوکمڕانەکان ئەفلاتون پێی وابوە دەبێ حوکم لەدەسـت فەیلەسـوف ودواتر بەدەسـت

یەک تاکە کەسەوەبێ، واتە دەسەڵاتی ڕەهای تاکە کەس کەپشت بەبنەما نەریتی وکەلتوریەکان دەبەستێ سەروەربێ، واتە یاسا بونی نامێنێ ، بەلام ئەرستۆ پێی وابوە دەبێ لەحکومەتدا یاسا لەسەروی هەمو شتێکەوەبێ ، سەبارەت بەوەلانانی سیستەمی خێزانداریێتی ومولکداریێتی دیسان ئەرستۆ لەگەڵ ئەفلاتون یەک نەبوە، کاتێک ئەفلاتون بڕوای وادەبێ (شیوعیەتی سامان و ژن ومندال ) ڕەوایە ،ئەرستۆ لەگەڵ ئەو بۆچونەیدا نابێ ، دەڵێ: چۆن دەبێ سامانی وڵات بۆ هەموکەس بێ وژن ومندال کەس خاوەنی نەبێ چونکە ئەگەر وابڕوا خەلک بۆ تێرکردنی حەزە نارەواکانی سێکسی بەرەللایی لەناو کۆمەل دروست دەبێ، چۆن دەبێ کەسێک منداڵی خۆی نەناسێ و منداڵێک کەس بەباوکی خۆی نەزانێ ؟ ئەی چۆن گرنگی بەپەروەردەی مندال دەدرێ وبەهرەمەند لەناو منداڵدا چۆن دەردەکەوێ گەر خەمخۆری هەمیشەیی خۆی نەبێ ؟

سەبارەت بەدەسەڵاتی سیاسی بەدیدی ئەرستۆ دەبێ لەسەر بەنەمای چاکە بنیاد بنرێ، دواتر دەسەڵات بۆ یاسایە نەک بۆ حوکمڕان ، سەبارەت بەسەروەری یاسا بەدیدی ئەرستۆ نەک هەر زەرورە بەلکو مەرجی کارابونی سیستەمە، بۆیە ئەرستۆ حکومەتی یاسای پێ لەهەمو جۆرە حکومەتەکان باشترو گونجاوترە، دیدو بۆچونەکانی ئەرستۆ زۆربەیان ئەوانەن کە ئیمرۆ وڵاتانی دیموکراتخواز پیادەی دەکەن کە بەڕێوەبردنی دەوڵەتیان بەسێ ئامراز دەبەن بەڕێوە ( دەسەڵاتی یاسادانان، دەسەڵاتی جێبەجێکردن، دەسەڵاتی دادوەری) هەریەکیان دەسەڵاتێکی سەربەخۆ و لەیەکجیان هەریەکەشیان لەبواری خۆیدا سەروەرە .

سـەبارەت کاری بەڕێوەبردنیش ئەرسـتۆ وادەبینێ باشـترین کارو شـێواز ناوەراسـتەکەیە، بۆیە کۆمەلگای بەسـەر ٣ چیندا دابەشـکردوە، چینی دەولـەمـەنـد و چینی مـامنـاوەنجی و چینی هـەژاران، بۆ گرتنـەدەسـتی دەسـەڵات ئەرسـتۆ وادەبینێ کەچینی ناوەراسـت لەهەردوو چینەکەیتر گونجاوترە بۆ بەڕێوەبردن وگرتنەدەستی دەسەڵات ، چونکە دەولەمەند لە ئاسـتێکی تێر دایە لەهیچی کەم نیەو لەخەمی هەژار ناگا پێویسـتی بەوە نیەهـەولی دەولـەمـەنـدبونی کۆمـەل بـدا ، بەهۆی ئەوەی خۆی تێرو پر پارەیە، چینە هەژارەکەش لەبرسـا وچاوچنۆکیا کاری دەوڵەت فەرامۆش دەکا تا خۆی تێر دەبێ ، بەڵام چینی مامناوەنجی کەنەبرسـیەونە لە پریا لـەسـەری دەرژێ تـا خـەلکی لـەبیر بچێ، بـەلکو خـەم و مـانـدوبونی بۆ خۆشـگوزەرانی خەلک دەبێ ، بۆیە ئەم چینی مامناوەنجی بەشـیاوترین چین دەزانی کەحوکم بگرێتەدەست چونکە ئەو نەوەکو هەژارەکە بۆ مال زەلیل بوەو نەوەکو دەولەمەندە چاو برسیەکەش بەدوای ماڵدا رادەک .

سـەبارەت بە دەسـەڵاتی سـیاسـی ئەرسـتۆ دەڵێ : دەسـەڵاتی سـیاسـی دەبێ یاسـا حوکمی بکا باشـتریش ئەوەیە چینێکی ئوروسـتوکراتی زانا بە پێی یاسـا حوکمڕان بکەن چونکە نابێ پادشـا بە هەوەسـتی خۆی دەسـەڵات بەکار بێنێ ئەویش ئادەمیزادە ودەکرێ هەلە بکا ، سـیاسـەت لای ئەرسـتۆ بریتیە لە لایەنی کۆمەڵایەتیی رەوشت .

هەروەکو وتمان ئەرستۆ مامناوەنجی خواز بوە بۆیە لە هەموو کارەکان مامناوەنجیی پێ باشتر بوە ،لە حوکمڕانیشدا دەڵێ چینی مامناوەنجی دەسەڵات بگرێتە دەست لە هەردوو چینەکانی تر باشترە.

حکومەت لای ئەرستۆ لەسەر دوو بنەما دابەش دەکرێ :

یەکەم / بنەمای ژمارەیی (چەندایەتی). (حکومەتی زۆرینە ، کەمینە ، حکومەتی تاکەکەسی)

دووەم/ بنەمای چۆنایەتی . بەسەر دوو بەشدا دابەشیان دەکا ، حکومەتی چاک و حکومەتی خەراپ .

حکومەتی چاک سێ جۆری هەیە :

ا/ رژێمی پادشایەتی

ب/رژێمی ئۆروستوکراتی.

ج/رژێمی کۆماری ، ئەم جۆرە سیستەمە لای ئەرستۆ باشترین جۆری سیستەمی حکومەتە

حکومەتی خەراپیش سێ جۆریان هەیە :

ا/ رژێمی ستەمکاری .

ب/ رژێمی کەمینە .

ج/ رژێمی دیموکراسی.

## بۆچون لەسەر حوکمڕان لای کریستیانیەکان

هزرو مەزهەبی سیاسی لەسەر حوکمڕان لە ناو کریستدا بەم شێوەیە بوو:

سەرەتای دەرکەوتنی ئاینی کریستی ئەوکاتە دەسەڵاتەکان بە شێوەیەکی رەها لەدەست ئیمپراتۆرەکاندا بوو چونکە ئاینی کریستی تازە لە قۆناغی سەرەتایی وەدەرکەوتن و بلاوەبونەوەدا بوو، توانای هێزی ئەوە نەبوو داوای دەسەڵات گرتنە دەست بکا بۆیە دەبینین پاپا پیتەر رای وابووە دەسەڵات دەبێ لەدەست ئیمپراتۆرەکاندا بێ وخەلکیش دەبێ لە کەلیساوە پشتگیریان لێ بکا چوونکە ئەوان بە نمایندەی خواوە ئەم دەسەڵاتە دەگرنە دەست کەس بۆی نیە دەست بخاتە پێشیانەوە. پیتەریش جەختی لەسەر قسەکەی مەسیحی دەکردەوە کە دەیووت:

(بەشی خوا بە خوا بدە و هی قەیسەریش بە قەیسەر ) واتا باج و سەرانەکانی خوا بە کەلیساو پاپا بدە، هی حکومەتیش بە قەیسەر ، ئەم ئامۆژگاری و فەرمانانە تا ئەو کاتە بەردەوام و پیادەکراو دەبن کاتێک پاپا داوای یەکخستنی کەلیسەکانی وڵاتانی ئەوروپا دەکا و دەیویست لە ژێر یەک کەلیسادا کۆیان کاتەوە ئەوسا دەسەڵاتی پاپا

زۆر دەبــێ و بـــەوە رازی نـــابێ ئامۆژگـــاری لـــە ئیمپراتۆرەکـــان وەرگـــرێ چونکـــە ئـــەو لـــە سەرتاســـەری ئـــەوروپا یـــەک دەســـەڵاتی ئـــاینی و روحـــی پیـــادە دەکـــەن ، بـــەم شـــێوەیە ململانێ دەکەوێتە نێوان کە لیسە و ئیمپراتۆرەکانەوە .

لەوکات زانا و قەشــە مەزنەکان کەوتنە لێدوان و حوکمدان لەســەر ئەو پەیامە ، یەکێک لەوانە تۆماس ئەکینی بوو کە لەســەر رێبازەکانی ئەرســتۆ کۆک بوو، بە دیدی ئەو دەبێ دەسەڵاتەکانی کەلیسەو دەوڵەت یا ئیمپراتۆر لەیەک جیا بکرێنەوە، چونکە پێێ وابوە کاری دەوڵەت تەنها کاری رۆژانەی مرۆڤ نیـە بـەلکو گـەلێـک لق و پۆپی لێ جیـا دەبێتـەوە، وەکو بـەرگری ودارایی وئابوری وکۆمەلایەتی ورێکخســتن وبەرێوەبردنی کاروباری رۆژانەی وڵات بۆیە دەســەڵاتی روحی بەدەســت کەلیســا وپاپاوە دەبێ وهی رۆژانەو خزمەتگوزاریی دەوڵەتیش بەدەست ئیمپراتۆر یا پادشاوە دەبێ .

کارو ململانێکان بەم شــێوەیە بەردەوام دەبن تا ئەو کاتەی لە کۆتاییدا دەسەڵاتە دونیایەکان لەدەست پاپا دەردەهێندرێ و تەنها دەسەڵاتی روحی وئاینی بۆی دەمێنێتەوە .

دەبینین کە هەر زانا وفەیلەســوفێک بە شــێوەیەک حکومەتیان دابەش چەند جۆرێک کردوە جگە لەو زانایانەی لە سەرەوە ناومان هێناون وەکو:

**مۆنتسکیو** Montesquieu

مۆنتسـکیو دادوەر و ئەدیب و فەیلەسـوف و سـیاسـەتمەداری فرەنسـی خاوەنی بیردۆزی (جیاکردنەوەی دەسـەلاتەکان) کە ئەمرۆ لە زۆربەی هەرە زۆری ولاتەکان پیـادەی دەکەن لە ١٦٨٩ تـا ١٧٥٥ ژیـاوە ، ئەوحکومـەت بەسەر دوو جۆر دابەش دەکا :

ا/ حکومەتی پادشایەتیی ستەمکار لەژێر سایەی یاسا و دوور لەیاسا.

ب/ حکومەتی کۆماری کە دەسـەڵاتەکان بەدەسـتی هەموو یا بەشـێکی میلەتەوە بێ.

مۆنتسـکیو لە کتابە بەناوبانگەکەیدا بەناوی ( رۆحی یاسـاکان) باس لە سـیسـتەمە جیـاوازەکانی حوکمرانی دەکا بە بە دیـدی ئەو سـێ جۆرە حکومەت هەیە :

١/ حکومەتی پادشـاگەرایی کە بە جێماوی دەسـتا و دەسـتی دەسـەلات دەکەن،

٢/ حکومەتی دکتـاتۆری، تیـایـدا بەبێگوێـدانە ئیرادەی گەل حوکمرانی دەکەوێتە دەسـت تاقەکەسـێک ئەویش بە زەبری ئاگرو ئاسـن حوکم دەبا بەڕێوەو ستەم لە خەلک دەکا.

٣/ حکومەتی کۆماری: لەم شـێوە حوکمرانیەدا زۆرینە لە بەڕێوە بردنی حوکم بەشـداری دەبن یا خۆیان یا نونەرەکانیان ئەم جۆرە حکومەتانەش ئەمرۆو پێشتریش داخوازی زۆرینەی گەلانن.

بەپێی ئەو پێناسـەکردنەی بێ مۆنتسـکیو شـێوەی حوکمرانی کۆماریی پێ باشـترین شـێوە بووە کە زۆرینەی گەڵ تێیدا بەشـدارن و تیایدا مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسیەت دەستەبەر و پیادە دەکرێ، هەر لە پێناو مسۆگەر کردنی ئەم بڕوایانە پێی وایە دەبێ دەسەلاتەکان کە خۆیان لە یاسادانان و دادوەری و جێبەجێکردن دەبینێتەوە لەیەک جیا بکرێنەوە هەریەکەیان بە کەسان و لایەنی تایبەت و پسپۆری خۆی بسپێردرێ بێئەوەی دەست لە کاروباری یەکتری وەربدەن ئەمانیش خۆیان لەم ئۆرگانانە دەبیننەوە

: ا/ دەسـەلاتی یاسـادانان. ب/ دەسـەلاتی دادوەری. ج/ دەسـەلاتی جێبەجێکردن. هەرچەندە لەم دواییە راگەیاندن بە دەسەلاتی چوارەم ناو دەبردرێ بەلام زیاتر بۆ برەودان و گرنگیدانە بە بواری راگەیاندن ە لەسەر رایگشـتی کاریگەری زۆری دەبێ . هەروەها بۆ ئاشـکەراکردنی زێدەرۆیی وگەندەلییەکان و دەسـتێوەردانەکان کەنالەکانی راگەیاندن کەنالی گەیاندنی راستیەکانن بە کۆمەلگە.

## جان جاک رۆسۆ Jean Lacques Rousseau

جان جاک رۆسۆ نوسەرو فەیلەسوف و زانای روەکی لە ٢٨ی حوزەیرانی ١٧١٢ لە ژنیفی سویسرا لەدایک بووە و لە ٢ی تەموزی ١٧٧٨ کۆظی دوایی کردوە ، بەهۆی فەلسەفەو بیردۆزەکانیەوە رووداوی سیاسی لە ئەوروپا لە سەدی حەڤدەهەم و سەرەتای سەدەی هەژدەهەم روودەدەن کە بەهۆیانەوە شۆڕشی فرەنسی سەرهەڵدەداو دەبێتە مایەی گۆرانکاری مەزن نەک هەر لە ئەوروپا بەلکو لە سەرتاپای دونیا ، ئەوەتا پەرتوکە بەناوبانگەکەی بەناوی (گرێبەستی کۆمەلایەتی) بووە بنەمای هزری سیاسی و کۆمەلایەتیی نوێ ، بەهەمان شێوە رۆمانە بەناوبانگەکانی (جولی )کاریگەری دیاری هەبوو لە ]پەرە پێدانی رۆمانسیەت، و دیسان پەرتوکەکانی دیکەشی لە بواری پەروەردە و سیاسەت بە هەمان شێوە بە نمونەی کتابی ( سەربوردەی خۆی) کە لە دوای مردنی بە چاپ گەیەندرا لە کاتێکا ئەو لە ١٧٦٩ نویسبویەوە یەکێکە لە نوسەرەکانی سەردەمی رەوشەنگەری بوە لە ئەوروپا .

لەم روەوە جان جاک رۆسۆ حکومەت بەسەرسێ جۆردا دابەش دەکا :

یەکەم / دابەش بون لەسەر بنەمای پابەند بوونیان بە یاساوە :

ا/ حکومەتی یاسایی .

ب/ حکومەتی ستەمکار .

دووەم/ دابەش بونی لەســـەر بنەمای پابەند بوون بە ســـەرۆکی یەکەمی دەوڵەت .

ا/ حکومەتی پادشایەتی .

ب/ حکومەتی کۆماری.

سێیەم / دابەش بوون لەسەر بنەمای سەرچاوەی سەرووەریی .

ا/ حکومەتی تاکسالاری .

ب/ حکومەتی ئوروستوکراتی .

ج/ حکومەتی دیموکراسی .

ئێستاکەش دوای ئەو راو بۆچونانە لەرووی ئایدیۆلۆژیا و نەهجی سیاسیی حکومەتەوە چەندین جۆری حکومەت لەســـەر بنەمای ئەمری واقع و بە خواست و پێویستیی سەردەمانە هەیە :

حکومەتی ئیشتراکی و کۆمۆنیستی

حکومەتی ئیسلامی

حکومەتی کریستی

حکومەتی سەرمایەداری

حکومەتی سۆسیال دیموکرات

حکومەتی دیموکراسی لیبرال

حکومەتی دکتاتۆری

لەروی ئالیەتی پێک هێنان و بەڕێوەبردنەوە :

- حکومەتی یەکیەتیی نیشتمانی .
- حکومەتی کار بەرێبەر.
- حکومەتی کاتی .
- حکومەتی قۆناغی گواستنەوە
- حکومەتی ئیئتلافی .
- حکومەتی بنکە فراوان.
- حکومەتی دورەوڵات .
- حکومەتی رزگارکەر
- حکومەتی دووره وڵات( مەنفا)
- چەندین جۆری تر هەن کە رۆژگارو بارو دۆخەکانی ئەو ناوچەیە هۆکاری دروستبونیانە و بەپێی خەسلەت و پێویستی دروست بونیشی ناودەنرێ.

بۆ باسکردن لەسەر ئەو جۆرە حکومەتانەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێێدا دەکرێ لە لاپەرەکانی داهاتوو باسەکانیان بێنە پێش و کورتەیەکیان لەسەر بدوێین.

# سنوری دەسەڵاتی حکومەت لەسەرهاوڵاتی

---------------------------------------

مەبەســـت لە دامەزراندنی حکومەت بۆ بە جێ گەیاندنی کاری خزمەت گوزاری و رێکخســـتن و بەرێوە بردنی ســـازیە خزمەتگوزاریەکانیەتی، بۆ سیاسەتی دەرەوە و بەرگری لە سنورەکانی دەوڵەت و دابین کردنی ئارامی و پاراســـتنی ئاشـــتی و ســـەرو مالی هاوڵاتیان و پاراســـتنی ســـنورەکانە وێڕای ئەمەش پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی و نەتەوی ئەرکی سەرەکیی حکومەتە کە دەسـەلاتەکان بە دەزگای پسـپۆر و تایبەتی دەسـپێرێو خۆشـی لە دواوە پشـتگیریی لێدەکا بپۆ چەسپاندنی یاساکان و بەپێوەراگرتن و بەهێزکردنی پێگەی حکومەت لەسەر ئاستی نێودەولەتی و لە ناوەوەش، بە کورتیەکەی کاری حکومەت بریتیە لەو ئەرکەی کە لە پێناویدا دەوڵەت دروست بووە و دەپارێزرێ، حکومەت فاکتەری بەردەوام بوونی قەوارەی دەوڵەتە .

ئەم ئەرکە لە هەرێم وناوچەیەکەوە بۆ هەرێم و ناوچەیەک دەگۆردرێ ئەمەش خۆی دەبوایە دیاریکردنی ئاراســـتەکان گەل پێ هەڵســـێ بەلام ئەمرۆ هەر حزبێـک دەســـەلات بگرێتە دەســـت دەتوانێ ئـاراســـتەی حکومەتەکەی بگۆڕێ ، جـا ئەو حزبە حزبێکی ســـۆســـیـالیســـت بێ یـا ســـەرمایەدار یا نەتەوی یا ئاینی یا ... لەم رووەوە چەندین بیردۆز دەبنە بنەمای ئاراستەکانی حکومەت :

١/ بیردۆزی تاکگەرایی .

هەلگرانی ئەم بیردۆزە دەڵێن تاک ئازادە لە بیرکردنەوە و رەفتارکردن وبەرهەم هێنان وژیان پێکەوەنان ، بەمەرجێ کاری نەرێنی نەکاتە سەر هاوڵاتیانی ترو سنورەکانی خۆی نەبەزێنێ بۆیە نابێ حکومەت دەست بخاتە ناو کاروباری تاکی هاوڵاتی ، هەلگرانی ئەم بیروڕایە دەڵێن کاری حکومەت تەنها رێکخستن ودابینکردنی پێداویستی و پاراستنی سەروماڵی هاوڵاتیانە لە مەترسیەکانی ناوەوەو دەرەوە ، ئەمانیش بە چەندین شێوە بیردەکەنەوە کە هەندێکیان ئازاد بونی تاک لەسەر بنەمای ئابوری هەندێکیان لەسەر بنەمای رەوشتی و هەندێکیان لەسەر بنەمای زانستی دەبێ بەرەوا دەبینێ .

٢- بیردۆزی ئاژاوە گێری، واتە بێ حوکمڕانی وبەرهەلایی، هەلگرانی ئەم بیردۆزە بە پێچەوانەی بیردۆزو رێبازی یەکەم بیر دەکەنەوە، بە دیدی ئەوان بۆ لەناو بردنی نادادپەروەری کۆمەلایەتی کە لەلایەن دەرەبەگ وپادشاکانەوە پیادەدەکرا تەنها ئاژاوەگێریە بەلام ئەنجامی ئەم ئاژاوە گێریەش بەچەند ئاراستەیەک دەروا کە هەر ئاراستەیەک چەند زانا وخەلکێک لە پشتیەوەن ، ئەم بیرکردنەوەیە سەرەتا لە ئەوروپا سەرهەلدەدا دواتر لە روسیا لەلایەن باکۆنینەوە، لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر بۆ لەناوبردنی قەیسەرەکان هسودی لێوەرگیرا .

٣- دوا رێباز رێبازی سۆشیالیزمە ، ئەمەش دەقاو دەق بە پێچەوانەی بڕواکانی تاکە کەسیە کە بڕوای وایە مولکدارێتی دەبێ بۆ گشت بێ ،

دەوڵەت مافی دەســتێوەردانی ژیانی هاوڵاتیی هەیە بۆ ڕێکخســتن ودابین کردنی پێداویســتیە بەرهەمهێنەکان وکاری پەروەردەو تەندروســتی، بەر لە ناســینی پێشــەنگی ئەم ڕێبازە کە مارکس و ئینجلس بون، بەر لەوان بە شــێوەیەک لە شــێوەکان بونی هەبوەو هەولی زۆر لەلایەن هەندێک لە زاناکان دراوە بەڵام بەم شــێوە زانســتیانەی کە مارکس و ئەنجلس دایان رشتوە نا ، بە شێوەیەکی گشتی ئەم ڕێبازە دوو جۆری هەیە :

سـۆشـیالیزمی توندرەوو سـۆشـیالیزمی مامناوەندی ، یەکەمیان بڕوای بە ئەنجام گەیاندنی ســۆشــیالیزم هەیە لە ڕێگەی شــۆرشــەوە ،ئەمانیش دەکرێن بە دوو بەشەوە:

یەکیان بە ڕێگەی ئاشـتیانە کە راسـترەویان پێدەلێن ، ئەویتریان بەڕێگەی هەلگیرسـاندنی شـۆرشـی چەکداری کە چەپرەویان پێدەلێن، وڵاتانی ئەم ڕێبـازە بریتین لـە روســیـا وچین وکۆریـای بـاکور کوبـا.. دواتر چـەنـدی سـۆشـیالیزمی تر دەرکەوتن وەکو سـۆشـیالیزمی کریسـتی سـۆشـیالیزمی دیموکراسی وسۆشیالیزمی فابیزم و سۆشیالیزمی عەرەبی هەریەکەیان بە چەند مەرج و سیما لەیەک جیا دەکرێنەوە .

# سیاسەتی حوکمڕانی دەوڵەت

دەوڵەت وحوکمڕان پرسـێکی سـیاسـی ژیانی رۆژانەی گەلانن ئەم پرسـە بەبێ هزر و بیردۆزی سیاسی بەرێوە ناچێ ئەم هزرو بیردۆزانەش بە حوکمی پەیوەندیان بە بەشـــەکانی تری ژیانی رۆژانەوە گرنگیەک وەردەگرن  بۆیە دەبێ ورد تر لە حالەتەکە بڕوانین وکارەکان لەیەکتر بە وردی جیا بکرێنەوە ئەم ورد کردنەوەیە ئەوە بەسەر رەوشی بابەتەکە دەسەلمێنێ کە ئەم بابەتە وەکو زانستێک سـەیر بکرێ بۆیە دەبێ تیشـکێک بخەینە سـەر ئەو زانست وهزر و بیرە سیاسیانەی دەستەو گروپەکان بۆ کاری بەرێوە بردنی دەوڵەت پیادەی دەکەن ولەسەری دەرۆن کە پێێ دەوترێ سیاسەتی حکومەت .

دەکرێ زانسـتی سـیاسـەت بە رێنماو هونەری دەسـەڵات گرتنە دەسـت و بەرێوە بردنی دەوڵەت بناسـێنین ، لە لایەن هەندێک زانایانەوە دەوڵەت بە نمونەی خێزان دەسـتنیشـان کراوە  (ئەفلاتون) بە نمونە ،  بەلام هەندێک زانای تر ئەمە بە دور دەزانن و دژی ئەم بۆچونەن  (ئەرستۆ) بە نمونە ، بە دیدی ئەرســتۆ بەرێوە بردنی خێزان دورە لە شـێوەی بەرێوەبردنی دەوڵەت کە لە وردە کاریەکاندا دەکرێ بڵێین تەنها لە روخســاری بەڕێوە بردن ئەگەر لەیەک بکەن دەنا دەسەڵات و پێداویست و ئامرازەکانی لەگەڵ یەک جیان واتە پێێ وایە دەوڵەت بریتیە لە یەکگرتنی چەند توێژو کۆمەڵێک،  خێزان یـەکێکە لـەو بـەشـــانـە کـە ئەرکـەکان لـە نێوانیـانـدا بـە پێی چۆنـایـەتیـان

بەسەریاندا دابەش دەکرێ ، واتە ناکرێ تەنها بە یەک توێژ دەوڵەت بەڕێوە بېردرێت ، توێژەکان دەبنە تەواوکەری یەکتر .

بۆ نمونە دەسەڵاتی دەوڵەت لە رێگەی ململانێی شەرعی وهەندێک جاریش ناشەرعیەوە دێتە دەست و یەکلایی دەکرێتەوە، کەچی دەسەڵاتی خێزان لە جێماوی (ویراسی) وبە رێگەی داب ونەریت و بە سروشتیەوە دەبێ .

زانستی سیاسەت بە چەندین شێوەوە پەیوەندیی بە زانستەکانی ترەوە هەیە لەوانە زانستی کۆمەڵایەتی وزانستی ئابوری وئەنترۆپۆلۆژیا ومێژوو یاساو جوگرافیا وئامارو باقی زانستەکانی تر. ئەوانەی پەیوەندیان بە ژیانی رۆژانەی کۆمەڵگاوە هەیە، بۆیە ناکرێ زانستی سیاسەت لە بەشەکانی تر جیا بکەینەوە . دیارە ئەم سیاسەت و زانستی سیاسەتەش پابەندی هەندێک لە یاسای سەردەم ونەریتی کۆنە ، لە هەندێک شوێن یاسا بە گوێرەی قەبول کردنی نەریتە کۆمەڵایەتیەکان دەگۆڕدرێت واتە کاریگەریی زانستەکانی تری بەسەرەوەیە

فەلسەفەی حوکمڕانیش کە بە زانستی سیاسەت دەناسرێ بە چەندین قۆناغ و گۆڕاندا تێپەری کردوە .

**داڕشتنی سیاسەتی دەرەوە**

-----------------------------

جەســـتەو قەوارەی دەوڵەت کە لە خاک و گەل پێک هاتوە لە رێگەی بەرجەســـتەکردنی کارەکان لە ناو حکومەتێکی لەســـەر رێککەتو بەرێوە دەبردرێ ، مەبەست لە رێککەوتو بریتیە لەو شێوازو نەهجەی حکومەتی پێ دروســـت دەکرێ ، هەندێک جار حکومەت بە رێگەی هەڵبژاردن و دیموکراســیانە دێتە کا و هەندێک جاریش لە رێگەی کودەتای ســـەربازی وهەندێک جاریش پادشـــاو دیکتاتۆرەکان رێگە بەخۆیان دەدەن حکومەتێک دروســـت بکەن ، بۆیە شـــێوەی دروســـت بونی ئەو دەوڵەتانە شێوەی رژێم وسیستەمی بەرێوە بردن دیاری دەکا لە هەمان کاتیشدا ئەم شـــێوازەی بەرێوەبردن خۆی بەرێوە بردنی ســـیاســـەتی دەرەوەی دەوڵەت دیاری دەکا .

لە حکومەتە تۆتالیتاریەکان ســـیاســـەت ســـەرۆکی دەوڵەت دایدەرێژێ و وەزیری دەرەوە پیادەی دەکا، ئەم دارشتنەش بە پێوەری سیاسەتی حزب یا بنەماڵە یا بەرژەوەندیەکانی ئەو گروپە دەبن کە دەســـتیان بەســـەر دەسەڵاتدا گرتوە، ئەمە خۆی دەبێتە نەهجی سیاسەتی دەرەوە .

بۆیە دەتوانین بڵێین ســـیاســـەتی دەرەوەی دەوڵەت بریتیە لەو شـــێوە ئاراســـتەی نوێنەرانی دەوڵەت لە دەرەوە کە دبلۆماتکارەکان نوێنەرایەتی

دەکەن ولە ســەروی هەمویانەوە وەزیری دەرەوە بەڕێوەی دەبا ، ئەم کارە دەربڕی راو بۆچون وئاراســتەکانی دەوڵەت دەنوێنێ بریتیە لە کۆکردنەوەو یەکخســتنی بەرژەوەندیە ســیاســی وئابوری وســتراتیژیەکانی دەوڵەت وگونجاندنیان بەپێی بەرژەوەندییەکانی ، دیارە ئەم بەڕێوە بردنە بەشــێکە لە بەڕێوە بردنی دەوڵەت کە لەلایەن حکومەتەوە ســەرپەرشــتی دەکرێ هەندێک جار ئەگەر نەڵێین زۆربەی جارەکان هەولی کپ کردن و نەهێشتن یا لاواز کردنی رۆڵی دەدرێ ، لە بنەڕەتدا دارشــتنی بەرنامەی ئەم وەزارەتە دەبێ لە ئەنجومەنی نوێنەران ( پەرلەمانەوە) دابرێژرێ ودەربچێ ، بەلام گەلێک جار ئەم رۆڵەی پەرلەمان بە چەند شــێواز وبیانویێکەوە کپ دەکرێ بۆیە لێرە باس لە کپ کردنی رۆڵی پەرلەمان دەکەین .

## رۆڵی دەزگاکانی یاسا دانان لە سیاسەتی دەرەوە

-----------------------------------------------

هەموو بەرپرسەکان کە هەلگرو داخوازکاری دیموکراسین خۆیان بە لایەنگری کارا کردنی رۆلی دەزگا وئۆرگانەکانی دیموکراسی و دادوەری دەبینن، لە سەروی هەمویانەوە پەرلەمان و دادگا، لەگەل ئەوەشدا لە کاتێکا نوێنەرانی گەل ئەندامانی ئەنجومەنی یاسا دانان کە خۆیان بە نوێنەری گەل دەزانن دەبێ لە هەموو ورد ودرشتێک ئاگا دار بن کە پەیوەندیی بە ژیانی رۆژانەی دەوڵەت وگەلەوە هەیە وێڕای چاودێری کردنی کاری بەڕێوەبردنی دام و دەزگا حکومیەکان، بەلام زۆر بە ئاشکرا دەبینین لە چەندین تەوەر رۆلی پەرلەمان کە نوێنەری گەلە لە هەندێک ولات لاواز وپشتگوێ دەخرێ بە تایبەت لە دیاری کردنی سیاسەتی دەرەوەی ولاتەکەیان ئەمەش دیارو ئاشکرایە کە سنور بەزاندن و زیادەرۆییە لەلایەن کەسان وئۆرگانە بەهێزەکانی ناو هەندێک لە حکومەتەکان ، ئەم دەستەواژەی سنور بەزاندن و زیادەرۆیی ئەمریکای لێ بەدەرە کە تا ئێستا رۆلی کۆنگرێس لە پەسند کردنی پەیماننامە ستراتیژیەکان وبریارە هەستیارەکانی پەیوەندیان بە سیاسەت و دوارۆژی دەوڵەتەوە هەیە، رۆلێکی کاریگەرو بریار بەدەست دەبینێ بەتایبەتیش ئەو بریارانەی پێویستیان بە تەرخانکردنی بودجە هەیە .

سەبارەت بە چاودێری کردنی کارەکانی ئەنجومەن ودەزگاکانی راپەراندن ، کەس دژی ئەو بۆچونە نیە کە دەبێ دەزگاکانی راپەراندن کە خۆیان لە ئەنجومەنی وەزیران دەبیننەوە ، بەکاری بەرێوە بردنی دەوڵەت هەڵسێ ، بەلام دەبێ کارەکان لەلایەن نوێنەرانی گەل چاودێری بکرێن ، پانتایی ئەم چاودێری کردنە لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێک دەگۆردرێ .

لە ئەمریکا کۆنگرێسی ئەمریکی کە شوێن پەرلەمان دەگرێتەوە رۆلێکی تایبەتیی لەم بوارەدا هەیە ،هیچ بریارێک بەبێ رەزامەندی کۆنگرێس رەت نابن تەنانەت ئەگەر هەندێک پێچاوپێچ یشیان لەگەل کردبێ بەلام لەو سەرەوە پێشی لێ گرتون و وای کردوە کە دواجار لە دەرگای کۆنگرێسەوە بچێتەدەر، بەتایبەت بریارە چارەنوسسازەکان وئەوانەی پەیوەندیان بە پرسی سەربازی ولەشکرکێشی ودارایی ولاتەوە هەیە، لەمانە بە نمونە جولە نەکردنی هێزەکانی ئەمریکیە بێ رەزامەندی کۆنگرێس، لەم روەوە گەلێک حالەت ونمونەمان لەبەر دەستدان .

لە دەستوری ١٧٨٧ ی ئەمریکی لە مادەی یەکەم وبرگەی هەشتەم باس لەم بابەتە کراوەو دەسەلاتەکانی دیاری کردون ، یەکەم نمونەی ئەم حالەتە ئەو دەست پێشخەریەی سەرۆکی ئەمریکی بو ( ولسون) کە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی کردی بە دامەزراندنی کۆمەلەی نەتەوەکان ودواتر پەرلەمان بریاری چونەناو ئەم دەزگایەی نەدا، بۆیە تا نەمانی کۆمەلەی نەتەوەکان ئەمریکا هەرچەندە پشتگیریی لێ دەکرد وێرای پێخۆشبونی سەرۆکەکەی کەچی کۆنگرێس رەزامەندیی نەدا ببێتە ئەندام

لێ، بەلام لەگەل ئەو سنور دار کردنەی دەسەلاتەکانیشدا دەبینین ئەمریکا لە دەستێوەردانی دەوڵەتان ولەشکرکێشی بۆ سەر دەوڵەتان بەردەوامە ئەوەتا ساڵەکانی شەستەکان وحەفتاکان وهەشتاکان ونەوەدەکان وتا ئێستاش بەردەوام لە ژێر پەردەو چەتری ئەنجومەنی ئاسایش وبە نێودەوڵەتی کردنی بریارەکان کارەکانی خۆی هەر دەکاو دەستی لە هەموو گۆڕانکاریەکی ئەم دونیایەیدا دەبێ، بە نمونە روداوەکانی کۆریاو ڤێتنام ولاوس وکەمبۆد وبەنەما ولیبیا ئەڤغانستان وئێراق وسوریا و چەندین وڵاتی تر نمونەی زیندون .

لە ١٩٨٣ رۆنالد رێگن چەند هەفتەیەک لەگەل کۆنگرێس هەوڵدەدا بۆ ئەوەی هێزەکانی مارینز لە لوبنان بمێننەوە، بۆ ماوەی هەشت مانگی تر بەلام بێ سود دەبێ. ئەم رێوشوێنەی کۆنگرێس دەیگرێتە بەر هەمان رێوشوێنی سەخت دەگرێتە بەر بۆ ئەو پرسانەی پەیوەندیان بە داراییەوە هەیە ئەم هەلوێستانە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنن کە کۆنگرێس دارێژەری سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکایە نەک سەرۆکی هەلبژێردراو یا حزبی دەسەلاتدار هەر ئەمانەش وایان کردوە کاتێک حزبێک لە هەلبژاردنەکانی ئەمریکا سەرکەوتن وەدەست دێنێ یا لە کێبرکێ کانی هەلبژاردنی سەرۆکی ئەمریکا سەردەکەوێ ، گۆڕانکارییەکی ئەو تۆ لە سیاسەتەکانی دەرەوەی ئەمریکا رونادەن .

دیارە لە کاتێکا کۆنگرێس ئەم دوو بابەتەی بەیەکەوە گرێداوە بۆئەوەیە رۆلی سەربازی بە هەموو شێوەیەک کۆنترۆل بکا چونکە سەربازوهێزی

ســـوپـایی دەوڵەتێکی وەکو ئـەمریکا زیـاتر ئـەرکـەکانی لـە دەرەوەی وڵاتـە، ئەمەش بەهۆی ئەو چاوبرسێتی دەستگرتنی بەسـەر خێرو بێری وڵاتاندایە ، ئـەمـەش دەربری بـەشــێکی ســیاســـەتی دەرەوەی وڵات دەبینێ کاتێک پرسـێکی سـەربازی پێویسـتی بە وەرگرتنی رەزامەندی کۆنگرێس نابێ وخۆی لێ دەدزێتەوە ، ئەمجارەیان لە رێگەی وەرگرتنی رەزامەندی بە تەرخانکردنی بودجەی سـەربازیەوە بەرایی لێ دەگرێتەوە واتە وەکو خۆمان دەڵێن هەموو رێگاکان لە کانیماران یەک دەگرنەوە .

دەسـەڵاتێکی تری فراوانی کۆنگرسـیش مافی بانگێشـت کردنی جێگرەکانی ســـەرۆک ونوێنـەرانی ســـلکی دبلۆماســـی دەرەوەیە ، بۆ بەدواداچون لـە کاروبـارەکانیـان، ئـەمـەش دەســـەڵاتێکە هـەموو دەوڵەتێک بـە پـەرلـەمـان نابەخشێ.

لە فرەنسـا رەوشـەکان بە جۆرێکی تر دەگوزەرێة، لە کاتێکا دەڵێین تەنها پەرلەمان بۆی هەیە بریار لەســـەر راگەیاندنی شـــەڕ بدا کەچی لە هەمان کاتدا دەوڵەتی فرەنسـا لە سـاڵەکانی دوای جەنگی دوەمی جیهانی بێ ئەوەی رای پـەرلـەمـان وەرگرێ لـە هینـد وجـەزائیر وچـەنـد نـاوچـەیـەکی تری دونیـا توشـی شـەڕو جەنگ دەبێ وسـوپا سـالارو فەرماندەکانی سـەربازییان بێ ئەوەی پرس بە پەرلەمان بکەن بۆ مەیدانی جەنگ جولە دەکەن و شەڕێک دەنێنەوە کە فرەنسـای تێوە دەگلێنن، کەوابێ ئەم بریارو بنەمایانە گەلێک جار کە لە دەستوری دەوڵەتەکەشدا هاتون گوێیان پێ نادرێ وبە پاساوی جیا پێشێل دەکرێن .

هەر وەها لە ١٩٨٣ کاتێک فرەنسا هێز دەنێرێتە چاد ئاگاداری پەرلەمان ناکاتەوە ، نەک هەر ئەمە لە هەمان ساڵ کەتیبەیەکی سەربازی لەگەل هێزەکانی فرە رەگەز دەنێرێتە لوبنان بێ گوێدانە پەرلەمان و وەرگرتنی رەزامەندیی ، دیسان لە ١٩٨٢ کاتێک کێشە لە نێوان ئەمریکا وبەریتانیا لەسەر دورگەی فۆکلاند دروست دەبێ راستە لە ئەنجومەنی گشتیی بەریتانی وتووێژ لەسەر ئەم پرسە کرا بەلام دەرفەتی ئەوەیان نەبو دەنگدانی لەسەر بکەن بۆیە بێ گوێدانە بریار لەم شەرەش بەشداری دەکەن کە بەهۆیەوە مالوێرانی ونەهامەتی زۆریان بەدوادا هات.

رۆلی پەرلەمان کە تاکە دەزگای یاسا دانانە لە فرەنسا شێوەیەکی تری هەیە ، بۆ نمونە پەیماننامە نێو دەوڵەتیەکان پێویست بە وەرگرتنی رەزامەندی پەرلەمان ناکا تەنها پەیماننامەی ناتۆ لە ١٩٤٩ پێویستی کرد رەزامەندی پەرلەمان وەربگیرێ، دواتر ئەو پەیماننامانەی تر کە ناتۆ بەستنی یا لە باشوری رۆژهەلاتی ئاسیا ئەنجام دران بەبێ پەرلەمان ئیمزایان لەسەر کرا. لەم حالەتە دەبینین هەندێک جار پەرلەمان گلەیی لە حکومەتی فەرەنسی دەکا بە نمونە :

لە حکومەتی پێنجەمی فەرەنسی لە ١٩٦٦ کاتێک حکومەتی فەرەنسی لە پەیماننامەی ناتۆ دەردەچێ پەرلەمان بە نامە نارەزایی خۆی دەردەبرێ وگلەیی لە نارێکی کارەکانی حکومەت دەکا .

ئەگەر بە سـیاسـەتی دەرەوەی دەوڵەتاندا بچینەوە دەبینین لە هەموو دەوڵەتێک لە ئەنجامی لاوازی رۆڵی پەرلەمانتاران ، رۆڵی پەرلەمان لە سیاسەتی دەرەوەی وڵات کەم ولاوازدەبێ .

سەبارەت بە ئیتالیاش لە کۆنەوە بەڕێوە بردنی ئەم سیاسەتەی دەوڵەت بە هەماهەنگی سـەرۆکی وەزیران و وەزیری دەرەوە بەرێ دەچێ ، هەندێک جاریش رای سـەرکردەکانی پارتە سـیاسـیەکان وەردەگیرێ، هەندێک لە پەرلەمانتاران دەڵێن زۆر بە دەگمەن دەبینرێ کە پەرلەمان دەسـت لە سیاسەتی دەرەوە وەربدا .

سەبارەت بە هیند ئەو رایانەی لەوێوە دەبیسترێن دەڵێن : پەرلەمان کە لە ١٩٤٧ هوە دەسـتبەکارە لەم وڵاتە هیچ رۆڵێکی نیە لە بواری سـیاسـەتی دەرەوەیدا.

هەروەکو پێشـتر ئاماژەمان پێیدا ئەمریکا لەم بنەمایە بەدەرە چونکە دارێژەری سـیاسـەتی دەرەوەی ئەمریکا کۆنگرێسـە ، هەموو کارەکانیش بۆ ئەوێ دەگەرێنەوەو لە وێشەوە ئاراستە دەکرێن .

## دەسەڵاتی جێبەجێ کردن و تەگەرەکانی بەردەمی

--------------------------------------------------

لە کاتێکا دەسەڵات مولک و مافی گەلەو بە شێوەیەکی دیموکراسی دەبێ دەسەڵات بگرێتە دەست بۆ دەبێ هەوڵی پارچە کردن و قۆرخ کردنی بدرێ؟

دیارە کە سەردەمی دەسەڵاتی تاکگەرایی هەرچەندە بڵێین باوی نەماوە قۆرخ کردنی بواری کار ودەسەڵات بۆ هەموو کەسێک تا دوایی ناچێتە سەر. سیستەمی تەندروست و راستەقینە دەبێ دەسەڵاتەکانی حکومەت بەسەر دام و دەزگا حکومیەکاندا دابەش بکا بەپێی تایبەتمەندی ئەو وەزارەتە، ئەمەش لە پەرلەمان پەسند دەکرێ و دەبێ رێگری لە قۆرخکاری و زیادەرۆیی هەر وەزارەتێک بەسەر وەزارەتەکانی ترەوە نەکرێ، بەلام کە وەزارەتێک زیادەرۆیی دەکاتە سەر وەزارەتێکی تر ، لەسەروی ئەو وەزارەتانەی بونەتە قوربانی وەزارەتی دەرەوە بوە ، ئەمەش بەهۆی گرنگی پێگەی وەزارەت و چاوتێبرینی بالا دەستەکان ناو حکومەت و فرە رەهەندی ئەم وەزارەتەو بوە، ئەم زیادەرۆییە لە زۆر دەوڵەت روی داوە بەنمونە :

**فرەنسا:**

لە کاتێکا هەموو کارەکانی پەیوەندیدار بە سیاسەتی دەرەوە سەربە وەزیری دەرەوەن و بە هۆی ئەوەی ئەو بۆچونە هەبوە کە وەزیری دەرەوە هەمو بوارەکانی تری کارو پەیوەندی وچالاکیەکانی دەرەوەی قۆرخ کردوە ، کۆمەڵێک دەزگاو فەرمانگەو رێکخراو تەنانەت وەزارەتیش دامەزرێنران کە هەر یەکەی بەشێکی لە کارەکانی وەزارەتی دەرەوە بۆخۆ برد ئەمەش لە رێگەی دامەزراندنی دەزگای تایبەت بە کارو چالاکیی نزیک لە کار و پتشەی وەزارەتی دەرەوە.

ئەم زیادەرۆییە لە رێگەی دامەزراندنی هەندێک لە فەرمانگەو دەزگا کراوە کە بەهۆیەوە بەشێکیان لە کاروباری وەزارەتی دەرەوەیان دەست بەسەردا گرتوە :

وەزارەتی دارایی :

لەرێگەی دامەزراندنی بانکی کاشی نێو دەوڵەتیی بەشێک لە کارەکانی وەزارەتی دەرەوە دەست بەسەردا دەگرێ

وەزارەتی بازرگانیی دەرەوە ، کارو بارە گومرگیەکانی نێودەوڵەتی دەبا بەرێوە .

وەزارەتی رەوشەنبیری:

وەزارەتی پـەروەردەی نیشـــتمـانی .. رێکخراوەکـانی پـەروەردەیی نـەتـەوە یەکگرتوەکان

وەزارەتی گواستنەوە :

لەرێگەی فرۆکەوانی سڤیلی وهێلی ئاسنینی شەمەندەفەرەوە .

وەزارەتی تەندروستی :

لەرێگەی  رێکخراوی تەندروستیی جیهانیەوە

وەزارەتی کاروباری کۆمەلایەتی :

لەرێگەی رێکخراوی کاری نێودەوڵەتیەوە

وەزارەتی پیشەسازی:

لەرێگەی  رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ بوژاندنەوەی پیشەسازیەوە .

وەزارەتی بەرگری :

لەرێگەی یەکیەتی ئەوروپا ی رۆژئاواوە

وەزارەت توێژینەوەی زانستی :

لەرێگەی بریکارەکانی نێودەوڵەتی بۆ وزەوە

وەزارەتی ناوەخۆ :

لەرێگەی پۆلیسـی ئەنتەرپۆل و وەزارەتی رێگە پێدراو بۆ هاوکاری وبوژانەوە وە.

دەبینین لەسەرەوە چۆن سەرجەم وەزارەتەکان فەرمانگەی تایبەتی خۆیان کردۆتەوەو دەسـەڵاتیـان پێـداوە کە کـارەکـانیـان راسـتەوخۆ لەگەل هاوشـێوەکانیان لە دەرەوەی سـنوری وڵات ببەن بەرێوە تەناتەن بەسـتنی گرێبەست و هاوپەیمانێتی هاوکاری کردنیش لە کاتێکا ئەمانە سەرجەمیان لە کـارو پیشـەو دەسـەڵاتی وەزارەتی دەرەوەن بەڵام بەم شـێوە رۆڵی وەزارەتیان کەم کردۆتەوە.

ئـەمـە بـەشـێـک بو لـە هـەولـەکانی ئفلیج کردنی رۆڵی وەزارەتی دەرەوە ، بێجگە لەمە لە حالەتی گرێبەستەکان وەزیری تایبەتی نوێنەرایەتی دەوڵەتی دەکرد لـە ئیمزاکردن ودان وسـتـانـەکان ، لـە ١٩٨٣ وەزیری بـەرگری لـە دانوسـتانەکان لەگەل ئیسـپانیا بەشـدار دەبێ ورێکەوتنێکی سـەربازی مۆردەکا یا لە هەمان ساڵ وەزیری بازرگانی دەرەوە لەگەل روسیا پەیماننامە نوێدەکاتەوە .

سـیاسـەت مەدارەکان دەپرسـن دەڵێن ئایا ئەمە تەکنۆکراتەکان تۆڵەی چیە لە سـیاسـەت مەدارەکان دەکەنەوە کە رۆلیان لە بواری بەرێوەبردنی وڵات نایەڵن ؟ ئەم تێکەلاویە کاریگەریەکی مەزنی لەسـەر هەڵوەشـانەوەی حکومەت دەبێ، لەو کاتەی سـیاسـەتی دەرەوەی دەوڵەت دەبێ وەزیری دەرەوە بە هەماهەنگی سـەرۆکی وەزیران کە لە بەردەم پەرلەمان لە هەموو شـتێکی بەرێوە بردنی سـیاسـەتی دەرەوەو ناوەوەو ئابوری وکۆمەلایەتی

وئەمنی بەرپرسـیارە دەبێ بە هەماهەنگی هەردوکیا ببرێ بەرێوە ، ئاسـاییە بازرگانەکان بەسـەر بەرنامەی وەزارەتی بازرگانیدا زاڵ بن وکار بکەنە سـەر وەزیری بازرگانی بۆئەوەی وەزارەتەکەیان لە بەرنامەی بوژاندنەوەو گەشـە پێدانی بازرگانی سـەرکەوتن بەدەسـت بێنێ، گوێ نەداتە سـزادانێکی سـیاسـیانەی دەوڵەت کە گەمارۆی ئابوری دەخاتە سـەر دەوڵەتێک بۆ ئەوەی دژی سـیاسـەتەکانی دەوڵەت نەوەسـتێ ، وەزارەتی بازرگانی ئەم ئابلوقەیە بشـکێنێ وبەرنامەو پلانەکانی خۆی نەکاتە قوربانیی سـیاسـەتی دەروەوەی دەوڵەت ، لای ئەو گرنگ نەبێ شـکسـت هێنانی سـیاسـەتی دەوڵەت بەڵکو ئەوەی گرنگە بوژانەوەو سەرکەوتنی پلانەکانی وەزارەتەکەی بێ .

**کاریگەریەکانی سەرسیاسەتی دەرەوە**

--------------------------------------------

هەرچەندە هەر یەک لە ئەنجومەنەکانی یاسا دانان و دەزگاکانی جێبەجێ کردن کە خۆی لە ئەنجومەنی وەزیران دەبینێتەوە دەسەڵات ومافی یاسا دانان وبریاردانیان دیارو رونە، بەڵام جگە لە فاکتەرە فەرمی و دیارەکان هەندێک فاکتەری لاوەکی دروست دەبن کە کار دەکەنە سەر گۆرینی ئاراستەکانی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت.

پارتە سیاسیەکان، یەکێکن لەو فاکتەرانەی کار دەکەنە سەر سیاسەتی دەوڵەت جگەلە لەوان، فاکتەری تریش هەن کە دێینە سەر باسی ، لەو کاتەی دەستەی بەرێوە بردن ویاسا دانان لە ئەنجامی کارو چالاکیی حزبەکان دروست دەبن وئەندامانیان لە حزبەکانن ، ئاساییە بریار وکاریگەری حزبەکان رەنگ بداتەوە سەر سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت ، ئەم کاریگەریەش دەبنە مایەی گۆرینی سیاسەت و ئاراستەکانی حکومەت ، ئەمەش بەهۆی پێکهاتنی حکومەت لە روی چەندایەتی حزبەکانەوە دەبێ کە بە چەند سیستەمێک ئەمە رێک دەخرێ و بەم شێوەیە :

**ا/ سیستەمی تاک حزبی (تۆتالیتاری ).**

لـەم جۆرە دەوڵەتـانـەی رژێمی تـاک حزبیـدا حزب بیرو راکانی خۆی بـەبێ رکابەر و بەربەست بەسـەر گشـت کۆمەلگاو دام ودەزگاکاندا دەسـەپێنێ ، هەر چەندە بەناو وەزارەت ودەزگاکانی تری جێ بەجێ کردن کارو دەسـەڵاتی تایبەتیی خۆیان هەیە بەلام رەنگدانەوەی بۆچون وئایدیۆلۆژیای حزبی زۆر بە زەقی بەم دەوڵەتانە دیارە ، حزب سـیاسـەتی خۆی لـە رێگەی دەزگا حکومیەکان دەخاتە بواری پیادە کردن و سود لە توانا مادیەکانی حکومەت وەردەگرێ بۆ جێبەجێ کردنی نەخشـەی حزبەکەی، هەرچەنـدە ئەمە کارێکی نارەوایە ، لە رژێمی تۆتالیتاری کاری حکومەت بە کاری حزبی تێکەلاو دەکرێ کـە دەبێتـە مـایـەی نیگـەرانی و دەمکوتی جـەمـاوەر حزب خۆی دەخزێنێتە نـاو هەمو بوارەکانی ژیانی رۆژانەی هـاوڵاتیان، تەنانەت لە نـاو مـالەوەش وازیـان لێنـاهێنێ لەرێگەی دەزگـا راگەیـانـدنەکـانی رادیـۆو تەلەفزیۆنەوە .

یەکیەتی سـۆڤیەتی جاران زۆر بە راشـکاوی دەیوت: کاری دەوڵەت ودام ودەزگاکانی و ئاراسـتـەکەی، فـەرمان لـە پارتی کۆمۆنیسـتی سـۆڤیـەتی وەردەگرن ورێبەران وکارمەندانی دەبێ هەڵگری بیری مارکسـیزم ولینینیزم بن ، دەبێ پیادەی ئایدیۆلۆژیاکەی حزب بکەن ، هـەر بۆیـە دەبینین کـە گۆران لـە سـیاسـەتەکانی دەوڵەت ئەو کاتە رودەدا کە بە رێگایـەک لـە رێگەکان حزبی دەسـەڵاتدار لەسـەر کورسـی لادەبردرێ، ئەمەش کارێکی ئاسـان و ئاسـایی نیە ئەگەر گۆڕانکاریەکی ریشـەیی لـە سـیسـتەمی

حوکمڕانیدا نەکرێ وسیستەمی سیاسیی دەوڵەت شۆڕشی بەسەردا ڕانەگەیەندرێ ، تەنها هەندێک گۆڕانکاریی سوک نەبن لە سیاسەتی دەرەوەی سۆڤیەت لە دوای جەنگی دوەمی جیهانیەوە ئەگینا هیچ گۆڕانکاریەکی ئەو تۆ رویان نەداوە ، ئەو گۆڕانکاریە بچوکانەش بریتی بون لە پیادە کردنی سیاسەتی شەڕی سارد لە سەردەمی ستالین دواتر خرۆشۆف پیادەی سیاسەتی ( بەیەکەوە ژیانی ئاشتیانەی ) کرد و دوای ئەویش بریجنێف سیاسەتی ( سەروەریەکی سنوردار ) ی پیادە کرد تا میخائیل گورباشوف لە ١٩٨٨ دێتە سەر حوکمو لە ١٩٩١ لە وەرچەرخانە مێژوییەکەیدا بەناوی پرۆسەی (پرستریکا) یەکێتی سۆڤیەت هەڵدەوەشێنێتەوە .

هەمان شێوە لەگەل چین کە تا ئەمرۆ تەنها سێ جۆرە سیاسەتی پیادە کردوە ئەوانیش، سیاسەتی کەم جیاوازن : لە ١٩٤٩ وە تا ١٩٦٠ بە سیاسەتی هاوپەیمانی لەگەل یەکەیەتی سۆڤیەت دەچو بەرێوە، دواتر لە شۆڕشی رەوشەنبیری بە گۆشەگیری دەچو بەرێوە ، پاشان سیاسەتی نزیک بونەوە لە رۆژئاوای پیادە کرد .

لەم روەوە چین لەسەر زاری دامەزرێنەرەکەی ماوتسی تۆنگ سەبارەت بەوەی کە حزب دەوڵەت دەبا بەرێوەو سیاسەتی بەرێوە بردن وبەرەگری کردن لە خاکی دەوڵەت دادەرێژێ دەڵێ :

(سیاسەت ، ئاراستەی لولەی تفەنگ دیاری دەکا ) ، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە حزبی کۆمۆنیست تاکە حزبی دەسەڵاتداری چینە بەرنامە بۆ سیاسەتی حزب دادەرێژێ.

**ب/ سیستەمی دوو حزبی :**

گەلێک لە و دەوڵەتانەی بە سیستەمی دوو حزبی حکومەت پێک دەهێنن و لە ئەنجومەنی یاسا داناندا بە هەردوکیان یا حزبێکی مەزن لەگەل حزبە بچوکەکانی تردا حکومەت پێکدەهێنن گۆرانێکی ئەو تۆ لە سیاسەتی دەرەوەی حکومەت بەدی دەکرێ تەنها ئەمریکا نەبێ کە ئەنجومەنی نوێنەران یا کۆنگرێس دارێژەری سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتەو دەزگا جێبەجێکردنیەکان ناتوانن بەبێ کۆنگرێس سیاسەتی دەرەوە دارێژن، بۆیە هەر کاتەی پارتی دیموکراسی یا کۆماری لە هەلبژاردنەکان بە پلە یەک دەردەچێ وبەتەنیا حکومەت پێک دەهێنێ کارێکی ئەو تۆ لە گۆڕانکاریی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەدی ناکرێ ، بەلام دەوڵەتە دیموکراسیەکانی ئەوروپا هەر کاتەی یەکێک لە پارتە مەزنەکان وبە یاوەری پارتێکی تر حکومەت پێک دەهێنن گۆڕانکاری لە سیاسەتی دەرەوەیدا رودەدا چونکە ئەوان لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان گرنگی بە فاکتەرە ناوە خۆییەکان زیاتر دەدەن لە وەی بە کێشە کانی دەرەوە بۆیە جەخت لەسەر کێشە ناوەخۆییەکان دەکەنەوە کاتێکیش سەرکەوتن بەدەست دێنن روبەروی

کێشــەو ســیاســەتی دەروەوە دەبن ئەوکات دورنیە دژی بەرژەوەندیەکانی توێژێک بێت .

**ج/ سیستەمی فرە حزبی :**

ئەو دەوڵەتانەی بە چەند حزبێک حکومەت پێک دەهێنن گەر ئەو حزبانە لە یەک بەرەی چەپ یا راســت دا بن پێکهێنانی حکومەت کارێکی ئاســان دەبێ و دارشــتنی ســیاســەتی حکومەت بە ئاســانی ئەنجام دەدرێ، دیارە کاتێک چەند حزبێک بەیەکەوە حکومەت پێک دەهێنن دەبێتە نیشــانەی دیموکراســیەتی ســیســتەمی حوکمڕانی ، بۆیە گۆڕانکاری لە ســیاســەتی حکومەتە دیموکراتەکان ئاسـان نیە، ناکاتە ئەوەی بریار بەدەسـت حزبێک یا کەســێک بێت بتوانێ بەگوێرەی بەرژەوەندیەکانی خۆی گۆڕانکاری لە سیاسەتی دەرەوەدا بکا .

جگـە لـە فرە حزب، هـەنـدێـک جـار کـەســایـەتی ورێکخراوی تـایبـەتی کاردەکەنە ســەر ســیاســەتەکان، لەکاتی دروســت بونی کێشــە وگرفت لە نێوان دەوڵەتـانـدا کـەســایـەتیـە خـاوەن ســەنگ و پێگەی جـەمـاوەری و سـەرمایەداری زەبەلاحەکان رۆلیان دەبێ لە نزیک کردنەوەی لایەنەکان .

هەروەها پیشـەو توێژی پیشـەیی بۆ ئەوەی کاری پیشـەکەیان کاراو چالاک بێ بێ گوێدانە سـیاسـەتی دارێژراو لەلایەن دەوڵەتەوە هەوڵی لەیەک نزیک

کردنـەوەی بـازار وتێکـەڵاویی کۆمـەڵگـاکـان دەدەن ئەمەش بۆ بەردەوامی بەرژەوەندی پیشـەکەیان.

لە پاڵ کەســـایەتی و ســـیاســـەتی حزبەکان دەزگای فەرمیی تر هەن بۆ ئـەوەی بـەرنـامـەی دەوڵەت لـە بـەرگری وبـەرنـامـەی وزە بـە رێکو پێکی و ســەرکەوتوانە بە ئەنجام بگەن پێویســت دەکا پەیوەندی وهاوکاری لەگەل دەزگا هاوشــێوەکانی لە دەرەوەی وڵات دروســت بکەن، بۆیە ئەم بەرنامانە پێویســـت بە بودجەی دەوڵەتە ، بە دروســـت کردنی پەیوەندیی تـایبـەتی لەگەل دەوڵەتانێک کە پەیمانی ئابوریی لەگەلدا نیە .

ئەوەی بەرنامەی پیشـــەســـازی دادەڕێژێ وئەوەی بەرنامەی ســـاڵانەی کشــتوکاڵی ئامادە دەکا وئەوەی ســتراتیژیەتی ســەربازی دەبا بەڕێوەو کار لە بەرنامەی ئەتۆمی و بواری تر دەکا هەمان ئەو کەســـە نابن کە بەرنامەی ســـیاســـی بۆ ســـیاســـەتی دەرەوەی دەوڵەت دادەڕێژێ، بۆیە ئاســـاییە بەرژەوەندیەکانی تایبەتی وپیشـەیی ودەزگا سـتراتیژیە سـەربازی وسـیخوری یەک نەگرنەوە.

### د/ رای گشتی :

رای گشـــتی وەکو دەڵێن لە هەمو لە شـــکرێک بە هێز ترە ، وەرگرتنی رای گشـــتی جەماوەر لەســـەر پرســـە ســـتراتیژەکان گەلێک جار بە پێچەوانەی داخوازیەکانی دەسـەڵاتی سـیاسـی دێت ، یەکسـان نەبونی ئاسـتی وشـیاری پێکهاتـەی وڵات دەبێتـە مایـەی لـەیـەک نـەچونی ئـەنجـامـەکانی، بـاکوری ئیتالیا کە لەروی وشـیاریەوە لە ئەوروپای باکوریەوە نزیکن و باشـوریشی لە کەلتوری دانیشـــتوانی دەوروبەری دەریای ســـپی ناوەراســـتەوە نزیکن، ئاســـاییە داخوازی وحەزەکانیان لەیەک نەچن ، جەنەرال دیگۆل ماوەی چوار ســـاڵ لەگەل خەلکی جەماوەری فەرەنســـیدا هەول دەدا بۆئەوەی رەئی بدەن بە ئازاد کردنی جەزائیر ، هەروەها ئەمریکا کاتێک پێویســـتی بەدەنگی تەواو دەبێ بۆ ئەوەی سنورێک بۆ شەڕەکانی گەلەری دابنێ .

کاریگـەریـەکی تری ســـیـاســـەتـەکان دیـاردەی بیروکراســـی کارمـەنـدو جێبەجێکارانی دەوڵەتە ، ئەم دیاردەیە کە دیاردەیەکی کوشـــندەیە توشـــی ئەو دەزگایانە دەبێ کە گەندەلن ئەوان لە نێو هەندێک کۆمەڵگەدا زۆرینە پێـک دەهێنن بۆیە لە پێنـاو پـاراســـتنی بەرژەوەنـدیەکـانیـان کە خۆی لە گەنـدەڵی دەبینێتەوە رێگری لە بەرەوپێشـــچونی رەورەوەی ژیـان دەکەن و رێگری لە بەسیستەماتیک کردنی دام و دەزگاکانی حکومەت دەکەن.

## گونجاندنی پرسەکانی دەرەوە

-----------------------------------

دیارە رژێمەکانی ئەم دواییەی دونیا بە نمونە فرەنســـاو بەریتانیا بەهۆی زیادەرۆیی لە دەســـتێوەردانی کاروباری وەزارەتی دەرەوە لەلایەن وەزارەت ودەزگاکانی ترەوەو دەبێتە نیشـــانەی لاوازی رۆڵی پەرلەمان، دەکرێ بلێین یەک خســـتن وهەماهەنگی کردن لە نێوان وەزارەتەکان بۆ بەرێوە بردنی کاروباری دەرەوە کارێکی قورس وشپرزەیی بوە.

کاتێک وەزارەتی بازرگانی پێویســتیی بە بەســتنی گرێبەســت و ئەنجام دانی کارێکی وەزارەتی بازرگانی دەبێ لەگەل لایەنی دەرەوە ، پیوســـتی بە وەزارەتی دارایی هەیە بۆ دابین کردنی پولەکەو بە وەزارەتی بەرگریەوە هەیە ئەگەر بازرگانی کردنەکە بۆ مەبەستی کرین یا فرۆشتنی کەرەستەی سەربازی بو، هەرووەها بە وەزارەتی دەرەوە بۆ دابین کردن وبە فەرمی کردنی کارەکانیان لە رێگەی پشـــتراســـتکردن وپشـــتگیری لێکردنەوە ، بۆیە ئەم گونجاندن و هەماهەنگیە یا دەبێ لە رێگەی:

ا/ سەرفرازو دەستکراوە کردنی وەزارەتێک بۆ وەزارەتێکیتر بکرێ .

ب/ یا لە رێگەی دامەزراندنی لیژنەی تایبەتی لەو وەزارەتانەی پەیوەندیان بە دانو ستانەکەوە هەیە بکرێ .

سـەبارەت بە ڕێگەو میتۆدی یەکەم بۆ ئەوەی هەماهەنگی و ڕەهابون بۆ بەڕێوە بردنی کارەکان مەیسـەر بکرێ دەسـەڵات دەدرێتە وەزارەتێک لە وەزارەتەکان تا بە کاری ئەم هەماهەنگیە هەڵسێ .

بەلام بەدەر لەم شـێوازە، تەنها ئەو کاتەی وەزیری دەرەوە سـیماو نوێنەرایەتی کەسایەتیەکی سیاسی هەبێ و لەلایەن سەرۆکەوە سەرفراز ورێگە پێدراو بێ ئەوسـا شـێوازێکی ئاسـانکار تر وەردەگرێ ، لە کۆماری سـێیەم وچوارەمی فەرەنسـی هەر لە سـاڵی ١٩٤٥ هوە تا ١٩٥٤ هەموو وەزیرەکانی دەرەوەی فرەنسا تەنها دوانیان نەبن کەسایەتیی سیاسی بون، بەهۆی پێگەی بەهێز وپێدانی دەسـەڵاتی زۆریـان وسـود وەرگرتن لە ناسـراوی کەسـایەتیەکانیان توانیویانە لەم بوارە سـەرکەوتوتر بن، وەزیرەکانی تر کەسـانێک بونە لە فەرمانبەرە مەزنەکانەوە بونەتە وەزیر کەسـانی تەکنۆکرات بونە ودوربونە لە پێگەو کاری سـیاسـیەوە بۆ ئەوان بەڕێوە بردنی ئەم هەماهەنگیەی کاروباری دەرەوە کارێکی قورستر بوە .

لە ئەمریکا لەو کاتەی کیسنجەر وەزیری دەرەوە بوە و تا ئەمرۆی لەگەلدا بێ وەزیری دەرەوە بە راوێژ وئامۆژگاریەکانی سـەرۆکی ئەمریکا کار دەکا ، وەزیری دەرەوە نوێنەرو پیادەکاری سیاسـەتەکانی سەرۆکی ئەمریکا بوە کە ئەویش هێلە گشتیەکان لە کۆنگرێسەوە وەردەگرێ .

لە بەریتانیا هەروەکو هەموو دەوڵەتەکانی تر کێشـەو ململانێ لەسـەر بینینی رۆڵی وەزارەتی دەرەوەو کەم نەکردنەوەیەتی بۆیە پۆسـتی وەزارەتی دەرەوە لە بەشـی حزبەکەی زۆرینەی ناو حکومەت دەبێ ، کاتێک ئەو

وەزارەتە لە مەیدانی کارەکانیدا شکست دێنێ هەروەکو لە کێشەی فۆکلاند لە ١٩٨٢ بەریتانیا شکستی خوارد، بەو هۆیەوە وەزارەتی دەرەوە دەست لە کار دەکێشــێتەوە ، دروســت کردن و دارشــتنی ســیاســەتی دەرەوەو بەرجەستە کردنی لە چوار چیوەی بەرژەوەندیەکانی دەوڵەت وپێدانی هێلە گشــتیەکانی ســیاســەتی دەرەوە بە دام ودەزگای پەیوەندیدار، شــێوازی کارپێکردنی ســەردەمیانەی ســیســتەمی حوکمبەرێوە بردنی دەوڵەتانە، کە ئەو هەنگاوانەی وەزارەتەکانی تر دەنێن لە چوارچیوەی ئەم ســیاســەتانە بێنەوە ، بەلام لەگەڵ ئەمەشدا دەبینین وەزیرەکانی دەرەوە لە سەردەمانی پێشتر لەوانە (جان بیر کۆت) وەزیری پێشو هەمان گلەیی و کێشەی هەیە کە دەڵێ وەزارەتی نەخشــە دانان زۆر گەرم بو لەســەر پرۆژەکەیدا لەگەل مەکســیک لە کاتێکا وەزارەتی پیشــەســازی چەند داخوازیەک دەخاتە بەردەست جاکارتیەکان و وەزارەتی کشتوکاڵ لە شوێنێکی تر خۆی دەخاتە مەترســیەوە ، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە هیچ لە وەزارەتەکان پابەندی ئەو هێلە گشــتیانە نین کە حکومەت بۆی دیاری کردون، وەکو کە ســیاســەتی دەرەوەی وڵات دایرشــتون ، چونکە پێشــتر گلەیی فەرمانبەرانی وەزارەتی دەرەوە ئەوە بو کە ئەوان خۆیان بە خاوەنی وەزارەت دەزانن و بە رەوایان دەبینی کە رێگەیان پێبدرێ ســیاســەتی دەرەوەی دەوڵەت دارێژن ، کەچی حکومەت لەملاوە هەندێک دەزگای تری داناوە کە شــوێن دەســەڵاتەکانی وەزارەتەکەیان دەگرێتەوە وەکو ئەنجومەنی ئاســایشــی نەتەوایەتی وهی تریش .

بەلام خۆ دەوڵەتی واش هەیە کە لەم بنەمایانە بەدەرن لەوانە کەنەدا کە لە ١٩٨١ بە دارشتنەوەی پەیکەرو دەسەڵاتەکانی وەزارەتی دەرەوەدا هاتەوە بۆ ئەوەی زیاتر یەکبونیان پێوە دیار بێ، ئەمەش لە رێگەی دابەش کردنی وردی دەسەڵاتەکان و دامەزراندنی وەزارەتی کەم دەسەڵات کە لە ژێر دەسەڵاتی وەزارەتی دەرەوە دابێ ، وەکو وەزارەتی دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوە، دامەزراندنی ئەمینداری گشتیی وەزارەتی دەرەوە، کە هەردوو وەزارەتەکە بریکاریی بکەن ، ئەمەش بوە مایەی ئەوەی وەزارەتی دەرەوە بتوانێ هەموو چالاکی و پەیوەندیەکان بە دروستی روماڵ بکا .

ئەمەی سەرەوە نمونەیەک بو لەو شێوە هەماهەنگیەی لە رێگەی وەزارەتەوە دەکرێ بەلام شێوەیەکی تر لە هەماهەنگی ورێکخستنی کارەکانی دەرەوە هەیە کە لە رێگەو لە نێوان وەزارەتەکان خۆیانەوە دەکرێ ، کێشەی دوو وەزارەتی وبونی دەسەڵاتی وەزارەتەکان لە یەک ئاستدا روبەروی فرەنسا بوەوە، کاتێک وەزارەتی هاوکاری کاری لە پەیوەندی وهاوکاریەکانی فرەنسا دەکرد لە ئەفریکا بەلام روبەروی وەزارەتی دەرەوە دەبێتەوە کە زیادەرۆیی لەسەر دەسەڵاتەکانی دەکا، بۆیە ئەم هاوکاریە دەوەستێ بەلام لە ژێر داخوازیی زۆری ئەفریکا دوبارە دەست پێدەکاتەوە، فەرمانبەرێکی پلە بەرز دەست نیشان دەکەن بۆ ئەوەی هەماهەنگی لە نێوان وەزارەتەکاندا بکا بەلام لە کۆتاییدا وا دەردەکەوێ کە ئەم فەرمانبەرە روبەروی کێشەی تر دەبێتەوەو لە توانای فەرمانبەرێکدا نیە بەم کارە هەڵسێ ، ئەمە دەسەڵاتی وەزارەتە، بەهۆیەوە لە ١٩٨٢ وەزیری هاوکاری و بوژانەوە دەست لەکار دەکێشێتەوە، بەلام دواتر چارەسەریەک بۆ ئەمە

دەدۆزرێتەوە، بریتی دەبێ لە دامەزراندنی دەزاگیەک لە هەردو وەزارەتی هاوکاری و بوژانەوە و دەرەوە ، دەسەڵات بدرێ بە بەرێوە بەرایەتیی گشتیی پەیوەنیەکانی رەوشەنبیری و تەکنۆکراتی ، لەگەل دوو بەرێوە بەرایەتیی گشتی لە وەزارەتی دەرەوە کە بە هەماهەنگی بەم ئەرکە هەڵسن.

لەگەل ئەمەشدا گەلێک جار بەهۆی نەهێشتنی دەسەڵاتەکان بەدەست وەزیری دەرەوە کێشە دروست دەبن بۆ نمونە، لە حکومەتەکانی فەرەنسیدا کە کاروباری دەوڵەتە ئەوروپیەکان بەو لیژنە وزاریە دراوە بۆ کاروباری ئەوروپا دامەزراوە ، بەلام کاتێک بۆ دیاری کردنی رێژەی دابەزاندنی نرخی بەرهەمەکانی کشتوکاڵی کێشە لە نێوان وەزیری دارایی و وەزیری کشتوکالیدا دروست دەبێ بۆیە پەنا دەبردرێتە بەر ناوبژیوانێک کە سەرۆکی کۆمار دەبی ، دەڵێ :

پێم خۆشنیە دەست بخەمە نێو کار ودەسەڵاتەکانی وەزارەتەکانەوە، بە تایبەت لە کاتی دانو ستان و وتویژەکانیان ، بەلام کە کێشە لە نێوانیان لەسەر پرسێک دروست دەبێ ناچار دەبم بە رۆلی بەرپرسیارێتی خۆم هەڵسم وناوبژیوانی لە نێوانیاندا بکەم . هەروەها دەڵێ: کاتێک وەزیری کاشتوکاڵ دەچێتە برۆکسل دانو ستان دەکا نوێنەرایەتی سەرجەم فرەنسا دەکا . جەنەرال دیگۆل خۆی گەلێک گرنگیی بە وەزیری دەرەوە داوە کە هەندێک جار وەزیری دەرەوە لەم بایەخ وگرنگی پێدانە سەرسام بوە .

لە روی هەماهەنگی لە نێوان دەزگاکانی وەزارەتەکان بۆ چارەسەری کێشەکانیان ، بەریتانیا لەسەر زاری ولیام ئالاس ئاشکرا دەکا کە ئەم فرە

کەنالیەی دبلۆماسـیەتی بەریتانیا هۆکەی دەسـتێوەردانی دەرەکیە لە کاروبـاری سـەرۆکی وەزیران، بۆبـەرێ کردنی ئـەجنـدای خۆیـانە، کە ئەنجامەکەی بوە ئەم فرە کەنالیە ، هەندێک جار و لە هەندێک بوار دەبینین لە پشـت حکومەتەوەو لەسـەر حسـابی سـەروەریەکانی حوکمەت هاوپەیمانی دروسـت دەبن ، ئەمەش پێشـێل وسـنور بەزاندنی سـەروەریە ، بۆیـەو بـەهۆی ئـەو نـاکۆکی ونـارێکیـەی نێوان رێکخراوە نێودەوڵەتی وبەرێوەبەرایەتیە نیشـتمانیەکان بوە مایەی ئەوەی کاری هەماهەنگی ئاسـۆیی سـەخت بێ ، بەڵکو کارەکان بەرێگەی هەماهەنگی سـتونیەوە ببردرێن بەرێوە کە لە سـەرەوە سیاسـەتەکان دابڕێژرێن و بەسـەر خوارەوە بسەپێندرێن .

بـەلام لـە ئـەمریکـا کارەکان ئـالۆز ترن بـەهۆی ئـەوەی لـە سـاڵی ١٩٤٧ ئەنجومەنی ئاسـایشـی نەتەوایەتی دامەزرا کە پێک دێن لە راوێژکارەکانی سـەرۆک بۆ کاروباری ئاسایش و بەرێوە بەری دەزگای هەواڵگری و سـەرۆکی لێژنەی ستونی سوپاو جگە لەو سەرۆک دەزگایانەی کە بەپێویستی دەزانن ، کارەکانی بریتین لە هاوکاری کردنی سـەرۆک لە بەرێوە بردنی کارو باری پەیوەسـت بە دابین کردنی ئاسـایشـی نەتەوایەتیی، ئەمەش مەیدانی کارەکانی کە بریتین لەو وڵاتانەی ئاژاوەو نائارامی بۆ ئەمریکا دەنێنەوەو بەو کێشـانەوە کە لە دەوروبەرو ناوەوەی وڵات دروسـت دەبن، ئەمەش وا پێویسـت دەکا کە دەسـت لە کاروباری دەرەوە وەربدرێ لە رێگەی ئەم ئەنجومەنەوە ، بەمەش بەشـێکی تری دەسـەڵاتەکانی وەزارەتی دەرەوە دادەبردرێن، ئا بەم شـێوەیە لە ئەمریکاش ئەوە دەسـەلمێندرێ کە

سیاسـەتی هەماهەنگی ئاسـۆیی سـەرکەوتو نابێ ئەو هەماهەنگیە تەنها بە ســـەرۆک دەکرێ چونکە بە تەواوەتیش لە دوای ســـەرۆک جۆن کەنەدی، رۆڵی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوایەتی لاواز دەبیندرێ .

فرەنسـا لە سـەردەمی حوکمڕانی جەنەراڵ دیگول ئەم هۆیانەی سـەرەوە کە ئاماژەمان پێیان دا لە سـەروی هەمویان لاوازی پەرلەمان و نەهێشـتنی مەودای بواری کارکردن بۆ وەزارەتی دەرەوە، سـەرۆکی ئەوسـا هەموو ئەو کارانەی پەیوەندیان بە سیاسـەتی دەرەوە هەیە خۆی کاری لەسـەر دەکرد، پرسـە چارەنوسـسـازەکانی پەیوەندیان بە سـیاسـەتی دەرەوەی فرەنسـاوە هەبو دوا وتە هی ئەو بوە، ئەمە وای کرد کە سیاسەتی ( مەیدانی تایبەتی ) پیادە بکرێ کە بریتی بو لە تایبەت کردنی مەیدانی سـیاسـەتەکانی دەرەوە بە سـەرۆک کۆمار خۆی ، بەلام کەس نەدەبو ئەم زاراوەیە لای جەنەراڵ دیگول بەکار بێنێ چونکە رێگەی بەکەس نەدەدا وا پێناسـە بکرێ، لە کاتێکا بە کارایی ئەم سـیاسـەتەی پیادە دەکرد ، هەر بۆ کارا کردنی ئەم شێوازە سیاسەتە بایەخی بە سەردانی تایبەتی وبەستنی لوتکەی وڵاتەکان وبەشـداری کردن لە کۆنگرە نێو دەوڵەتیەکان دەدا کە ئەنجامەکەی گەلێک کارا تر ودیار تر دەبون لەوەی نوێنەرێک بۆ ئەم جۆرە کۆنگرەو دانیشتنە دیالۆگ ودانوستانانە بنێرن .

هەر لەم بوارەو لە پێناو رەها کردن و لەیەک جیا کردنەوەی مەیدانی دەسـەڵاتەکان و بەبن بەسـت نەگەیشـتنی رێگە چارەکان جۆرێکی تر لە دەسەڵاتەکان دێتە مەیدان کە بە دەسەڵاتی ئامادە دەناسرێ.

دەســـەڵاتی ئامادە بریتی دەبێ لەو ســـیاســـەتەی کە بە ناچاری بێ یا بۆ کاراکردن و بەئەنجام گەیاندنی دانو ستانەکان، سەرکردە و بەرپرسەکان رۆلی بەرپرســـەکانی خوار خۆیان کەم دەکردەوەو ئەوان خۆیان بەم رۆلە هەڵدەســـتان، پاســـاویان بۆ ئەم ســـیاســـەتە ئەو ململانێ و قۆرخ کردن وبەئەنجام نەگەیاندنە بوە کە لە ئەنجامی سیاسەتەکانی پێشتر کە بریتی بون لـە هـەمـاهـەنگی وەزاری وپێـک هێنـانی لیژنـەی تـایبـەتی لـە بـەرێوە بـەرایـەتیـەکانی وەزارەتـەکان وەی تریش ، جـاک شـــابـان یـەکێک بوە لـە داهێنـەرانی زاراوەی ( مـەیـدانی تـایبـەتی ) لـە کاتێکا خۆی بۆی نـەبو لای جەنەرال دیگۆل ئەم پێناسە ناو ببا .

سەرکردەی دەوڵەتان و بەتایبەت فرەنسا کە لە بەردەم دادگا وپەرلەمان خۆیان بەرپرسی یەکەم بون لە سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت و بەرانبەر بە چـارەنوســی دەوڵەت بـەرپرســی یـەکـەم بون، بۆیـە بـە بڕوای ئـەوان زۆر ئاســاییە خۆیان بۆ دڵنیا بون وبە ئەنجام گەیاندنی ســیاســەتەکەیان بەم رۆلە هەڵســـن وئەم رۆلە گرنگە بە کەس نەســـپێرن ، ڤالیری جیســـکار دیستان بە ئاشکرا ئەوەی راگەیاند کە خۆیان لەبەردەم گەل بەرپرسیاری یەکەمن لە بریارە گرنگ وچارەنوســـســـازەکانی دەوڵەت، هەر بۆیە کاتێک پرســـێکی گرنـگ دەکـەوێتـە بـەردەم دەوڵـەتـان بۆ گـەیشـــتن بـە بریـارێکی دروســـت، خۆیان ســـەرکردەکان، بەشـــداری لە کۆنگرە نێو دەوڵەتیەکان دەکەن ، بەلام هەندێک جار کە بە یاوەری بسپۆرو راوێژکارەکانیان دەچن ئەو کات درەنگ تر دەگەیشتنە بریارو ئەنجامێکی هاوبەش، چونکە ئەوەی بەرنامە دادەرێژێ جیایە لەوەی جێبەجێی دەکا .

فرانسوا میتران لەگەل ئەو سیاسەتەدا نەبو کە پێی دەوترا سیاسەتی ( مەیدانی تایبەتی ) بە دیدی میتران ئەم سیاسەتە پێشێلکاریە لە دەستوری فرەنسا، دەکاتە قۆرخ کردنی بوارێک لە بوارە هەرە گرنگەکانی حکومەت کە دەبێ لایەنەکانی تریش بەشداریی تیادا بکەن .

سیستەمی حوکمڕان لە فرەنسا لەم رووەوە زۆر لە سیستەمی حوکمڕانی ئەمریکا دەچێ تەنها ئەوە نەبێ کە کۆنگرێس گەلێک دەسەلاتی لە دەسەلاتی پەرلەمانی فەرەنسی زیاترە وئەو بریارانەی سەرۆک دەیدا دەبێ رەزامەندی کۆنگرێسی لەسەر بێ ئەوسا دەکەوێتە مەیدانی جێبەجێ کردنەوە .

بۆ بەجێ گەیاندن و بەرێوە بردنی ئەم ئەرکە جۆرێکی تر لە سیاسەتی دەسەڵات هەیە کە پێی دەوترێ دەسەلاتی ناوبژیوان :

ئەم جۆرە دەسەڵاتە سەرۆک ولوتکەی دەوڵەت هەموو شتێک لە دەسەلاتەکان قۆرخ ناکا بەلکو لە رێگەی ئەمانەتی گشتی کۆشکی ئەلیزێوە کارەکان دەبردرێن بەرێوەو سەرۆک ئەو کاتە دەست لە کارەکان وەردەدا کە بە بنبەستی دەگەن، ئەوساش بە راوێژ لەگەل ئەمانەتی کۆشک دەگەنە بریارێک و سەرۆک ئیمزای لەسەر دەکا، کەوایە دەبێ ئەوە بزانین کە (دەسەلات هی ئەوەیە زانیاری دەگواستەوە نەک هی ئەوەی نەخشە دادەرێژێ ) واتە هەمان زانیاری کە لە ئەمانەتی کۆشک وەردەگیرێن دەبنە دەسەلات وپیادە دەکرێن بەلام بە شێوازێکی تر .

هەروەکو لە سـەرەوە باسـمان کرد کاتێک کارەکان دەگەنە بن بەسـت لە شـێوازێکی تری دەسـەڵات کە پێی دەوترێ شـێوازی بەشـداری لە لیژنە وکۆنگرەکان :

لەم رێگەیەوەو بە بەشـداری کردنی راسـتەوخۆی سـەرۆک لە لیژنە وکنگرەو کۆبونەوەکانی لوتکەیی زوتر دەگەنە بریار وئەنجام بۆیە دەبینین کە جەنەرال دیگۆل لە ماوەی دە ساڵی حوکمڕانیی دا ٢٧ سەردانی فەرمیی دەرەوەی کردوە، هەروەها ڤالیری جیسـکار دیسـتان لە ماوەی ١٨ مانگی سـەرەتای حوکمڕانییدا ٨ سـەردانی دەرەوەی کردوە، بە هەمان شـێوە بۆ فرانسوا میتران لەو ماوەی دەساڵییدا ٣٠ سەردانی فەرمیی دەرەوەی وڵاتی کردوە ، ئەم سـەردانانەیان بۆ مۆر کردنی پەیماننامەی ئابوری وسـتراتیژی وبەلکو سـەربازی بوە هەروەها بۆ پتەو کردن و یەکخسـتنی سیاسەتەکانیان بوە بەرانبەر بە پرسە گەرمەکانی هەنوکەیی کە کاریگەری باشـیان بوە ، ئەگەر ئەو کارانەی لەو سـەردانانە ئەنجام دراون بە رێگەی لیژنەی تایبەتی یا وەزاری کرابونایە بە دڵنیایەوە زیاتری لە هەول و توانا پێوسیت دەبو تا دەگەیشتنە هەمان ئەنجام .

## سیاسەتی ناوەخۆو کاریگەریی لەسەر سیاسەتی دەرەوە

---

جگە لەو فاکتەرو رۆڵانەی وەزارەتی دەرەوەو سـیاسـەتی دەرەوە دەیگێڕن، دەبێ ئەوە لە بیر نەکەین کە سـیاسـەتی دەرەوە بەجیاو بێ پەیوەندی نیە لەگەل سـیاسـەتی ناوەوە ، هەر چەندە جیاوازیەکی زۆر لە نێوان ئەم دوو سیاسـەتە هەیە کە لە کۆنەوە مەیدان ودبلۆماسیەتی ئەم دوو سیاسـەتە گەلێک جیاوازیان لە نێواندا هەبو، بەلام دوای شـەڕی سـاردو بەدەر کەوتنی هۆکارەکانی نوێی پەیوەندی و پێشـکەوتنەکانی بواری تەکنەلۆژیا و ئەنتەرنێت ، ئەم جیاوازیانە کەم بونەوە، هیچکامیان بەبێ سـەرکەوتنی ئەویتر بەردەوامیی نابێ بەڵام بۆئەوەی بزانین کامیان کاریگەرتر و کامیان لە ریزی پێشـەوەی بایەخ و مەرجی سـەرکەوتنی حکومەتن، توێژێک لە زاناو سیاسەتمەدار هەن پێیان وایە سیاسەتی توکمەو سەرکەوتوی سیاسەتی ناوەوە دەبێتە هۆکار بۆ سـەرکەوتنی سـیاسـەتی دەرەوە ئەوان پاسـاو بەم شێوە دێننەوە. .

**١/ سیاسەتی دەرەوە لە هەناوی سیاسەتی ناوەوە دەردەکەوێ :**

ناسـنامەی نیشـتمانی هەر دەوڵەت ونەتەوەیەک بە سـیماو دیاردەیەک دەناسـرێتەوە، دیارە ئەم دیاردەیە بە هەوەنتە دروسـت نەبوە کاتێک دەڵێن : (ئەلمانی شـەڕانگیز)و (روسـی دڕندەو هار) و (فەرەنسـی ناسـەقامگیر لە

ڕەئی ) ( بەریتانیخۆپەرست ) و ( ئیسپانی خۆبەزل زان ) ئەم سیما وناسنامانە دوای لەیەک چونێکی نەتەوایەتی دروست بوە .

ئەوانەی لایەنگیری ئەم رایەن پشت بەو بەلگانە دەبەستن کە پیرۆز راگرتن وشانازی پێوە کردن بە رێباز وتایبەت مەندێتیە نیشتمانیەکان کار دەکەنە سەر پەیوەندیەکانی دەرەوەو سیاسەتی دەرەوە بەگشتی . روسیا لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر کە پەیامی مارکسیان پیادە دەکردو لە رێبازی مارکسیزمدا هۆکاری ئابوری بنەمای پەیوەندیەکانن بڕوایان بە نەهێشتنی جیاوازیە کانی چینایەتی بوە، مارکس دەڵێ: هەر کاتەی تاکی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤ نەچەوسێندرایەوە ئەوکات رەنگدەداتەوە سەر میلەتان ، چەوساندنەوەی میلەتان لەلایەن میلەتانەوە کەم دەبێتەوە ، بۆیە کار دەکا بۆ نەهێشتنی چەوساندنەوەی میلەتان، هەروەها فرەنسا لەسەر زاری فرانسوا میتران دەڵێ : هەر کاتەی کار وچالاکیەکانمان لە چوار چیوەی فرەنسا کۆبوەوەو نەمان توانی شارستانێتی بگەیەنینە دەرەوەی وڵات ئەوکات فرەنسا بەرەو نەمان دەچێ .

هەمان شێوە سەبارەت بە ئەمریکا لە سەدەی نۆزدەهەم بانگەشەی مۆنرۆ بۆ ئازادی ودیموکراسی رێگە بە حکومەتی ئەمریکا دەدا کە کار لە دەرەوەی ئەمریکا بکا بۆ گەیاندنی پەیامی گەلی ئەمریکی لە ئازادی ودیموکراسی بە میلەتانی دونیاوە .

هەمان شـێوە موسـلمانەکان کاتێک پەیامی پێغەمبەریان (د.خ)لە دورگەی عەرەب بلاو کردەوەو خۆیان بە بەرپرسـیار زانی کە ئەم پەیامەی ناوەخۆی دورگەی عەرەبی بە دونیادا بلاوی بکەنەوە .

چین بە هەمان شێوە ماوتسی تۆنگ دەڵێ :

( ئەگەر ئەو شـۆرشـەی پرۆلیتاریا چین نەبوایە، پەیوەندیەکانمان لەگەل ئەمریکا بەم ئاسـتە نەدەگەیشـت وپەیامی نە هێشـتنی داگیرکار وداگیرکاری بە ئەمریکا نەدەگەیشــت)، واتە هەمان شــێوە رەنگدانەوەی ســیاســەتی ناوەخۆیە کاری کردۆتە سـەر سیاسـەتی دەرەوەو بەرجەسـتەی کردوەو بۆتە پاڵپشتی بەردەوامیی .

پوختەکەی ئەوەیە سـیاسـەتی ناوەوە حوکم لەسـەر سـیاسـەتی دەرەوە دەدا، هەر ئەوانیشـن ئاسـت و ئاراسـتەی پەیوەندیە دەرەکیەکان دروسـت دەکەن، کلۆد شیسۆن دەڵێ :

( هیچ شــتێک نیە بەناوی ســیاســەتی دەرەوە ، وەرگێڕانی ســیاســەتی ناوەوەیە دەبێتە سیاسەتی دەرەوە )

نمونەی رەنگدانەوەی سـیاسـەتی ناوەوە لەسـەر سـیاسـەتی دەرەوە زۆرن لە ئۆپۆزسیۆنەوە دەبنە دەسەڵاتدار وبە پێچەوانەوە ، جەنەرال دیگۆل لە ١٩٤٧ دژی سەربەخۆیی جەزائیر پەیمان دەبەستێ، کەچی لە ژێر کاریگەری گۆڕانکاریـەکانی نـاوەخۆ لـە ١٩٦١ دان بـە ســەربـەخۆیی جـەزائی دەنێ . فرانسـوا میتران دژی پرۆسـەی وەدەسـت هێنانی چەکی ئەتۆمی دەوەسـتێ و

له ١٩٦٥ هەڵمەت له دژی ئەو پرۆســـه دەســـت پێدەكا ، كەچی لە ١٩٨١ پشتگیری لە دروست بونی هێزی زەبەلاح بۆ فرەنسا دەكا .

**٢/ سیاسەتی دەرەوە كاریگەرە لەسەر سیاسەتی ناوەوە :**

دوای ئەوەی بە كورتی راو بۆچونی ئەوانەمان شـــی كردەوە كە پێیـان وایە ســیاســەتی دەرەوە لە هەناوی ســیاســەتی ناوەوە دەر دەكەوێ، ئێســتاش بۆچونی پێچەوانە شـی دەكەینەوە كە پێیان وایە رەنگدانەوەی ســیاســەتی دەرەوە لەسەر سیاسەتی ناوەوە كاریگەرو هۆكاری بەردەوامیەتی.

لایەنگرانی ئەم بۆچونە یا ئەم هزرو بیركردنەوە بەسەر دوو بەشدا دابەش دەكرێن:

**ا/ بۆچونی بیردۆزی جیوپۆلۆتیك:**

ئەوانەی بەم شــێوەیە بیر دەكەنەوە كە جوگرافیای دەوڵەت ســیاســەتی دەرەوە دروســت دەكا و هەر ئەم ســیاســەتەی دەرەوەیە كار دەكاتە ســەر سیاسەتی ناوەوە، بۆنمونە هەلكەوتی دەوڵەت لە روی خاك و روبەر، بونی كانزاو بەرهەمە ســروشــتیەكان، هەروەها دورو نزیكی لە دەریاو دەرو دراوســێكانی، روبارو پێدەشــتو چیاكانی، یا پێكهاتەو دانیشــتوانی لە روی ژمارەو ئاستی زانین وتێگەیشتنیان، ئەمانە هەمویان بە ئەرێنی ونەرێنی كار

دەکەنە سەر دروست بونی سیاسەتێکی تایبەت کە لەگەل ئەم سروشتیە بێنەوە، کاتێک سیاسەتی دەروەوە لەسەر ئەم بنەمایانە دروست دەبێ سیاسەتی ناوەوەش لەم شێوە پەیوەندیە دەردەکەوێ .

**ب/ بۆچونی لایەنگیری و پاڵپشتی :**

هەلگرانی ئەم بۆچونە دەڵێن کاتێک دەوڵەتێکی بچوک لەلایەن دەوڵەتێکی مەزن پشتگیری وخاوەندارێتیی دەکرێ ودەوڵەتە بچوکەکە دەبێتە سەر بەو دەوڵەتە مەزنە ، لەروی ئابوری و ژێرخانی ئابوریەوە هاوکاری دەکرێ ودەبوژێتەوە ، دیارە هاوکاری کردن لە سیاسەتی نێودەوڵەتی کارێکی خێرەومەندی نابێت دیارە هەموی بەرژەوەندی و ئالوگۆرە دەبێ دەوڵەتە بچوکەکە بکەوێتە ژێر کاریگەری سیاسەتی دەوڵەتە مەزنەکەو ئەوساش رەنگدانەوە لەسەر سیاسەتی ناوەوە دروست دەبێ .

ئەو دەوڵەتانەی پێویستیان بە هێنانی کەرەستەی خاوی وزە دەبێ، وەکو نەوت و گاز زیاتر دەبێ سەر بۆ مەرجەکانی دەوڵەتانی خاوەن وزە دابنوێنن، بەمەش دەبێ رازی بن لە گرتنەبەری ئایدیۆلۆژیای دەوڵەتە دەولەمەندەکە کە بە شێک لە سەروەریەکانی ناوەوە لەدەست دەدا ، ، ئەمە بە تایبەت لەو دەوڵەتانە بەدی دەکرێ کە هەڵگری ئایدیۆلۆژیای چەپ یا ئیسلامین ، ئەمە ئەگەر دەوڵەتی چاو لەدەست فاکتەریتری بەهێزبونی نەبێ، هەروەها هاوردە کردنی چەک وتەقەمەنی لە دەوڵەتە خاوەن چەکەکان دەبێ

لایەنگرو هەلگری ڕێبازی ئەو دەوڵەتەبێ یا هەرنەبێ لە خزمەت بەرنامەو ستراتیژیەکانیدا بی ، بەم شێوەیە سیاسەتی دەرەوە کار دەکاتە سەر سیاسەتی ناوەوەو لە هەلبژاردنی ڕێبازو شێوازی کاری ئیداری وبەڕێوە بردنی ئیدارەی دەوڵەت لە روی ئابوری وئاسایشەوە دەبێ پابەندی مەرجەکانی دەوڵەتە بەهێزەکە بێو ڕەچاوی بەرژەوەندیەکانی ئەویش بکا .

لەم شێکردنەوانەی سەرەوە بۆمان دەر دەکەوێ کە هەریەک لە گۆڕانکاریەکانی ناوەوە دەکرێ کار بکەنە سەر گۆران لە سیاسەتی دەرەوە ، بە هەمان شێوە هەر فشار وقەیرانێکی دەرەوە کە لەسەر دەوڵەت دروست دەبن بە ناچاری گۆران لە سیاسەتی ناوەوە دروست دەکەن .

بەلام زاناکانی سەردەم زیاتر ئابوری بە فاکتەری گۆڕانکاریەکان دەبینن ، دۆزینەوەی بازار بۆ بەرهەمەکانی ناوەوە پێویستی بە نواندنی دبلۆماسیەت و سیاسەتیکی ئابوریی توکمە هەیە کە لە پێناو سەرکەوتنیدا دەبێ دەست لە چەند مەرج ودەسکەوتێک هەڵبگیرێ .

نوێنەرانی دەوڵەت بۆ سیاسەتی دەرەوە ، کاتی خۆی بریتی بون لە و دیپلۆماتکارانەی بالوێزخانەکان کە بە نوێنەرایەتی دەوڵەت مافی دروست کردنی پەیوەندیی ئابوری وسیاسیان هەبو، بەلام ئەمرۆکە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و چەندین کۆمپانیاو بازرگان وکەسایەتیی سیاسی کەوتونەتە کار، لەم بوارە کاری سیاسەتی دەرەوە هەموی لە دەست دەوڵەت نەماوە ، بەتایبەت لە دەوڵەتی رژێم دیموکراسی ، ئەو گۆڕانکاریانەی لە سیاسەتی ناوەوە دەکرێ کەمتر کار دەکاتە سەر سیاسەتی دەرەوە ، گۆران لە

سـیسـتـەمی کۆمەلایەتی و ئیداریی ناوەخۆی دەوڵەت لەرێگەی شـۆڕش و کودەتاکانەوە  دەکرێن دەبنە مایەی گۆرانی ریشـەیی لە سیاسـەتی دەرەوەی دەوڵەت ، بەلام گۆرانی حزبی دەسـەڵاتدار لە دەوڵەتە دیموکراتەکان بە گۆرانی چەند دەم و چاوێک، گۆرانێکی ئەوتۆ لە سـیاسـەتی ناوەوە رونادا هەر بۆیە سیاسەتی دەرەوەش لە هەمان رەوت نزیک دەبێتەوە .

دەوڵەتە تۆتالیتاریەکان بە قەدەر دەوڵەتە دیموکراسـیەکان گوێ بە رای گشـتی ودەنگی جـادە نـادەن، بواری سـیـاسـەتی دەرەوە بۆ دەوڵەتـە تۆتالیتارەکان پاوان کراوە، ئەو بوارە ئەوەیە کە سـیاسـەتی خۆیانی لێ نمایش دەکەن، رێگە بە جەماوەرو دەنگی دیموکراسـی نادرێ هەر رۆژەی بە ئاراسـتەیەک وبە ئاوازێک بخوێنێ، لەم رووەوە مکیاڤیللی Niccolo di Bernardo dei Machiavelli دەڵێ :

( کاتێک کارەکانی دەرەوە مسـۆگەر دەبێ ، کارەکانی نـاوەوە لـە خۆیـەوە مەیسەرو رەها دەبن).

هەر لەم رووەوە کیسـنجەری کۆنە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ مەسـەلەی گەیشتن بە رێککەوتن لەگەل نوێنەری دەوڵەتان دەلێ :

( دانوسـتـان وگەیشـتن بـە رێککـەوتن لـەگـەل دەوڵەتـانی تۆتـالیتـاری، ئاسانترە لەوەی دەوڵەتانی دیموکراسی) .

ئەمانە چەند نمونەیەکن لە کاریگەری سیاسەتی ناوەوە لەسەر سیاسەتی دەرەوەو بە پێچەوانەوە، هەر چۆنێکی بێ هەردووکیان دەبێ هەماهەنگی و رەنگدانەوەیان لەسەر یەکتر هەبێ زانایەکی ئەمریکی دەڵی :

(هیچ دەوڵەتێک لە دونیا هەرچەندی بەهێز بێ تەنانەت ( ئەمریکا) ناتوانێ بە گۆشەگیری و بەدەر لە پەیوەندیەکانی دەرەوەی بژێ ).

دیارە ئەمە سەلمێندراوە کە پیادە کردنی سیاسەتی ناوەخۆ بە رێگەی ئاگر وئاسن کە دەوڵەتە تۆتالیتاریەکان دەیبەن بەرێوە ۆ هیچ ەس و گروپێک تاسەر نیە، کەس ناتوانێ دەوڵەت بە کپکردنی دەنگی ناوەخۆو سەرکوتکردن ببا بەرێوە، بۆیە دەبێ لە رێگەی هەماهەنگی وبە هەند وەرگرتنی رای گشتی و مافی گەلان کار وسیاسەتەکانی ناوەوەو دەرەوە لەگەل یەک بگونجێنن کە لەگەل بەرژەوەندیەکانی دەوڵەت بێنەوە ، سیاسەتێکی وا پیادە نەکرێ کە میلەت روبەروی شەڕی دەرەکی یا ناوەخۆ بکرێتەوە چونکە گەلێک رژێم کاتێک روبەروی ناکۆکی وکێشەی دەرەکی دەبنەوە هەوڵی نانەوەی کێشەی ناوەخۆ دەدەن بۆئەوەی هەلەکانی گەیشتن بە کێشەی دەرەکی لە ناوەوە نارەزایی لێ نەکەوێتەوەو لە تری لەناوچون بکەونە ژێر بارو فەرمانەکانی دەسەڵات ، دیارە لە دروست بونی شەرو ئاژاوە دەسەڵاتی تۆتالتاری دروست دەبێ ، لە میانەی دەسەڵاتی تۆتالیتاری رێگە بە دەسەڵاتی حوکمڕان دەدرێ یا خۆی رێگە بە خۆی دەدا هەموو شێوازەکانی ستەم وزۆرداری و سەرکوتکاری لەگەل گەلەکەی خۆی بەکار بێنێ .

سـیاسـەتی دەرەوە پێویسـتی بـە دادپەروەری و دیموكراسـی نیـە لـە پیـادەكردنی كـارەكانیـدا ، بـە پێچـەوانـەوە هـەموو خـەسـلـەتـەكانی دژی دیموكراسی لەم سیاسەتە پەرەیان پێ دەدرێ و كاری پێ دەكەن ، هەروەكو لە سـەرەوە باسـمان كرد كاتێك ئەم بوارە دەخرێتە بەردەسـتی جەماوەر، گۆران لە سـیاسـەتی دەرەوە زۆر بە دەگمەن دەكرێ تەنانەت بە گۆرینی سـەرۆك و حزبی حوكمڕانیش ئەم گۆرانە لاواز دەبێ تەنها ئەوەی رو دەدا هەندێك هەلوێستی سەرۆكەكان دەبن سەبارەت بە پرسە هەنوكەییەكان كە پێویسـتیان بە ئیمكاناتێكی كەمی دەوڵەت دەبێ ، بۆیە سـیاسـەتی دەرەوە لە سـیسـتەمی دەوڵەتە تۆتالیتارەكان سـەقامگیرتر ونەگۆر ترە تا ئەو كاتەی رژێمە كە بە هەر هۆیەك بێ لە گۆرەپانەكە دێتە دەر ئەوسـا گۆرانێكی ریشەیی دروست دەبێ .

---------------------------------------------------

# بەشی سێیەم

# فەلسەفەی حوکمڕان

# فەلسەفەی حوکمڕان

لەتەک سیاسەتی حوکمڕان فەلسەفەی حوکمڕان هەبوە ، فەلسەفەی حوکمڕان وەکو باقی دەستەواژەو رەهەندەکانی تر چەند جۆر و لێکدانەوەی هەیە کە دەکرێ لێرەدا هەندێکیان شی بکەینەوەو راڤەیان کەین.

## ١/ فەلسەفەی نەتەو ایەتی

---------------

فەلسەفەی نەتەوایەتی لە ئەوروپا بە تەواوەتی لە چەرخەکانی ناوەراستدا سەر هەڵدەدا، ئەو کات ئەوروپا لە قۆناغێکدا دەژیا کە دەسەڵاتی کەلیسە لە پاشەکشە دابو، فەلسەفە و بیری سیاسی لە گۆراندا بوە، لە ئاینەوە بۆ سیاسەتی دونیایی و زانست بینانە . بازرگانی لە گەشە بوندا بو لە نێوان ئەوروپاو وڵاتانی رۆژهەلات لە لایەک و باکوری ئەوروپا و رۆژئاوایدا لە لایەکی تر، بەهۆیەوە گوزەرانی ژیان لە گوند وپیشەی کشتوکالی باوی کەم بۆوە خەلکی رویان لە شارەکان دەکرد دانیشگاو خوێندنگاکان کە تا ئەوکات تایبەت بون بە مندال و پیاوانی ئاینی لەوساوە دەرگایان بەروی دەولەمەندو کورە زانستخوازەکان کرایەوە ، دەسەڵات کەوتە قۆناغی ململانێ لە نێوان پادشا و جوامێرەکان، هەندێک

جار گەل پشتگیری لە پادشا دەکرد بۆئەوەی لە چنگ نەجیبزادەکان(نوبەلاکان) رزگاریان بێ، بەم شێوەیە دەسەڵاتی پادشا بەهێزو هی لایەنەکانی تر بە کەلیساو نەجیبزادەکانەوە لاواز دەبێ، دەوڵەتی نەتەوایەتی دامەزران وپێگەیان بەهێز بو، بەهۆی دروست بونی دووبەرەکی لە نێوان لوتکەی دەسەڵاتی پاپاوە، دەسەڵاتی ئاینی لاواز دەبێ، لە ئیتالیا شۆرشی پرۆتستان هەلدەگیرسێ و دان بە پاپا نانرێ، بۆخۆیان پاپایەک هەلدەبژێرن کە نیوەی ئەوروپا لەوانە ئیتالیاو هەندێک لە ولایەتەکانی ئەلمانیا وهۆلەندا دانی پیا دەنێن . وڵاتەکان پارچە پارچە دەبن بە تایبەتی ئیتالیا ئەمە دەبێتە هۆکارێک تا میکافیللی وەدەر کەوێ و دەنگ هەڵبرێ پاساو بۆ هۆکارە توندوتیژیەکانی گرتنەدەست دەسەڵات دێنێتەوە و لە نوسینی پەرتوکەکەیدا بەناوی (میر) بۆچونەکانی دادەرێژێ کە زیاتر لە نوسینی دیبلۆماسی نزیکترن لەوەی لە نوسینی فەلسەفەی سیاسی .

**٢/ فەلسەفەی سروشتی**

---------------------

لەم بوارەشدا چەندین زانا وبیرمەند دەکەونە خۆ بۆ نواندنی چالاکی و هەریەکەی بە شێوەیەک راو بۆچونی خۆی دەردەخا هەندێکیان ئەم فەلسەفەیە بەوە شیدەکەنەوە کە مرۆڤ لە کۆنەوە بە یاسای سروشتی

دێتە دونیا، یاســاکانی ئەوســەردەم بریتی دەبن لە مرۆڤایەتی وچاکەو بەهانا یەکەوەهاتن بوە، بۆیە ئەوکات ئەوەندە گرنگی بە مولکایەتی وخۆپەرستی نەدراوە، کێشەو ململانێکان زۆر بەسادەیی چارەسەر کراون ، کەچی لایەنی تر بە پێچەوانە باس لەو رۆژگار دەکا، گوایە ئەوســەردەم بریتی بوە لە سەردەمی شەڕو ناکۆکی وململانێی دەستگرتن بەسەر خاک وزەویەکاندا بۆیە هیچ کاتێک ئامادەنین یاســاکانی ئەو ســەردەم بکرێنە یاســای ئێســتاو کاریان پێ بکرێ، لەو زانایانەش وەکو لۆک و تۆماس و هۆبز، دیارە نەبونی رێنماو دەســەڵاتی لوتکە لە چوارچیوەی دەوڵەت نیمچە یا فرە گێرەشــێوێنی و بەرەللایی دەخولقێنێ کە دەتوانین بڵێین یاسای دارستان پیادەو باڵا دەست دەبێ، بۆیە خۆزگەی بۆ ناخوازن.

**٣/ فەلسەفەی تاکرەوی(تاک سالاری)**

-------------------------------

دوای ئەوەی کۆمەڵێک کەس یا کەمینە توێژێک لەژێر هەر پاســاو وبیانویەک بێت لەژێر سێبەر و رێنمای هەر فەلسەفەیەک بێت توانیان بە بیانوی فەلسەفەی سروشتیەوە سامان و دەسەڵاتی خەلک بخەنە ژێر رکێفی خۆیان ماوەیەکی زۆریان بەم شێوەیە خەلک دۆشی و چەوساندەوە گوایە لە سەردەمی سەرەتاییەوە خەلک لە ژێر یاسای سروشتی ژیانی بردۆتەســەر و لە بری خۆی خوا کەســێکی دەســت نیشــان بکا ، ئەو کەســەش بەدەرە لە هەموو رێنما وســزاو لێپێچینەوەیەک ئەویش ئیمپڕاتۆرە، بەلام ماوەی چەند ســەدەیەک کاتێک ململانێ ودوبەرەکی

دەکەوێتە نێوان دەســـەڵاتی پادشـــا و کەلیســـاکانەوە ئەم جارەیان لە ســـەردەمی لویســـی شـــازدەهەمەوە کاتێک دەســـەڵات لە کەلیســـا دەسـێندرێتەوەو لە مولک وسامان بێبەش دەکرێن حوکمڕانیەکی ستەمکارو زۆردار دەگرنەبەر، بۆ پاساو لەم حوکمڕانیە هەندێک لە زانا وفەیلەسوفەکانی ئەو سەردەم بە چەندین بیرو بۆچون فەلسەفەی سیاسەتی ئەو سەردەم شی دەکەنەوە، بەلام ئەوە زۆرناخایەنێ کاتێک زاناکانی وەکو لۆک و جان جاک رۆسۆ لە کاتی شۆرشی فەرەنسی کە کاریگەری زۆریان دەبێ لەسەر کۆمەڵگای بەریتانی ئەوان لەو شۆرشە دەترسن کلپەی بگاتە ئینگلتەرا ، لە ژێر ناوی فەلسەفەی سودبەخشی (مەنفەعە) و گرێبەستی کۆمەلایەتیدا بە دیموکراسیەکەی بەریتانیا شاگەشکە دەبن، لە پێنا وبەرگری کردن لە مافە خوراوەکانی تاک لە لایەن کۆمەڵگاوە چەندی بۆچون دەخەنە بەردەست خوێنەران ، بە بۆچونی (میل) تاکی کۆمەڵ لەژێر باری قورسی بەرنامەو فەرمانەکانی کۆمەڵدا دەنالێنێ، بۆیە دەبێ سەرەتا تاک رزگار بکرێ ئەوسا کۆمەڵ دەسەڵاتی ئەوەی بێ بەناوی کۆمەڵگاوە گرێبەست لەگەل حکومەتدا ببەستێ، هەر کاتێک ئەمە ئەنجام درا ئەوسا حکومەت بە حکومەتی زۆرینەی گەل دەناسرێ .

بۆ پرسی دلخۆشکردنی گەل و تاک (میل) بەم شێوەیە باس دەکا ئەو لەگەل (جێرمی میتاندا) نیە کە دلخۆشی بە رێژەی چەندایەتی بێتە هەلسەنگاندن، چونکە بە بۆچونی (میل) هیچ کاتێک نابێ کۆمەڵگا ئەوەندە زۆر لە تاک بکا کە خۆشی ئەو خۆشی گەل بەگشتی بێ چونکە

مرۆڤ هیچ کاتێک لە خۆشی و خۆشگوزەرانیەکان لەگەل یەک و یەکسان نین، بۆیە هەلسەنگاندن و پێوانی دلخۆشی دەبێ بە چەندایەتی بێ نەک بە چۆنایەتی . بەرگری لە ئازادیەکانی تاک دەکا کە دەڵێ مرۆڤ دەبێ لە ٣ روەوە ئازاد بێ.

١/ ئازادی حەزی ویژدانی .

٢/ ئازادی حەزی تامکردن .

٣/ ئازادی لە دروستکردنی کۆمەڵ بەمەرجێ مەترسی لەسەر گەل دروست نەکا . بەم پێوەرە مرۆڤ دەبێ لە هەمو روێکەوە ئازاد بێ تەنیا لەو کارو کردەوانە نەبێ کە دەستدرێژی دەکاتە سەر ئازادی کەسانیتر و مەترسی لە نێو کۆمەڵگادا دروست دەکا . کە وایە مرۆڤ ئازادە تا ئەو ئاستەی ئازار بەخەلک ناگا . کۆمەڵگاش بەرانبەر بە تاک ئازادە لەوکاتەی مرۆڤ دەبێتە هەرەشە بۆسەر کۆمەڵگاوە .

**٤/ فەلسەفەی سۆسیالیستی**

---------------------------

دوای شۆرشی پیشەسازی هاوکێشەکان گۆران سامان وسەروەتی خەلک گۆرانی تێکەوت ژمارەیەکی کەم بە رێژەیەکی زۆر و بە ناسروشتی بونە خاوەن سامان و سەروەت لە بەرانبەریشدا خەلکانێکی زۆر ئاستی ژیانیان بەرەو نزمی ونەداری چوو نەک تەنها هەر ئەم گۆڕان و رەنگدانەوەیە، بەلکو ئەو شۆڕشەی پیشەسازی بوە مایەی کەم کردنەوەی دەسەڵاتی

کەلیسا وومتەلەکاتە کانیشی ، دیارە لە بەرانبەریشدا دەسەڵات وسامانی پادشا روەو زیادبون دەچێ، لەگەل چینی ئوروستوکرات و جوامێرەکان واتە دەست و پێوەندەکانی پادشا بەگشتی . پادشاکان دەیانوت:

خواوەند کاتێک دونیای دامەزراندوە ئەو سامان و سەروەتەی بۆ ئەوان دانەمەزراندوە ،بەلکو تەنها بۆ ئەوانەی نمایندەی ئەوە ، واتە پادشاکان خۆیان، خەلک یا کۆمەڵگا تەنها مافی ئەوەی هەیە سودی لێ ببینێ خاوەندارێتیەکەش خودایەو نمایندەی خوداش ئەوانن واتە پادشاکان ، بۆیە بەرێژەیەک ببونە خاوەن سامان وومتەلەکات کە لە ئەژمار نەدەهات ، ئیتر دوای ئەوەی کەلیسا وپیاوە ئاینیەکان بە قەشەو وپاپاش لەگەلیانەوە لە بەرانبەر ئەو دەسەڵاتە چۆک دادەدەن ئەوانیش وەکو ئەو خەلکە دەسەڵاتیان سنوردار دەکرێ ئیتر زانا وفەیلەسوفەکان لەبەرانبەر ئەم ستەم و زۆرداریەدا بێدەنگ نابن، بۆ بەرگری لەو نادادپەروەریە بزوتنەوە لەسەر بنەمای ئابوری وبەرهەمهێنان دروست دەبن، رەوت و بیری سۆشیالستی سەرهەلدەدا وچەندین زانا وفەیلەسوف لەوانە (فریدریک ئینجلس) و(کارل مارکس) و چەند زانایەکی تر بۆ چارەسەرکردنی ئەو زولم وستەمە چەند بیردۆزێک دادەرێژن کە دواتر شێوازی حزبایەتی وەردەگرێ ومەبەست وئامانج دەبنە رزگار کردنی گەلان وچینە چەوساوەکەی، یەکەم بەیان بۆ ئەو مەبەستە دەخوێندرێتەوە کە ناو دەندرێت بەیانی کۆمۆنیستی یەکەم ، لە نێوەرۆکی ئەم بەیاننامەیە دا دەڵێ: مێژوی هەمو نەتەوەو گەلێک بریتیە لە ململانێ و بەگژیەکدا چون لە پێناو دەسەڵات کە بزوێنەرەکەشی ئابوریە، بۆیە ئەو بەیاننامەیە هانی

هەژاران دەدا تا یەک بگرن لە پێناو سەرنگون کردنی دەسەڵاتی برجوازی ، لەو بەیاننامەیە دا هاتوە دەڵێ:( چینی پرۆلیتاریا هیچ کاتێک خاوەنی وڵات و سـەرمایەیەک نەبوە بۆیە شـۆرش بکەن، بە مۆسـگەری یا دەیبەنەوەو سەردەکەون یا ئەوەتا هیچ لەدەست نادەن، چونکە ئێوە خاوەنی هیچ نین تا لەدەستی بدەن، ئەوەی لەدەستی دەدەن کۆت وزنجیری دەستە کانتانە ).

ئیتر دوای نەمانی ئەو زانا وفەیلەسـوفانەش کار بە رێنما و رێبازەکانیان دەکرێ و دەبێتە رێبازی چینی هەژارو نەداران، بەلام بە تێکەوتنی ململانێ وناکۆکیەکی زۆرەوە کە لە پێناویدا گەلێک لە زانا وشـۆرشـگێرەکان لە هەندێک قۆناغدا خۆیان هەلگری ئەم بیرۆکەیە بون لە دواجار سـەریان لە پێناو دژایەتیی دا دانا، بە گوتەی رکابەرەکانیان، لەو رێبازە راسـتەقینەیان لایانداوە، لە سـەروی هەمویانەوە (لیۆن ترۆتسـکی) و (بۆخارین و زینوڤییف و کامینیف ....) کە پاش ئەوەی ماوەی چەندین ساڵ بەیەکەوە لە یەک سەنگەردا دژی قەیسەری روسیا دەجەنگن بەڵام دوای سـەرکەوتنی شـۆڕشـی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ بە پیلانی سـتالین لەناو دەبردرێن، دوای گەشـەبونی ئەم رێبازە دونیا دەکا بە دوو لەت لەتێکیان پێی دەوترێ بلۆکی سـۆشـیالیسـتی ئەوی تریان بلۆکی سـەرمایەداری ، یەکەمیان یەکیەتی سـۆڤیەت رێبەرایەتیی دەکرد کە دواتر ئەویش روبەروی چەند لێکدانەوەی جیاواز دەبێ وەکو باڵی شـۆرشـگێرو باڵی ئاشتیخواز ، لەتی دوەمیشیان بلۆکی سەرمایەدار.

لەم روەوە لەکۆنـدا زانـاکـان بە جیـا هزرو فەلســـەفەی خۆیـان نمـایش کردوەو بڕوایان پێی هێناوە بەنمونە:

سـەبارەت بە سـیسـتەمە سـیاسـیەکان هیرۆدۆتس بەم شـێوەیە نمایشی بیرو بۆچونەکان دەکاو دەڵێ :

أ- ئایا باشـــترین رژێم ئەوەیە کە تاکە کەســێک فـەرمان دەداو حوکمڕانی خەڵک دەکا ؟

ب- یا باشترین رژێم ئەوەیە کە کەمینە حوکمڕانی دەکا (ئۆلیگارچی) ، ئەو کەمینەیەی کە لە منداڵیەوە ڕێرەوی ژیانیان لەگەل زۆرینەی خەلک جیایەو لە منداڵیەوە بۆ حوکمڕانی ئامادە دەکرێن ؟

ت- یـا ئـەو رژێمـەیـە کـە زۆرینـە حوکم دەکا وپێی دەوترێ رژێم یـا سیستەمی دیموکراسی ؟

بەڵام چونکە لە سـەرەتاوە سـیسـتەمی داویین کە سـیسـتەمی دیموکراسـیە یۆنـانـەکان پیـادەیـان کردوەو ئـەزمونی ئـەم جۆرە حوکمڕانیـەیـان هـەیـە، ئەویان پێ لە وانیتر باشترو سەرکەوتوترە.

خەلکی ئەســینا بەهۆی ئەوەی ئەم رژێمە دیموکراســیە لە کۆتاییەکانی ســەدەی شــەشــەم چەندین چاکســازی ودەســتکەوتی وەکو یەکســانی ودادپەروەریان لەم سـیستەمە بینیوە بۆیە بە دڵنیایەوە ئەم سـیسـتەمەیان پێ باشتر بوە .

تا سـاڵەکانی ٤٣٠ بە دڵنیایی یۆنانەکان پالپشـتی ئەم سـیسـتەمە دەبن تا ئەو کاتەی دوای ئەو مێژوە روبەروی کارەســاتێک دەبنەوە، وای دەبینن کە

دیموکراسی بەربەستە لە رێگەی چارەسەری ئەو کێشەیە، ئەویش بریتی بوە لەو قەیرانەی لە میسالّیەکانەوە روبەروی بون ، بۆیە تۆسیدید دەڵێ: ئەم کێشەیە پێویستی بە دەسەڵاتێکی سەربازیی دیکتاتۆریە بۆ چارەسەری ، بە رژێمێکی دیموکراسی ئەم کێشەو قەیرانە چارەناکرێ .

ئەفلاتونیش بە توندی رەخنە لە دیموکراسی دەگرێ بە پشت بەستن ودژایەتیی رێنماکانی ئەرستۆوە، پاساوەکانیشی بەم شێوەیە دەبن :

أ- جەماوەری خەلک بە سروشتی خۆی کە لە ئاژەڵ و کۆیلە دەکا رازیە لەبەر خاتری بەرژەوەندیەکانی تایبەتی، خۆی رادەست وبەر فەرمانی دەسەڵات بکا.

ب- کاتێک مرۆڤ دادوەرەکانی خۆی هەڵدەبژێرێ لەسەر بنەمای توانا ولێهاتویی دەست نیشانیان دەکا، متمانەیان پێیانە بۆیە .

ت- ئەمانە بەلگەن کە دەسەڵات دیموکراسی قەبول ناکا چونکە ئەگەر قەبولی بکردبایە ئەسینا لە جەنگی ئەسپارتە نەی دەدۆراند و سوکراتیشیان بە لەسێدارە حوکم نەدەدا، هەمومان دەیزانین کە دیموکراسی لە داهێنانەکانی سوکرات بو بۆیە کاتێک رژێمی ئەسینا دیموکراسی دەبێ ئەوکاتیش ئەسینا توشی جەنگێک دەبێ کە بە جەنگی ئەسپارتە ناو دەبردرێ کاتێک لەو جەنگە ئەسینا دەدۆرێنێ ، یۆنانەکان حوکمی لە سێدارەدان بۆ ئەرستۆ دەردەکەن .

بە دیدی ئەفلاتون کاتێک دیموکراسی رەت دەکەینەوە ، سەرەتا دەبێ ئەو بنەمایانە رەت بکەینەوە کە دیموکراسی پشتی پێ دەبەستێ و بە

ســـەرچاوەی دەزانێ ئەویش ئەو بنەماو بڕوایانەن کە ســـۆفســـتائیەکان دەستیان پێیەوە گرتوە.

## ئەفلاتون وهاوڵاتی لە شارستانێتی دا

-------------------------------------------

هەر لەم میانە بەجۆرێک سیاسەتی ئەفلاتون لە ژیانی کۆمەلایەتی ئەسینا دابرابو کە پشتیوانێکی ئەوتۆی نەبوە . لە سەدەی چوارەمدا هەروەک بەرپەرچی دۆماگیگی درایەوە ئاوەهاش هزری سیاسی بەرپەرچی ئەم هزرەش لە هەمو شارو گوندێک درایەوە.

ئەکزانوفۆن کە شاگردێکی ئەرستۆ دەبێ هەوڵی ئەوە دەدا نمونەی دەسەڵاتی ئاینی بە شێوەیەکی چاکساز نیشان بدا هەر وەکو باوکێک چۆن ماڵەکەی دەبا بەڕێوە.

بەڵام ئەرستۆ بە توندی وەلامی دەداتەوە کە بە مامۆستای ئەم بیرۆکەیە دەناسرێ ، بۆیە کاتێک سوکرات بە زولم لە سێدارە دەدرێ ئەفلاتون ئەم روداوە بە بزوێنەری هزرەکانی دەزانێ .

ئەرستۆ دڵنیای ئەوە بو کە فەلسەفە لە سەروی ئەوانی ترەوەیە بەڵام بەهۆی ئەوەی کە ئەرستۆ وەکو زمانحالی سامانی مەدەنی یۆنانی وابو، نەدەکرا لایەنگیری دەسەڵات بکا، لە کاتێکا ئەم کۆمەڵگای بەسەر سێ تەوەر وبەشدا دابەش کردبو کە حاکمێکی دەسەڵات رەها حوکمی دەکرد ومافی زۆرینەی پێشێل دەکرد بۆیە هیچ چارەو دەرگایەک لەبەر دەم ئەو خەلکە نەمابوەوە جگە لە پەنا بۆ یاسا بردن .

یاساش دیاره ئەو بنەماو ڕێنمایانە دیاری دەکا کە مافی خەلک دەستەبەر دەکاو لە پێشـــێلکاریان دەپارێزێ ، لەســـەروی هەمویانەوە دادپەروەری ویەکســانی ، ئازادی بۆ کۆمەڵانی خەلک فەراهام دەکا ، بۆیە ئەم یاســایە لەو جۆرە حوکمە رەهایانەی تاکەکەسی لەبار تر وگونجاو تر دەبن .

هێگلیش دەڵێ : کارێکی گێلی یە ئەگەر بڕوا بەوە نەکرێ لەگەڵ هاتنی ســەردەمی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی نەخشــەی دونیا دەســت پێدەکا ، چونکە ئەگەر وانەبێ ئەی ئەو هەموو پێشــکەوتنەی رۆمانیەکان لە پەرە پێدانی یاسای مەدەنی لە کوێ هات؟ ئەوان بە داهێنەری گەشەکردنی یاسا دێنە ئەژمار، هەر بەهۆی ئەوانەوە بو وشــان بەشــانی رژێمی کۆماری مافەکان دەســـتەبەر کران ، رژێمی ئیمپراتۆریش برا بەرێوە بە هاوتایی هەردوکیان تواندرا دام ودەزگاکانی ئیداری وسەربازی دابمەزرێن و لەئەنجامدا تواندرا گەل وئەنجومەنی پیران دامەزرێن .

ئەمە وا دەکا کە رۆمانیەکان دەســبەرداری ســیســتەمی کۆماری نەبن تەنانەت لە ســەردەمی ئیمپراتۆریەتی ســتەمکاریش رۆمانیەکان حەزیان لە سـیسـتەم ورژێمی کۆماری هەبو دیارە ئەم رژێمە لە روی جێبەجێ کردنەوە چاکەی بۆ خەڵکەکە هەبوە بۆیە ئەوان چاویان بریبوە ئەو رژێمە دەبا بزانین ئەو چاکانە چی بون:

ا/کاتێک لە ساڵەکانی ٤٥٠ (عەشاریون ) نەخشەی بۆیاسای (وەسیەتەکان ) دارێشــت کە لە ١٢ برگە پێک هاتبو ، ئەوکات بنەمای یاســای رۆمانی دارێژرا ، لەو یاســایە خێزان لە پێگەی پێشــەوە داندرا ، هاوڵاتیی ئازادی

کرایە ســـەرۆکی ئەو خێزانە ، کە بە گەورەی رەهای مال داندرا لە روی دەســـەڵاتەوە، واتە کرایە دەســـەڵات ســـالار. پیاو بوە مەرجەعی داواکاری وداخوازی خێزان و یەکەم بەرپرســی خێزان لە بەرانبەر یاســـادا ، هەر ئەویش لە روی یاســـاوە بوە خاوەنی داواکردنی قەرەبوەکانی زیانکەوتنی خێزان، بەڵام کاتێک بەهۆی یاســـاکانەوە خەلکانی گەرۆک و ئاوارە دەبنە خاوەن ماف ودەبنە هاوڵاتی ئەو وڵاتە ئیتر کەلێن دەکەوێتە نێو یاســـاکان ویاســـای توند بۆ حوکمڕانی دادەرێژرێن ، بەپێی ئەو یاســـا نوێیانە ئەرک ومافی تر بۆ خەلک دیاری دەکرێن بەڵام نازانین ئەگەر ئەمە بڕوا وبنەماکانی رەواقیەکان بن کە ئامانجیان بو یاســـایەک بۆ ئەو خەلکە دابین بکرێ لە سەرتاسەری دونیا پیادە بکرێ و تیایدا ماف وئابروو ریزی خەلک مسۆگەر بکرێ دەبێ ئەمە بێ بڕواکانیان یان نا . بەدیدی ئەوان یاســـایەک خەلک پابەندی بێ وبە شـــێوەیەکی ئارام ولەســـەرەخۆ بۆ ئەوەی دادپەروەری و ئەقلمەندی خەلک بسەلمێنێ.

ئەوەی لەروی یەکبون ویەکدیدی بەرچاو بو ناســـینی یەکخوایی بو لە نێو پێکهاتە ئاینییەکان ئەوەتا دەبینین لە دەرکەوتنی هەردو ئاینی کریســـتی وئیســـلامی روداوێکی مەزن بون بۆ ئەو ســـەردەم و تا ئێســـتاش کاریگەریان هەر ماوە ، ئەم دو روداوە مەزنە لایەنی ناکۆکیان هەن ولە هەمان کاتیشدا لە هەندێک بۆ چوندا کۆک و یەکن .

بە لایەنە کۆکەکان مسداقیەتیان لە جوەکان سەند کە لە پێش هەمویان ئەو بڕوایەبو کە یەک خوایان دەپەرســـت وخوایان بە تاک دەناســـی ،

ئەمەش ئەگەر لەگەل کەلەپورو نەریتی یۆنانەکان بەراورد پێ بکەیت دەبینین ئەو یەک خوا پەرستیەیان بە رونی پێوە دیارە ، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە مرۆڤ لەبەر دەمی میهرەبانی خوا دەپارێتەوە ، بە تەواوەتی لەگەل بڕواکانی یۆنانەکانی ئەو سەردەم ناکۆک و بە پێچەوانەی یەکترن .

لە چەرخەکانی کۆنەوە کریستیانەکان یەک پرسی گرنگیان وروژاند وبە بڕوای خۆیان پرسی پەیوەندیەکانیان لەگەل زەمەندا یەکلایی کردەوە، کاتێک قەشە پۆلس وتەکانی عیسای لێکدایەوە بە گوتەی ( ماڵ ی قەیسەر بدە بە قەیسەرو ماڵی خوداش بدە بە خودا) ئەمە هەر چەندە دەستەواژەیەکی دڵخۆشکەرە بەڵام دەسەڵاتێکی بەرفراوان دەدا بە ئیمپراتۆرەکان ولە خزمەت بەرژەوەندیەکانی ئەواندایە ، هەر چەندە قەشە پۆلس باس لەوە ناکا کە سەردانواندن بۆ فەرمایشتە مەدەنیەکان چاکەیە بۆ عیسا هەروەها پیادە کردنی رێنماکانی کۆمەڵایەتی و سروشتی ، بەڵام بیرمەندی وەسەنی (سلز) بە توندی سەرزەنشتی ئەو کریستیانەی کرد کە گوێ بە رێنماکان وئەرکەکانی هاوڵاتیان نادەن، ئەو دەڵێ کەسی بڕوادار دەبێ لە نێوان ئەرکی کۆمەلایەتی وخواپەرستیدا ببێتە دو لەت هەردوکیان بە هاوشان بەڕێ بکا . لەم روەوە وا پێدەچێ کە قوستەنتین وای دەبینێ پەیوەندیەکانی نێوان ئیمپراتۆروجێگرەوەی پوترس ئەوە نیە کە دەسەڵاتەکانی ئیداری وسەربازی بکەونە دەست دەسەڵاتە روحیەکان مەبەستی لە قەشەیە .

تێگەیشــتنی ئۆگەســتینیش لەســەر ئەم پرســە بریتی بوە لە، بڕوابون بە دەستەواژەی بیردۆزی دوو دەسـەڵات ، ئەم دوو دەسـەڵاتیەش ئەوە بو کە لە ئەوروپا پیادە کرا لە نێوان دوو ئیمپراتۆرەکەی ســەدەی پانزەهەم ، کە دەســەڵاتەکانیان لە نێوان هەردو دەســەڵاتی رۆحی ودونیایدا دابەش کردبو،  لەو ســەردەمدا دەســەڵاتی دونیایی خۆی لە ئیمپراتۆری رۆمانی دەبینیەوە، دەســەڵاتی رۆحیش دەســەڵاتی پاپا گریگۆر دەبێ ،خاوەنی ئەو بیردۆزە دەڵێ: دەســەڵاتی یەکەم و لە ســەروی هەموو دەســەڵاتەکان هی خوای پەروەردگارە بەڵام لەم دونیایەدا کە دەسەڵات لە دەست رۆحانیەت ودونیادارانداید بە سەرپشکی دەسەڵاتی رۆحی دەبردرێ بەرێوە .

لێرە دا دابەشــکردنێک لە دەســەڵاتەکاندا بەدی دەکرێ کاتێک دەڵێ لەم دونیایە پادشـاو ئیمپراتۆر ئەوەی لە ژێر دەستیدایە دەسەڵاتیان بەسـەردا دەشـکێ ودەسـەڵاتی رەهاش لە ماددەی رۆحی هی خۆیەتی ، بەمەش دەبێ هەردو دەســەڵاتەکە لە پشــکی خۆی رازی بێ لەگەڵ ئەمەشــدا هەموو کەسێک سەرچاوەی ناکۆکیەکان لەم دابەش کردنەدا دەبینن .

# پەیوەندیە دەرەکیەکانی دەوڵەت

بۆ ناســاندنی پەیوەندیەکانی نێودەوڵەتی گەلێک زانا وبســپۆر لەم بوارە پێناســەی تایبەتیی ئەم دەســتەواژەی کردوە کە هەندێکیان لەگەل هەندێکیان یەکناگرنەوە بەلام زۆربەیان لەســەر ئەوە کۆکن کە ئەم چەمکە بریتیە لەو پەیوەندیە سیاسیانەی لە نێوان کۆمەلگای سیاسیی نێوان دو دەوڵەت دروســت دەبێ واتە لە دەرەوەی ســنور، ئەم پەیوەندیە دەبێ لە نێوان دام و دەزگا و ئۆرگانی سیاسیی دو وڵات ئەنجام بدرێ ، واتە هەر پەیوەندیەک کە سیمای سیاسیی پێوە بێ و لە گەل دەرەوەی سنور ئەنجام بدرێ دەبێتە پەیوەندیەکانی نێودەوڵەتی.

مێژوی پەیوەندیەکانی نێودەوڵەتی بەقەد مێژوی پەیوەندیە ســاســیەکان تەمەنی دورو درێژی نیە ، لە ســەرەتای دروســت بونی کۆمەلگاوە پێکهاتەو گروپە نەتەوی وســیاســیەکان پێویســتیان بە پەیوەندی وهامشــۆ کردنی یەکتری هەبوە، هەر لەو پەیوەندی کردنەدا ســودیان لێ وەرگرتوە بۆ مەبەســتی ئالوگۆری کەرەســتەو پێداویســتە ئابوریەکان بەســتنی هاوپەیمانێتی لە نێوانیاندا و دورکەوتنەوە لە شەڕو پێکدادان .

بەر لە ئیســلام لە ســەردەمی یۆنانەکان پەیوەندی لە نێوان دەوڵەتەکانی شــار کەم بوە (ســیســتەمی دەوڵەتی ئەوســا بو ) ئەمەش بەهۆی ئەوەی خۆیان بە زل زانیوەو لە خۆیان نەگرتوە پەیوەندی لەگەل دراوســێ و

پێکهاتە کانی تر بکەن تەنها لەگەڵ ئەو نەتەوەو پێکهاتانە نەبێ کە داگیریان کردون و بە شێوەی داگیرکاری مامەلەیان لەگەلدا کردون ، تا ئەوکاتەی رۆمانیەکان دێن ئەوان زیاتر بایەخ بە پەیوەندی کردن بە شارو دەوڵەت و نەتەوەکانی تر دەدەن ئەمە لە ناوچەی ئەوروپا بەلام لە ناوچەی رۆژهەلات یەکەم پەیوەندی لە نێوان نەتەوەکاندا ئەو هاوپەیمانێتیە بوە کە لە نێوان فیرعەونی میسرو پادشای حیسیەکان رەمسیسی دوەم بو لە ساڵی ١٢٧٨ ی بەر لە زاینی .

رۆمانیەکان سودیان لەو پەیوەندیە نێودەوڵەتیانە وەرگرتوە بۆ بەستنی هاوپەیمانێتی وگرێبەستی بازرگانی و کۆتایی هێنان بە ناکۆکیەکانی نێوانیان، بۆیە ناوبژیوانیەکەی ساڵی ١٢٣ ی بەر لە زاینی کە لەنێوان (ئەسبرتەو ئەسینا) ئەنجام درا بەهۆیەوە کۆتایی بە ناکۆکیەکانی نێوانیان هێندرا بە یەکەم ناوبژیوانی و پەیوەندیی فەرمی دێتە ئەژمار .

لە چەرخی ناوەراستیشدا لە سەردەمی رێنسانسدا ناکۆکیی نێوان کاسۆلیک و پرۆتستانت ماوەی ٣١ ساڵ بو بەردەوامیی هەبو واتە لە ساڵی ١٦١٨ هوە دانیشتن وپەیوەندیەکان ئەنجام دراون کە بوە مایەی کۆتایی هێنان بەو ناکۆکیەی نێوانیان کە لە کۆنگرەی وستفالیا لە ساڵی ١٦٤٨ ئەنجام درا .

دامەزراندنی یەکەم سازیی نێو دەوڵەتی بۆ سەرجەم وڵاتانی دونیا لە دوای جەنگی یەکەمی جیهان دەبێ بە ناوی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە ساڵی ١٩١٩ دوای ئەوەی ئەو کۆمەڵە لە کارەکانی سەرکەوتو نابێ کە لە سەرەکی

ترین کارەکانی رێگە گرتن بو لە هەڵگیرسانی شەڕو ناکۆکی لە نێوان دەوڵەتان ، بەڵام لەگەڵ ئەم هەوڵانەشدا دووبارە جیان لە ١٩٣٩ روو بەروی جەنگێکی سەرتاپاو مالوێران دەبێتەوە کە بە جەنگی دووەمی جیهانی دەناسرێ .

لەگەل کەوتنەوەی ئەو دوو جەنگە سەرتاسەریەی جیهان کۆمەلگای نێودەوڵەتی لە هەوڵەکانیان بێ ئومێد نابن بۆیە ئەم جارەیان رێکخراوێکی تری نەتەوەکان بەناوی نەتەوە یەکگرتوەکان دادەمەزرێن،، بەم شێوەیە پەیوەندی و هاوکاری لە نێوان دەوڵەتان دروست بوە کە لەم سەردەمەی ئەمرۆماندا بە چەندین شێوازو بۆ چەندین مەرام و لەسەر هەموو ئاستەکاندا رێکخراو و هاوپەیمانێتی وکۆمکارو یەکیەتی دادەمەزرێن کە هەمویان لە خانەی پەیوەندیەکانی نێودەوڵەتی دەکەنەوە ئەگەر بۆ هەر مەرامێکی رەوا یا نارەوا بێ .

ئەم زانستە ( پەیوەندیی نێودەوڵەتی) بۆیەکەم جار لە لایەن ئەمریکاوە بایەخی پێ دەدرێ ئەمەش ئەو کاتە دەبێ لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی بریار دەدا لە گۆشەگیری دەرکەوێ بایەخ بەم زانستە دەدا، لەسەرەتای بایەخدانی بڕیاری ئەوە دەدا ئەم زانستە لە زانکۆکانی بخوێندرێ ، دوای ئەو ئیتر لە زانکۆکانی ئەوروپاش دەخوێندرێ بەلام بەهۆی ئەوەی مامۆستا وبسپۆری ئەم بوارە ئەم وانەیان نەوتۆتەوە بۆیە دەبینین لە هەر زانکۆیەک لە ژێر ناوێکی جیا خوێندراوە .

دوای مشـتو مرێکی زۆر لە نێوان بسـپۆرانی ئەم بوارە لەسـەر ئەوە رێک کەوتون ئاخۆ ئەم زانسـتە باس لە تەنها سـیاسـەتی دەوڵەت بکا یا بابەتەکانی تریش ؟ بەلام دواتر لەسـەر شـێوازێک رێک کەوتون کە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان ببێتە بەشێک لە زانستی سیاسەت. پەیوەندیی لەگەل یاسـای نێودەوڵەتی ئەوەیە کە هەردووکیان لە یەک بواردا کار دەکەن بەلام هەرچی پەیوەندیەکانی نێودەوڵەتیە لێکۆلینەوە لەسەر واقعی حالی ناوەخۆو ئەودەوڵەتە دەکا کە پەیوەندیی لەگەل گرێدەدا، بەلام یاسـای نێو دەوڵەتی بریتیە لەو یاسـاو بنەمایانە کە وەکو رێنمای نێودەوڵەتین پابەند بون لەسـەریان مەرجێکی درێژە پێدانی پەیوەندیەکانە واتە بە رەچاوکردنی بەرژەوەندی و داب ونەریتی دەوڵەتان و یاسـا پەسـند کراوەکانی نێو دەوڵەتی کە لە دەزگا باوەرپێکراوە نێو دەوڵەتیانەوە دەرکراون، بە رەچاوکردنی بەرژەوەندیی هەردوو لایەن ، لە سـەردەمی ئەمرۆدا ئەو یاساو رێنمایانە ئەوانەن کە دەوڵەتان پێشتر واژویان لەسەر کردوەو لە دەزگا وئۆرگانەکانی دەسـەڵات بەدەسـتدا لێی ئەندامن، نمونە لەسـەرئاسـتی دونیا ، ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتوەکان ، لە سـەر ئاسـتی کشـوەرەکان، یەکیەتی ئەوروپی و یەکیەتی ئەفریکی، کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی و هیتر .

هەروەکو وتمان پەیوەندیەکانی نێودەوڵەتی لێکۆلینەوەو شـیکردنەوە لەسـەر حالی حازر و واقیعی ئەو دەوڵەتە دەکا کە بە نیازە پەیوەندیی

لەگەڵدا ببەستێ ، بەلام مێژوی دیبلۆماسی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لەسەر بـارو دۆخی رابـردو حـالی حـازری دەوڵەت و پـەیـوەنـدیـەکـانـی وکـارە دیپلۆماسیەکانی نێوانیان دەکا .

هەروەها( پەیوەندیەکانی نێودەوڵەتی) پەیوەندیی لەگەل زانستی سیاسەت ئەوەیە کە بە بەشێک لە زانستی سیاسەت دێتە ئەژمار، چونکە لە ساڵی ١٩٥٢ رێکخراوی یۆنیسکۆ بریاری لەسەر ئەوە داوە

گریمان کرۆکی هەول وخەباتی زانستی سیاسەت بریتیە لێکۆڵینەوەو زانست لەسەر وەرگرتنی دەسەڵات، ئەوا سەنتەری خەباتی پەیوەندیەکانی نێودەوڵەتیش لەسەر چوارچیوەی پەیوەندیەکانە لە نێو کۆمەلگای نێودەوڵەتیدا ، واتە یەکەمیان کێشەو ململانێکەی بۆ وەرگرتنی دەسەڵاتە بەلام دوەمیان بۆ بەستنی پەیوەندیە لەگەل دەسەڵاتی دەرەوەی سنوردا.

لە روی بیردۆزیشەوە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان بۆ پیادەکردن وچۆنیەتی رەفتارکردنی دروستی چەندین بیردۆز لە لایەن زاناکانەوە هاتنە دارشتن کە هەمویان لە پێناو زیاتر خزمەت کردن بە پتەوکردنی دۆستایەتی ونەهێشتنی ناکۆکیەکان ودواتر دەستگرتن بەسەر خێرو بێرەکان بون، ئەم بیردۆزانەش لە ناوەرۆکیاندا جەختیان لەسەر شیکردنەوەی چۆنایەتی وشێوازی بەستنی پەیوەندی دەکردەوە باسیان لە کێشەو گرفتەکان دەکرد ورێگە چارەی گونجاویان بۆ دەدۆزیەوە هەریەکەی بەپێی بارو دۆخی ئەو کەش وهەوایەی لێی دەژیاو شارەزایی لێی هەبو رێنماو بیرۆکەیان

دادەرشــتن ، لەم روەوە بیرو بۆچونی جیا هاتنە گوتن کە زۆربەیان لە ســێ رەوت و هیزری سیاسی کۆدەکرانەوە :

**یەکەم/ رەوتی مارکسی :**

هزری رەوتی مارکسی لەسـەر بنەمای بەرهەمهێنان و چینایەتی وهەردوو چینی چـەوســـاوەو چـەوســێنـەر دواوەو، لێکۆلینـەوەی ئـەنجـام داوە، پەیوەندیە کانیشـیان لەگەل ولاتانی تردا لەسـەر هەمان بنەما دەبەسـت لە پێناو پاراســتنی بەرژەوەندیەکانی چینی پرۆلیتاریاو چەوســاوەی جیهانیدا کاریان کردوە، بەلام دواتر ئەم رەوتەش بو بەچەندین بەش و بەچەندین بۆچونی جیـاوە لێکـدرایـەوە لـەوانـە مـارکســـیزمی ئـەوروپی ومـارکســـیزمی ئاســیایی وترۆتسـکیزم وماویزم هی تریش کە دەکرێ بوترێ هەریەکەیان بە ئاقارێکدا رۆیشتن لە تەکتیک، بەڵام لە ستراتیژ لەیەک نزیک بون .

**دووەم/ رەوتی ئەنگلۆساکسۆنی :**

ئـەم رەوتـە لـە نێوان زانـایـانی ئـەمریکی (کوینســی رایـت) وبۆچونەکانی (ســتانلی هۆفمان و مارگنتۆ و شــورازنبیرگ دواتریش هنری کێســنجەر) ی کۆنـە وەزیری دەرەوەی ئـەمریکـا دەخوالایـەوە، ئـەم رەوتـە هـەنـدێکیـان

جەختیان لەوە دەکردەوە کە جەوهەری سـیاسـەتی نێودەوڵەتی بریتیە لە جەوهەری سـیاسـەتی نیشـتمانی ، هەندێکیشـیان لە سـوچی زانسـتی کۆمەلایەتیەوە سەیری ئەم زانستەیان دەکرد، بۆچونەکانی کێسنجەر بۆ پەیوەندیەکانی نێودەوڵەتی بریتی بون لە بڕوابونی شـەڕعیەتی تەوافوقیی نێودەوڵەتی، ئەمەش دیارە لەسـەر بنەمای هێز بوە، کێسـنجەر لەگەل ئەوەدا نەبو دەوڵەتێک یاری بە کارتەکانی پەیوەندیە نێودەلەتیەکان بکا و دۆخێکی نالەبار بخولقێنێ، ئەمەی بە رژێمی ناسـەقامگیر دەدایە قەلەم وەکو ئەوەی ناپۆلیۆن بۆناپەرت پێی هەلسـابو، بەڵام ئەم بۆچونەی کێسـنجەر کرۆکی مەبەسـتی ئەوەبوە کە ئەوەی مافی یاری کردن بە سیاسەتی نێودەوڵەتی هەبێ تەنها ئەمریکابێ، بۆیە هیچ کاتێک بڕوای بەوە نەبوە دەوڵەتێک سـەرتاپای جیهان بوروژێنێ ودەوڵەتان لە گەمەی خۆی وەربدا وکات و شوێنی گەمەکانیش خۆی دەست نیشانی بکا.

**سێیەم/ رەوتی فەرەنسی :**

بە دیدی زانایان، فاکتەرە سەرەکییەکانی ئەم رەوتە چوارن :

١/ رێژەی نیشتەجێیی کە باری ئابوریش دەگرێتە خۆ .

٢/ قەیرانەکانی جەنگە مەزنەکان

٣/ کاریگەریی هەندێک لە دەوڵەتەکان لەسـەر ئاراسـتەکردنی سـیاسـەتە نێو دەوڵەتیەکان .

٤/کاریگەریی هەندێک لە کەسایەتیەکان لە ئاراستەکردنی سیاسەتی نێودەوڵەتی.

ئەم رەوتانەش هەلقوڵاوی چوار مەدرەسەی فەلسەفین :

## ١/ مەدرەسەی بێ هاوتایی ( المثالیه)

هەلگرانی ئەم بڕوایە دیدیان بۆ پەیوەندیەکانی نێودەوڵەتی سەرچاوەیان لە بنەماکانی رەوشت و ئەقل گرتبو، بە دیدی ئەوان دەبێ ویژدان ورەوشت ببێتە سەنگی بەستنی پەیوەندیەکان، ئەوان دژی ئەو بڕوایەبون کە ئەروپیەکان کاریان پێی دەکرد، ئەویش هاوسەنگی هێز بو، هەروەها بەکار هێنانی هێز بۆ سەپاندنی سام وکێشی وڵاتەکان بەسەر یەکتردا بە تەواوەتی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی بیردۆزی ئەوان تەتەلەکرا، بە هێزو پەیمانە نارەواکان دونیایان لە نێوان خۆیاندا دابەشکرد وگوێیان بە داخوازیەکانی نەتەوەکان نەدا، بۆیە دەبینین کە بێ هاوتاکان بایەخی زۆریان بە ئاشتی و ئارامی دونیا داوە ئەویش لەرێگەی ریز گرتن لە رای گشتی ورەفتاری نێودەوڵەتی لەسەر بەنمای یاسای نێودەوڵەتی .

ئەوەتا پرسە بنەرەتیەکان لای ئەوان سیاسەت و رەوشت بو، بە دیدی ئەوان تەنها کەمی لەو دوو کەرەستە، دەبێتە دروست بونی کەلێنێکی مەزن لەم بوارە .

دوای جەنگی یەکەمی جیهانی بە کردەوە دەسەلمێندرێ کە ئەم مەدرەسەیە شکست دێنێ ودوبارە دەوڵەتان بەردەبنە گیان یەکتر وئاشتی بەرپا نابێ بۆیە رەخنە لەم مەدرەسەیە دەگیرێ ومەدرەسەیەکیتری نوێ سەر هەلدەدا ئەویش بەناوی .

**٢ / مەدرەسەی ریالیزم**

مەبەستیان ئەوەبو لەسەر بەنمایەکی راست و دروست وزانستیانە دیراسەی پەیوەندیەکانی نێودەوڵەتی بکەن، دوای جەنگی دوەمی جیهانی ئاراستەکان گۆران لە یاساو رێکخستنەوە بۆ رەگەزی هێز بو، ئەمەش لە سەرەتا سەرنجەکان لە بایەخدان بە رێکخراوە نێو دەوڵەتیەکانەوە گۆران بۆ سیاسەتی نێودەوڵەتی و روداوە سیاسیەکان دەستی پێکرد .

ئەم رەوت و دیدە کە دوای جەنگی دوەمی جیهانی سەری هەلدا جەختی لەسەر دیراسەی فاکتەری هێز کردەوە، ئەوان وایان دەبینی کە هێز فاکتەری دیاری کردنی ئاستی پەیوەندیەکانە ، پێیانوابوە بەر لە هەمو شتێک دەبێ هێز بایەخی پێ بدرێ بۆ ئەوەی دەوڵەتی نەتەوایەتی دروست بێ ولەسەر بنەمای هێزەوە پەیوەندی دەبەسترێ، بەلام مەرجی دروست بونی دەوڵەتی نەتەوایەتی تەنها هێز نەبو بەلکو ئاستی پێش وەچونی تەکنەلۆژیاو بارو دۆخی دانیشتوان وسەرچاوە سروشتیەکان وفاکتەری

جوگرافیاو شـێوەی حوکمەتەکان وسـەرکردە وفەرماندە سـەربازیەکانی بون.

زۆربەی بەلکوو هەموو زاناکانی ئەم رەوتە لەسـەر ئەوە کۆک بون کە پەیوەندیەکان تەنها ئەوکاتە دەبەسـترێن کە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوایەتیی سـەرفراز وسـەربەخۆ بیت، یەکێک لە زاناکانی بەناوی ( نیکۆلاس سـبیکمان) دەڵێ هەموو پەیوەندیەکان دەبێ بە یەکێک لەم دەرگایانەدا بێنە ژورەوە :

١/ هاوکاری.

٢/ یەکلایی کردنەوەی ناکۆکیەکان .

٣/ ناکۆکی ودژایەتی کردن .

یەکێک لە دیارترین زاناکانی ئەم بوارە زانای ئەمریکی (هانس مۆرگانتو) یە کە دەڵێ: بۆ ئەوەی بیسـەلمێنم کە هێز تاکە فاکتەری پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکانە و تاقە پارێزەری بەرژەوەندیەکانی نەتەوایەتیە، سیاسەتی نێودەوڵەتی دەبێ ئەم سێ ئامانجەی هەبێ :

١/ ئامانجی پاراستنی هێز

٢/ یا زیاد کردنی هێز .

٣/ یا نیشان دانی هێز .

ئەوەتا لە هەرسێ خاڵەکان هێز بەپێش دەخا ئەوان بەم شێوەیە بایەخیان بەهێز داوە بۆیە لە هەموو بوارەکانی سەربازی دبلۆماسی ئابوری کۆمەلایەتی یا هێز لە پێشەوەیە یا بە شاراوەیی لە پشتەوەیە( وەکو لە گفتوگۆکانی نێوان ئێراق و ئەمریکا لە ساڵەکانی بەر لە لێدانی ئێراق بینیمان ، کاتێک مادلین ئۆلبرایت بۆ گفتوگۆو دانوستان لەگەل کاربەدەستانی ئێراق دادەنیشت بۆ رازی کردنی ئێراق بە کشانەوە لە کوێت، لە لایەکی ترەوە هێزی دەنارده کەنداوی عەرەب ، رۆژنامەنوسان لێیان پرسی: خاتو مادلین ئێوە شەڕ دەکەن یا دانوستان ؟

وتی: ( ئێمە بە پاڵپشتی هێز، سیاسەت دەکەین) .

واتە بەدیدی بانگخوازانی ئەم رەوتە پەیوەندیەکانی نێودەوڵەتی تەنها دو کەس دەیبەن بەرێوە، دیپلۆماتکار، سەرباز .

دیارە ئەم مەدرەسەیەش وەکو مەدرەسەکەی پێشو لەلایەن چەند کەسێکەوە رەخنەی لێدەگیرێ ، بۆیە بەر لەوەی رەوتێکی تر بەناوی راست پەرستانی نوێ سەرهەلبدەن وهەندێک چاکسازی لە بنەماو بۆچونەکاندا بکەن، بەر لەو بە بیست ساڵێک رەوتێکی تر سەر هەلدەدا بەناوی . مەدرەسەی رەفتارخوازەکان(السلوکیە).

## ٣ / مەدرەسەی رەفتارخوازەکان (السلوکیە)

ئەم رەوتە لە کاتێکا سەری هەلدا کە رەخنە لە راست پەرستەکان دەگیراو توشـی شـکسـت دێن رەفتارخوازەکان لە پێناوی دۆزینەوەی بیردۆزێکی شـیکاری ودرک پێکردندا دروسـت بو، ئەوان پشـتیان بە یاسـا و بنەما زانسـتیەکان دەبەسـت لەسـەر بنەمای رەفتار دەیان ویسـت دەوڵەت و سـیاسـەتی دەوڵەتان هەلسـەنگێنن، دەیانوت چونکە کۆمەل بریتیە لە تاک، بەهۆیەوە رەفتاری تاک دەکاتە رەفتاری کۆو ئەمەش رەنگدانەوەی سـیاسـەتی دەوڵەتە بۆیە دەبێ لەسـەر ئەم بنەمایە ئاسـتی پەیوەندیەکان دیاری بکرێ، ئەوەتا بە دیدی ئەوان دەبێ دیاردە سـیاسـیەکان لە دیاردە کۆمەلایەتیەکان جیانەکرێنەوە چونکە ئەوسـا رەفتاری سـیاسـی دەبێتە بەشێک لە رەفتای کۆمەلایەتیی گشتی .

هەر ئەوان بون زۆر لە بیردۆزەکانی تری پەیوەندیدار بە پەیوەندیەکانی نێودەوڵەتیەوە تێکەل بە مەدرەسـەکەیانەوە کرد وەکو زانسـتی دەرون و زانستی کۆمەلایەتی و ماتماتیک و دیمۆگرافیا و گەلێک لە زانستەکانی تر .

ئەوانیش وەکو باقی مەدرەسـەکانی تر توشـی رەخنەو گلەیی دەبن . بۆیە هەندێک لە رەخنەگران رەوتێکی تر دەدۆزنەوە کە ناوی دەنێن. مەدرەسەی دوای رەفتار خوازەکان (مابعد السلوکیە)

## ٤/ مەدرەسەی دوای رەفتارخوازەکان ( مابعد السلوکیه)

ئەو ماوەی دوای مەدرەسەی رەفتار خوازەکان هات لە بواری پەیوەندیەکانی نێودەوڵەتیدا چەند ئاراستەیەکی بەخۆوە بینی ، ئەم رەوتانە سودیان لەو رەخنانە دەگرت کە لە رەفتارخوازەکان دەگیران، هەمویان سەرچاوەی بنەماکانیان لەوەوە گرتبو کە بایەخ بە ئامانجی لێکۆلینەوەکان بدرێن کە بۆ ئاشتی و ئارامی هەول دەدەن باسیان لە دۆزینەوەی چارەسەری کێشەو ململانێکانی نێودەوڵەتی دەکرد نەک لە باسکردنی کێشەکان . ئەوان لەو بڕوایەدا بون کە لایەنی تر هەن رۆلی بالایان لە نانەوەو چارەسەری کێشە نێودەلەتیەکان و ئاستی پەیوەندیەکاندا هەیە جگە لە حکومەتەکان ئەویش رێکخراوە نێو دەوڵەتیەکانن .

دیارە ئەم مەدرەسەیەش وەکو ئەوانی تر بێ رەخنە نابێ گرنگترین رەخنەی لەو مەدرەسەیە گیرا بریتی بو لەوەی ئەوان ئەو دو بابەتەیان تێکەل بەیەک کردوە ، یەکیان باس لە واقیع دەکا وئەویتریشیان ئامۆژگاری بۆ گۆڕانکاری پێشکەش دەکا، وەکو بانگخوازیان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی جیهانیی سەرتاسەری .

## پاراستنی ئاسایشی نێودەوڵەتی:

لە پێناو بەرقەراربونی ئاســـایش و ئارامی لە نێوان گەلان و دەوڵەتاندا ، دەوڵەتان وداى ئەوەی بە مێژوێکی پڕ لە شـــەرو ململانێدا تێدەپەڕن لەم پێناوە بە م لیۆنان هاوڵاتی لەناو دەچن بە سەدان شار بەلکو وڵات خاپور و کاول دەبن لەوە دڵنیا دەبن کە هیچ دەســـەڵاتێک لە دوونیا نییە بە تەنیایی بتوانێ حوکمی ســـەرتاســـەری دونیا بکا بۆیە دەبێ رێگە چارەیەک بدۆزنەوە کە دۆســـتایەتی گەلان وبپارێزێو دەوڵەتە بەهێزەکان ســـنوردار بکاو دەوڵەتە بچوکەکانیش متمانە پەیدا بکەن لەم پێناوە چەندین رێگە و سیستەم تاقی دەکەنەوە لە نێویاندا ئەم سیستەمانە:

### ا/ هاوسەنگی هێز

--------------------------

دەوڵەتان لە میانەی ئەزمونە تال وسـوێرەکانیان گەیشـتونەتە ئەو بڕوایە کە بۆئەوەی ئاشـــتی وئارامی لە دونیا بەرقەرار بێ دەبێ هاوکێشـــەییەک لە نێوان هێزەکانی دەوڵەتاندا هەبێ ، چونکە مرۆڤ هەر لە خۆرســـکیەوە بە دوو حەزو ئارەزووەوە خولقاوە :

یەکیان خۆپەرستی، بەمانای پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆی.

دوەمیشــیان مەیلی مرۆڤ بۆ توندو تیژیە ، بەهۆی ئەوەی دەوڵەتانیش لە رێگەی تـاکی مرۆڤـەوە دەبردرێن بـەرێوە بۆیـە ئـەوانیش لـەم دو دیـاردەیـە بێبەش نابن چونکە تاک ئەم حەزو خەســلەتانە لەگەڵ خۆیدا دەباتە نێو حکموتەکە، بۆ دانـانی ســنورێـک بۆ ئـەو دوو دیـاردە پێوان وایە دەبێ هـاوســەنگی هێز لە نێوان دەوڵەت یا رەوتەکانـدا هەبێ ، چونکە کاتێک دەوڵەتێک هەســت بە بەهێزبونی زیاد دەکا چاو دەبڕێتە دەوڵەتێکی لاواز بۆئەوەی داگیری بکا ئیتر پەشــێوی و نائارامی لە ناوچەکەو دونیا دروســت دەبێ ، بۆیە ئەم ســیســتەمە خاوەنی دیرۆکێکی زۆرە بەتایبەت لە ئەوروپا کە ســەردەمانێکی زۆر پڕیبوە لە شـەڕو بەگژیەکداچون بەڵام لەم رێگایەوە توندو تیژیەکان سنوردار کراو.

ئەم بڕواو بنەمایەی هاوســەنگی هێز، ســەرەتا لە ئەوروپا ســەری هەلدا، دواتر لە سەرتاپای دونیا بلاو بوەوە.

لە بواری گەشـەکردنی ئەم سیستەمەوە بۆچونی من ئەوەیە کەیۆنانەکان بەهۆی ئەوەی چاویان دەبریە وڵاتە دراوســێکان و نیازی داگیرکردنی وڵاتە بێهێزەکانیان هەبو، بۆ چارەســەری ئەم گرفتانە زاناو فەیلەســوفەکان بە ئەرکی دانانی ئەم رێنماو بنەمایانە هەڵسان ودواتریش ئیتالیەکان سـودیان لێوەرگرت ، هەروەها لە شـەڕەکانی نێوان فرەنسـاو ئیسـپانیا هەمان بڕواو بنەما کاریان پێ کراوە لەوانە لە پەیماننامەی وســتفالیا لە ١٦٤٨ و لە دانوسـتانەکانی ئاشـتیی سـاڵی ١٧١٣ کە پەیماننامەی ئوتریختی لێ بەسـترا ،

هەر لەم رووەو لەسەر ئەم بنەمایە لە پەیماننامەی ڤیەننا لە ١٨١٥ بەم دو خالە گەیشتنە ئەنجام:

ا/ بڕوابون بە شەڕعیەت .

ب/ بڕوابون بە هاوسەنگی ، ئەمەش بۆ پاراستنی هاوسەنگی وئارامی لە ئەوروپا بو کە بەهۆی لەدەستدانی ئەو هاوسەنگیە چەندین رووداوی داگیرکاری رویدابو بەتایبەت کە ئەوکات تازە ناپۆلیۆن شکستی هێنابوو دەوڵەتانی دەوروبەری فرەنسا لە شەڕێکی سەخت تێوەگلابوون بۆیە مەترسیە گەورەکەیان بەهێز بوونی ئەو دەوڵەتانە بوو کە دراوسێی دەوڵەتی لاوازن لە ئەنجام چاو دەبڕنە خاک و سامانەکانیان و بە بیانوی جیاجیا داگیریان دەکەن.

ئەوەتا پێشتریش کە بسمارک لەژێر کاریگەری سۆزی نەتەوایەتی دەوڵەتە پارچەکراوەکانی ئەلمانیا یەکدەخا وبۆ ماوەیەک ئارامی بەرقەرار دەبێ ، بەلام کە بسمارک دوردەخرێتەوەو دەسەڵات دەکەوێتە دەست ئیمپراتۆری ئەلمانی ئەم جارەیان لەژێر ناوی سیتسەمی ئاسایشی کۆمەل وەکو جێگرەوەی سیستەمی هاوسەنگی هێز کار دەکرێ، بەلام کاتێک جەنگی یەکەمی جیهانی هەلدەگیرسێ نە ئەمیان ونە ئەویان بە هانای ئەوروپا ناکەون و ناوچەکە گر دەگرێ .

هاوسەنگی بەمانای راگرتنی سەنگی هێزەکان دێ لە نێوان دەوڵەتاندا، ئەم راگرتنە وەکو خەیال دێتە بەرچاو دەنا هیچ کاتێک ناکرێ بەژمارە هێزەکان

وەکو یەک رابگیرێن یا پرچەکی وڵاتان ئامارو کۆنترۆل بکرێ بەلام هەرچۆنی بێ لەپێناو لە سنور دەرنەچونی هێزەکان و رێگەگرتن لە چاوبرینی دەوڵەتە بەهیزەکان لە داگیر کردنی دەوڵەتە لاوازەکان دەبێ هەندێک رێنما ورێککەوتن هەبن تا کۆمەلگای نێودەوڵەتی پیادەی بکەن وبەهۆیەوە دەوڵەتە بچوکەکانیش ئارام وئاسودە بژین و متمانەیەک لە نێوان دەوڵەتان دروست بێ . ئەگینا بە درێژایی مێژوو زۆربەی هەرە زۆری ئەو رێککەوتن و هاوپەیمانێتیانەی دەبەستران پێشێل کراون و تاماوەیەک پابەندی بوونە پێیانەوە هەر کاتەی بەرژەوەندیەکان دەکەونە مەترسیەوە رێککەوتنەکانیش دەکەونە بەر هەڵمەتی لەناوچون، ئەوەتا لە جەنگی دووەمی جیهانی سەرەتا روسیاو ئەڵمانیا هاوپەیمان بوون بەلام ئەوەندەی نەبرد کە بوونە سەرسەختترین دوژمنی یەکتری و خاکی یەکتریان داگیر کرد بەهەمان شێوە بەریتانیاو روسیا یا روسیاو تورکیا.

هەرکاتەی دەوڵەتێک هەست بە بە هێزبونی لە رادەبەدەری خۆی بکا دەوڵەتە کانی تری پێ بچوک وبە ئاستێکی بچوکی دەزانێ، چاو دەبرێتە سامان وسەروەت وخاکەکەی، لە بەرانبەریشیدا دەوڵەتە بچوکەکان هەست بە نائارامی دەکەن و ئاژاوەو نائارامی دروست دەبێ ، جا بۆئەوەی ئەو هەستە لای دەوڵەتە بەهێزەکان ودەوڵەتە بچوکەکان دروست نەبێ و رێگە لە دەستدرێژی بگیرێ دەوڵەتان لەسەر چەند خالێک رێکدەکەون تا کەس بۆی نەبێ خاکی وڵاتێکی تر ببەزێنێ . بەلام دەبێ ئەوە بزانین کە سەرەرای ئەم رێککەوتن ودارشتنی بنەما وسیستەمانە دەستدرێژی وسنور

بەزاندن وداگیرکاری لە ژێر پاســـاوو ناوی جیاجیا هەر بەردەوامەو مافی گەلان بەبەرچاوی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان هەر دەخورێ .

ئەو ئامانجانەی خوارەوەش لەســەروی ئامانجەکانی دارشــتن وکارپێکردنی ئەو بنەمایانەن کە پێیان دەوترێ هاوسەنگی هێزەکانی نێودەوڵەتی :

١/ دابەش بونێکی دادپەروەرانەی هێز لە نێوان دەوڵەتەکاندا .

٢/ مانەوە لەسەر ئەودۆخەی کە ئارام وهێمنە .

٣/ وەسـتان لە بەرانبەر ئەو دەوڵەتانەی مەبەسـتیانە خۆیان بەهێزکەن بە ڕادەیەک ببنە مەترسی بەسەر دەوڵەتانەوە .

٤/ پاراستنی سەربەخۆیی دەوڵەتە بچوکەکان .

لێرە پرسیارێک دێتە پێش ئەویش ئەوەیە ئاخۆ ئەو ئامراز وکەرەستانە چین بۆ دابین کردنی هاوسەنگی هێز بەکاردێن؟ یاخود کارتە فشارەکان چین؟

لە بنەڕەتدا دابین کردنی ئاشــتیەکی نێودەوڵەتی و پاراســتنی ســەربەخۆیی دەوڵەتان لە ئامانجە هەرە سـەرەکیەکانی ئەم پرۆسـەیەن کە بەم شـێوازە یا سیاسەتە جێبەجێ دەکرێ:

## ١/ سیاسەتی دەستوەردان لە کاروباری ناوەخۆ

لە ژێر پاساوی ئەم دەستەواژە ماف بە دەوڵەتان دەدریٚ دەستوەربدەنە نا وکاروباری ناوەخۆی دەوڵەتە بچوکەکانەوە ، لە پێنا وپاراستنی دۆخی حالی حازری وڵاتان کە دیارە بە دەستکردی خۆیانە ولە سەر ئەم دۆخەش سازش و رێککەوتن بوە کاتێک ئەم دۆخانە روبەروی گۆران دەبنەوە دەوڵەتە مەزنەکان مافی ئەوەیان دەبیٚ ئارامی و سەقامگیری وڵاتەکە بپارێزن ئەویش بە خۆتێهەلقورتاندنی سەربازییٚ یا ئابوری یا دارایی لەنمونەی دەستدریژەیکانی تورکیا و لەشکرکێشیەکەی بۆ ناو خاکی باشوری کوردستان و سوریا بە پاساوی پاراستنی ئاسایشی سنورەکانی، هەروەها دەستێوەردانەکەی ئینگلیز بە ئێراق لە ساڵی ١٩٤١ کاتێک رشید عالی الگیلانی ویستی رژێمی پادشایەتیی دەستکردی ئینگلیز سەرەوژێربکا ئەوسا بەهانای هاتن وشۆرشەکەیان دامرکاندەوە، .دیارە ئەم جۆرە دەستێوەردانانە بە دەستێوەردانی (بەریۆنانارى ) ناودەبردرێن کە بەو پاساوانە دێنە ناو خاکی پارێزراوی دەوڵەتانەوە ، ئەمەو ئەمرۆ رۆژانە ئەم دیاردە لە سوپای ئەمریکاو ئێران و وڵاتانی تری دونیا بە زەقی دەبینریٚ.

کاتێکیش رژێمێک دەبێتە هەرەشە بۆ دەوڵەتە زلهێزەکان و بەرژەوەندیان دەکەوێتە مەترسیەوە ئەوان بە بیانوی تێکچونی هاوسەنگی هێزەکان دەستدرێژی دەکەنە سەر ئەورژێمەو سەرنگومی دەکەن رژێمێک دێننە سەر دەسەڵات کە لە بەرژەوەندی ئەواندا بیٚ بە بیانوی ئەوەی کە

هاوســـەنگەکە دەپارێزێ دیارە ئەمەش پێشـــتر بەرنامەی بۆ دادەنرێ و لـەســـەری رێـک دەکـەون ئـەم جۆرە دەســـتێوەردانـانـەش پێی دەوترێ ( هێرشـکاری) باشـترین نمونەش هێرشـەکەی ئەلمانیاو ئیتالیای سـاڵی ١٩٣٦ بو بۆ سـەر ئیسـپانیا لەم دواییەش سـەرنگونکردنی ژمارەیەک لە رژێم بەم رێگایەوە سەرنگون کران.

جۆری سێهەمی دەستێوەردان و دەستخستنە ناو کاروباری دەوڵەتان پێی دەوترێ دەســـتێوەردانی ( رازیکاری ) واتە لەژێر پەردەی بونی هەرەشـــەو مەترسـی دروسـتبونی نائارامی لە ناوچەکان دەسـت دەخەنە ناو کارو باری دەوڵەتێـک ورژێمـەکـەی بـە هـەوەســـتی خۆیـان دەگۆرن . ئـەم جۆرە دەســـتێوەردانانە دوای ئەوەی ئەمریکا وروســـیا بون بە تاکە زلهێزی دونیا ئەم دیاردانە زیادیان کرد دوای ئەوەی لە نێوان خۆیاندا لەسـەر شـێوازێک رێک دەکەوتن ئـەوســـا بـە ئـەرکەکـە هـەلـدەســـتـان ، واتـە ئـالوگۆڕکردنی بەرژەوەنـدیەکانیـانە بە چـاوپۆشـــینی لایەنێـک لە داگیر کردنی وڵاتێـک، لەبەرانبەردا لایەنەکەی تریش بە هەمان هەڵوێسـت لە بەرژەوەندی خۆی هەلدست بە داگیر کردن یا روخاندنی رژێم.

**٢/ سیاسەتی دابەشکردنی ناوچە و قەرەبوکردنەوە :**

کاتێک دوو دەوڵەت لێیان دەبێتە شـەڕ لە ئەنجامدا لەسـەر چەند خالێک رێکدەکەون بە پێی ئەم خال و رێککەوتنانە مافی دەستێوەردان دەبەخشـنە یـەکتر وبـە نـاوچـەو دەوڵەت قـەرەبوی یـەکتر دەکـەنـەوەو ئـالوگۆری نـاوچـەکانی ژێر دەســـەڵاتی خۆیـان دەکـەن بۆ نمونـە لـە کۆتـایی ســـەدەی

هەژدەهەم کاتێک پۆلۆنیا بە یەکجارەکی لەسەر نەخشە دەسڕێتەوەو دابەشی سەر دەوڵەتانی دەکەن دواتر لە کۆنگرەی ڤیەننا لە ١٨١٥ ئەم سیاسەتە بە تەواوەتی پەسند دەکرێ ولە وڵاتەکانی تری دونیاش پیادەی دەکەن وەکو ئەسیوبیا لە ١٩٦٣ بەسەر سێ دەوڵەتدا دابەشکراو هەروەها لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی کاتێک وڵاتی کوردستان بەسەر دەوڵەتە براوەکاندا دابەش دەکرێ کە فرەنساو ئینگلیز وروسیا بون .

**٣/سیاسەتی ناوچە دابڕاوەکان**

بەپێی ئەم سیاسەتە هەندێک ناوچە لە کێشەو ململانێکان دور دەخرانەوە لەبەر ئەوەی لەسەر ڕێک نەدەکەوتن وکێشەی زیاتری لەسەر دەخولقا بۆیە بە ناوچەیەکی دابراوو بێلایەنیان دەدایە ناسین ، بەلام کاتێک شەڕ هەلدەگیرسا ئەم خالە پێشێل دەکرا هەر وەکو ناپلیۆن ئەنجامیدا لە ساڵی ١٨٠٥ بێلایەنی بروسیای بەزاند بۆ ئەوەی دەستی بە نەمسا بگا ولە ١٩١٤ بێلایەنی بەلژیکی بەزاند بۆ ئەوەی دەستی بە فرەنسا بگا .

**٤/سیاسەتی پەرت کەوزاڵ بە (فرق تسود )**

بە بیانوی ئەوەی بەرگری لە بەرژەوەندیەکانی نەتەوایەتی دەکەن گەلێک جار ئەم سیاسەتەیان گرتۆتە بەر و دەوڵەتیان لەیەک جیا کردۆتەوەو پارچە پارچەیان کردون یا هێزێکی یەکگرتوی چەند دەوڵەتێکیان بە پارچەکردن لاواز کردوەو بەهۆیەوە توانیویانە بەسەریدا زالبن ودەست بخەنە ناو کارو بارەکانیەوە ، نمونەی ئەم سیاسەتەش کاتێک فرەنسا

ئەڵمانیای کردە چەند دەوڵەتۆکەیەک تا بتوانێ بەسەریدا زاڵ بێ تا لە یەکگرتنەوە لەگەڵ نەیارانی بێ هێز بێ، دیارە ئەم سیاسەتەش بە شاکاری سیاسەتەکانی بەریتانیا دێتە ئەژمار هەر لە دێر زەمانەوە .

**٥/ سیاسەتی هاوپەیمانێتی**

بەستنی هاوپەیمانێتی لە نێوان دەوڵەتان رێگایەکی تری هاوسەنگی بوە لەم رێگایەوە دەوڵەتان کاتێک هەست بە مەترسی دەکەن لە دروست بونی زلهێزێک ناچار دەبن یەک دەگرن وهاوپەیمانێتی لەگەل یەک دەبەستن، ئەوکاتەی لە بەرانبەر روسیادا ئەوروپا ناچار دەبی لەگەل ئەمریکا یەکبگرێ وبەهۆیەوە هاوسەنگیەک لە هێزو دونیا دروست کەن ، دیارە لە ئەنجامی پیادەکلردنی سیاسەتی جۆراو جۆر لە ئەوروپا بەتایبەتیش ئەڵمانیا دونیای بەرەو دوو ئاراستە برد کە ئەنجامەکەی دوو جەنگی جیهانیی لێکەوتەوەو دونیا بەسەر هێزی رۆژهەلات ورۆژئاوادا دابەش بو لە پێناو رێگەگرتن لە دوبارە بونەوەی جەنگێکی تری جیهانی کە لە بەرانبەر پەیامننامەی ئەتلەس لە ١٩٤٥ پەیماننامەی وارشۆ لە ١٩٥٥ دروست بو ئەمەش بەلگەیەکی تری دابەش بونی دونیایە .

**٦/سیاسەتی لەیەک تێگەیشتن**

ئەمە ئەو سیاسەتەیە کە ئەمریکاو یەکیەتیی سۆڤیەتی جاران وروسیای ئێستا لەسەری دەرۆن و بەر لەوانیش پیادە کراوە لە ١٩٦٣ لە مۆسکۆ

پەیماننامەیەک مۆرکرا بۆ نەهێشتنی بلاوە بونەهوی چەکی ئەتۆمی و پەیماننامەی سالٚت ١ لە ١٩٧٣ و سالٚت ٢ لە ١٩٦٧ و راگەیاندنی گۆرباچۆڤ لە ١٩٨٥ بۆ راگرتنی ئەزمونە کانی ئەتۆمی بەپێی ئەم سیاسەتە هەردوو یا هەرسێ لایەن لەسەر ئاست و جۆری ئەو چەکە رێک دەکەون کە دەکرێ هەیانبێ بۆ تۆقاندن و کۆنترۆل کردنی دونیاو پاراستنی بەرژەوەندیەکانی دوقۆڵی یا سێ قۆڵی .

## ب/ ئاسایشی بەکۆمەڵ

دیارە سەدەی بیستەم لە بواری راگەیاندن و هۆکارەکانیدا پێشوەچونی باشی لەگەل خۆیدا هێناوە هەربۆیە دونیای سەردەم بۆ گەیشتن بە دونیایەکی پر لە ئاسودەو ئارام پێویستیی بە سیاسەت و سیستەمی نوێتر دەبێ.

سیستەمی ئاسایشی بە کۆمەڵ ئەو سیستەم وسیاسەتە دەبێ کە دەوڵەتان دەیانەوێ لە رێگەیەوە بە دونیایەک بگەن دور بێ لە کێشەو ململانێ ، گفت وپەیمان بەیەک بدەن کە کێشیکانیان لە رێگەی دانیشتن و بە ئاشتیانە چارەسەر بکەن نەک لە رێگەی جەنگ ولەشکرکێشی .

ئەم سیستەمەش تەنها دەوڵەتان کافی نین بەلوک پێویستیان بە رێکخراو وئۆرگانی نێودەوڵەتی هەیە تا لەم رێگەیەوە دەوڵەتان هاوپەیمانێتی لەگەل یەکتردا مۆر بکەن ونەفرەت لە جەنگ بکەن، بۆیە دوای دانیشتن

وگفتوگۆی زۆر بریار لەسـەر دامەزراندنی کۆمەلەی نەتەوەکان دەدەن کە مەبەست وئامانجی ئەو کۆمەلە دابین کردنی ئاشتی و پاراستنی ئاسایشی دەوڵەتان و رێگەگرتن لە نیازە نارەواکان ورێگەدان بە داخوازی ونیازە رەواکانی دەوڵەتان بێ ، لە پێناو ئاسـایش وئارامیی بە کۆمەل بریاردرا کە رێگە بە داخوازیە رەواکانی دەوڵەتان بدرێ و رێگە لە نارەواکان بگیرێ، هەرچەندە ئەم رێکخراوە نێو دەوڵەتیەس کوتۆتە ژێر کاریگەری هەژمونی دەوڵەتە زلهێزەکان بۆیە بە تەواوەتی مەبەستی خۆی نەپێکاوە.

دوای دامەزراندنی کۆمەلەی نەتەوەکان بەهۆی ئەوەی ئەمریکا نایەتە ناوی لە ٥٠% ی کاریگەریی ئەو رێکخراوەیە لەدەست دەدرێ، دواتر بەریتانیاو فرەنسا هەریەکەیان بە نیازێک وبۆ مەبەستێک هاتبونە ناوی کە هەردەم لە ناکۆکی دابون . لە کۆتاییەکانیدا ئەلمانیا لێی دەکشێتەوەو روسیاش بەشداری ناکا ئەمانە و دواتر بێ توانایی ئەو رێکخراوە لە چارەسەر نەکردنی کۆمەلێک لە گیرو گرفتی ئەوکات دروست بو بوە مایەی ئەوەی بێدەسەڵات ولە دواییشدا هەڵبوەشێتەوە، دوای هەلگیرسانی جەنگی دووەمی جیهانی کە هیچ پاساوێک بۆ بونی نەمابو دوای ئەوەی ژاپۆن خاکی مەنشوریای چین دەبەزێنێ و ئەلمانیا خاکە بێلایەنەکەی لەچەک دامالراو داگیریان دەکا، پاش چەندین یاداشت لەلایەن چینەوە بۆ کۆمەلەی نەتەوەکان ، هیچی بۆ ناکرێ تەنانەت نەیتوانی ژاپۆن بە دەستدرێژ ناو ببا، دواتر ئیتالیاش بە دەرفەت دەزانێ خاکی حەبەشە داگیردەکا، ئیتر ئەوەندە نابا جەنگی دوەمی جیهانی هەلدەگیرسێ وکۆمەلەی نەتەوەکان لەناو دەچێ

و ئاســـایشـــی بەکۆمەل دەکەوێتە ژێر هەرەشـــەو مەترســـیەوە ، جەنگ سەرتاپای دونیا دەگرێتەوە .

دوای تەواو بونی جەنگی دوەمی جیهانی و لە کاتی جەنگی جیهانی دوەمیشدا لە ١٩٤٢ دەوڵەتە مەزنەکانی روســـیا وئەمریکا وبەریتانیا لە دانیشـــتنی لەیەک گەیشـتن لە مۆسـکۆ چوارچیوەی ئەو رێکخراوە دادەرێژن کە ناوی نرا نەتەوە یەکگرتوەکان تا لە دوا دانیشـتنی سـان فرانسـیسـکۆ لە ئەمریکا لە ٢٥ /١٩٤٥/٤ بریار لەســـەر دامەزراندنی کۆمەلەی گشـــتیی نەتەوە یەکگرتوەکان دەدرێ وئەنجومەنی ئاســـایش لە ناویدا وەکو ئەنجومەنی جێبەجێکردنی بریارەکان دەبێ .

دەســـەڵاتی ئەنجومەنی ئاســـایش ونەتەوە یەکگرتوەکان گەلێک لە هی کۆمەلەی نەتەوەکان زیاتر دەبێ ، ئەو ئەنجومەنی ئاســـایشـــە کە لە ٥ ئەندامی هەمیشـــەیی وڵاتە زلهێزەکان پێکدێت بریارەکان بۆ رێگەگرتن لە جەنگ وکێشـــەی نێو دەوڵەتان لە بریاری نا پابەندبونەوە تا دەگاتە بەکار هێنانی هێز ولەسـەر کورسـیی دەسـەڵات لادانە وەکو کێشـەی کۆریا کە لە ساڵی ١٩٥٠ رویدا ئەنجومەنی ئاسایش بریاری دا کە رێگە لە و شەڕە بگرێ بەلام کە گوێیان پێنەدا ئەمریکا لە ژێر چەتری ئەو بریارە بە فەرماندایەتی ئەرکانی ئەمریکی وهێزی ١٦ دەوڵەت هێرش دەکاتە ســـەر کۆریاو دابەشـــی دوو دەوڵەتی دەکا، دیارە ئەم بریارەش لە کاتێکا وەردەگیرێ کە ســـود لە ئامادە نەبونی یەکیەتی ســـۆڤیەتە وەردەگیرن، هەروەها لە هێرشـــەکانی جەنگی خەلیج کە بە بریاری ئەنجومەنی ئاســـایش دیســـان ئەمریکا توانیی

هێزی چەندین دەوڵەت لە ژێر فەرماندایەتی (نۆرمان شـواسـکۆف)ی ئەمریکی کۆبکاتەوەو کوێت رزگار بکاو دواتریش ئێراقیش ئازاد بکا .

ئەوەی کارو چالاکی و بریارەکانی ئەو ئەنجومەنە ئفلیج کردوە بونی سیستەمی ڤیتۆیە کە بریارەکان دەبێ بە کۆی گشتی بن تەنها یەک دەوڵەت لە ئەندامە هەمیشـەییەکان مافی رەتکردنەوەی بریارەکانی هەیە بۆیە تا ئێسـتا گەلێک جار بریارەکان لە پەکخراون وکارەکان بە گورجی ناڕۆن بەرێوە، بەهۆی ئەوەی هەر دەوڵەتەی لە لایەکەوە بە هاوپەیمانێتیەکەوە بەسـتراوەتەوە ئەمەش دەبێتە رێگر لە یەکگرتنەوەی مەبەسـت و ئامانجەکانی پێنج دەوڵەتە زلهێزەکە ، بەلام لەوەتەی بلۆکی سـۆشـیالیسـت روخاوەو یەکیەتی سـۆڤیەت بونی نەماوەو روسـیا هاتۆتە شـوێنی، ئەو سـەنگە نەماوە کە کارەکان پەک بخرێن بۆیە ئێسـتا زیاتر سـیسـتەم وسیاسەتەکان بە سیاسەتی تاک جەمسەرو یەک لایەنەی ئەمریکا دەروا بەرێوە، ئەوەتا ئەمریکا بۆتە براگەورەی هەمو دونیاو رۆڵی پۆلیس لە دونیا وچارەسەری کێشەکان دەبینێ بۆتە ریش سپی دونیا ئەگەر لە رێکارەکانی دەستگرتن بەسەر هەرێمەکان ژێر بەژێر راوپرس و قەرەبو لەگەل روسیا دەکا بەڵام دوا بڕیار هەر هی ئەمریکایە.

### ج/ سیستەمی دوو جەمسەری

-----------------------------

دوای ئەوەی سیاسەتی هاوسەنگی هێزەکان وئاسایشی بەکۆمەل ناتوانن کارێکی ئەوتۆ بکەن رێگە لە نانەوەی جەنگ و پێکدادانی دەوڵەتان بگرن، سیاسەتی هاوپەیمانێتی و رێککەوتنەکان و کۆنگرەکان دەبێتە سیستەمی دابەش بونی هێزو بەرژەوەندیەکان، دوای تەواو بونی جەنگی یەکەمی جیهانی و دەرچونی ئەلمانیا بە شێوەیەکی جیاو زیان لێکەتو و دوای ئەوەی لە ١٩٣٣ نازیەکان دێنە سەر حوکم چاو دەبرنە خاکە لەدەست دراوەکانیان وناچنە بن باری رێککەوتنەکانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی کە ئەلمانیای لە سزا بارکردبو، کێشەو نارەحەتی لە لایەن سنوری فرەنسـاوە دروست دەبێ ، بۆ ئەنجام دانی مەرامەکانی، ئەلمانیا رێککەوتنێک لەگەل ئیتالیا دەبەستێ ودواتریش لەگەل نەمسا بەهۆیەوە ترس لەلای فرەنسا دروست دەبێ .

فرەنسا داوا لە بەریتانیا دەکا لە بەرانبەر ئەو رێکەوتنە سێقۆلیەی ئەلمانیا وئیتالیا ونەمسادا رێکەوتنێک دژی ئەوان ببەستن بەلام چونکە بە دیدی بەریتانیا فاکتەری بەهێز بونی ئەلمانیا سۆزی نەتەوایەتیە کە ئەم ئاگرەش بۆی هەیە زوو دابمرکێتەوە بەلام مەترسیە مەزنەکە لە شەپۆلی کۆمۆنیستی روسیاوە دێ، بۆیە ئەو بە هێز بونی ئەلمانیا بە مەترسی نازانێ بەلکو وەکو قەلغانێک دەبینێ لەبەردەم شەپۆلی کۆمۆنیستی بەو هۆیەوە سستی لە هاوپەیمانێتیەکە دەکا .

کاتێک ئەڵمانیا بە فەرمی وڵاتە پەیوەندی دارەکان ئاگادار دەکاتەوە کە پابەندی ئەو رێککەوتنانە نابێ کە لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی بەستویانە و هێرش دەکاتە سەر سنورەکانی راین کە ناوچەیەکی بێلایەن و چەک لێ دامالراو دەبێ وداگیری دەکا .

دوای ئەوە ئەڵمانیا هێرش بۆ سەر چیک وپۆلۆنیا دەبا فرەنسا نیازی خۆی دەردەبڕێ لە هاوکاری کردنی چیک و روسیاش رایدەگەیەنێ کە هەر لایەنێک هاوکاری چیک بکا بۆ بەرگری کردن لە هێرشەکانی ئەڵمانیا ئەوا ئەویش یارمەتیی دەدا، هەرچەندە روسیاو فرەنساش لەم روەوەهاوپەیمانێتیەکیان هەبو بەڵام لە نێو خاڵەکاندا ، هاتوە ئەگەر هێرش کرایە سەر چیکوسلۆڤاکیا تا فرەنسا بەشداری نەکا لە هاوکاریکردنی روسیا ناجولێ.

جگە لەم رێککەوتنەی روسیا-فرەنسا بەڵام پۆلۆنیاش رێگەی بە روسیا نەدەدا بە هانای چیکەوە بێت، ئیتر ئەم دەست درێژیانە دەبنە بنەمایەک بۆئەوەی لە بەرانبەر هاوپەیمانێتیە سێقۆلیەکە رێککەوتنێکی لە شێوەی (تەبایی ) سێقۆلی لە نێوان یەکیەتی سۆڤیەت وبەریتانیا و فرەنسا دروست بێ ، کارە توندو تیژیەکان درێژەیان دەبێ تا جەنگی دوەمی جیهانی لە ١٩٣٩ بەرپا دەبێ وپۆلۆنیا لەلایەن ئەڵمانیا داگیر دەکرێ ودواتر فرەنساش داگیر دەکرێ و هێرش دەبردرێتە سەر بەریتانیا دیارە ئەوکات بوە کە رێککەوتنەکە ئەنجام دەدرێ دوای ئەوەی مەترسیەکان لە دەرگای بەریتانیا دەدرێن .

تا ئەوکات ئەمریکا بەشــداری شــەڕ ناکا رۆزفلت ی ســەرۆکی ئەوســای ئەمریکا نامەیەک بۆ هیتلەر دەنێرێ داوای وەســتانی شــەڕی لێ دەکا و پێی دەڵێ دلنیام ئەگەر بە پیل بانگەوازەکەم بێیت وشــەڕ رابگری وئارامی لە ئەوروپا سەقامگیر دەبێ، بە سەدان ملیۆن کەس لە سەرگوێی ئەم زەویە ئەم داســتانە پالەوانێتیە بۆتۆ تۆمار دەکەن . بەلام ئەم پیا هەلدانە دادی نداو لە هێرش بردن بۆ سەر یەکیەتی سۆڤیەت بەردەوام دەبێ ، ئەمریکا بە چەک وپێداویســتیە ئابوریەکانی تر هاوکاری بەریتانیا دەکا فرۆکەو کەشــتیەکانی بە کرێ پێدەدا، لایەنی تر بەشــداری لە هاوپەیمانێتیەکان دەکەن وئەمریکا هەر لە هەوڵی دامرکاندنەوەی شــەڕەکاندا دەبێ بەلام کاتێک دەزانێ بە کۆتایی هاتنی شــەڕەکان نەخشــەی دونیا دەگۆرێ، ئیتر دەکەوێتە ئەو بڕوایە کە ناتوانێ چیتر بێلایەن لەم کێشانە بوەستێ ولەبەر چاوی ئەو هاوکێشــەو هاوســەنگیەکان بگۆردرێن، بۆیە لە ١٩٤٢ لە دانیشتنێکی سێ سەرۆکە مەزنەکەدا بەریتانیا وروسیا وئەمریکا دەگەنە ئەو رێککەوتنە کە بەرەیەکی نوێ لە ئەوروپا بکەنەوە و ناکۆکیە ئایدیۆلۆژیەکانیان وەلانێن تا دوژمنە سەرسەختەکەیان کە هیتلەرە لەناو دەبەن ئەوســا بیر لەئەنجامەکان بکەنەوەو کارێک بۆ دابین کردنی ئاسایشی ناوچەکە بکەن.

ئەمریکا وبەریتانیا ســســتی لە کردنەوەی بەرەیەکی نوێی شــەڕ لە ئەوروپا دەنوێنن، بەلام روسیا گومان دەخاتە سەر ئەو سستیە بۆیە بە بەردەوام داکۆکی لە کردنەوەی ئەو بەرەیە دەکا بۆئەوەی هێزەکانی ئەلمانیان پێوە خەریک بکاو فشارەکان لەسەر روسیا کەم ببنەوە . تا لە کۆتایی دا لە ساڵی

١٩٤٥ ئەم بەرەیە دەكرێتەوەو روسـیاش لە سـتالینگراد سـەركەوتن بەدەست دێنێ ئیتر لە شوباتی هەمانساڵ ئیتالیا خۆی دەدا بەدەستەوەو لە مایسـی هەمان سـاڵیشـدا ئەڵمانیا خۆی دەدا بەدەسـتەوە دەمێنێتەوە ژاپۆن، روسیا ئامادە نابێ لە لێدانی ژاپۆن بەشداری بكا تا لە ٦ و٩ ی ئابی ١٩٤٥ ئەمریكا بە بۆمبی ئەتۆمی لە هیرۆشـیما وناكازاكی دەدا ئەوسـا لە ١٩٤٥/٨/٨ روسـیا بریاری بەشـداری شـەڕدەدا دژی ژاپۆن، دواتر لە ١٩٤٥/٩/٩ ژاپۆنیش خۆی دەدا بەدەستەوە .

بەتەواو بونی شـەڕەكان قۆناغێكی نوێ هاتە پێش، لە دوا دانیشـتنیاندا هەرسـێ سـەركردە مەزنەكەی روسـیا (سـتالین ) وبەریتانی (چرچل) و ئەمریكی (ترومان ) لە كۆنگرەی یالتا لەسـەر هەنگاوەكانی قۆناغی دوای جەنگ رێک دەكەون، بەلام دیارە كە تەنها لە و دەرگایانە دەدەن كە یەک دەگرنەوە دەرگا وخالە ناكۆكەكان چاوپۆشـی لێ دەكەن بۆیە ناكۆكیەكان دوای تەواو بونی جەنگ سەرهەلدەدەن ومەرام ونیازە شاراوەكانی هەردولا ئاشكرادەبن وپەردەیان لەسەر لادەكەوێ.

ئەلبەت هەرلایەكیان كۆمەلێک نیاز وئومێد ومەبەسـتیان لە جەنگدا هەبوە، ئەمە وێرای ئەوەی چرچل بەئاشـكرا رایدەگەیاند كە ماوەی ٢٥ ساڵە دوژمنە هەرەسەر سەختی ئەو كۆمۆنیزمە، بەلام ئەمرۆ لەبەر ترسی هێرشـەكانی ئەڵمانیدا دەبێ ناكۆكیەكان وەلانێین وبەیەكەوە هەنگاوی دژی ئەم شەڕو نائارامیە بنێین .

دوای تەواو بونی جەنگ ســـنوری نێوان پۆلۆنیاو روســـیا ناکۆکی و گومان لەلای سەرۆکی ئەمریکا دروست دەکەن  دەڵێ :

( پابەند بونی روســـیا بەو رێککەوتنەی کە ســـنوری نێوان ئەوان وپۆلۆنیا دیاری کراوە دۆســـتایەتیمان دیاری دەکا ) بەلام ئەوەندە نابا  ناکۆکی تر لەســـەر دانوســـتان لەگەل نەمســـاو ئەلمانیای دۆراو لە نێوان بەریتانیا وئەمریکا لەلایەک، وروسیا لەلایەک دروست دەبێ و دواتر لەسەر ئەوەی کە بونی ســـوپای ســـور لە ناوجەرگی ئەوروپا مایەی مەترســـیە دیســـان نارەحەتی ونا متمانەیی سەر هەلدەدا .

رۆژئاوا دەزانێ ئەو ســـوپایە نیازی چیەو چۆن لادەبردرێ ئەمە کارێکی ئاســـان نیە و بونی ئەو ســـوپای ســـورەش مانای ئەوەیە نەخشـــەکەی بەریتانیاو ئەمریکا سەرکەوتو نابێ.

لە دانیشتنی دوای جەنگ لە مۆسکۆ لە ١٩٤٧/٣/١٢ سەرۆکی ئەمریکا ترومان ئەو ناکۆکیە ئایدیۆلۆژیە ناشـارێتەوە کە لە نێوان ئەمریکا وروســیا هەیە، بۆیە بە ئاشکرایی دەڵێ :

( ئەمرۆ دونیا لە دوریانێکدایە، رێگەیەکیان بەرەو ئازادی رادەربڕین ومافی چارەی خۆنوســـینی گەلان وئازادی رۆژنامەوانی وهەلبژاردن ودەســـەڵاتی زۆرینەو ئازادیبیروڕای ئاینیە، رێگاکەی تر دونیای حوکمی کەمینەو کپ کردنی دەنگە ئازادەکان و ژێردەست کردنی گەلان و حوکمی ئاگرو ئاسنە،

بۆیە دەبێ گەلان ئەم راســتیە بزانن کە ئێمە وەکو ئەمریکا پشــتگیری لەو گەلانە دەکەین کە رێگەی یەکەم هەلدەبژێرن و دژی بۆچونی دوەمن ).

لێرە ستالین لەنامکەی ترومان گەیشت ، ستالین دەلێ :

(ئەمریکا بەهۆی ئەوەی بۆتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی بەنیازە دەســت بگرێ بەســـەر دونیادا، دەبێ گەلان خۆیان رزگار کەن داگیرکاری نابێ بمێنێ ، ئێمە بۆیە بەخۆمان دەنازین کە خاوەنی مەزنترین ســوپای دونیاین پانترین خاکی دەوڵەتمان هەیە) .

بەرژەوەندیەکان وردە وردە لەیەک دور کەوتنەوە هەریەکەی کەوتە خۆ بۆ کۆکردنەوەی وڵاتە بێلایەنەکان وخۆی پێ بەهێز بکا دونیا بەســـەر دوو جەمسەردا دابەش بو یەکیان ئەمریکای سەرمایەدار کە بەسەرکەوتویی لە شەڕەکان دەرچو، ئەویتریان روسیای کۆمۆنیست دەبێ .

بۆچی پاش ئەوەی لە ئەروپا تاقە هێز بەریتانیا وفرەنســا دەبن، ئێســتا ئەمریکا شوێن ئەوان دەگرێتەهو ؟ فرەنسا زیاتر لە نیو ملیۆن کەسی لەو جەنگە لەدەســتدا هەرچی هێزی دەریایی هەبو نەما هێزی وشــکایی وئاســمانیی خاپوربو، بوە وڵاتێکی قەرزاری وێران ، هەروەها بەریتانیا هێزە دەریایەکەی تەنها لە ٢٣% مایەوە دوای ئەوەی وڵاتێکی خاوەن قەرز بو ئێســتا بوە وڵاتێکی قەرزار ، ئەمریکاش لەو شــەڕەدا بەســەرکەوتویی لێی دەرچو بســتێک لە خاکی داگیر نەکراو هیچ شــوێنێکی تۆپباران نەکرا ماوەیەکیش چەکەکانی بەکرێ دەدایە بەریتانیا، ئەویش بۆ ئەو داهاتێکی

باش بو، بوە خاوەنی چەکی ئەتۆمی و چەک وتفاقێکی زۆریشـی لەم شـەڕە ساخ کردەوەو هەندێکیشـت لێ تاقی کردەوە یەکێک لەو چەکە تاقیکراوانە کە تا ئەوکات لێی بە گومان بو بۆمبە ئەتۆمیەکەی هیرۆشیماو کازاناکی بو.

---------------------------------------------

## پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکان ، ئەمریکا و تورکیا وەکو نمونەی

---------------------------------------------------------------

گەر بمانەوێ لە دەرگایەکی بەرینەوە بچینە ناو هەر بابەتیك و لەسەر بنەمایەکی زانستیانە هەلسەنگاندن ولێکۆلینەوەی لەسەر بکەین، ئەوە دەرگای مێژوو بەرینترین دەرگایە کە بتوانین ئەم مەرامە بپێکین ، لەم روانگەیە وە و لە پێناو هەلسەنگاندنێکی راست ودروستی پەیوەندیەکانی نێوان ئەمریکاو تورکیا بەباشم زانی لاپەرەیەک لە مێژوی ئەم پەیوەندیە هەلدەمەوە .

# سەرەتای پەیوەندیەکانی ئەمریکا و تورکیا بۆ سەردەمی عوسمانیەکان لە سەدەی ١٨ م دا دەگەرێتەوە ،کاتێک ئەمریکا بۆ پاراستنی کەشتیەکانی خۆی لە دەریای سپی ناوەراست لە دەست هێرشەکانی کەشتیی جەردەو رێگری جەزائیرو تونس ناچاردەبێ پەیمانن امەیەک لەگەل دەوڵەتی عوسمانی مۆر بکا، ئەگەر چیش جەزائیر وتونس بەروالەت نیمچە سەربەخۆییەکیان لە دەوڵەتی عوسمانی یەوە هەبو بەلام لەو ناوچەیە بە بالی عوسمانیەکان دەهاتنە ئەژمار کە بەردەوام هێرشیان دەبردە سەر کەشتیەکانی ئیتالی وفەرەنسی وئیسپانی وئەمریکی و ئینگلیز.

ئەوەی لەو پەیماننامەیە دا لەسەری رێککەوتن لەلایەن سەرۆکی ئەمریکای ئەوسا جۆرج واشنتۆن و حسن پاشای عوسمانیەکان ئەوە بو

که بەرامبەر بە پاراستنی سەرو مالی کەشتیەکانی ئەمریکی دەبێ ئەمریکا بری ٦٤٢ هەزار دۆلاری زێرو ١٢ هەزار زێری تورکی بدا بە حسن پاشا ی سولتانی عوسمانیەکان .

# دواتر پەیوەندیەکان بەردەوامی دە کێشن تا ساڵی ١٨٣٠ ی سەردەمی ئەندرۆ جاک ی سەرۆکی ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا وسولتان محمودی دوەم سولتانی عوسمانیەکان بۆ ئالو گۆری بەرژەوەندیەکان بە چەندین دۆخدا تێ دەپەرن. دیارە هەریەک لەم دو وڵاتە جگە لە بەرنامە ئا شکراکانیان بەرنامەی شاراوەشیان هەبوە .

بۆ نمونە لە ساڵی ١٨٩٥ ، کاتێک ئەمریکا نوێنەرایەتی کونسولگەری خۆی لە ویلایەتی ئەرزەرۆمی تورکی کردەوە یەکەم ناکۆکی لەنێوانیان سەری هەلدا، بەمەش تورکیا لە مەرامە شاراوەکەی گەیشت کە هۆکاری کردنەوەی ئەم نوێنەرایەتیە بۆئەوەبو چونکە ئەم شارە رێژەی دانیشتوانیان زۆرینەی ئەرمەنن دەنا تەنها یەک دانە ئەمریکیشی لێ نەدەژیا ، ئەمە دەبێتە یەکەم ئەجندای شاراوەی ئەمریکا کە ئاشکرا دەبێ، ئەم ناکۆکیە بەردەوام بو تا لە ساڵی ١٨٩٧ ئەمریکا توانیی بە فەرمی کۆنسۆلخانەی خۆی لەو شارە بکاتەوە، لە داهاتو دەرکەوت بۆچونەکانی تورک بۆ ئەم نا رەحەتیە لە شوێن خۆی بو، چونکە ئەمریکیەکان ئەرمەنەکان وەکو داردەست و کارتی فشار دژ بە تورکیا بەکار دەهێنا.

# لە ١٩١٨ دوای تەواو بونی شەڕی یەکەمی جیهانی تورکیا وەکو پیاوە نەخۆشەکە مومتەلەکاتەکەی کەوتە ژێر دلۆڤانیی وڵاتانی دابەشکار ،

(ئینگلیزو روســیا و فرەنســاو ئەمریکا ) ،ئەوەبو بەرنامەکەی ئەمریکا بۆ بەکارهێنانی کارتی ئەرمەنی زیاتر کەوتە مەیدانی پراکتیکی وگەشــەپێدان و کار لەسـەرکردن ، جگە لە دابەشکردنی مومتەلەکاتی تورکیا ئەمریکا بیری لەدابەشــکردنی خودی وڵاتی تورکیاشــی دەکرد ، ئەمریکا بۆ بەرنامەی دامەزراندنی دو دەوڵەتی تایبەت بە نەتەوەی جوو ئەرمەن لە تورکیا کاری دەکرد، بۆ ئەم ئەجندایەی ئەمریکا بابەتی جینۆســایدی ئەرمەنەکان کە لـە ســاڵی ١٩١٤ و١٩١٨ بـەکـار دەهێنـا تیـایـدا زیـاتر لـە ملیۆنێـک ئەرمەنی بەدەستی تورکەکان کۆکوژ کرابون .

کاتێک ئەمریکا ئەوەی بۆ نەلوا بە دابراندنی بەشـێک لە خاکی تورکیا بۆ ئەرمەنەکان دەرگای پەناهەندەیی بۆ کردنەوە لە ســاڵی ١٩١٩ وە زیاتر لە ٥٢٠٠٠ کەسی ئەرمەنی رویان لە ئەمریکا کرد، دواتر ژمارەکە گەلێک لەم ژمارەیەی رەت کرد کە دواتر بۆ دژایەتی و فشار خستنە سەر تورک بەکار هێنران وهەر خۆشیان بون بە لۆبیەکی سەربەخۆ لەو مەیدانە.

دوای لـەنـاو چونی خـەلافـەتی عوســمـانی ، تورکیـا بو بـە وڵاتێکی کۆماری، کمال ئەتاتورک بو بە یەکەم سەرکۆمار ودامەزرێنەری ئەم وڵاتە چەندین گۆڕانکاریی مەزن لە هەمو مەیدانەکان روی دان، لە ســەروی هەمویانەوە جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت ، گۆرینی پیتی عەرەبی بۆ پیتی لاتینی، ســەرباری وەرچەرخانی ١٨٠ پلەیی لە ســیاســەتی دەرەوەی، بەمانە لاپەرەیەکی نوێ لە پەیوەندیەکانی لەگەل ئەمریکا هەلدرایەوە، ئەویش لەســەرەتا بەســاردیەک دەســت پێ دەکا لەگەل بەردەوامیی کارتە

فشـــارەکـان کـە تـا ئـەوکـات تـەنـها ئـەرمـەنـەکـان بـون . کـاتـێـک ئەمریکا پەیماننامەی لۆزان لەبەر خاتری ئەرمەنەکان ئیمزا ناکات چونکە لـە بـەرژەوەنـدی ئـەوانـدا نـەبوو تـا ئێســـتـاش هـەر ئیمزای نـەکردوە ( ئـەو پەیماننامەیەی کە دژ بە چارەنوســی گەلانی بن دەســتی تورکیایە لە کورد وئـەرمـەن وجو، هـەلوەشـێنـەری پـەیمـانـنـامەکە بە پەیمـانـنـامەی نـامـەی سیڤەر ئەنجام درا ).

یەکەم پەیوەندیی فەرمی لە نێوانیاندا لە ســەردەمی کۆماری لە ١٩٢٧ دەبـەســـتریتـەوە ، کـە پـەیمـانـنـامـەیـەکی هـاوکـاریی بـازرگـانی بـەیـەکـەوە مۆر دەکەن، پەیوەندیەکان تاوێک بە ســاردی وتاوێک بە گەرمی بەردەوام بون تا جەنگی جیهانی دووەم.

# لـە دوای جـەنـگی دوەمی جیهـانی واتـە لـە ســاڵـەکانی ٩٤٥ وە تـا ١٩٦٠ پـەیوەنـدیـەکان بـە هۆکاری چـەنـد روداوو پێویســتیـەکی مـەنتقیـانـە وای ســـەپـانـد کـە تورکیـا بـە ســیـاســـەتی دەرەوەی خـۆیـدا بـچـێـتـەوە لەبەرئەوەی لەســەرێک ســەرهەلدانی روســیا وەکو هێزو لوتکەی دوەمی دونیـا بـە رکابـەرو ململانێی لـەگـەل ئـەمریکا بۆ پـاوانکردن و قـۆرخ کردنی وڵاتـانی هـەرێم و نـاوچـەکە کەوتە مەیدان ، لە ســەرەکەی ترەوە لە پێناو رێگە گرتن لەبەردەم تەوژم و لێشـاوی بوژاندنەوەی مارکسـیزم کە لەگەل تورکیـا هـاو ســنوربو، تورکیـا هـەســتی بـە و پێویســتیـە کرد کـە لـە سـیاسـەتەکانی ئەمریکا نزیک بێتەوە. بۆ ئەم مەبەسـتە تورکیا بۆ کلکایەتیی

سیاسەتەکانی ئەمریکا هەولەکانی خۆی چڕتر کردن، ئەم کلکایەتیە ش لە چەند هەنگاوێکی تورکیا بەرونی بەدی دەکران .

١- پشتگیری کردنی لە شەڕی ئەمریکا دژ بە کۆریا .

٢- لە ١٩٥٢ بو بە ئەندام لە پەیماننامەی ناتۆ.

٣- لە ١٩٥٧ بڕواکانی (مبادی) ئایزنهاوەری پەسند کرد.

٤- لە راگەیاندنی پەیمانی بلفۆرد سەبارەت بە دەوڵەتی ئیسرائیل تورکیا یەکەم وڵاتی موسلمان بو کە بە فەرمی دانی بە ئیسرائیل نا .

ئەمانە هەموی بۆ ئەمریکا سەرکەوتن بون وای لە ئەمریکا کرد کە لەم ماوەیەدا کارتە فشارەکان لەسەر دەلاقەی ئەرشێف دانێ .

پەیوەندیەکان لە سالانی حەفتاکان بەهۆی چەند گۆران ورواداوێکەوە پێیان نایە قۆناغێکی ترەوە ئەویش قۆناغی لەیەک وەدورکەوتن یا لەیەک بەگومان بون بو ، هۆکارەکان دەگەرێنەوە بۆ:

١- پشتگیریی فەرمیی عسمت ئینۆنۆ بۆ ئەمریکا دژ بە یەکیەتی سۆڤیەت.

٢- هەلوێستی ئەمریکا لە پشتگیری کردنی لە روداوەکانی ١٩٦٤ ی یۆنانستان .

٣- گۆران و هەلچونەکانی ناوچەکە بە بوژانەوەی رەوتی مارکسیزم کاری کردبوە سەر بۆچونی گەنجان لە دژایەتی کردنی وڵاتانی ئیپریالیزم . ئەمەش لە ناوەوەی تورکیا لە ناو تویژی گەنجان رەنگی دابۆوە .

ئـەمـانـەو چـەنـد هۆكارێكی تری لاوەكی وایـان كردبو كـە توركیـا لـە خۆ بەدورگرتن لە سـیاسـەتەكانی ئەمریكا و كلكایەتی كردنی دا  بەخۆیدا بێتە وە.

گرژی وسـاردیەكان پێیان نایە قۆناغێكی بەرزتر كاتێک لە ١٩٧٤-١٩٧٥ توركیا بەشێک لە دورگەی قوبرسی داگیر كرد ئەمریكاش ئابلوقەی ئابوری خستە سەری.

پەیوەندیەكان لە سـاڵەكانی هەشـتاكان  بە حوكمی ئەو گۆرانانەی لە ناوچەكە رویاندا لە شـۆرشـی خومەینی و  داگیر كردنی ئەفغانسـتان لە لایـەن سـۆڤیـەتـەوە وای لـە ئـەمریكا وتوركیـا كرد لـە پێنـا وپـاراسـتنی بەرژەوەندیەكانیان جارێكی تر بە ئاسـتی پەیوەندیەكانیان دا بچنەوە ، لەم گۆرانانە ی لە ئاسـت پەیوەندیەكانیاندا رویدا توركەكان لە ئەمریكیەكان زیاتر قازانجیان بەر دەكەوت بەم پێوەرە ش  ئەمریكا زیاتر پێویسـتی  بە هـاوكاریـەكانی توركیـا هـە بو بۆ كۆنترۆل كردنی نـاوچـەكـە دژ بـە رەوتی ئیسـلامیی ئێران ورەوتی نەتەوەپەرسـتیی سـەدام وسـەرباری سـۆڤیەت وكەنداو .

لێرەجارێكی تر تەرازوەكە بەلای توركیادا كەوتەوە ،  سـیاسـەتەكانی ئەمریكا  لەم روەوە سـەركەوتنیان بەدەسـت هێنا لەوەی توانیان هەردو رژیمە مەترسـیدارەكەی ئێران وئێراق لە شـەرێكی ٨ سـاڵیدا  بەگژیەكیان بكاتـەوە هێزو توانایان لـەبەر ببا،  دواتربـە هـەلوەشـاندنەوەی یـەكیـەتی سـۆڤیـەت بـەسـەر ئەویشـدا زاڵ بو، لەم ماوە دورو درێژە ئەمریكا لە پێناو

ســـەرکەوتنی ئەجینداکانی خۆی، باســـی لە هیچ دۆســـیە یەکی وروژێنەر لەگەل تورکیادا نەکرد ، ئەم ســـڕبون و بێئاگاییەی ئەوان لەئەنجامی وشـــیار بونەوەو پر بونی کاســـەی زولم و زۆرداریی تورکەکان دەنگێکی تر هاتە مەیدان کە بۆ تورکیا مایەی بێزاری بو ئەویش دەنگی پارتی کرێکارانی کوردستان بو(پ.ک.ک) لە ١٩٨٤ جاڕنامەی دامەزراندنی خۆی راگەیاند ، هەر چەندە دروست بونی ئەم رێکخراوە لەسەردەستی ئەمریکا نەبو بەلام دەکرێ بلێین بۆ ئەمریکا لەتەک کارتی ئەرمەنەکان کارتێکی تریش هاتە دەست.

سەرهەلدانی حزبێکی نەتەوی چەپڕەوی کوردی لە باکوری کوردستان، لە تورکیا وای لەتورکەکان کرد زیاتر پێویستیان بە دۆستایەتی ئەمریکا هەبێ .

لە ئاکامی گۆران و روداوەکانی ناوچەکە پەیوەندیەکانی هەردو لا لەســـاڵەکانی نەوەتەکان چوە قۆناغی هەنگوینی ، تورکیا رێگەی بەئەمریکا دا، بنکەی ئینچرلیگ بۆ هێرش بردنە ســـەر رژێمی ئێراق بەکار بهێنێ، دوای ئەوەی ماوەیەک رێگەی نەدابو، بەمەش ئاسانکاریەکی زۆر بو بۆ هێزەکانی ئەمریکا ، دۆســـیەی بازرگانی ولایەنەکانی تری ئابوری و نەوتی وڵاتانی قەزوین و چەندین پێویســـتیەکی تری هەردولا وای کرد کەش و هەوایەکی نوێ بخولقێ، هەمیســـان لە پای ئەو زیانانەی لە تورکیا کەوتن لە ئەنجامی ئابلوقە سەپێنراوەکەی سەر ئێراق و کەم بونی داهات ونێردراوی تورکی بۆ ئێراق ، ئەمریکا هاوکاری ویارمەتیی باشـــی ئەو وڵاتەی دا ، تاقە

گرفت ونارەحەتیی ســاڵەکانی نەوەت کە لە پەیوەندیەکانی نێوانیان رویدا راگەیاندنی ئەو هاوپەیمانیەبو بەناوی کۆمنوێلسی ئیسلامی (ئەنجومەنی ئابوریی وڵاتانی ئیسلامی) کە نجم الدين ئەربەکان ی سەرۆک وەزیرانی ئەوسای تورکیا دای مەزراندبو، ئەمریکای زۆر نارەحەت کرد ، بەلام لە دواییدا بە هاوسۆزیی دەسەڵاتی سەربازیی تورکیا توانرا قورێکیش بۆ ئەم بگرێتەوەو لەکورسیی دەسەڵاتی دورخەنەوەو دواتر بە بریاری دادگا کاری سیاسیشی لێ قەدەغەکرا . بەم هەنگاوەش خشتێکی تر دەخرێتە سەردیواری بڕواو متمانەی نێوان هەردولایان .

ماوە تیشک بخەینە سەرساڵەکانی دو هەزار و هاتنی ئیسلامیەکان بۆ سەر کورسیی دەسەڵات کە لە سەرەتا ترسێک لە دلی ئەمریکا دروست بو بەوەی لەم قۆناغە ناسکەدا گۆرانێک لە سیاسەتی تورکیا روبدات لەلایەک ئالۆزیی دۆخی ئێراق و ئەفغانستان لەلایەک مەترسیی قاعیدەو هەلسانەوەی رەوتی رادیکالیی ئیسلامی لە خوارووی رۆژ هەلاتی ئاسیا و رۆژهەلاتی ناوەراست ، لەلایەکی تریش هەلسانەوە سەرپێی روسیای نەخۆش ، بەرنامەکانی ئەتۆمیی کۆریاو ئێران و چەندین قەیران وتەنگژەی کە ئەمرۆ لە ناوچەکە ئەمریکا راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ تێی کەوتوە و کار دەکەنە سەر بەرنامە و بەرژەوەندیەکانی ئەم هۆکارانە وای بەسەر ئەمریکا سەپاند کە لەم قۆناغەدا ئەمریکا پێویستیی بە هاوکاریی تورکیا زیاتر لەهەر رۆژێک هەبێ ، ئەم راستیانەش لە تورکەکان شاراوە نین بەلام دیارە ئەوانیش ئەجندەو بەرنامەی خۆیان هەیە بیخەنە سەر مێزی گفتوگۆ کە ئەم ساتە لە هەمو ساتێک بە گونجاو تر دەزانن .

تورکەکان توانیان شکست بە کارتی ئەرمەنەکان بهێنن و لە سەنگەری بەرگری راستەوخۆ بچنە سەنگەری هێرش بردن ، بە ئفلیج کردنی کارتی ئەرمەنی وکێشانەوەی بریارەکەی کۆنگرێس لەمەر ئیدانەکردنی جینۆسایدەکە نەوەستان ، داوای لەناو بردنی پ.ک.ک شیان لە ئەمریکا کرد.

لێرەدا دەبێ بپرسین .ئاخۆ لەم قۆناغە ئەمریکا چی لەتورکیا گەرەکە ؟ تورکیاش چی لە ئەمریکا گەرەکە ؟

ئەوانەی لەسەر مێزی تورکیان بۆ ئەمریکا ئامادەکراون بریتین لە دۆزی قوبرس، ئەرمەن ، پ.ک.ک ، چونەناو یەکیەتی ئەوروپا ، پارچە نەبونی تورکیا ، مەسەلە ناوخۆییەکانی سوریاو حزبی PYD واتە رێگە گرتن لە دامەزراندنی قەوارەی کوردی لە سوریاو پرسی ئێراق بەتایبەت کورد و تورکمان هەر یەکەی بە شێوەیەک.

لە بەرامبەریشیەوە ئەمریکا چەند دۆسیەیەکی بەردەستە کە لە تورکیا چاوەروانە لە بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا کاریان لەسەر بکات لەوانە : ئێران....بە کۆمەلێک داخوازیەوە ، سوریا ... بەهەمان شێوە ، ئێراق ئالۆزترین وسەرئێشەترین دراوسێ . ، روسیا ..سنوری پەیوەندیەکانی، ئیسرائیل... ودوارۆژی پەیماننامە ستراتیجیەکانیان ، قەوقاس و گازو نەوتەکەی.

دوای ئەم هەڵسەنگاندن وداسەنگاندنی پەیوەندیەکان پرسیارێک قیت دەبێتەوە :

ئایا پەیوەندیەکانی ئەمریکا وتورکیا لە مەترسی دان؟ ئەمریکا دەیەوێ تورکیا راگرێ یا بیکاتە تەیرێکی مەعقال؟ دواتر دوای ئەمریکا ئەی وڵاتانی ئەوروپا هەڵوێستیان چی دەبێ لە تورکیا بە تایبەت دوای ئەوەی پرسی هەبونی دەستی تورکیا لە تیرۆر و هاوکاری داعش؟

پێم وایە ئەمریکا ئەوە لە بیرناکات کاتێک پەرلەمانی تورکیا رێگەی بە لەشکری هاوپەیمانان نەدا لە خاکی ئەوانەوە لەشکرکێشی بکرێتە سەر ئێراق . ئەوەی لە دانوستانەکان بەدیی دەکەین ، سەوداکاریەک لە نێوان هەردولا ئەنجام دراوە ئەم سەوداکاریەش بە مانای ئالوگۆریی بەرژەوەندیەکان دێت دە توانین ئەم دەستەواژەیە بە وە ناو بنێین (کوردو ئەرمەن بەرامبەر بە ئێراق وئێران و سوریا) هەر کاتەی ئەم چوار دۆسیەیە یەکلا کرانەوە ، دەکرێ ئەمریکا بەر لە تورکیا بە سیاسەتەکانی خۆیدا بچێتەوە ، بەڵام ئەمە کەی دەکرێ ؟ گرەو لەسەر ئەمە دەکرێ؟ تا ئەو کاتەی ئەم دۆسیانە یەکلا دەبنەوە کوردستان بە گشتی و هەرێمی کوردستان بە چ دۆخێک دەگا ؟ کاریگەریی ئەم گۆران وگۆڕانکاریانە تاچەند رەنگدانەوەیان لەسەر هەرێمی کوردستان دەبێ؟ ....ئەوە ی ئەمرۆ بۆ ئێمە گرنگە ، دەبێ خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنەکانمان بۆ تابلۆکان لەسەر ئەم بنەمایانە بێ .

حەتمەن لەم دانیشـــتنەی نێوان لوتکەی تورکیاو ئەمریکا لەم ماوەیە، باس لـە م بابـەتانـە کراون هۆکارەکانی راگـەیـانـدنی هـەنـدێک وڵات  ئەوە ئاشـــکرا دەکەن کە جگە لە بابەتە دیارەکانی ســـەر لاپەڕەی رۆژنامەکان ،  باس لە گەڵێک پرسـی هەنوکەیی و سـتراتیژی ناوچەکە کراوە کە دەکرێ جێبەجێ کردنی هەندێکیان بۆ چەندین ساڵی داهاتو دوا بخرێن .

ئەوە ماوە  وەلامی ئەو پرســیارە بدەینەوە کە لەســـەرەوە هاتوە  بلێین بەم پێوەرە بێ پەیوەندیەکانی ئەمریکا و تورکیا لە مەترســـیدا نین ، هەردوکیان پێویســتیان بە تواناو هاوکاریی ئەویتر هەیە  بەرنامەکانیشـیان لەسـەرمافی گەلانی ناوچەکە تەواو دەبن لە سەروی هەموشیانەوە .... کورد وئەرمەن .

# رای گشتی وکاریگەریی لەسەر بەرێوەبردنی دەوڵەت

---

بەر لەوەی بزانین بنەماکانی رای گشــتی چین پێویســتە دەســتەواژەی رای گشــتی شــی بکەینەوە، رای گشــتی بە مانای کۆی دەنگی زۆرینەی کۆمەڵە کەســـانێک کە پەیوەندیان بە پرســـێکەوە هەیە و دەنگی ئەوان ئەژمار دەکرێ یا کاریگەری دەبێ ، لای هەندێک زانا رای گشتی مانای کۆی گشتیی راکانە، بەڵام لای هەندێکی تر بەو ئەنجامە دەوترێ کە لە ئەنجامی لێکدانەوەو کارلەسەر یەک کردنی راکانی کۆمەڵێک کەس دروست دەبێ ، بەهەموو شـــێوەیەک ئەورایە دەگەیەنێ کە دەربری زۆرینەی خەلکە ، لە بواری سیاسەت و حوکمڕانیدا ئەم کۆدەنگیە پاساوێکی یاساییە بۆ دوان بەناوی گشـــتەوە ، دیارە کە ئەم کۆدەنگیەش تەنها بۆئەوەیە مرۆڤ یا کۆمەلێک بەسەر مەیدانی چالاکیەکادا زالبن و ببنە زمانراستی ئەوان .

---

## کاریگەری لایەنی دەرونی و مۆرالی لەسەر دروستبونی رای گشتی

---

لەروی دەرونیەوە چەند فاکتەرێک هەن کە کار لە دروستبونی رای گشتی دەکەن ئەمانەش بریتین لە :

یەکەم/ هاندان و پێویستیەکان.

دووەم/ حەزو ئارەزوەکان .

سێیەم/ داب ونەریت .

چوارەم/ بیرو بڕوا .

پێنجەم/ پێزانین وبیرکردنەوە.

یەکەم / هاندان و پێویستیەکان .

هاندان و پێویستیەکان ، دەتوانین بیان کەین بە دوو بەشەوە:

ا/ پێویستیەکانی بەکاربردنی تاک.

ب/ پێویستیەکانی کۆمەلایەتی.

(١) ئەو پێویستیانە دەگرێتە خۆ کە مرۆڤ بۆ درێژە پێدانی ژیان پێویستی پێیە وەکو خواردن وخواردنەوەو جلوبەرگ ، نازیەکان ئەمانەیان کردبوە ئامرازێکی گرنگ بۆ رێکلامە پێکردن وکارکردنە سەر هەستی خەلک ئەوکاتەی بلاویان دەکردەوە کە ئەوان دەتوانن خواردن وخواردنەوەو باری ژیانی خەلک باشکەن ئەگەر دەنگیان پێبدەن لە ئەنجامی ئەو پرۆپاگەندانە لە هەرێمیکدا شەش ملیۆن دەنگیان وەدەست هێنا، بەهۆی ئەوەی توانیان کار بکەنە سەر هەستی خەلک وبیان وروژێنن . پێویستیە کۆمەلایەتیەکان کە بریتین لە دابین کردنی ئارامی وخۆشەویستی وریزلێگرتن کە پێویستیی دەرونین لای خەلک دابین کردنیان یا رێکلامە بۆکردنیان کاریگەری چاکی دەبێ لەسەر دەرونی خەلک ووەرچەرخانی ئەنجامی دەنگەکان ورایگشتی چونکە ئەمانە هەموی پێویستیی زەروری خەلکن، خەلک کاتێک باری ژیانی نائارام دەبێ حەز لە دابین کردنی ئارامی وئاسایش دەکا، کاتێک برسی دەبێ حەزی سەرەکیی خۆراکە ، ئەوکاتەی ریزی لێناگیرێ و مافی پێشێل دەکرێ، تامەزرۆی گەرانەوەی ریزو حورمەتە ، خۆشویستن هەستکردنە بە بونی خود ئەمەش گیانی کەسایەتیی تاک بەهێز دەکا ، کاریتێدەکرێ بەوەی سۆزی بۆ ئەو کەسە بچێ و دەنگ بۆ ئەو لایەنە بدا کە رۆلی سەرەکیی هەبوە لە وەدەست هێنانی ئەو ریز وخۆشەویستیە .

حەزو وروژێنەرەکانیش دەکرێن بە چوار بەشەوە:

١ – وروژێنەری ناوەخۆیی.

٢ – وروژێنەری سروشتی.

٣ – وروژێنەری کۆمەڵایەتی

٤ _ وروژێنەری رێکخراوەی

١/ وروژێنەرو حەزە ناوەخۆییەکان کە دەکرێ بلێین هاندەری ناوەخۆن ئەمیش دو بەشیان هەیە ا/ حەزی خۆرسکی گشتی ب/ حەزی خۆرسکی تایبەتی

گشتیەکان وەکو حەزی کوشتن وراکردن وپێزانین وگەران بەدوای خواردن و داوای یارمەتیکردن و سەردانەنواندن و چۆکدادان و خۆشەویستیی کۆم بون و زۆرپێکەنین وحەزە سێکسیەکان .

حەزی خۆرسکی تایبەتی وەکو لاسایی کردنەوە و یاریکردن و بەشداریی ویژدانی وئامادەگیی بیرو بۆچونی بەرانبەر .

٢/ وروژێنەرە سروشتیەکان . ئەمیش بریتیە لەو وروژێنەرانەی لە دەوروبەردا لە سروشتدا هەن وەکو بەرزی پلەی گەرما و نزمی گەرما هەروەها هەر گۆرانێکی سروشتی کە مرۆڤ کاری تێدەکا ودەبێتە مایەی ئەوەی یا مرۆڤ وەلامیان بداتەوە لە خۆپاراستن لێیان یا ئامادەگیی بۆ نیشان بدا .

٣/ وروژێنەرە کۆمەلایەتیەکان . بریتین لەو داب ونەریتو یاسا کۆمەلایەتیانەی کە مرۆڤ لە ناویدا دەژێ گەلێکجار قسەو باسی کۆمەلگا

یا یاســـاکانی کۆمەلگا یا داب و نەریتەکان وا لە خەلک دەکەن پابەندی هەندێک یاســـای کۆمەلایەتی بێت، یا لە هەر هەلوێســـتێکی کۆمەلایەتی دەبێ ئامادەگیت هەبێ ، یا تۆ خۆتی لەگەل بگونجێنی یا کۆمەل ناچار بکەیت بێنە ســـەر راو بۆچونەکانت، بۆیە ئەم حەز وورووژێنەرە کۆمەلایەتیانە دەبنە هۆکاری گۆڕانکاری لە رای گشـــتیدا لەبەر ئەوە دەبێ بە هەند وەربگیرێن .

٣/ وروژێنەرە رێکخراوەییەکان . ئەمەش لە رێگەی ئەو رێکخراوەوە بە مرۆڤ رادەگەیەندرێن کە تیایدا پەیوەندیی رێکخراوەییت هەیە گەلێک جار کاریگەری ئەم یاســـاو حەز وورووژێنەرانە لە هیتر کاریگەرتر دەبن چونکە پابەندیەکی رێکخراوەییت دەبێ جێبەجێکردن وپیادەکردنیان دەبنە مایەی وەدەســـت هێنانی پاداشـــت وپلەو پایە لەناو رێکخراوەکەدا بۆیە دەبینین هاندەری چاکن بۆ ئەم مەبەستە .

دووەم/ حەزو ئارەزوەکان .

حەزو ئارەزوەکان ، ئەمەش ئەو لایەنە دەگرێتەوە کە مرۆڤ ئامادەگی ومەیلی بۆی دەچێ بەهۆیەوە ئامادەی زیاتری لا دروســـت دەبێ بۆئەوەی وروژێنەرەکە بقۆزێتەوەو مامەلەی لەگەڵدا بکا هەربۆیە دەبینین بابەتێک لای کەســـێک قبولکراوە ئەوکاتە کارکردن لەســـەر ئەو بابەتە لەگەل ئەوکەســـە ئاســـانترو گونجاوترە چونکە ئەو ئامادەییەکی هەیە بۆ وەلام دانەوەو پێشوازی لێ کردنی.

سێیەم/ داب و نەریت

داب ونەریتەکان هەموو کاتێک داب و نەریت دەبێ بەرچاو بگیرێ، بۆئەوەی بریارو شێوازی دروست هەلبژێردرێت، بۆ کارکردنە سەر دەرون و سۆزی خەلک، بەهۆیەوە راکان لە بەرژەوەندی گشتی وەرچەرخێن ، لای هەندێک توێژ پاداشت هاندەرێکە بۆ وەلامدانەوەو قۆستنەوەی وروژێنەرەکان نرخاندن وهەلسەنگاندنی ئەرک وتوانا خەرج کراوەکان پەیوەندیەکی گرنگی لەگەل ئەنجامەکاندا دەبێ .

چوارەم/ بیرو بڕوا

بیرو بڕوا ، بڕوابون بە رێباز وهەبونی بنەمایەکی توکمەکراو سەنگی مەحەکە بۆ گۆرانی رای گشتی ، کاتێک مرۆڤ بڕوا بە ئاینێک دێنێ ناکرێ پرۆپاگەندەکان بە ئاوەژوی ئەو دینەوە بن دەبێ رەچاوی بنەماکانی ئاینەکە بکرێ، گونجانی بریارو پلانی رێکلامەکان و هاتنەوەیان لەگەل بنەماو یاسای ئاینیەکان خالێکی گرنگی هۆکاری سەرکەوتنەکانە بۆیە هیچ کاتێک ئەم خالە نابێ فەرامۆش بکرێ . بۆیە گەلێک جار هەندێک کەس ئاین بۆ مەبەستی پرۆپاگەندە بەکار دێنن .

پێنجەم/ درک پێکردن وپێزانین

درک پێکردن وپێزانین . ئەوکاتەی رێکلام بۆ بابەتێک دەکرێ دو خالی سەرەکی هەن لای مرۆڤ کە کاردەکەنە سەر ئامادەگیری و وەلامدانەوەی و روژێنەرەکان:

ا/ ڕەگەزە دروستکروەکانی پێزانین .

ب/ ڕەگەزە وەزیفیەکانی پێزانین .

مەبەســـت لە یەکەمیان ئەو وروژێنەرانەن کە لە بابەتەکە خۆی وەدەر دەکەون و کار دەکەنە سەر بڕیاری مرۆڤ .

دوەمیشیان، مەبەست ئەو ئامادەگیریەیە کە لە خودی مرۆڤدا دروست دەبێ و پێشـــتر هەیەتی وەکو پێویســـتیی ئەو کەســـە بۆ ئەو بابەتەو حەزو ئارەزوەکانی یا ئەزمونەکانی پێشـــتری لەســـەر هەمان بابەت، ئەمە ڕۆڵێکی گرنـگ دەبینێ لـە وەرگرتنی بڕیـاری پێشـــوازی کردن لـە وروژێنـەرەکـە، شـــارەزابون و بـە وردی مـامـەلـەکردن لـەگـەل ئـەم خـالـە هـەســـتیـارە دەمانگەیەنێتە ئەم ئەنجامە :

١/ خێراتر زانیاریت دەست دەکەوێ ، پێشبینیت لەسەر ئەنجامەکان دەبێ بۆئەوەی بزانی کامیان دروستەو کامیان نادروست .

٢/ بـەرز بونـەوەی تـوانـاکان بۆ کارکردن لـەســـەر بـاری دەرونی وســـۆزی خەلک.

٣/ درێژەپێدانی ئامادەگیریە بۆ وروژێنەرەکان، ئەمەش دەبێتە کارئاسانیەک بۆ بەرنامە دارێژەر .

ئەم زانیاریانەش بە دو ڕێگاوە دەگەیەندرێنە هەستی مرۆڤ، لەوێ لێکدانەوەو گونجانیان لەگەل دەکرێ، ئەوسا ئامادە دەبێ بۆ بریار وەرگرتن لەسەر بابەتەکە ، ڕێگاکانیش :

١/ گونجاندنی زانیاریەکان ، دوای ئەوەی مرۆڤ روبەروی زانیاریەکان دەبێتەوە ئەوسا وەریان دەگرێ ولەگەل ئەوەی لە مێشکیدا هەیە بەراورد ولەیەک گونجاندنیان بۆ دەکا ئەمەش بە پشت بەستن بەو زانیاریانەی پێشتر هەیەتی زاناکان ئەم لێکدانەوەیان ناو ناوە (کردارەکانی گواستنەوە ) واتە بەو کردارە دەوترێ کە دەرونی مرۆڤ روبەروی وروژێنەرەکان دەکرێتەوە وبریاری پێویستی لەسەر وەردەگیرێ .

٢/ هێماو وێنە کێشراوەکانی ناو مێشک ، دەربڕین لە ڕێگەی هێماو وێنەکانەوە کارئاسانیە بۆ زوتر پێشوازی کردن لە ڕێکلام و زانیاریەکان، بۆیە هەمو کاتێک پەنا بردنە بەر وێنە ودەستەواژەی زارەکی وهێماکان کارێکی خێرایە بۆ هەردو لایەن بەتایبەت بۆ ئەولایەنەی زانیاریەکەی پێدراوە تا بتوانێ بریاری دروست لەسەر وروژێنەرەکان بدا وبیان قۆستەوە.

## لایەنی ئەقلیی دروستبونی رای گشتی

----------------------------------

لایەنی ئەقل لە لایەنی دەرونی کەمتر کاریگەریی نابێ لەسـەر دروسـتکردنی رای گشـتی، لەم روەوە ئەقل رۆلی خۆی دەبینێ لە دۆزینەوەی شـێوازی کار وبەکارهێنانی هێما ودەسـتـەواژەی تایبەت و گونجاو لە کاتی گونجاودا بۆئەوەی کار بکاتە سەر دروست کردنی رای گشتی ئەوانەی لەم روەوە رۆل دەبینن :

١/ چـەشـنی دەربڕین ، دەربڕینی گونجـاو لـە بـەکـار هێنـانی هێمـاو دەستەواژەی گونجاو بۆ کاری رێکلام و پرۆپاگەندە کاریگەری زۆری لەسەر دروستبونی رای خەلکدا دەبێ .

٢/ پاکانە ، یا دەتوانین بلێین شیکردنەوەو رونکردنەوەی کارەکان لە کاتێکا بەرپرسێکی سیاسی روبەروی هەلوێستێکی سیاسی دەبێ و لەم میانەدا راسـتگۆیی خۆی لـەدەسـت دەدا بۆئەوەی لە زیانلێکەوتن دورکەونەوە پاساو بۆ کارەکەی دێنی و مەبەست لە ئەنجامدانی ئەوکارەی بە شێوەیەکی تر بۆ خـەلـک رونـدەکاتـەوە هـەرچـەنـدە خۆیشـی بڕوای بـەم بیـانوو رونکردنەوەیە نەبێ بەلام لە پێنا ودروسـتکردنی رایگشـتی پەنا بۆ ئەم شێوازە دەبا .

٣/ گۆڕین وبێگوناهکردن وقەرەبوکردنەوە ، کاتێک لایەنێکی سـیاسـی لە روێکەوە شکست دەهێنێ بۆئەوەی سەرنجی شەپۆلی نارەزایی جەماوەر لەم

بابەتە وەرگێڕێ، باس لە هۆکار وبابەتێکی تری ئاســـانتر دەکا تا لە هۆکارە ســـەرەکیەکە دورکەونەوە، هەروەها بۆ پرســی بێگوناە کردن ئەمەش دەبینین کەســی بەرتیلخۆر باســی بەرتیلدەر دەکا و ئەو گوناهبار دەکا و گوناهەکە لەخۆی دوردەکاتەوە هەرچەندە ئەمە هەولێکە ، بۆ پرســی قەرەبو کردنەوە دەبینین کاتێک کچێک جوانیەکەی ئەوەنیە خەلک حەزی لێبێ ناچار رو لە بوارێکی تر دەکا تا لێی سەرکەوتو بێ، وەکو وەرزش یا هەر بابەتێکی تر بۆئەوەی ســـەرنجی خەلک لە جوانیەکەی وەرگێڕێ بۆ ئەو بوارەی لێی سەرکەوتوە .

٤/ وەرچەرخان وهاوپەیمانێتی لەپێناو وەدەست هێنانی رای گشتی گەلێک جار ناچار دەبیت رای خۆت لەسەر بابەتێک بگۆڕی ئەگەر خۆشت بڕوات پێی نەبو، بەلام بۆ بەرژەوەندی خۆت دەکرێ هاوپەیمانێتی یا لەگەل جەماوەر یا لەگەل ســـەرکردە، ببەســـتیت لە پێناو کارکردنە ســـەر رای گشتی.

٥/ زاراوەو هێمای زمانەوانی، بەکارهێنانی ئەم زاراوەو هێمایانە کارئاســـانی ونزیک بونەوەیە لە هەستی خەلک بۆ وەرگرتنی رای ئەوان گەلێک جار پەنا بردن بۆ زاراوەی گونجاو و پەندی کەلتوری یا زمانی رەوای نوســـین لە نوســـینەکانی رێکخراوەکاندا کاریگەری باشــی دەبێ وەکو زاراوەی ئازادی و ســـەربەخۆیی و دادپەروەری ، هەروەها دورکەوتنەوە لە زاراوەی نارەوا و بەکارهێنانی زاراوەی تر بە ســـیمایەکی ئارامبەخش لە شـــوێنیان بەنمونە دەستەواژەی کارەسات لە جیاتی شکستخواردن، یا وەزارەتی بەرگری لە

جیات وەزارەتی جەنگ و نابینا لەجیات کوێر، نەبیســت لەجیات کەڕ، خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان لە جیات کەم ئەندام و هیتر .

هەروەها دەرون و حەزەکانیش کە بەشێکن لە ئەقل کار دەکەنە سەر رای گشــتی ئەمەش بە چەندی رێگایەکەوە دەکرێ کار بکرێتە ســەر دڵی هاوڵاتیان بۆگۆڕینی رای ئەوان لەســەر بابەتێک کە پێویســت دەکا رای وەربگیرێ یا پرســی پێبکرێ ، ئلە پێنــاو گۆڕینی مەیل و حەزەکانی ، شێوازەکانیش بەم شێوەن :

١/ پەخشکردنی راستیەکان کە بە وێنەو نوسین دەکرێ راستیەکان ئاسان بکرێن وبەرونی نیشــانی خەلک بدرێن تا ئەوەی لە نزیکەوە لە راســتیەکان بگەن و کار بکاتە سەر رای ئەوان.

٢/ پەخشــکردن ودارشــتنی بەرنامەی ئەرێنی کە خەلک دڵی بۆی بچێ و بەهۆیەوە لە راستیەکان بگەن ئەمەش کاری سیاسەتمەدارانە .

٣/ دوبارەکردنەوە ، لە دوبارە کردنەوەدا ســەرنجی خەلک بۆ بابەتە گرنگەکە دەچێ وکاری تێدەکا هەروەها بەهۆیەوە برگە دوبارەکراوەکە لە مێشــکیا دەچەســپێ و ســەرنجی بۆی دەچێ، وێرای ئەمەش دەبێتە کرۆکی بایەخدان ومتمانەی.

٤/ وروژاندنی هەســتی خەلک بە نیشــاندانی هەلوێســتی هەســتیار، هەر چەندە ئەم شــێوازە دەبێ درۆو چەواشــەکاریی لەگەلدابێ بەلام ئەگەر وانەکەن بەردەوامی دروست نابێ .

٥/ ترسـاندن ، دیاره هۆکاری ترسـاندن و دروسـتکردنی وێنەیەکی ترسـناک لە ناخی خەلکدا دەبێتە مایەی ڕێگە نەدا جارێکی تر ئەم دۆخە بگەڕێتەوە وەکو مەزنکردنی ڕوداوو کارەســاتەکانی جەنگی یەکەم و دوەمی جیهانی ، لای خەلک بە شێوەیەک کە زێدەڕۆیی زۆری بەخۆوە بینی بو .

٦/ هەروەها ناوو ناوەڕۆک دروسـتکردن و تانو تەشـەنە لەیەکدان دیسـان فاکتەرێکی گرنگی گۆڕینی رای گشـتین ، خۆ دورخسـتنەوە گەلێک باشـترە لە بەکار هێنانی.

## مەرجەکانی کۆمەلایەتی بۆ دروستبونی رای گشتی

-------------------------------------------------

١/ داب و نـەریـت و جێماوە کۆمـەلایـەتیـەکان یـەکێکن لـە فـاکتـەرە هـەرە گرنگـەکانی کاریگـەر لـەســەر دروســت بونی رای گشــتی، خولانـەوە لـە چوارچیوەی داب ونەریتەکان ودەرنەچون لە عورفەکان وەدەســت هێنانی لایەنە ئەرێنیەکانی رای گشـتین ، میللەتان هەندێک نەرەیتیان لە باپیرانەوە بۆ جێماوە ناکرێ بە ئاسانی فەرامۆش بکرێن و گوێیان پێنەدرێ .

٢/ ئاین هەروەها پرسی ئاین پرسێکی گرنگە دەستکاری کردنی نەک ئاسان نیە بەڵکو ئاســتەم و مەحالە، رەچاونەکردنی یاســا و ڕێســاکانی ئاینی لە

پرۆپاگەندەو هەر بریارێکی سیاسی یاکۆمەلایەتی بۆ ئەمرۆ شکست دەهێنێ .

٣/ دەزگا و ئۆرگانەکانی کۆمەلایەتی وەکو خێزان و خوێندنگا دیسان کاریگەری زۆریان لەسەر دروست بونی رای گشتی هەیە هەندێک یاسا هەن مرۆڤ هەر لە سەرەتاوە لە ناو بازنەی خێزانەوە فێری دەبێ و دەبێتە سیستەمی ژیان، وەکو فێربون و راهاتن لەسەر سیستەمی گەورە و بچوک و گوێرایەلی لە فەرمانی مەزنەکان دەبنە بنەمایەک بۆ تاکی کۆمەل کە لە داهاتوش لەسەری بڕوا، هەروەها ئەو وانانەی لە خوێندنگا فێری دەبێ لە ناساندنی دەستەواژە و رێنماکانی بەرێوەبردنی وڵات و یاسا رێگەپێدراوەکانی رۆژگار، دەبنە بنەمای سەرەتایی کارپێکردن و لەسەر ئەو بنەمایانە هەلوێست لە کارەکان وەردەگیرێ وکاریان لەسەر رای گشتی دەبێ، جگە لەو گۆڕانکاریانەی لە هزری مرۆڤدا لە دوای تەمەنێکی درێژ لە ئەزمون، بیر بۆچونی مندالیی، گۆڕانکاریی بەسەردا دێ و بەشێک لەو جێگیربوانەی هزری وەکو خۆیان نامێنن .

٤/ روداو و گیروگرفتەکان ، گەلێکجار روداو و گیروگرفت دەبنە هۆکاری دروستبون یا گۆران لە رای گشتی وەکو کارەساتی سروشتی، روداوی جەنگی نێوان دوو دەوڵەت، کێشە و ململانێی نێوان سەرکردە و حزبەکان، لەم جۆرە گیرو گرفتانە، لەم کاتانە رای گشتی گۆرانی بەسەردادێ ئاساییە خەلک رای خۆی سەبارەت بە بابەتێک یا گرفتێک بگۆرێ بەپێی گۆڕانکاریە هەنوکەییەکە کە هەندێکجار کاتین و هەندێکجاریش هەمیشەیی

وكاریگەرین، جگە لەم گرفتە گشـتیانە گرفتی تاکەکەسـیش هۆکاری ئەم گۆڕانکـاریـانەن، وەکو نەخۆش کەوتن، هیلاکی و مـانـدوێتی، بێزاری و خەمۆکی، رەشبینی و برسێتی و هیتریش .

٥/ کەش و هەوای سـیاسـی ، دیارە گۆڕانی کەش و هەوای سـیاسـی کاریگەریی لەسـەر رای گشـتیدا دەبێ، کاتێک حزبێکی دیکتاتۆر لەسـەر دەسـەڵات دەبێ دەنگەکان کپ دەکرێن و رای گشـتی ئەوسـا رای نەرێنی و نادروسـت دەبێ بەلام ئەگەر دۆخەکان دیموکراسـی بن وخەلک بە ئازادی بتوانێ دەنگ بدا ئەوسـا دەتوانین متمانە بە رای گشـتی بکەین وراکان بە بێگەردتر ببینین .

٦/دۆخی دەوڵەت ، دیـارە کـاتێـک دەوڵەت بـە دۆخێکی نـادروسـت دا تێدەپەرێ رایگشـتیش بە نـادروسـت لـەدایک دەبێ بەلام ئەگەر دۆخی ناوەخۆی دەوڵەت دروسـت بو خەلک بە ئازادی توانیی رای خۆی بدا ئەوا کاریەگری باش لەسـەر رای گشـتی دەکا دیارە کە نادروسـت بونی دۆخی نـاوەخۆی دەوڵەت کـاردەکـاتـە سـەر دۆخی دەروبـەریش بۆیـە دەبینین راگەیاندنی دەوڵەتان کار بۆ رێکلامەکردن وبەئارامیکردنی ناوەخۆ دەکەن .

٧/ سـیسـتـەمی پەیوەندی و هۆکارەکانی راگەیاندن ، ئەم فـاکتـەرەش لـە هـەمویـان کاریگـەرتر وبـەرچـاو ترە ئـەمرۆ بـەهۆی پێشـوەچونی زانسـتی تەکنەلۆجیا بواری راگەیاندنیش بەشـی شـێری بەرکەوتوە، راگەیاندن کە تەنها بەهۆیەوە خەلک لە دۆخ وپرسـەکان ئاگادار دەبن وشـارەزایی تەواو لە

روداوەکان پەیدادەکەن بۆیە لەم روەوە راگەیاندن وپەیوەندی کردن چ بە نوسـراو ونامە یا بە بینین یا بە گویٚ لیٚبون کاری باش دەکاتە سـەردروسـت بونی رای گشـــتی هەر لەم دواییە بینیمان چۆن راگەیاندن بوە هاریکار بۆ روخاندنی چەند رژێمێک، دەگوتریٚ(راگەیاندن، دەسـەڵاتی چوارەمە) واتە دوای دەسەڵاتی یاسادانان ، جیٚبەجیٚکردن، دادوەری، راگەیاندن دیٚت .

٨/ هەلبەستن یا چەواشەکردن، بۆ دروست کردنی رای گشتی وگونجاندن لەگەل بەرژەوەندیەکان لایەنی پەیوەندیدار هەندێک جار پەنا بۆ هەلبەستن و چەواشەکاری و روداوی نادروست دەبا، بە نمونە ئەوکاتەی ئێراق کویٚت داگیر دەکا ئەمریکا پەنا بۆ هەموو بوارەکان دەبا تا رای گشتی ئەمریکی بگونجیٚنیٚ لەگەل هێرش بردنە سەر سەدام و لەناو بردنی، هەرچەندە بە دیدی هاوڵاتیانی ئێراقی و کەسانی ویژدان دۆست دەمێک بو سەدام شایەنی لەناوبردن بو بۆ ئەوەی ئەو روبارە خوێنە راگرن کە لە ئێراق بەگشتی و لە کوردستان بەتایبەتی رۆژانە دەرژیٚ، بەڵام بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا ئەوکات گەیشتبوە ئەو ئاستەی سەدام کە پێشتریش یەکێک بوە لە هاوپەیمانانی ئیتر کاری پیٚ نەمێنیٚ و سیناریۆیەک دروستدەکا بۆ کارتێکردن لە رای گشتی ئەمریکی، ئەوەبو ئەم سیناریۆیەی دروستکرد: (نائیرە) کچە کوێتیەیک بو تەمەنی لە دەوروبەری ١٥ ساڵان بو، پاش داگیرکردنی وڵاتی کوێت لە ساڵی( ١٩٩١) لە لایەن سوپای ئێراقەوە رۆیشتە نێو کۆنگرێسی ئەمریکی، گوایە پەرستاری نەخۆشخانەی لە دایك بونە لە نەخۆشخانەی کوێت سیتی..

نائیرە گەواهی دا کە بە چاوی خۆی بینویەتی سەربازە ئێراقیەکان هاڵیانکوتاوەتە سەر دایەنگەیەك و سەرجەم منداڵە شیرەخۆرەکانیان

فرێداوەتە سەر شەقامەکان تاوەکو بمرن، ئەو هێشتا قسەکانی تەواو نەکردبو دەستی کرد بەگریان و فرمێسك ڕشتنێك سەرجەم ئامادەبوانی کۆنگرێسی هێنایە گریان، ئەم گریانەش کاریکردە سەر دەرون و هەستی کۆنگرێسمانەکان تا ڕێگری لەم شەڕە بکات و بڕیاری شەڕ دژی عیراق ڕابگەیەنن و بۆ پشتڕاستکردنەوەی قسەکانی نائیرە، دکتۆر عیسی ابراهیم لە ئەنجومەنی ئاسایش گوتی ١٢٠٠ منداڵ لە نەخۆشخانەی ناوبراو مردون و تەنها خۆی 40 منداڵی ئەسپاردەی خاك کردوە.

پاش کۆتایی هاتنی جەنگ و تێکشکانی سوپای عیراق لە کوێت بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی نیویۆرك تایمز ئەوە ڕون دەکاتەوە کە نائیرە ئەو کاتە هەر لە کوێت نەبوە ، ئەو تەنانەت پەرستاریش نەبوە، بەڵکو ئەو کچی سعود ناصرالصباحە باڵوێزی وڵاتی کوێت بوە لە واشنتۆن ، بنەماڵەی الصباح گرێبەستێکیان لەگەڵ کۆمپانیای هیل وڵنتۆن بۆ پەیوەندیە گشتیەکان واژۆ کردوە، کەواتە ئەم کچە پێشتر مەشقی لەسەر قسەکردن و گریان پێ کرابو، دواتریش ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی دانی بەوەنا ئەم کەیسە شتێکی هەڵبەستراوە، سەرۆکی نێردەی پزیشکی سەربازی فەڕەنسیش جەختی کردەوە دوای پرسیارکردن لەسەرجەم کارمەندەکانی ئەم نەخۆشخانەیە بۆیان دەرکەوتوە ئەم ڕوداوە سەرلەبەری درۆیەکی هەڵبەستراو و چەواشەکار بوە..

سەیرەکە لەمە دایە جۆرج بۆشی باوك سەرۆکی ئەو کاتەی ئەمریکا زیاتر لە ٦ جار ئاماژەی بەم چیرۆکە هەڵبەستراوە کردوە، بەم چیرۆکە هەڵبەستراوە توانیان هەستی شەقامی ئەمریکی و تەنانەت عەرەبیش بجوڵێنن بۆ پشتگیری کردنی بڕیاری جەنگ دژی ئیراق

ئەگەر هەر کاتێك پڕوپاگەندەکان بە بەرگە و نمونەی وورد بن بە سۆز و عاتیفە ئەوا کاریگەری زیاتری لەسەر سۆز و هەستی خەلک دەبێ و ئەگەری سەرکەوتنی زیاتر دەبێ. ئەم جۆرە پڕۆپاگەندانە دەخرێنە خانەی پەیامی نەستی (الرسالە اللاشعوریە).

**پیو انی رای گشتی**

-----------------

بەر لەوەی شێوازی نوێ بۆ وەرگرتن وپێوانی رای گشتی بدۆزرێنەوە ، شێوازی کۆن لە سەردەمی پێشو دەگیرانە بەر، ئەوکاتە کەسانی تایبەتی رادەسپێردران بۆئەوەی بچنە ناو خەلک و رای ئەوان بزانن تا لەم رێگەیەوە لە رای گشتی بگەن ئەم شێوازە لە سەردەمی دەرکەوتنی ئیسلام سودی لێوەرگی راوە ، کەسانی تایبەتیان ناردۆتە ناو خەلک وبەهۆیانەوە لا ئاستی زانیاری وپێداویستیەکانی خەلک شارەزا دەبون .

وەرگرتنی سومبولیک بۆ تێگەیشتن لە گشت شێوازێکی تری پێوانەی رای گشتی بو، یەکەم جار لە سالّی ١٧٧٤ سەرۆکی ئەمریکا فرانکلین کە ئەوکات ئەمریکا بریتی بوە لە ١٣ ولایەت رای خەلکی بەم شێوە وەرگرتوە، لەسەر داگیرکاری بەریتانیا لە هەر ویلایەتێک بە نمونەی چوار هەزار کەسی بەسەر کردۆتەوە ، ئەوسا کاری بە ئەنجامەکانی راپرسیەکە کردوە ، لە وڵاتەکانی تری دونیاش بۆ هەمان مەبەست پەیمانگا ودەزگای تایبەتی هەن، بە نمونە لە میسر پەیمانگای دامەزراوی گشتی بۆ راپرسی هەیە،

هەروەها لە ئەمریکا وزۆربەی وڵاتەکانی تری دونیا دیارە لەم سەردەمە راپرسی بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا کارێکی ئاسان وخێراو وردە بۆیە لە زۆربەی وڵاتەکان پیادە دەکرێو پشت بە ئەنجامەکانی دەبەستری .

دەبا بزانین پێوانی رای گشتی چی دەگەیەنێ . مەبەست لە پێوان دیاری کردنی کاردانەوەی تاکە کە بە لێکدانەوەی دەنگ و راکان رای گشتی دروست دەبێ ئەمەش بۆ کۆکردنەوەی زانیاری ویەکخستنیانە کە لە پێناو دارشتنی بەرنامە و پیلانی بەرێوەبردن بەکار دێت .

گرنگی ئەم پێوانە لە روی زانستی وپراکتیکیەوە چی دەگەیەنێ ، کاتێک حزبێک دەوڵەتێک دەبا بەرێوە پێویستی بە دارشتنی بەرنامە وکارنامەی سالانەی هەیە، لەم رێگەیەوە دەتوانێ لە پێویستیە هەنوکەیی ودوارۆژیەکان بگا بۆ ئەم مەبەستەش پشت بەو زانیاریانە دەبەستێ کە لەم رێگەیەوە وەدەستی دەهێنێ و لە کێشەو گرفتەکانیشی دەگا وبەرنامەی چاک وهەلسەنگاندنی چاک ودواتر کارئاسانی چاک بۆ چارەسەریان دەدۆزێتەوە .

کێشەکانی پێوانی رای گشتی چین ؟ کێشەی پێوان بە گوێرەی ئاستی وڵات دەگۆردرێ، وڵاتە پێشکەوتوەکان کێشەهکانیان بە شێوەیەکە جیان لەگەل کێشەی وڵاتە تازە پێگەیشتوەکان. هی وڵاتە پێشکەوتوەکان خۆیان لە سێ تەوەردا دەبیننەوە :

یەکەم/ زیادە ڕۆیی لە دیموکراسـیەت و پاراسـتنی درێژەدانی دەکەن، بۆیە دەبینین بە هەموو شـێوەیەک ڕێگە نادەن دەسـەڵات دەسـت لە کاروباری میکانیزمەکە وەربدات کە ئەمەش کێشـەی لێ دروسـت دەبێ وقۆناغەکانی پێوان بەدروستی لەدایک نابێ .

دوەم/ ئەو کێشـانەن کە هەلوێسـتی دوژمنایەتی وەردەگرن ودژی هەموو هـەنگاوەکانی پێوان دەوەسـتن ، ئـەمـەش لـە ترسـی ئـەوەی پێشـێلی دیموکراسـیەت بکرێ و کەسـانی پشـتگیری ئەم بۆچونە دەکەن ئەندامانی دەزگا سـیاسی ویاسـادانانەکانن ، هەندێکیان بە تەواوەتی دژی ڕاپرسـین بە بیانوی ئەوەی دەوڵەت خۆی بەرپرسیارە لە ڕەچاوکردنی رای گشتیی ڕەها .

سـێهەم / هەلگرانی ئەم بۆچونە کەسـانی ئەکادمین . ئەوانم دەڵێن ئەم پرۆسـەیە دوسـەرەیە چن لە روێکەوە بەکاردێ بۆ پشـتگیری دیموکراسـی ئاوەهاش دەکرێ بۆ لێدانی دیموکراسی بەکاربێ بۆیە دژی دەوەستنەوە .

ئەمە لە وڵاتە پێشـکەوتوەکان لە وڵاتە دواکەوتوو تازە پێگەیشـتوەکان دیارە  گیروگرفتی تر دێنە بەر لە سەروی هەمویانەوە :

نەخوێندەواری

نەزانینی بایەخی پێوانەکە

گوێنەدان بە ئەنجامەکانی

پابەند نەبون بە ڕێنماکانی پێوان

پابەند نەبون بە ئەنجامەکانی

کەمی هۆکاری راگەیاندن

کورتهێنانی ئابوری ودارایی

کەمی زانیاری

دەزگاکانی راگەیاندنی دەوڵەتە تازە پێگەیشتوەکان لەژێر دەسەلاتی دەوڵەتدان وبە ویستی ئەوان ئاراستە دەکرێن .

گەلێک جاریش بەهۆی ئەوەی دەوڵەتەکان لە قۆناغی تازە خۆرێکخستن دان ناچار دەبن بریاری کۆمەلایەتی یا ئیداری یا سیاسی دەربکەن کە کاردەکاتە سەر رەوتی پێوانەکە .

دەست نیشانکردنی ناوەرۆکی پیوانەکانیش کارێکی ئاسان نیە لای کارمەندانی، چونکە چۆن دەکرێ شتێک بپێوی وئەو شتە بونی نەبێ ؟ گەلێک جار بریارەکان لەدەست ئەوکەسانەدا نابن کە بەم کارە هەلدەستن چونکە دەچنەوە بەردەستی کاربەدەستانی وڵاتەکە دیارە ئەم وڵاتەش لە ژێر کۆنترۆل وحوکمرانی حزبێکدایە، جا ئەگەر ئەم حزبە دکتاتۆانە رەفتار بکا ئەوا پێوانەکە روبەروی چەندین فشارو گۆڕانکاری وجوانکاری دەکرێ بۆ چەواشەکردنی خەلک و جوانکردنی روی دەسەڵات.

## شێوازی وەرگرتنی رای گشتی وقۆناغەکانی

----------------------------------------

دوو رێگا هەیە بۆ وەرگرتنی رای گشتی :

یەکەم / رێگەی چەندایەتی :

ئەم رێگایە پشــت بە و ئەنجامانە دەبەســتێ کە بە شــێوازی چاوپێکەوتن لەگەل ژمارەیەک کەس وەکو ســومبول ئەنجام دەدرێ و ئەنجامەکەیمان پێدەدا بە شێوەی خشتەو رێژەیی دیار.

دوەم/ رێگەی چۆنایەتی

ئەم رێگایە بۆئەوە بەکار دێ تا ئەو ئەنجامانەمان پێ ببەخشێ ئاخۆ هێزی ئاراســتەکان روەو کوێ یە ئەمەش هەمیســـان بە رێگەی چاوپێکەوتنی تاکەکەسی و سیمینارەوە دێتە دەست کە بە نوسین وبە زارەکی دەکرێن ، قۆناغەکانی ئامادەکردنی ئەم پێوانەش بریتین لە :

١/ دیاری کردنی ئامانجەکانی راوەرگرتن .

٢/ دانانی نەخشە و پلانی کارکردن.

٣/ دیاری کردنی ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاریەکان.

٤/ تاقیکردنەوەی نمونەیەک .

٥/ کارەکانی پاداشت وبڕواپێکردن.

٦/ تاقیکردنەوەی ئامرازەکە بەر لە بەکار هێنانیان.

٧/ بەڕێوەبردنی لێکۆلینەوەکە .

٨/ ئامادەکردنی زانیاریەکان .

٩/ پەخشکردنی زانیاریەکان.

١٠/ شیکردنەوەی ئەنجامەکان.

١١/ پۆلین کردنی ئەنجامەکان.

ئەم قۆناغ و هەنگاوانەش کۆمەلێک گرفت ورێنماییان هەیە کە بۆ هەریەک لەم هەنگاوانە دەکرێ کۆمەلێک زانیاری ورێنمای تایبەت بەو پرسە یا کێشەیە لەبەر دەستدابن ، بەلکو ئەم راپرسیە لەسەر بابەتێکە کە پەیوەندیی بە چارەنوســی دەوڵەتەوە هەیە یا بابەتێکە پەیوەندیی بە ئابوریی وڵاتەوە هەیە ، یا بابەتێکی سادە لەســەر بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی یا گرفتێکی کۆمەلایەتی یا ئاینی یا پەروەردەیی یە لە هەموو حالەتەکاندا ئەو فۆرم وکەلیشەی ئامادە دەکرێ دەبێ لەلایەن کەسانی بسپۆرو زاناوە ئامادە بکرێن وەرگرتنی زانیاریەکان دەبێ لە کەشـو هەوایەکی ئارام ودور لە توندو تیژی وچاو سورکردنەوە بێ دەبێ دیموکراسیەت باڵی کێشابێ بەسەر وڵاتدا وخەلک لە پێدانی زانیاری هیچ مەترسی ودلەراوکێیەکیان نەبێ .

دوای ئەوەی فۆرمی زانیاری ئامادە دەکرێ ودابەشی سـەر لیژنەو کەسـانی تـایبـەت دەکرێن بۆ کۆکردنـەوەی زانیـاریـەکـان، دواتر یـەکخســتنیـان وکردنیـان بـە ژمارەیـەکی دیار ئینجا دەخرێتـە بـەردەســتی لیژنـەی تـایبـەتی هەلســەنگاندن وپۆلینکردنی زانیاریەکان دواتر کەســانی بســپۆر وتیابەتی لێکۆلینەوەی لەســـەردەکەن وپوختی دەکەن بە پێشـــنیارو بریاری کۆتایی خۆیانەوە ئەوسا ئامادە دەبێ بۆ جێبەجێکردن .

---

# ستراتیژسازی لە سیاسەتی حوکمڕانی

لە کاری ســـتراتیژســـازیدا چەند فاکتەرو هۆکارێکی گرنگ هەن کە کار دەکەنە ســـەر بایەخ وئاراســـتەی ســـیاســـەتەکانی وڵات ، دیارە پێگەو هـەلکـەوتی دەوڵەت بۆ مەبەســـتی ســـەربـازی وبـەرگری ودواتر ئـابوری وبـازرگـانی جێی بـایـەخ وســـەرنجی دەوڵەتـانـە بۆ بـەســـتنی پـەیوەنـدی وهاوپەیمانێتی ، دیسان رێگە گرتن لەبەردەم چاو برسیان ئەوانەی بەناوی هاوکاری وئاوەدانکردنەوە دەســـت بەســـەر دەوڵەتان و میلەتاندا دەگرن وخێرو بێرەکـەیـان لێ دەخۆن ودایـان دەچۆرێنن و پێی دەبن بـە داگیرکارو ئیمپراتۆر و دەســـەڵاتی رەها بۆخۆیان ب پەیدا دەکەن ، دەبنە مەترســـی بەســـەر گەلانی بێ دەســـەڵات و دەبنە ســـەرچاوەی تۆقـاندنی میلەتان وچەوســـاندنەوەیان ، لەم روانگەیەوە بۆ بەهێز بونی پێگەی دەوڵەت دوو فاکتەر دەبینین:

**یەکەم / فاکتەری هێزی نەگۆڕ**

**دووەم / فاکتەری هێزی بگۆڕ**

**یەکەمیان/ فاکتەری هێزی نەگۆڕ**

-----------------------------------

خۆی لە چەند سەرچاوەو بنەمایەکی نەگۆر دەبینێتەوە کە هیچ کاتێک گۆران کاریان بەسەردا نایە تەنها ئەوەی دەگۆردرێ دەسەڵات وچۆنیەتی بەکار هێنانی ئەو فاکتەرانەن ، لەم روانگەیەوە دەتوانین ئەم فاکتەر یا هۆکارە نەگۆرانە بۆ چەند بەشێک دابەش بکەین :

**١/ هەڵکەوتی جوگر افیای دەوڵەت :**

هەلکەوتنی دەوڵەت هۆکارێکی مەزنی هێزی ستراتیژیەتی دەوڵەت پێک دەهێنێ، بەهۆیەوە دەبێتە سەنتەری هێزی دەست گرتن بەسەر دەوڵەت وکۆنترۆلکردنی هاتو چۆکان وبازرگانی و سەرچاوە ئابوریەکانی دەوڵەتان یا بەرگری کردن لە خۆی وچاوبرینی لە دەوڵەتانی دەرو دراوسێ، لە هەموو هاوپەیمانی وگرێبەستە ستراتیژیەکانی نێوان دەوڵەتان رەچاوی هەلکەوتی دەوڵەتەکە دەکرێ دەنا چ بەرژەوەندیەکی ئەوەندە گرنگ لە نێوان ئیسرائیل وئەمریکادا هەیە کە ئەمریکا ئامادەیە لە پێناو لەدەست نەدانی ئیسرائیل خۆی لە شەرێکی نەدیار تێوە بگلێنێ، یا روسیا بەم جەختی وپێداگریە بەرگری لە رژێمی روسیا بکا ونەیەلێ رژێمی ئەسەد بروخێ وهەرەس بێنێ بە هەمان شێوە ئێران ولوبنان یا ئەمریکا وپەنەما .

لە روی هەلکەوتنی دەوڵەتیش لەگەل دەرودراوسێکانیەوە ، دەوڵەتی تورکیا کە لە لایەکی سنوری دەکەوێتە سەر سنوری ی روسیاو کە کاتی خۆی یەکیەتی سۆڤیەت بو لە لایەکی ترەوە هاو سنورە لەگەل هەریەک لە ئێران ودەوڵەتانی بەلکان ولاتانی عەرەبی بەم واتایە دەبێتە پردی بەستنەوەی ئەوروپاو ئاسیاو وڵاتانی خاوەن کانزاو کانگا کانی وزەو هەمە چەشنی کەرەستە خاویەکانی پیشەسازی، هەر بۆیە ئەمریکا بەهۆیەوە بایەخێکی ئەو تۆی پێدەداو بە چەندین رێکەوتننامەی ستراتیژی بەخۆیەوە دەبەستێتەوە لە لایەکی تریشەوە دەبینین دەوڵەتانی عەرەبی زۆر بە بایەخەوە گوێی لێ رادەگرن و رێگەی پێ دەدەن هەندێک جار بەناوی ئیسلامی عەرەبیەوە بەناوی ئەوان لێدوان ودەستێوەردان ئەنجام بدا.

لە هەمان کات هەلکەوتنی روسیا کە کاتی خۆی بە یەکیەتی سۆڤیەت ناودەبردراو چەند دەوڵەتێک کە ئێستا لێی جیا بونەتەوە بەهۆیەوە مەزن ترین دەوڵەتی دونیا بو لە روی پانتاییەوە ئەمە وایکردبو لەگەل چەندین وڵات و کشوەر هاوسنور بێ و سنورەکانی دەریاو وشکانی چەندین دەوڵەت ببەستێتەوە بەخۆیەوە لەگەل ئەمەشدا لەخۆ گرتنی چەندین نەتەوەی جیاجیا، دیسان کارتێکی بەهێزی ئەم دەوڵەتە دەبێ بۆ بەهێز کردنی پێگەی خۆی ئەمانە وادەکەن بۆ پاراستنی یەکپارچەیی خاکی خۆی وپێگەی بەهێزی لەگەل دەوڵەتان پەیماننامە ببەستێ کە بەهۆیەوە بتوانێ هێزی شەڕکەری بە هەموو کونجی دونیا بگەیەنێ .

لە هەمان کات هەلکەوتی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا کە هەموو دەوری بە ئاو دەور دراوە جگە لە کەنەدا ئەمەش وای کەردوە لە روێکەوە بۆ ئەمریکا مایەی سەرسوکی وبەهێزی بێ کە دوور بێ لە هێرشی دەوڵەتانی ئەوروپی وئاسیایی، لە روێکی تریشەوەو بۆ بازرگانی کردن وکاری پەیداکردنی کالای خاو کە ئەفریکا وئاسیان تەگەرەن بەلام تەکنۆلۆژیای نوێی سەردەم چەند لەم ئاستەنگانەی هاتوچۆو و هۆکارەکانی پەیوەندیی ئاسان کدرون وچارەی کردون و کردنەوەی تەنگەبەری پەنەما کێشەی بەیەکەوە بەستنی کەناری رۆژهەلات ورۆژئاوای ئەمریکای چارە سەر کردوە ئەمانە بە درێژایی زەمەن وبەخۆوە بینینی پێشکەوتنەکانی سەردەم گۆڕانکاری دەکەونە سەری بەلام ئەوەی ناگۆردرێ ، دراوسێیەتی دەوڵەتان وهەلکەوتیانە لە روی جوگرافیاوە کە کاریگەریەکی زۆری لەسەر دارشتنی سیاسەتی ستراتیژیی دەوڵەتدا هەیە و دەبێ .

کاتێک روسیا بۆ بازرگانی کردن لەگەل دەوڵەتانی باشوری ئاسیاو ئەفریکا هیچ بنکەو پێگەهکی لەم دەورو بەرانە نابێ خۆی بە لاواز دەبینێ لە بەرانبەر دەوڵەتان بۆ گەیشتن بە سەرچاوە کانی ئابوری بۆیە ناچار دەبێ هاوپەیمانی لەگەل ژاپۆن وڵاتانی دەوروبەر ببەستێ، لە بەرانبەردا دەست لە هەندێک ئیمتیازاتی تر هەلگرێ بۆ ئەو دەوڵەتانە، ئەمەش دیسان خالێکی نەرێنیە بۆ دەوڵەتان بەتایبەت ئەوانەی بەرژەوەندیەکانیان لە دورەدەستن دیارە ئەم هەنگاوانەش هەمویان لە روانگەی سەربازی و بەرژەوەندیەکانی ئابوریی دەوڵەتەوە سەیر دەکرێن ومامەلەیان لەگەلدا دەکرێ .

دەوڵەتیکی وەکو میسـر کە بەدەسـت هەژاری وزۆری دانیشـتوانەوە دەناڵێنێ، بۆ ئەو کەنالی سـوێس دەبێتە مایەی خێرو داهاتێکی باش لە رێگەی وەرگرتنی باجی هاتوچۆ لەو دەوڵەتانی کەشتیەکانیان بەم کەنالەدا تێدەپەرێ وەردەگرێ، بەتایبەت ئەو دەوڵەتانەی ئەوروپی کە دەیانەوێ بگەنە باشـوری ئاسـیاو ئەفریکا بۆ گەیاندنی بەرهەمەکانی خۆیان و سـاخکردنەوەی کالای وەبەرهەمهاتوو هێنانی کەرەسـتەی خاوی پیشەسازی، بە هەمان شێوە تەنگەبەری (جبل تاریق ) یا نیمچە دورگەی قوبرس کە لە روی سـەربازی وئابوری و بازرگانیەوە کاریگەری باشـیان بەسـەر دونیادا هەیە بۆ گەیاندنی بەرهەم وهاتوو چۆی کەشـتیگەلی دەوڵەتان. یەکێک لە هۆکارەکانی پاراسـتنی ئاسـایشـی بەریتانیا ئەوەیە ، چوار دەوری بە ئاو گیراوە، بۆم دوژمنانی ئەستەمە هێرشی بکەنە سەر.

کاتێک یەکیەتی سـۆڤیەت بەشـێک لە ڤێتنام داگیردەکا ورژێمێکی خۆی بەسـەردا دەسـەپێنێ بەهۆی ئەو دەوڵەتە لەروی سـەربازی وهەلکەوتیەوە بۆ گەیاندنی ئایدیۆلۆژیای خۆی بەو دەوڵەتانەی هەلکەوتی ئەو وڵاتە دەبێ لە روی جیوپۆلەتیکەوە ، یا کاتێک بە هەمان شـێوە کۆریای باکور دالدە دەداو هاوکاریی دەکا بە سەپاندنی رژێمی کۆمۆنیزمی بەسەریدا، بەرانبەر بە هاوکاریەکانی، بەهۆیەوە دەبێتە بنکەیەکی کۆمۆنیزمی لەو ناوچەیە کە مەترسـی لەسـەر ژاپۆن وچین دروسـت دەکا و دەیکا بە کارتی فشـار بەسەریانەوە وێرای ئەوەی دەبێتە سەرچاوەی مەترسیەکان بۆیان .

یا پشتگیریەکانی بێ سنوری ئەمریکا بۆ ئیسرائیل دیارە ئەمەش هەموی بێ ئەگەر وهۆکاری تایبەتی نین کە هەمویان بۆ هەلکەوتی ئەو دەوڵەتە دەگەرێتەوە لەم ناوچەیە کە دەوڵەتە مەزنەکە پشتگیری لەو دەوڵەتە بچوکە دەکا، بۆ مەبەست ومەرامەکانی سەربازی وئابوری و بەرژەوەندیەکانی نەتەوایەتی خۆیەتی ، هەرچەندە دوری دەوڵەتە بچوکەکان لە دەوڵەتە مەزنەکان وەکو ئەمریکا و روسیا بۆ ئێستا نابێتە شتێک کە رێگر بێ لە بەردەم گەیاندنی هاوکاریەکان وبردنی سامان وخێرو بێری ئەو وڵاتە ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ هۆکاری پێشوەچونی تەکنەلۆژیای گەیاندن وهاتوو چۆ لەم سەردەمەدا .

## ٢/ روبەری دەوڵەت

بۆ دەوڵەتان روبەری دەوڵەت کاریگەریی لەسەر دارشتنی سیاسەتی ستراتیژی هەیە، هەندێک جار روبەری زۆرو پان وبەرین دەبێتە مایەی خۆراگری ئەو دەوڵەتە لە بەردەم هێرشی دەوڵەتان ،بۆ نمونە کاتێک هیتلەر روسیا دەگرێ ودەچێتە ناو شاری لینینگرادەوە هێزەکانی روسیا بە دانیشتوانەکەیەوە بۆ دواوە دەکشێنەوەو مۆلەتی تەواو بە هێزەکانی هیتلەر دەدەن تا لەم شوێنە بمێننەوە بۆ ئەوەی ئەوانیش لە دواوە هێزەکانی خۆیان دوبارە رێکبخەنەوەو هێرشێکی بەرانبەر بکەنەوە سەریان، لە کاتێک ئەوان بەهۆی دوریان لە بنکەکانی خۆیان لە ئەلمانیا زۆر بە زەحمەت هاوکاری وپێداویستیە سەربازیەکانیان پێدەگەیشت بەهۆیەوە

هێزەكانی روسـیا توانیان هێرشـێكیتریان بكەنە سـەرو هەمویان یا بكوژن یا راوەدو بنێن، ئەم ســەركەوتنەی روســیا بەشــێكی بۆ پان و بەرینی روبەری ئەو وڵاتە دەگەرێتەوە، ئەگەر ئەم وڵاتە بچوک بوایە بۆ نمونە وەكو وڵاتی هۆڵەندا بوایە كە لە هەمان شــەڕدا ماوەی تەنها ٤ رۆژ توانیان بەرگری بكەن، كاتێک شارەكانی سەر سنوریان لێ دەگیرێ هیچ شوێنێكی ئەوتۆیان بەدەسەوە نامێنێ كە پاشە كشە بە هێزەكانی خۆیان بكەن ودوبارە رێكیان بخەنەوە، دیارە كە پانایی هۆڵەندا لە رۆژهەلاتەوە بۆ رۆژئاوا ١٣٠ كم لە باكوریشــەوە بۆ باشــور ٣٣٠ كم ئەمەش دەبێتە مایەی ئەوەی ئەو پاشــە كشــەی هێزەكانی روســیا لە بەرانبەر بە هێزەكانی ئەلمانیادا كردیان ، بە هێزەكانی هۆڵەندی نەكرا، بۆیە لەو ماوە كورتەدا ســەرتاســەری هۆڵەندا دەكەوێتە ژێر دەستی ئەلمانیا ، لە هەمان كاتدا هەندێک جار روبەری مەزن لە بەردەم دەوڵەت دەبێتە خالێكی نەرێنی ئەگەر لەگەل رێژەی دانیشتوان وپێشــوەچونی تەكنەلۆژیا وپیشــەســازیی ئەو دەوڵەتە نەیەتەوە، دیارە كاتێک ســنورەكان درێژ دەبن بۆ بەرگری كردن لەم ســنورانە پێویســت بە هێزێكی زیاتر هەیە، بۆ خۆپاراســتن لە دەســتدرێژیەكانی دراوســێ یا هەر دوژمنێک، ئەوەتا ئەگەر رێژەی ئاستی هێزی سەربازی ورێژەی دانیشتوان لەگەل یەک تێک نەكەنەوە دەكرێ زیانی لە ســودی زیاتر بێ ، هەر بۆیە هەموو جارێک پانتایی زۆرو روبەری بەرین لە وڵاتان نابنە مایەتی ئەرێنی دارشتنی ستاراتیژیی دەوڵەت .

### ٣/ شێوەو دیموگر افیای خاک

شـــێوەی دیموگرافیـای خـاکی دەوڵەت کاریگەری زۆری لـەســـەر توانـای بـەرگری وپێگـەی دەوڵەتـدا دەبێ ، بۆ دیـاری کردنی ســـنوری دەوڵەتـان هەمیشـــە کێشـــەو ململانێ هەبوە ، کاتێک پێنج ئیمپراتۆرەکەی ئەوروپاو ئاســـیا لـە جـەنگی یـەکـەمی جیهانی دەروخێن، کێشـــە لـە نێوان دەوڵەتان لـەســـەر دیاری کردنی ســـنور دروســـت دەبێ، بۆیە لە زۆربەی جارەکان لەسـەر ئەوە رێک دەکەون کە سـنورە سـروشـتیەکان ببنە سـنوری سـیاسـی دەوڵەتان، وەکو روباری راین لە نێوان فرەنسـا وئەلمانیا یا روباری دانوب لە نێوان بولگاریا ورۆمانیا ، بەلام ئەمەش نابێتە چارەســـەریەکی یەکجارەکی چونکە دواتر کێشـــە لەســـەر ئەم بەرو ئەو بەری روبار دروســـت دەبێ بە تایبەت بۆ کاری بەکار هێنانی بازرگانی یا کاتێک کانزایەک لـەم شـــوێنانە دەردەکـەوێ یـا لـە قـولایی ئاوەکـە ســـەرچاوەیـەکی نـەوت دەدۆزرێتـە ئـەمـە دەبێتە کێشە لە نێوان هەردوو دەوڵەتی هاو سنور .

دیسان شێەوەو جۆری خاکەکە کار دەکاتە سەر زۆری وکەمی دانیشتوان ، کانیاو و روبارو دەشـتاییە بەراویەکان وکەنار دەریاکان شـوێنی کۆم بون و ژیـانـداری خـەلکـە، بـەهۆی پـەیـدا کردنی دەرامـەت و وەدەســـت هـاتنی بەرهەمی کشتوکالی وپیشەسازی وبازرگانی لەم جۆرە شوێنانە سەرباری ئاو کە واتـای ژیـان دەگیەنی، ئـەمـە وادەکا ئـەو دەوڵەتـانـەی دەکـەونـە ســـەر دەریاکان یا کەنار روبارو زەریاکان داهات وبەرهەمهێنانیان لە دەوڵەتانی تر زیـاترە، ئـەمـەش وادەکا بـایـەخی زیـاتر بـەم جۆرە دەوڵەتـە بـدرێ بـەهۆی

ئەوەی هۆکاری پەیوەندی ووەبەرهێنان لەم جۆرە دەوڵەتانە لەبار ترە، هەر لە خۆیەوە گۆرانی ئەم جۆرە خاکانە لە هەر دەوڵەتێک خالێکی گرنگ و بەرچاوی ئەو دەوڵەتەیە بۆ کاری ستراتیژسازی وبایەخ دان و وەدەست هێنانی پێگەیەکی گونجاو بۆ ئەم دەوڵەت ، دیسان بونی چیاو دارستان لەروی ئابوری وگەشت و گوزار جیاوازیەکی هەیە لەگەل ئەو دەوڵەتانەی کە دەشتایین، چونکە بونی چیاکان ئاوو هەوای جیاوازی دەبێ ودیمەن و سەرچاوەی ئاوو کانزای تری دەبێ لە هەمان کات بۆ کاری بەرگری و ستارتیژیی سەربازی هەمیشە چیاکان بونەتە شوێن بەرگری کردن لە خاکی دواوەو، دەوڵەتان لە کاتی هێرش بردندا ئەگەر لە بیابانەکان نەگەرابنەوەو کەس نەیتوانیێ بەرگری بکا، ئەوا خۆیان لە چیاکان گیرساندۆتەوەو سنگیان لە دوژمن گرتوە .

لە لایەکی تریشەوە کاتێک هاتوچۆ لەگەل دانیشتوانی چیاکان کەمتر دەبێ وکار ئاسانی ناکرێ بۆ گەیشتن بە شار ئەگەر دەوڵەتێکی هەأار بێ ئەوا، ئاستی نەخوێندەواری و هەژاری لەو ناوچانە بەرزترە ، ئەمەش بۆ دواتر کێشە بۆ دەوڵەت دەنێتەوە، یا ئەگەر نەتەوەیەکی جیا لەم چیایانە نیشتە جێ بوبن و لەلایەن دەوڵەتەوە پەراوێز کرابن ئەوا بارو دۆخی ئەم نەتەوانە لەبارترە لە نەتەوە ژێردەستەکانی تر کە داوای جیابونەوەو سەربەخۆیی خۆیان بکەن بەهۆی پشتگوێخستن و پەراوێز کردنیان ئەمەش دەبێتە فاکتەرێکی نەرێنی بۆ دەوڵەتی مەرکەزی کە بەهۆیەوە پێگەی لاواز دەبێ ولە ناوە خۆیدا لەت لەت دەبێ .

### ٤/ سنورە سیاسیەکان

دوای ئەوەی شـوێنە سـروشـتیەکان دەبنە پێوەر بۆ دیاری کردنی سـنوری سـیاسـی دەوڵەتـان ، بەهـۆی چـاوتێبڕانـدنی دەوڵەتـان لـە بـەرژەوەنـدیـە تەسکیەکانی نەتەوەکانیان کێشـە لەسـەر هەندێک ئەم پێوەرانە دروسـت دەبن ، دەبێتـە مـایـەی ئـەوەی ئـەلتـەرنـاتیفێکی تر بـدۆزنـەوە کـە ئـەویش لـەیـەک جیـاکردنـەوە بـەهـۆکاری ئـەتـەنی وئـاین وزمـانـەوە، دوای جـەنگی دووەمی جیهانی لە ئەوروپا دەوڵەتی نەتەوە دروسـت دەبن ، ئەو کەمینە نەتەوایەتیانەی دەکەونە نێو وڵاتەکان داوای یەکگرتنەوە دەکەن لەگەل نەتەوەی دایک، بۆ نمونە لە چیکوسـلۆڤاکیا کەمینەیەکی ئەلمانی دەبێ و لە پۆلۆنیاو مەجەر چەندین ملیۆن یا سـەدهەزار ئەلمانی دەبن ئەمانە دەبنە هۆکارێکی تر بۆ دیاری کردنی سـنوری سـیاسـی دەوڵەتان کە داوای ئەم شـارانە بکەنەوە کە دانیشـتوانەکەی لە خۆیان بن ، لە هیند و پاکسـتان هەمان کێشـەو گرفت لە نێوانیان دروسـت دەبێ ، کێشـەی کەشمیر ودواتر بەنگلادیش بە هۆیەوە دەوڵەتان لەت دەبن ودەوڵەتی نوێ لە دایک دەبن .

ئەمەش کاریگەیی خۆی لەسـەر هێزی سـتراتیژی دەوڵەت دروسـت دەکاو دەبێتە فاکتەرێکی تری بەهێز بۆ ئەم پرسە .

٥/ دانیشتوان

زۆری و کەمی دانیشـــتوان یا لەیەک نەچونی ڕێژەی دانیشـــتوان لەگەل دۆخی دەوڵەت وروبەرەکەی فاکتەرو هۆکارێکی تری مەزنە بۆ کار کردن لەسەر هاوکێشەی ستراتیژی .

هەندێک جار لە روبەروبونەوەی جەنگیی دەوڵەتان زۆری دانیشـــتوان بۆ دەوڵەتەکان بەباشــی دەگەڕێتەوە، لەو کاتانەی توشــی شـــەڕی خوێنلێ بەردان دەبن ئەو دەوڵەتەی دانیشـــتوانەکەی بە ملیۆنەها لە و دەوڵەتەی روبەرو بوتەوە زیاتر بێ دەتوانێ زیاتربەرگری ئەم جۆرە شـــەڕانە بکا ، بەلام ئەمە مەرج نیە لە هەموو حالەتێکدا زۆری دانیشـــتوانی دەوڵەت ببێتە فاکتەری ئەرێنی چونکە ئەگەر وا بوایە چین دەبوایە ببێتە ســـەر قافلەی دەوڵەتە زەبەلاحەکانی دونیا بەهۆی ئەوەی دانیشـتوانی ئەم وڵاتە خۆی لە ملیاروونیوێک داوە، یا ئەگەر بەرێژە بوایە هۆلەندا کە ئەوکات ژامرەی دانیشـــتوانی ناگاتە ١٠ ملیۆن لە ســـاڵەکانی هەشـــتســـەدەکان، دەچێ ئەندەنوسـیا داگیر دەکا کە دانیشـتوانی لە ســەد ملیۆنەکان نزیک ببۆوە، هەروەها بە دەیان دەوڵەت دەکەونە ژێر دەســـەڵاتی ئەم وڵاتە بچوکە ئەوکات دانیشـتوانی هۆلەندا خۆی لە شـەش ملیۆنێک داوە لە کاتێکا تەنها ئەندەنوسیا ژمارەیان لە سەدملیۆنێک دەبون ، هەروەها ئەنتیل وسورینام تەنانەت بەشـێک لە ئەمریکاشـی لە ژێر دەسـت هۆلەندا دابو کە ئێســتا لەوێ شـــارێک ماوە بەناوی ئەمســـتردامی نوێ ، بۆیە هەموو کاتێک ژمارە

پێوەر نیە بەلام گەلێک جارو زۆربەی جارەکان وڵاتە ژمارە زۆرنشـــینەکان بالا دەست تر بونە لە وڵاتە بچوکەکان .

زۆری وکەمی دانیشتوانیش چەند هۆکارێک هەن کە کار دەکەنە سەر ئەم دۆخەیان جا هۆکاری ســروشــتی بێ یا ئاوو هەوا یا بازرگانی یا ئابوری وهەندێک جاریش هۆکاری ســیاســی دەبێتە فاکتەری دابەش بونی خەلک بەسەر ناوچەکاندا .

ســیاســەتی دەوڵەت کاتێک بە نادادپەروەرانە دژی نەتەوەیەک دەبردرێ بەرێوە، ئەو نەتەوەیە توشــی کۆچپێکردن دەبێ یا روبەروی کۆکوژی دەبێ ناوچەیەکیان لێ چۆل دەکەن ، یا سیاسەتی دەوڵەت وا دەخوازێ بایەخ بە ناوچەیەک بدا لە روی خزمەتگوزاری وگرنگی پێدان لە روی ئابوری و پیشەسازی وکشتوکالیەوە ، ئەمە دەبێتە مایەی ئەوەی خەلک روی تێبکا وببێتە ناوچەیەکی قەرەبالغ و پر لە دانیشــتوان ئەم هۆکارانە راســتەو خۆ کار دەکەنە ســەر هێزی ســتراتیژیی دەوڵەت وهەندێک جار بەباشــی رەنگ دەدەنەوە هەندێک جاریش بە خەراپی ، باجەکەشــی خەلکەکە یا دەوڵەتەکە دەیدا .

فرەنســا ئەو کاتەی روبەروی ئەلمانیا دەبێتەوە بۆی دەردەکەوێ کە زۆری دانیشــتوانی دەوڵەت کاریگەریی باشــی دەبێ بەلام کاتێک دەبینێ بەهۆی زۆری دانیشــتوانەوە ناتوانێ بەرگری لە هێرشــەکانی ئەلمانیا بکا ئەمە ئەو بۆچونەی دەسەلمێندرێ .

ئەمەیان لە روێکەوە، لە روێکی تریشــەوە هەندێک جار زۆری دانیشــتوان لای دەلەتانی داگیرکار بۆتە بیانویەک بۆ داگیر کردنی دەوڵەتان بە بیانوی ئەوەی ئەو خەلکەی لەو ناوچەیە دەژین بەشــێکن لە نەتەوەی ئەوان و داوای یەکخســتنەوە دەکەن ئەم ســیاســەتە فراوانخوازیە هەر یەک لە ئەلمانیاو ژاپۆن پیادەیان کردوە بۆ مەرامەکانیان بەلام لە دواجار پێی رسوابونەو سەرکەوتنیان بەدەست نەهێناوە .

دیارە چۆن نەتەوە بۆتە هۆکارێک بۆ نانەوەی جەنگ وفراوانخوازی ئاینیش بەهەمان شــێوە بەر لە جەنگەکانی یەک و دوی جیهانی چەندین خولی جەنگی مەزن لە نێون موسلمان وکریستانیەکان یا کریستانی وجوەکان یا لە نێوان موســلامنەکان خۆیان وەکو شــیعە وســوننە یا کریســتانیەکان خۆیان لە نێوان کاسۆلیک وئەرسەدۆکس وپرۆتستانتەکان رویان داوە، کە هەموی دانیشتوان واتە خەڵکەکە بونەتە هۆکارو قوربانیی ئەم جەنگانە .

زۆرن ئەو فاکتەرانەی کار دەکەنە ســەر هێزی ســتراتیژی ، بەلام ئەم فاکتەرانە هەر چەندە نەگۆرن ، بەهۆی ئەو پێشــوەچون وشــۆڕشــەی پیشەسازی و دۆزینەوەی ئامرازی نوێ و هۆکارەکانی پەیوەندیی ئەلەکترۆنی وچەندین ئامراز وهۆکاری ترەوە هاوکێشەو پێگەی ئەو فاکتەرانە گۆراون ، دۆزینەوەی ئەلتەرناتیفی وزە و چەکی ئەتۆمی و ئامرازی پێشــکەوتوی تر کاریگەری زۆریان لەسەر بوە .

لە کاتێکا کانزاو بەرهەمە نەوتی وکانزاکانی تری ژێر زەوی کاریگەری زۆریان لەســەر پێگەی دەوڵەت هەبوە بەلام بونی ئەم ســەرچاوانە بەتەواوەتی

میزانەکە ناگۆرن چونکە زانیاری لەسەر بەکار هێنانی کالای خاو بۆ سود وەرگرتن لە گۆرینیان بۆ بەرهەمی تازە لە توانای هەموو دەوڵەتێکدا نیە ، بۆیە ئەو دەوڵەتەی خاوەنی ئەم سەرچاوانەیە دەبێ بۆ ئەوەی سود لەم کالا خاوانە وەربگرێ پەنا بباتە بەر کۆمپانیاکانی فرە رەگەز بۆ ئەوەی لە رێگەی مەرجە قورسەکانیانەوە بەرانبەر بە نرخێکی سومبولیی کەم ئەم کالا خاوانە دەربێنن وبە بەرهەمەکانیان ئالوگۆریان پێ بکەن.

بەهۆی ئەو سیاسەتەی دەوڵەتە زلهێزەکان دایدەرێژن مەرج نیە هەر دەوڵەتێک خاوەنی نەوت وتوانا داهاتە سروشتیەکان بێ ، ببێتە خاوەنی توانای سەربازی وستراتیژیی بەهێز لە نێو پێگەی نێو دەوڵەتیدا ئەگەر وا بوایە ئەوا ئەو دەوڵەتە بەهێزانە دروست نەدەبون ، بەلام هەموو کاتێک ئەو دەوڵەتانەی خاوەنی نەوت وکانزاکانی ترن دەبنە خاوەنی جێی سەرنج و وتەی بەهێزی خۆیان لە کۆبونەوەو هاوکێشەکانی تردا ، دەبینین وڵاتێکی وەکو عەرەبیی سعودی بەهۆی دەولەمەندیەوە هاوکاریی وڵاتە ئیسلامیەکان دەکا وکاریگەریی لەسەریان دروست دەبێ، بەهۆیەوە لە بریارە نێو دەوڵەتیەکاندا کۆدەنگی وهێزێک لە دەوری خۆیدا کۆ دەکاتەوە ، بەم شێوەیە دەبێتە خاوەن پێگەیەکی بەهێز وستراتیژیەکی دیارو کاریگەر.

ئەمەو هەریەک لە کشتوکال وپیشەسازی رۆڵی گرنگ لە دیاری کردنی ستراتیژیەتی دەوڵەت دەبینێ، بە شێوەیەکی گشتی ئابوری رۆڵی بالای هەیە، بە نمونە کشتوکاڵ ، ئەو دەوڵەتانەی خاوەنی خاکێکی بەپیتن لە وەبەرهێنای بەرهەمی کشتوکالی کە بتوانن پشت بە خۆیان ببەستن لە

دابین کردنی خۆراک، ئەوان لە دەوڵەتانی تر پشـــت ئەســـتور وبێباک ترن دیارە ئەمەش کار دەکاتە سـەر ئاستی پەیوەندیەکانی دەرەوەی دەوڵەت ولە هێزی ستراتیژیدا رۆڵی گرنگ دەبینن، ئەوەتا لە جەنگی دوەمی جیهانی روسیا کە خاوەنی خاکێکی پان وبەرین بو ئاســـتی وەبەرهەم هێنانی کشـــتوکالیی لەو دەوڵەتانە زیاتر بو کە بەرهەمی کشـــتوکالیان لە ئاســـتێکی نزم دایە ب،ۆ نمونە وەکو بەریتانیا ئەو توانای بەرگریی درێژتری هەبو بەهۆی پەک نەکەوتنی لـە وەبـەرهێنـانی خۆراک وبـەرهـەمـەکانی تری کشـــتوکالی ، دیارە بەریتانیا ئەو بەرهەمانەی کشـــتاکالیی وەبەرهەم دەهێنا بۆ مەبەســـتی خۆراکی هاوڵاتیان پێویســـتیی بە دو بەرانبەر ئەو بەرهەمە هەبو بۆ ئەوەی خەلکی توشـــی قەیران  کوری خۆراک نەبن، ئەمە وادەکا کە دەوڵەت پەنا بۆ هـاوپـەیمـانـانی ببـا لـە بـەرانبـەردا دەبێ قـورســـاییـەکی تر بخـاتـە ســـەر بەرپرســـارێتیی خۆی ئەمەش هێزی ســـتراتیژی دەوڵەت لاواز دەکا، لێرە بە پێویســـتی دەزانم ئاماژەیەک بدەم کە مەرج نیە هەموو کاتێک ســـامانی ژێر زەویو کـانزاکـان ببنە فـاکتـەری بەهێز کردنی دەوڵەت، چونکە چـاوتێبرینی دەوڵەتە زلهێزەکان ئەم سودەیان لە قورگی هەژاران دەرهێناوە .

**دووەم / فاکتەری هێزی بگۆڕ**

------------------------------

پاش ئەوەی بە کورتی باسـمان لەو فاکتەرە نەگۆرانە کرد کە دەبنە مایەی بەهێزبون ولاوازی بونی هێزی ستراتیژی دەوڵەت ئێستاش دەچینە سەر ئەو فاکتەرانەی کە بگۆرن دەکرێ سیاسەتی کاربەدەستان ئەم فاکتەرانە بەهێز بکەن لە هەمان کاتدا لاوازی بەڕێوە بردنی حوکمڕان فاکتەرەکانیش بێهێز دەبن و لە ئەنجام ئاستی دەوڵەت وهێزی ستراتیژیەتی توشی شکست وکارەسات دەبێ ، بۆیە لای دەوڵەتان بە تایبەت ئەوانەی خالی فاکتەری هەمیشەیی یا نەگۆریان لاوازە ئەگەر خاوەنی کاربەدەست و بەرپرسی سیاسەتمەداری کارامە بن ئەوەی بە سروشتی لەدەستیان داوە لەم بوارە بیبەنەوەو قەرەبوی بکەنەوە . فاکتەرەکانیش بریتین لە :

**١/ ناسنامەی کەسایەتی وکۆمەڵایەتی**

-------------------------------------

یەکێک لە کاریگەرتین هۆکاری بگۆر لە هێزی ستراتیژی، ئاستی کۆمەڵایەتی ومەعنەویی کۆمەلگایە، دیارە کە لە روی مەعنەویەوە ورە شوێنێکی تایبەتیی هەیە لە وەرچەرخانی ئاست و ئاراستەی دۆخەکان هەر

کاتەی ورەو مۆرالی جەماوەر یا ئەوانەی لە پشت ئامادەسازی بڕیارەکانەوەن بەرز وبە بڕوا بو ئەوا لایەنی ئەرێنیی دۆخەکان لە بەرژەوەندیی ئەو لایەنەدایە .

سەبارەت بە بەرز بونەوەی ورەی جەماوەر دوو راستی هەن کە بە تەواوەتی کار دەکەنە سەر ورەو مۆرالی جەماوەر بۆ بەرز بونەوەی گیانی بەرەنگار بونەوەو بەرگری کردن لە دۆزەکەیان ئەمانیش :

ا/ بڕوابونە بە دادپەروەری دۆزەکە

ب/ بڕوابون بە راستی هەنگاونانی سەرکردەکانیانە، کە بتوانن بەرەو ئاراستەیەکی راست ودروستیان بەرن .

بۆ کۆکردنەوەی جەماوەر لە دەوری فەرماندەو بڕیار بەدەستەکان لە پێش هەمویان سەرکردە خۆی رۆڵی گرنگ دەبینێ هەر کاتەی توانای فەرماندە توانایەکی بەرز بێ لە گوتار خوێندن وبەرز کردنەوەی ئاستی ورەی خەلک ئەوا گومانی تیا نیە کە لایەنی سەرکەوتن لە بەرژەوەندی ئەو دایە، بینیمان کە توانای هەندێک لە سەرکردەکانی وەکو دیگۆل وجەواهر لال نەهرۆ لە گوتار خوێندندا توانایەکی بەرز بو لەم رێگەیەوە بتوانن روبەروی جەماوەر ببنەوەو ورەیان پێ بەرز بکەن، بە هۆیەوە گیانی بەرەنگاربونیان درێژخایەنتر بکەن کە بتوانن شکست بە پلانی ناحەزانیان بێنن.

لە بیرمان نەچی بۆ ئەم پرســـە راگەیاندن رۆلێکی باش دەتوانێ ببینێ ، لە هەندێک جێگا پێی دەڵێن دەســـەڵاتی چوارەم ، هەر کاتەی راگەیاندنەکان بە دروســـتی بکەونە گەر دەتوانن خەلک وجەماوەرێکی فراوانتر لە ژێر فەرمانی ســـەرکردەکان وبریار بەدەســـتەکان کۆ بکەنەوە ئەمەش دەبێتە لایەنێکی ئەرێنی بۆ وەدەســـت هێنانی ســـەرکەوتن ، دیارە ئەمەش هەر لە بواری بەرز کردنەوەی ورەی جەماوەر دەکاتەوە ،شـێوازی گرتنەبەری بەرز کردنەوەی ورە بە رێگەی ئامۆژگاریی سـیاسـی وبە رێگەی ئاینی وئایدیۆلۆژی هەروەها فەرهەنگی دەبێ ، بۆ هەر چین وتوێژێکیش شـــێوازێکی تایبەت دەبێ دەســـت نیشـــان بکرێ چونکە دەبێ لەگەل ئاســـتی وشـــیاری وشـارستانێتیی ئەم توێژە بێتەوە کە گوتارەکەی ئاراستە دەکرێ .واتە دەبێ بارۆ کۆمەلایەتی لەبەر چاو بگیرێ .

**٢/ شێوەی سیستەم ورژێمی حوکم**

---------------------------------

بەگوێرەی گۆران وجۆری حوکم ، شێوازی هێزی ستراتیژ دەگۆردرێ ، لە دەوڵەتانی تازە پێگەیشتو ئاستی وشیاری وپێشوەچونی شارستانێتی جیایە لەگەل ئەو دەوڵەتانەی کە ئاســتی وشـیاری وپێشــوەچونی پیشــەســازی وتەکنەلۆژیان لە پێشە وەکو ئەمریکا ودەوڵەتانی ئەوروپی هەروەها شێوەی کێشەو چارەسەریەکانیش جیا دەبن .

لەو دەوڵەتانەی تازە پێگەیشـــتون یا دەوڵەتانی رۆژهەلاتی ناوەراســـت شێوەی وەرگرتنی بریارەکان جیا دەبن لەگەل دەوڵەتە دەستوریەکانی وەکو ئەوروپا ، هەندێک دەوڵەت هەن کە بریارەکان بە تاکرەوی وەردەگیرێن وحزبێکی تاک فەرمانرەوایەتی دەوڵەت دەکا بە حوکمی تۆتالیتاری ناو دەبردرێت ، لەم دەوڵەتانە بە ئاگر وئاســـن حوکمڕانی گەل دەکرێ هەر بۆیە هەر کاتەی هاولاتیان کەلێنێکیان بەدی کرد ئەوا خۆیان دەخزێننە نێوی وئەو کەلێنە گەورە دەکەن وکێشـــە بۆ حکومەتەکەیان دروســـت دەکەن، بەو هۆیەوە توانای حکومەت بۆ روبەرو بونەوەی قەیران وکێشـــەکان کەم ولاواز دەبێ لە هەمان کاتدا بەرپرســـیارێتی ئە وگرفتەش دەکەوێتە ئەســـتۆی ئەو فەرماندەو ســـەرۆک یا پادشـــایەی کە فەرمانی بە بریارەکە داوە، بە شـــێوەیەکی تەنیاو دور لە را پرســـی وراوێژ لەگەل کەســـــایەتی وبەرپرس وپارتەکانی تر ، دەبینین کاتێک دەوڵەتێکی وەکو ئەمریکا بریارێک لەســـەر کێشـــەیەکی نەتەوایەتی دەردەکا ئەم بریارە دەبێتە بریاری ســـەرتاســـەری ئەمریکا، واتە پارتە ئۆپۆزســـیۆنەکان ئەوانەی لە ناو حکومەتیشدا نین کێشـە بۆ حکومەت دروست ناکەن، بۆ ئەوەی بریارەکە بە ســـەرکەوتویی ئەنجام بدرێ بەم شـــێوەیە کەس لە خەلکی ئەمریکا لە بەرپرســـیارێتی دەرناچن و کۆبەندیەک لەســـەر بریارەکان دروســـت دەبن ، ئەمە بە پێچەوانەی ســـیســـتەمی ئەو حکومەتانەیە کە بە تاکرەوی بریار دەدەن ودواتر خەلکی لێ بەرپرسیار دەکەن .

ئەو دەوڵەتانە بەر لە وەرگرتنی بریار راپرسـی لەسـەر کێشـەکان دەکەن راوێژ لەگەل پارت ورێکخراوەکان دەکەن ئینجا دەکەونە قۆناغی ئەوەی بریار لەسەر گرفتەکە بدەن .

رای گشـتی لای ئەم جۆرە رژێمانە بایەخ وئەهمیەتی خۆی هەیە ، لە هەمان کاتدا سـەکردەکان کە مێژو دروسـتی کردون وئەوان مێژویان دروسـت کردوە رۆلی گرنگ دەبینن لە بەهێز کردنی پێگەی وڵاتەکەیان ئەوان کاتێک بە ژیری و وشـیاری خۆیان دەبنە سـومبولی گەلەکەیان جێدەسـت وجێ بریارەکانیان هەمیشـە دیار دەبێ گوتارەکانیان کاریگەری خۆی دروسـت دەکا . بەم سـیسـتەمە کەسـایەتی کاریزما لە نێو گەلان دروست دەبن لە شێوەی ماو تسی تونگ، جمال عبدالناصر، غاندی.....

زیرەکی ئەو کەسـایەتیانە تەنها لە گوتار خوێندن بەدی ناکرێ بەلکو لە راپەراندنی کاری بەرێوەبردنی دەوڵەت لە هەموو بوارەکانی تر بەدی دەکرێ بە تایبەت ئەو کاتانەی دەوڵەت دەکەوێتە قەیران ئەوسـا حیکمەت وبە توانایی ئەوان بەدی دەکرێ بۆیە دەبینین کە هەن دێک لە دەوڵەتان سـەرەرای ئەوەی هێزە نەگۆرەکان لە بەرژەوەندی ئەواندا نین و ئاسـتی ئابوری وپیشـەسـازیشـیان بەرز نیە بەلام زیرەکی سـەرکردەکانیان وایان کردوە کە وەکو ئەسـترێرەیەکی درەوشـاوە لە نێو دەوڵەتان دیار بن و وەکوژمارەیەکی سـەخت سـەیر بکرێ بەهۆی زیرەکی ئەوانەوە پێگەی دەوڵەتەکانیان لە ئاستی پێگەی دەوڵەتانی بەهێز وبە توانا دەبێ .

ئەمەش لە دوو خالدا بەدی دەکرێ :

ا/ توانای کەسایەتیەکان لە چارەسەری کێشەکاندا

ب/توانای بەڕێوە بردنی ئاسایی کاروباری دەوڵەت

گەلێک دەوڵەت هەن کە پێکهاتەکانیان لە فرە ئەتەنی و فرەئاین ومەزهەب پێک دێ دیارە کاتێک ئەم نا جوری وجیاوازیە لەروی ئەتەنی و ئاین لە نێو یەک کۆمەڵگا دروست دەبێ ناکۆکی لەسەر بەرژەوەندیەکان دروست دەبن، هەر لایەنە وهەست بە ستەمی خۆی دەکا بۆیە لە هەولی سەپاندنی راو بۆچونەکانی خۆیدا دەبێ، ئەمە وادەکا کێشە لانێوانیان دروست بێ ولە ئەنجام یەکریزی گەل لەبار دەچێ کە بەهۆیەوە توانای بەرەنگاربون و بەرگری لاواز دەبێ .

سەبارەت بە خالی دوەم دیارە کاری بەرێوە بردن زانستێکە دەبێ ئەوەی بەم کارە هەڵدەستێ لە هەموو روەکانەوە زانیاریی تەواوی هەبێ، خاوەنی دل و دەرون وزانیاریەکی تەواو هەبێ. لە سەرکردەکان دەگێرنەوە کە چۆن توانیانە هەمو فەرمانبەرو بەرپرسەکانیان بە قسەو وتەی بەجێ هاندەن کە شەو رۆژ لە کارەکانیان بەردەوام بن ودرێغی نەکەن بۆ بەرێوە بردنی کاری دەوڵەت، ئەمەش دیارە کەسایەتیی سەرکردە کاریگەریەکی باش لەم بوارە دەبینێ و پێێ دەوترێ سەرکردەی کاریزما ، هەڵبژاردنی زاراوەو وتەی بەجێ وهەلبژاردنی کاتی شیاو بۆ گوتەی شیاو لەگەل دەست نیشان کردنی

کەسـی گونجاو بۆ شـوێنی گونجاو ئەمەش توانایەکە هەموو کەسـێک نیەتی .

دەلێن ترومان لەم رووەوە خاوەنی توانایەکی بەرز بو لە هاندنانی فەرمانبەرو بەرپرسـەکانی بۆئەوەی شـەوو رۆژ کار بکەن بە پیادا هەڵدان وهاندانیان بە شـێوەی تایبەتی خۆی ، بەلام کاتێک ترومان دێتە شـوێن ئەو لە سـەرۆکایەتی ئەمریکا دەلێن بەدەسـت ئەو گرفتە دەناڵێنێ کە شـەوو رۆژ خەریکی هاندانی فەرمانبەرو بەرپرسـەکانی بوە کەچی بە شێوەی پێویسـت کارەکانیان بۆ رانە پەراندوە .

هەر لەم بوارە و خالێکی تری بەهێز کردنی دەوڵەت پشـتگیری گەلە بۆ سـەرکردەکانیان کاتێک یەکریزی بەهۆی زیرەکی سـەرکردە لە نێو گەلدا دروسـت دەبێ ئەوسا پشـتگیریی تەواو بەدەسـت دێنێ ولە کێشـەکانی ناوەوە پشتراسـت دەبێ، بۆیە پێویسـت بەوە ناکا هەول و تواناکان لەم بوارە بخاتە گەر، هەمو تواناکان بۆ سـەرکەوتنی سـیاسـەتی دەرەوە دەخاتە گەر ودوژمن ناتوانێ دەسـت بخاتە نێویان وبەهۆیەوە دەبێتە خاوەن دەسـەڵاتێکی بەهێز وتوانایەکی سـەرتاسـەری گەل کە پێگەی بەم هەلوێسـت ودۆخەی وڵات بەهێز وبەرچاو دەبێ توانای بەرگریی زیاتر دەبێ ودەتوانێ بەهۆیەوە بەسەر دوژمندا زال بێ وڵاتەکەی بپارێزێ .

ئەمەش ئەو کاتە روو دەدا کە هەموو پێکهاتەکانی میلەت لە بریارە چارەنوسـسـازەکان بەشـدار بن وسـیسـتەمی تاک حزبی لە وڵات نەمێنێ

وحزب وپێکهاتەکان ســـەرتاپای بەشـــدار بن لە حوکمڕان واتە حکومەتی نیشتمانی دروست بێ نەک حکومەتی تاک حزبی.

---

# لۆبی

--------

یەکێک لەو هۆکارانەی دەوڵەت لاواز دەکا وناچار دەبێ ســەر بۆ هەندێک داخوازی دابنوێنێ دروست بونی لۆبیە لەدژی ئەو. چ لە ناوەوەی حکومەت یا لەدەرەوەی دەســەڵات وحکومەت، کاتێک لۆبی هەر بابەتێک فشــار دەخاتە ســەر دەســەڵات ئەوکات دەســەڵات ناچار دەبێ لە پێناو بەرێوە بدرنی کارەکان ومانەوەی حکومەت ســەر بۆ داخوازیەکانی لۆبی دابنوێنێ ، ئەمەش وەکو دروست بونی لۆبیی چین کە توانیان لە رێگەی فشار دروست کردن لەســەر حکومەتی ئەمریکا ، ناچار بێ ئەمریکا دان بە حکومەتی کۆمۆنیســتی چین دابنێ وحکومەتی چینی نیشــتمانی بە فەرمی دانپیانانی لێ بسێنێتەوە ، هەروەها لە ژێر فشاری لۆبیی ئیسرائیلی ناچار دەبێ بە هەموو شێوەیەک پشتگیری لە ئیسرائیل بکاو لە بەرانبەر عەرەبەکانی قیت کاتەوە

.

## قەیران

--------

بونی قـەیران ، شـــی کردنـەوەی واقعیـانـەی دۆخـەکان دەگـەیـەنێ ، بـە واتایەکی تر مەبەسـت لە بونی قـەیران ئەوەیە مەترسـی لەسـەر رەوشـەکان هەیە و ئەگەری روداني کارەســات و کێشـــەی مەزنی لێ دەکرێ هەر بۆیە دەبێ ژیرانـە بـەدوای چـارەســـەریـەکی گونجـاودا بگـەرێن کـە دۆخـەکان لەدەست نەدا .

کـاتێـک قـەیران لـە نێوان پـەیوەنـدیـەکانی دوو دەوڵەت روو دەدەن سـیاسـەتمەدار وئەوانەی ئەزمونی پێشـویان هەیە لە چارەسـەری کردنی ئەم جۆرە قەیرانانە رۆڵی باشتر دەبینن بۆ ئەوەی مەترسیەکان لە وڵات دور کەنەوەو، کارێکی باشـــە ئەگەر هەر کاتەی قـەیران لـە نێوان دوو لایەن دروست دەبێ سـەنتەری بریار لە قەیرانەکان ئاگادار بن و راسـتەوخۆ بێنە ســـەر خەت، ئەمەش لە پێناو ئەوەی کێشـــەو گرفتەکان مەزن نەبن و هەرچی زوە چارەســـەر بکرێن، بەلام هەندێک کێشـــە وقەیران هەن کات بەسەر چون یا سەبر گرتن دەبێتە مایەی چارەسەری .

ئەمە لە کاتێکا قەیرانی وا هەیە کە زۆربەی جارەکان کاتێک ســەرهەڵدەدا گەلێک بە بچوکی ســـەر هەڵدەداوئەو کات چارەســـەری زۆر ئاســـان ترە

لەوەی ماوەی بەسەردا تێبپەڕێ و کاتەکە لە بەرژەوەندی قەیرانەکەدا نەبێ .

لە چارەسەریی هەر قەیرانێکیش تاکی مرۆڤ رۆڵی گرنگ دەبینێ، چونکە توانای کەسێک بۆ کەسێکی تر جیایەو هۆشیاری وبلیمەتی هەموو کەسێکیش وەکو یەک نیە ، بەهەمان شێوە رێکخراوەکان رۆڵی باش دەبینن لە چارەسەریی کێشەو قەیرانەکان .

بۆ چارەسەری هەر قەیرانێک دەبێ هەر زوو زانیاریی زۆر لەسەر دیرۆکی قریرانەکە وەدەست بێنن و زانیاریی نوێ لەسەر درک پێکردن ودەنگوباسەکانی تایبەت بە قەیرانەکە لەبەر دەست دابن ، بەلام هەندێک جار زۆری راپۆرت وزانیاریەکان سەر لە و کەسە دەشێوێنن کە بریار بەدەستە چونکە ئەگەرەکان زۆر دەبن ولەم زۆری ئەگەرانەش بژاردەی دروست هەندێک جار ناتوانرێ دیاری بکرێ، بۆیە باشتر وایە کەمی راپۆرت لەبەر دەست دابن ئەمەش بەوە دەکرێ کە بەر لەوەی راپۆرتەکان بخرێنە بەردەستی بریار بەدەستەکە پێشتر پوخت وبژار بکرێن .

کاری بەرێوە بردنی قەیرانەکان بە کارێکی هونەری دێتە ناسین ، لای هەندێک کەس وایە کە کاتێک قەیرانێک سەرهەڵدەدا ئیتر هەرچی دام ودەزگای دەوڵەت هەیە دەکەونە گەر وبەم قەیرانەوە خەریک دەبن ، بەلام کارەکان واین هنری کیسنجر وەزیری دەرەوەی پێشوی ئەمریکاو دارێژەری سیاسەتی دەرەوەی کە تا ئێستاش لە مەحافلە نێودەوڵەتیەکانی

ئەمریکی وقەیرانەکانیدا دەنگی دەبیسـتریٚ دەڵیٚ: خەلک وادەزانن  ئەگەر قـەیرانێـک دروسـت بو ئیتر هـەرچی فـەرمانبـەرو کاربـەدەسـتی گـەورەی ئەمریکی هەن بە خێراوە بۆ کۆشـکی سـپی رادەکەن و بەدوای چارەسـەریدا دەکەونە قسـەو باس، دەڵیٚ: نەخێر هیچ کاتێک چارەسـەری قەیرانەکان بەم شـێوەیە ناکریٚ، بەلکو دەبیٚ زۆر بە هێمنی وهێواشـی کاری لەسـەر بکریٚ، چارەسەری قریرانەکە بە لیژنەیەکی بچوک بسپێردریٚ کە دەکریٚ لە ژێر سـەرپەرشـتی سـەرۆک خۆیدا بیٚ ئەگەر خۆشـی سـەرۆکی ئەم لیژنەیە نەبیٚ بەلام لەژێر فـەرماندایـەتی ئـەودا بیٚ لـە قـەیرانـەکان ئـەو لێژنـانـە تـا بچوک بن کارەکە باشـتر دەروا لەم حالەتانەدا بەرپرسـەکان وەکو رۆژانی تر ئاسـایی نابن هەمو کارەکان بەخۆیان ناکەن تەنها بە کاری لیژنەکەوە خەریک دەبن ، نابیٚ بۆ هاوکاری پەیوەندی بە کەسـانی دەرەوەی لیژبەوە بکەن بۆ ئەوەی لە کارەکان ئاگادار نەبن .

کارەکانی لیژنە دور لە راپرسـی و گەرانەوە بۆ مەرجەعەکان بریار دەدەن، بەخێرایی بەدواداچون ئەنجام دەدەن ، ئەو کاتە سـەلمێندرا کە ئەمریکا لەگل کوبا کەوتە قەیران، ئەنجومەنی ئاسـایشیٔ نەتەوایەتی لە ناو خۆیدا لیژنەیەکی بچوکی دامەزراند ئەم لیژنەیە لە کەسـانی بەتواناو بیٚ کێشـە دامەزرێندرابون ئەندامانی لێژنە لەم حالەتانەدا ئەگەر هەندێک کێشـەی تایبەتیی نێوان خۆشـیان هەبیٚ پشـتگوێی دەخەن تا ئەو کاتەی لە کارەکانی لیژنەو ئامادە کاری بریارەکان تەواو دەبن .

ئەزمونەکان ئەوەیان سەلماندوە کە کاتێک دەوڵەت توشی قەیران وتەنگژە دەبێ تیپی تایبەت بە چارەسەر کردنی قەیرانەکان تەباو بێ کێشە وگونجاو دبن بەلام کاتێک ئەم قەیرانە درێژەی دەبێ ئەوسا ناکۆکیەکانی ناو ئەندامانی لیژنە سەرهەلدەدەن .

بۆ کۆنترۆل کردنی قەیرانەکان کاتێک لیژنەکانی بچوک ئەگەرو سیناریۆکان دەخەنەبەرچا دەبێ ئەوە لەبەر چاو بگرن کە ئەو سیناریۆیەی دەسکەوتی مەزنی بەدواوە دەبینن لە هەمان کاتدا دەبێ ئەوەش بزانن کە ئەگەر پلان وبەرنامەکانیان بەدروستی نە پێکران ئەوا زیانەکانیش بەقەدەر دەستکەوتەکان مەزن ومەترسیدار دەبن، بۆیە ئەمەش دەبێ لە چاو بگیرێ واتە لە پێنا وئەگەری سەرکەوتنی مەزن زیانی مەزن لە خۆیان نەدەن ، چونکە لە بچوکترین کێشەی گەیاندن مەزنترین کارەسات وزیانی لێ دەکەوێتەوە .

لەبەر ئەم هۆکارانەی سەرەوە چارەسەریی قەیرانەکان دیالۆگ وگفتوگۆو دانیشتن لە پێش هەمویانەوەیە دەرفەتدانیشە بە یەکتر کە بەخۆیاندا بێنەوەو لە مەترسیەکانی ئەنجامی قەیرانەکان بگەن وهەڵیان بسەنگێنن بۆئەوەی لە دەرگای سەربازی نەدرێ و کێشەکان لەم رێگەیەوە چارە بکرێن ، لەم روەوە دەبینین کاتێک قەیرانی کەنداو دروست دەبێ وسەددام کوێت داگیر دەکا تا دوا رۆژەکانی لێدانی سوپای داگیرکەری سەددامی ئەمریکا چ راستەو خۆ یا ناراستەوخۆ لەگەل کاربەدەستان ئێراق هەولدەدا بۆ ئەوەی لە کوێت .

## هۆكاری سەربازی وپیشەسازی

---------------------------

وەكو هۆكاری كاریگەر لەسەر دەوڵەت، وێرای ئەو خالانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێاندا دەكرێ پیشەسازیش وەكو هۆكارێك لەم بوارە رۆڵی خۆی هەبێ ، هێزی دەوڵەت لە هێزی پێشوەچونی پیشەسازیدایە ، تەكنەلۆژیای دەوڵەتان ئاستی دەوڵەت دیاری دەكا ، مەرج نیە پیشەسازی تەنها بۆ كاری سڤیلی بەكار بێ، پیشەسازیی سەربازیش بەشێكە لە بەهێز كردنی هێزی دەوڵەت، هەر ئەمەش ئاستی داهاتی هاوڵاتیانی دیاری دەكا هەر كاتەی داهاتی هاوڵاتیان گەیشتە ئاستێكی بەرز یەكبونی ناوەوەی دەوڵەت پتەو و مكومتر دەبێ، دەوڵەتان دەتوانن بۆ بەرگری بایەخ بە بوارێكی تر بدە كە هێزی سەربازی لە پێش هەمویانە بۆ ئەم مەبەستە .

دیاری كردنی ئاستی هێزی سەربازیش ئاسایشی نەتەوایەتیی دەوڵەت دیاری دەكا لەم روەوە روبەری دەوڵەت كاریگەری زۆری دەبێ هەر كاتەی روبەری دەوڵەت پانتاییەكی زۆری هەبو بۆ پاراستنی خاكی پێویستیی بە سەربازی پیادە زیاترە لەو دەوڵەتانەی روبەری كەمو دەكەونە سەر دەریاوە ، بەلام ئەو دەوڵەتانەی دەكەونە سەر دەریا بایەخیان بە هێزی دەریاییە زیاتر لە هێزی وشكانی .

ئیســـرائیل کـە دەوڵەتێکە کەوتۆتـە نێو وڵاتـانی عـەرەبی بـایـەخی زیـاتر بـە هێزی ئـاســـمـانی داوە بۆ ئـەوەی هـەر کاتـەی بیـەوێ لـە ڕێگـەی هێرشـــی ئاســـمانیەوە بە هەموو ئەو دەوڵەتانە بگا کە یارمەتی فەلەســـتینیەکان دەدەن ،بەڵام پاش ئەوەی عەرەبەکانیش ئاســـتی هێزی ئاســـمانی خۆیان گەیاندە ئاسـتێکی بەرز ئیتر ناچار روی لە چەکی ئەتۆمی ونیۆترۆنی کردوە، خۆی لەم بوارە بەرەو پێش بردوەو بۆتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی .

ئەمەو هەلکەوتی دەوڵەت فاکتەرێکی ترە کە بودجەی دەوڵەت دیاری دەکا بۆ قـەوارەی ســـەربـازیی هـەلکـەوتی ئـەو دەوڵەتـەی دور و نزیکیی لـەو دەوڵەتانەی کە ترسی لێیان هەیە دەست درێژی بکەنە سەری ، بە پێی ئەو مەترسیانە بودجەی سەربازیش کەم یا زیاد دەکا.

-----------------------------------------------

## پەیوەندیی سیاسی

------------------------

بەر لەوەی بچینە سەر باسی پەیوەندیە سیاسیەکان بە شێوازو هۆکارو رێگەو جۆرەکانیەوە دەبێ پێناسەیەکی پەیوەندیی سیاسی بکەین .
ز

زاناو بسپۆرانی سەردەم هەریەکەو لە روانگەی بۆچونەکانی خۆیانەوە پێناسەیەکی تایبەتی بۆ ئەم چەمکەیان کردوە، بەڵام هەمویان لەسەر ئەوە یەکدەگرنەوەو کە ( بریتیە لەو چالاکیانەی لە بواری سیاسی دەکرێن بۆ گەیاندنی پەیامی سیاسی ، جا ئەمە بەرێگەی نوسین وهێما بێ یا چاوپێکەوتن وبەیەک گەیشتن بێ ، واتە ئەو کارو چالاکیانەی پەیوەندی کردنە کە لە بواری سیاسی یا بە ئامانجی سیاسی ئەنجام دەدرێن دەخرێنە ئەو چوارچیوەیەوە.

بۆ رێکخستن وبەرێ بردنی ئەو پرۆسەیە کە لە ژیانی سیاسیداو بەتایبەتی لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا گرنگیی زۆری هەیە چەند بیردۆزێک لە لایەن زانا کانەوە دارێژراون، هەندێکیان پەیوەندیان بە جەماوەرەوە هەیەو هەندێکیشیان پەیوەندیی بەو کەسانەوە هەیە کە بە کاری پەیوەندی پێوەکردنەوە هەڵدەستن :

ئەو بیردۆزانەی کە پەیوەندیان بە هەڵسورێنەری پەیوەندیەوە هەیە بریتین لە :

ا/بیردۆزی رێکخستنی ئەولەویاتەکان.

ب/بیردۆزی پەیوەندیی کەسی.

ســـەرەتا بیردۆزی یەکەم بۆ ئەوە دانراوە کە هۆکارەکانی راگەیاندن یا چالاکوانی راگەیاندن کاتێک چەند پرســێکی لەبەر دەســـتدا دەبێ ، دەبێ بزانێ کام لەم پرســـانە لای جەماوەر گرنگتر وپر بایەخ ترن بۆ ئەوەی زیاتر رۆشـنایی بخاتەسـەرو لە ئەولەویاتەکانی دەنگ و باسـدا دایانبنێ کە ببێتە ئەســتێرەی درەوشــاوەی دەنگ باســەکان و جێی ســەرنجی جەماوەر بێ لە پەخشکردندا، دەبێ لە بابەتە بەراییەکان بێ چونکە بابەتی گەرمی رۆژە .

سەبارەت بە بیردۆزی دوەم کە رۆشنایی دەخاتە سەر ئەرک وفەرمانەکانی کەســی هەڵســـورێنەر، چۆن مامەلە لەگەڵ هەوالەکان دەکاو شـــێوەی گەیاندنی بە جەماوەر بە چ شـــێوەیەک دەبێ ، دیارە کاریگەری کەســی گەیەنەری هەواڵ لە کاریگەری دەزگا راگەیاندنەکان زیاتر دەبێ، چونکە راســـتەوخۆ پەیوەندی بەخەڵکەوە دەکاو هۆکاری بڕوا پێهێنانی باشـــتری لەبەر دەســـتدا دەبێ، جەماوەریش بەهۆی ئەوەی لە رێگەی پرســـین و بەدواداچون لەگەل چالاکوانەکە زیاتر لە مەرامی پەیامەکە دەگەن

وبابەت وهەواڵی گرنگیش کە لەلایەن کەسی هەلسورێنەر دەست نیشان کراوە متمانەی زیاتر دەبێ .

دەستنیشان کردنی جەماوەر وهەڵبژاردنی زمانی جەماوەر رۆڵی خۆی دەبینێ ، جەماوەری نەخوێندەوار زیاترو زوتر بڕوا بە پەیامەکان دێنن لە جەماوەری خوێندەوار .

بیردۆزەکانی کە پەیوەندیشیان بە جەماوەرەوە هەیە بریتین لە :

ا/ بیردۆزەکانی بەکارهێنان وتێرکاریەکان.

ب/ بیردۆزەکانی چارەسەریی زانیارێتی.

لە بیردۆزی یەکەمدا دیراسە لەسەر ئەو بابەتانە کراوە کە توێژینەوە لەسەر بەکارهێنانەکانی جەماوەر دەکەن لەگەل ئەوانەی حەزەکانیان تێر دەکەن، دیارە کاتێک جەماوەر گوێی لە پەیامێکی سیاسی دەبێ بیر لەو بابەتانە دەکاتەوە کە پێویستیی پێیانەوە هەیەو لای ئەو گرنگ وبابەتی رۆژن کە لەم رێگەیەوە حەزی زانین وپێویستیەکانی تری بە ئەنجام بگەیەنێ ، هەوالی شەڕەکانی کەنداولە ١٩٩١ لای جەماوەری ناوچەکە بە تایبەتی ودونیا بەگشتی گرنگ بو، بۆیە دەبینین کە ئەو کات هۆکارەکانی راگەیاندن لە سەروی هەمویانەوە تەلەفزیۆن و رۆژنامەکان خەلک بەدوایاندا دەگەرا بۆ ئەوەی زانیاریەکانی لێ وەدەست بێنێ.

توێژەرەوەکان کاری ئەم بەشـەیان بەسـەر پێنج جۆرە توێژینەوەدا دابەش کردوە کە خۆی لەم خالانەدا دەبینێتەوە :

١/ ئـەو توێژینـەوانـەی هۆکارەکانی جـەماوەر دیاری دەکـەن کـە دەبنـە فاکتەری هاندانی جەماوەر بۆ وەدەست هێنانی هەوال .

٢/ بەشی دوەمی توێژینەوەکان بۆ زانینی هۆکاری حەزی جەماوەر بو .

٣/ باس لە هەڵسەنگاندنی جەماوەر دەکا لەسەر هۆکارەکانی راگەیاندن وتوانای کەسی ئەوان .

٤/ دیـراسـەکـردنـی پـەیـوەنـدیـەکـانـی نـێـوان حـەزی جـەمـاوەرو بەکارهێنانەکانیان .

٥/ کاریگەری سیاسی لەسەر هۆکارەکانی راگەیاندن .

لـە بـەشـی دوەمی تیۆرەکان کـە باس لـە جـەماوەر دەکا بریتیـە لـە تیوری چارەسـەریی زانیارێتی، ئەمەش باس لـەو چۆنایەتیە دەکا کە جـەماوەر مامەلە لەگەل هۆکارەکانی راگەیاندن دەکەن . چونکە هەر کەسەو بەر لە بیستنی هەواڵی سیاسی بۆچونێکی تایبەتیی لەگەل شـوێنی روداو وکەسی کـە هـەواڵـەکـەی لێوە دەبیسـتی هـەیـە، ئـەم بنـەما زانیـاری وبۆچونـەی جەماوەر کاریگەریی پێشـوەختانەی هەیە لەسـەر کاردانەوەی جەماوەر لەسـەر هەواڵ ، بۆیە دەبێ لـە سـەرچاوەی هەوال بکۆڵرێتەوە کە جێی متمانەی جەماوەر بێ وهەول و کارەکان بە هەدەر نەچن .

## ئامرازەکانی پەیوەندی سیاسی

---------------------------

پەیوەندیی سیاسی کارێکی زارەکییە ، ڕاگەیاندنیش بە بەشەکانیەوە ، هۆکاری پەیوەندیە بەڵام ئەم ڕاگەیاندنە بە یەک شێوە نابردرێ بەڕێوە ، رژێم وسیستەمی وڵات کار دەکاتە سەر شێوەی سیستەمی ڕاگەیاندنی هاوچەرخ کە بەسەر ٣ جۆرە سیستەمدا دابەش دەکرێ :

١/ سیستەمی ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگا تۆتالیتاریەکان.

٢/ سیستەمی ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگا دیموکراسیەکان .

٣/ سیستەمی ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگای ئیسلامی .

لە سیستەمی تۆتالیتاری کە زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێیەم دەگرێتەوە هەمو شتێک کە پێی دەوترێ ڕاگەیاندن بەدەست دەوڵەتەوە دەبێ ، دیارە ئەمەش لە ڕوانگەی دەم کوتکردنی جەماوەر وقۆرخ کردنی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە دەبێ . هەر چەندە لە هەندێک وڵات حکومەت ڕێگە بە هاوڵاتیان دەدا کە خاوەنی چاپەمەنیی خۆیان بن بەلام لە ژێر چاودێری و سانسۆری حکومەتدا دەبێ ، لە هەمو وڵاتە تۆتالیتاریەکان ڕادیۆو تەلەفزیۆن بەدەستی دەوڵەت دەبێ، ئەو بەشە چاپەمەنیەی کە بەدەست

کەرتی تایبەتیش دەبێ دەبێ پابەندی مەرجەکانی دەوڵەت بێ لە شـــێوازی بڵاوکردنەوە، دەبێ هاوکاری دەســـەڵات بکا لە بەرگری کردن لە مانەوەی حکومەت وپیادا هەڵدان بە سەرکردەو فەرمانرەواکانی رژێمەکەیان.

لە جۆری دوەمی ســیســتەمی راگەیاندندا ســیســتەمی کۆمەلگای دیموکراسیە، بە پەێی بنەماکانی دیموکراسی، کۆمەڵگا وەکو بازارێکی بیرو راکان وایە، بەلام ئەم بازارە بازارێکی ئازادە هەمو کەسێک بۆی هەیە کالای لێ بکرێ و لێ بفرۆشـێ ، ئەمە دیارە بۆچونی بیرمەندە رادیکالیســتەکانە کە بە گوتەی ئەوان لەم بازارە کالای خەراپ شـــکســـت دێنێ وکالای باش و گونجاو بەردەوامیی دەبێ وســـەردەکەوێ ، دیارە هاوڵاتیش توانای لەیەک جیا کردنەوەی ئەم کالایانەیان هەیە .

ئەم بازارەی ئازادە کە هەمووو بیروراکانی لێ نمایش دەکرێ بەبێ بەشداریی ئازادی جەماوەر ناکرێ ، ئەم بەشداریە بریتیە لە پیادەکردنی دیموکراسی کە هاوڵاتی بەشـــداریی تێدا دەکا، ئەمە خۆی لە خۆیدا ئازادیی رادەربڕین وبەشـــداریی دیموکراســـیانەی گەلە کە لە کۆمەڵگای دیموکراســی بەدی دەکرێ .

لە کۆمەڵگای دیموکراسی لە جیات ئەوەی حکومەت چاودێری راگەیاندنی تایبەتیی جەماوەر بکا هاوڵاتیان چاودێری کارەکانی حکومەت دەکەن ولەگەل راگەیاندنی حکومەتی بەراورد پێ دەکەن . ئەمەش لایەنێکی تری بەشداریی هاوڵاتیانە لە بەرێوە بردنی حکومەت بە کۆ.

بەڵام لە کۆمەڵگای ئیســلامی رۆڵی راگەیاندن شــتێکی ترە ، ســیســتەمی ئیسـلامی بە تاک دەدوێ چونکە ئەو فرە سـەرچاوە و فرە منبەر نیە بەڵکو تاکە سـەرچاوەو مینبەری لێدوانی هەیە ئەویش سـەرچاوەی لە شـەریعەت وەرگرتوە.

## ئەركی پەیوەندیەكانی سیاسی وكۆمەڵ

----------------------------------

راگەیاندنی سـیاسـی یا پەیوەندیی سـیاسـی كە بریتیە لە لێدوان وگوتاری سـیاسـی بۆ گەیاندنی پەیامی سـیاسـی بە هاوڵاتیان تا كار بكاتە سـەر راو بۆچونەكانیان بە چەند لایەنێك تەواو دەبێ لە سەروی هەمویان :

**زمانی سیاسی :**

------------------

سـیاسـەت بریتیە لە گوتار وپەیامی راگەیاندن بۆ خۆش كردنی زەمینەی كار وچالاكیەكان دەبێ پێشـتر لە رێگەی گوتاری سیاسی كە زمانی تایبەتیی سـیاسـیی پێویسـتە ئەو زەمینە خۆش بكرێ و بەر لەوەی بە پراكتیكی بكەویتە مەیدا، دەبێ ئەم پەیامە بە راگەیاندن بە هاوڵاتیان را بگەیەنێ ، لێرەدا كاریگەری وئاسـتی ئەو پەیامە بە پاشـخانی كەسـی گوتار خوێن دەگۆڕێ، ئاسـت و پلەو كاریگەری ئەو كەسـە لە ناو دەزگا سـیاسـیەكەی خۆی، لە نێو خەمـاوەر، هـەروەهـا ئـەو كـەسـانـەی كـە وتـاریـان بۆ دەخوێنێتـەوە گرنگی گوتـارەكـە دیـاری دەكـەن ئـایـا ئـەمـە خـەلكانێكن بـە گشتی یا نوخبەی سیاسەتمەداروكادری راگەیاندنی حزبەكەن ؟

مەرج نیە ئەو گوتارە لەسـەر چی بێ گرنگ ئەوەیە کار بکاتە سـەر رای جەماوەرو رای گشـتی لە قازانجی خۆیدا بگۆرێ، جا ئەگەر گوتاری ئابوری بێ یا لەسـەر جەنگ وئاشـتی بێ یا کێشـەیەکی سـنوریی دەوڵەت، گرنگ ئەوەیە بڕوا بەو پەیامە بکرێ کە بۆیان دەدرێ .

دیارە کەلتورو ئاسـتی رەوشـەنبیری گوتارخوێن رۆلی بەرچاو دەبینێ لە کاریگەری گوتارەکە ، نمونەی ئەو حالەتە ئەوەبو کە لە شـەڕەکانی کەنداو بەر لە هەڵگیرساندنی شـەڕ بەرپرسـەکانی کەنداوو ئەمریکیەکان زەمینەی شـەڕەکەیان خۆش دەکرد بە گوتار خوێندنەوەو ئاگادار کردنەوەی خەلک لە مەترسیی داگیر کردنی کوێت لە لایەن ئێراقەوە .

لایەنێکی تری پەیوەندیە سـیاسـیەکان لایەنی جاردان وئاشـکرا کاریەکانن کە دەکرێ بەم شێوەیە پێناسەی بکەین :

( بریتیە لەو ئاشـکراکاری وبلاوکردنەوانەی بە پارە لەسـەر شـاشـەی تی.ڤی و ئەنتەرنێتەوە دەکرێ کە مۆرکی سـیاسـیان پێوە دیارە ) ئەمە دوای ئەوەی هەر زانایەک بە جۆرێکی تر کە دەربری بۆچونەکانیەتی پێناسـەی دەکا . دیارە ئەم تەوەرەی پەیوەندیی سـیاسـی کە خۆی لەو پرۆپاگەندەو رێکلامە تەلەفزیۆن دەبینێتەوە بە تایبەت لە رۆژانی بەر لە هەڵبژاردنەکان دەکەونە گەرو مەودای کاتی جەماوەر بە تەواوەتی کۆنترۆل دەکەن ، بەهۆیەوە کاندیدەکان دەکەونە هەڵمەتی خۆناساندن وپرۆپاگەندە کردن بۆ خۆیان .

## هۆکارەکانی بایەخدان بە پەیوەندیەکانی سیاسی :

بەتەواوەتی ناکرێ هۆکارەکان بەدروستی وبە تێکڕا لە ناو یەک بازنەدا دەست نیشان بکەین، بەڵام خۆ ئاشکرایە بەهۆی ئەو گۆڕانکاریەی لە بواری تەکنەلۆژیاو خێرایی لە پەیوەندیەکاندا گور وتینێک کەوتۆتە ئەم بوارەو گۆڕانکاریەکی ئەرێنیی بەخۆوە بینیوە، بۆیە دەکرێ هۆکارەکان بۆ سێ هۆی سەرەکی بگێڕینەوە :

یەکەم /

پەرەسەندنی تەکنۆلۆژیای پەیوەندی و تۆڕە کۆمڵایەتیەکان. تا سەردەمانێکی نزیک ولە شەستەکان هۆکاری سەرەکیی کاری پرۆپاگەندەو ئاشکراکاریی کاندیدەکان بریتی بو لە بلاو کردنەوەی پۆستەری سیاسی وپرۆپاگەندە کردن لە رێگەی رۆژنامەکانەوە، بەلام وەکو باسمانکرد کە داهێنانی تەلەفزیۆن وئەنتەرنێت پازدانێک بو لە بواری پەیوەندیدا بەکارهێنانی تی.ڤی.و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بۆ ئەم مەبەستە خێرا ترین رێگاو کورترین وکاریگەرترینیانە کە بگەنە ناو مێشکی جەماوەرو کار لە راکانیان بکەن .

دووەم /

دامەزراندنی دەزگای راوێژکاری بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن . هەڵمەتی هەڵبژاردن لە رێگەی راوێژکردن بە و دەزگایانە بەرنامەو رێوشوێنی دروست دەگرێتە بەر کاری ئەو دەزگا راوێژکاریانە دیاری کردنی بابەت وچۆنیەتی

هەنگاو نان و دیاری کردنی خاڵی دەستپێک وشێوازی هەڵمەتی هەلبژاردنە، وێرای ئەمە ئامادە کردنی چەندین توێژینەوە لە بواری هەلبژاردن دەست دەخرێتە سەر خالە لاواز و خالە بەهێزەکانی کاندید وهەڵمەت بەگشتی وفاکتەری کاریگەر بەسەر رای جەماوەر .

دیاری کردنی رەوتی هەڵمەتی هەڵبژاردن و گۆرینی شێوازی هەڵمەت لە جەخت کردنە سەر پرسە سیاسی و ستراتیژەکانەوەو بۆ دوانی ویژدانی جەماوەرو دواتر جەختکردنە سەر پرسە سۆزداریەکان ئەرکی ئەم توێژینەوەو دەزگا راوێژکاریە بو ، کە ئەنجامێکی باشی لێ وەدەست دەهنا .

بۆ ئەم مەبەستە دەزگاکانی راوێژکاری کارەکانی خۆیان بەسەر چەند مەدرەسەیەکدا دابەش کردبون کە بریتی وبن لە :

ا/ مەدرەسەی زانیاری: پێدانی زانیاریی تەواو بە جەماوەر لەسەر هەلوێستی کاندید لەسەر پرسە گرنگەکانی ناوەخۆ و دەرەوە لەگەل بەرنامەی داهاتوی بۆ گەشەدان بە وڵات .

ب/ مەدرەسەی سۆزداری ، دیراسەی ئەو پرسانەیان دەکرد کە کاریان لەسەر هەست وسۆزی جەماوەر هەبو بۆئەوەی دەنگەکانیان وەدەست بێنن .

ج/ مەدرەسەی پرسین و وەلامدانەوە ، کاری ئەم مەدرەسەیە دیراسەکردنی راپرسیەکانی جەماوەر لەسەر بۆچون و مەزندەکانیان لە دوارۆژو ئەنجامی هەڵبژاردنەکان.

سێیەم / دروست بونی دامەزراوو دەزگای وەبەرهێنی پرۆپاگەندەی سیاسی وئاشکراکاریەکان .

ئەمەش دیراســـەو تایبەت مەندێتیەکەی لە چۆنیەتی وماهیەتی راگەیاندنەکە و هەروەها شێوەی بلاوکردنەوەی راگەیاندنەکە دەبینیەوە.

لەم روەوە ئاشکراکردنەکان یا پرۆپاگەندەکان دوو جۆر بون :

١/ ئاشــکرا کردنی وێنەی کەســـایەتیی کاندید. ئەم جۆرە پرۆپاگەندانە جەختیان لەسـەر کەسـایەتی وجەربەزەیی کاندید دەکردەوە، هەلوێسـتی لەســـەر پرســـە ناوەخۆییەکان و کردنی ئەو کەســـە بە کاریزمای وڵات، بۆ ئەوەی دەنگدەران لایان وابێ کە کەسێکی بەتواناوگونجاوی سەردەم وڵاتە .

٢/ ئاشـکراکردنی پرسـەکە . لەم بابەتە جەخت لەسـەر گرنگی پرسـەکان دەکرایەوە کە لە چاوەروانی ئەو کاندیدە دایە، بەرنامەی کاندید کەم وکوریەکانی بەرچاو گیراو بابەتی گرنگی ئەو هەڵمەتەن .

## سیاسەت و راگەیاندن

### خاوەندارێتی راگەیاندن و ئامرزەکانی :

-------------------------------------

هەروەکو پێشـــتر لـە رژێمـە تۆتـالیتـاریـەکان ئـامـاژەمـان بـە هۆکـارەکانی راگـەیـانـدن دا کـە شـــێوازی بـەرێوە بردنی چۆنـە، ئـەوا لێرە ئـامـاژە بـە خـاوەنـدارێتیی ئـەو هۆکـارانـە دەدەین کـە لـە سـیســتـەمی حکومـەتـە تۆتالیتاریەکان کە زۆربەی وڵاتانی دونیا دەگرێتەوە لەوانە هەموو وڵاتەکانی جیهـانی ســێیـەمن، تـەلـەفزیۆن و رادیۆکـان بۆ ئـەوەی لـە خزمـەت دەسـەڵاتدارانی حکومەتدا بن دەبێ خاوەندارێتیی بۆ حکومەت بێ تا لە ژێر رێنمـاو یـاســـا تونـدەکانی ئـەوان کار بکـەن وکارمـەنـدانیش نـە توانن بـە هەوەســـت خۆیان بۆچونەکانیان دەربڕن، بەلام لە هەندێک وڵات دەزگا چاپەمەنیەکانی رۆژنامەو گۆڤار وپەرتوک خاوەندارێتیان هی تایبەتی دەبێ بەلام لە ژێر چاودێریی توندی دەســەڵاتدا دەبێ تا لە خزمەت ســتراتیژیەتی دەوڵەت کار بکا و لە رێنماییەکانی دەرنەچێ .

هـەرچی دام ودەزگاکانی راگـەیـانـدنـە لـە وڵاتـانی رژێمی دیموکراســی بـە شێوەیەکی ترە، ئەویش ئەوەیە خەلک ئازادە لە هەبونی دەزگای راگەیاندن و کارکردنیان بە پێی یاســاکانی دارێژراو، بە پێێ دەســتور، کە تیایدا ماف

ودەســـەڵاتیان دیاری کراوەوخەلک بە ئازادی دەتوانێ شـــت بنوســێ ولە دەزگا بینین وبیســـتنەکانی تایبەتی خۆیان ئەوەی بیانەوێ بڵاوی بکەنەوە ، جگـە لـە مـافی خـاوەنـدارێتی مـافی دامـەزرانـدنی رێکخراوو ســـەنـدیکـای تایبەتیشیان هەیە تا بەرگری لە مافەکانیان بکا .

سێ جۆرە خاوەندارێتی لە وڵاتە سەرمایەدار ودیموکراتەکان هەن :

ا/ تایبەتی .کە خاوەندارێتیی بۆ کەسـێک یا چەند کەسـێک دەگەرێتەوە ، هـاوکاریـە داراییـەکـەش لـە رێگـەی رێکلام و هـاوکاریـەوە دەبن . ئـەم جۆرە کەرتە تایبەتیە بۆ گەلێک شێوە دابەش دەبێ کە بریتیە لە :

١/تایبەتی تاکەکەسێک .

٢/ هاوبەشی ، لە نێوان چەند کەسێک یا کۆمپانیایەکە.

٣ /هـەمـەجۆر ، خـاوەنـدارێتیی بۆ چـەنـد کـەســێک یـا کۆمـپـانـیـایـەک دەگەرێتەوە کە لە هەموو جۆرەکانی راگەیاندن کار دەکەن

٤/تێکەڵاو ، کارکردنی چەند کەسـێک یا کۆمپانیایەک بەیەکەوەکە جگە لە بواری راگەیاندن لە چەند بوارێکی تریش کار بکەن.

ب/ گشتی یا حکومی .

مولکیـەتی ئـەم جۆرە دەزگا راگـەیـانـدنـە بۆ حکومـەت دەگـەرێتـەوەو لـە ژێر رێنما وبەرنامەی حکومەت کار دەکا ، کاریگەری ئەم جۆرە راگەیاندنانە لە نێو جەماوەر کەمە ، زیاتر ئاراستەی دەرەوەی هەرێم یا دەوڵەت دەکا .

ج/ تێکەڵاو .

ئەمەش بە هاوبەشــی حکومەت وکەرتی تایبەت هەندێک جۆر لە دەزگای راگەیاندن هەن.

-----------------------------------------------

## پرۆپاگەندەی سیاسی

-----------------

پرۆپاگەندە وەکو پێناسە.. ( بریتیە لە دروست کردنی بۆچونێک لای جەماوەر، جا ئەو بۆچونە راست بێ یان نا ، بۆ ئەوەی کار بکاتە سەر گۆرینی راو بۆچونەکانیان لە بەرژەوەندە خاوەنی پرۆپاگەندەکە، بۆ وەدەست هێنانی متمانەی بیسەرو بینەر)

ئەمەش دیارە بە هەمو شێوەیەک مەبەست گەیاندن و ئاشکرا کردنی ئامانج وماهیەتی لایەنەکە کە بە جەماوەری را دەگەیەنێ لە پێناو وەدەست هێنانی دەنگەکانیان .ئەم کارەش دیارە لە رێگەی هەموو جۆرەکانی راگەیاندنەوە دەکرێ ئەوەی بیستراو و بینراوو خوێندنەوە.

شێوازی کارەکە، بەکارهێنانی هێماو وشەی ناسک وجوان بۆئەوەی ئاراستەو رەفتاری جەماوەر لە بەرژەوەندی خۆیان بگۆرن .

ل ێرە دەبێ وشیار بین لە جیا کردنەوەی پرپاگەندە لە راگەیاندن کە هەردوکیان هەندێک خاڵی هاوبەشیان هەیە لەگەل خاڵی جیاوازی ، کەوابێ چۆن لەیەکیان جیا دەکەینەوە ؟

١/ راگەیاندنی سیاسی پشت بە راستیەکان دەبەستێ و ئەوەی رویداوە دەیگێرێتەوە بێ خستنەسەر ولێ کەم کردنەوە ، هەرچی پرۆپاگەندەیە ئەولایەنی باشە لە خۆیدا هەن جەختیان لەسەر دەکاتەوە، لایەنە خەراپەکانی خۆشی بەلارێدادەبا، لایەنە خەراپەکانی بەرانبەریش تۆخیان

دەکا ، پرۆپاگەندە راستیی کەمە وچەواشەکردنی جەماوەرە تەنها مەبەستی سود وەرگرتنی تایبەتی خۆیەتی .

٢// راگەیاندنی سیاسی بریتیە لە گواستنەوەی واقیعەکە جا هەرچۆنێکی بێ روداوەکە وەکو خۆی دەگێرێتەوە ، هەرچی پرۆپاگەندەی سیاسیە گوێ بە واقیع نادا تەنها مەبەستی سود وەرگرتنی خۆیەتی لە هەر روداوێک بۆیە وێنەیەکی دوور لە واقیع بە بینەران نیشان دەدا .

خالە هاوبەشەکەیان ئەوەیە کە هەردووکیان لە رێگەی هۆکارەکانی راگەیاندنەوە پەخش وبڵاو دەکرێنەوە کە بریتین لە هۆکاری بینین و بیستن و خوێندنەوە.

## دروست بونی سیاسیانەو هۆکارەکانی راگەیاندن

----------------------------------------------

دروست بونی سیاسیانەی مرۆڤ.. (بریتیە لەو گۆڕانکاریە کۆمەلایەتیانەی کە بەســـەر تاکی کۆمەڵدا دێ لە ئەنجام لە روی ســـیاســـی وکۆمەلایەتی گەشە دەکاو لە دەوروبەری خۆی بە هەستیارتر لێ تێدەگاو دەبێتە خاوەنی هەلوێستی تایبەتی خۆی لە پرسە سیاسیەکاندا ) .

کاریگەری هۆکارەکانی راگەیناندن لەسەر دروست بونی سیاسیانە ؛

گومانی تیا نیە رۆڵی راگەیاندن لە کارتێکردن ودروســـتبونی ســـیاســـیانەی مرۆڤ لە رۆلی خێزان کەمتر نیە ، هۆکارەکانی راگەیاندن کە لەســـەروی هەمویانەوە تەلەفزیۆن وەکو میوانی هەمیشـــەیی مرۆڤە لە مالی هەموو کەسێکدا میوانە ، لە قۆناصی مندالی بەتایبەتی رۆلێکی بەرچاوی هەیە لە پێگەیاندن وبەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری منداڵ ، سەلمێندراوە کە ئەو مندالانەی رۆژانە کاتی زۆرتر لەبەر تەلەفزیۆن بەسەر دەبەن لەو مندالانە زیرەک ووشـــیار ترن بەتایبەت لە پرســـە ســـیاســـیەکان وزانیاریەکانی دەوروبەر، لەو مندالانەی دورن لە تەلەفزیۆن .

کاریگەری هۆکاری راگەیاندن بە سێ قۆناغ تێپەر دەبێ :

١/ قۆناغی کاریگەری پێزانین :

ئەو دیراســـانەی لەم بوارە کراون دەرکەوتون کە هۆکارەکانی راگەیاندن کاریان کردۆتە ســەر پێدانی زانیاری وبەرزکردنەوەی ئاســتی وشــیاری ، لە رێگەی پێزانین وشیار بونەوەو فراوان بونی ئەقلیەتی مرۆڤ ئاستی سیاسی ووشیاریی بەرەو پێش دەچێ ومرۆڤ لە روی سیاسیەوە پێدەگا .

٢/ قۆناغی کاریگەری سۆزداری :

ســەلمێندراوە کە راگەیاندن کار دەکاتە ســەر هەســت ونەسـتی مرۆڤ هەر بۆیــە لــە پێنــاو بزوانــدن و کــارکردنــە ســـــەر ســـۆزی مرۆڤ راگــەیــانــدن بەکارهێندراوە بەتایبەتی لەو قۆناغەی کە مرۆڤ کار بە هەســـت وســـۆز دەکا . ئەوە ســـەلمێندراوە هەرکاتێک لایەنە ســـیاســـیەکان پێویســـتیان بە گۆڕانکاریە ســیاســیەکان بوبێ لە رێگەی کارکردنە ســەر هەسـتی جەماوەر توانیویانە کەش وهەوای سیاسیی ناوچەکە بگۆرن .

٣/ قۆناغی رەفتار، ئەم قۆناغەی مرۆڤ مەبەست وگرنگترین قۆناغەکانی کاریگەری راگەیاندنە ، کە لەم قۆناغەدا بەهۆی ئەو کاریگەریانەی پێشـــتر رەفتـار ورەوشـــتی هـاوڵاتی دەگۆردرێ ، دیـارە ئـەمـەش تـەرجومـەیـەکی ئـەو قۆنـاغـانـەی پێشـــوە کـە کـاریـان کردۆتـە ســـەری وبۆتـە مـایـەی ئـەوەی رەفتارەکان بگۆرن و بەشـــداریەکی کارای لە بەرنامەی گۆڕانکاریدا هەبێ کە تاقە ئامانجی ئەو هەڵمەتە بوە .

## ڕەوشی سیاسی وپەیوەندیی سیاسی

-----------------------------

لە وڵاتە دیموکراسـیەکان کاتێک هەڵـــمەتی هەڵبژاردن دەســت پێدەکاو پوختەکراوە ســیاســیەکان ( النوخبە سـلیاسـیە) مامەلەی توند لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەکەن، پەیوەندیەکانیان لەگەڵیان توند وتۆل و خۆش گوزەران دەبێ، هێنانە بەرچاوی ســیاســەتمەدارەکان لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا کاریگەری باشــی لەســەر داهاتوی ئەو کەســە دەبێ ، هەروەها لە کاتی قەیران و دروست بونی کێشەکانی سیاسی لە وڵات دیسـان نوخبەی سیاسی بە گور لەگەل هۆکارەکانی ڕاگەیاندن پەیوەندی وهاوکاریان دەبێ ، ئەو کات بە هەر شێوەیەک بێ ئەوان هەولی ئەوە دەدەن کە ســود لەو هۆکارانەی ڕاگەیاندن وەربگرن ، ئەوەش بە پێچەوانەی دەوڵەتانی سیسـتەمی تۆتالیتاریە، چونکە لەو دەوڵەتانە هەمو شـتێک لە خزمەت ســەرکردەکاندایە ئەوانەی بە هەر شــێوەیەک بوبێ توانیویانە دەست بگرن بە دەسەڵات چ لە ڕێگەی کودەتا یا زۆرەملێ وهەرشێوەیەکی تر بێ ئەو کات هەمو تواناکان لە خزمەت ئەواندایەو کار بە پێچەوانەی وڵاتە دیموکراسیەکان دەبردرێ بەڕێوە ، چونکە لەو وڵاتانە (تۆتالیتاریزم ) دەزگاکانی ڕاگەیاندن ناتوانێ بەشـداریەکی کارا لە پرۆســەی ژیانی سیاسی وڵاتدا بکا بە ئازادی، هەروەها هیچ ڕۆڵێک تۆمار ناکا لە دروســت کردنی ســەرکردەی ڕاســەقینەی وڵات چونکە تەنها لە خزمەت کۆمەڵێک لە

سـەرکردەی بەزۆر سـەپێندراو دا دەبێ ، هەرکاتێکیش بە هەر شـێوەیەکی بێ گۆڕانکاری سـیاسـی لە حوکمڕان دروسـت بو هەر بە ئۆتۆماتیکی ئەو دەزگا راگەیاندنە رو وەردەگێڕێ بۆ خزمەت ئەو گروپە نوێیەی دەسـەڵات دەگرێتە دەست .

ئەوەیە رەوشی سیاسی کار دەکاتە سەر رۆلی راگەیاندن لە دروست کردنی نوخبەی سیاسی وهەروەها لە گێڕانی رۆڵی خۆی لە پرۆسەی ژیانی سیاسی وڵات .

## راگەیاندنی قەیر انە سیاسیەکان

---------------------------

لـە کاتی رودانی تـەنگژەو قـەیرانی سـیاسـی کاری رۆژنـامـەگـەری کارێکی سەخت ودژوار دەبێ بۆیە تایبەتمەندێتیەکی خۆی دەبێ ئەوەتا قۆناغەکانی تێپەربونی راگەیاندن لە کاتی قەیرانە سـیاسـیەکاندا بە سێ قۆناغ ددیاری دەکرێ :

١/ قۆناغی هەرەمەکی :

بریتیە لەو قۆناغەی کە لە سـەرەتای دەسـتپێکردنی گیروگرفتەکان دان ئەو کاتەی هەندێک نیشـانەی سـەرهەڵدانی قەیرانەکان بەدی دەکرێن

گواســتنەوەی هەواڵەکان ئەوکات بە هەرەمی وبە شــێوەیەکی گشــتی و بێ بەرنـامە دەبن ، هەنـدێـک جـار هەواڵەکـان زیـان بە دەوڵەت دەگەیەنن چونکە پێشبینی داهاتویان نەبوە.

٢ /قۆناغی رێکخستنی کارەکان :

دوای ئـەوەی ئێراق کوێـت داگیر دەکا خـەلـک بـە پـەرۆشـــەوە بـەدوای هـەواڵـەکانـدا دەگـەرێ ، کە هـاوپـەیمـانـان لـە ١/١٧ /١٩٩١ دەســـت بـە هێرشـــکردنەکانیان دەکەن هەوالەکان گەرم وگوریان تێ دەکەوێ ئەوکات دەبینین کە چۆن کێبەرکێی راگەیاندنەکان دەســت پێ دەکاو بە ملیۆنەها خەلک بە دیار شـــاشـــە بچوکەکەی تەلەفزیۆنەکانیان دادەنیشـــن وبە درێژایی شـەوو رۆژ دەستیان لێی بەر نابێ ئەوکات کەنالەکانی (سی ئن ئن ) والحزیرە و العربیە بەو پەری تواناو گەرمیەوە دەچنە مەیدانی روداوەکان وگواســتنەوەی روداوەکان لە بریاردانەکان بە خێراتر دەگەنە هاولاتیان ، لەم قۆناغـە دەزگاکانی راگەیاندن دەبێ بۆ روماڵکردنی هەوالەکان هەموو تواناکانیـان بخـەنـە گـەر ، ئـەوجۆرە رۆژانـە بـە رۆژی تـاقیکردنـەوەو رۆژی بریـاردانی جـەمـاوەر دەزانن ، بۆیـە دەبینین کـە بـە دەیـان رۆژنـامـەنوس و پەیامنێری راگەیاندنەکان لەو جۆرە شـــەڕانە ســـەریان داناوە بە دەیان کەوتونەتە دەســـت لایەنێک کە تامی مرۆڤایەتیی نەکردوە بە بێویژدانانە ئەو پەیامنێرانـەیـان کوشـــتوەو لـە نـاویـان بردون یـا هـەنـدێـک جـاریش بـە نادەستی بە گوللەی دۆستەکانیان کوژراون .

٣/ قۆناغی گونجان لەگەل دۆخەکان وواقیعە نوێکە :

لەم قۆناغەدا ئەو کاتەی شـەڕە گەرمەکە کۆتایی دێ دەزگاکانی راگەیاندن بـە هێمنی ولـەســــەرەخۆ دەتوانن کارەکانیـان بـە رێکوپێکی وبـە هـاوکاری وهەماهەنگی لەگەل لایەنە بەرپرسیارەکان بەرێوە ببەن .

ئامانجی ستراتیژی راگەیاندن لە کاتی قەیرانەکانی سیاسیدا :

وەکو پێشـتر باسـمان لێوە کرد کە لە کاتی دروسـت بونی قەیرانی سـیاسـی توانـاو وزەی تـایبـەتیی گـەرەکـە بۆ مـامـەلـە کردن لـەگـەل هـەوالـەکان و روماڵکردنی روداوەکان وەکو خۆی و لە کاتی خۆیدا، لە پەنای ئەم کارەی دەزگاکانی راگەیاندن دو مەرامی سەرەکی هەن کە دەکرێ بڵێێن :

١/ لـەم جۆرە رۆژانـە دەوڵـەت وبـەڵکو جـەماوەریش لـە هـەمو کاتێک زیـاتر بەســــر هەوالەکان وپەیامنێر ودەزگاکانی راگەیاندندا چاودێرن، بۆیە وا پێویســـت دەکرێ کـە ئـەوپـەری توانـاکان بخرێنـە گـەر بۆ ئـەوەی توانـاو کاریگەری خۆیان نیشــانی کاربەدەســتانی حکومی وجەماوەر بدەن ، بۆ وەدەست هێنانی متمانەی ئەوان .

٢/ مەرامی دوەمی ئـەم گـەرم وگوریـەی توانا بەخشــینەکە بۆئەوەیە لـەم رۆژە گەرمانەدا کە قەیرانی ســیاســی دروســت دەبن هەموو دەزگاکان لە کێبرکێـدان بۆ هـەرچی زوترە هـەوال و روداوەکـان بگوازنـەوە ، ئـەوان لـە کێبرکێدان کە یەکەم دەزگا بن خەلکی لە شـاشـەکەی ئەوانەوە روداوەکە

ببیستێ وببینێ بەم شـێوەیە لە دەزگاکانی تر دەباتەوەو دەبێتە سـەرچاوەی باوەڕپێکراوی جەماوەر لە کاتەکانی ئارام وهێمن دا .

---------------------------

# بەشی چوارەم

## ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان

# ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان

## ڕێکخستنی نێودەوڵەتی

-----------------------

پێناسـەی ڕێکخسـتنی نێو دەوڵەتی بریتیە لە ڕێکخسـتنی کاری دەوڵەت بە هەمـاهەنگی لەگەڵ دەولەتـانی دونیـا ئەم کـارەش لە ڕێگەی ڕێکخراوە نێودەولەتیەکانەوە ڕاهی دەکرێ.

ڕکخراوی نێودەولەتی بەو قەوارە دەوترێ کە لانی کەم سـێ دەولەت یـابا زیاتر بەیەکەوە دانیشـن لەسـەر چەند پرسـێک و بۆ مەبەسـتێکی هاوبەش ڕێک بکەون ئەم ڕێککەوتنە دەخرێتە  چوار چیوەیەکی یاسـاییەوە لە ژێر نـاوی ڕێکخراوێکی نێودەولەتی ،مەبەسـتی سـەرەکیش لەم ڕێکخراوانە هەماهەنگی و یەکخسـتنی تواناکان و هـاوکاری لە بوارە جیـاجیـاکانە کە سـود بە وڵات و هاوڵاتیان دەگەیەنێ لەسـەر بنەمایەکی هاوبەش و هاوتا لەسـەروی ئەم ڕێکخراوانە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان دێت. کە زیاتر

له ٢٥٠ ڕێکخراوی نێودەولەتی هەن ئەنـدامەکانی دەولەتـانن، هەروەهـا ٦٠٠ ڕێکخراوی نێودەولەتیش ئەندامەکانی کەسایەتیی ناحکومین .

بیرۆکەی دامەزرانـدنی ڕێکخـراوی نێودەولەتی یەکەمین جـار لە یۆنـان سـەرهەڵـدەداو ئەوروپیەکـان لە نمونەی بییردوبوا وایمیریـک وێنەی بۆ دەکێشـا بەلام تا سـەدەی نۆزدەهەم بە تەواوەتیش لە دوای شـۆڕشـی فـرەنسی دانامەزرێ.

لە راسـتیشـدا ئەم بابەتە لە دێر زەمانەوە کەرەسـتەو هەوێنی هزرو بیری سـیاسـەتمەداران بوە ، هەر جارەی کە شـەڕو ئاژاوە لە نێوان گەلان ودەوڵەتـان رویـداوە ، دوای کـپ بون وکۆتـایی هـاتنی ، بیریـان لـە ڕێگـە چارەیـەک کردۆتـەوە بۆ ئـەوەی ئـەم جۆرە کارەسـاتانـە دوبـارە نـەبنـەوەو خەلک و کەسانی سڤیل وبێ گوناە نەبنە سوتەمەنیی تەماح وچاوبرسێتیی هەندێک لایەن ، بەلام ئەم بیرۆکانە لە چوار چیوەی بەسـتنی هەندێک کۆنگرەو هـاوپـەیمـانی لـە نێوان لایـەنـەکان تێپـەری نـەکردوە ئـەمـەش نەبونەتە مایەی ئەوەی چیتر کارەسـاتەکان دوبارە نەبنەوە ، بۆیە چەند بارە بونەوەیان وەکو کارێکی ئاسایی لێهاتبو .

## جۆرەكانی ڕێكخراوە نێودەوڵەتیەكان

--------------------------------

دابەشـكردنی ڕێكخراوە نێودەوڵەتیەكان لەسـەر چەند بنەمایەك دابەش دەكرێن و لەیەك جیا دەكرێنەوە :

**یەكەم/** لەسەر بنەمای حكومی و ناحكومی:

**١/ ڕێكخراوە گشتییەكان** (ڕێكخراوە حكومیەكان IGOs.

ئـەم جۆرە ڕێكخراوانـە خـاوەن كەسـایەتی سـەربەخۆی خۆیـانن ، تایبەتمەندی كارەكانیان فرە بوارە هەمو كێشـەو گرفتەكان دەگرنەخۆ بەڵام لە ناو خۆیاندا بۆ هەر بوارێک فەرمانگەیەكی تایبەتی دامەزراوە. زیاتر ئەم ڕێكخراوانە حكومی و فەرمین واتە نێو دەوڵەتین بە نمونە ( ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتوەكان UN، ڕێكخراوی ئاسـایش و هاوكاری ئەوروپی OSCE، ئەنجومەنی ئەوروپاCOE ، ڕێكخراوی كاری نێودەولەتیILO، ڕێكخراوی پۆلیسی نێودەولەتی INTERPOL گروپی راوێژكاران بۆ لێكۆڵینەوە كشتوكالیەكانی نێودەولەتی CGIAR ).

**٢/ ڕێكخراوە تایبەتیەكان** یا ( ناحكومیەكان) INGOs

ئەم ڕێكخراوانە ناحكومین بەلام لەسەر ئاستی نێودەولەتی كار دەكەن و بەسەر چەند بوارێكدا دابەش دەبن :

ا/ ڕێکخراوەکانی ئابوری .

ب/ ڕێکخراوی هونەری .

ج/ڕێکخراوەکانی کۆمەلایەتی و مرۆیی که زۆر له بوارەکانی خزمەت گوزاری دەگرێتەوە وەکو خاچی سوری نێو دەولەتی و ڕێکخراوی پزیشکانی بێسنور..

د/ ڕێکخراوەکانی سیاسی .

هەر یەک لەم ڕێکخراوانە تەنها کار لەسەر ئەو کێشەو گرفتانە دەکەن کە تایبەتن بە پیشەو تایبەت مەندێتیە کانیانەوە .

**دووەم** / دابەش بون لەسەر بنەمای دەسەڵات ، ئەمەش سێ جۆری هەیە:

ا/ دەسەڵاتی کۆکردنەوەی زانیاری وئاگادار کردنەوە .

ب/ دەسەڵاتی چاودێری وهەندێک سزای سوک .

ج/ دەسەڵاتی بالا بەسەر ئەو دەوڵەتانەی ئەندامن ، هەندێک جار دەسەڵاتیان بەسەر دەوڵەتە نا ئەندامەکانیشدا دەبێ .

**سێیەم** / دابەش بون لەسەر بنەمای جوگرافی.

ئەمەش رێکخراوەکان لەسەر بنەمای هەرێم یا کشوەر یا نێو دەوڵەتی دابەش دەکات.

**چوارەم** / دابەش بون لەسەر بنەمای شێوەی هاتنە ریز .

دیارە کە هەندیک رێکخراو لەسەرەتای دامەزراندنیانەوە لە ژێر ناوی پەیماننامەی کراوە بەچەند مەرجێک رێگە بە ودەوڵەتانە دەدەن کە دوای دامەزراندنیان سیفەتی ئەندامێتی وەدەست بێنن و ببن بە ئەندامی تەواو ، بەلام هەندێک لە رێکخراوەکان لەسەرەتای دامەزراندنیان لەسەر ئەوە رێک دەکەون کە ئەم دەرگایە بەروی دەوڵەت و داواکاریەکانیان دابخەن ، لە رێگەی سەپاندنی مەرجی قورس بەسەریانەوە، بەم رێکخراوانە دەوترێ رێکخراوی داخراو .

شێوەی رازی بونی دەوڵەتانی ئەندام لە رێکخراوە نێو دەوڵەتیەکان بۆ وەرگرتنی ئەندامی نوێ چەند شێوەیەکی هەیە ، لە هەندێک رێکخراو ئەمە لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی جێبەجێکردن دەبێ ، لە هەندێکی تر لە رێکخراوەکان وێرای رەزامەندی ئەنجومەنی جێبەجێ کردن دەبێ ئەنجومەنی گشتیش رەزامەندی لەسەر وەرگرتنی ئەندامە نوێکە بدا ، هەروەها لە هەندێک لە رێکخراوەکان وەرگرتنی زۆرینەی دەنگەکان واتە ٥٠ کۆ یەک بەسە بۆ ئەوەی داواکاریەکە رەزامەندیی لەسەر وەربگیرێ بەلام لای هەندێک لە رێکخراوەکان دەبێ هەموو ئەندامە کۆنەکان رەزامەند بن و تەنها لاری بونی یەک ئەندام بەسە بۆئەوەی ئەو دەوڵەتە نوێیە لەم رێکخراوە وەرنەگیرێ و داوایەکەی رەت بکرێتەوە ، نمونەی ئەم

جۆره رێکخراوانه رێک دەکەون لەسەر ئەوەی ، بۆ وەرگرتنی دەوڵەتی نوێ دەبێ سەرجەم دەوڵەتەکانی تر رازی بن ، بەنمونه داواکاریەکەی تورکیا بۆ به ئەندام بون له یەکیەتی ئەوروپا که ماوه زیاتر له ٥٠ ساڵه بەدیار ئەم داواکاریه له چاوەروانیدایه وتا ئێستا نەیتوانیوه رەزامەندی سەرجەم دەوڵەتان وەربگرێ له سەروی هەمو نارازیەکان فرەنسایه، که به هۆی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ وئاماده نەبونی دەسەڵاتی تورکیا له ئەنجام دانی چاکسازی له بواری دیموکراسی ومافەکانی مرۆڤ ئەم داواکاریەی تورکیا رەت دەکاتەوه، ئەمانه هۆکاری دیارن ، هۆکاری شاروەش هەن .

## هەول و چالاکیەکان بۆ رێکخستنی نێودەوڵەتی

بیرۆکەی دامەزراندنی ئەم جۆره رێکخراوانه بۆ کاتێکی دور دەگەڕێتەوه بەڵام له روی مەیدانیەوه بۆ ئەوکاته دەگەرێتەوه که دوای ئەوەی شەڕەکانی ناپۆلیۆن تەواودەبن ئەم جارەیان به جدیتر کار بۆ پرۆسەی رێکخستنی نێو دەوڵەتی دەکرێ ، هەولەکان له چەند بواری جیا جیادا بەدی دەکرێن لەوانه :

١/ له ساڵی ١٨١٤ و١٨١٥ له کۆنگرەی ڤیەننا چەند بریارو رێککەوتنێک بۆ ئەم مەبەسته ئەنجام دەدرێن.

٢/ پەیماننامە بەناوبانگیەکەی هەرچوار دەوڵەتە مەزنەکە ( روسـیا ،بروسـیا ، نەمسا، بەریتانیا) کە بەناوی هاوپەیمانی پیروز واژۆ دەکرێ، لە راسـتیشـدا مەبەسـتی سـەرەکیی ئەو هاوپەیمانێتیە بۆ پشـتگیریکردنی پادشاکان بو لە یەکتری، لە پێناو مانەوەیان لە دەسەڵات و لە سەرەوەشدا بە پاساوی پاراستنی هاوکێشەکانی هێز بو .

٣/ یەکەم کۆنگرە بۆ رێکخستنی هێزەکانی دەوڵەتان هەولدان بو لە بواری ناسیاسی لەوانە بواری پیشەسازی وکۆمەلایەتی .

٤/ دۆزینەوەی ئامێری هەڵمی رۆڵێکی بەرچاوی بینی لەم بوارە ئەم ئامێرە کاریگەری زۆری بەسەر گۆڕانکاریەکاندا هەبو چونکە ئاستی بەرهەمهێنانی گواسـتەوە بۆ ئاسـتێکی بەرز وفاکتەرو بەرنامەکانی کۆن گۆرانی زۆریان تێکەوت .

٥/ دیسـان لە بواری دەریاوانی وکەشـتیگەلی یەوە قۆناغییێکی باشـی بری ،کە ئەمەش بۆ گەیشـتن بەدەوڵەتان ودۆزینەوەی کانزاو کارگەی وەبەرهێنان سودی لێ وەرگیرا .

لەسەر ئاستی بەرپرسە سیاسیەکان لەسەر ئەوە رێک کەوتن کە رێگری لەیەکتری نەکەن لە بەکار هێنانی ئاوی دەریاکانی سـنور وڵاتانیان ، کەشـتیەکان هاتو چۆی پێیدا بکەن ورێگریان لێ نەکەن، بۆ ئەم مەبەسـتەش چەند یاسـاو رێنمایەکیان ئامادە کردو لەسـەری رێککەوتن چونکە بۆ هەمو لایەک سودی هەبوە .

٦/ هەر لە پێنا وئەم مەبەستە لیژنەی هاوبەش لە نوێنەرانی پیشەوەرو حکومەتەکان پێک هێنران ، ئەمەش هەنگاوێکی تری رێکخستنی نێو دەوڵەتی بوە.

٧/ دوای ئەوەی لیژنەی نێودەوڵەتی بۆ کاروباری بازرگانی و هاتوچۆی دەریاوانی دادەمەزرێن چەند کۆنگرەو هاوپەیمانێتیەک لە پێناو بە نێودەوڵەتی کردنی دەریاو کەنداوەکان دروست دەبن لەوانە رێککەوتننامەی ساڵی ١٨٢٩ لە نێوان روسیا وعوسمانیەکان، بۆبە نێو دەوڵەتی کردنی بەنداوو کەنالە ئاویەکانی تورکیا ، هەروەها دواتر بۆ روباری راین وکۆنگۆ وکەنالی سوێس ودانوپ هەمان رێککەوتن ئەنجام درا.

٨/ بوارێکی تری رێکخستنی نێودەوڵەتی لە رێگەی دامەزراندنی یەکیەتیەکانی پیشەسازی بو لەسەر ئاستی دەوڵەتان ، کە بەریتانیا بۆ یەکەم جار پول بەکاردێنێ لە ١٨٤٠ دوای ئەوە وڵاتانی تر چاوی لێدەکەن بۆیە بە پێویست زانرا هەماهەنگی وهاوکاریەکیان لە نێوانیاندا هەبێ، ئەوەبو بیریان لە دامەزراندنی یەکیەتی پۆستە وگەیاندنیان کردەوە، دوای ئەوە ئیتر پیشەو توێژەکانی تریش بیریان لەم جۆرە سیستەمە هاوکاریە کردەوە کە یەکخستنی ئامرازو رێنماو سیستەمەکانن، لە بواری ئەدەبی ومولکداری وپیشەی شەمەندەفەرو هی تریش رێکخراوی هاوبەشیان دامەزراند وتیایدا بون بە ئەندام .

٩/هەر لەم بوارە دا پاش دامەزراندنی ئەو چەند رێکخراوو یەکیەتی و کۆبەندانە چەند لیژنەیەک دامەزرێندران بۆ ئامادە کاری بەستنی چەندین

کۆنگرە وەکو کۆنگرەی لاهـای و کۆنگرەی بۆن کـە لـە ١٨٩٩ و ١٩٠٧ بـەسـتران لـەم کۆنگرانـەدا، لـە یـەکـەمیـان ٢٦ دەوڵەت ولـەویتریـان ٤٤ دەوڵەت بـەشـدارپی تێدا دەکـەن ، بـە چـەنـد بریـارێـک لـەم کۆنگرانـە دەردەچن لەو بریارانە :

ا/ چارەسەری کێشەکان لە رێگەی ئاشتیانە .

ب/ دانانی سـنورێک بۆ چەکی بەکارهێنراو لە شـەرەکانی نێو دەوڵەتەکان وناوەخۆش .

ج/ قەدەغە کردنی هەندێک چەکی کۆکوژ .

د/ دامـەزرانـدنی دادگـایـەکی نێودەوڵەتی لـە لاهـای بۆ لێکۆڵینـەوە لـە تاوانەکانی جەنگ لە جیهاندا ودادگایی کردنی تاوانباران .

مەبەست لە دامەزراندنی ئەم رێکخراوانە بەگشتی بۆ ئەم ئامانجانەیە:

١/ بـانگێشـکردنی دەولەتـانی دونیـا بـۆ بەرقەرارکردنی ئـاشـتیەکی سـەرەتاسـەری و دۆسـتایەتی لە نێو دەولەتان بەبێ جیاوازی دورو نزیک یا ئاین یا نەتەوە یا بیرکردنەوەی سیاسیی.

٢/ رەتکردنەوەی هەر جۆرە جەنگێک لە نێوان دەولەتان .

٣/ جەخـت کردنەوە لەسـەر مافەکانی مرۆڤ و پیـادەکردنی بڕیـارەکانی جاەنامەی مافەکانی مرۆڤ کە مرۆڤ ئازاد بێ لە نیشـتمانەکەی بە ئازادی بژی و بەزۆر رانەگواسترێتەوە..

٤/ خاوەنداریتی ئەوانە بکەن کە بەزۆر رادەگوازرێنەوە یا لەبەر شـــەڕو ئاشوپ شەپۆلی کۆچبەران دەست پێدەکا و دابین کردنی پێداویستیەکانی بژێویان تا دۆخی ولاتەکانیان ئاسایی دەبێتەوەو دەگەڕێنەوە زێدی خۆیان.

٥ /خســـتنە روی پرســـە گرنگەکانی روودراو لەســـەر گەلان بۆ دۆزینەوەی چارەسەری بۆیان.

٦/ هاوکاری کردنی دەولەتانی رووبەروو بوەوە ی کارەساتە سروشتیەکان وەکو لافاو و بومەلەرزە و گڕکان...

٧/ هەماهەنگی لەگەڵ هەر کەســـایەتی یا قەوارەیەکی دیکە کە مەبەستیەتی یارمەتی لێقەوماوان و روداوەکان بکا.

# ئەندامێتی لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان

---------------------------------

جۆری ئەندامێتی لە ڕێکخراوە نێو دەوڵەتیەکان بە دوو جۆرە :

**ا/ ئەندامێتی رەسەن**

**ب/ ئەندامێتی بە شێوەی وەرگرتن و دانان .**

لەسەرەتای دامەزراندنی هەر ر ڕێکخراوێک لەسەر چەند مەرجێک ڕێکدەکەون بۆ وەرگرتنی ئەندامانی نوێ ، لەگەل ئەمەشدا هەموو دەوڵەتێک بۆی نیە ببێتە ئەندام لە سەرجەم ڕێکخراوە نێو دەوڵەتیەکان تەنها ئەوانە نەبن کە مەرجی ئەندامێتی دەیانگرێتەوە . هەندێکیان سیفەتی ئەندامێتی بە سەرجەم دەوڵەتەکان دەدەن هەندێکیشیان بە گوێرەی جوگرافی وتایبەتمەندێتی ئەندامەکان وەردەگرن، بەنمونە ڕێکخراوی یەکێتی ئەفریکی تەنها ئەو دەولەتانەن کە دەکەونە کشوەری ئەفریکا یا کۆمکاری دەولەتانی عەرەبی یا ڕێکخراوی دەولەتانی کەنداوی عەرەبی، یا یەکێتی ئەوروپا، بۆیە دەبینین بۆ وەرگرتنی ئەندامانی نوێ لەو ڕێکخراوە

نێودەوڵەتیانە چەند مەرجێک هەن بە گوێرەی تایبەت مەندی ئەو ڕێکخراوە دەگۆڕدرێ لەوانە :

**یەکەم/ ئەندامێتی بە شێوەی دانان (ئینتساب)**

هەندیك ڕێکخراو بۆیان هەیە مامەلە لەگەل هەندێک قەوارەی سیاسی بکەن کە هێشتا سیفەتی دەوڵەتیان وەرنەگرتوە، وەکو قەوارەی ئۆتۆنۆمی ئەمەش دەرفەتێکە بۆ ئەو قەوارانە کە بۆ داهاتوو کاتێک دەبنە دەوڵەتی تەواو گەشە بەم بوارە بدەن وببنە ئەندامی تەواو .

لە روێکی تریشەوە هەندێک ڕێکخراو هەن کە بەدەر لە مەرجەکانیان هەندێک دەوڵەت لە ڕێکخراوەکانیان وەردەگرن و وەکو ئەندامی ئینتساب مامەلەی لەگەلدا دەکەن بێ ئەوەی لە سنوری جوگرافیای ئەوان بێ و مەرجەکانی ئەندامێتی یا ئینتسابی بیان گرێتەوە ، ئەمەش وەکو ئەندامێتی کەنەدا وئەمریکا لە ڕێکخراوی ئەروپی بۆ هاوکاریی ئابوری کە لە ساڵی ١٩٥٠ وە کار بەم سیستەمە دەکەن ، ئەمە بۆ ڕێکخراوێکی ئابوری هەروەها ڕێکخراوە پیشەییەکانیش وەکو ڕێکخراوی تەندروستی ویەکیەتی نێودەوڵەتیی گواستنەوەو بەسیم وبێسیم. ئەم ڕێکخراوە لەبەر گرنگی وبایەخدانی بە بوارەکانی گواستنەوەو گەیاندن لە چەندین هەرێم وکشوەر بنکەو سەنتەری کردۆتەوە .

ئەم سیستەمەی کارکردن لە بە ئینتساب تەنها لە نێو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکاندا هەیە ، لە نێو نەتەوە یەکگرتوەکان تەنها ئەندامێتی تەواو هەیە بەلام بەم دواییە شێوەیەکی نوێیان دۆزیەوە بۆ مامەلە کردن لەگەل ئەو قەوارانەی هێشتا سیفەتی دەوڵەتیان وەرنەگرتوەو لە کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتوەکان بەشداری بکەن بە سیفەتی چاودێر ئەمەش وەکو فەلەستین بە نمونە .

ئەم شێوە ئەندامێتیە گەشەدەکا تا شێوەی چاودێری هەمیشەیی وەردەگرێ و چەند لق و بەشێک دروست دەکرێن وەکو :

١/ نێردەی چاودێریی وڵاتە نا ئەندامەکان لە نەتەوە یەکگرتوەکان .

٢/نێردەی هەمیشەیی بۆ ڕێکخراوە ناحکومیەکان ، وەکو لیژنەی راوێژکاری بۆ وەبەرهێنانی یاسایی لە ئاسیاو ئەفریکا ، کۆمەلەی ئابوریی ئەوروپی و بازاری ئەورووپیی هاوبەش .

**دووەم/ ئەندامێتیی هەمیشەیی .**

لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان ئەو ئەندامانە دەگرێتەوە کە هەمو مەرجەکانی دەوڵەتیان تیایە یا لەسەرەتای دامەزراندنی ڕێکخراوەکە دەبنە ئەندام ولەسەر پرۆتۆکۆڵەکە واژو دەکەون و رازی دەبن، یا بە ڕێگەی

داواكاری ، بەم شـێوەیەش هەموو مافەكانی ئەندامێتی وەدەسـت دێنن و پابەندی بڕیار و فەرمانەكانی دەبن . لە داهاتو بە رونتر دێینە سـەر ئەم باسە . كاتێكیش ئەم ئەندامێتیە لەدەست دەدا كە كە پابەندی بەندەكانی واژۆ لەسەر كراوەكەی خۆی نەبێ، .

هەندێک جاریش ئەندامەكان خۆیان كاتێک دەبینن ئەو مەبەسـتەی ئەو ڕێكخراوە بۆی دامەزراوە لە ئامانجەكانی دەردەچێ خۆیان داوای كشـانەوە لە ئەندامێتی ئەو ڕێكخراوە دەكەن .

-----------------------------------------------

## جۆرەکانی ئەندامێتی لەروی کەسایەتیەوە

---------------------------------------------

رێکخراوەکان دو جۆربۆ بەئەندام بونی لایەنەکانیان هەیە :

**ا/ ئەندامێتی حکومەتەکان.**

لە رێکخراوەکان ونوێنەری حکومەتەکان دەبنە ئەندام و نوێنەرایەتی حکومەتەکەیان دەکەن وپیادەی سیاسەتی حکومەتیان دەکەن ، لەم جۆرە نوێنەرایەتیە هەندێک رێکخراو ئاستی پلەی ئەو ئەندامانەش دیاری دەکا، بۆ نمونە بازاری هاوبەشی ئەوروپی دەبێ ئاستی نوێنەرایەتیەکە لە پلەی وەزیر بێ، هەروەها پەیماننامەی هاوبەشی بەرگری ئاستی نوێنەرایەتیی وەزیری دەرەوەو بەرگریی ئەو وڵاتانە دەبن ، ئەمانە پێیان دەوترێ نوێنەرایەتیی حکومی .

**ب/ نوێنەر ایەتی گەلەری.**

هەندێک لە رێکخراوەکان نوێنەرایەتی گەلیی دەوڵەتان دەکەن بە ئەندام یا بە تێکەلاوی، بە نمونە رێکخراوی کاری نێودەوڵەتی کە ئەندامێتیی هەر

دەوڵەتێک لە ٤ ئەندام پێک دێ دوانیان لە لایەن حکومەتەوە دەست نیشان دەکرێ و نوێنەرایەتی ساسەتەکانی حکومەت دەکەن، یەکێکیشیان نوێنەرایەتی خاوەن کار دەکا و ئەویتریان نوێنەرایەتی کرێکارەکان دەکا، بۆیە ململانێ وهەمەرەنگیەک لە بەرنامەکاندا بەدی دەکرێ .

## دام ودەزگا وفەرمانبەرانی رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان

---------------------------------------------------------

هەر رێکخراوێکی نێو دەوڵەتی بۆ بەرێوە بردنی کاروبارەکانیان دەبێ لە روی ئیداری وسیستەمی بەرێوە بردن وپێکهێنانی لەسەر چەند بنەماو رێنمایەکی یاسایی دابمەزرێن، پێکهاتەی هەر رێکخراوێکی لەم جۆرە لە سێ دەزگا پێک هاتوە :

١/ دەزگای گشتی .

٢/ دەزگای جێبەجێ کردن .

٣/ دەزگای ئیداری و بەرێوە بردن .

دەزگای گشتی لە نەتەوە یەکگرتوەکان بریتیە لە ئەنجومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتوەکان ، ئەندام بون لەم دەزگایەی رێکخراوی نێو دەوڵەتی لەسەر بنەمای هەر ئەندامێک بۆ یەک دەوڵەت دەبێ، کۆبونەوەکانیان

ساڵانە و بە ئامادە بونی سەرجەم ئەندامەکان دەبێ هەر ئەندامەی یەک دەنگی دەبێ بەبێ جیاوازی ، بریارەکانیش بۆ جێبەجێ کردن دەدرێنە ئەو دەزگایەی تایبەتە بەم پرسەوە لە نەتەوە یەکگرتوەکان، ئەنجومەنی ئاسایشە ، ئەنجومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتوەکان سەرۆکێک لە رێگەی دەنگدان هەلدەبژێرن بە رەچاو کردنی ناوچەو جوگرافیای ئەندامانی بەشدار، ئەمینداری گشتی یا سکرتێری گشتی ٢١ جێگری دەبێ هەریەکەی تایبەت دەبێ بە بوارو تایبەتیەک لە کارەکان و سەرپەرشتی ئەو لیژنانە دەکەن کە لەم رێکخراوەیە دەردەچێ .

دەزگای جێبەجێ کردن بریتی دەبێ لەو دەزگایە کە بریارەکانی ئەنجومەنی گشتی جێبەجێ دەکا، ئەندامێتی ئەو لیژنە یا دەزگایە لەسەر بنەمای هەر دەوڵەتەو یەک ئەندام نیە، بۆ نمونە ئەنجومەنی ئاسایشتی نێودەوڵەتی لە نەتەوە یەکگرتوەکان بریتیە لە ١٥ ئەندام ٥ یان ئەندامی هەمیشەیین ( ئەمریکا ، روسیا ، فرەنسا ، بەریتانیا ، جین ) جگە لەم پێنج ئەندامە بە شێوەیەکی دەوری ١٠ دەوڵەتی تریش دەبنە ئەندام کە ساڵانە ئالوگۆریان پێ دەکرێ، سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایش لەم ١٠ دەوڵەتە دەبێ کە بە دەوری دەبنە ئەندام . جێبەجێ کردنی بریارەکانی ئەنجومەنی گشتی لە ئەستۆی ئەواندا دەبێ .

شێوەی بریاردان بە دەنگدانی نهێنیە هەر یەک لەم پێنج دەوڵەتە هەمیشەییە مافی رەت کدرنەوەی هەر بریارێکیان هەیە کە ئەو ئەنجومەنە دەیدەن .

دەزگای ئیداریی ڕێکخراوەکان ، بریتی دەبێ لەو فەرمانبەرە نێودەوڵەتیانەی کاری ئیداری و بەڕێوە بردن دەکەن، ئەمان هەرچەندە لە ڕێگەی دەوڵەتەکانیانەوە دەبنە فەرمانبەر لەم ڕێکخراوەو لەم دەزگایە کار دەکەن، بەلام نابێ سیاسەتی دەوڵەتەکەیان لە کاتی بەڕێوە بردنی کارەکانیان جێبەجێ بکەن ، چونکە هەمو ماف وئەرکەکانیان لە ڕێگەی ئەم ڕێکخراوە نێو دەوڵەتیەوە دەبێ موچەو دەرماڵەکانیان وپارێزبەندیان ئەم دەزگایە لێی بەرپرسیارە، ئەمانیش دەکرێن بە سێ بەشەوەو لە روی پلەو ئاستی بەرپرسیارێتیان ، پلە بەرزەکان دەوڵەتەکان پێداگری دەکەن لەسەر دامەزراندنیان، بەلام ئەوانی تر لە ڕێگەی توانا وشارەزایی وپسپۆری خۆیان دەتوانن لەم شوێنە دابمەزرێن .

مەرجی کارکردنیان لەم ڕێکخراوانە ئەوەیە :

١/ دەبێ سیاسەتی ئەم ڕێکخراوە جێ بەجێ بکەن .

٢/ دەبێ لە خزمەت ئەم ڕێکخراوەداو بۆ خزمەتی کارە نێودەوڵەتیەکان کار بکەن .

٣/ دەبێ هەموو کاتەکانی بۆ کار کردن لەم ڕێکخراوە تەرخان بکا نابێ لەتەک ئەم کارە وەزیفیەیدا کارێکی تر بکا .

بۆیە هەموو مافە وەزیفی و ئیداری و بژێویەکانی لە لایەن ئەم ڕێکخراوە .

**دارایی رێکخراوەکان**

-------------------

هەر رێکخراوێک یا دەزگایەکی بەم شێوەیە پێویستیی بە داهات ودارایی هەیە بۆ بەرێوە بردنی کارو چالاکیەکانیان ودابین کردنی موچەی فەرمانبەرانی، با بزانین داهاتی و خەرجیاتی ئەم جۆرە رێکخراوانە لە چیەوە دێن و سەرچاوەکانیان بریتین لە :

ا/ئابونەی ئەندامان ،هەر ئەندامێکی نەتەوە یەکگرتوەکان چ ئەندام یا فەرمانبەری هەبێ لەم دەزگایە یان نا دەبێ هاوکاریی مادیی ئەم دەزگایە بکەن بۆئەوەی لە چارەسەری کێشە و گرفتەکانی دەوڵەتان بەشداری بکاو چارەسەریان بکا ، دیاری کردنی ئاستی ئەم ئابونەو هاوکاریانەش چەند بنەمایەک هەن کە لە سەرویانەوە توانای مادیی ئەو دەوڵەتەیە ، دەوڵەتانێک هەن توشی کارەساتی سروشتی دەبن یا داهاتی تاکی دانیشتوانیان لە ئاستێکی نزم دایە دەبێ رەچاوی ئەم مەسەلەیە بکرێ .

**ب**/داهاتی باج . ئەمەش کاتێک ئەم رێکخراوە یا دەزگایە بە ئەرکێک هەلدەستێ بۆ دەوڵەتێک دەبێ لە پای ئەم ئەرکە باج ورسومی تایبەتی بدا ، هەروەها کاتی رەت کردنەوەی دەوڵەتان لە دانەوەی ئەو رسوم و باجانەی لەسەریان سزا دەدرێن ئەمەش دەبێتە بەشێک لە داهاتیان .

ج/ داهاتی وەرگرتنەوەی قەرزەکان ، وەکو قەرز بۆ بەئەنجام گەیاندنی کارە کت و پڕیەکان کە لە ناکاو رودەدەن ، وێرای ئەم داهاتانە هەندێک بەخشین وپاداشت یا هاوکاریی تایبەتی دەبن کە هەندێک جار دەوڵەتان دەیدەن بۆ ئەوەی گەشە بە کاری دەزگاکە بدەن .

ئەمە بەشێک بو لە داهاتی دەزگاکان خەرجیەکانیش بریتیە لە موچەی فەرمانبەران وخەرجیی هاتوچۆی کارمەند ولیژنەکان یا ئەو خەرجیانەی بۆ کۆتایی هێنان بە کێشەکان لە کاتی روودانی دەستدرێژی و زیادەڕۆیی لەلایەن دەوڵەتانەوە ئەوکات ئەنجومەنی ئاسایش بریار دەدا بە دەستێوەردان وچونەناو بۆ ناوبژیوانی وسزادانی دەستدرێژکار لەم کردەوەیە.

بەم شێوەیە ئەم ێکخراوە یا دەزگایە کە بەشێکی گرنگی رێکخراوەکەیە سالانە دەبێ بودجەی بۆ تەرخان بکرێ وئەویش موازەنەو راپۆرتی خەرجی وداهاتی سالانەی خۆی ئامادەو پێشکەش بکا .

## دەسەڵاتەکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان

---------------------------------------------

ڕێکخراوە نێو دەوڵەتیەکان بەهۆی فرە جۆری وهەمەچەشنی تایبەت مەندێتیە کانیانەوە بە چەند جۆرێک دەسەڵاتەکان بە خۆیان دەبەخشن یا پێیان دەبەخشرێ، ئەم ڕێگەو جۆرانەش بریتین لە و پەیماننامەو ڕێککەوتن وکۆنگرە نێودەوڵەتیانەی بۆ ئەم مەبەستە دەبەستڕێن .

لەم ڕووەوە دوو جۆرە دەسەڵات هەن:

ا/ دەسەڵاتی دەستوری .

ب/ دەسەڵاتی جێبەجێ کردن .

**یەکەم / دەسەڵاتی دەستوری**

--------------------------

بریتیە لە دەسەڵاتی هەموار کردن ودانانی یاسای تایبەتی بە ڕێنما وبنەما ڕێککەوتننامەکانی دامەزراندنی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان ، کاری ئەم بەشەی دەسەڵات لە ڕێگەی یا دەنگدان یا ڕێککەوتن یا بەستنی کۆنگرە

دەگـەنـە رێککـەوتن وهـەموار یـا دەســـتکـاریـدەســـتوریی رێکخراوە نێودەوڵەتیەکە دەکەن .

چونکە کاری هەندێک لە رێکخراوەکان هەمەجۆرو دورە لە تایبەتمەندێتی لە یەک بابەت بەهۆیەوە رێککەوتن لەســـەر دەســـەڵاتەکان گەلێک جار کێشـــەو گرفت دروســـت دەبن ، وا پێویســـت دەکا ئەم رێکخراوە نێو دەوڵەتیە دەست بخاتە نێو کارە نێوخۆییەکان بەلام سنوری دەسەڵاتەکان دیاری دەکرێن و هەندێک جاریش تەنانەت ئەو دەوڵەتانەی ئەندامیش نین لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان کاتێک کێشـەیەک دروسـت دەکا یا گرفت و کێشـــەیەک دەیگرێتەوە نەتەوە یەکگرتوەکان بەپێی مادەی ٥١ لە دەستوری نەتەوە یەکگرتوەکان بۆی هەیە خۆی تێ هەلقورتێنێ ، هەر ئەم مەترســـیانەش بون کە ئەمریکا لە بون بە ئەندام لە نەتەوە یەکگرتوەکان بە قورسی چوە ناوی .

خۆی لـە راســـتیـدا نـەتـەوە یـەکگرتوەکان کـە بـە مـەزنترین وفـەرمی ترین رێکخراوی نێودەوڵەتی دێتـە ئـەژمار وەکو رێکخراوێک بـەســـەر شـــەش دەزگای ســـەرەکیدا دابـەش دەبێ کارەکانی لـە رێگـەی ئـەم دەزگایـانـەوە جێبـەجێ دەکاو دابـەشـی کردون ، هـەر یـەک لـەم دەزگایانـە دەســـەڵاتی ئەوەیان هـەیە لـەو شـــوێنەی کە پێویســـت دەکا لقێک لـە دەزگاکـەیان بکەنەوە بۆ ئاسانکاری و بەرێوە بردنی کارەکانیان ، دەزگاکانیش بریتین لە:

١/ کۆمەڵەی گشتی.

٢/ ئەنجومەنی ئاسایش.

٣/ ئەنجومەنی ئابوری وکۆمەلایەتی .

٤/ ئەنجومەنی راسپاردن .

٥/ ئەمینداری گشتی .

٦/ دادگای دادوەری نێودەوڵەتی .

ئەوەیە سنوری دەسەڵاتەکان بەلام سەرچاوەی دروست بونی ئەم دەسەڵاتانە چۆن دروست دەبن ؟ ئەمەش پرسێکی ترە کە لەکاتی دامەزراندنی رێکخراوە نێودەوڵەتیەکە دانوستان لە نێوان دەوڵەت یا حکومەت ورێکخراوەکە ئەنجام دەدەن وهەریەکەی لە ململانێ زیاتر وەدەست هێنانی دەسەڵاتەکانە بەلام دەوڵەت لە پێناو لەدەست نەدانی سەروەریەکانی وپاراستنی سەربەخۆیی سیاسیی خۆی پێ لەسەر هەندێک دەستێوەردان دادەگرێ ورێگە نادا دەست بخاتە ناو کارە ناوەخۆییەکان، چونکە بە تایبەتمەندی خۆی ودام ودەزگا حکومەتیەکەی دەزانێ .

**دووەم / دەسەڵاتی جێبەجێ کردن**

دەســەڵاتی جێبەجێ کردن کە بە پێی دەســتور ســنوری دەســەڵاتەکان دیـاری دەکرێن بۆ ئـەوەی لـە کـاتی پیـادە کردن وپراکتیزە کردنی برگـەو ڕێنماکانی کاری ڕێکخراوەیی توشی کێشەو لەیەک تێنەگەیشتن و زیادەڕۆیی وسنور بەزاندن نەبن .

کاتێک لە ١٩٦١ کاســترۆ ڕایگەیاند کە بڕوای بە ســۆشــیالیزم هێناوە، ئەمریکیەکان لەم ڕەفتارەی زویر وتەنگەتاو بون، نیازی هێرش کردنەسـەر کوبـایـان هـەبو بـە پـاســاوی جێبـەجێ کردنی مـادەی ٥١ لـە دەســتوری نـەتـەوەیـەکگرتوەکان کـە بـە بیـانوی مـافی بـەریۆنـانردن لـە خۆ بۆی هـەیـە هێرش بکاتە سـەر سـەرچاوەی مەترسـیەکان، کاسـترۆ داوا لە خرۆشـۆف دەکا کـە ڕۆکێتـەکانی بێنێتـە کوبـاو ڕووەو ئـەمریکـای دامـەزرێنێ ، بـەهۆیـەوە کێشـە لە نێوان هەردو زلهێزەکە سـەرهەلدەدا تا لەسـەر ئەوە ڕێک دەکەون کە ئەمریکا گرێنتی بە یەکیەتی ســۆڤیەت بدا هێرش نەکاتە ســەر کوبا لە بەرانبەردا سۆڤیەت ڕۆکێتەکانی بکشێنێتەوە .

بە شـێوەیەکی گشـتی ئەم دەسـەڵاتە لە ڕێگەی سـێ بەشـەوە جێبەجێ دەکرێ :

**یەکەم/ دەسەڵاتی توێژینەوەو کۆکردنەوەی زانیاری .**

ئەم دەسەڵاتە کارەکانی بە سێ ڕێگە ئەنجام دەدا :

ا/ له رێگەی کۆکردنەوەی توێژینەوەو دیراســـات که دەســـتەکه خۆی پێی هەڵدەستێ .

ب/ له رێگەی ئەو راپۆرت و زانیاریانەی له رێکخراوەکانەوە بۆیان دێن .

ج/ لـه رێگـەی ئـەو توێژینـەوەو راپۆرتـانـەی کـه دەزگاکـه خۆی لـه لیژنـەکانی خوارەوە داوا دەکات .

**دووەم/ دەسەڵاتی بەستنی گرێبەست و رێککەوتننامەکان .**

دوای کۆکردنـەوەی زانیـاریی تـەواو لـەســـەر بـابـەتێک ئـەوکاتـەی دەزگ دەگاتە ئەو بڕوایە که بەســتنی گرێبەســتەکە له بەرژەوەندی خۆیدایە ئیتر به هەنگاوەکانی داهاتو هەڵدەستێ که له دەسەڵاتی خۆیدایە .

سێیەم/ دەسەڵاتی بڕیاردان وراسپاردەکان

بۆ پرســی بڕیـارو راســـپـاردە دەبێ ئـەوە بزانین کـه هـەریـەک لـەم دو دەســـتەواژەیە هێزێکی جیای هەیە بۆ جێبەجێ کردنم چونکه راســـپاردە مەرج نیـه جێبـەجێ بکرێ و بـەقـەدەر بڕیـار هێزی نیـه، بۆیـه بڕیـاردان بـه مانای سەپاندن وجێبەجێ کردنه .

## شێوەی دەرکردنی بڕیارەکان

--------------------------

لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان کە لە سەروی هەمویان کۆمەڵەی نەتەوەکان و دواتریش نەتەوە یەکگرتوەکانە بڕیارە گرنگەکانیان لە ئەنجومەن دەردەکرێ کە بە دو شێوە دەبن :

١/دەنگدان بەکۆ .

ب/ دەنگدانی زۆرینە .

لە نمونەی یەکەمدا ئەوە دەگەیەنێ کە دەنگدەران لە دەنگدان یەکسانن هیچ دەوڵەتێک دەنگی لە دەوڵەتێکی تر بەرزتر و بەهێزتر نیە، ئەم سیستەمەش لە سەردەمی کۆمەڵەی نەتەوە کان کە لە ساڵی ١٩٢٠ دامەزرا پیادە کراو ئەم کۆمەلەش ماوەی چواریەکە سەدە بەردەوام دەبێ تا ئەو کاتەی جەنگی دوەمی جیهانی هەلدەگیرسێ ئەوسا بیر لە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی تری بالا دەستتر دەکرێتەوە کە نەتەوە یەکگتوەکان بو .

دەنگدان بە کۆ ئەوکاتە دەبێ کە هیچ لایەنێک لاری نابێ لەسەر بڕیارەکە تەنها لەوکاتە نەبێ کە بڕیار لەسەر دەرکردنی ئەندامێک لە ڕێکخراوەکە وەردەگیرێ، ئەوکات دەنگی دەوڵەتی مەبەست بەهەند وەرناگیرێ هەر چەندە ئەم ڕەفتارە لە تەمەنی کۆمەلەی نەتەوەکان پیادە نەکرا تەنها ئەو

کاتە نەبێ کە ویســتیان روســیا لە کۆمەڵەی نەتەوە دەرکەن بەلام بەهۆی ئامادە نوبنی ٤ دەوڵەت لە دەنگدان کۆدەنگی دروست نەبو .

جۆری دوەمی دەنگدان دەنگدانی زۆرینەیە، ئەمەش پێشــتر لەســەر ئەم جۆرە بریارانە رێک دەکەون کە زۆرینەی دەنگەکان شــەرعیەتی بریارەکە وەدەســت دێنێ، ئەمە لە زۆربەی کارەکانی رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان بەکار دێ چونکە خێرا ترین و باشترین رێگەچارەیە بۆ وەرگرتنی بریارەکان .

## کەسایەتیی نێودەوڵەتی یاسایی رێکخراوەکان

----------------------------------------

رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان کە بە نوێنەرایەتی دەوڵەتەکان دادەمەزرێ وحکومەتەکان نوێنەریان دیاری دەکەن ئەو نوێنەرانە لە رێگەی نوسینگەو کۆنسۆلخانەو نوێنەرایەتیان لە هەمو دەوڵەتە ئەندامەکان بارەگایان دەبێ کارێکی زەرورە پارێزبەندیی ئەو دپلۆماتکار ونوێنەرانەی بپارێزێ وپارێز بەندی لەسەر مومتەلەکات و کەسایەتیان بۆ دابین بکا . نوێنەرانیان کە لە دەوڵەتی میوان کار دەکەن بەدەر دەبن لە یاساو رێنماکانی ئەو دەوڵەتە لە سزادان، تەنها ئەوە نەبێ نابێ حورمەت وسەروەری دەوڵەتی خاوەن میوان ببەزێندرێ هەرکاتێ لە ئەنجامی کاری ئەو نوێنەرەی رێکخراوە نێودەوڵەتیە زیانێک بەو دەوڵەتە کەوت نوێنەرەکە ناخرێتە بەر سزاو یاساکانی ئەو دەوڵەتە ویاساکانی بەسەردا جێبەجێ ناکەن، بەلکو حکومەتی خاوەن میوان وزیان لێکەوتو دەتوانێ لەبەردەم دادگا داوا لەسەر رێکخراوەکە تۆمار بکا ، بەهەمان شێوەش ئەگەر دەوڵەت زیانی لە رێکخراوەکە دا لە ئەنجامی کارێکی ئەنقەست یا بەنادەستی ، رێکخراوەکە بۆی هەیە لەبەردەم دادگای نێودەوڵەتی داوا لەسەر ئەو دەوڵەتە تۆمار بکا بۆ قەرەبو کردنەوە لەو زیانەی لێی کەوتوە .

بەپێی ئەو رونکردنەوانەبن ئەمرۆ تاکە رێکخراوی نێودەوڵەتی کە خاوەنی کەسایەتیی یاسایی نێودەوڵەتیە نەتەوە یەکگرتوەکانە ، کە بۆی هەیە نوێنەری لە هەموو دەوڵەتەکان هەبێ لەسەر ئەو دەوڵەتەیە گیانی

کەســـایەتی وموومتەلەکاتەکانی ڕێکخراوەکەی بپارێزێ لە کاتی ئەنجامدانی کارێک کە لە بەرژەوەندی گشـــتی ئەو وڵاتەدابێ وبەهۆیەوە زیان بە موومتەلەکاتەکانی ڕێکخراوەکە بکەوێ دەبێ دەوڵەت قەرەبوی زیانەکان بکاتەوە .

ئەمە پێی دەوترێ نوێنەرایەتی دپلۆماتیی ڕێکخراوەکە ، ئەمیش دو جۆری هەیە :

ا/ نوێنەرایەتی دپلۆماتیی ئەرێنی ، کە نوێنەری ئەو دەوڵەتانەن خاوەنی ســـەربەخۆییەکی تەواون ســـەروەری دەوڵەتەکەیان لەدەســـت خۆیانەو لەلایەن هیچ دەوڵەتێکی زلهێزیشـەوە نە داگیر کراون نە لە ژێر چاودێریدان .

ب/ نوێنەرایەتی دپلۆماتیی نەرێنی ، نوێنەری ئەو دەوڵەتانەن کە داگیرکراون یا کۆلۆنیالی دەوڵەتە زلهێزەکانن وســـەروەری دەوڵەتەکەی خۆیان لەدەست داوە .

## نمونەی بەهێزترین دوو ڕێکخراوی نیودەوڵەتی :

**یەکەم / کۆمەلەی نەتەوەکان**

**دووەم / نەتەوە یەکگرتوەکان**

### یەکەم / کۆمەلەی نەتەوەکان

دوای ئەوەی لە ئەنجامی جەنگی یەکەمی جیهانی دەوڵەت ومیلەتان توشی مالوێرانی وکارەسات ووێرانکاریەکی زۆر هاتن بیریان لە دامەزراندنی ئۆرگانێک کردەوە کە هەمویان بەیەکەوە ببەستێتەوە و لە شەڕو مالوێرانیان دورخاتەوە و سزای ئەو دەوڵەتانە بدرێ کە دەستدرێژی دەکەنە سەر دەوڵەتان و دەبنە مایەی نانەوەی جەنگ و ناکۆکی، ئەوەبو بە هەولی چەند کەسایەتیەکی نێودەوڵەتی لێرەو لەوێ چەند هەولێک دران بۆ دامەزراندنی چەند ڕێکخراوێک کە هانی دەوڵەتەکانی خۆیان بدەن بۆ دامەزراندنی جۆرێک لەم ڕێکخراوانەی کە سەرجەم دونیا بەیەکەوە ببەستێتەوەو لەوێ کێشەو پرسەکانیان بخەنە بەردەم یەکتر بۆ باس و چارەسەری، بەهۆیەوە لە شەڕو گێچەل ومالوێرانی دور بکەونەوە، هەولەکانی بریتیئەم بوارە بریتی بون لە :

١/ كۆمەلەی یەکیەتیی چاودێری دیموکراسیەت ، ئەم ڕێکخراوە کۆمەلێک لە سیاسەتمەداری بەریتانی دایانمەزراند لەوانە سەرۆکی پارتی کرێکاران (ماکدۆنالد)

٢/ کۆمەلەی قەلاچۆکردنی شەڕ ، لە هۆلەندا دامەزراو یەکەم کۆنگرەیان لە لاهای (دەنهاخ) بەست .

٣/ کۆمەلەی پشتگیری ئاشتی، ئەمەش لە ئەمریکا دادەمەزرێ بە سەرۆکایەتی ولیم کە سەرۆکی ئەوسای ئەمریکا .

ئەم کۆمەڵە لە ئەنجامی چەند پرۆژەو بیرۆکەیەک دادەمەزرێ :

ا/ پرۆژەکەی فەرەنسی ، کە بریتی دەبێ لە دامەزراندنی کۆمەلەیەک لە هەمو روێکەوە یەک بن، خاوەنی یەک هێزو یەک دەسەڵاتی بریار بەدەست بن، دەسەڵاتی سزادانی ئەو دەوڵەتانەی هەبێ کە پێشێلکاری وزیادەرۆیی دەکەن.

ب/ پرۆژەی ئەمریکی ، پرۆژەکەی ئەمریکا دەڵێ کۆمەلەیەک دابمەزرێ مافی ئەوەی نەبێ دەست لە کاروبارەکانی ناوەخۆی دەوڵەتان وەربدا ومافی سزادانی نەبێ وخاوەنی سوپایەکی تایبەتی نەبێ ، ئەمە پرۆژەکەی ولسن بو .

ئەم پرۆژانە لە کۆنگرەی ڤێرسای خرانە رو لەگەل چەند بۆچون و بیرۆکەو پرۆژەی وڵاتە بەهێزەکانی تر وەکو بەریتانیا وئەلمانیا وئیتالیا .

ئـەمـریـکـا پـرۆژەکـەی خـۆی خســـتـە بـەردەم کـۆنـگـرێـس ئـەوان بەدەستکاریەکەوە پرۆژەکەی ولسنیان پەسند کرد بەلام هی فرەنسایان رەت کردەوە ، ولســـن گـەرایـەوە بۆ هـەموارکردن ودەســتکاری کردنی پرۆژەکەی ئەمریکا بەلام دوای ئەوەی هەندێک لە بەندەکانی پرۆژەکەی ئەمریکا دەستکاری دەکەن و لەسەری رازی دەبن دوبارە ئەمریکا پرۆژەکەی خۆی دەباتەوە کۆنگرێس بۆئەوەی دەنگی لەسەر بدرێ، لە کاتێکا ئەمریکا خۆی دەستپێشخەرو دامەزرێنەری بیرۆکەو خاوەنی پرۆژە دەبێ ئەوساش کۆنگرێس رەزامەندی نادات ئەمریکا لەم کۆمەلە ببێتە ئەندام ، بەم شێوە ئەم کۆمەلە دور لە پرۆژەکەی فرەنســاو ئەمریکا بە پرۆژەیەکی نیانتر دادەمەزرێ . لە ســالی ١٩٢٠ ەوە کۆمەلەی نەتەوەکان دادەمەزرێ لە کاتێکا لە سالی ١٩١٨ سەرۆکی ئەمریکا ودرۆ ویلسن ئەوکاتەی مانفێستی ١٤ خالی رادەگەیەنێ لە ناویاندا مافی چارەی خۆنوسین بۆ گەلان داوادەکا لەگەل داواکردن بۆ دامەزراندنی کۆمەلەیەکی لەم جۆرە .

هەر چەندە ئەم کۆمەلە دامەزرا بەلام هیچ دەســەلات وبریار بەدەســت نەبو بریارەکانی راســپاردە بون ، تا ئەوکاتەی هەلدەوەشـێتەوە لە ١٩٤٦ هیچ بریارێکی ئەوتۆی نەدا کە کێشـەکان یەکلایی بکاتەوە نە ئەوەی نێوان ئیتالیاو حەبەشە نە هی تر .

## پێکهاتەی کۆمەڵەی نەتەوەکان و بە ئەندام بون

-----------------------------------------

لەناو کۆمەڵەی نەتەوەکان سێ جۆرە ئەندام هەبون :

ا/ ئەندامی دامەزرێنەر .

بریتی بون لەو ئەندامانەی لە سەرەتای دامەزراندنیانەوە بەشداربون لە دارشتنی پەیرەوو یاسای دامەزراندنی کۆمەڵە، ئەم دەوڵەتانەش بەتایبەت وبەتەواوەتیش ئەو دەوڵەتانەبون کە لە جەنگی یەکەمی جیهانی براوە بون بۆیە خۆیان بە بەهێز دەبینیەوە ، ژمارەیان ٢٧ دەوڵەت بون .

ب/ دەوڵەتە داوەت کراوەکان ، ئەو دەوڵەتانەبون کە لە کاتی دامەزراندنی کۆمەڵە راو بۆچونیان وەرگیرابو، پرسیان پێکرابو، دواتر بە فەرمی داوای بون بە ئەندامێتیان لە کۆمەڵە کرد ئەمانیش ژمارەیان ١٣ دەوڵەت دەبون .

ج/ ئەوانەی هاتنە ریز ، واتە دواتر بون بە ئەندام ئەمەش ئەو دەوڵەتانەی دەگرتەوە کە زۆربەیان هێشتا سەربەخۆیان وەدەست نەهێنابو بەلام بنەماکانی بون بە ئەندامی کۆمەڵە لە سەرەتاوە رێگەی بەم شێوە ئەندام بونە دابو تەنانەت هەندێک کۆلۆنی ومیرنشینی ژێردەستیش ببون بە ئەندام .

کۆمەڵە لە روی ئۆرگانەوە لە سێ بەش پێکهاتوە :

ا/كۆمەلە .

ب/ئەنجومەن.

ج/ئەمانەتی گشتی .

ا / بەپێی ماددەی ٣ ئەمانەتی گشـــتی کۆمەلە بریتی بوو لە نوێنەری ئەو دەوڵەتانەی ئەندام بون ، بەمەرجێک هەر دەوڵەتی نوێنەریان لە ٣ کەس رەت نەکا و هەر دەوڵەتێکیش یەک دەنگی دەبێ واتە دەنگەکانیش بە یەکســـانی دەبن هیچیان لە هیچیان بەهێزتر نین ، کۆبونەوەکان دەوری و ساڵانەن دیارە کۆبونەوەی ئاوەرتەشیان دەبن لەکاتی پێویست .

دەسەڵاتی کۆمەلە بریارە یەکلاکەرەوەکانە بەتایبەت ئەوانەی پەیوەندیان بە هەموارکردن ودەرکردنی ئەندامان و لەم بابەتانە .

ب/ ئەنجومەنی کۆمەلەی نەتەوەکان لە جێی ئەنجومەنی راپەراندن و جێبەجێ کردنی بریارەکانە ، ئەمە دو جۆرە ئەندامێتیی هەبو، جۆرێکیان هەمیشـــەیی بون ئەمەش ئەو دەوڵەتانەبون کە لە جەنگەکە بە براوەیی دەرچوبون و زلهێز بون ، جۆرەکەی تر کاتی بو بە شـــێوەی دەنگدان هەلدەبژێردران .

ج/ ئەمانەتی گشـــتی ، وەکو دەزگایەکی گشـــتیی بەرێوەبردنی کۆمەلە بوو، بارەگاکەی لە جنێف بوو. کارمەند و ئەندامەکان و ئۆرگانەکانیش زۆربەیان لەوێ کاریان دەکرد .

**ئەرکەکانی کۆمەڵەی نەتەوەکان**

----------------------------------

مەبەســـت لە دامەزراندنی کۆمەڵەی نەتەوەکان ڕێگەگرتن بو لە جەنگ وکاولکاری ودابین کردنی ئاشـــتی وئارامی وئاســـودەیی بە کورتی دەتوانین ئەرکەکانی بە چەند خاڵ کورت کەینەوە کە بەداخەوە لە کۆتاییدا نەیانتوانی بیانهێننە دی و ڕێگە لە جەنگێکی تری جیهانی بگرن، ئەوەبو دوای چواریەک سـەدە ئەم ڕێکخراوە شـکسـت دێنێ ومالوێرانیەکیتر بەرپا دەبێ کە پێی وترا جەنگی دووەمی جیهانی ، ئەرکە گرنگەکانیشی :

١/ کەم کردنەوەی پڕچەکی .

٢/ دلنەوایی و مسۆگەرکردنی ئارامی دۆخەکان.

٣/ یەکلایی کردنەوە و ناوبژیوانی کردنی کێشـــەکان لە ڕێگەی دادگا نێودەوڵەتیەکانەوە .

٤/ سزادانی دەوڵەتی دەستدرێژکار .

٥/ بەستنی پەیوەندیی نێودەوڵەتی لەسەر بنەمای یەکسانی و بەرژەوەندیی دوولایەنە .

**هۆكاری شكست هێنان**

--------------------

١/ له سـەروی هۆكارەكانی شـكسـت هێنان و سـەرنەكەوتنی هەولەكانی كۆمەڵەی نەتەوەكان ، بە ئەندام نەبونی ئەمریكا بوو لەم كۆمەڵەیە، بەهۆیەوە ئەو شوێنەی ئەمریكا پری دەكردەوە خالی مایەوە.

٢/ سـیمای ئەروپی بەسـەر كۆمەڵەكەدا دیار بو وەكو ئەوەی رێكخراوێكی هەرێمی بێ، زیاتریش خۆی بە كێشـەكانی ئەروپاوە خەریک دەكرد لەوەی كێشەی كشوەرەكان .

٣/ هاوپەیمانە سـەركەوتوەكان لە دابین كردنی ئاشـتی وئارامی سـەركەوتو نەبون .

٤/ كەم و كوری لەناو پەیماننامەكەدا زۆر بون نەیانتوانی چارەسـەری كەن تا بەم ئەنجامە گەیشت .

٥/ كۆمەڵە نەیتوانی ئەو بریارە بدا كە جەنگ حەرام بكا و ببێتە هێلی سـور لەبەردەم دەوڵەتان، بریارەكانیشی راسپاردە بون واتە پابەند وسـەپێندراو نەبون.

٦/ دەوڵەتە ئەندامەكان خۆشیان بڕوای تەواویان بە میساقی كۆمەڵە نەبو چونكە تایبەتمەندێتی لە ئەنجامدانی كارەكان بونی نەبوو .

**دووەم / نەتەوە یەکگرتوەکان**

-------------------------------

دوای ئەوەی کۆمەلەی نەتەوەکان لە ئامانجەکەی شـــکســـت دێنێ ، پاش تەواو بونی جەنگی دووەمی جیهانی لە ١٩٤٥ ئەم رێکخراوە نێودەوڵەتیە بە ناوی نەتەوە یەکگرتوەکان دادەمەزرێ کە جێگەی رێکخراوی هەلوەشـاوە بگرێتەوە، بەڵام بە کاراتر، لەم کاتەدا لە ١٩٣ دەوڵەتی ئەندام پێک دێ.

**دەزگا سەرەکیەکانی :**

--------------------

نەتەوە یەکگرتوەکان نەک وەکو کۆمەلەی نەتەوەکان لە ســێ بەش پێک هاتێ بەلکو لە شــەش بەشــی ســەرەکی وهەندێک نیمچە بەش یا بەشــی (سانەوی) پێکهاتون کە بریتین لە :

**١/کۆمەلەی گشتی :**

ئەندامێتی ئەم ئەنجومەنە لە نوێنەری هەمو دەوڵەتە ئەندامەکان پێک هاتوە، مەبەست لە دامەزراندنی کۆکردنەوەی سیاسەتمەدارو بەرپرسانی دەوڵەتانە بۆئەوەی کێشـــەو گرفتەکانی نێوانیان لـە رێگـەی دیالۆگـەوە چارەســـەر بکەن، چونکە هەمویان گەیشـــتونەتە ئەو بڕوایە کە شــــەڕو جەنگ چارەسـەری کێشـەکان ناکا بۆیە لە دانیشـتنەکاندا ئەوپەری تورەیی و راشکاوی لە روبەروبونەوەی یەکتر بەدی دەکرێ .

دانیشــتنەکانی کۆمەڵەی گشــتی ســاڵی جارێک کە ماوەی دو تا ســێ مانگ دەخایەنێ، لە حالەتی ئاســایی ئەگەر پێویســتی کرد دو لەســـەر ســێی ئەندامان دەتوانن داوای کۆبونەوەی ئاوەرتە بکەن یا ئەنجومەنی ئاسایش کە بە مەرجێ لە نۆ ئەندام کەمتر نەبن .

لەتەک ئەم کۆمەڵە چەند لیژنەو نیمچە ئەنجومەنی تر هەن بۆ هاوکاری کردن و وەرگرتنی بابەتی بسپۆرکاری لە کێشەو پرسەکان ئەمانیش وەکو :

لیژنەی ئابوری .

لیژنەی کۆمەلایەتی وفەرهەنگی .

لیژنەی بودجە و ئیداری .

لیژنەی تایبەت بە کێشە سیاسیەکان.

لیژنەی یاسایی .

جگە لەم لیژنانە دو لیژنەی ســـەرەکی تر هەن کە هاوکارن بۆ کارەکانی کۆمەڵەی گشتی پێیان دەوترێ :

ا/ لیژنەی گشــتی ، ئەمە وەکو نوســینگەی کۆمەڵەی گشــتیە لە ســەرۆک وجێگرەکانی کە ژمارەیان ٢١ جێگرە لەگەل سەرۆکی لیژنەکان پێک دێت .

٢/ لیژنەی دۆکۆمێنتەکان، لە نۆ ئەندام پێکهاتوە لەســەرەتای دامەزراندن یا دەسپێکی خولەکە هەلدەبژێردرێن کار و ئەرکی ئەم لیژنەیە پێداچونەوەی داکۆمێنتەکانەو پەسند کردنیان.

وەکو ئەرک وکاری ئەم ئەنجومەنە یا کۆمەلە بریتیە لە هەموارکردنی میســاقی نەتەوە یەکگرتوەکان و پرســە گرنگەکانی نێودەوڵەتی تایبەت بە ئاســایشــی نێودەوڵەتی وئەوانەی تایبەتن بە پاراســتنی ئاســایش وئارامی دەوڵەتان .

**٢/ئەنجومەنی ئاسایش.**

بریتیە لەو دەزگایەی کە بریارەکانی کۆمەلەی گشــتی جێبەجێ دەکاو ســزاکانی ســەر دەوڵەتان دەســەپێنێ وجێبەجێیان دەکا، ئەم ئەنجومەنە بریتیە لە ١٥ ئەندام ، پێنجیان ئەندامی هەمیشــەیین ناگۆردرێن ئەمانیش (ئەمریکا ،روســیا،فرەنســا،بەریتانیا،چین) دە ئەندامەکەی تر بۆ هەر خولێک کە دوو ســاڵە هەلدە بژێردرێن لەم هەلبژاردنە رەچاوی جوگرافیاو دوبارە نەبونەوە دەکرێت لەگەل ئەو دەوڵەتانەی ئاسایشی دەوڵەتانیان لا گرنگە .

بۆ دەنگدان لەســـەر هەر پرۆژە بریارێک دەبێ هەرپێنج ئەندامە هەمیشــەییەکە دەنگ بدەن ئەوســا کۆی دەنگەکان بەوانیشــەوە بگاتە ٩ ئەندام بریارەکە وەردەگیرێ، هەر کاتەی یەک لەو پێنج دەوڵەتە هەمیشـــەییە نارازی بون لە بریارەکان کە پێی دەوترێ بەکار هێنانی مافی ڤیتۆ ئەوکات بریار وەرناگیرێ واتە لە کاتی ئامادە نەبونی نوێنەری ئەندامی هەمیشەیی بە واتای رەتکردنەوە یا ڤیتۆ دێت .

بیانوی بون به ئەندامی هەمیشـــەیی لە ئەنجومەن ئەوەیە کە گوایە ئەو پێنج دەوڵەتە لە جەنگی دوەمی جیهانی لە دەوڵەتەکانی تر قوربانیان داوەو رۆلیان هەبوە لە کۆتایی هێنان بە جەنگێکی مالوێرانکەر .

لـەتـەک ئـەنـدامـانی هـەمیشـــەیی وئـەنـدامـانی کـاتی ئـەم دەوڵەتـانـەی خوارەوەش دەتوانن لە دانیشـــتنەکانی ئەنجومەنی ئاســـایش بەشـــداری بکەن بە مەرج :

**یەک/**هەر دەوڵەتێک بۆی هەیە لە کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی ئاســـایش بەشداری بکا بێ ئەوەی مافی دەنگدانی هەبێ .

**دوو/** هـەر دەوڵەتێـک کـە ئـەنـدام نیـە لـە نـەتـەوە یـەکگرتوەکان دەتوانێ بەشـــداری لە کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی ئاســـایش بکا بەمەرجێ لایەنێکی کێشـەکە بێ و بێئەوەی مافی دەنگدانی هەبێ .

**ســێ/** ئەگەر ئەنجومەن بریاریدا هێز بەکار بهێنێ و ســـود لـە هێزی هـەر وڵاتێك وەرگرێ بۆی هەیە ئەو دەوڵەتە داوەتی کۆبونەوەکانی باکا.

بۆ دابەش کردنی کارەکانی خۆیان چەند لیژنەیەکیان پێکهێناوە کە بریتین لە :

ا/ لیژنەی ستونی شەڕ

ب/ لیژنەی چەک داماڵین.

ج/ لیژنەی ئەندام وەرگرتن .

بە کورتی ئەرک وفەرمانەکانی ئەم ئەنجومەنە بە پێی ئەرتیکلی ٢٤ بەم شێوەیە دیاری کراون :

١/ راسپاردنی کۆمەلەی گشتی بە وەرگرتنی ئەندامانی نوێ .

٢/ راسپاردن بە راگرتنی ئەندامێتی دەوڵەتێک لە دەوڵەتە سەرپێچیکەر .

٣/ راسپاردن بە دەرکردنی دەوڵەتێک لە ئەندامێتی .

٤/ هەلبژاردنی دادوەری دادگای نێودەوڵەتی ئەمەش بە هاوکاری کۆمەلەی گشتی .

٣/ئەنجومەنی کۆمەڵایەتی و ئابوری.

٤/ئەنجومەنی راسپاردن.

٥/دادگای دادوەری نێودەوڵەتی .

٦/ئەمینداریێتی گشتی.

لەروی گرنگی و بایەخیشەوە نەتەوە یەکگرتوەکان دوەم رێکخراوی نێودەوڵەتیە کە ئەندام بونی سەرتاسەری دونیاو هەموو ئەو دەوڵەتانەی سەربەخۆن لەخۆ دەگرێ ، جیاوازی لە نێوان کۆمەلەی نەتەوەکان و نەتەوە یەکگرتوەکان لەروی کاتی دامەزراندنیاندا ئەوەیە کە یەکەمیان لە دوای تەواو بونی جەنگی یەکەمی جیهانی وبە هەولو تێکۆشانی چەند

کەسـایەتی و حەز وپێویسـتیی بارودۆخەکان دروسـت دەبێ، هەرچی دوەمیانە لە گەرمەی روداوەکان وبە بونی رێکخراوی یەکەم بەهۆی کزبون و نەمانی رۆڵی رێکخراوی یەکەم ( کۆمەلەی نەتەوەکان ) دروسـت دەبێ و بەر لە دروسـت بونیشـی میسـاقێک دەردەکەن، لە هەمویان گرنگتر، لە فاکتەری بەردەوەامی وکاریگەری ئەم رێکخراوە بەشـداری ئەمریکا بو لە ئەندامێتیی، ئەمجارەیان وەکو جاری پێشـوی نەکرد بە هەمو تواناو قورسـاییەکەوە چوە ناو ئەم رێکخراوەو بۆ کارابون وجێبەجێ کردنی بریارەکانی بەتایبەت لە نەهێشتنی جەنگ وپەرە نەسەندنی.

ئەندامێتی لەم رێکخراوە دو جۆری هەیە هەروەکو پێشـتر لە کۆمەلەی نەتەوەکان سێ جۆری هەبو :

ا/ ئەندامە دامەزرێنەرەکان ، بریتی بون لەو ئەندامانەی کە راستەوخۆ لە دامەزراندنی ئەم رێکخراوە رۆلیان هەبو لەگەل ئەو دەوڵەتانەی بەر لە دامەزراندنی لەسەر میساقەکەی نەتەوە یەکگرتوەکان ئیمزایان کردبو یا رەزامەندیان دەربریبو، ئەمەش ژمارەیان ٥١ دەوڵەت بون ، ئەمانە پێیان دەوترا دەوڵەتە دامەزرێنەرەکان یا دەوڵەتە رەسەنەکان .

ب/ دەوڵەتانی کە دواتر هاتنە ریز ، یا دەوڵەتە نوێکان ، ئەمەش دوای ئەوەی ئەم رێکخراوە دادەمەزرێ دیارە کە میساق و پەیرەوی تایبەتی خۆی دەبێ ئەو دەوڵەتانەی بەو مەرجانە رازی دەبن کە لە میسـاقەکەدا هاتوە داوا بەرز دەکەنەوە بۆ کۆمەلەی گشـتی ئەوانیش لە داواکەیان دەروانن

دوای رەزامەندی لەسەردان بە ئەندامی تەواو وەردەگیرێن کە مەرجەکانیش دواتر دێینە سەری .

**مەرجی ئەندامێتی**

------------------

١/ دەبێ دەوڵەتێکی سەربەخۆ بێ .

٢/ ئاشتی خواز بێ .

٣/ پابەندی مەرجەکانی میساقەکە بێ .

٤/ دەبێ رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان دلنیا بێ لەوەی پابەندی ئەو مەرج و یاسایانە دەبێ کە واژۆی لەسەر کردوە .

ئیتر لێرە گەلێک پرسیار دێنە پێش ئاخۆ هەمو دەوڵەتێک بۆی هەیە ببێ بە ئەندام یان نا ؟ یا دەسەڵاتی کۆمەلەی گشتی چیە لە قەبول کردن ورەتکردنەوەی داواکارەکە ؟ ئەمانە هەموی بە وردی لە میساقی رێکخراودا هاتوەو مشتو مری زۆری لەسەر کراوە بەلام بە پێویست دەزانین کە ئەوە بلێین مەرج نیە هەموو ئەو خالانەی لەو میساقەدا هاتون بە وردی جێبەجێ کرابن یا پابەندی بوبن، ئەمەش بەهۆی ئەو ململانێیەی نێوان بلۆکی رۆژهەلات ورۆژئاوا . لە دواییدا هەندێک لە میر نشین ودورگەو تەنانەت شارۆچکەش بونەتە ئەندام وبە دەوڵەت ناسراون کە هەندێکیان

ژمارەی دانیشتوانیان ٣٥ هەزارکەس بوەو روبەرەکەشی یەک کیلۆمەترو نیو بوە بە نمونە مۆناکۆ .

ئەوەی دەخرێتە سەرکاخەز وپێکهاتنی لەسەر دەکرێ لەگەڵ ئەوەی دیفاکتۆیە دورن لەیەک.

هەروەکو لەسەرەوە باسمان کرد شێوەی وەرگرتنی ئەندامێتی لەسەرەتا دەبێ لە رێگەی پێشکەش کردنی یاداشت یا داواکاریەکەوە بێ لەلایەن دەوڵەتەکەوە ئەم داواکاریە دەدرێتە کۆمەڵەی گشتی دیارە پێشتر لیژنەیەکی تایبەت هەبوە بەناوی لیژنەی وەرگرتن ئەو داواکاریە دەدرایە ئەو لیژنەیە ئەوانیش دوای لێکۆڵینەوە دەبوایە لەماوەی ٢٥ رۆژدا وەلامیان بە ئەرێنی یا نەرێنی بدابایەتەوە، ئینجا کۆمەڵەی گشتی داواکەی دەدایە ئەنجومەنی ئاسایش بۆ جێبەجێ کردن لە حالەتی رەزامەندی ، بەلام ئەم شێوازە بە درێژایی ئەو ماوەیە چەند گۆرانێکی تێکەوت کە ماوەیەک ئەو لیژنە تایبەتیە نەما ودواتر دوبارە گەرێندرایەوەو شێوازی جارانی وەرگرت .

جا لێرە بە تەواوەتی ئەمە رون نەکراوەتەوە ئاخۆ چ دەسەڵاتێک دەتوانێ ئەم داواکاریە رەتکاتەوە یا هەلوێستی دەوڵەت چی دەبێ ئەگەر دەنگ نەدا نەبە بەلێ نە بە نەخێر ، ئەمەو چەندین وردەکاریی تر دیارە رۆژگارو کات وساتەکان بریار دەدەن بریار ئەوسا دەبێتە بریاری هێز ودەسەڵات وتوانای مادی وچەک وئابوری و چەند هاوکێشەیەکی تر .

هەر وڵاتێک دەتوانێ تا پێنج ئەندامی هەبێ بەلام تەنها خاوەنی یەک دەنگە ، پەیماننامەکان دەبێ وێنەیەکی لە نەتەوە یەکگرتوەکان بسـپێردرێ تا ئەوکاتەی لەوێ نەسپێردرێ شێوەی فەرمی وەرناگرێ.

**کشانەوە لە ئەندامێتی نەتەوە یەکگرتوەکان**

---------------------------------------

لە میسـاقی نەتەوە یەکگرتوەکاندا مافی کشـانەوە دیاری نیە، بۆیە بیر وبۆچون زۆرن ئاخۆ کەی و چۆن و لە چ حالەتێکدا ئەندام دەتوانێ دەسـت لە کار بکێشـێتەوە ، هەر چەندە ئەم حالەتە کەم روی داوە تەنها ئەوە نەبێ کە ماوەیەک ئەندەنوسـیا لە سـاڵی ١٩٦٥ کارەکانی خۆی هەلپەسارد دواتر بێ بریاری ئەمینداری گشتی گەرایەوە شوێن خۆی بۆیە دەڵێین کە مافی کشـانەوەو پەشـیمان بونەوە یا گەرانەوە بە رونی دیاری نەکراوە .

بەلام دەکرێ ئەوە بلێین کە لە چەند حالەتێکدا ئاســاییە دەوڵەتێک لە ئەندامێتی بکشێتەوە بۆ ننمونە :

ا/ هەمواركردنی میســاق و نەگونجانی لەگەل ســەروەرو بەرژەوەندیەكانی ئەو دەوڵەتە .

ب/ كاتێک نەتەوە یەكگرتوەكان نەتوانێ ئاشــتی وئاســایشــی دەوڵەتێک بپارێزێ دەكرێ وەكو وەرگرتنی هەلوێست ونارەزایی ئەو دەوڵەتە دەست لە ئەندامێتی بكێشێتەوە .

ج/ ئەگەر لەسەر حسابی دەوڵەتێک نەتەوە یەكگرتوەكان دۆخی ئاسایشی پاراســت ولە ئەنجام زیان بە بەرژەوەندیی نەتەوایەتی و نیشــتمانی ئەو دەوڵەتە كەوت .

كە دەســت لەكار كێشــانەوە هەیە دیارە ســزادان دژی ئەندامانی سەرپێچیكار دەبێ، لێرە دەكرێ بلێین كە سزاكان :

یەكەم/ دەركردن

لە ئەرتیكلی شــەش دا هاتوە كە هەر ئەندامێكی ئەم رێكخراوە ئەگەر سەرپێچی میساقی نەتەوە یەكگرتوەكان بكا بە پێی یاسای تایبەت دەردەكرێ كە ئەمەش بە وردی سەرپێچی وسزاكان بە یاسا كراون بۆ ئەوەی دەوڵەتان و نوێنەریان پابەندی وردی بەندەكان بن .

دەرکردن یا سر کردن هەر یەکەی لە ژێر یاسای تایبەت دەبێ ، زۆربەیان دەبێ دو لەسەر سێی ئەندامانی ئامادەبوی کۆمەڵەی گشتی دەنگ لەسەر بریاری دەرکردن یا ســر کردن بدەن، هەر یەکەشــی لە ئەنجامی روداني حالەتێکدا دەبێ .

سـر کردن لە حالەتی پابەند نەبونی دەوڵەت بە دانەوەی ئابونەو پابەندیە ئابوریەکانی تردا دەکرێ لەم حالەتانەدا دەوڵەتی ســەرپێچکار ســزای مافی دەنگدانی لێ سـر بکرێ تا ئەو کاتەی پابەندیەکان دەگەیەنێتە جێ ، واتە لە مافی ئەندامێتی بێبەش نابێ تەنها لە مافی دەنگدان بێبەش دەبێ ، ئەو بریارانەی کە کۆمەڵەی گشــتی دەریدەکا دەدرێنە ئەنجومەنی ئاســایش بۆ جێبەجێ کردن .

یەکێک لە بریارە قورســەکان بریاری بەزۆرە ئەمەش ســزایەکە لە رێگەی لەشکرکێشی جێبەجێ دەکرێ ئەم بریارە ئەوکاتە دەدرێ کاتێک دەوڵەتێک دەستدرێژی دەکاتە سەر حورمەت وسەروەری دەوڵەتێکی تر سەرەتا بەپێی ئەرتیکلی ٤١ کە سەپاندنی سزای ئابوری وئابلوقەی ئابوریە سزا دەدرێ، کاتێک ئەم بریارە ئەنجامی نابێ ودەســتدرێژیەکە بەردەوامیی دەبێ ، دیارە ئەم ئەرتیکلەش رێگە بە بەکار هێنانی چەک نادا بۆیە ناچار دەبن بریاری ٤٢ کە سزادانە لە رێگەی چەکەوە هەر چەندە ئەمە وردەکاریەکەی درێژە بەلام جێبەجێکردنەکەشــی دورخایەنە بۆیە لە گەلێک بریاری بە پەلە ئەرتیکلی ٤٣ کە هەمان شــێوازی ســەربازیە، بەلام خێراترە ئەنجومەنی ئاســایش ســەرفراز دەکرێ ودەســەڵاتی ئەوەی پێ دەدرێ کە لیژنەیەک لە

ســەرۆکی ســتونیەکانی (ئەرکان) دەوڵەتە بەشــداربوەکانی هێرشــەکە پێک بهێندرێ و رێگەی گەیاندنی ســوپاو پێداویســتیەکان بە زوترین کات دابین بکرێ ودەســت بکرێ بە جێبەجێ کردنی بریارەکەی کۆمەلەی گشــتی کە لە راستیدا بریاری ئەنجومەنی ئاسایشە .

بریارەکە دەبێ ژمارەی دەنگەکان لە ٩ دەنگ کەمتر نەبن بە مەرجێ هەر پێنج دەوڵەتی ئەندامی هەمیشـــەیی کە زلهێزەکانن تیایدا دەنگیان دابێ چونکە بە رەتکردنەوەی یەک دەوڵەت لەم پێنج دەوڵەتانە بریارەکە فەرمیەتی وەرناگرێ وجێبەجێ ناکرێ، هەروەکو ئەوەی لەگەل سربیا ولیبیا وپێشتریش ئێراق و ئەفغانستان ئەنجام درا .

# بەشی پێنجەم

## مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە گشتیەکان

# مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە گشتیەکان

## مافەکانی مرۆڤ و کۆمەلگای نێودەوڵەتی

---------------------------------------------

وتەیەکی هیندی هەیە دەڵێ: ( هێز بۆ ماف نەک ماف بۆ هێز ) مافەکان نابێ ببنە هەرەشە بەسەر خەلکانی ترەوە هەرکاتەی هێزت بو بۆ ئەوە بەکاری بێنە تا مافەکانت پێێ وەدەست دێنی .

یەکێک لە سیمای پێشوەچونی کۆمەڵگە بەگشتی ئاستی بەرقەراری ئازادیە گشتیەکان و ئازادی تاک و مافەکانی مرۆڤە، هەوڵ و چالاکیەکانی نوخبەی کۆمەڵگە سەرچاوەیان لە دابین کردنی ئەو بوارە گرتوە هەرکاتەی مافەکان پێشێل کران سەرهەڵدان و یاخی بون و شۆرش بەردەوامی دەبێ ، ئەم کۆمەڵگەیەش دابەشی چەندین بۆچون ، توێژ، چین، پێکهاتە بوە لە چەندین قۆناغی جیای دیرۆکی کۆمەلگەدا وەکو سەربردەو دیرۆکی ئەم بوارە ئاماژە بەم باسەدەدەین کە بەرچاورونیەکمان لەم بوارە پێ دەبەخشێ .

پاش ئەوەی ناکۆکیەکان لە نێوان مەزهەبی تاکگەرایی(فەردی) کە لیبرالیستەکان گرتبویانە بەر و(مەزهەبی جەماعی) کە سۆشیالیست ونەتەوە پەرستەکان گرتبویانەبەر توندتر دەبێ و بەهۆیەوە ناکۆکی سەر هەلدەدا ، لەسەر حسابی مافی تاک مافەکانی کۆمەل پێشێل دەکرێن

ورۆلیان نامێنێ . لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی پێداگریەک لەسەر مافەکانی مرۆڤ زیاد دەبن وئەم بابەتە بە رونتر دێتە مەیدان ئەمەش بە سێ قۆناغدا تێدەپەرێ تا دەگاتە ئەو ئاستەی ئەمرۆ تێیدایە، ئەمانیش:

قۆناغی راگەیاندن (جاردان)

قۆناغی سۆشیالیزم

قۆناغی نێودەوڵەتی ، دوای ئەوەی جەنگی دوەمی جیهانی بەرپا دەبێ ومافەکانی مرۆڤ بە شێوەیەکی دیارو بەرچاو پێشێل دەکرێن کۆمەلگای نێودەوڵەتی بەم هەنگاوانە بیر لە رێگە چارەیەک دەکا بۆ رزگار کردنی کۆمەڵگە لە پێشێلی مافەکانیان:

- سەرەتا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کار بۆ ئەم پرسە دەکرێ، هەر لەوکاتەی بازرگانی بە کرین وفرۆشتنی کۆیلە دەکرێ ، مافەکانی مرۆڤ پێشێل کراوە، بۆیە لە هەر گردبونەوەو کۆبونەوەیەکدا باس لەم پرسە کراوە ، لە سەردەمی دۆزینەوەی کشوەری ئەمریکا ئەوروپیەکان بەم کارە هەلساون دواتر لە ئەفریکاو چەندین شوێنی تر ئەمە رویداوە بۆیە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بریا دەدرێ کە ئەم دیاردەیە قەدەغە بکرێ لەم روەوە چەندین پەیماننامە ئەنجام دەدرێ بە تایبەت لە سەدەی نۆزدەهەم ، لەم پەیماننامانەدا مافی ئەوەش بە هەندێک دەوڵەت دراوە کە لە کاتی رودان یا گومان کردن لە هەر دەوڵەتێک بتوانن ئەم دەوڵەتە بپشکنن و بەدوای

ئەم بابەتەدا بچن لەم پەیماننامە ( پەیماننامەی بەرلین لە ١٨٨٥ و برۆکسل لە ١٨٨٩) .

- دواتر بیر لە پاراســتنی بەرژەوەندیی بێگانەکان کرایەوە کاتێک لە ســەر خاکی خۆیان نابن و لە وڵاتێکی بێگانە دەبن بەتایبەتی دپلۆماتکارەکان توشی دەستدرێژی وماف خوارد نەیەن و مافەکانی مولکداریتی وسیاسی و کۆمەلایەتیان لی زەوت نەکرێ ، لەکاتێکا ئەگەر پێشــێلی مافەکانیان کرا ئەوا دەوڵەتی خاوەن رەگەزنامەی زولم لێکراو بۆی هەبێ لەم پرســە بکۆڵێتەوەو لەو وڵاتە داوای مافەکانی بکا .

- پاراستنی مافی کەمە نەتەوایەتیەکان ، دیارە لە زۆربەی دەوڵەتەکان وێرای نەتەوەی ســەرەکی کەمینەیەکی نەتەوایەتی بونیان بوە، ئەم کەمینەیە گەلێک جار مافەکانیان پێشــێل کراوە بۆیە لە پێناو پاراســتنی کەمینەی نەتەوایەتی وئاینی ومەزهەبی چەند پەیماننامە دەبەســترێن لە نێوان دەوڵەتان بۆ ئەوەی مافیان نەخورێ و کێشــەو ئاژاوە دروســت نەبن ، لە ســەرێکی ترەوە هەندێک دەوڵەتی زەبەلاح ئەمەیان کردبوە بیانو کە دەســتیان لە کاروباری وڵاتەکان وەردەدا بە بیانوی پێشــێل کردنی مافەکانیان وەکو روســیاو دەوڵەتی عوســمانی کە چەندین کەمینەی نەتەوایەتیی لێدەژیا ، هەروەها گەلێک جار بەهەمان بیانو ئەوروپا دەست لە وڵاتەکان وەردەدا بۆیە لە ١٧٧٤ پەیماننامەیەک دەبەسترێ تا سنورێک بۆ ئە ودەستێوەردانانە دابنرێ .

دوای ئەمە و لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانی مافەکان مرۆڤ بەهۆی جەنگ ونائارامیەوە پێشــێل دەکرێن بەلام لە دروســـت بونی کۆمەلەی نەتەوەکان ئەم داخوزایانە بۆ پاراســتنی مافی مرۆڤ بە یاســا کران و چەند یاســـا ورێنمایەک دەرچون لەوانە پەیماننامەکانی ســاڵی ١٩١٩-١٩٢٠ کە هەمویان لە ســەر ئاســتی نێودەوڵەتی رێککەوتنیان لەســەر کرا، بۆ نمونە کۆمەلەی نەتەوەکان ئەرکی پاراستنی کەمە نەتەوایەتیەکانی گرتە ئەستۆ و نمایندەی بەرزی یارمەتیی ئاوارەکانی دامەزراند هەروەها رێکخراوی کاری جیهانی بەشــێکی تری ئەو مافانەی کاریان گرتە ئەســـتۆ کە بە پێی چەند رێکەوتننامەیەک لە ١٩١٩تا ١٩٦٢ کۆمەلێک یاســـایان دەرکرد بەناوی یاســـاکانی کاری نێودەوڵەتی بەپێی ئەو رێکەوتننامانەو یاســـایانەوە کاری ســـوخرە قەدەغە دەکرێ ، کارکردن ئازاد دەبێ، رێگە دەدرێ کە هەمو کەس و توێژێک ســەندیکا بۆخۆیان دابمەزرێنن بۆ ئەوەی مافەکانی کاریان بۆ بپارێزن، جگەلەمەش فشاریان خستە سەر ئەو لایەنانەی جیاوازی لە نێوان کار وکرێکارەکاندا دەکەن چ لە روی رەگەز یا ئاین یا نەتەوە .

# جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ

---------------------------------------

هەولەکانی مرۆڤ لە دامەزراندنی دەوڵەت و پێکهێنانی حکومەت و دروست کردنی چەندین سازی و کۆمەلەی مەدەنی و سەرجەم چالاکیەکانی تر هەمویان بۆئەوەن کە هاوڵاتی لەسەر خاکی خۆی لە نێو گەل و هاونیشتمانیانی و کەس و کاریدا بە ئارامی و ئاسودەیی بژی و بتوانێ مومارەسەی کارو مافەکانی خۆی بکاو ئازادیە کەسی ومافەکانی مرۆڤی تیا بەرقەرار بێ ، لێ مخابن دەبینین وێرای ئەو چالاکی و جموجۆلانەی مرۆڤ تائێستاش پێشێلی ئازادیە سەرەتاییەکانی مرۆڤ دەکرێ و لە بەرانبەر دەربڕینی راو بۆچونەکانیان دەم کوت دەکرێ ، ئەمە وای کردوە وڵاتان رێکخراوی مرۆیی کار بۆ دەرکردنی رێنمای تایبەت بەم بوارە بکەن و بەدواداچونیشی بۆ بکە هەر بۆ ئەم مەبەستە ئاماژە بە جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ دەدەین

ئەم جاڕنامەیە لە پێشەکیەک و ٣٠ ئەرتیکل پێک دێت ، لە پێشەکیەکەدا هاتوە کە دان بە هەموو مافەکانی مرۆڤدا دەنێن بە ئابرومەندی هەموو ئەندامەکانی خێزان و یەکسانی بۆ هەموو ئادەمیزادێک .

دواتر جاڕنامەکە بۆ چوار بەش دابەش دەکرێ کە بەهۆیەوە چارەسەری ئەو کێشەو بۆچونانە دەکا کە مرۆڤ توشی دێن و بەهۆیەوە ئاژاوەو کارەسات لە نێوان گەلان رو دەدەن:

- بەشی ئازادیەکانی جەستەیی ئەم بەشە ئەرتیکلی ٣ تا دەگاتە ١٤ لە خۆ دەگرێ ، تیایدا دان بە مافەکانی مرۆڤ دەنێ لە سەلامەتی جەستەیی و مافی مرۆڤ لە پێنەگەیاندنی ئازاری جەستەیی وئەشکەنجەن هدان وهەر کارێک کە جەستەی مرۆڤ دەخاتە مەترسی وبێ کەرامەتیەوە لەوانە کاری گران وسوخرەو کرین و فرۆشتنی جەستەیی ومافی مرۆڤ لە پەنابەری سیاسی وچەندین لایەنی تر کە جەستەی مرۆڤ لە چەوساندنەوەو ئازاردان ودەپارێزێ .

- بەشی دوەمیان ئەو لایەنانە دەگرێتەوە کە پەیوەندیان بە مافەکانی مرۆڤ و دەوڵەتەوە هەیە ئەمەش لە ئەرتیکلی ١٥ تا ١٧ دەیانگرێتەوە لەم برگانەدا هاتوە کە هەموو مرۆڤێک مافی ئەوەی هەیە ببێتە خاوەنی رەگەزنامەی ئەو دەوڵەتەی کە لەسەریدا دەژێ بێ جیاوازی ، هەروەها مەفاکانی خێزان بەسەر دەوڵەت ئاماژەیان پێدەدا کە هەموو کەسێک مافی خۆیەتی خێزان پێکبهێنێ وبەیەکەوە بژێن خەلک مافی خۆیەتی بە هاوبەشی ببنە خاوەنی هەرشتێک، نابێ کەس لە مافی مولکداری بێبەش بکرێ بەبێ رەزامەندی و بەزۆر مولکی لێ بسەندرێتەوە، بەم دەقە هەم لیبرالیستەکان کە (تاکگەرا) مەزهەبەکان بون وهەم ئەوانەی لەسەر مەزهەبی (جماعی )بون پێ رازی کرا، چونکە داخوازیی هەردوکانیان دەگرتەوە لە پاراستنی مافی مولکدارێتی کە تاکگەراییە مەزهەبەکان هەیانبو هەروەها مافی پێکهێنانی یانە و کۆمەلەو خێزان بۆ (جماعی ) مەزهەبەکان رازی کردن بو .

- لـه بـەشــێکی تردا بـاس لـە ئـازادی ڕۆژنـامـەگـەری وئـازادی رادەربڕین وئازادیەکانی تری ئابوری دەکا لەم روەوە لە ئەرتیکلی ١٨ تا ٢١ ئەم پرســە یەکلا دەکاتەوەو ڕۆشـنا دەخاتە هەموو ئەو مافانەی مرۆڤ کە هەیەتی بۆ وەدەســت هێنانی ســودو پیادە کردنی مافەکانی ئەو بوارانەش بریتین لە بواری ڕۆژنـامـەگـەری وبواری بڕوابون بـە ئـاین مـافی پێکهێنـانی کۆمـەلـە ونوێنەرایەتی کردنی گەل ویەکسانی لە پلەو پایەی وەزیفیدا .

- لە دوا بەشــدا کە ئەرتیکلی ٢٢ تا ٢٦ مافی هەموو کەسـێکی پاراسـت بە یەکســانی وبێ جیاوازی لە هەلبژاردنی ئەو کارەی لەگەل جەســتەو توانای خۆی دەگونجێ بێ زۆرلێکردن لـەگـەل دیـاری کردنی مـاوەی کار کردن لـە ڕۆژێکدا هەروەها مافی هەمو کەسێک لە فێر بون و خوێندن.

ســـەرەرای ئەوەی هـەنـدێک برگـە کـە لـەو جـاڕنـامەیەدا هـاتبون وەکو رەنگدانەوەیەکی کۆمەلگای فەرەنسی بون و هەندێک (عمومیات) یان پێوە دیار بو بەلام بۆ رونکردنەوەو شـیکاریی برگەکان مەودای باشـی جێهێشـتبو کە لە دوایی بە رونی و بە وردی لە وردەکاریەکان و تایبەتمەندیەکان بدوێن ، ئەوەی لە هەموو شــتێک دیار وســەرکەوتوبو ئەوەبو کە ئەم جاڕنامەیە مامناوەندیەک بو لە نێوان هەردوو مەزهەبی فەردی وجماعی هەردوکیانی بە یەک دەق رازی دەکرد و بە پاراستنی تایبەت مەندی گەلانەوە .

هەرچەندە ئەم راگەیاندنە یا جاڕنامەیە هێزی یاسـای لە پشـت نەبو هیچ لایـەنێـک وەکو دەســەڵاتی قـەزائی یـا جێبـەجێکـار نـەبو بـەدوای جێبـەجێکردنی ئـەم جـاڕنـامەیـەدا بچێ تـەنهـا ئـامـاژەو وەبیرهێنـانـەوە

ودانپیانانێک بو ، هەر لەبەر ئەم هۆیەو بەهۆی بونی ناکۆکی لە نێوان بۆچونی مەزهەبەکانەوە کێشـە کەوتە نێوانیان رێگە چارە، ئەوە بو کە ئەم بڕوانامە بکرێ بە دو بەشەوە بۆ ئەوەی هیچ ناکۆکیەکیان لە نێوان نەمێنێ وجێبەجێکردنەکەش هەمو وڵاتێک بگرێتەوە، ئەوەبو ئەم میســـاقە یا بڕوانامەیە کرا بە دو بەشـەوە یەکیان باس لە مافەکانی سیاسی ئەویتریان مافەکانی ئابوری وکۆمەلایەتی دەکا ، هۆیەکەشــی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە لەوانەیە هەندێک وڵات ئەم میســـاقە لەبەر هەندێک برگە رەت بکەنەوە کە پەیوەندیی بە مرۆڤەوە هەیە بالام هەندێکی تر لەبەر هۆی کۆمەلایەتی وئابوری بۆی هەیە رەتی بکەنەوە ، لەبەر ئەوە بە باش زانرا بکرێ بە دو بەش ئەگەر دەوڵەتێک بەشـێکی پێ باش بو ئەوا دەتوانێ تەنها ئەو بەشــە پەســـند بکا ئەگەر هەمو برگەکانی پێ باش بو ئەوکات هەردوو بەشـــەکە پەسند دەکا هیچ کێشـەیەک لەمە دروست ابێ ، بەم شێوە ئەو میساقەی دەرکرا کرا:

یـەکـەم /میســـاق نێو دەوڵەتی بۆ مـافـەکـانی ئـابوری وکۆمـەلایـەتی و فەرهەنگی ، ئەمەش خۆی لە مافەکانی :

١/مافی چارەی خۆنوسین بۆ گەلان.

٢/مافی گەلان بە دەستکاری کردنی سامانەکانی ئابوریی خۆیان .

٣/ مافی خەلک بۆ کارکردن و مەشق کردن لەسەری

٤/مافی گەلان لە بیمەی کۆمەلایەتی وئاسایشی خۆراک وتەندروستی

٥/ مافی خوێندن وپەروەردە ولێکۆلینەوەی زانستی .

دووەم / میساقی نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی سڤیلی وسیاسی

ئەم بابەتەش بە چەند بەشـــێک خرایە رو خۆی لە دیباجەیەک و٥٣ ئەرتیکل پێکهاتوە کە بەسەر شەش بەشدا دابەش کراوە .

١/ هەموکەسێک مافی خۆیەتی لەژێر پارێزبەندی یاسادا بژێ بێ جیاوازی .

٢/ هەموو گەلێک مافی خۆیەتی داهاتە ئابوری وســـامانەکانی نیشـــتمانی خۆی لێ ئاگادار بێ ودەستی هەبێ لە خەرجکردنی .

٣/ کار کردن بە سزای لەسێدارە دان دەبێ تەنها لە حالەتی زۆر کەم پیادە بکرێ وجێبەجێ بکرێن تەنها ئەو حالەتانە نەبن کە مەترســـیان بۆ میلەت هەیە .

٤/ ئەوانەی تەمەنیان لە ١٨ ساڵ کەمترە نابێ سزای لەسێدارەدان بیان گرێتەوە .

٥/ نابێ ئەشکەنجەی هیچ کەسێک بدرێ وبەهۆیەوە زانیاریی لێ وەرگرن .

٦/نابێ کۆیلایەتی بە هیچ کەس بکرێ وکاری سوخرەو بەزۆر قەدەغەیە .

٧/ هەموو کەسـێک مافی خۆیەتی بە هەوەسـتی خۆی شـوێن ژیانی بگۆڕێ وبەپێی بەرژەوەندیەکانی خۆی بژێ بە مەرجێ کار نەکاتە سەر یاسا .

٨/نابێ دەست بخرێتە ناو ژیانی تایبەتی و خێزانی هیچ کەسێکەوە .

ئەم رەشـنوسـە لە سـەر رەفەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان تا چەند سـاڵێک مایەوە بێ ئەوەی کەس ئیمزای لەسـەر بکا تا لە ١٩٦٦/١٢/٦ واتە هەژدە سـاڵ دوای دەرچونی لە نەتەوە یەکگرتوەکانە ئیمزا دەکرێ .و دوای دە ساڵیش ئەوسا دەکەوێتە مەیدانی جێبەجێ کردنەوە واتە لە ١٩٧٦.

جێبەجێ نەکردن و دواکەوتنی بۆ چەند هۆیەک دەگەرێتەوە لەوانە :

١/ دەوڵەتانی جیهانی سـێیەم پێیان لەسـەر ئەو برگەیە داگرتبو کە مافی چارەی خۆنوسـین بە گەلان دەسـپێرێ ، بەلام دەوڵەتانی ئەوروپی پێیان لەسـەر ئەوە دادەگرت کە ئەم میسـاقە مافەکانی مرۆڤە بە تاک هیچ پەیوەندیەکی بە کۆی گەلانەوە نیە بەلام لە دواجار ئیرادەی گەلان سـەردەکەوێ و بە ناچاری ئیمزای لەسـەر دەکەن (هەرچەندە کەم کەس سودی لەم برگە وەرگرتوە)

٢/ پێداگری دەوڵەتانی جیهانی سـێیەم لەسـەر ئەو برگەیەی مافی گەلان دەدا لە دەسـتکاری کردن ومامەلەکردنی گەلان بە سـامانەکانی ئابوریی خۆیانەوە .

٣/ هەندێک دەوڵەت لە هەندێک برگە دلنیا نەبون وتێبینیان لەسـەری هەبو بۆیە خۆیان دەکێشایەوە لە واژۆکردنی

٤/ هەندێک دەوڵەت لەوە دەترسـان کە ئەو مافە بە نەتەوە یەکگرتوەکان بدات بەدواداچون وچاودێری لەسـەر جێبەجێکردنی برگەکان بکا وەکو دەستێوەردان ولەدەست دانی سەروەریی دەوڵەتە .

دوای ئەوەی ئەم میسـاقە واژوۆ دەکرێ بەلام لەگەل ئەوەشـدا بە بیانوی نەگونجانی لەگەل فەرهەنگ ویاسـای هەندێک لە دەوڵەتان هەر بە مردویی مایەوە بۆیە وا بەباش زانرا کە بیر لەوە بکەنەوە لەسـەر ئاسـتی هەرێمایەتی هەندێک رێکخراو دروسـت بکرێن کە ئەو هەرێمانە لە روی کەلتورو ئابوری یا زمان لەیەک نزیکن ئەمەش وایکرد چەند رێکخراوێک دابمەزرێن ئەوان لە ناو خۆیاندا بەشـێک بکەنەوە بۆ پاراسـتنی مافەکانی مرۆڤ وەکو ، دەوڵەتانی ئەمریکی لە نێوان خۆیاندا هاوکاریەکی هەرێمیان دامەزراند لە بواری مافەکانی مرۆڤ و پەناهەندەیی و ئازادیەکان بکرێ بە ئازادی ژن وپاراسـتنی مافەکانیان ، لەم روەوە دادگایەکی ئەمریکی بۆ مافەکانی مرۆڤ دامەزرا .

هەروەها لە ئەفریکا بە پێی میسـاقی ئەدیس ئەبابا رێکخراوی یەکیەتی ئەفریکا دامەزرا .

لە رۆژهەلاتی ناوەراسـت دەوڵەتانی عەرەبی کۆمکاری دەوڵەتانی عەرەبی دامەزرا کە لە ناویان بەشـێک بۆ مافەکانی مرۆڤ کرایەوە بە ناوی لیژنەی مافی مرۆڤ ئەمەش بوە مایەی ئەوەی لەسـەر ئاسـتی هەرێمەکەدا کۆنگرەیەکی هەرێمی لەسـەر مافەکانی مرۆڤ ببەسـترێ لە بەیروت لە ١٩٦٨ بەلام ئەوەی دواتر لەو لیژنەیە بەدی کرا تەنها پێشـێلکاریەکانی

ئیســرائیلیان دەخســتە روو چاوپۆشــیان لە پێشــێلکاریەکانی مافی مرۆڤ دەکرد کە لەو وڵاتە عەرەبیانە پیادە دەکراو گەلان دە چەوســێندرانەوە بۆیە کاریگەریەکی  ئەوتۆی نەبو .

 ئەمە بەشێک بو لەو چالاکی وهەولانە دراون لە بواری مافەکانی مرۆڤ لە لایـەن کۆمـەلگـای نێودەوڵەتی بـەگشــتی وێرای ئـەو هـەموو هـەول وتێکۆشــانانە هێشــتا مافەکانی مرۆڤ لەم جیهانە پێشــێل دەکرێ خەلک دەجەوســێندرێتەوە وتەنها ئەوەی ئەمرۆ لە ئارادا نیە کرین وفرۆشــتن مرۆڤ وکۆیلایەتیە نەماو .

## نەتەوە یەکگرتوەکان و مافەکانی مرۆڤ

------------------------------------

دەتوانین لـەو بـایـەخ وگرنگیـە بگـەین کـە نـەتـەوە یـەکگرتوەکان بـە مـافـەکانی مرۆڤی داوە لـە رێگـەی جـارنـامەی جیهـانیی مـافـەکانی مرۆڤ و میســـاقی نـەتـەوە یـەکگرتوەکان بۆ مـافی مرۆڤ و دواتریش میســـاقی نێو دەوڵەتیی مـافـەکانی ئـابوری وکۆمـەلایـەتی وفـەرهـەنگیی مرۆڤ لـەگـەل مافەکانی سڤیلیی مرۆڤ .

لەوەی کە لە دیباجەی نەتەوە یەکگرتوەکاندا هاتوە ، بۆمان دەردەکەوێ کە نەتەوە یەکگرتوەکان بایەخ وگرنگیان بە مافەکانی مرۆڤ داوە لە دیباجەکەدا دەڵێ ( ئێمە کە گەلانی نەتەوەکانی یەکگرتوین بە ئەرکمان زانی کە نەوەی داهاتو لە کارەسات وستەمی رزگار کەین ، سەرلە نوێش دوپاتی بکەینەوە کە بڕوامان بە مافە بنەرەتیەکانی مرۆڤ هەیە کە مرۆڤ دەبێ بە ئابرومەندی و سەربەرزی بژێ چونکە مافی خۆیەتی هەروەها مافی ژن وەکو مافەکانی پیاو بە یەکسانی بزانین ، هەولیش بدەین بۆ بەرەو پێش بردنی ئاستی کۆمەلایەتی وبەرز کردنەوەی باری ژیان وگوزەرانی خەلک .

ئەمەو لە گەلێک برگەی تر ئاماژە بە مافەکانی مرۆڤ دراوە لە مادەی ٥٥ ئاماژە بەوە دەکا کە نەتەوە یەکگرتوەکان لە هەولی ئەوە دادەبێ ئارامی و تەبایی لە نێوان گەلان بەرقەرار بکا لەوانە مافی گەلان لە چارەی خۆ نوسین دواتر لە بەشی ١٢ دا هاتوە لە مادەی ٧٦ لە ئامانجە هەرە سەرەکیەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان هاندانی خەلکە لەسەر یەکسانی بونو ئازادی ومافەکانی مرۆڤ کە هەموو خەلکێک بە مافەکانی خۆی شاد بێ و پێی بگا بێ گوێدانە جیاوازیەکان .

دوای ئەمە نەتەوە یەکگرتوەکان بەمەش ناوەستێ تا بەشێکی جیا لە ناو بارەگای نەتەوە یەکگرتوەکان دەکاتەوە بەناوی مافی مرۆڤ کە شوێنی لەناو ئەمانەتی گشتی دەبێ ئەمەش سەرکەوتنێکی ترە بۆ مافەکانی مرۆڤ ، دواتر لە ناو ئەنجومەنی ئابوری وکۆمەلایەتی بەشێکی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ دادەمەزرێ کارو چالاکیەکانی بەدواداچونی مافەکانی مرۆڤ دەبن

لە سـەرتا سـەری جیهان و ئاگادار کردنەوەی ئەنجومەنی گشـتیی نەتەوە یەکگرتوەکان بە راپۆرتی دەوری لە پێشـێلکاریەکان ئەم بوارە کە لەلایەن دەوڵەتو دەسەڵاتدارەکانەوە ئەنجام دەدرێ .

یەکێک لە شـاکارەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ بون کە لە بەشـێکیدا ئاماژە بەوە دەدا کە لانی کەمی هاوبەشـی نـەتـەوەکانی دونیـا لـە خۆ دەگرێ لـەم راگـەیـانـدنـە کـە لـە ١٠ ی کانونی یەکەمی ١٩٤٨ رادەگەیەندرێ وبە ناوی جاردانی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ دەناسرێ کە وەکو ئاشکرا کردنی مافەکانی مرۆڤ دێتە ئەژمار چونکە ئەو مافانەی لەو بەیاننامەیە یا جاڕنامەیەدا هاتون شتێک نین بە دەستکەوت بزانرێن بەلکو تەنها ئاگادار کردنەوەی خەلکە بە مافە سـروشـتیەکانی خۆیان واتە هیچ ئیمتیازێک نیە بەو خەلکە درابێ تەنها پەردە لەسەر لادان ورونکردنەوەو ئاشـکرا کردنی مافە سـروشـتیەکانە بۆیە نابێ ئەمە هیچ لایەنێک بە دەستکەوت یا ئیمتیازی خۆی بزانێ تەنها پیادە نەکردنی دەبێتە پێشێلکاری وبەزاندنی سنورەکانی مافی مرۆڤ هیچی تر نا .

# ئەمریكا و دۆسێی چەكی ئەتۆمی

----------------------------------

ئەمریكا وەكو وڵاتێكی زل هێزی دونیا دیارە بۆ بەرەنگار بونەوەی دەست گرتن بە سەر دونیا و راگرتنی پارسەنگ و هاوكێشەكانی دونیا دەبێ خاوەنی ستراتیژیی دیار و گونجاو بوبێ لە پێناو پاراستن و گەشە پێدانی بەرژەوەندیەكان و دواتریش لە پێناو بەرسنوردار كردنی گەشەبونی دەسەڵاتی یەكیەتی سۆڤیەت كە ئەوسا بە لوتكەی ركابەری دەسەڵاتەكانی ئەمریكا دەهاتە ئەژمار بۆیە ئەمریكا لەو ماوەیەدا و دوای جەنگی یەكەمی جیهان و تا ئەمرۆ بۆ هەر قۆناغێك سیاسەتێكی پیادە كردوە لە پێناو پاراستنی ستراتیژیەكانی خۆی.

دوای جەنگی یەكەمی جیهان كاتێك سەرۆكی ئەمریكای ئەوسا وودرۆ ولسن لە ١٩١٥ لە فرەنسا دەگەرێتەوە ئەمریكا و پرۆژەی دامەزراندنی كۆمەلەی نەتەوەكان لەگەل خۆیدا دەبا بۆ ئەوەی لە كۆنگرێس پەسندی بكەن و ئەوانیش ببنە ئەندامێكی دامەزرێنەر و سەرەكیی ئەم كۆمەلەیە ، بەلام بەهۆی وەدەست نەهێنانی رەزامەندیی كۆنگرێس لەسەر پرۆژەكەی لە دوو روەوە توشی شكست دەبێ:

١/ له هەڵبژاردنی پەرلەمانیدا شـکسـت دێنێ و پارتەکەی سـەرکەوتن وەدەست ناهێنێ .

٢/ پرۆژەکەی له کۆنگرێس پەسـند ناکرێ چونکە کۆنگرێسی ئەمریکی لەبەر چەند هۆیەک پێی باشـبوە لە دەرەوەی ئەم کۆمەڵەیە بمێنێتەوە بۆیە نابنە ئەندام لەم کۆعمەله هەرچەندە لە بنەرەتدا ئەوا بیرۆکەکەیان خستبوە بەردەست.

ئەم دو شـکسـتە بۆ ولسـۆن مانای کۆتایی هاتن بو بە ژیانی سـیاسـی بەلام ئەمریکا دوای ئەو دەمێنێتەوە و ئایزن هاوەر پێی باش بوە بەهۆی ئەو سـیسـتەمەی کۆ مەلەی نەتەوەکان لەسـەری دەرۆن نەچێتە ناو کۆمەلەی نەتەوەکانەوە کە بریتی بوە لە ( سیستەمی ئاسایشی بەکۆمەڵ ) ئەم سـیسـتەمە بۆ ئەمریکا ئەوە دەگەیەنێ کە کۆمەلە مافی ئەوەی هەبێ سنور بۆ دەسەڵاتەکانی ئەمریکا دابنێ و رێگەی پێنەدا دەست لە کاروباری ئەمریکای باشـور وەربدا و لەم پێناوە دەسـەڵات و بەرژەوەندیەکانی سـنوردار دەبن، بۆیە سـیاسـەتی بەرکەناربون (العزلە ) هەڵدەبژێرێ هەرچەندە ئەم بەرکەناریە ئەوە ناگەیەنێ کە ئەمریکا لە هەموو دونیا دادەبرێ نەخێر بەلکو لەو ماوەیەدا ئەمریکا بە چەندی بیانو و پاسـاوەوە لە کارەکانی خۆی بەردەوام بوە و دەسـتی لە کاروباری دەوڵەتان وەرداوە و بەرژەوەندیەکانی خۆی کاتێک زانیویەتی کەوتونەتە مەترسـی ئامادە بوە لەگەل ئەو لایەنە بکەوێتە جەنگ وروبەروی بێتەوە بێ ئەوەی رەزامەندی هیچ لایەنێک وەرگرێ.

دوای ئەوەی ئەمریکا ماوەی نێوان هەردوو جەنگەکە بە سـیاسـەتی دەسـت گرتن بەسـەر ئاسـمان و کەنارەکانی دەریا بەردەوام دەبێ زیاتر هەست بە پەراوێز و دابران دەکا کە خۆیان لە بڕواکانی ماهان دەبینێتەوە ( سـیاسـەتی دەسـت گرتن بەسـەر دەریا) و (بڕواکانی دوهیە و میتشـل دەسـت گرتن بەسـەر ئاسـمانەکان ) لەگەل ئەم دو سـیاسـەتە درێژە بە دواندنی دەوڵەتان دەدا بەلام بەهۆی گۆرانی بارو دۆخی دەوڵەتان و ئاسـتی پێشـوەچونی چەک و تەقەمەنیی سـەربازیەوە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی بە سیاسەتەکانی خۆیدا دێتەوە و پشت بەسیاسەتی (گەمارۆدان) دەبەستێ .

لە نێو ئەمریکیەکان گفتوگۆی زۆر لەسـەر ئەم سـیاسـەتە کرا، ئەمە دوای ئەوە دێت کە ئەمریکا دەبێتە خاوەنی چەکی ناوەکی ومەترسـیەکانی لە یەکیەتی سۆڤیەت زیاد دەکەن بۆیە لە هەولی پیادە کردنی گەمارۆ دانی دەسـەڵاتەکانی سـۆڤیەتدا دەبێ هەموو ئەو شـوێنانەی مەترسـیی لێیان هەیە کە بکەونە ژێر دەسـەڵاتی سـۆڤیەت گەمارۆیان دەدا و بە بەرنامەیەکی بەرگریی مکوم دەیان خاتە ژێر چاودێری و کاریان لەسـەر دەکا، بەمەش ترس دەکەوێتە نێو سـۆڤیەتیەکان کە ئەوان لە دواوەی ئەمریکان و هەرکاتەی هەنگاوێک بنێن دژی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا بێ دورنیە ئەمریکا لە دژی ئەوان ئەم چەکە بەکار بێنی ، بەلام ئەمە ئەوەندە درێژەی نابێ کاتێک لە پەنجاکان یەکیەتی سـۆڤیەتیش دەبێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی ئیتر دەبێ ئەمریکا سـیاسـەت وبەرنامەیەکی تر بۆ سـتراتیژیەکانی خۆی دارێژێ ،یەکێک لە وسـیاسـەتانەی دایرشـت بەهێز

کردنی هێزی ناوەکی وئەتۆمیی سـوپای ئاسـمانیی بوە کە هەزار جار لەو چەکە بەهێزتر دروسـت دەکات کە لە ناکازاکیی بەکار هێنا و بوە هۆی شکست پێهێنانی ژاپۆن وکۆتایی هێنان بە جەنگی دووەمی جیهانی .

سیاسەتەکانی دواتری ئەمریکا بۆ ستارتیژیی دەوڵەتی ئەمریکا خۆی لە دو رێگە دەبینیەوە ( بەرگری کردن یا بەرپەرچ دانەوە ) یەکەمیان بۆ کاتی روودانی جەنگ دەبێ و ئەویتریان کە بەرپەرچ دانەوەیە بۆ کاتی ئاشـتی بۆئەوەی رێگە لە بەرپا بونی جەنگ بگرێ ، بەلام چ جۆرە چەکێک لەم جەنگانە بەکار دێ وچۆن دەبێ ئەمریکا کاری وابکا کە خۆی خاوەنی هەڵبژاردنی کات وشـوێنی جەنگەکە بێ نەک لایەنی بەرانبەر واتە یەکیەتی سۆڤیەت .

کە شـۆڕشـی چین بەرپا دەبێ و دەنگی گەلان بۆ ئازادی و رزگاری لە زیاد بوندا دەبن، ئەمریکا توشی شـۆک دەبێ هەروەها دوای ئەمەش کاتێک لە کۆریا و دواتریش ڤێتنـام شـۆڕس لە پێناو ئـازادی هەڵـدەگیرسـێ و سـیاسـەتەکەی ئەمریکا ئەگەر لە هەندێک بواردا سـەرکەوتنی بەدەسـت هێنابێ بەلام لەم رووەوە شکستی هێنا، چونکە لەم میانەدا گەلێک جار لە نێو ئەمریکیەکان دەنگۆی ئەوە بەرز دەبووەوە کە چەکی ئەتۆمی دژی چین بەکار بێ بەلام ئەوە نەکرا .

ئەمریکیەکان دەستەوەستان نەوەستان بەدوای نانەوەی تەگەرەو تەنگو چەلەمەدا بونە لەبەردەم کارەکانی سـۆڤیەت ورێگە لە بەرژەوەندیەکانیان دەگرتن لە ژێربەژێر، لە سـەرەوەش زیرەکانە سیاسـەتی دبلۆماسیان پیادە

دەکرد و لە ڕێگە ئالوگۆری بەرژەوەندیەکان کێشـەکانیان چارەسـەر دەکرد و ڕێگەیان لە نانەوەی کێشـەو شـەڕی مەزن دەگرتن .

بۆیە ئەمریکیەکان دوای ناوەراسـتی سـاڵەکانی پەنجاکان سـیاسـەتێکی تر دەگرنە بەر کە پێیان دەوت سـیاسـەتی سـتراتیژیی تۆڵەسـەندنەوەی سـەرتاسـەری . ئەمەش ئەو پرۆژەو سـیاسـەتە بو کە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا جۆن فوسـتەر ئاشـکرای کرد وداوای پیادە کردنی دەکر کە بریتی بو لە ، پیادە کردن و پراکتیزە کردنی ئەو شـێوازەی مامەلە کە ئەگەر هەر جولەیەک لە سۆڤیەتیەکان ببیندرێ ئەوان بە لێدانێکی سەرتاسەری لە بەرژەوەندی و لایەنگرانی بدەن، تا لە توانای سـەربازیان بخەن بۆ ئەم مەبەسـتەش داوای زیاد کردنی بودجەی سـەربازی دەکا وبایەخ بە هێزی ئاسمانی دەدا ، ئاماژەش بەوە دەدا کە ئەمریکا بەهۆی ئەوەی خاکی لەو شـوێنانە دورە کە ببێتە مەترسـی داگیر کردنی، بۆیە دەکرێ لە ڕێگەی بـەهێز کردنی هێزی ئـاسـمـانی وچـەکی ئـەتۆمیـەوە بتوانین هـەم دوژمن بتۆقێنین هەم لە کاتی پێویسـتدا سـەرتاپای بەرژەوەندیەکانیان دەسـت لێ بوەشـێنین ، ئەمە لەو کاتەدا دێت کە یەکیەتی سـۆڤیەت دەبێتە خاوەنی چەکی هیدرۆجینی.

بەم شێوەیە ئەمریکاو یەکیەتی سۆڤیەت لە پەیوەندیەکانیان لە یەکتر پر بە مەترسـی دەبن هەر ئەوەیان بۆ دەمێنێتەوە کە بە سـیاسـەتی شـەڕی سـارد لەگەل یەکتر بێنەوەو، ژێر بەژێر بە پێچەوانەی بەرژەوەندیەکانی یرکتر کار بکەن بۆ لەبار بردنی بەرنامەکانی یەکترو لە سـەرەوەش بە

چەندی پەیماننامەی وەکو ساڵت ١ و ٢ یەکتر ببەستنەوە تا ساڵی نەوەت ئەوکات بەهۆی پەیام وبەرنامەکەی میخائیل گۆرباچۆفی سەرۆکی یەکیەتی سۆڤیەت کە (پرسترۆیکا) واتە سێ کوچکە ناودەبردێت لەم ڕێگەیەوە کە بانگخوازی ئازادی رادەربڕین و ئابوریی دەکرد، بەهۆیەوە یەکیەتی سۆڤیەت هەڵدەوەشێتەوەو دەوڵەتە یەکگرتوەکانیشی کە لە ١٥ دەوڵەت پێکهاتبو هەریەکەی خەم لە چارەنوسی خۆی دەخواو سەربەخۆیی خۆی رادەگەیەنێ ، ئیتر لەو کاتەوە ئەمریکا دەبێتە تاکە هێزی زەبەلاحی دونیا بەلام نابێتە تاکە هێزی خاوەنی چەکی ئەتۆمی ، دەسەڵاتەکانی بە سەر زۆرینەی دونیادا دەشکێ و یەکیەتی سۆڤیەتیش لە بەردەم بەرنامەو تواناکانی ئەمریکا هەڵدەوەشێتەوە، ئەمە لە کاتێکا هەر لە سەرەتای شۆڕشی ئۆکتۆبەرو هاتنی کۆمۆنیستەکان بانگخوازی ئەوەیان دەکرد کە ئەوان پێشرەوایەتی بلۆکی سۆشیالیزم دەکەن ونوێنەری چینی کرێکارنن دوارۆژیش بۆ دەسەڵاتی ئەوانەو ئەمریکاش نوێنەرو پێشرەوی دەسەڵاتی سەرمایەداریە، لە داهاتو بەرانبەر بە هێزی پرۆلیتاریا شکست دەهێنێ ولەناودەچێ، کەچی تا ئەمرۆ ئەوەی دەیبینین بە پێچەوانەوەیە بۆ داهاتوش هەمو ئەگەر وسیناریۆکان لە ئارادان .

# ئازادیە گشتیەکان

---------------------

## ئاازادیەکان لە سەردەمی چەرخی رۆشنگەری

-------------------------------------

زاناکان بەرفراوانتر بیر دەکەنەوە دەڵێن دونیا بەرەو پێش چوە مرۆڤ دەبێ بە رونی تر هەست بە ئازادی بکا وهەرسێ دەسەڵاتەکەی یاسا دانان و جێبەجێ کردن ودادوەری لەیەک جیا بکرێنەوە بۆ ئەوەی ئازادیەکی رەها بەرقەرار بێ بەرژەوەندیەکان لەیەک جیا و دیار بن دەسەڵاتەکانیش دابەشی سێ توێژی جیا بکرێن چونکە ئەم هەرسێ دەسەڵاتە بە ئیرادەی یەک توێژ یا کەس بو ئەوا بە پێچەوانەی بەرژەوەندیەکانی هەندێک دەروا وکارەکان نادادپەروەر دەبن .

رێبەرو هەلگری ئەم بیردۆزەش هەریەک لە ڤۆلتێر ومۆنتسکیو بون کە لە بیرکردنەوەدا هەریەکەو جیاوازیەکی کەمی لە بیرکردنەوەدا لەگەل ئەویتردا دەبێ .

**بیردۆزی ئازادی ئابوری** کە فیزیوکراتەکان و ئادەم سمیت بانگخوازیان دەکرد ئەوان بۆ رزگار بونی وڵات لە قەیرانی ئابوری وایان دەبینی کە خاک

ئەو شـــوێنەیە کە بتوانێ وڵات لە قەیرانی ئابوری رزگار بکا ، بۆیە لەســـەر دەوڵەتە سامان وسەروەتی میلەت کە خۆی لە ناو ئەو خاکەدا دەبینێتەوە بپارێزێ وئازادی بۆ خەلک بەرقەرار بکا تا خزمەتی ئەو خاکە بکاو وەبەرهەمی بێنێ ، رێگە لە خەلک نەگرێ کە بە ئازادی بەرهەمەکانیان ســـاخ کەنەوەو خزمەتی ئەو خاکە بکەن چونکە بە دیدی ئەوان ئەمە سەرچاوەی ئازادی و کامەرانی خەلکە.

بەلام ئادەم ســـمیت کە زانایەکی مەزهەبی فەردی بو بە شـــێوەیەکی تری دەروانیە بۆچونەکان بەدیدی ئەو دەبێ ئامێرەکان لەبەرچاو بگیرێن ئەو ئامێرانەی بەرهەمەکان دەگۆرن بۆ کالای ئامادەو بەبازاردەکرێن واتە گۆرینی بەرهەمەکان بۆ کالای ئامادە ئەرکێکی ترە بۆیە دەبێ نرخ بۆ ئەمەش دیاری بکرێ واتە کار بە سیستەمی دابەش کردنی کار بکرێ، هەر قۆناغە رۆلی خۆی دیار بێ لەو بەرهەمەدا، لەگەل ئەمەشـــدا ئازادی لە پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان نەگیرێ و دەوڵەت ئەو بوارە بۆ بەرهەمهێنان برەخسێنێ کە پەیوەندیەکانیان لەگەل کریار باش بکەن .

**مەزهەبی تاکگەری(فەردی)**

------------------------

ئەمە یەکێکی تر بو لەو هزرو بیرانەی ئەو سەردەم هەلگرانی ئەو مەزهەبە پێیان وابو کە تاک لە کۆمەل ئامانجە نەک ئامراز بۆیە دەبێ هەموو ئازادیەکان بۆ تاک فەراهام بکرێن ورەها بن، نابێ رێگە لە هیچ ئازادیەکی تاکی کۆمەل بگیرێت، هەر کاتەی تاک هەموو مافەکانی خۆی پیادە کردن و دلخۆش بو ئەوسا کۆمەلگایەکی کامەران دەبێ ، لەم روانگەیەو بە دیدی ئەوان ئەرک وفەرمانی دەوڵەت تەنها پاسەوانی کردنە لە پاراستنی مافەکانی ئازادیی تاک بۆ ئەوەی پێشێل نەکرێن نابێ دەست بخاتە بەر ئازادیەکانی تاک لە ناو کۆمەلدا واتە هەموو ئازادیەکان رەها وکراوە دەبن لەبەردەم تاکی کۆمەلدا .

دیارە هزر وداخوازی وبیرکردنەوەکان تا ئەو کاتەی بە یاسا نەکرێن ونەخرێنە ناو دەستورەوە بایەخ وپاشخانێکی ئەو تۆ بە هێزیان نابێ کە بتوانرێ پیادە بکرێن وخەلک پێیانەوە شاد وبەختەوەر بێ بۆیە دەبینین کە ئێستا ئەم داخوازی ومافە سروشتیانە بە دەسطور کراون ئازادیش یەکێک لە بنەما هەرە سەرەتایی وگرنگەکان بوە کە بەم رێچکەیەدا بڕوا .

**مەزهەبی کۆمەڵگەری ( جماعی)**

------------------------------

لە مەزهەبی کۆمەڵگەریدا بۆچونەکان بە پێچەوانەی مەزهەبی تاک دێن چونکە ئەوان بڕوایان بە ئازادی بە کۆمەل هەیە لە کاتێکا لە فەردی رێگە نادات بە کۆمەڵ خەلک داوای ئازادیە گشــتیەکان بکەن، بەڵکو تەنها بڕوای بە ئازادیی تاک هەیە، بۆیە لە مەزهەبی تاکگەری دان بە مافەکانی نەتەوەو کۆمەلە ئاینیەکان ومەزهەبیەکان نانێ ئەمە دەبێتە مایەی ئەوەی لەم رووەوە مەزهەبێکی تر بە ناوی مەزهەبی بەکۆمەڵ ســەر هەڵبدا کە ئەمانیش دوو رێچکەیان گرتبوە بەر :

ا/ ئەوانەی لە رێگەی داخوازی ورێبازی سـۆشـیالیزمەوە داخوازی مافی بە کۆمەڵیان دەکرد کە مارکس و ئینجلس رابەرایەتیان دەکرد، دابەش بونێک بو لەسەر بنەمای چینایەتی و ئابوری .

ب/ بەشەکەی تری کۆمەل داخوزایەکانی نەتەوایەتیان لە بەرچاو دەگرت و ئەوان داخوازیی ئازادیی گشــتیی بەکۆمەڵ بۆ نەتەوەیان دەکرد کە نازیەکان وفاشــیســتەکان لە ئەلمانیا وئیتالیا بە نمونە دێن ئەوان هیچ ریزێکیان بۆ مافەکانی تاک نەبو رێگەیان بە داخوازیەکانی تاک نەدەدا کە ئازادیی فەردیان بۆ فەراهام بکا لێرەوە ناکۆکی دەکەوێتە نێوان هەردو مەزهەبەکەو هەلگرانیان لە ناکۆکی ورکابەری یەکتردا دەبن .

لە بەیاننامەکەی مارکس کە بە بەیانی کۆمۆنیستی مارکس لە ١٤٨٤ دەناسرێ دا هاتوە کە هیچ بڕوایەکیان بە سروشتی مرۆڤ نیە تەنها بڕوایان بەو شتە هەیە کە بەدەست دەگیرێ داخوازیەکانیشیان بۆ بە دیکتاتۆری کردنی چینی کرێکارە کە لەو رێگەیەوە بە دیدی ئەوان مرۆڤ بە ئازادی دەگا و گەلان لە ستەم وزۆرداری رزگاریان دەبێ .

مارکس دەڵێ بۆئەوەی بگەینە دادپەروەریەکی کۆمەلایەتی وهەموو چینەکان بە مافی خۆیان شاد بن دەبێ رەچاوی مافی مرۆڤ نەکرێ وبێ گوێدانە ئەو پرسە ئەو مافە لەو کەسانە بسەندرێتەوە کە وەکو ئیمتیاز پێیان دراوە دەنا گەیشتن بە ئامانجەکان مەحال دەبی .

---

سەرەتا ئەم ئازادیانە کە بونیان هەبوە مرۆڤ لە داب ونەریتەکانەوە سودیان وەرگرتوە و دابو نەریت یاسای پیادەکردن ورێنمای رۆژ بونە، دیارە هەر کۆمەڵگایەو بە خۆرسک هەندێک داب ونەریتیان وەرگرتوە یا دروستیان کردون کە بونەتە یاساو رێنمایەک خەلکی لەسەری دەرۆیشتن بەلام ئەم داب ونەریتانە چەند تایبەت مەندیەکیان هەیە کە لە یاساو رێنماکانی تردا نین لەوانە :

ا/ داب ونـەریـت لە داهێنـانی خەڵـک خۆیەتی ، دەبنـە یـاســـای ئـەو ســـەردەم وئـەو شـــوێن بۆ ئـەوەی کـەس بـە راوێژ یـا بریـار لـەســـەردان پەسندیان بکا .

ب/ داب ونـەریـت بـە نوســـین نـەکراون تـەنها لـە ئـەنجـامی پیادە کردن ودوبارە بونەوەی خەلک پێی دەزانێ .

ج/ گۆرین وداب ونەریت بە یەواشی ولەسەرەخۆ جێی خۆیان دەگرن ، لە هەمان کاتیشـــدا زۆر بە لەســـەرەخۆیی دەگۆردرێن ونەریتێکی تر شـــوێنی دەگرێتەوە .

د/ لە کاتی ســـەرپێچی کردن هیچ ســـزایەکی بۆ دیاری نەکراوە تەنها ئەوە نەبێ خەلک بە سوکی سەیری پێشێلکار دەکا وهیچی تر نا .

دواتر لە قۆناغی دوەمی بەرەو پێش چونی جێگیر بونی ئازادیە گشـــتیەکان بە یاســا کردنی ئەو داخوازیانە بونە کە مرۆڤ بە ئازادیی گشـــتیی زانیون ، لـەم روەوە چـەنـدین هـەول لـەم پێنـاوە دا دراون تـا ئـەوکـاتـەی داب و نەریتەکانی لە خزمەت ئازادیە گشتیەکان ومافەکانی مرۆڤدا بونە کراونەتە یاساو دەوڵەت خۆی لێ بە خاوەن کردوە تا پێشێل نەکرێن .

لە دوا قۆناغی بەرقەرار وبەرجەســتەکردنی یاســاکانی ئازادیە گشــتیەکاندا هەولی بەدەســـتور کردنی ئەو یاســـایانە دراون کە بخرێنە ناو دەســـتورو لەوێ جێگیر .

## بەدەستورکردنی بنەماکانی ئازادیە گشتیەکان

بۆ بەدەستور کردنی ئازادیە گشتیەکان ئەم سێ نمونە دەخەینە رو:

**١/ یاساکانی ئینگلیزی**

------------------------------

بریتین لەو پەیمان و رێککەوتنانەی یا لە نێوان پادشا و رابەرە شۆڕشگێرەکاندا بوە یا لە نێوان پادشا و ئەنجومەنەکانی نوێنەراندا بوە کە بە گشتی بریتین لە :

ا/ یاسا مەزنەکە یا بەلگەنامەی (ماگناکارتا ــ Magna Carta) ی مێژویی لە ١٢١٥ . لەم بەلگەنامە پادشا جون بە یاسای دەرەبەگایەتی و پاراستنی بەرژەوەندیەکانی چینی خانەدان پابەند دەکرێ ، کە دواتر گەلێک لە دەولەتانی ئەوروپا لاسایی ئەم یاسایە دەکەن و پیادەی دەکەن.

ب/ یاداشتی مافناسی لە ١٦٢٨.

ج/ یاداشتی هاپیاس کورپوس لە ١٦٧٩.

د/ یاسا مافناسیەکەی ١٦٨٩.

و/ یاسای جێگیرەوەی پادشایەتی لە ١٧٠١.

هەر یەک لەو یاداشـــت و داخوازی ویاســـایانەی ســـەرەوە کۆمەڵێک داخوازیی تـایبـەت بـە ئـازادیـە گشـــتیـەکان تیـا بوە ، جگـە لـە داخـوازیی مـافـەکانی مرۆڤ لـە ئـازادی رادەربڕین ویـەکســـانی و مـافی مولکـدارێتی لـە سەروی هەمویانەوە.

**٢/ جاڕنامەی ئەمریکی**

--------------------

مەبەســـت لە جاڕنامەی ئەمریکی ئەو ڕاگەیاندنە بوە کە یاســـاکانی مافپەروەریی تیا هاتوە کە بە چەند قۆناغێک هاتون :

ا/ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی (٤ی تەموزی ١٧٧٦)

بریتی بو لەو ڕاگەیاندنەی کە یەکەم جار لە ١٣ دەوڵەت پێک هاتبون ئەوانەی لە ژێر دەستی بەریتانیا ڕزگار بون و سەربەخۆییان ڕاگەیاند ، لەو ڕاگەیاندنە هاتوە دان بە ئازادیە گشـــتیەکان ومافەکانی مرۆڤدا دەنێن لەگەل یەکسانیان بەرانبەر بە یاسا ، وێرای ئەمەش دانیان بە سەروەری گەل ناوە لەگەل دەستەبەر کردنی ئازادیەکان وپاراستنی مافەکانی مرۆڤ.

ب/ یاســـای مافەکان ، ئەمەش کۆمەلە یاســـایەک بون ئەو ســـیانزە دەوڵەتەی ســـەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاندبو دانیان پێدانابو ، کە بریتی بون لەو خاڵ ومافانەی لەســـەرەوە هاتون لەگەل پێداگری لە مافی مرۆڤ لە مولکداریێتی وگەیشتن بە هەموو پلەو پۆستێک لە دەوڵەت .

ج/ هەمواریەکانی دەستوری ئەمریکی لە ١٧٨٩ .

د/ هەمواریەکەی چواردەهەم لە ١٨٦٨ کە لە دوای جەنگی جیابونەوە دەرکرا، تیایدا ڕێگە لە دەسـەڵاتدارانی ئەمریکا گیرا مرۆڤ لە ئازادی ومافی مولکداریێتی بێبەش بکا لە ژێر هەر پاساوێکدا بێت .

**٣/ جاڕنامەی فـرەنسی بۆ مافەکانی مرۆڤ و بە هاوڵاتی بوون .**

------------------------------------------------------------

ئەم جاڕنامەیە لەبەر دەرچونی لە کات وشـوێنێکی هەسـتیار زۆر بە هەند وەردەگیرێ و لـە بواری مـافـەکانی مرۆڤدا بۆتـە خـالی وەرچـەرخـان لـە ژیانی مرۆڤایەتیدا .

ئـەم جـاڕنـامەیـە لـە ســاڵی ١٧٨٩ و لـە کـاتی شــۆڕشــی فـەرەنســی رادەگەیەندرێ، مانای ئەوە نیە کە مرۆڤ ئەم دەسـتکەوتانەی وەدەسـت هێناوە و دەبێ ئەم مافانەی هەبن، بەڵکو تەنها ئەوە دەگەیەنێ کە ئەمە مافەکانی مرۆڤن و ئازادیی گشتین مرۆڤ مافێکی سـروشـتیی هەیە کە ئەم مافانە پیادە بکا کەسـیش بۆی نیە دەسـت بخاتە پێش پیادە کردن و سـود وەرگرتن لـەو مـافـانـە تـەنـانـەت مرۆڤ خۆشــی بۆی نیـە رێگربێ لـەبـەردەم جێبـەجێ کردنیـان، بۆیـە ئـەمە تـەنها وەکو جاڕنامە یا راگـەیانـدنێکـە وەبیر هێنانەوەیە و بەس.

ئەمە لەو سـەردەمەدا دێتە کا کە دوای ئەوەی ماوەی چەند سـەدەیەک دەبو لـە ئـەنجامی ململانێ و نـاکۆکیـەکانی نێوان دەسـەڵاتـدارانی ئاینی و پادشـاکانەوە چینێک دروسـت دەبێ کە پێ دەوترا چینی دەرەبەگ ئەم چینە بو بە ئـەرک و بارێکی قورس بەسـەر شـانی چینی هەژارەوە، بەم هۆیەوە چینی هەژار لە دو لاوە دە چەوسـێندرایەوە بەلام پادشـاکان لە ئەنجامی ئـەوەی کـە دەرەبـەگەکان کـەوتبونـە نێوان ئـەوان وجوتیـارو هـەژارەکانـەوە

کەمتر دەســـەڵاتیان بەســـەر خەلکەکەدا دەشـــکا ولەم بوارە زەرەر مەند دەبن لـە روی ئـابوریـەوە. بۆیـە بۆئـەوەی دەســـەڵات لـە دەرەبـەگـەکـان بســـێننەوە رێگە بە جەماوەر دەدەن ئازادیەکانیان پیادەبکەن ولەم پێناوە ئەوان دەنگیـان پێبـدەن کـە حوکمڕانیـان بکـەن وئەوانیش لـە دەســـەڵاتی دەرەبەگەکان کەم کەنەوە بۆیە دەبینین کەپادشـاکان پشـتگیری لە یاسـای رۆمـانیـەکان دەکـەن و لـەم رێگـەیـەوە ســـود وەردەگرن لـە ســـەپـانـدنی دەســـەڵاتیان ، لەســـەر ئەم بنەمایەو لەبەر ئەم هۆکارانەوە جاڕنامەی فەرەنسی بۆ مافەکانی مرۆڤ وبەهاوڵاتی بون رادەگەیەندرێ .

مافی بە هـاوڵاتی بون کە پێشـــتر هەموو کەســـێک بۆی نەبو دەنگ بداو خۆی بۆ دەســـەڵات وپلەو پایەکان هەلبژێرێ لەم جاڕنامەیە ئەو مافـە راگەیەندرا کە هەموو کەســـێک کە لەســـەر ئەو خاکە دەژێ دەبێ مافی ئەوەی هەبێ وەکو هاوڵاتی ئەو وڵاتە بژێ و بە مافەکانی شـاد بێ .

بنەما یاســـاییەکانی ئەو جاڕنامەیەش بریتی بون لە ئازادیی بیرورا ومافی مرۆڤ لـە مولکـداری وبـە هـاوڵاتی بون و یـەکســـانی کـە بـە دورو درێژی لەسەر ئەم خالانە دەرواو بەند بە بەند شیان دەکاتەوە .

جـاڕنامەی فـەرەنســـی بـەهۆی ئـەوەی لـە ســـەردەمێکدا دەبێ کـە چینی بۆرجوازی لە دەســـەڵاتدا دەبێ وئەوان لە هەموو کەســـێک زیاتر خاوەنی مولک دەبن پێویستیان بە یاسایەک دەبێ کە مولک و سـامانیان بپارێزێ و لەبەردەم یاسـا یەکسـان بن وئازادیە گشـتیەکانیان بۆ دەسـتەبەرکا، بۆیە جـاڕنـامەکە لـە بـەرژەوەنـدی ئـەوان وبـە هزرو بۆچونی فکری (تـاکگەرایی )

دەردەکرێ چونکە هەژارو نەدارەکان لە کاتی یەکسانی بون و پێدانی ئازادی ئەو دەرفەتەیان بۆ نارەخسێ بگەنە هەمو کون وکەلێنێکی دەسەڵات یا پۆستێکی پلە وپایەی بەرز بگرنە دەست، ئەمەش بەهۆی بونی سامان و سەروەتێکی زۆر لە ژێردەستیان سودیان لەو سامانە وەردەگرت و پێویستیان بە پاراستنی هەبو، کە پاراستنی مولکەکانیان بە یاسا بکرێ .

هەر چەندە ئەم جاڕنامە دەردەکرێ بەلام بەهۆی کەم و کوریەکانیەوە لەو ماوەیەی دوایی و بەتەواوەتی لە ساڵی ١٤٨٤ لە ڕێگەی شۆڕشەوە دەستکاریی دەکرێ ودەستورێکی تایبەت بۆ فرەنسا دادەنرێ کە بە دەستکاریەکی زۆرەوەی ئەو جاردانەوە دەبێ، بەم هۆیەوە مەزهەبی (فەردی) توشی ڕەخنە وکێشەی زۆر دەبێ لەگەل ئەوانەی پێشرەوایەتی ئەو شۆڕشەیان دەکرد کە لە بەرانبەریاندا هەلگرانی مەزهەبی بەکۆمەل(جەماعی) هەبون.

(تاکگەراییەکان) لەروی کۆمەلایەتی و سیاسی و فکریەوە توشی کێشە و ڕەخنە بونەوە ، تاکگەراییەکان سنور و ئاستەنگەکانی ئازادیە گشتیەکانیان دیار نەکردبون، لە کاتێکا مرۆڤ نابێ هەموو بریار و ئازادیەکی تەنانەت بەسەر خۆشیەوە هەبێ چونکە هەندێک ئازادی هەن کاردانەوەیان بەسەر گشتدا دەبێ .

هەلگرانی مەزهەبی (تاکگەرایی) پشتیان بە بۆچونەکانی سمیت دەبەست لە کاتێکا کە ئادەم سمیت نوسینەکانی نوسیوەتەوە شۆڕشی پیشەسازی تازە لە سەرهەڵدان دا بوەو خەلکی هێشتا بەرهەمە

پیشـــەســـازیەکانین بە دەســـت وەبەرهەم دەهێنا، ئامێر کە گۆڕانکاریەکی ریشـەیی خسـتە ناو ژیانی ئەوروپا هێشـتا ئەوکات لە سـەرهەلدان وقۆناغی سەرەتایی خۆیدا بو بۆیە دەکرێ بلێین کە هەمو بۆچونەکانی ئادەم سمیت لە شوێن خۆیان نەبن.

لـە ئەنجـامی ســـەرهـەڵـدانی مـەزهـەبی (جمـاعی) کـە خـۆی لـە دو رێگاوە دەبینیەوە یەکێکیان بە رێگەی رێبای ســۆســیالیزم وئەویتریان بە رێگای نەتەوایەتی (نازی و فاشیستەکان).

فاشــیســتەکان کە پاراســتنی مافی دەوڵەتیان لە مافی تاک پێ گرنگتر بوو هـەموو ئازادیـەکانیـان وا بـەرجـەســـتـە کردبو کـە وەکو ئـەرکێـک بن نـەک ماف، ئەمەش  ئاراستە کردنی ئازادیە گشتیەکانە لە بەرژەوەندی دەوڵەت و دیار نەمانی رۆلی تاک ونەبونی مافی تاک لەسەر دەوڵەت ، بەلام نازیەکان ئەم ئازادیەیان لە خزمەت نەتەوە ئاراســـتە دەکردو رۆلی تاکیان تەنها بە کەسـێک دەدا لەگەل ئەوانەی بەردەسـتی بون لە دلسـۆزانی کە خەلکانی حزبی بون واتـە بڕوایـان بـە تـاک حزبی وپـارتی پێشـــرەو هـەبو، کـە بـە تـەنها یەک حزب حوکمڕان بێ وخەلک وکەسانی تر لە خزمەت ئەو دابن .

وێرای سـەر هەلدانی ئەو مەزهەبە (جماعی)یە نە تواندرا شـکسـت بە رۆلی مـەزهـەبی لیبرالیزم بێنن چونکـە خۆی گونجـانـد لـەگـەل روالـەتی ئـەوروپـای ئەو ســـەردەم ، ئەمەش بە هەموار کردن و داهێنانی چەند یاســـایەک کە ئەو نادادپەروەریەی کۆمەلایەتی چارەسـەر کا وجیاوازیی سـەرمایەداری لە نێوان کەس و چینەکان کەم کاتەوە .

بە گشــتی ئەوەی لەو وڵاتانە رویدا دروســـت کردنی رۆڵی دیموکراســـی کۆمەلایەتی بو و لەگەل کەم کردنەوەی رۆڵی دیموکراسـی سـیاسی یا هەر نەهێشـــتنی رۆڵی چونکە واقیعی ئەوســـا ئەوەی دەخواســـت، ئەوەی لەم بوارە ئەنجام درا هەندێک دەوڵەت بەنمونە دەهێنینەوە .

**فرەنسا**

--------

هەندێک گۆڕانکاری لە یاســاکانی کۆمەلایەتی لە فرەنســا ئەنجام دران بۆ ئەوەی لەگەل داخوازی وئاســتی کۆمەلایەتیی ئەو ســەردەم بێنەوە ، ئەو بوارانەی ئەو گۆڕانکاریانەیان گرتنەوە پرسی کارو یاسای کاری نوێ بون کە هەندێک مافیان بۆ کرێکارەکان بەهۆیەوە دەستەبەر کردن، لەوانە ماوەی کار وکەمترین رۆژانەی کرێکاریان دیاری کردن، هەروەها ســەبارەت بە گرێبەســتی کار کردن کە ئەوە تیای جێگیر کرا کە کاتێک خاوەن کار کارگەکە دەفرۆشێ گرێبەستی کرێکارەکە پوچەل ناکرێتەوە دەگواسترێتەوە بۆ خاوەنە نوێکەی کارگەکە ئەمەش دیارە کە لە بەرژەوەندی کرێکاردایە کە بو بە چەند قۆناغێک و لە چەند دەستورێکدا ئالوگۆرکرا ن.

**دەستوری فـرەنسي ساڵی ١٩٤٦**

-------------------------------

بەر لەوەی باس لە دەســتوری ١٩٤٦ فـرەنســی بکەین دەبێ ئاماژە بەوە بدەین کە بەر لەو ساڵە فرەنسا لە ساڵی ١٨٧٥ دەستورێکی پەسند کردبو کە لە کۆماری دووەم پیادە کرا ، بەلام لەو دەســتورە هەندێک کەم وکوری هەبونە بۆیە بابەتەکانیان بە چارەســەرکراوی نەهێشــتۆتەوە. بۆیە دوای چەندین ســاڵ وا پێویســت کرا هەمواری ئەو دەســتورە بکەنەوە تا

داخوازیەکانی خەلکی فەرەنسی بێنە دی ، دەستوری ١٨٧٩ دەستورێک بوو باسی لە مافەکانی مرۆڤ نەکردوە.

بەڵام پێشەکیی دەستورە نوێکە (١٩٤٦) بەرونی باسی لە مافەکانی مرۆڤ کردوە، ئەگەر بێتو بەراوردی پێ بکەین لەگەل جاردانەکەی ساڵی ١٧٨٩ دەبینین ئەوەی لەم دەستورەدا هاتوە تەواوکەری مافەکانی کۆمەلیەتی ومافەکانی مرۆڤە ، لە دەستورەکەدا بە شێوەیەکی گشتی ئاماژەکان هاتون، بە نمونە سەبارەت بە داخوازیی گەلان دەڵێ ( پشتگیری لە سەرکەوتنی گەلان دەکەین کە دژی چەوساندنەوەی مرۆڤ لە رژێمەکان راپەریون ).

ئەوەبو بە هۆیەوە رادەگەیەنێ کە گەلی فەرەنسی دوبارە جەخت لە مافەکانی مرۆڤ دەکەن بێ جیاوازیی ئاین یا مەزهەب یا نەتەوە . ئەمە لەگەل ئەوەشدا چەند یاساو رێنمایەکی نوێ بۆ رۆژنامەگەری ویاسای کۆبونەوەو پێکهێنانی کۆمەلە دەرچون .

لە خالە هەرە گرنگەکانی کە لە نا وئەم دەستورەدا هاتون وئاماژەیان پێدراوە بریتین لە :

یەکسانی لە نێوان ژن و پیاو .

مافی پەنابەرێتی سیاسی پەسند کرا، لەم دەستورەدا هاتوە کە هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەبێ لەکاتی پەنا هێنان بۆ فرەنسا ئەو مافەی پێبدرێ و لەدەست چەوساندنەوەکانی سیاسیی رزگار بکا .

له روی ئابوریەوە پەرەیان بە دیموکراسی سیاسی دا کە هەردو بوارەکانی کۆمەلایەتی وئابوریش بگرێتەوە ئەمەش بەم شێوەیەی خوارەوە کرا :

- یاسایەکی راستەقینە بۆ کار :

مەبەست لەم یاسایە ئەوەیە کرێکار مافەکانی پارێزراو بن لە هەرجۆرە کارێک کە بیەوێ بیکا کەس رێگری لێنەکا بە بیانوی ئاین یا مەزهەب یا نەتەوە ، هەموو کەسێک مافی گرد بونەوەی هەبێ لە ناو سەندیکا و کۆمەلەی تایبەتی بە کارەوە ، هەروەها پێدانی مافی مانگرتن بەپێی یاسای مانگرتن و هەمو کرێکارێکیش مافی بەشداری کردنی هەبێ لە دارشتنی بەرنامەی کار لە رێگەی نوێنەرەکانیانەوە.

- ژێرخانێکی ئابوریی نوێ ، سەبارەت بەم برگەیەوە بریار لەسەر ئەوە درا کە بەرنامەو نەخشەی تایبەتی و گونجاو بۆ پەرە پێدانی ئابوری دابرێشترێ

.

- پیادە کردنی فەلسەفەیەک کە کۆمەلگا پشتی پێببەستێ ، دیارە هەر لە کۆنەوە لە نێوان لیبرالیستەکان خەلکانی ( مەزهەبی جەماعی ) لەسەر یەکەی کۆمەلایەتی ناکۆکی وجیاوازیەک هەبوە ، بۆیە لەو دەستورە ئەوە هاتوە کە خێزان یەکەیەکی کۆمەلگایە ودەبێ کار بۆ گەشەکردنی بکرێ ، دیسانەوە لە چەند برگەیەکی تردا گرنگی بە مندال وژن وپەککەوتە دەدرێ مافەکانیان بە پێی ئەم دەستورە دەپارێزرێ ، ئەمەش دەبێتە مایەی دلخۆشی لاواز وپەککەوتەو ئەوانەی توانای کاریان نیە چونکە بەپێی ئەم

برگەیە مافەکانیان پارێزراوەو هیچ جیاوازیەکیش بەهۆی ئاین یا هەر ئەگەرێکی ترەوە ناخرێتە نێوانیان .

بۆمان دەردەکەوێ ئەوەی لەم دەستورەدا هاتوە خوێندنەوەیەکی سەردەمانەو واقیع بینانەیە کە لەگەل کات وسات وکۆمەلگایەکە بگونجێ و بەهۆیەوە مافەکانی هەموو توێژەکانی کۆمەلگا مسۆگەر دەبێ .

ئەمە وێرای ئەم سود وتایبەتمەندیانە ئەم دەستورە هەندێک نارونی و لاستیکی لە بەندەکاندا هەبون، لەوانە مافی خۆمالی کردن بە حکومەت دەدرێ کە ئەگەر ئەم برگەیە بە تەواوەتی جێبەجێ بکرێ دورنیە مافی مولکدارێتی هەندێک کەس پێشێل نەکرێ بەلام زۆر بەرونی ئاماژەکان نادرێن بۆیە ناتوانین حوکمی لەسەر بدەین

# کوردستان و دەوڵەتی کوردی

---------------------------

هەرکاتەی تاکێکی کورد بە سیاسەتمەدار و مێژونوسێک دەگا جا ئەو مێژو نوسە یا سیاسەتمەدارە کورد بێ یا بێگانە ، بەدڵنیاییەوە روبەروی ئەم پرسیارە دەبێتە:

(کورد بۆ خاوەنی دەوڵەتی خۆی نیە؟)

بەڵێ هەم پرسیارێکی بەجێیە هەم مافی خۆیانە، وەلامەکان بە چەندین شێوە دێنەوە ، هەندێکیان خەتاکە دەخەنە ئەستۆی وڵاتە زلهێزەکان هەندێکیشیان دەخەنە ئەستۆی وڵاتە داگیرکەرەکان، هەندێکیشیان خۆیان بە خەتابار دەزانن، وەلامی سێیەمیان بە چەندین لێکدانەوە لێک دەدرێتەوە، هی واهەیە خەتا ناوەخۆییەکە دەکاتە نەبونی یەکریزی و تەبایی ، هیواش هەیە دەخاتە ئەستۆی دواکەوتویی و کەوتنە دوای ئایدیا و هزری بێگانەوە کە ئەمیش کار بەو مەبدەئە دەکەن کە دەڵێ: تا ماڵ هەبێ مزگەوت بەتالە ، واتە رەنجەکە دەچێتە کۆش و باخەلی داگیرکەران .

من بە بڕواوە دەڵێم هیچ کام لەم سێ سیناریۆیە لە خۆیانەوە نەبونەتە بڕوا لە مێشک تاکی کورد، هەرسێکیان رۆلیان هەبوە هەر یەکێکیان لەم سێ سیناریۆیە پشتگیر بوایە بۆ گەلی کورد دەیتوانی دەوڵەتی کوردی بخاتە سەرپێ. بۆ بۆچونی یەکەم هەمومان لەوە بە ئاگاین کە دەوڵەتانی زلهێز بەدوای بەرژەوەندیەکانی خۆیاندا دەگەرێن و تا بتوانن ئەم بە گژ ئەودا

دەنێن تا لەم میانە ریش سپیاتی و ناوبژیوانی و دادوەری بۆخۆیان بمێنێتەوەو بەرژەوەندیەکانیان پارێزراو بن ، ئەوان بە ئاشکەرا رایدەگەیەنن کە ( دۆستی تاسەرمان نیە بەڵام بەرژەوەندیی تاسەرمان هەیە) . سەبارەت بە بۆچونی دووەمیان کە داگیرکەر هۆکاری نەبونی دەوڵەتی کوردیە ئەمەشیان رەوایە راستەوخۆ وڵاتەکەمان لە لایەن سێ نەتەوەی دراوسێ داگیر کراوە ئەگەر ئەوان ویژدانی زیندویان هەبێ بۆ دەوڵەت بەخۆیان بە رەوا دەبینن لەهەمان کاتا داخوازی سەربەخۆی ئێمە بە دابەش کردن و پارچەکردنی وڵات دەزانن و دژمان دەوەستنەوە، ناکۆکیەکانی خۆیان وەلا دەنێن و یەک هەلوێست بەرومان دەوەستنەوە؟ سەبارەت بە هۆکاری سێیەم دیارە کە سەرجەم ئەو شۆڕشانەی لە سەدەی نۆزدەو بیست رویان داوە روخانەکەی یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکان خۆمان بوینە، کورد تا ئەمرۆ لە قەیرانێکدا دەژی کە خۆمان پێی نازانین ئەویش قەیارنی نەبونی سەرکردەی کاریزمایە ، ریزم بۆ سەرجەم فەرماندەو سەرکردەکانمان کە تا دوا تنۆکی خوێن لە شۆرش جیا نەبونەوە بەڵام سەرمایەو ئەرشیفێکی ئەوتۆیان بۆ ئێمە جێنەهێشتوە کە ئەمرۆ لەسەری بژین، هیچکامیان نەیان توانیوە لە رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان مافی کورد بە دۆکۆمێنت کەن و جێگیری کەن، تەنانەت ئەو هاوکاریەی دەوڵەتانیش پێیان داوە هاوکاری ئیستخباری و سەربازی بونە، هاوکاری دبلۆماسی و نێودەوڵەتی نەبونە، ئەو سەرکردانە خیانەتیان نەکردوە بەڵام هەر ئەوەندەیان لەدەست هاتوەو لێیان زانیوە، کێشەی کوردیان تا راپەڕین لە سنوری تسکی کوردستان نەبردۆتە دەرەوە، پەیوەندیە سەربازیەکانیان بە

پەیوەندی دبلۆماسی زانیوە، هەوالگریەکانیان بە ئیداری و سیاسی زانیوە لە کاتێکا هیچیان بۆ ئێمە نابنە چارەسەری ستراتیژی، جگە لە چارەسەری دبلۆماسیی نێودەوڵەتی نەبێ، کێشەی کورد لە دەرەوە دەستی تێوەردراوەو کوردستان بە بریاری دەرەکی دابەش کراوە بۆیە دەبێ فشارو پالەپەستۆکان لەدەرەوە زیاد بکرێن بە هەماهەنگی یەکریزی ناوەوەو پیادەکردنی مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی و ئازادی سیستەمکاری دام ودەزگاکانی بەرێوەبدرن .

کورد لە سەرجەم گۆڕانکاریەکان ژمارە بوە حسابی بۆ نەکراوە ، حسابی لەسەر کراوە، بۆیە هەمیشە دۆراو بوە تەنانەت لەم دو سەدەی ئێستاو رابردو بە نمونە وەرگرین کە لەو وەرچەرخانانەی دونیا کە لە جەنگی یەکەمی جیهانی و دووەمی جیهانی و شەرەکانی کەنداوو شەڕی تیرۆریستی ئیسلامی نەی توانیوە شوێن پێی خۆی لە وڵاتی خۆی بەفەرمی بکاتەوە ، کورد بەهۆی ئەو نەهامەتیە یەک لەدوای یەکانەی بەسەری هاتون بە گومانەوە دەروانێتە هەمو کەسێک، متمانەی بە کەس نەماوە بەڵام لێرەو لەوێ جارو باردۆستەکانمان دێن وشیارمان دەکەنەوەو لە مەترسی و پێویستیەکانی ئەم قۆناغەمان ئاگادار دەکەنەوە .

ئەگەر بە کورتی چەند دێرێک لەسەر دابەش بونی خاکی کوردستان بلێێن دەبێ راستیەکان بەم شێوە ئاماژە پێ بدەین.

مێژوی کوردستان گەلێک مێژین و کۆنە لانیکەم بۆ پێنج هەزار ساڵ بەر لە زاینی دەگەرێتەوە، ئەوەی گرنگە ئەوەیە، کورد ئەم خاکەی لە کەس داگیر نەکردوە و خۆی ئاوەدانی کردوە و بە حوکمی مێژو خاوەندارێتی ئەم

ناوەی بۆ ماوەتەوە، لەم پێناوەشدا بە درێژایی مێژوو روبارێک خوێنی بەخشیوە، ململانێ و شەڕی ئەوکاتی دونیاش لە نێوان هێزەکان لەسەر داگیرکردن و بە تالانبردنی خێر و دەست کێشان بەسەر خاکی وڵاتاندا بوە کە فرە رەهەند و ئامانج بونە، هەر چەندە کورد لە پێناو بەرگری کردن لە نیشتمانەکەی روبەروی سەرجەم هێرشەکان بۆتەوە لە هێرشەکەی ئەسکەندەری مەکەدۆنیەوە تا هێرشەکانی رۆمانی وبێزەنتی و هۆلاکۆ و دواتر هێرشی ئاینپەروەران لە کریستیەوە تا ئیسلامی، دوای ئەوەش کە زۆرینەی کورد لە روی ئاینەوە بەلایەکدا دەشکێتەوە و موسلمان دەبێ ئەمجارەیان روبەروی هێرشە مەزهەبگەراییەکان دەبێتەوە لە نێوان سەفەویی شیعە مەزهەب و تورکە سونە مەزهەبەکان، هەرچەندە لە راستیشدا شەڕو ململانێی نەتەوە پەرستی بونە بەڵام دەمامک دراو بە ئاین و مەزهەب بو، دەتوانین بلێێن مەزنترین گورز ئەوکات بەر کورد کەوتوە لە پێشەوەی سەفەویەکان و لە دواوەی بەناوی هاو ئاین و هاو مەزهەب تورکە عوسمانیەکان بون ، لە ئێراق و سوریاش عەرەبە برا ئاینیەکانمان. هەر لە پێناو ئەو ئامانجە پیرۆزە گەلی کورد چەندین جار راپەڕیوە شۆڕشی هەلگیرساندوە بەرسنگی لە دوژمن گرتوە، ئەمەش نمونەی هەندێک لەو راپەڕین و شۆڕشانەن لە دوای دابەشکردنیدا لەلایەن داگیرکەرانی سەفەوی و عوسمانی لە شەڕی جالدیرانی ١٥١٤ ، کە هەمویان لەسەر دەستی دوژمنانی داگیرکەر دادەمرکێندرێن:

١/ ١٥٧٤ شۆڕشی عەڤدال خانی بەدلیسی لە دژی سولتانی عوسمانیی داگیرکەر ( مرادی یەکەم).

٢/ له ١٦٠٧ راپەڕینی میر عەلیی ناسراو بە جان پۆلات لە حەلەب.

٣/ ١٧٦٥ شۆڕشی خێلەکانی جیهان بەگ لە مەلاتیە.

٤/ له ١٧٩٤ شۆڕشی خێلەکانی زرگان و تیرکان لە باکوری ئامەد.

٥/ له ١٨٠٦ شۆڕشی عەبدولرەحمانی بابان لە سولەیمانیە.

٦/ له ١٨١١ شۆڕشی پادشای بابان لە سولێمانیە.

٧/ له ١٨١٩ شۆڕسی سێواس لە دژی داگیرکەری عوسمانی.

٨/ له ١٨٣٤-١٨٣٧ شۆڕشی میرمحەمەد پاشای رەواندوز کە بە میری مەزن یا پادشای کۆرە ناسرابوو.

٩/ له ١٨٤٣ شۆڕشی شەنگالی کوردە ئێزدیەکان.

١١/ له ١٨٤٢-١٨٤٨ شۆڕسی بەدرخان میری بۆتان.

١٢/ له ١٨٥٣-١٨٧٨ راپەڕینی بادینان و بۆتان و هەکاری.

١٣/ له ١٨٧٩ شۆڕشی عوسمان بەگ و حوسێن بەگ نەوەکانی بەدرخان.

١٤/ له ١٨٨٠-١٨٨١ راپەڕینی شێخ عوبەیدوللای نەهری لە شەمدینان.

١٥/ له ١٨٨٩ شۆڕشی نەوەکانی بەدرخانیەکان( مەدحەت و ئەمین عالی بەگ باوکی میر جەلادەت و کامەران بەدرخان لە دژی عوسمانیە داگیرکەرەکان.

١٦/ له ١٩٠٦ شۆڕشی میلیەکان بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم پاشا سەرۆکی هۆزی میلیە کوردەکانی دانیشتوی سوریاو تورکیا.

١٧/ له ١٩١٣ راپەڕینی بەدلیس بە فەرماندەیی (سەلیم و شەهابەددینی نەقشبەندی لە ویلایەتی سیرت.

١٨/له ١٩١٤ راپەڕینی بادینان بە سەرۆکایەتی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی.

١٩/له ١٩١٨-١٩١٩ راپەڕینی شێخ مەحمودی بەرزنجیی یەکەم.

٢٠/له ١٩١٩ راپەڕینی کوردەکان لە دژی تورک، ئەم راپەڕینە هەندێک لە ئەندامانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان بەشداریان تێدا کرد، لە نومنەی خانەوادەی بەدرخان( کامەران عەلی بەگ و جەلادەت بەگ، لەگەڵ جەمیل پاشازادە و ئەکرەم بەگ لە شاری ئامەد و عەلی بەگ والیی خەربیت و نوێنەری چەندین هۆزی کوردی.

٢١/ له ١٩٢٣ شۆڕسی بیاندور لە دژی فرەنسیەکان لە سوریا بە سەرۆکایەتی دلێمان عەباس.

٢٢/ له ١٩٢٥ راپەڕینی سمکۆی شکاک لە رۆژهەلاتی کوردستان لە دژی بڕیارەکانی لۆزان.

٢٣/ له ١٩٢٥ راپەڕینی شێخ سەعیدی پیران لە ئامەد.

٢٤/ له ١٩٢٧-١٩٣٠ شۆڕسی ئاگری داغ لە ئارارات بە فەرماندەیی جەنەرال ئیحسان پاشا.

٢٥/ له ١٩٣٢-١٩٣٤ راپەڕینی بارزانیەکان بە سەرۆکایەتی شێص ئەحمەد بارزانی لە دژی ئینگلیز.

٢٦/ له ١٩٣٧- ١٩٣٨ راپەڕینی دێرسیم به فەرماندەیی سەید رەزا.

٢٧/ له ١٩٤٣- ١٩٤٥ شۆڕشی بارزان له باشوری کوردستان به فەرماندەیی مەلا موستەفای بارزانی.

٢٨/ له ١٩٤٦ راگەیاندنی کۆماری کوردستان له مەهابادی رۆژهەلاتی کوردستان به سەرۆکایەتی قازی محەمەد.

٢٩/ له یانزەی ئەیلولی ١٩٦١ شۆڕشی ئەیلول له باشوری کوردستان.

٣٠/ له ١٩٧٥ شۆڕشی نوێی گەلی کوردستان له باشوری کوردستان.

٣١/ له ١٩٧٩ خەباتی چەکداری گەلی رۆژهەلاتی کوردستان دژی رژێمی نائیسلامی ئێران.

٣٢/ له ١٩٨٤ خەباتی چەکداری پارتی کرێکارانی کوردستان(pKK) له باکوری کوردستان.

٣٣/ له ئاداری ١٩٨٦ خۆپیشاندانەکانی کوردانی رۆژئاوا دژی رژێمی بەعسی سوری.

٣٤/ ١٢ی ئاداری ٢٠٠٤ راپەڕینی گەلی کوردستانی رۆژئاوا له قامیشلۆ و کۆبانی و عەفرین ئەم راپەڕینە ئەمرۆ لە شێوەی شۆڕشێک له رۆژئاوا بەردەوامە بە رابەرایەتی (YPG)

سەرەتای چەسپاندنی دابەش بونی کوردستانیش لەسەر ئەو دوو داگیرکەرە مەزنە بوەئەمیش بۆشەڕی جالدیارنی نێوان سەفەویەکان و عوسمانیەکان دەگەڕێتەوە لە ناوچەی جالدیران لە ١٥١٤ ئەو کاتەش پێشتر کوردەکان لە رێگەی چەند میرنشینێکەوە وڵاتەکەی خۆیان دەبرد بەرێوە هەرچەندە ئەو میرنشینانە یەکگر و هاوبەستیەکی مکومیان نەبو بتوانن یەکیتیەک یا کۆمکارێک هاوشێوەی میرنشینە عەرەبیەکانی یەکگرتوو یا هەر وڵاتێکی تری خاوەن فیدرال یا کۆنفیدرال دروستکەن کە بتوانن خۆیان لە دوژمنە دراوسێکان بپارێزن، بۆیە لە ژێر فشاری مەزهەبی زۆربەی میرنشینە کوردیەکان بە لای عوسمانیە تورکە سونە مەزهەبەکاندا دەشکێنەوە ، رێخۆشکەری ئەم خۆ شکاندنەوە یا خۆخستنە پالە مەلا ئدریسی بەدلیسی بوە کە لە ١٥١٥ هانی میرنشینە کوردەکانی داوە لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندیە کانیان و مانەوەیان لەسەر دەسەڵات دەنگ بە سولتانە عوسمانیەکان بدەن و باجی ساڵانەیان پێبدەن بە پاساوی مەزهەبی سونەوە، تا ئەوانیش ئەرکی پاراستنی ئێوە بگرێتە ئەستۆ و دانتان پێ بنێ و رێگە بدا حوکمڕانیتان لە باوکەوە بۆ کور جێبگرێتەوە، بەم شێوە میرنشینەکان سەروەری خۆیان لەدەست دەدەن و ئەوانیش دواتر دەبنە نێچیری فێلە کانی عوسمانیان کە لە گفت و پەیمانەکانیان پەشیمان دەبنەوەو خۆیان دەبنەوە بە داگیرکەریان بەم شێوە رێککەوتنی جالدیرانی سەفەوی و عوسمانیەکان یەکەم دابەشکردنی خاکی کوردستان بوە لە نێوان زلهێزەکان.

له ١٥٥٥ عوسمانی و سەفەویەکان بۆ جاری دووەم پەیماننامەیەکی تر دەبەستن بەناوی پەیماننامەی (ئەماسیا) دەتوانین ئەم پەیماننامەیە بە یەکەم پەیماننامەی فەرمی دابنێین لە نێوان ئەو دو هێزە چونکە سنوری نێوانیان دیاری دەکرێ و بە دۆکۆمێنت دەکرێ واتە فەرمیەت دەدەن بەدابەش بونەکە ، ئەمە دوایین دانیشتن و پەیماننامە نابێ لە نێوان ئەو دوو هێزە داگیرکەرە ، دوا بەدوای ئەمە پاش چەندین وردە کێشەو ململانێی داگیرکاری و قۆرخکاری دەسەڵات بۆ جارێکی تر پێویست بە دانیشتن و پەیمان بەستن دەکا کە لە ١٦٣٩ لە زەهاو دادەنیشن بە ناوی پەیماننامەی زەهاو رادەگەیەندرێ ئەم دانیشتنە لە نێوان شا عەباس و سولتان مورادی چوارەم ئەنجام دەدرێ ئەوەی لەم دانیشتنە جەختی لەسەر کراوەتەوە پێداگری بو لەسەر سنورەکانی پێشتر لە ئەماسیا دیاری کرابو واتە سنورە دەستکردەکەی لەت کردنی کوردستان بەمەش کێشەی کورد قولتر و قورستر دەبێ .

له ١٨٢٣ دیسان لە ئەرزەروم پەیمانێکی تر دەبەستن بە ناوی پەیماننامەی (ئەرزەروم) ی یەکەم و ( ئەرزەرۆمی دووەمیش) لە ١٨٤٧ .وەنەبێ ئەم پەیمان و رێککەوتنانە هەر بۆ هەوەست ئەنجام بدرێن نەخێر ئەمانە دوای چەندین شەرو هێرش و پاشگەز بونەوە لە پەیمانەکان ئەنجام دەدرێن بەڵام لێرە ناکرێ بچینە سەر وردەکاریی ئەو روداوانە چونەک مەبەستمان تەنها ئەو کۆنگرەو پەیماننامانەن کە دژی کورد ئەنجام دراون و بەهۆیەوە سنورەکان تا ئەمرۆش کاڵ نابنەوە .

دوای ئەوە لە ۱۹۱۱ دانیشتنێک بۆ دیاری کردنی سنورەکان لە تەهران و لە ۱۹۱۳ لە ئەسیتانە و پرۆتۆکۆلی ئەسیتانەش لە هەمان ساڵ بۆ هەمان مەبەستی دیاری کردنی سنورەکان کە پێداگری و ڕەزامەندیان لەسەر پەیماننامەکانی پێشوتر دا .

ئەم پەیماننامەو ڕێککەوتنانەی نێوان ئەو دو داگیرکەرە دور لە ئامادەیی کورد و چاوی کورد ئەنجام دراون مەبەستیش تەنها دابەشکردنی خاکی کوردو هاوڵاتیی کورد بوە، بەهۆیەوە لەوساوە دور لە چاوی ئەوروپاو دەستی ئەوان ئەم ستەمە لە کورد کراوە کە تا ئەمڕۆ پێیەوە دەناڵێنین و سنورەکانیان دواتر لە کۆنگرەی ڤێرساو لۆزانا پیرۆزتر کرد وکردیان بە ئەمری واقع .

هەرچەندە روسەکان بایەخیان بەو نەتەوەو دەوڵەتانە داوە کە هاوسنورن لەگەل وڵاتەکەیاندا نەک لە پەرۆشیان بۆ مافی میلەتان بەلکو لە پێناو پاراستنی سنورەکانیان و دەستوەردان لە کاروباری گەلان و وڵاتان بەهۆیەوە ویستویانە لەم ناوچانە وێرای ڕێگەگرتن لە دەستی بەریتانیاو فرەنسا خۆشیان پێگەو کارتی فشاریان هەبێ بۆ کاتی پێویست .

لە ۱۹۱٦ ڕێککەوتنێکی نهێنی لە نێوان فرەنساو بەریتانیاو بە ڕەزامەندی روسیا دەبەسترێ لە نێوان مارک سایکس و جۆرج بیکۆ پێی وترا (سایکس بیکو) لەوێ (هیلالی خەسیب)و هەندێک لە وڵاتانی عەرەبی لەم ڕێککەوتنە فرەنساو بەریتانیا دابەشی سەرخۆیان دەکەن لەم میانە کوردستانیش

پارچەی زیاتری تێدەکەوێ و سنورە دابەشکراوەکانی پێشتریش زیاتر دەچەسپێن

کوردەکان لەم ماوەیە وەنەبێ دەستەوەستان وەستابن هەوڵی زۆریان داوە بەڵام هەولەکانیان بە نیودەوڵەتی نەکراون و لە مەحافلە نێودەوڵەتیەکان رێگەیان پێنەدراوە دەنگیان ببیسترێ یەکەم دەنگی بیستراو دەتوانین بۆ ئەوکاتە بگێرینەوە کە شەریف پاشا بەر لە جەنگی یەکەمی جیانہی و دوای جەنگی یەکەمی جیہانی لە کۆنگرەی پاریس و سیڤەر توانیی بە فەرمی دەنگی کورد بگەیەنێتە نێو کۆنگرەو دانیشتنەکان ئەمەش ئەو کاتە دێت کاتێک بەریتانیا لە ١٩١٨ ئینتدابی ئێراق وەردەگرێ داوا لە برسی کۆکەسی بالوێزی بەریتانیا دەکا لەگەل شەریف پادشا دانیشێ تەنہا بۆ گوێ گرتن لە داواکاریەکانی، لە ١٩١٩ لە مرسیلیای فرەنسا ئەو دانیشتنە ئەنجام دەدرێ دوا بەدوای ئەو دانیشتنە شەریف پادشا دو یاداشت و دو نەخشەی کوردستانی بۆ کۆنگرەی ئاشتەوایی لە فرەنسا ئامادە کرد یەکێکیان لە ١٩١٩/٣/٢١ئەویتریان لە ١٩٢٠/٣/١و داوای لە ئامادەکارانی کۆنگرەش کرد لیژنەیەک بۆ دیاری کردنی سنورەکان پێکبہێنن بە پشت بەستن بە بنەماکانی مافی نەتەوەکان، ئەمەو لە یاداشتێکیان ئاماژەی بەوە دابو کە پارچە کردنی کوردستان خزمەت بە ئاسایشی ناوچەکە ناکا، ئەمەش وەکو وشیارکردنەوەیەک دێت کە ئەوەتا تا ئەمرۆش بەهۆی پارچە بون و دابەشکردنی کوردستان ناوچەکە ئارامیی بەخۆوە نەبینیوە ، لە یاداشتەکەی تریان ئاماژەی بەوە دابو کە تورکەکان بە ئاشکەرا لەگەل سەربەخۆیی ئێمەدان و بە دراوسێتیمان خۆشحالن لەکاتێکا واش نەبو .

سەرۆکی ئەو کۆنگرە جۆرج کلیمەنسۆی سەرۆک وەزیرانی فەرەنسا بو، شەریف پادشا داوای لێکرد فشار بخاتە سەر ئەسیتانە دەست لە چەوساندنەوەی کوردەکان هەلگرێ و چیتر راوەدوی چالاکوانانی کورد نەنێ، دەڵێ لەو کاتەی لایەنگرانی(اتحاد و ترقی) هاتونەتە سەر حوکم زولم و راوەدونانی کوردان زیادی کردوە .

لە ژێر کاریگەری ئەم نامانەی شەریف پاشا کلیمەنسو لە کۆنگرە بە ئاشکەرا رادەگەیەنێ کە تورکیا لەو ئاستەدا نیە خاوەندارێتی میلەتانی ناتورک بکات .

کاتێکیش شەریف پاشا هەست دەکا بەهۆی هاوئاینیەوە ئەوروپیەکان لەگەل ئەرمەنیەکان هاوسۆزن و بەهۆی هاو کێشەو دۆستایەتیی کوردو ئەرمەنیشەوە کە لەلایەن یەک وڵاتەوە داگیر و دەچەوسێندرێنەوە بە پیویستی زانی گرێبەستێک لەگەل نوێنەری ئەرمەنەکان (بوگوس نوبار) ببەستێ بە ئامادە بونی سەرۆکی کاتیی کۆماری ئەرمینیا ئوهانجیان هەردوکیان بە نوێنەرایەتی میلەتەکەیان واژۆیان کرد و دایانە کۆنگرە ئەوانیش خۆشحالی خۆیان بۆ ئەو دۆستایەتیە دەربری.

لەو کۆنگرە کە ئەمریکاو ئیتالیاو فرەنساو بەریتانیا بەشداربون مشتو مری زۆر کرا بەڵام دواجار ئەمریکا کۆنگرەکە جێدەهێلێ و مەیدان بۆ فرەنساو بەریتانیا خۆش دەبێ ئەوانیش بە هەوەستی بەرژەوەندیەکانیان میراتەکە دابەش دەکەن .

له ١٠ی ئابی ١٩٢٠ كۆنگرەی سیڤەر دەبەسترێ وەفدی كوردی شەریف پاشا دەبێ و دەستكەوتی باش وەدەست دێنی بریارەكانی كۆنگرە لە ١٣ بەش و ٤٣٣ بەند پێک هاتبو لە بەندەكانی (٦٢،٦٣،٦٤) باس لە كورد دەكا دان بە دروست بونی دەوڵەتێكی كوردیدا دەنێ ، بەندی ٦٢ لیژنەیەک لە ئیتالیاو فرەنساو بەریتانیا پێكدەهێنن بۆ دیاەری كردنی ناوچە كوردیەكان بەندی ٦٣ لەسەر توركیایە دان بە دەوڵەتی كوردیدا بنێ ، لە بەندی ٦٤ دەڵێ: دوای یەک ساڵ كوردەكان سەردانی كۆمەلەی نەتەوەكان دەكەن بۆ داواكردنی دانینان بە دەوڵەتی كوردی.

بۆ بەدواداچونی بریارەكانی سەقامگیری و مافی كورد بەتایبەتی كۆنگرەی لەندەن ١٩٢١ دەبەسترێ لەم كۆنگرە كەمال ئەتاتورك پاش ئەوەی هەندێک سەركەوتن بەسەر یۆنان وەدەست دێنێ لەم كۆنگرە بە هێزەوە دەردەكەوێ، دەتوانێ بریارەكانی سیڤەر سر بكا و باسی كورد بە هیچ شێوەیەک نەیەتە سەر مێزلە پای ئەو رێككەوتننامە داوای كرد رێككەوتنێكیتر ئەنجام بدرێ .

دوای تەنها كەمتر لە سێ ساڵ پاش كۆنگرەی سیڤەر واتە لە ١٩٢٣ كۆنگرەی لۆزان دەبەسترێ لەو كۆنگرە ئەو برگانەی پەیوەندیی بەكوردەوە هەبو سرانەوەو رێگە بە نوێنەری كوردەكان نەدرا بەشداری بكاوئەوەی سەبارەت بە مافی گەلان هاتبو دەڵێ ( ئەنكەرە بەلێن دەدا كە مافی گەلانی ناتورک بپارێزێ ) بێ ئەوەی ناوی كورد بێت، نوێنەری توركەكانیش وتی

کوردەکان پێیان خۆشە لەگەڵ ئێمە بژین و ئێمە مافەکانیان دەپارێزین ئیتر بۆ جارێکی تر کوردستان لە ژێر چەپۆکی داگیرکاران دەمێنێتەوە .

دوای تەواو بونی جەنگ و دابەش کردنی میراتەکانی دەوڵەتی عوسمانیی شکستخواردو ویلایەتی موسل بە هەلواسراوی لە نێوان تورکیاو ئێراق دەمێنێتەوە تا ساڵی ١٩٢٥ ئەوکات کۆمەڵەی نەتەوەکان لیژنەیەک دەنێرێتە موسل بۆ راپرسی بەڵام بەبێ راپرسی راپۆرتێک بەرز دەکەنەوە پێشنیار دەکەن ویلایەتی موسل بخرێتەوە سەر ئێراق ئیتر کە دانیشتوانەکەشی بەشێکی زۆری کوردن دیسان بە داگیرکاری دەمیننەوە کوردستانیش کە سلێمانی لەوکات شێخ مەحمود یاخی دەبێ وبەم دابەش بونەی کۆمەڵەی نەتەوەکان رازی نابێ کە کوردستان بخرێتە سەر ئێراق و شۆرش رادەگەیەنێ و داوای دەوڵەتی کوردی دەکا بەڵام شۆرشەکەی کپ دەکرێتەوە شێخیش دور دەخرێتەوە و سلێمانیش لە هەمان ساڵ دەخرێتەوە سەر ئێراق و یەکەم (متەسەریف)ی بۆ دەنێرن.لەوکاتەوە هیچ دانیشتنێک یا کۆنگرەیەک لەسەر دیاری کردنی سنوری کوردستان ئەنجام نەدراوەو کوردەکانیش خۆشیان تا ئەمرۆ لە هەرێمی کوردستان (پارچەی باشوری کوردستان وێرای نیمچە سەربەخۆیی ئیداری نەیان توانیوە سنورەکانیان لەگەڵ ئێراق دیاری بکەن .

ئەگەر بگەرێینەوەو لە سەدەی رابردووەوە دەست بە شیکردنەوەی دۆزو دۆخی کورد بکەین کە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی لەوکاتەی وڵاتانی دۆراو لەو جەنگە میراتەکەیان بەسەر وڵاتە براوەکاندا دابەش دەکرێ ئەوکات

توركیا یەكێك بوە لە وڵاتە دۆراوەكان ، باو باوی گەلانی ژێر دەست بوە وڵاتە براوەكان پاساوی داگیركاریەكانیان ئەوە دەبێ كە ویستویانە گەلانی ژێردەست رزگار كەن .لە ساڵی ١٩١٨ سەرۆكی ئەوسای ئەمریكا (ودروو ولسن) بەیانێک بەناوی پمانفێستی ١٤ خالەكە دەردەكا كە لە چواردە خال پێكدێت لەو پەیامە بریار لەسەر مافی چارەی خۆنوسین دەدا بە گەلانی دونیا ، ئەوكات كورد یەكێك بوە لەو گەلانەی كە ژێردەست و ماف خوراو بوە ، كەچی وێرای بەستنی چەندین كۆنگرە و پەیماننامە لەم بوارە لەوانە: كۆنگرەی فرەنسا لە ١٩١٦ و سیڤەر لە ١٩٢٠/٨/٢ و بەدواداچونی سیاسەتمەدارە كوردەكان بەدوای وەدەست هێنانی مافەكانیان و بەرپا بونی شۆڕشی شێخ مەحمودی بەرزنجی و چەندین جولەو بزاوی تر لەم پێناوە ئینجاش مافی بەدەوڵەت بون بە كور بەڕەوا نابینن .

هەرچەندە لە سەدەكانی بەرایی مێژوو دەوڵەتی كوردی بە شێوەیەكی جیا لەوەی ئێستا بونیان هەبوە ئەگەر چی بەو سیستەم و ئەتەكێتانەی ئێستا نەبوونە زۆربەیان دەوڵەتی بنەماڵەیی بونە لەوانە :

دەوڵەتی دۆستەكی و دەوڵەتی حەسنەوی لە ٩٤١ تا ١٠١٤ بەردەوامی هەبوە.

دەوڵەتی شەدادی لە٩٥١ تا١٠٨٨ بەردەوامی هەبوە.

دەوڵەتی رەوادی بنەماڵەی رەوادی ئەم دەوڵەتەیان دامەزراند .

دەوڵەتی مەروانی لە ٩٨٥ دامەزراوەو تا ١٠٤٣ لەسەر دەستی سەلجوقیەكان لە ناو براوە.

دەوڵەتی ئەیوبی لە ١١٧١ کاتێک سەلاحەدینی ئەیوبی بەهێز دەبێ ودەست بەسەر دەوڵەتی فاتمیە دادەگرێ و دەوڵەتی ئەیوبیە دادەمەزرێنێ تا ساڵی ١١٩٣ بە مردنی سەلاحەدینی ئەیوبی ئەم دەوڵەتەش دەروخێ کە لە میسرەوە سەر هەلدەداو سنورەکانی تا سوریا وئێراق دەروا.

میرنشینە کوردیەکانیش وەکو:

میرنشینی ئەردەلان کە لەلایەن بابا ئەردەلانەوە دادەمەزری لە ساڵی١٢١٤ تا ساڵی ١٨٦٤ بەردەوام بوە.

میرنشینی بابان لە سەدەی حەڤدەهەم دادەمەزرێ .

میرنشینی سۆران لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم دادەمەزرێ .

میرنشینی بۆتان لە سەرەتای سەدەی پانزەهەم دادەمەزرێ .

میرنشینی هەکاری لە نێو جەرگەی شاری جۆلەمێرگ دادەمەزرێ جێی مەترسی و چاو تێبرینی فارس وعوسمانیەکان بوە.

میرنشینی بادینان کە خاوەن سنورێکی بەربلاو بوە لە ناوچەی بادینانەوە تا موسل و سنورەکانی هەکاری، ئەم میرنشینانە زۆربەیان لە سەردەمی خەلافەتی دەوڵەتی عوسمانی بونە ئەگەر لە ژێر دۆخی ئەوسای عوسمانیەکان کەلکیان وەرگرتوەو میرنشینەکانیان دروست کردوە لێ هەر لەسەر دەستی ئەوانیش لە ناو بردراون .

دوای ئەوە لە سەردەمی شۆرشی ئۆکتۆبەری روسی و بە تەواوەتیش لە ۱۹۲۳ تا ۱۹۲۹ پارچەیەکی تری کوردستان کە دەکەویتە نێوان خاکی ئازەربایجان و ئەرمینیا بەناوی (کوردستانی لاچین یا کوردستانی سور) نیمچە دەوڵەتێک پێک دەهێندرێ بە بریاری کۆمیتەی سەرۆکایەتی جێبەجێکاری ئازەربایجان لە ١٦ی تەموزی ۱۹۲۳ لە ژێر سایەی یەکیتی سۆڤیەت دروست دەکرێ، هەر چەندە تا ئەو کاتەی لە ناو دەبردرێ ناکۆکی لەسەر سنورەکانی هەبوە کە ئەوکات لەم ناوچانە پێک دەهات :

(کەرەکیشلان و کەلبەجار و کوبادلی و ناکۆرنۆو کەرەباغ و مراد خانلی و هیتریش) پایتەختەکەشی شاری لاچین دەبێ.

دروست کردنی ئەم هەریمە لە لایەن ئازەریەکان و بە فشاری یەکێتی سۆڤیەت لە سەرەتاوە بە پیلانی تێکدان دروست کرابو چونکە هەرێمیکی ئازەریان دەگەل خست تا رێژەی ئزەریەکانی تیا زیاد بکا ئەویش ناوچەی کوبادلی بو ، بۆیە دوای شەش ساڵ لە دامەزراندنی کۆمیتەی سەرۆکایەتی



جێبەجێکاری ئازەربایجان بە بیانوی دارشتنەوەی هەرێمەکان ئەم هەرێمە هەلدەوەشێننەوەو دروستی ناکەنەوە ، هەرچەندە بەلگەی تەواومان لەدەستدا نیە تا ئەوە بسەلمینین کە ئەم هەلوەساندنەوەی دەوڵەتۆکەی کوردی بە بریاری مۆسکۆ بوە بەڵام گومانی تیا نیە کە بریاریکی لەم جۆرە لە دروست کردن و هەلوەشاندنەوەی هەرێمێکی تایبەت بە کورد لە شێوەی نیمچە دەوڵەتی وکردی و بە ناوی کوردستانەوە بێ رەزامەندیو فەرمانی مۆسکۆ نەبوە لەوساوە ئەو تروسکاییە ئومیدەی کورد دەکوژێتەوەو کۆمەلگەی نێو دەوڵەتی ئەوەندەش بە کورد رەوا نابینن.

میراتی کوردستان دواتر بۆ ئەرمەنستان و ئازەربایجان تا ئەمرۆشی لەگەل بێ دە بێتە سەرچاوەی ناکۆکی کە لەسەر هەرێمی ناکۆرنۆ کەرەباغ دروست بوەو هەردوکیان چاویان لێیەتی.

لە دوای جەنگی دووەمی جیهان کە (کۆمەلەی نەتەوەکان لە دوای جەنگی یەکەمی جیهان دادەمەزرێ بۆ ئەوەی بەرگری لە مافی گەلان بکا و رێگریش لە بەرپا بونی جەنگێکی تری جیهانی بکا کەچی هیچی بۆکورد پێ نەبوە کاتێکیش جەنگی دووەمی جیهان بەرپا دەبێ ئەوکات بە پەیماننامەی سیڤەر لە ١٩٢٣ ئەو کەمە مافەی بۆکورد دیاری کرابو لەو کۆنگرە وەلا دەنرێ .

لەدوای جەنگی دووەمی جیهان کوردەکانی رۆژهەلات کە لەلایەن ئێرانەوە داگیرکرابون کۆماری مەهاباد لەو پارچەی کوردستان رادەگەیەنن ، ئەوکات باکور و رۆژئاوای ئێران لەلایەن روسیاوە داگیر کرابو هەرچەندە ئێران بە فەرمی لە ناو جەنگی دووەمی جیهانیدا نەبو بەڵام روسیا هێزەکانی

خۆی لەوێ داکوتاو گولۆپی سەوزی بۆ کوردو ئازەر هەلکرد ئەوانیش ڕاپەڕین و ناوچەکانی خۆیان ڕزگار کردو کۆماری کوردستانیان لە مەهاباد ڕاگەیاند ، ئەمە لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٦بو ئەم کۆمارە تا مانگی تشرینی دووەمی ١٩٤٦ بەردەوام دەبێ کە کەمتر لە ساڵێک دەخایەنێ لە ئەنجامی ئالوگۆڕی بەرژەوەندیەکانی نێوان ئێران و یەکێتی سۆڤیەت و پێدانی نەوت بە سۆڤیەت پشتگیریەکانی خۆی بۆ کورد دەکێشێتەوەو ئێرانیش بە سوپا زەبەلاحەکەی هێرش دەکاتە سەر هەردوو کۆمارە ساواکەی ئازەربایجانی ڕۆژئاواو کوردستان و داگیریان دەکاتەوە . پێشیوا قازی محمد کە سەرکۆمار بو لەگەل هاوەلەکانی سەیفی قازیڤو سەدری قازی دەستگیر دەکاو لە سێدارەیان دەدا . هێزەکانی پشتگیری و سوپاکەی شکست دەهێنێ و بلاوەی لێ دەکەن.



بەڵی هەر لەو سەردەمدا کورد دەستەوەستان نەوەستاوە جولەو خەباتی نهێنی و ئاشکەرای حزبایەتیی هەبوە لەدەرگای هەموو وڵاتانی داوە بەڵام کەس دەرگای لێ نەکردۆتەوەو مافی دەوڵەت بونیان پێ بەرەوا نابینن . هەوڵەکانی شۆڕشی شێخ عبیداللەی نەهری لە ١٨٨٠ و شۆڕشی سمکۆ لە ئاداری ١٩١٨

شۆرشی شێخ مەحمودی حەفید لە بیستەکانی سەدەی بیستەم و شۆرشی دەرسیم ی سەید رەزا لە حوزەیرانی ١٩٣٧و و شۆرشی ئەیلولی ١٩٦١ ئەمانە زنجیرەیەک لە هەولی دروستکردنی دەوڵەت وگەیشتن بە مافە رەواکانی گەلی کورد بونە لە کوردستان.

داگیرکەران پاساوی نابەجێیان هێناوە بۆ داگیرکردن و دابەشکردنی کوردستان لە نێوان خۆیاندا. ئەوکات سوریاو لوبنان لەژێر ئینتدابی فرەنسیدابون ئێراقیش لە ژێ ئینتدابی بەریتانی، لە ١٩٦٢/١٢/١٤ ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتوەکان کە لە شوێن (کۆمەلەی نەتەوەکان ) دامەزرابو بریارێک دەردەکا بە ژمارەی ١٥١٤ تیایدا هاتوە کە وڵاتانی داگیرکراو دەبێ ئازاد بکرێن لە سەرجەم دونیا بەمەرجێ لە نێوان وڵاتی داگیرکارو وڵاتی داگیرکراو ئاو هەبێ واتە زێ یا دەریا هەبێ، لەهەمان بریاردا هاتوە ئەو وڵاتانەیی لەودیو دەریاوەن دەبێ یەکپارچەیی خاکیان بپارێزرێ ! واتا سەربەخۆیی کوردستان و رزگار بونی لە ژێردەستی بەمانای پارچەکردنی وڵاتێک دێت ئەمەش بە رەوا نابینن و دژی ئەو بریارە دەێت، لێرە دوو جار رێگەیان لە سەربەخۆیی خاکی کوردستان گرت بۆ بەرژەوەندی خۆیان و وڵاتە داگیرکارەکان ، سەیرکەن شەرعیەت بە داگیر کردنی وڵاتێک دەدا کە دراوسێکەی خۆی داگیری بکا وەکو ئەوەی کە تورکیاو ئێراق و ئێران و سوریا کوردستان داگیر دەکەن بەڵام وڵاتێکی ئەوروپی بۆی نیە ، دیارە ئەمە بریارێکی سەیرە، بە نمونە، اسپانیا کاتێک ئەنگولا داگیردەکا کە پێویستی بە تەقەمەنی و پێداویستی چەک هەبێ دەبێ هەزاران کیلۆمەتر ببرێ تا ئەو هاوکاریانە بە سوپاکەی خۆی بگەیەنێ واتە ئەمە کارێکی قورسە بۆیان بەڵام

کاتێک تورکیا کوردستان داگیردەکا و پێویستی بە هاوکاری دەبێ هیچ لەسەری ناکەوێ ، ئەم بریارەش لە ژێرەوە لێکدانەوەو شتی شاراوەی هەیە ئالوگۆریەکان بە (مقایضە ) ئالوگۆر کراون لە نێوان وڵاتانی داگیرکەر تەنانەت بەم بریارانەش داگیرکاری بەردەوام دەبێ بەڵام بە شێوەیەکی نوێ و سەردەمیانە ، سەیرە بۆ دەبێ ئەمە دادپەروەری گەلان بێ ، بەڵی بەم بریارە نابەجێیانە شەرعیەت بە داگیرکاری خۆیان دەدەن .

بێینە سەر رۆڵی سەرکردەکانی کورد لەم سەردەمە پرۆفیسۆری تورک دۆستی کورد (ئیسماعیل بێشکچی) لە کۆرێکیدا نمونە لەسەر مام جەلال دێنێ و دەڵێ : لە ساڵی ١٩٨٩ لە فەرەنسا بۆ دۆزی کورد کۆنگرەیەک سازدرا لەو کۆنگرە منیش بانگکرابوم بەرێز مام جەلایش وەکو نوێنەری کورد بانگکرا. دیارە حکومەتی فەرەنسا نوێنەری بەغداشی بانگ کردبو کاتێک مام جەلال هاتە سەر سەکۆو قسەی کرد زۆر بەتوندی رەخنەی لە حکومەتی فەرەنسا گرت ووتی : ئەم کۆنگرەیەتان بۆ کێشەی کورد بەستوە بەڵام بە داخەوە ئێوە کەسانێکتان بانگێشتی ئەم کۆنگرەیە کردوە کە خۆی هۆکاری ئەو نەهامەتیەی کوردە، ووتی ساڵێک پێش ئێستا ئەو رژێمە بە گازی کیمیاوی گەلی کوردی کیمیاباران کردوە زیاتر لە ٥٠٠٠ کەسی سڤیل و بێتاوانی لەسەر خاکی خۆی کوشتوە ، ئەم جۆرە کەسانە نابێ بێنە ئەم شوێنانە .. دەڵێ وەزیری دەرەوەی فەرەنسا هاتە دەنگ ووتی :

بەرێز تالەبانی ئێرە فەرەنسایە ئێرە شاخەکانی کوردستان نیە ئێمە خۆمان دەزانین کێ بانگ دەکەین نەک ئێوە . بێشکچی ئەم نمونەی بۆ ئەوە

هێنایەوە کە مام جەلال وەکو سەرکردەیەکی کورد لەو سات و کاتا چۆن بەرگری لە دۆزی خۆی کردوەو حکومەتی فرەنساش لەبەر بەرژەوەندیەکانی خۆی چۆن بە سوکی وەلامی دەداتەوە ، بۆ دەبێ مام جەلال نەزانێ ئەو لە فرەنسایە ؟ بەڵام ئەمە شتی تر دەبەخشێ  ئەمە سوکایەتی کردنە بە کورد بە کێشە رەواکەی.

سەبارەت بە هەلوێستی دەوڵەتان چۆن بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆیان بستێک چاویان نابینێ ، بە نمونە کاتێک لە ١٩٨٨/٣/١٦ حکومەتی سەدام کیمیابارانی هەلەبجەی کرد هەموو ئەوروپا بە ئەمریکاشەوە بە روسیاشەوە یەکێکیان ئامادە نەبون ئەم روداوە بوروژێنن یا باسی لێوە بکەن، لە ئاستیا کەرو لال بون هەر  دوو رۆژ دوای ئەو روداوە لە کوێت کۆنگرەی وڵاتانی ئیسلامی بەسترا ، بە یەک ووشە ئامادە نەبون باس لەو پرس و روداوە مەزنە بکەن کە دوو رۆژ پێشتر پێنج هەزار موسلمانی سڤیلی بێتاوان دەکوژرێن ، تاقە هەلوێست کە بینرا کوردانی ئیسرائیل بون لە ١٩٨٨/٣/١٧ خۆپیشاندانێک لە ئیسرائیل ئەنجام دەدەن ، ئەمە هەلوێستی دەوڵەتانە .

ئامارو بەراوردێکمان دێنێتەوە بیر دەڵێ کاتێک جەنگی دووەمی جیهانی تەواو دەبێ هەموو ئەفریکا دوو دەوڵەتی سەربەخۆ هەبون ئێستاکە ٥٧ دەوڵەتی سەربەخۆ هەن ، لەم دونیایە سەیرە دەوڵەت هەیە ژمارەی دانیشتوانی لە ٥٠ هەزار رەت ناکا وەکو مۆناکۆو فاتیکان  کەچی ئەندامە لە نەتەوە یەکگرتوەکان، لە ئەوروپا وڵات هەیە ژمارەیان لە یەک ملیۆن

ڕەت ناکا بەڵام ئەندامی یەکێتی ئەوروپاو نەتەوە یەکگرتوەکان و سەرجەم سازیە نێودەوڵەتیەکانە وەکو لۆکسەمبورگ . دەوڵەت هیچ کاتێک بە ڕەزامەندی داگیرکەر دروست نابێ ، کۆسۆڤۆ لە ٢٠٠٨ خۆی وەکو دەوڵەت ڕاگەیان سربیا دژایەتیی کرد بەڵام ئەو بڕیاری خۆی دابو لای ئەو گرنگ نەبو دانی پێدا بنێ یا نا ، ئەوەتا ئێستا کەوتۆتە سەرپێ و ئەندامی سەرجەم سازیە نیودەوڵەتیەکانە .

وەکو ڕێگە چارە بۆ ئەم قۆناغە، کورد ئەم هەنگاوانە بهاوێژێ بە بۆچونی خۆم لە سەربەخۆیی نزیک دەبێتەوە ئەگەر پێی نەگا :

١/ یەکخستنی ناو ماڵی کوردی بە گیانێکی لەخۆ بوردەیی، بە یەکتری قەبول کردن و دەستاودەست کردنی سەرجەم پۆستە حزبی و حکومیەکان.

٢/ بنیاد نانی ژێرخانی ئابوری، بە پشت بەستن بە دروست کردنی کارگەو کشتوکاڵ و بەرهەمە خۆماڵیەکانو کەمکردنەوەی کالاو پێداویستیەکانیناهوردە و پشت بەستن بە بەرهەمی ناوەخۆ.

٣/ بە نیشتمانی کردنی سوپای کوردستان و دورخستنەوەی دەستی حزبەکان لە دامەزراندن و پێدانی پلەو پۆستی باوەڕپێنەکراو.

٤/ دور خستنەوەیەدستی حزب لە نێو حکومەت.

٥/ پەیرەو کردنی بڕواکانی دادپەروەری کۆمەلایەتی و سیاسیی بە کردار.

٦/ بەرفراوان کردنی پەیوەندیەکانی دەرەوە لە رێگەی کادرە پیشەوەرەکان نەک حزبیەکان.

٧/ گرنگی دان بە کشتوکاڵ و پیشەسازی.

٨/ دروست کردنی لۆبیی کوردی لە دەرەوە لە گەنجە کوردەکانی تاراوگە.

٩/ کورد نابێ هەمو هێلکەکانی بخاتە نێوسەبەتەی یەک وڵات یا نەتەوە یەکگرتوەکان، دەبێ هەنگاو بەرەو رێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی تری بهاوێژێ لە نمونەی ئەو رێکخراوەی کە تازە دامەزراوە بە ناوی ( خێزانی نەتەوەکانی دونیا ) داوا بکا ببێتە ئەندام کە رێکخراوێکە سەرجەم نەتەوەکانی دونیا تیایدا ئەندامە لەم شوێنە دەکرێ دۆست و هاوکاری وەدەست بێنێ . ئەمانە بەشێکن لەو هەنگاوانەی بە دیدی من دەبنە رێخۆشکەر بەرەو ئاواتە مەزنەکە.

لێرە بۆمان دەردەکەوێ کە گوێنەدان بە داخوازی و داواکاری و ستەمەکانی سەر کورد هەموی بۆ نەبونی دەوڵەتی کوردی دەگەرێتەوە کە بە فەرمی گوێی لێ ناگیرێ و بەرژەوەندیی دەوڵەتانی تری پێوە بەند نیە بۆیە جگە لە بەدەوڵەت بونی کورد هیچ رێگە چارەیەکی تر نیە بۆ وەستانی زولم و زۆرداریەکانی دەرهەق بە گەلی کوردستان .

هەرچەندە لە کۆنەوە لەوکاتەی سیستەمی حوکم و سنورەکانی نێوان دەوڵەتان وەکو ئێستا بەفەرمی نەکرابون دەوڵەتان لە رێگەی شەرو پێکدادان سنورەکانی خۆیان فراوان دەکردن لە سەرچاوەکانی مێژویی

بۆمان دەردەکەوێ کە کورد دەوڵەتی هەبوە لەوانە لە ٩٨٢ زاینی یەکەم دەوڵەتی دۆستەکی لە کوردستانی ناوەراست دروست بوەو ماوەی ١٠٤ ساڵ بەردەوامی هەبوە سنورەکانی لە کاتی بەرفراوان بوندا لە روباری فراتەوە دەستی پێدەکرد تا موسل لەباشوری تکریت لە باکور لە وانیشەوە تا ئورفا و تا سنورەکانی سوریاموش و زاخۆش دەکەوتنە نێو سنورەکانیدرێژەی دەبو تا نێروەو ئامێدی ، جگە لەو دەوڵەتی دۆستەکی چەندین میرنشینی کوردی بونیان هەبوە وەکو میرنشینی بابان و بۆتان و سۆران و ئەردەلان روخانی ئەو میرنشینانە بابەتێکی ترە شیکردنەوەو رای جیاواز هەلدەگرێ بۆیە نامانەوێ بچینە سەر ئەو بابەتە . ئەوەی لێرە مەبەستمانە ئەو نمونانەن کە ئاماژەمان پێیاندا هۆکارەکانی نەبونی دەوڵەتی کوردیان ئاشکەرا کرد کە هەرسێ لایەنی دەرەکی و هەرێمی و ناوەخۆ هۆکاری نەبونی دەوڵەتی کوردین.

**سودم لەم سەرچاوانە وەرگرتوە**

------------------------------


1- الديمقراطيه والتطور السياسى و التحول الديموقراطى، التنميه السياسيه و بناىٔ الامه .له نوسينى ( عبدالغفار رشاد القصبى).

2- الوجيز فى الستراتيجيه. نوسينى د.كاظم هاشم نعمه.

3- تاريخ الافكار السياسيه . ئاماده كردنى ئامۆژگای بوژاندنەوەی عەرەبی.

4- نظام الحكم فى الشريعه والتاريخ الاسلامى نوسينى ( ظافر القاسمى)

5- الحريات العامه . نوسينى د. محمد سعيد مجذوب.

6- التنظيم الدولى . د.محمد المجذوب.

7- العلاقات السياسيه الدوليه .نوسينى ماجد محمد شرود

8- النظم السياسيه . نوسينى د.عادل ثابت

9- الفكر السياسى الغربى نوسينى على عبدالمعطى محمد

10- المنازعات الدوليه نوسينى جوزيف .س.ناى.الابن

11- السياسه الخارجيه نوسينى مرسيل مرل

12- مالپەری (الشرق الاوسط) و رۆژنامەکەی لەگەل هەندێک لە مالپەرە کوردی و عەرەبیەکانی تر .

13- ( ئیسماعیل بێشکچی )لە کۆڕێکیدا لە تشرینی دووەمی ٢٠١٥ لە ئەکادیمیای کوردی لە هەولێر
14- الدوله الدوستکیه / بەشی دووەم نوسینی (عبدالرقیب یوسف )
15- سەرچاوەکانی ئینتەرنێت لە ویکیپیدیا
16- مکیافیللی سێبەری شەیتان لەسەر زەوی لە نوسینی ئەحمەد ناسیف و مەجدی کامیل وەرگێرانی خالید هەرکی
17- مالپەری مێژوی کوردی
18- نوسینێکی خۆم لە ژێر ناوی( فاکتەری هێزی ستراتیژی)

## نوسەرلە چەند دێڕێکدا



- خالید عومەر میکائیل ناسراو بە (خالید هەرکی ).
- لەدایک بوی پایزی ١٩٥٤ لە مەسیف (هاوینەهەواری پیرمام ) سەربە پارێزگای هەولێر/ باشوری کوردستان . هەر لەوێش ژیاوە تا ١٩٩٤
- ئاستی زانستیی ، بەکالۆریۆس لە زانستە سیاسیەکان .
- باری خێزانی ، خێزاندار و خواپێداوی دوو کچ و سێ کورە بەناوەکانی ( جوتیار، شەنگار، بژار، پاڵە، هێرۆ).

- بەرهەمە چاپکراوەکانی وەرگێڕان و نوسینی :

- ١/ مێژووی هاوچەرخ ، ئەوروپا لە شۆڕشی فرەنسیەوە تا جەنگی دووەمی جیهانی. (وەرگێڕان)

- ٢/ دی گۆل، پیاوی حوکمڕان و سیاسەت . (وەرگێڕان)

- ٣/ ترۆتسکی . (وەرگێڕان)

- ٤/ کوردو ئەرمەن ، پەیوەندییە مێژوییەکان . (وەرگێڕان)

- ٥/ کوردستان و کوردەکان. (وەرگێڕان)

- ٦/ چی گیڤارا . (وەرگێڕان)

- ٧/ مکیافیللی. سێبەری شەیتان لەسەر زەوی. (وەرگێڕان)

- ٨/ نوری سەعید، پیاوی ئەرکە قورسەکانی بەریتانیا. (وەرگێڕان)

- ٩/ ستالین ، سەربوردەی سیاسیی. (وەرگێڕان)

- ١٠/ بزوتنەوە نەتەوایەتییەکان لە ئەوروپا. (وەرگێڕان)

- ١١،١٢/ هنری کیسنجەر ، ساڵانی نوێ بوونەوە (دوو بەرگ).

- ١٣،١٤/ مێژوی ئەوروپای نوێ ، لە چەرخی رێنسانسەوە تا کۆنگرەی ڤیەنا. (وەرگێڕان)

- ١٥/ دەوڵەتداری، دامەزراندن و بەڕێوەبردنی (نوسینی خۆم)

- لە ژێرچاپ: ١/ (ماکسیم گۆرکی ) ٢/ سەدەی بیستەملە سێ هەزار ڕووداودا، دوو بەرگ.(نوسیینی خۆم).

-----------------------------------------------

## پێرسک

پێشکەش ----------------------------------------------------

پێشەکی ----------------------------------------------------------

بەشی یەکەم ، دەوڵەت -----------------------------------------

پێناسەی دەوڵەت --------------------------------------------------

سەروەریەکانی دەوڵەت------------------------------------------

سەرەتای دروستبونی دەوڵەت ------------------------------------

راو بۆچونی زانایان لەسەردەوڵەت .. مکیاڤیللی ،تۆنی تۆماس مۆر ..جان بۆدن. مۆنتسکیۆ.. رۆسۆ-------

دروست بوونی دەوڵەت لە ئەنجامی.. !-------------------------

بنەماکانی دروست بونی دەوڵەت------------------------------

مەرجی دروست بونی دەوڵەت--------------------------

جۆرەکانی دەوڵەت----------------------------------------

جیۆپۆلۆتیکا------------------------------------------

هزری جیۆپۆلۆتیک--------------------------------------------

**شـــوێنی کەمە نەتەو ایەتیەکان لە ناو دەوڵەتەکاندا..** بەلژیک. هۆلەندا. بەریتانیا. فرەنســـا. ئیســـپانیا . یۆنان. قوبرس. بولگاریا. بوماق. تورکیا. رۆمانیا . بەلکان، ئەمازیغەکان، دارفور، گەلی کورد---------------

**دەسەڵاتەکانی دەوڵەت.. بنەماکانی دەسەلآتی دەوڵەت--------------**

**هزرەسیاسیەکان لە سەردەمە جۆراو جۆرەکاندا---------------**

**یەکەم/ لە سەردەمی چەرخی کۆندا ----------------------**

**دووەم/ لە کشوەری ئاسیا ---------------------------------------**

**سێیەم/ هزرو سیستەمی سیاسیی حوکمڕان لە ئێران -----------------**

**چوارەم/ لای ئیمپر اتۆری رۆمانیی رۆژهەلات -------------------**

**دەوڵەتی عەرەبی بەر لە ئیسلام ------------------------**

**بەشی دووەم..**

**لە سەردەمی یۆنانیەکان---------------------------**

**لە چەرخی رۆمانی-------------------------------**

**لە چەرخی ناوەراست------------------------------**

**ئەوروپا لە چەرخی نوێ و سەردەمی ئیمپر اتۆریەتی رۆمانی --------**

له چەرخی رێنسانس دا ----------------------------
حکومەت و جۆرەکانی لە سەردەمی نوێدا------------------
سنورو دەسەڵاتی حکومەت لەسەرهاوڵاتیان --------------------
سیاسەتی حوکمڕانی دەوڵەت---------------------------
دارشتنی سیاسەتی دەرەوە--------------------------------
رۆلی دەزگاکانی یاسادانان لە سیاسەتی دەرەوە ---------------------
دەسەڵاتی جێبەجێ کردن و تەگەرەکانی بەردەمی
کاریگەریەکانی سەرسیاسەتی دەرەوە ----------------------
گونجاندنی پرسەکانی دەرەوە----------------------------
سیاسەتی ناوەخۆ وکاریگەریی لەسەرسیاسەتی دەرەوە-----------
بەشی سێیەم فەلسەفەی حوکمڕان-------------------------------
فەلسەفەی نەتەوایەتی ------------------------------
فەلسەفەی سروشتی ----------------------------
فەلسەفەی سۆشیالیستی---------------------------
ئەفلاتون و هاوڵاتی لە شارستانێتی دا-----------------------

**پەیوەندیە دەرەکیەکانی دەوڵەت ---------------------------**

**پاراستنی ئاسایشی نێودەوڵەتی-------------------------**

**ا/ هاوسەنگی هێز------------------------------**

**ب/ ئاسایشی بەکۆمەڵ ------------------------------**

**ج/ سیستەمی دوو جەمسەری--------------------------**

**پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان، ئەمریکا و تورکیا وەکو نمونە----------**

**رای گشتی وکاریگەریی لەسەربەرێوەبردنی دەوڵەت --------------**

**کاریگەری لایەنە دەرونی و مۆرالی لەسەر دروستبونی رای گشتی--------------**

**لایەنی ئەقلیی کاری دروستبونی رای گشتی-----------------**

**مەرجەکانی کۆمەلایەتی بۆ دروستبونی رای گشتی----------------**

**پیو انی رای گشتی---------------------**

**شێوازی وەرگرتنی رای گشتی وقۆناغەکانی---------------------**

**ستر اتیژسازی لە سیاسەتی حوکمڕانی-------------------------**

**لۆبی-----------------------------------------------**

**قەیران -----------------------------------------**

هۆكاری سەربازی وپیشەسازی--------------------------------
پەیوەندیی سیاسی----------------------------------------
ئامرازەكانی پەیوەندی سیاسی-----------------------------
هۆكارەكانی بایەخدان بە پەیوەندیەكانی سیاسی--------------------
سیاسەت وراگەیاندن ---------------------------
خاوەندارێتی راگەیاندن وئامرازەكانی---------------------------
پرۆپاگەندەی سیاسی------------------------------
دروست بونی سیاسیانەوهۆكارەكانی راگەیاندن------------------
رەوشی سیاسی وپەیوەندیی سیاسی------------------------
راگەیاندنی قەیرانە سیاسیەكان-------------------------

بەشی چوارەم . رێكخراوە نێودەوڵەتیەكان-----------------
رێكخستنی نێودەوڵەتی---------------------------
جۆرەكانی رێكخراوە نێودەوڵەتیەكان----------------------
هەول وچالاكیەكان بۆرێكخستنی نێودەوڵەتی---------------

*ئەندامێتی لە رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان*--------------------
جۆرەکانی ئەندامێتی لەروی کەسایەتیەوە--------------------
دام ودەزگا وفەرمانبەرانی رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان-----------------
*دەسەڵاتەکانی رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان*--------------------
کەسایەتیی نێودەوڵەتی یاسایی رێکخراوەکان -------------------------
کۆمەلەی نەتەوەکان ---------------------------
نەتەوە یەکگرتوەکان --------------------------

## بەشی پێنجەم

مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە گشتیەکان..مافەکانی مرۆڤ و کۆمەلگەی نێو دەوڵەتی-...
جارنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ----------------------
نەتەوە یەکگرتوەکان و مافەکانی مرۆڤ------------------
ئەمریکا و دۆسێی چەکی ئەتۆمی----------------------
ئازادیە گشتیەکان ------------------------------
ئاازادیەکان لە سەردەمی چەرخی روناکیدا----------------

به دەستوربونی بنەماکانی ئازادیە گشتیەکان--------------------
یاساکانی ئینگلیزی----------------------------
جارنامەی ئەمریکی --------------------------
جارنامەی فرەنسی بۆ مافەکانی مرۆڤ و بە هاوڵاتی بون--------
فرەنسا --------------------------------------
کوردستان و دەوڵەتی کوردی ------------------------
سودم لەم سەرچاو انە وەرگرتوە--------------------------
نوسەر لە چەند دێرێکدا--------------------------------------
پێرسک------------------------------------

*Xalid Herki*

***Dewletdary***

Damezrandin u Berewebirdiny

***Own the Country***

Creation and management

2018 NL